تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

# تەصریفی مەلا عەلی

نوزاد

## بە زمانی کوردی

وەرگێڕانی

مەلا فتح الله مەلا رەسول خەلیفانی

تفسير
١٤٢٦ - ٢٠٠٥
هەولێر

بسم الله الرحمن الرحيم

# تەصریفی مەلا عەلی

## بە زمانی کوردی

# تەصریفی مەلا عەلی

## بە زمانی کوردی

وەرگێڕانی

مەلا فتح اللە مەلا رەسول حەلیفانی

التفسير

١٤٢٦ هەولێر ٢٠٠٥

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
**نوسینگەی تەفسیر**

نـــاوی کتێـــب: تەصریفی مەلا عەلی

نـــاوی وەرگـــێڕ: مەلا فتح الله مەلا رسول خەلیفانی

بڵاوکـــردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر/ هەولێر

تایتـــلی بـــەرگ: نەوزاد کۆیی

نـوره و سـاڵی چـاپ: یەکەم ١٤٢٦ك – ٢٠٠٥ز

تـــیراژ: ٢٠٠٠ دانە

چـــاپکردن: چاپخانەی العلا - بغداد

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر/ هەولێر
ژمارە (٥٦٥) ساڵی ٢٠٠٤ ی دراوەتێ

هەولێر- شەقامی دادگا- ژێر ئوتێلی شیرین پالاص
ت : ٢٢٢١٦٩٥ - - ٢٢٣٠٩٠٨ - ٢٥١٨١٣٨
مۆبایل : ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢ — ٠٧٧٠ ١٣٨ ٧٢ ٩١
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين.

قوتابی زێدە ئازیزو خۆشەویست: دەمەوێ لێرەو لە پێشەکیدا چەند ئامۆژگارییەك پێشکەش بە ئێوەی خۆشەویست بکەم، بەو هیوایە کە سوودی لێوەر بگرن:

١-هیوام وایە ئەو تەمەنەی گەنجێتی خۆتان بە فیڕۆ نەدەن، چونکە گەنجێتی ئەو تەمەنە جوانەیە کە وەك خەزێنەیەکی زۆر پڕبەها وایە تاکو لە دەستت نەچێت بۆی پەشیمان نابێتەوە، بۆیە پێویستە هەمیشە هەموو کاتی جوانی خۆت لە خزمەتی پەیداکردنی علم و زانست بێت، چونکە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمووێت ﴿وَأَنْ لَيْسَ لِلْانْسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى﴾ (النجم:٣٩). هەروەها پێغەمبەری سەروەریش دەفەرمووێت ( اغتنم خمسا قبل خمس ) جا یەکێك لەو پێنجانەی پێغەمبەر {ﷺ} دەیفەرمووێت (شبابك قبل هرمك). قوتابی خۆشەویست: دەزانی زۆر ناخۆشە تۆ ببێتە مەلاو ئیجازەی مەلایەتی وەربگریت کەچی وەکو پێویست شارەزاییت لە زانستە شەرعیەکان نەبێت.!

٢- دەخوارم تۆی خۆشەویست تەقوات هەبێت و دڵت پڕ بێت لە خواپەرستیو لە خوا ترسان ، تەواوی ئەندامانی لاشەکەت بە تەواوی بپارێزی لە هەرچی تاوانە، چونکە بە دڵنیاییەوە سەرباری شەرمەزاری خوای گەورە ناتوانی وەکو پێویست لە زانستەکان شارەزا ببێت، ئەوەتە مامۆستای پایەدار ئیمامی شافیعی دەفەرمووێت:

**شكوت الى وكيع سوء حفظي**

**فأرشدني الى ترك المعاصي**

٣- لە ژیانی خوێندنت بە دوای مامۆستای باش و بە تەقواو زانا بگەڕێ چونکە ئیمامی غەزالی دەفەرمووێت: داری خوار سێبەری خوارە.

٣- لە ژیانی خوێندنت بە دوای مامۆستای باش و بە تەقواو زانا بگەڕێ چونکە ئیمامی غەزالی دەفەرمووێت: داری خوار سێبەری خوارە.

٤- هەردەمەو تەنها هاوەڵێتیو رەفاقەتی ئەو قوتابیانە بکە کە وەکو خۆت شەیدای فێر بوونی زانستن و هەردەم هەوڵ بۆ فێر بوونی علم دەدەن و لە ژیانی رۆژانەش کاری پێ دەکەن، نەکەی رەفاقەتی قوتابی تەمبەڵو دوور لە ژیانی زانست دۆستی دەژین، قوتابیەك بە تەقواو لە خواترس و کەسێك کە هەولّی بە جێهێنانی سوونەتە پیرۆزەکانی پێغەمبەرە، چونکە پێغەمبەر {ﷺ} برادەروو هاوەڵی باشی وەکو گوڵاو داناوە کەچی خراپی وەکو دوکانی کورەچی داناوە کە پشکی ئاگرینت لێدەدات.

٥- هەروەها هەردەم لەگەڵ مامۆستات بە ئەدەب و رەوشت بەرزبە نەکەی بە هیچ شێوەیەك هەڵسوکەوتی ناشیرین لە بەرامبەر مامۆستاو هاوەڵانت بنوێنیت، هەروەها لە بەرامبەر زاناو پیاوە باشەکانی پێشووش زۆر لەگەڵیان بە ئەدەب و رەوشت بەرزبەو بە هیچ شێوەو جۆرێك تانەو تەشەرە لەو مامۆستا بەڕێزانە نەدەیت.

٦- قوتابی خۆشەویست شتێك پێم خۆشە هەر لە سەرەتاوە بیزانیت ئەم زانستانە وەسیلەو هۆکارن بۆ شارەزابوون لە نێوەڕۆکی قورئان و فەرموودە، کەواتە هەرچەندە لەو زانستانە شارەزاو تێگەیشتوو بێت بەڵام ئەگەر دوایی لە قورئان و حەدیس و شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام شارەزا نەبوویت ئەوەماندوو بوونەکەت بە بەلاشی رۆیشت. خۆ ئەگەر هەموو عیلمو زانستەکانیش بزانیت ئەگەر تەقواو شارەزایی لە قورئان و حەدیس و شەریعەتی تێدا نەبێت ئەوە بۆت بە هیچ داناندرێت چونکە تۆ مەبەستی سەرەکیت لە دەستداو نەت توانی بیهێنیتە دی، ئەوەتە پێغەمبەری نازدار {ﷺ} پێمان دەفەرمووێت: من دوو شتم بۆ ئێوە بە جێ هێشتووە کە لە دوای من دەستی پێوە بگرن (کتاب الله وسنتی). هەروەها شاعیر دەڵێت:

**لو كان العلم بدون التقى يزيد فى الشرف**

**لـــكــان أشـــرف خلـــق اللـــه ابليس**

ئەگەر دەتەوێت زیاتر لەو بوارە شارەزا ببیت ئەوە كتێبی (احیاء علوم الدین)ی ئیمامی غەزالی و بەرگی یەكەمی مەجموعی ئیمامی نەوەوی بخوێنەوە.

لە كۆتاییدا خۆشەویست و برا بەڕێزەكانم داوای دوعای خێرتان لێ ددكەم و هیوادارم لەو هەڵانەشمان ببورن، چونكە بەندە خۆی بە شیاوی ئەوە نازانێت كە تەنها لاپەڕەیەك لە سەر بچوكترین باس بنووسێت، چونكە ئیمامی سەبوكی لە فەرموودەیەكی دەفەرمووێت: ئەوەی بیەوێت كتێبەك بنوسێت پێویستە (۳) سێ خاڵی تێدا بێنە جێ:

**یەكەم:** كات و شوێنەكی گونجاوی هەبێت.

**دووەم:** دەبێت عیلم و شارەزایی لەو كتێبە یان لەو باسە هەبێت كە دەیەوێت بینوسێت.

**سێیەم:** دەبێت وەرع و تەقوای خوای گەورەی لە دڵو دەروون جێگیر بووبێت.

بەڵام كە تەماشام دەكرد زۆر لەو مامۆستا بەڕێزانەی كە زۆر زاناو خاوەنی زانست بوون لەگەڵ ڕێزمدا خۆیان خەریك دەكرد بە نووسینەوەی نامیلكەیەك هەرچەندە هەر خزمەتەو قەدرو پایەی خۆی هەیە، بەڵام دەبوایە ئەوان خۆیان بە شتی زۆر لەوە بەرزتر خەریك بكردبا، چونكە وامان چاودڕوان دەكرد ئەو بەڕێزانە خۆیان سەرقاڵی ئاسانكردنی یەكێك لەو كتێبانە بوونایە كە ساڵەهای ساڵە قوتابیانی حوجرەو مزگەوتەكان دەیخوێنن و بەرنامەی ڕۆژانەی خوێندنیانە كە لەبەر گرانی هەندێك لەو كتێبانە لەوانەیە زۆریان هەر سوودی لێوەرنەگرن. جاری واش هەبووە لەبەر مامۆستاكە قوتابی سوودی لێ وەرنەگرتووە، ئەگینا من كەسێك نیم ئەو سێ مەرجانەم تێدا بن.

هەروەها لەبەر چەند هۆیەكی دیكەش دەستم دا قەڵەم و ویستم ئەو كاتە جوانەم لێ بە بەلاش نەڕوات ئەو چەند لاپەڕە شڕو هوڕەم نوسین. بۆیە من ناڵێم كە ئەو كتێبەم كردۆتە كوردی ئەگەر پێم نەڵێن تێكی داوە. بۆیە داوا لە قوتابیە

خۆشەویستەکان دەکەم لێم ببورن و بە پێی توانا ئەو هەڵە زۆرانەی کردوومن راستیان بکەنەوە.

لە کۆتایی رووم دەکەمە خوای گەورەو: خوایە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت ئەم شەریعەتەی ئیسلام هەر پایەدار بکەیت، مامۆستاو قوتابیان و سەرجەم موسڵمانان سەربەرزو ڕوو سووری دونیاو دوا رۆژ بکەیت لە هەموو جیهان بە تایبەتی گەلی کوردی موسڵمان، خوایە هەموو گوندو شارەکانمان بە دەنگی الله أکبر و ئالی بابەی فەقێیان ئاوەدان کەیتەوەو ئەو دەنگە خۆش و جوانە وەکو پێشان لە هەموو شوێنەك بزرەنگێتەوە... آمین.

# لە بارەی ئەو زانستەوە

**یەکەم:** ئەم زانستەی لەو کتێبە باسی لێوە دەکرێت ناوی عیلمی صەرفە.

**دووەم:** یەکەم کەس کە ئەو زانستەی داناو بناغەی رێکخست هەندێك دەڵێن ئەوە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیبە، بەڵام هەندێکی دیکە دەڵێن: یەکەم کەس ناوی (معاذ بن مسلم الهراء)ە.

**سێیەم:** پێناسەی ئەو زانستە وەك لە کتێبیشدا دەگوترێت: تحویل المصدر المجرد.... واتە: وەرگیران ونەقڵ کردنی مەصدەری فیعلی موجەرەد بۆ لای چەند نمونەو میسالی جۆراو جۆر.

**چوارەم:** موضوع ئەو شتانەی لەو کتێبە باس دەکرێن (الألفاظ العربیة من حیث الاعلال والادغام والصحة والأصالة والزیادة.....

واتە ئەم عیلمە باس لە وشەکانی زاراوەی زمانی عەرەبی دەکات لە رووی ئیعلال کردن ودەغم و سالم و غەیرە سالم و ئەصل و زیادە......

**پێنجەم:** فائیدەو سوودی ئەو زانستە بریتیە لە: صون اللسان عن الخطأ فی المفردات. واتە: سوودەکەی بریتییە لە: پاراستنی زمان لە هەڵەی وشەکانی تاك.

**شەشەم:** استمداده من کلام الله تعالی وکلام رسوله {ﷺ}وکلام العرب. ئەم عیلمە هەڵێنجراوە لە فەرموودەکانی قورئان و حەدیسە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) وە لە زمان و زاراوەی عەرەبەکانیش.

**(ئاگاداری)**

لە دواوەو کۆتاییدا باسی هەندێك لەو زاراوە کوردیانەمان کردووە کە لێرەوە بەکارهاتون.

(**بسم الله الرحمن الرحیم**) بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، (**الحمد لله رب العالمین**) هەموو حەمدو سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە دروستکەرو بەخێوکەری هەموو بوونەوەرێکە، (**والصلاة والسلام علی خیر خلقه محمد وآله أجمعین**) درووددو سەلام برژێ لە لایەن خودا بۆ سەر چاکترین و گەورەترینی دروستکراوانی خوا کە ناوی پیرۆزی موحەممەدە، وە هەروەها درووددو رەحمەتی خوا برژێ وەکو بارانی بەهاران بەسەر خزمە موسڵمانەکانیو یارو یاوەرانیو هەموو ئەو کەسانەش کە شوێنکەوتەی رێبازە پیرۆزەکەیەی ئەون تاکو رۆژی دوایی. (**أما بعد**) لە پاش پێشکەشکردنی سوپاس بۆ خوای میهرەبان و داوای درووددو سەلام بۆ گیانی پاکی پێغومبەری پێشەواو یارو یاوەرانی. (**فیقول الفقیر الی الله الغنی علی بن الشیخ حامد الأشنوی**) دەڵێت: ئەم هەژارەی کە هەردەم پێویستی بە خوای باڵا دەست و دەوڵەمەند هەیە کە ئەم فەقیرە ناوی عەلی کوڕی شێخ حامیدی ئەشنەوییە،واتە خەڵکی شاری شنۆیە کە شارێکە دەکەوێتە کوردستانی رۆژهەڵات {کوردستانی ئێران} (**لما کان تصریف الزنجانی أحسن المختصرات في هذا الفن ترتیباً**) دەفەرمووێت: کاتێك دیتم ئەو کتێبە کە ناوی تەصریفەو دانراوی شێخ ئیبراهیمی زەنجانییە جوانترین کتێب بوو لە کتێبە کورتەکانی عیلمی صەرف لە رووی تەرتیبەوە، واتە: هەر باسێك لە باسەکانی لە شوێنی شایستەی خۆی داندرا بوو، (**وأولاها للمبتدئین تقریبا**) وە ئەم مەتنە تەصریفە لە هەموو کتێبە کورتەکان ئاسانترو شایستەتر بوو بۆ قوتابیانی تازەو سەرەتایی کە زۆر باش لێی تێدەگەیشتن... جا لێرەدا کەسێك لە وانەیە رەخنە بگرێت و بڵێت: مادامە ئەو تەصریفە ئەوەندە جوان و باش و بێ عەیب بوو ئەی ئەو هەموو ماندوو بوون و

دەستکاریەت لە چی بوو؟، ئەویش وەڵام دەداتەوەو دەفەرموویت(**لكن ما كان وافيا بتمام ما لابد لهم منه**) بەڵێ کتێبێکی باشە بەڵام ئەم تەصریفە وەفادارو بەجێهێنەری هەموو قاعیدەکان نەبوو، کە قوتابی پێویستی پێیان هەیە، چونکە قاعیدەکان بناغەی عیلمن، (**ولا كافيا بجميع ما لايستغنون عنه**) وە ئەم تەصریفە کافیو کۆکەرەوە نەبوو بۆ هەموو ئەو باس و مەسئەلە وردانەی کە هەرگیز قوتابی لێیان دەوڵەمەند نابێ، بەڵکو هەموو کات پێویستیان پێی هەیە، (**أردت أن أضم اليه ما يتمم فوائده**) جا لەبەر ئەم دوو شتانە ویستم کە چەند قاعیدەو بنچینەی وەها بلکێنم بەو تەصریفە کە بە سوودەکەیان سوودو قازانجی ئەم تەصریفە تەواو بکەن , کەم و کوڕی تێدا نەمێنن، (**وأزيد عليه ما يعمم فرائده**) وە هەروەها ویستم زیاد بکەم لە سەر تەصریفی زەنجانی چەند وشەیەکی وەها کە هەریەکەی بە وێنەی دووڕ وانە، بەمەش هیچ کەم و کوڕی تێدا نامێنێ و سوودەکی تەواو دەبێت، (**مع نسخ بعض عباراته**) وە ئەم کارەم دەکرد لەگەڵ سڕینەوەو لابردنی هەندێك لە عیبارەت و نوسراوی ئەم تەصریفی زەنجانییە، (**آتيا بخير منها**) جا حاڵم وابوو هەرکە شتێکم لادەبرد شتێکی باشترم لە شوێنی دادەنا، (**وتبديل قواصر كلماته شاغلا بأشمل عنها**) وە خەریك بووم وشە کورتەکانم دەگۆڕین یەکی پڕ مەعناترم لە جێی دادەنا، جا بەو

هەموو دەستکارییە ئەم تەصریفە وای لێهات کە هیچ کەم و کوڕی تێدا نەمێنێت، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەم ماندوو بوونە هەمووی بەلاش دەڕوات. لە دوای ئەم هەموو مەدح کردنی کتێبەکەی سەری خۆی بەرز دەکاتەوە بەرەو ژوورو ملی خۆی کەچ دەکات بۆ ئەوەی دان بنێت کە من هیچ نیم و ئەوەی دەیزانم هەمووی لە لای خوای کار بەجێ و باڵا دەستە بۆیە دەڵێت: (**مستعينا بخير من به يستعان**) داوای یارمەتی دەکەم لە کەسێك **کە** باشترین زاتە داوای یارمەتیو پشتگیری لێ بکرێت کە ئەویشیان زاتی خوای گەورەیە، (**ومستفيضا من الحكيم المنان**) وە هەروەها داوای سەرکەوتن و ڕژاندنی ڕەحمەت دەکەم لەم خودایە کە کار بەجێو

خاوەنی نیعمەتی گەورەیە بۆ بەندەکانی (**فانه الولى للافضال والاحسان**) چونکە هەر ئەو خوایە خاوەنی دەسەلاتە بۆ رژاندنی رەحمەت و چاکە کردن لەگەڵ عەبدو بەندەکانی.

ئنجا هاتە سەر ئەوەی بۆ مان باسی وشەی تەصریف بکات لە زاراوەی عەرەبیدا وە هەم لە زاراوەی زانایانی عیلمی صەرف جا فەرمووی (**اعلم أن التصريف في اللغة التغيير**) بزانە ئەی قوتابی وشەی تەصریف کە لە پێنج پیت (حرف) پێك هاتووە لە زاراوەی عەرەبیدا بە واتای گۆڕاندنە، (**وفي اصطلاح أهل هذه الصناعة**) تەصریف لە لای زانایانی ئەو صنعەتە کە عیلمی صەرفە (**لا اسما لها**) بەو مەرجە ناو نەبێت بۆ عیلم و صنعەتەکە (**تحويل المصدر المجرد في المشتقات**) وشەی تەصریف بە مانای وەرگێران و نەقلٚ کردنی مەصدەری فیعلێکە کە رووت بێت لە حروفی زیاد بۆ پێکهێنانی چەند موشتەقاتێك جا ئەو مەصدەرە وەکو فیعلەکە رووت بێت وەکو (جلس) یان نا وەکو (جلوس) (**الى أمثلة مختلفة هيئاتها**) جا ئەم مەصدەرەش کە وەردەگێڕدرێت بۆ لای چەند میسالێکی جیا جیا، جا کە لێك جیان بەسەرو ژێرو بۆرو زەننەو زیادو کەمی پیتەکان وەکو (ضرب ويضرب وضارب ومضروب....هتد) (**بلا واسطة كما في الماضى**) وەرگێڕانی مەصدەریش بۆ لای میسالەکان یان راستەوخۆیە وەکو وەرگێڕانی فیعلی -ماضی- واتە راستەوخۆ لە مەصدەری وەردەگیرێت (**أو بها كما في غيره**) یان وەرگێڕانەکە بە واستەیە ، واتە: راستەوخۆ لە مەصدەری وەرناگیرێت بەڵکو شتێك لە نێوانیان هەیە وەکو لە غەیری فیعلی -ماضی- کە فیعلی -مضارع- و اسم الفاعل ...هتد) جا بزانین ئەم گۆڕانە بۆ چییە؟ (**لتحصيل معان مقصودة**) بۆ پەیداکردن و بە دەستهێنانی چەند مانایەکی مەبەست و پێویستە کە (**لا تحصل الا بها**) کە ئەم مانایانە پەیدا نابن تەنها بەم میسالانە نەبن، بۆ وێنە ئەگەر کەسێك لە کەسێك بدات ئەوا دەبێتە -ضارب- واتە لێدەر هەبێت لەگەڵ -مضروب- واتە لێدراو لەگەڵ -مضرب- واتە ئامێری لێدان، خۆ ئەگەر ئەو میسالانە نەبوونایە ئەوە بە تەنها بە

مەصدەری پێك نەدەهاتن، (**فاذاً صار علم هذا التحويل ضروريا**) لە بەر ئەوەی کە مانایەکان نابن بەبێ میسالەکان وە میسالەکانیش نابن بە بێ وەرگێڕان کەواتە وای لێهات زانین و شارەزا بوون بەم گۆڕانە بوو بە ناچاری و پێویست.

(**ثم اعلم**) لە پاش زانینی مانای تەصریف و مەبەست لە وەرگێڕانی مەصدەری بزانە ئەی قوتابی (**أن أصول الأسم تكون ثلاثة لا أقل**) بەڕاستی پیتە ئەصلەکانی –اسم–ی سێ دەبن و نابێت لە سێیان کەمتر بن وەکو –فلس– ، مەبەست لە ئیسم –اسمِ معرب–ە پیتێکیان بۆ دەست پێکردن یەکیش بۆ لەسەر وەستان یەکیش لە نێوان هەردووکیانە.

**تێبینی :**

ئەو جۆرە ئیسمانەی کە دوو حەرفین وەکو –يد، دم، أخ، أب....– ئەمانە سێ پیتی بووینەو بە هۆی ئیعلال کردن یەکیان حەزف کراوە، کەواتە: ئەوانەش دوو حەرفی نەبووینە. وە ئەو ئیسمانەش کە مەبنینە وەکو – مَن، ذا....– لەم کتێبە باسیان ناکەین کەواتە ئەوانیش نابنە هۆی رەخنە چونکە مەبەست لە ئیسم ئیسمی موعرەبە. (**وأربعة وخمسة لا أزيد**) واتە: پیتە ئەصلەکانی ئیسمی چوارو پێنجیش دەبن وەکو –**جعفر**، سفرجل– بەڵام لەوە زیاتر نابێت چونکە ئەگەر ببێتە شەش وا گومان دەبرێت کە دوو ئیسمن لێکدراون. (**والفعل تكون ثلاثة لا أقل**) پیتە ئەصلیەکانی فیعلیش سێ دەبن وەکو –ضرب– لەوەش کەمتر نابن (**لضعف البنية**) چونکە فیعل زۆر گۆڕانکاری دێتە سەر ئەگەر لە سێ کەمتر بێت ئەوا لاواز دەبێت و گۆڕانکاری قبول ناکات.

**تێبینی :**

ئەو فیعلانەی کە وا دیارن لە (٣) سێ پیت کەمترن وەکو –عد، قِ– ئەوانە لە ئەصلدا سێ پیت بووینە بەڵام کە ئیعلال کراون بوونەتە ئەوەندە.

(**وأربعة لا أزيد**) فیعل چوار پیتیش دەبێت وەکو –دحرج– بەڵام لە چواران زیاتر نابێت (**لثقل معناه**) چونکە فیعل ماناکەی گرانە لەبەر دەلالەت کردن لەسەر سێ

شت {-حدث- واتە رووداو —نسبة- واتە پاڵدان بۆلای فاعیل —زمان- واتە ئەو کاتەی فیعلەکە دەلالەتی لەسەر دەکات} جا ئەگەر لە چوار پیت زیاتر بێت ئەوە ماناکەشی گران دەبێت لەئەنجام گران دەکەوێتە سەر گران (**ولأن الاسم أصل والفعل فرع**) بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە ئیسم ئەصلە وە فیعل فەرعە نابێت بگاتە پلەی ئەو، بەمەش هیچ جیاوازی لە نێوان ئەصل و فەرعی نابێت. بۆیەش ئیسم بە ئەصل داندراوە چونکە ئیسم بە تەنها کەلامی پێ تەواو دەبێت چونکە دەتوانێت ببێتە — المسند والمسند الیە- کەچی فیعل بەبێ ئیسم کەلامی پێ تەواو نابێت، وە فیعلیش لە ئیسم وەردەگیرێت. جا ئەوەی گوتمان لە بارەی پیتە ئەصلیەکان بوو بەڵام پیتە زیاد کراوەکان لە ئیسمدا لەگەڵ پیتە ئەصلیەکان دەگەنە حەوت و هەشت پیتیش وەکو —استخراجا، قرعبلانة- وە فیعلیش بە پیتە زیادەکانی دەگاتە شەش پیت وەکو —استخرج، احرنجم- (**وكل واحد منهما اما مجرد أو مزيد فيه**) وە هەریەك لە ئیسم و لە فیعل یان —مجرد-ە واتە: رووت دەبێت لە پیتەکانی زیاد- مزید فیه- واتە: حروفی زیادی پێوە لکاون، کەواتە لێرەدا بوون بە چوار بەشەوە:

١- ئیسمی موجەرەد وەکو: ضَرب. ٢- ئیسمی مەزید وەکو: اكرام. ٣- فیعلی موجەرەد وەکو: ضَرَبَ. ٤- فیعلی مەزید وەکو: أَكرَمَ. (**وكل واحد منهما اما سالم أو غير سالم**) هەریەکێك لەم چوارانە یان -سالم-ە یان -غیر سالم-ە، جا لێرەدا بەشەکانی فیعل دەبن بە هەشت بەش و ئیسمیش بە دوانزە بەش، (**ونعني بالسالم ما سلمت حروفه الاصلية**) ئێمە زانایانی عیلمی صەرف مەبەستمان بە سالمی وشەیەکە حروفە ئەصلیەکانی خاڵی بن لە پیتەکانی —علة-و —همزة-و — تضعیف- واتە دووبارە بوونەوەی پیتێك کە لەمەودوا باسیان دەکەین —ان شآءالله- (**التى تثبت في جميع تصاريف الكلمة**) پیتی ئەصلی ئەوانەن کە لە هەموو گۆڕانکارییەکانی کەلیمە هەر مەوجود بن و بمیننەوە، (**لفظا أو تقديرا**) جا کە مەوجودن (یان دیارن) وەکو -نَصر- ئێستا ئەم سێ پیتە —ن، ص، ر- لەم فیعلە ئەصلن چونکە لە هەموو گۆڕانکارییەکاندا —لفظا- دیارو مەوجودن، یان —تقدیرا-

واتە: بە فەرز کردن مەوجودن وەکو: -قَوْلاً- ئێستا ئەم سێ پیتە -ق، و، ل- لە هەموو گۆڕانکارییەکاندا هەنە بەڵام بە تەقدیری چونکە هەندێك جارە واوەکە دەکرێتە ئەلف وەکو -قال-، وە هەندێك جار دەکرێتە یاء وەکو -قیل- وە هەندێك جار لا دەبرێو حەزف دەکرێت و -ضمة- دەلالەتی لەسەر دەکات وەکو -قُلْتُ- وە هەندێك جاریش خۆی مەوجودە وەکو -یَقُولُ- کەواتە واو لێرەدا بە پیتەکی ئەسلی دەژمێردرێت. جا ئەوەی گوتمان پێناسەی یەکەم بوو بۆ پیتە ئەصلییەکان، پێناسەیەکی دیکەش ئەوەیە کە دەفەرمووێت (**وتقابل بالفاء والعين واللام**)پیتە ئەصلیەکان ئەوانەن کە بەرامبەر دەکرێن بە {فیێو عەین و لام} لە -فَعَلَ-ەی بۆ نمونە دەڵێن: -نَصَرَ- لەسەر وەزنی -فَعَلَ-ەیە، نون فاء الفعلە وە صاد عین الفعلە وە راء لام الفعلە چونکە بەرامبەری -لام-ە، ئەو -فَعَلَ-ەیە پێی دەگوترێ میزان واتە پێ هەڵکێشراو وە ئەو صیغانەش کە بەرامبەری دەکرێن وەکو - نَصَرَ. وعلم ...... پێیان دەگوترێ مەوزون واتە هەڵکێشراو، (**مكررا بحسب زيادة الاصول على على الثلاثة**) حالی لام وایە دووبارە دەبێتەوە بە ئەندازەی زیاد بوونی پیتە ئەسلیەکان لە سەر سێ.واتە ئەگەر پیتە ئەسلیەکان بوون بە چوار پیت ئەوا جارەکیان لام دووبارە دەبێتەوە، وەکو: -دَحرَجَ- یان -جَعفَرَ- میزانەکەی لەسەر وەزنی - فَعلَلَ-، وە ئەگەر پیتەکان بوون بە پێنج لام سێ بارە دەکرێتەوە وەکو: -سَفَرجَلَ- میزانەکەی دەبێتە -فَعَلَلَل- وە پیتەکانی ئەسلی لەمە زیاتر نابن. جا با بگەڕێینەوە سەر باسی سالمی (**من حروف العلة والهمزة والتضعيف**) واتە: سالم ئەوەیە کە پیتەکانی سالم و خاڵی بن لە پیتەکانی عیللە کە بریتین لە {ا ، و، ی} ئەلف و واوو یاء وە هەروەها هەمزەو دووبارە بوونەوە {الهمزة والتضعيف} کەواتە هەر وشەیەك یەك لەو پێنجانەی تێدا بێت بە غەیرە سالم دەژمێر درێت، بۆ نمونە: {وعد، یسر، سئل ،مدد، زلزل} ئەمانە بە سالم ناژمێر درێن بە یارمەتی خوا لە دوایی باسیان دەکەین. لێرەدا مصنف رەحمەتی خوای لەسەر بێت ویستی لە یەك کاتدا سالم و

غەیرە سالم لە یەکتر جودا بکاتەوەو وە دوو پێناسەشی بۆ پیتە ئەسلیەکان کردتاکو بکرێ پیتە ئەسل و زیادەکان لێك جیا بکرێنەوەو بناسرێن.

## روونکردنەوە:

لەوەی رابردوو بۆمان دەرکەوت هەر وشەیەك ئەم شتانەی تێدا بێت کە کە دەبنە هۆی غەیرە سالم بەلاّم ئەگەر ئەوانە ئەسلی نەبوون ئەوە هەر بە سالم دەژمێردرێت وەکو: {اجلوز، وأکرم} وە ئەگەر هاتوو وشەیەك ئەوانەی تێدا بن بەلاّم بە هۆی ئیعلال لاچوو بن ئەوا هەر بە غەیرە سالم دادەندرێن وەکو: { قُلْتُ} کە ئەسلەکەی {قولت} بووە یان وەکو {ظلت} کە ئەسلەکەی {ظللت} بووە.

جا مصنف رەحمەتی خوای لیّ بێت باسی پیتە ئەسلیەکانی کرد کە چۆن پێناسە دەکرێن و بەرامبەری فیّو عەین و لامی {فَعَلَ} یان پێدەکریّ. ئێستاش دەیەوێت باسی پیتە زیادەکان بکات کە چۆن هەلّس و کەوتیان لەگەلّ دەکرێت. جا فەرمووی (**ویعبر عن الزائد بلفظه**) واتە:-تلفظ- بە زوبان دەردەبڕی لە میزانی لە جیاتی ئەو پیتەی کە زیاد کراوە لە مەوزونی بە لەفزی پیتە زیادەکەی واتە: چ پیتەك لە مەوزونی زیاد کراوە هەمان پیت لە میزانی زیاد دەکرێت،÷ بۆ نمونە —أنصر- لەسەر وەزنی —أفعل- چۆن لە —أنصر- هەمزە زیاد کراوە بە هەمان شێوە لە —أفعل- هەمزە زیاد دەکرێت هەروەها —-استنصر-وەکو -استفعل- یان —ضارب- وەکو —فاعل-.......هتد ئەمە خالێکی گرینگە بۆ لێك جیاکردنەوەی پیتە ئەسلیو پیتە زیادەکان جا ئەم بنەمایەیە {قاعدة} لە هەموو شوێنەك بەم شێوەیەیە مەگەر لە دوو شوێن نەبێت ئەویش بابی —افتعال- و هاو وێنەکانیەتی جا بۆ جیاکردنەوەی ئەوانیش فەرمووی (**إلا المبدل من تاء الأفتعال ونحوه**) تەنها لە تائی بابی —افتعال- و هاو شێوەکانی نەبێت واتە لە هەموو شوێنەك —تلفظ- دەکریّ لە میزانی بە هەمان ئەو لەفظەی لە مەوزونی زیاد کراوە تەنها ئەو پیتە نەبێت کە لە جیاتی (ت)ی بابی {افتعال، تفعل، تفاعل} نەبیّ هەم لە نونی بابی {انفعال}یش نەبێت لە هەندێك شوێن لەم بابانە پیتێك لە مەوزونی زیاد کراوە لە میزانی ئەم پیتە نییە بۆ

نمونه —اصتلح- لەسەر وەزنی —افتعل-ەیە، زیادکراوەکان هەمزەو تائە پاشان تائەکە لە —اصتلح- دەکرێتە —طاء- دەبێتە {اصطلح} بەڵام لە میزانی هەر وەکو خۆیەتی، ئەوە لێرەدا {ویعبر عن الزائد بلفظه....} نەهاتە جێ، ئەمە لەمەودوا باس دەکرێت —ان شآء الله، (**فانه بالمبدل منه**) لەم شوێنانە تلفظ و تەعبیر بە بەدەلی نییە کە ئەم پیتەی تازە هاتووە کە طاء بوو، بەڵکو بە {مبدل منه}وەکەیە، کە دەکاتە ئەو پیتە لە پێش ئیعلال کردن هەبوو دە دەکاتە —ت- واتە بە —ط- لێنادرێتەوە بەڵکو بە —ت- لێدەدرێتەوە، دووەم شوێن کە لەم بنچینەیەیان جیا دەکاتەوە (**والا المکرر للالحاق أو غیره**) مەگەر لەم شوێنانە نەبێت کە دووبارەیە جا ئەم دووبارەیەش چ بۆ الحاق بێت ،واتە: پیتێك لەسەر وشەیەك زیاد بکرێت تا بچێتە سەر وەزنی وشەیەکی دیکە، وەکو —جَلبَبَ- لێرەدا بائی دووەم زیاد کراوە تا الحاقی بکەیت بە —دَحرَجَ-ەی، یان وا دەبێت دووبارەی دەکەیتەوە بۆ بۆ غەیری الحاق وەکو —فَرّحَ- کە رێی دووەم زیاد کراوە بۆ تکثیر، (**فانه بما تقدمه**) لەم دوو شوێنە واتە کە بۆ الحاق و غەیری الحاق زید دەکرێت تەعبیری پیتە زێدەکەی بە گوێرەی پیتی پێش خۆیەتی کە پیتە ئەسلەکەیە جا ئەم پیتەی پێشەوە {لام الفعل} بێت یان {عین الفعل} بێت نمونەی {لام الفعل} وەکو —جَلبَبَ- لێرەدا بائی یەکەم {لام الفعل} ە لە میزانەکەی تەعبیری بە لام لێدراوەتەوە وە بێی دووەمیش هەر بە لام لێدەدرێتەوە، ەواتە لە -جَلبَبَ-ەی دەگوترێ لەسەر وەزنی —فَعلَلَ-ەیە نەك لەسەر وەزنی —فَعلَبَ-ە واتە بە هەمان لەفظی خۆی نییە بەڵکو بە لەفظی پێشە خۆیەتی. وەنمونەی {عین الفعل} وەکو —فَرّحَ- لێرەدا -ر-ێی دووەم زیادە بەڵام تەعبیری وەکو رێی ئەسلەکەیە {عین الفعل}ە، جا دەڵێین: -فَرّحَ-لەسەر وەزنی —فَعّلَ-یەبە شدەی گرانکردنی عەینەکەیە نەك لەسەر وەزنی —فَعرَلَ- بێت. جا لەم دوو شوێنەدا تلفظ بە لەفظی پیتە زیادەکە نەبوو بەڵکو بە وێنەی پیتە پێش خۆی بوو. یەکێك پرسیار دەکات : ئایا مکرر هەموو کات بەو شێوە بە پیتی پێش خۆی لێدەدرێتەوە؟ ئەویش وەڵام دەداتەوەو دەفەرمووێت (**الا اذا عدم ذالك الوزن أو ندر**) مەگەر لە دوو شوێن

وانەبێت، یەکەم: {مکرر} دووبارەیەك کە لە زمانی عەرەبی هیچ وشەیەك لەسەر ئەو وەزنە نەبێت. دووەم: وشە لەسەر ئەو وەزنە هەبێت بەڵام بە کەمی، لەم دوو شوێنە کە گوتمان {مکرر} دووبارە بە لەفظی خۆی تەعبیر دەدرێت نەك بە پیتی پێشە خۆی، نمونەی یەکەم وەکو –بُطْنان- لێرەدا نونی دووەم مکررەو زیادە ئەگەر بە گوێرەی ئەم یاسایە بێت وەزنەکەی دەبێتە –فُعلال- چونکە نونی یەکەم چۆن تەعبیر دەدەرێ دەبوایە نونی دووەمیش وا تەعبیر درابا، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ وشەیەك نییە لەسەر وەزنی –فُعلال- واتە چوار پیتی ئەسلی هەبێت و دووبارەش نەبێت، جا لەبەر ئەوە ناچار بووین ئەم دووبارە {مکرر}ە زیادە بە لەفظی خۆی تەعبیر بدەینەوە نەك بە پیتی پێش خۆی واتە دەڵێین: میزانەکەی –بُطْنان- –فُعلان-ە نەك –فُعلال- بێت. نمونەی دووەمیش ئەوەیە کە باسی دەکین (**كسحنون بفتح السين فانه فَعلون لندور فَعلول**) وەکو –سَحنون- بە فەتحی سینی بخوێنەوە، ئێستا – سَحنون- نوونی دووەمی دووبارەیەو زیادیشە قاعیدە وا بوو تەعبیر بە پیتی پێشە خۆی بی واتە میزانەکەی –فَعلول- بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی – إسم- ناو لەسەر وەزنی –فَعلول- واتە: چوار پیتی بیو هەر چواریان ئەسلی بن کەمە، جا ناچار بووین کە تەعبیرەکەی بە لەفظی خۆی بێت نەك بە پیتی پێشە خۆی بێت، جا دەڵێین: میزانی – سَحْنُون- –فَعلون-ە نەك –فَعلول- بێت، چونکە إسم لەسەر ئەو وەزنەی کەمە. (**وهو صَعْفوق وخرنوب**) ئەو دوو ئیسمە چوار پیتینەو هەر چواریشیان ئەسلن، بێگومان میزانی ئەو دووانە {فَعْلول}ە چونکە لە پێشان گوتمان ئەگەر پیتی ئەسلی بوون بە چوار لام دووبارە دەبێتەوە، بەڵام چونکە کەمە حیسابی نەبوونی بۆ دەکرێت، کەواتە: {سَحْنون} بە لەفظی خۆی لێدەدرێتەوە نەك بە پێشە خۆی.

(**ويتبع الميزان الموزون في القلب المكاني وفي الحذف**) واتە: میزان تابیع و شوێنکەوتەی مەوزونە لە دوو شوێن: **یەکەم**: لە {قلب المكان} واتە: هەر پیتەك پاش و پێشی پێ بکرێ لە مەوزونی ئەوا یەکسەر بە تەبەعیەتی ئەو لە میزانیش دەکرێت، بۆ نمونە {يَئِسَ} لەسەر وەزنی {فَعِلَ}دیە ئەگەر هەمزەکەی بێنینە پێش

دەبێتە {أيِسَ} وە میزانەکەشی دەبێتە {عَفِلَ} چونکە هەمزەکەی {عين الفعل} بوو ئێستا هاتۆتە شوێنی {فاء الفعل} وە میزانەکەشی بە هەمان شێوە. **دووەم:** لە {حذف}دا واتە: هەر پیتەك لە مەوزونی لابدرێ دەبێ لە میزانیش لابدرێ وەکو: {قاضٍ} ئەسلەکەی {قاضِيٌّ} لەسەر وەزنی {فاعِلٌ} بوو، پاشان –یاء-ەکە لادرا بوو بە {قاضٍ} میزانەکەش بووە {فاعٍ} -لام الفعل- لە هەردووکیان لادرا وەهەروەها {قُلْ} لە {قول} میزانەکەی {فُلْ } چونکە {عين الفعل- نەماوە {عِدْ} لە وە {وِعْدَة} میزانەکەی میزانەکەی {عِلْ} چونکە {فاء الفعل}ی نەماوە (**إلا أن يقصد بيان الأصل فيهما**) واتە: میزان شوێنکەوتەی مەوزون دەبێت لەم دوو شتانە مەگەر مەبەست بەم مەوزونە دەرخستن و روونکردنەوەی ئەسلەکەیان بێت جا لەم دوو کاتە میزان وەکو مەوزون نابێت، بۆ نمونە: دەڵێین: وەزنی {أيِسَ}ەی {فَعِلَ}ەیە نەك {عَفِلَ}ە چونکە مەبەستمان ئەسلەکەیە بۆ میزانەکەی، یان دەڵێین: وەزنی {قاضٍ} {فاعِلٌ} چونکە مەبەستمان میزانەکەی ئاسلەکەیەتی.

## باسی ئەو بابانەی سێ پیتی رووتن

لە پێشان زانیمان کە فیعل ثلاثیو رباعیو مزیدو مجردی هەیە کە هەمووی دەبن بە چوار بەش کە لە {ثلاثي مجرد} دەست پێدەکات و دەفەرموویێت (**أما الثلاثي المجرد فأبنية ماضيه فَعَلَ وفَعِلَ وفَعُلَ**) واتە: ئەو بەشە فیعلەی کە سێ پیتە –ثلاثی- وە رووتە –مجرد- لە پیتی زیاد سێ میزانی هەیە، یەکەم: {فَعَلَ} بە فەتحی {عين الفعل}ەکەی و دووەم {فَعِلَ} واتە بە -کسرة- لە ژێری {عين الفعل} وە سێیەم {فَعُلَ} بە {ضمة}ەی {عين الفعل}ەکەی. دوای ئەوە دێتە سەر بیناکانی {مصدر} چاوگی ثلاثی مجرد جا فەرمووی (**وأبنية مصادره**) واتە: بینایەکانی {مصدر} چاوگی ثلاثی مجرد ئەوانەن کە باسیان دەکات :

| ژ | شێوەی چاوگەکان | میزان | مەوزون | بابەکان | واتاکەی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فەتحی (فاء الفعل) و سکونی (عین الفعل) | فَعْل | قَتْلٍ | یەکەم | کوشتن |
| ٢ | (کسرة) لە ژێری (فاء الفعل) سکونی (عین الفعل) | فِعْل | فِسْقٍ | یەکەم | لە ئەمر دەرچوون |
| ٣ | (ضمة) بۆری (فاء الفعل) سکونی (عین الفعل) | فُعْل | شُغْلٍ | سێیەم | کارکردن |
| ٤ | ئەم سێیانەی دواییش بەم شێوەیەن بەڵام (ت)ی بۆ زیاد کراوە | فَعْلَةٍ | رَحْمَةٍ | چوارەم | بەزەیی |
| ٥ | | فِعْلَةٍ | نِشْدَةٍ | یەکەم | داواکردنی‌شتی‌بزر |
| ٦ | | فُعْلَةٍ | كُدْرَةٍ | چوارەم | شێلو-لێڵ- |
| ٧ | ئەم سێیانەش بە هەمان شێوەی سەرەوەن بەڵام ئەلفی کورت (مقصورة)ی بۆ زیاد کراوە | فَعْلَى | دَعْوَى | یەکەم | داواکردن |
| ٨ | | فِعْلَى | ذِكْرَى | یەکەم | بیرەوەری |
| ٩ | | فُعْلَى | بُشْرَى | یەکەم و چوارەم | موژدە |
| ١٠ | ئەم سێیەش هەر بەمان شێوەیە (ان) ئەلف و نونی بۆ زیاد دەکرێت | فَعْلان | لَيَّان | دووەم | قەرز نەدان |
| ١١ | | فِعْلان | حِرْمان | شەشەم | بێ بەش کردن |
| ١٢ | | فُعْلان | غُفْران | دووەم | لێبوردن |
| ١٣ | (فاء الفعل و عین الفعل)ی (مفتوح) لەسەرن (ان) ئەلف و نونی لەگەڵدایە | فَعَلان | نَزَوانٍ | یەکەم | پەڕینی نێرە بۆ مێیە |
| ١٤ | (فاء الفعل وعین الفعل)ی (مفتوح) لەسەرن | فَعَلٍ | طَلَبٍ | یەکەم | داواکردن |

| ژ | شێوەی چاوگەکان | میزان | مەوزون | بابەکان | واتاکەی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | (فاء الفعل) (مفتوح) لەسەرە (عین الفعل) (مكسور) لەژێرە | فَعِلْ | خَنِقٍ | یەکەم | خنکاندن |
| ١٦ | (فاء) لەژێرو (عین)ی (مفتوح) لەسەرە | فِعَلٍ | صِغَرٍ | شەشەم | بچوکی |
| ١٧ | (فاء) (مضموم) بۆرە (عین) (مفتوح) لەسەرە | فُعَلْ | هُدَىً | دووەم | ڕێنمونی |
| ١٨ | (فاء وعین و لام) هەر سێکیان (مفتوح) لەسەرن | فَعَلَةٍ | غَلَبَةٍ | دووەم | سەرکەوتن |
| ١٩ | (فاء و لام) مفتوح (عین) لە ژێرە | فَعِلَةٍ | سَرِقَةٍ | دووەم | دزی |
| ٢٠ | (فاء) (مفتوح) لەسەرەو لامیش زیادە | فَعالٍ | ذَهابٍ | سێیەم | ڕۆیشتن |
| ٢١ | (فاء) (مكسور) ئەلف زیادە | فِعالٍ | صِرَافٍ | دووەم | حەزی مێیەسەگ بۆ نێردسەگ |
| ٢٢ | (فاء) (مضموم) بۆرەو ئەلف زیادە | فُعالٍ | سُؤَالٍ | سێیەم | پرسیار |
| ٢٣ | (فاء) (مفتوح) لەسەرەو ئەلف و تاء زیادە | فَعالَةٍ | زَهَادَةٍ | سێیەم چوارەم | دونیا نەویستن |
| ٢٤ | (فاء) (مكسور) لەژێرەو ئەلف و تاء زیادە | فِعالَةٍ | دِرَايَةٍ | دووەم | زانین |
| ٢٥ | (فاء) (مضموم)ەو بۆرەو واو زیادە | فُعولٍ | دُخُولٍ | یەکەم | چوونە ژوورەوە |

| ژ | شێوەی چاوگەکان | میزان | مەوزون | بابەکان | واتاکەی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | (فاء) (مفتوح) واو زیادە | فَعولٍ | قَبُولٍ | چوارەم | رازی بوون (پەسەند کردن) |
| ٢٧ | (فاء) (مفتوح) لەسەرە یاء زیادە | فَعيلٍ | وَجيفٍ | دووەم | جۆرەڕۆیشتنەکی وشترە |
| ٢٨ | (فاء) (مضموم) بۆرەو واوو تێ زیادن | فُعُولَةٍ | صهوبَةٍ | شەشەم چوارەم | سۆری |
| ٢٩ | میم زیادەو فاء سکونەو عین مفتوح | مَفْعَلٍ | مَدْخَلٍ | یەکەم | چوونە ژوورەو (ناوەوە) |
| ٣٠ | میم زیاد، فاء سکون، عین مکسور | مَفْعِلٍ | مَرْجِعٍ | دووەم | گەڕانەوە |
| ٣١ | میم و تێ زیاد، فاء سکون، عین مفتوح | مَفْعَلَةٍ | مَسعَاةٍ | سێیەم | کۆشش کردن |
| ٣٢ | میم و تێ زیاد، فاء سکون/ عین مکسور | مَفْعِلَةٍ | مَحْمِدَةٍ | چوارەم | مەدح کردن |
| ٣٣ | فاء مضموم بۆرە، ئەلف و تێ زیادە | فُعَالَةٍ | بُغَايَةٍ | دووەم | داوا |
| ٣٤ | فاء مفتوح لەسەرە، ئەلف و یاءو تێ زیاد | فَعَالِيَةٍ | كَرَاهِيَةٍ | چوارەم شەشەم | رق لێبوونەوە |

**تێبینی :**

مامۆستای بەڕێز لە کتێبەکەی باسی وەزنەکانی إسم ی نەکرد جا بۆ شارەزابوونی فەقێیەکان بە کورتی دەڵێین: ئیسمی ثلاثی مجرد (١٠) دە وەزنێ هەیە کە ئەمانەن {فَلْسٌ، فَرَسٌ، كَتِفٌ، عَضُدٌ، حِبْرٌ، عِنَبٌ، إِبِلٌ، قُفْلٌ، صُرَدٌ، عُنُقٌ} وە رباعی مجرد (٥)

پێنج وەزنی هەیە کە ئەمانەن {جَعْفَرٌ، زِبْرِجٌ، بُرْثُنٌ، دِرْهَمٌ، قِمَطْرٌ} وە خماسيِ مجرد(٤) چوار بابی هەیە کە ئەمانەن {سَفَرْجَل، قِرْطَعْب، جَحْمَرِش، قُذَعْمِل} وە لێرەدا باسی مەزیدەکانیش ناکرێت.

(**والكل سماعي إلا ما كان على مَفْعَل**) واتە لە {ق}ی {قَتْل}ی تا دەگاتە {ك}ی {كَراهِيَة} هەموویان سەماعین، واتە: بیستراون وە ناتوانین بە خۆمان دروستیان بکەین، تەنها ئەو {مصدر}ە چاوگە نەبێت کە لەسەر وەزنی {مَفْعَل}ە، (**فإنه قياسي من جميع الأبواب**) ئەویان قیاسیە دەتوانین لە هەموو بابەکانی ثلاثي مجرد دروستیان بکەین وەکو {مَنْصَب، مضرب، مسئل، مطعم.....} ئەو جۆرە چاوگ –مصدر–ە پێی دەڵێن: چاوگی میمی. یەکێك پرسیار دەکات کە ئەوە قیاسیە ئەی بۆچی لەگەڵ سەماعیەکان نوسراوە؟، لە وەڵامدا دەڵێین: بۆیە باسکراوە تاکو بزانرێت ئەوەش یەکە لە بینایەکانی مصدری ثلاثي مجرد جا سەماعی بێت یان قیاسی. جا گوتمان فعلی –ماضی– کاری رابردوو لە ثلاثي مجرد سێ بینای هەیە، لێرەدا بە درێژی باسیان دەکات (**فإن كان ماضيه على وزن فَعَلَ مفتوح العين فمضارعه يَفْعُلُ بضم العين أو كسرها**) واتە: ئەگەر فیعل –ماضی– کاری رابردوو لە ثلاثي مجرد لەسەر وەزنی ئەو {فَعَلَ}ەی بوو بە فەتحی {عين الفعل}ی ئەوا –مضارع– رانەبردووەکەی لەسەر وەزنی {يَفْعُلُ} بە {ضمة}ی {عين الفعل}ی یان {يَفْعِلُ} بە کەسرەی {عين الفعل}ی دێت، نمونەکان (**نحو**) وەکو (**نَصَرَ يَنْصُرُ**) ئێستا {نَصَرَ} فیعلی –ماضی– رابردووە {عين الفعل}ەکەی کە –ص–ە {مفتوح} لەسەرە، وە {يَنْصُرُ} –مضارع– رانەبردووە {عين الفعل}ەکەی کە –ص–ە {مضموم}ە ئەمە لە بابی یەکەمە نیشانەکەی ئەوەیە کە {عين الفعل}ەکەی لە –ماضی– {مفتوح}ەو لە –مضارع– {مضموم}ە، وە لەهەر شوێنەك بەم شێوەیە بوو ئەوە لە بابی یەکەمە، (**وضَرَبَ يَضْرِبُ**) –ضرب– {ماضي} رابردووە {عين الفعل}ەکەی کە رێیە لە –ماضی– {مفتوح}ە وە لە –مضارع– {مكسور}ە ئەمەش نیشانەی بابی دووەمە.

جا لە پێشان باسی {مصدر} چاوگەکانی ثلاثی مجردی کرد، لێرەدا دەیەوێت جۆرە تایبەتیەکی باس بکات تاوەکو بزاندرێت {مصدر} چاوگی هەر بابێك لەم شەش بابە بە زۆری لەسەر چ وەزنەکی دەبێت؟ جا فەرمووی (**والغالب من مصدر فَعَلَ اللازم نحو رکَعَ علی رُکوعٍ**) واتە: {مصدر} چاوگی ئەو فیعلەی کە لەسەر وەزنی -فَعَلَ-دیە وە لازمیشە بەزۆری لەسەر وەزنی {فُعول} دەبێت، وەکو -رَکَعَ- مەصدەرەکەی -رُکوع-ە ، یان -سَجَدَ- مەصدەرەکەی -سُجود-ە......هتد (**والمتعدی نحو ضَرَبَ علی ضَرْبٍ**) بە زۆری {مصدر} چاوگی -فَعَلَ-ەی کە موتەعەدی بێت وەکو -ضَرَبَ- ئەوا لەسەر وەزنی -فَعْل-ی دەبێت، وەکو -ضَرْبٍ- وە -نَصْرٍ-......هتد (**وفي الصنائع نحو کَتَبَ علی کِتابَةٍ**) بەزۆری مەصدەری -فَعَلَ-ەی کە بە مانا پیشە بێت وەکو: - {کَتَبَ} لەسەر وەزنی {فِعالَةٍ} دەبێ، وەکو {کِتابَة، تِجارَةٍ......هتد} . (**والإضطراب نحو خَفَقَ علی خَفَقانٍ**) مەصدەری -فَعَلَ- کە بە واتای جولانەوەو هاتووچوون دەبێت وەکو: -خَفَقَ- لەسەر وەزنی -فَعَلان- دەبێت، وەکو: -خَفَقان، جَوَلان، دَوَران، طَيَرَانٍ، فَيَضَان......هتد- (**والأصوات نحو صَرَخَ علی صُراخٍ**) مەصدەری -فَعَلَ-ەی کە بە واتا دەنگ بێت وەکو -صَرَخَ- لەسەر وەزنی -فُعال- دەبێ، وەکو: -صُراخ، بُكَاء، نُباح، خُوار......-. {فعالة} وەکو {کِتابَة وتِجارَة..} دێت (**والإضطراب نحو خَفَقَ علی خَفَقانٍ**) ئەگەر بە مانای هاتووچون و جولان بێت وەکو {خَفَقان و دَوَران....} دەبێت (**والأصوات نحو صَرَخَ علی صُراخٍ**) ئەگەر بە مانای دەنگ بێت ئەوە وەکو {صرخ} لەسەر وەزنی -فُعال- وەکو {صُراخ، بُكاء...} دێت.

**تێبینی :**

وە هەر ئەم فیعلە واتە: -فَعَلَ- ئەگەر بۆ نەخۆشیو دەرد بەکار هات ئەوە مەصدەرەکەی بەزۆری لەسەر وەزنی -فُعَال- دێت، وەکو: -سُعَال، زُکَام، سُدَاح، خُنَاق، رُعَاف......هتد.

گوتمان ئەگەر –ماضی فَعَلَ- بوو بە فەتحی عین –مضارع-ەکەی بە –ضمة-و –کسرة-ەی {عین الفعل} دەبێت، بەڵام هەندێك جاریش بە فەتحی –عین الفعل- دەبێت جا دەفەرموێت (**ویجئ مضارعه بفتح العین في بعض ما کان عینه أو لامه حرف حلق**) واتە: کەم جار {مضارع}ی –فَعَلَ-ەی مەفتوح لەسەر وەزنی {يَفْعَلُ}ی دەبێت بە فەتحی {عین الفعل} لە هەندێك شوێن کە {عین الفعل یان لام الفعل}ی پیتی حەلقیْ بێت. یەکێك پرسیار دەکات باشە لەبەرچی لە فەتحەی حەرفی حەلق بە شەرت گیراوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت (**أشترط هذا لأن الأصل تغایر حرکة عین الماضی والمضارع کمعناهما**) واتە: ئەمە بە مەرج گیراوە چونکە ئەسل لە هەموو فیعلێك وایە کە حەرەکەی {عین الفعل}ی لە –ماضی-و لە –مضارع-ی لێك جیاواز بێت هەروەکو واتاکەیان لێك جیاوازە، (**فلا یعدل عنه الا لمقتض**) لەم ئەسلە لانادریْ مەگەر هۆیەك پاڵمان بدات بۆ لادان لەم ئەسڵە، جا بە ناچاری {عین الفعل} لە –ماضی-و لە –مضارع-ی یەکسان دەبێت (**وهو ثقل حرف الحلق**) وە ئەم هۆیەش کە لێرە وامان لێدەکات لەو ئەسلە لابدەین گرانی پیتی حەلقە، ئەوە بوو ناچاری کردین کە {عین الفعل} لە –ماضی-و –مضارع-ی مەفتوح بکەین، چونکە حەرف حەلق هەرچەندە گرانە بەڵام فەتحەش حەرەکەیەکی سووکە بۆ یەکتر دەگونجێن. جا یەکێك پرسیار دەکات: بۆچی {فاء الفعل}یش بە مەرج نەگیرا؟ لە وەڵامدا دەفەرموێت (**ولا یؤثر الفاء لسکونه في المضارع دائما**) واتە: {فاء الفعل} هەرچەندە یەکێکە لە پیتەکانی حەلق کەچی کار ناکاتە سەر گرانی وشە، چونکە ئەم {فاء الفعل}ە لە –مضارع-دا هەردەم ساکینە، وە ساکینیش زۆر سووکە. هەروەها ئەوەش بزانە ئەگەر هاتوو {عین الفعل و لام الفعل} هەردووکیان حەرفی حەلق بوون لەو کاتی مەفتوح ناکرێت وەکو {صَحَّ یَصِحُّ} (**وهی: الهمزة والهاء والعین والحاء والغین والخاء**) پیتەکانی حەلق ئەم شەشانەن {أ، ە، ع، ح، غ، خ} ئەوانەش لەبەر ئەوە پێیان دەڵێن پیتی حەلق چونکە حەلق بە مانای گەروو دێت ئەوانەش لە گەروو –قورِگ- دێنە دەرەوە، نمونەکان (**نحو**

**سَئَلَ یَسْئَلُ ومَنَعَ یَمْنَعُ)** {سَئَلَ} {عین الفعل}ی یەکێکە لە پیتەکانی حەلق کە هەمزەیە، وە {مَنَعَ} {لام الفعل}ی یەکێکە لە پیتەکانی حەلق کە عەینە. جا لەبەر ئەوە {عین الفعل} لەم دووانە لە -ماضی-و لە -مضارع-ی مەفتوحە، ئەم بابە بابی سێیەمە هەوەها بابی بە مەرج{شَرْط} یشی پێ دەڵێن چونکە حەرفی بۆ بە شەرت گیرا بوو. نیشانەی ئەو بابە کە {عین العفل}ی لە -ماضی-و لە -مضارع-دا مەفتوحە بەو شەرتەی گوتمان. ئەوەش بزانە مصنف بۆیە وشەی {بعض}ی بەکارهێنا چونکە زۆرجار وا دەبێت {عین الفعل یان لام الفعل} یەکێکە لە پیتەکانی حەلق کەچی مەفتوحیش نابێت وەکو: {دَخَلَ یَدْخُلُ}. جا هەر لەو باسەوە لە وانەیە یەکێك رەخنە بگرێت و بڵێت: تۆ گوتت ئەو کاتە {عین الفعل} لە -ماضی-و لە -مضارع- مەفتوح دەبێت کە {عین الفعل یان لام الفعل}ی یەکێك بێت لە پیتەکانی حەلق، کەچی {أَبَی یَأْبَی} {عین الفعل}ی مەفتوحە کە -ب- ە وە نە عەین و نە لامیشی حەرف حەلق نییە، ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمووێت **(وأَبَی یَأْبَی شاذ)**[1] واتە: {أَبَی یَأْبَی} کە {عین الفعل}ەکەی لە -ماضی-و لە -مضارع-دا مەفتوحە ئەوە شازەو کەمە یاسای پێ هەڵناوەشێتەوە **(وقیل نصبهما فیها لمناسبة مَنَعَ یَمْنَعُ في المعنی)** واتە: گوتراوە لە وەڵامدا فەتحەی ئەم دوو {عین الفعل}ە لە مادەی {أَبَی یَأْبَی} لەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ {مَنَعَ یَمْنَعُ} لە واتادا پێك دەچن و لە یەکتر نزیکن، وە {مَنَعَ یَمْنَعُ} مەرجەکەی تێدا هاتۆتە جێ فەتحەکەی بە گوێرەی یاسایە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین ئەو وەڵامەش {أَبَی یَأْبَی} لە شاز رزگار ناکات. جا لێرەدا رەخنەگر دەڵێت: خۆت بەو وەڵامە لە {أَبَی یَأْبَی}ی رزگار کرد ئەی چی دەڵێی لە بارەی {رَكَنَ یَرْكَنُ} ئێستا {عین الفعل}ی کە کەفە لە -ماضی-و لە -مضارع-دا مەفتوحە وە هیچ پیتی حەلقیشی تێدا نییە ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمووێت **(ورَكَنَ یَرْكَنُ من التداخل)** واتە: ئەو مادەیە لە دوو باب هاتووە لە بابی یەکەم وەکو {رَكَنَ یَرْكُنُ}وە لە بابی چوارەم وەکو {رَكِنَ یَرْكَنُ} جا -ماضی- بابی یەکەم لەگەڵ -مضارع-ی بابی چوارەم بە یەك گەیشتوون بوو بە

{رَكَنَ يَرْكَنُ} ئەمەش لە تێکەڵاوی دوو باب دروست بووەو لە تەسلدا وا نەبووە، کەواتە حیسابی بۆ ناکرێت. جارێکی دیکە پرسیار دەکات ئەی چی دەکەی لە {قَلَى يَقْلَى}ی ئێستا پیتی لام مەفتوحە لە —ماضی-و لە —مضارع- وە هیچ پیتی حەلقیشی تێدا نییە؟ لە وەڵامدا دەفەرموویت (**وقَلَى يَقْلَى عامرية**) ئەمەش کە {عين الفعل} لە —ماضی-و —مضارع- مەفتوحە ئەمەش زاراوەی هۆزی {بني عامرية} کە هۆزێکن لە عەرەبەکان زاراوەکەیان فەسیح نییە ئێمەش باسی فەسیح دەکەین نەك کەسانێك کە زاراوەیان فەسیح نەبێت. جارێکی دیکە پرسیار دەکات و دەڵێت: ئەی چی دەکەی لە{بَقَى يَبْقَى} عەین الفعل ەکەی مەفتوحە لە —ماضی-و لە —مضارع-دا وە هیچ پیتی حەلقیشی تێدا نییە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموویت (**وبَقَى يَبْقَى لغة طي**) ئەمەش زاراوەی {بنی طی}یانە کە هۆزێکن لە عەردبان ئەمانەش بە هەمان شێوە فەسیح نین (**والفصيح كسر عين مضارع الأول وماضى الثاني**)[٢] زاراوەی فەسیح و راست ئەوەیە کە لە نمونەی یەکەم {عين الفعل} لە —مضارع-ی یەکەم لەژێر —مكسور- بکرێ واتە: بیخوێنیتەوە {قَلَى يَقْلِى} بە کەسرەی پیتی لام لە.—مضارع-دا. وە لە نمونەی دووەمدا {عين الفعل} لە —ماضی- {مكسور} لە ژێر بکرێت واتە: بیخوێنیتەوە {بَقِيَ يَبْقَى} بە کەسرەی —ق- لە فیعلی —ماضی-دا. گوتمان ئەگەر —ماضی- لەسەر وەزنی {فَعَلَ}ەی بە فەتحی {عين الفعل} بێت سێ بابی لێ دروست بوون، دوای ئەوە دێتە سەر باسی {فَعِلَ}ەی مەکسورو دەفەرموویت (**وإن كان ماضيه على فَعِلَ بكسر العين فمضارعه يَفْعَلُ بفتح العين**) واتە ئەگەر —ماضی ثلاثی مجرد- لەسەر وەزنی {فَعِلَ}ەی بوو بە کەسرەی {عين الفعل} ئەوا —مضارع-ەکەی {يَفْعَلُ} بە فەتحەی {عين الفعل} دەبێت (**كعَلِمَ يَعْلَمُ**) ئێستا لێرەدا عين الفعل کە لامە لە — ماضی- مەکسورە بەڵام لە —مضارع- مەفتوحە، ئەمەش پێی دەڵێن بابی چوارەم (**إلاّ ما شذّ من نحو حَسِبَ يَحْسِبُ**) گوتمان هەر کاتەك -ماضی- مەکسور بێت ئەوە -مضارع- مەفتوح دەبێت مەگەر ثلاثی مجردێك کە شاز بێت وەکو {حَسِبَ يَحْسِبُ} و

هاوشێوەکانی وەکو {نَعِمَ يَنْعَمُ، وَرِثَ يَرِثُ......} یاسا وابوو هەر کاتەك —ماضی- مەکسور بێت دەبێ —مضارع- مەفتوح بێت بەڵام ئەوانە مضارع دەکەشیان هەر مەکسورە جا لەبەر ئەوە بە شاز حیساب کران واتە ریز پەڕن. یەکێك پرسیار دەکات کە شاز بن بۆچی بە بابی پێنجەم دانراون؟ ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین: چونکە ئەو بابە لە {معتل الفاء} یەکجار زۆرن بۆیە بە بابی پێنجەم و بە بابێکی سەربەخۆ داندران **(وكثر في المثال)** واتە بابی پێنجەم کە نیشانەکەی ئەوەیە کە {عين الفعل} ەکەی مەکسورە لە هەردوو فیعلی —ماضی ومضارع- لە {معتل الفاء}ی زۆرن **(ويجئ الألوان والعيوب والحلى كلها من عَلِمَ يَعْلَمُ)** واتە: ئەو فیعلانەی بە واتای رەنگن وەك {سَوِدَ} یان بە واتای عیب و کەموکوڕی بێت وەکو {عَوِرَ، عَرِجَ} یان بە واتای جوانیو رێك و پێکین وەکو {بَلِجَ} ئەمانە هەموویان لە بابی چوارەم دێن. واتە: ئەگەر لە بابێکی دیکەش دروست بکرێن لە بابی چوارەم هەر دروست دەکرێن وەکو {أَدِمَ و رَعِنَ} ئێستا ئەم دوو بابانە هەر چەندە لە بابی شەشەمیش هاتوون بەڵام لە بابی چوارەمیش دێن. جا یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: تۆ گوتت هەر کاتەك —ماضی- مەکسور بوو ئەوا —مضارع- مەفتوح دەبێت مەگەر بە شاز بێت، وە ئێستا لەم فیعلانە —ماضی- مەکسورە کەچی —مضارع-ەکەیان —مضموم-ە وەکو {فَضِلَ يَفْضُلُ.......} لە وەڵامدا دەفەرموێت **(ونحو فَضِلَ يَفْضُلُ ونَعِمَ يَنْعُمُ وماتَ يَمُوتُ بكسر الماضي وضم المضارع من التداخل)** واتە: ئەم فیعلانە کە —ماضی-ەکەیان مەکسورە —مضارع-ەکەیان —مضموم-ە ئەوە لە {التداخل} تێکەڵاوی دوو باب دروست بووە، -ماضی-ەکەیان لە بابی چوارەمە وە —مضارع-ەکەیان لە بابی یەکەمە، کەواتە لە ئەسلدا وا نەبوو، ئەوەش بزانە {ماتَ يَموتُ} ئەسلەکەی {ماتَ يَمْوُتُ} بووە بە ئیعلال بۆتە {ماتَ يَموتُ}. **(وجاز فيما ماضيه مكسور العين وكان عينه حرف حلق كشَهِدَ أربع لغات)** دروستە لە فیعلەکی کە {ماضي}ەکەی {مكسور العين} بێت وە هەروەها {عين الفعل} ەکەشی یەك بێت لە حەرفی حەلق وەکو {شَهِدَ} ئەوا چوار زاراوەی لێ

دروست دەبێت کە بەم شێوەیە {شَهِدَ} بە کەسرەی {عین الفعل} ی، {شَهْدَ} بە سکونی عین الفعل ی، {شِهِدَ} بە کەسرەی {فاء الفعل و عین الفعل} ی، {شِهْدَ} بە کەسرەی {فاء الفعل} و سکونی {عین الفعل} (**وإلا كعَلِمَ فثلاث**) ئەگەر ئەو فیعلە لەسەر وەزنی {فَعِلَ}ەی بوو بەڵام {عین الفعل}ی یەك نەبوو لە پیتەکانی حەلق ئەوە تەنها سێ {لغة} زاراوەی تێدا دروستن، نمونەکان {عَلِمَ، عَلْمَ، عِلْمَ} ئەوەی ئێمە گوتمان لە بارەی فیعلەوە بوو ، ئەی ئەگەر ئیسمەك بەو شێودیە بوو (**وكذا الإسم**) واتە: ناویش {إسم}یش بە هەمان شێوە ئەگەر ناوەك لەسەر وەزنی {فَعِلَ}ەی بوو {عین الفعل}یشی مەکسورو یەك بوو لە پیتەکانی حەلق چوار {لغة} زاراوەی تێدا دروستن وەکو {فَخِذَ} ئەوە چوار شێوەکانی بەم شێوەیەن {فَخِذَ، فَخْذَ، فِخْذَ، فِخِذَ} بەڵام ئەگەر {عین الفعل}ی یەك نەبوو لە پیتەکانی حەلق وەکو {كَتِفَ} ئەوە تەنها سێ زاراوەی تێدا دروستن، نمونەکان وەکو {كَتِفَ، كَتْفَ، كِتْفَ} (**والغالب من مصدر فَعِلَ اللازم كفَرِحَ على فَرَحٍ بفتح أوليه**) واتە بەزۆری مەصدەری ئەو {فَعِلَ}ەی کە لازمە وەکو { فَرِحَ} لەسەر وەزنی {فَعَلْ} دێت دەگوترێت {فَرَحاً}بە فەتحەی هەردوو پیتەکانی یەکەمی واتە فاء الفعل وعین الفعل.

(**ولا يجئ هذا البناء مما ماضيه مفتوح العين إلّا فيما عين المضارع فيه مضموم**) ئەم جۆرە مەصدەرە واتە {فَعَلاً} بە فەتحەی دوو پیتەکانی یەکەم دروست نابێت لە فیعلەکی کە ماضيەکەی مەفتوح العین ە، مەگەر بە مەرجێك عین الفعل لە مضارع ی مضموم بێت (**كطَلَبَ يَطْلُبُ طَلَباً**) ئەوە هەر چەندە ماضيەکەشی مەفتوحە بەڵام چونکە مضارع ەکەی مضمومە ئەم مەصدەرەی لێ هاتووە وەکو {طَلَباً} بە فەتحەی دوو پیتەکانی یەکەمی (**غير الجَلَبِ والغَلَبِ**) مەگەر ئەم دوو مەصدەرە کە {جَلَب وغَلَب}ن، (**فإنهما من جَلَبَ يَجْلِبُ وغَلَبَ يَغْلِبُ بفتح الماضي وكسر المضارع فيهما**) ئەم دوو مەصدەرانە ماضيەکەیان {جَلَبَ و غَلَبَ } بە فەتحەی عین الفعل ەکەیان وە مضارعەکەیان {يَجْلِبُ ويَغْلِبُ} بە کەسرەی عین الفعل ەکەیانە، لەگەڵ ئەمەشدا مەصدەرەکەیان لەسەر وەزنی {فَعَلاً} هاتووە بە

فەتحەی دوو پیتەکانی یەکەمی، لێرەدا وا بە دیار کەوت کە ئەم مەصدەرە تەنها لە بابی سێیەم نایەت، چونکە ئەو بابانەی دیکە کە دەکاتە بابەکانی {حَسُنَ یَحْسُنُ} لەسەر ئەم ودزنە دێت وەك {كَرُمَ يَكْرُمُ كَرَماً} کەواتە ئەوەی ماوە تەنها بابی سێیەمە. (**والمتعدی نحو جَهِلَ علی جَهْلٍ**) واتە: مەصدەری {فَعِلَ}ەی کە عین الفعل ی مەکسور بێت ئەگەر ئەو فیعلە موتەعەدی بوو ئەوە لەسەر وەزنی {فَعِل} دێت وەکو {جَهِلَ} لە مەصدەرەکەی دەگوترێت {جَهْل} (**ومن الألوان والعیوب والحلَی علی فُعْلَةٍ بضم الفاء وسکون العین**) بە زۆری مەصدەری {فَعِلَ}ەی مەکسور لەو فیعلانەی کە بە واتای عەیب و رەنگ و نیشانەو جوانین لەسەر وەزنی {فُعْلَة} دەبێت بە ضمەی فاء الفعل وە سکونی عین الفعل وە تاوەکی زیاد لە کۆتایی (**کحُمْرَةٍ وأُدْمَةٍ وسُمْرَةٍ وبُلْجَةٍ**) {حُمْرَةٍ}سۆر {أُدْمَةٍ} سۆرو سپی گەنم رەنگ {سُمْرَةٍ} کەمێك رەش، ئەم سێیانە نمونەی رەنگن {بُلْجَةٍ} واتە هەندێك سپی لە نێو چەوانی یان پەلەکانی ولاخ، ئەمەش نمونەی جوانکارییە، نمونەی عەیب و کەمو کوڕی وەکو {عُجْفَة} خۆزگە لە جیاتی ئەوەی کە سێ نمونەی بە رەنگ هێنانەوە یەکێکی لەوانە هێنابایەوە.

(**وإن کان ماضیه علی فَعُلَ بضم العین فمضارعه علی یَفْعُلُ بضمه**) ئەگەر ماضی ثلاثی مجرد لەسەر وەزنی {فَعُلَ}ەی بە ضمەی عین الفعل ی هات ئەوا مضارعەکەی لەسەر وەزنی {یَفْعُلُ} بە ضمەی عین الفعل ی لە مضارع ی دێت (**کحَسُنَ یحْسُنُ**) ئێستا {حَسُنَ یَحْسُنُ} عین الفعل دکەی کە سینە لە هەر دووکیان مضمومە، هەر ئەمەش نیشانەی بابی شەشەمە وەکو {صَغُرَ یَصْغُرُ، کَبُرَ یَکْبُرُ......هتد} (**ویکون للطبایع التی لا تفارق الفاعل**) واتە: ئەم بابە بۆ ئەو جۆرە فیعلانەیە کە سروشتی بن و هەرگیز لە فاعیلەکەیان جیا نەبنەوە یان ئەگەر جیاش ببنەوە بە تەدریج بێت (**کالحسن والقبح**) ئێستا ئەم دووانە کە جوانیو ناشیرینیە لە خاوەنەکەیان جیا نابنەوە، چونکە مەبەست سروشتیەکانن نەك دەستکردەکان (**ونحوهما کالصغر والکبر**) یان وەکو هاوشێوەکانی {حسن وقبح}

وەکو {صِغَر و كِبَر} واتە: بچوکیو گەورەیی ئەمانە هەرچەندە جیا دەبنەوە لە فاعیلەکەیان بەڵام بە تەدریج، واتە لەسەرخۆو قۆناغ بە قۆناغ هەر لەبەر ئەوەش کردنیە هاوشێوەی {حسن وقبح} چونکە تەم جیاوازییەیان هەیە(**والغالب من مصدره على فَعَالَةٍ نحو كَرامَةٍ**) واتە: مەصدەری ئەم بابە کە هەردەم لازمە زۆرتر لەسەر وەزنی {فَعَالَة} دەبێت، وەکو: {كَرُمَ، يَكْرُمُ، كَرَامَةً} (**وعلى صِغَرٍ وَكَرَمٍ كثيراً**) مەصدەری ئەم بابەش لەسەر وەزنی {صِغَرٍ وكَرَمٍ}یش بەزۆری دێت.

لەوەی رابردوو بۆمان دەرکەوت کە {فَعَلَ}ەی مەفتوح سێ بابی دروستکرد کە بریتین لە: يَفْعُلُ بە ضمةی عين الفعل ی لە مضارع دا کە دەکاتە بابی یەکەم، يَفْعِلُ بە کەسرەی عين الفعل ی کە دەکاتە بابی دووەم، يَفْعَلُ بە فەتحەی عين الفعل کە دەکاتە بابی سێیەم. وە لە فَعِلَ ەیمەکسور دوو باب دروستکران کە ئەمانەن: يَفْعَلُ بە فەتحەی عين الفعل ی لە مضارع دا کە دەکاتە بابی چوارەم، يَفْعِلُ بە کەسرەی عين الفعل کە دەکاتە بابی پێنجەم. بەڵام فَعِلَ يَفْعُلُ بە کەسرەی ماضیو ضمةی مضارع ی ئەوە نییە مەگەر بە تەداخول نەبێت وەکو: فَضِلَ يَفْضُلُ ئەمەش حیسابی بۆ ناکرێت. وە فَعُلَ ەی مضموم تەنها یەك بابی دروستکرد ئەویش فَعُلَ يَفْعُلُ بە ضمةی هەر دووکیان ئەمەش بابی شەشەمە، بەڵام فَعُلَ يَفْعِلُ لەگەڵ يَفْعَلُ بە کەسرەی مضارع و بە فەتحەی ئەمانە نینە.

## باسی ئەو بابەی چوار پیتی روتن

جا باسی ثلاثی مجرد کۆتایی پێهات ئێستا باسی رباعی مجرد دەکات بۆیە فەرمووی (**وأمّا الرباعي المجرد فهو فَعْلَلَ**) واتە: کە رباعی مجرد بێت واتە چوار پیتی رووت لە پیتە زیادەکان و ئەسلی بن ئەم جۆرە فیعلە تەنها یەك بابی هەیە ئەویش لەسەر وەزنی {فَعْلَلَ}یە بە فەتحەی فاء الفعل و سکونی عين الفعل ی وە بە فەتحەی هەردوو لامەکان (**نحو دَحْرَجَ يُدَحْرِجُ دَحْرَجَةً و دِحْرَاجاً**) ئێستا {دَحْرَجَ} لەسەر وەزنی {فَعْلَلَ}یە هەر چوار پیتەکانی ئەسلین هەر پیتەك بەم

شێوەیە بێت ئەوە پێی دەڵێن رباعی مجرد (**وهما قياسيان**) ئەم دوو مەصدەرە {دَحْرَجَةً و دِحْرَاجاً} قیاسین دەتوانین لە هەموو نمونەکانی ئەم بابەی رباعی مجرد دەتوانین ئەم دوو مەصدەرە دروست بکەین. جا یەکێك پرسیار دەکات: بۆچی رباعی مجرد تەنها یەك بابی هەیە؟ لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**وانحصر في هذا**) رباعی مجرد کورتکراوەتەو لە یەك باب کە {فَعْلَلَ}یە (**لأن أول الماضي وآخره لايكونان إلاّ مفتوحين**) چونکە دەبێت پیتی یەکەم و کۆتایی لە فعلی —ماضی- هەر مەفتوح بن مەگەر بە هۆی ضمیرەکان بێت، کەواتە ئەم دوو پیتە یەکەم و کۆتایی هیچ بەرهەمیان نەبوو بۆ دروستکردنی بابێکی دیکە هەر بابێکیش کە بمانەوێت دروستی بکەین ئەوە بە حەرەکەو سکونی پیتەکان دەبێت، کەواتە با بچین بۆ لای دوو پیتەکانی دیکە کە عين الفعل و لام الفعل ی یەکەمە (**ولو أسكن اللام الأولى يلزم التقاء الساكنين**) واتە: ئەگەر لام الفعل ی یەکەم ساکن بکرێت {إلتقاء الساكنين} دەبێت واتە دوو پیتی ساکن بەیەك دەگەن، ئەمەش بەلای زانایانی سەرف قەدەغەیە مەگەر بە یاسای خۆی نەبێت کە لەمەو دوا باسی دەکەین {إنشآء الله} جا لێرەدا کەی دوو ساکن بەیەك دەگەن (**إذا اتصلت الضمائر المتحركة بالفعل**) لە کاتێك دەبێت کە ضمیری مرفوعی حەرەکەدار بەو فیعلانەوە بلکێندرێت وەکو: {دَحْرَجْتُ} ئێستا پیتی —ت- تێ پیتی پێشەخۆی ساکن کردووە جا ئەگەر پیتی پێشتریش ساکن بکرێت ئەوە دەبێتە بە یەکگەیشتنی دوو ساکنان لەبەر ئەوە بە ناچاری نەمان توانی دەستکاری ئەو پیتە بکەین، با بێینە سەر عين الفعل بزانین دەتوانین حەرەکەداری بکەین (**فسكن العين لئلاّ يلزم توالي أربع حركات**) نەمان توانی عين الفعل حەرەکەدار بکەین بەڵکو هەر ساکنمان کرد تاکو چوار حەرەکە لە دوای یەك لە یەك وشە ریز نەبن چونکە گرانە کەواتە هیچ رێگا نەما بۆ دروستکردنی بابێکی دیکە. یەکێك پرسیار دەکات تۆ گوتت بۆیە رێمان نەدا چونکە با نەبێتە مایەی لە دوای یەك هاتنی چوار حەرەکە ئەی بۆچی لە {جَنَدِل، عُلَبِطَ} چوار حەرەکە لە یەك وشە لە دوای یەك هاتوون؟ ئەویش وەڵام دەداتەوە دەفەرمووێت

(**وأما جَنَدِل لأرض ذات حجارة وعُلَبِط لقطيع الغنم**) واتە جَنَدِل کە بە زەوییەکی بە بەرد دەڵێن، وە عُلَبِط کە بە پارچە –مێگەل-ە مەڕێك دەڵێن، لەم دووانە راستە ئێستا وا دیارە کە چوار حەرەکە لە دوای یەك بن بەڵام لە ئەسڵدا وا نەبووە (**فالأصل جَنَادِل وعُلابِط**) ئەسڵی {جَنَدِل} {جَنادِل} بووەو وە ئەسڵی {عُلَبِط} {عُلابِط} بووە، کەواتە ئەلفێکی ساکن لە نێوان ئەم حەرەکانە هەبووە (**فحذف الألف وتركا على حالهما**) واتە حەزفی ئەلفەکە کراوە پاشات بەم شێوەیە جێ هێشتراوە وە هیچ دەستکاری دیکەیان بۆ نەکردووە (**فليس التوالى أصلاً**) ریزبوونی چور حەرەکە کە لێرە هەیە لە ئەسلدا نەبووە، بەڵکو بە هۆی لادانی ئەلفەکە دروست بووە (**ويلحق به نحو جَوْرَبَ وجَلْبَبَ وبَيْقَرَ وهَرْوَلَ وشَرْيَفَ ومَنْدَلَ**) بەڵێ ئێمە گووتمان رباعی مجرد تەنها یەك بابی هەیە ئەوشەشانە {ثلاثی مزید فیە}ن بەڵام پێیان دەگوترێت {ملحق بە رباعی مجرد} ئەمانە:

یەکەم: جَوْرَبَ ئەسلەکەی {جَرَبَ} بووە واو زیاد کراوە. دووەم: {جَلْبَبَ} ئەسلەکەی {جَلَبَ} بووە بێی دووەم زیاد کراوە. سێیەم: {بَيْقَرَ} ئەسلەکەی {بَقَرَ} بووە یاء زیاد کراوە. چوارەم: {هَرْوَلَ} ئەسلەکەی {هَرَلَ} بووە واو زیاد کراوە. پێنجەم: {شَرْيَفَ} ئەسلەکەی {شَرُفَ} بووە یاء زیاد کراوە. شەشەم: {مَنْدَلَ} ئەسلەکەی {مَدَلَ} بووە نون زیاد کراوە.

جا یەکێك پرسیار دەکات بەڵگەت چییە کە ئەوانە ملحقن بە رباعی مجرد ئەویش لە وەڵامدا دوو بەڵگەی هێناونەتەوە: کە یەکەمیان بریتییە لە (**ودليله إتحاد المصدرين**) واتە: بەڵگەی یەکەم ئەوەیە کە لەم شەش بابە ملحقە دوو مەصدەری هەیە وەکو مەصدەرەکانی رباعی مجرد. وە بەڵگەی دووەم لەسەر ئەوەی کە ئەوانە ملحقن بە رباعی مجرد (**وكونها على زنته**) واتە: ئەم شەشە لەسەر وەزنی رباعی مجردن (**مع زيادة لا فائدة لها غير جعلها على مثاله**) لەگەڵ پیتێکی زیادکراو وەکو لە پێشدا باسی هەموو ئەو پیتە زیادانەمان کرد، ئەم پیتە زیادەش هیچ سوودی نییە تەنها ئەوە نەبێت کە ئەوانەی هێناوەتە سەر وەزنی رباعی مجرد، بۆ نمونە

ئێستا {جَلْبَبَ} ئەگەر بێی دووەمی لێ نەبێت ثلاثی مجردة بە هۆی ئەو بێیە بۆتە ملحق بە رباعی مجرد، چونکە مانای ئیلحاق ئەوەیە کە ئەو وشەیە پیتێکی لێ زیاد بکرێت بە هۆی ئەو پیتەوە بێتە سەر وەزنی وشەیەکی دیکە. جا لێرەدا یەکێك رەخنە دەگرێت و دەڵێت: ئێستا {جَلْبَبَ} دوو پیتی وەکو یەکی لێنە بۆچی لەیەکت دەغم نەکردوون؟ یان بۆچی لە {هَرْوَلَ، وشَرْیَفَ} واوو یێ نەکراونەتە ئەلف ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**ولم یدغم في جَلْبَبَ ولم یقلب في هَرْوَلَ وشَرْیَفَ مع موجبهما**) واتە: بۆیە لە {جَلْبَبَ} بێ لە بێی دەغم نەکراوە، وە لە {هَرْوَلَ وشَرْیَفَ} بۆیە واوو یێ قەلب نەکراون بە ئەلف لەگەڵ ئەوەشدا هۆی قەلب لە هی یەکەم و دەغم لە هەردووکی دووەمدا هاتۆتە جێ (**لئلاّ یخرجا عن زنة الملحق به**) لەبەر ئەوە ئیلحاق نەکراون مەبادا لەسەر وەزنی {ملحق به} لا بچن کە رباعی مجردە، بۆ نمونە {جَلْبَبَ} لەسەر وەزنی {دَحْرَجَ}یە حەرەکەو سکونی ودك ئەو وانە ئەگەر دەستکاری بکرێت و بگوترێت {جَلَبَّ} ئەوە لەسەر وەزنی ئەو دەر دەچێت: کەواتە لەبەر ئەوەیە دەستکاری نەکراون. ئەگەر دەستکاری بکرابا بەو شێوەیە دەکرا: لە هی یەکەم حەزفی حەرەکەی بێی یەکەمان دەکرد ئنجا لە بێی دووەم دەغم دەکرا، لە هی دووەم و سێەم نەقلی حەرەکەی واوو یێمان دەکرد ئنجا دەمان گووت: واو یان یێ ئێستا ساکن لە ئەسلدا حەرەکەدار {ما قبل مفتوح} دەمان کردە ئەلف دەبوون بە {شَرافَ و هَرَالَ}.

## باسی ئەو بابانەی لەسەر بتبە سێ پیتیەکان زیاد کراون

(**وأما الثلاثي المزید فیه فهو علی ثلاثة أقسام**) لە کاتێکدا کە باسی ثلاثی مجرد تەواو بوو هاتینە سەر باسی ثلاثی مزید فیه، جا فەرمووی: ئەو فیعلەی کە ثلاثيەو مجردە واتە سێ پیتی ئەسلی هەیە وە هەندێك پیتیشی لێ زیاد کراون سێ بەشە چونکە حەرفە زیادەکان یان یەکە یان دووانن یان سێنە. جا مامۆستای بەرێز پێش ئەوەی بێتە سەر باسی بابەکان ویستی ئاگادارمان بکاتەوە لەو پیتانەی زیاد

دەکرێن داخۆ چەندن و وە کامانەن، بۆیە فەرمووی (**واعلم أن الزيادة لا تكون إلاّ من حروف سألتمونيها**) بزانە ئەی قوتابی ئەو پیتانەی زیاد دەکرێن نابێت لەو پیتانە تێبپەڕن کە لەم رستەیە کۆکراونەتەوە، کە ئەمانەن {س، ء، ل، ت، م، و، ن،ی، ه، آ} (**إلاّ في التضعيف للالحاق وغيره**) واتە: حروفی زیاد لەم دەیانە دەرناچن، مەگەر ئەم زێدەییە بۆ {تضعيف} چەندانە بێت، جا ئەم دوو چەندانەیەش بۆ الحاق بێت یان بۆ غەیری الحاق بێت لەو کاتی دەتوانی پیتێك زیاد بکەیت ئەگەر لەو دە پیتانەش نەبێت وەکو {جَلْبَبَ} ئێستا بێی دووەم زیادەو یەکیش نییە لەو دە پیتانەی رابردوو بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ ئیلحاقە دروستە، لە هەمان کاتدا {هَرْوَلَ} واو زیادەو بۆ ئیلحاقە وە یەکیشە لەو دە پیتانە. وە هەروەها {فَرَّحَ}و {طَوَّفَ} کە رێ و واو زیادن بەڵام بۆ ئیلحاق زیاد نەکراون بەڵگو بۆ ئەوە زیادکراون کە {فَرَّحَ} بۆ {تعدية} زیاد کراوە هەروەها {طَوَّفَ} بۆ {تكثير} زیاد کراوە، رێ لە یەکەمیان یەکە لەو دە پیتانە بەڵام واو لە دووەمیان یەك نییە لەو دە پیتانە.

(**فالأول ما كان ماضيه على أربعة أحرف بزيادة واحدة**) واتە بەشی یەکەم لەو سێ بەشانەی بۆ ثلاثی مزید فیه هەیە ئەو فیعلەیە کە ماضیەکەی لەسەر چوار پیت بێت سێی ئەسل و یەکی زیاد، ئەم بەشەش بە خۆی سێ بابی هەیە: یەکەم (**كأَفْعَلَ نحو أَكْرَمَ يُكْرِمُ إِكْرَاماً**) ئێستا {أَفْعَلَ} میزانە وە {أَكْرَمَ} مەوزونە هەمزەی یەکەمی زیادە کە پێی دەڵێن همزەی {قطع}، ئەم بابەش پێە دەگوترێت: بابی {إِفْعَال} نیشانەشی ئەوەیە کە همزەیەکی مەفتوحی لە سەرەتاوە هەیە، جا هەر فیعلەکی ثلاثی مجرد بتەوێت بیکەیتە مزید ئەوە ئەم همزەیەی بۆ زیاد بکە ئەوە دەبێتە ئەو بابە وەکو {أنصر، أعلم،....} بۆ ئیعلال کردنی گشت بابەکان ئەوە بروانە بۆ تەصریفی زەنجانی شەرحی مامۆستا مەلا عبد الكريم مدرس خودا پلەی بەرز کات، ئەوەش بزانە تاکو ئێستا ئێمە لە ثلاثی مجرد بابەکانمان بە یەکەم و دووەم... لێك جودا دەکردنەوە بەڵام لێرە بەدواوە بە مصدەرەکان لێکتری جودا دەکرێنەوە. (**وهو قياسي**) واتە ئەم مصدەرە بۆ بابی ئیفعال قیاسیە، هەر فیعلێك

بکرێتە ئەو بابە تەو مصدەرەری لیٚ دروست دەکرێت (**ویجوز أن یزاد بین الهمزة والفاء سین أو هاء علی خلاف القیاس**) دروستە زیاد بکرێت لە نێوان همزة زیادەکەو فاء الفعل پیتی {سین} یان {هاء} زیاد بکەیت، بەڵام ئەو زیادکردنە وەنەبێت بە گوێرەی یاسای سەرفی بێت بەڵکو لادانە لە یاسای سەرفی بۆ ئەم بابە، چونکە یاسای ئەم بابە تەنها زیادکردنی همزة مەفتوحەکەی سەرەتایەتی نەك شتێکی دیکە. وە هەندێك لە زانایان دەفەرموون ئەو کاتە دەتوانیت ئەو دوو پیتە لەو بابە زیاد بکەیت کە {أجوف} بێت وەکو نمونەکان وا نیشان دەدەن (**نحو أسطاع یُسْطِیعُ إِسْطَاعاً**) ئەسلی {أَسْطَاعَ} {اَطْوَعَ} بوو وەکو {أکرم} واو قەلب کراوە بە ئەلف و سینیش زیاد کراوە بوو بە {أسطاع}، {یسطیع} ئەسلەکەی {یُطْوِعُ} بووە وەکو {یکرم} واو کراوە بە ییٚ پاشان سین زیاد کراوە، {إسطاعا} ئەسلەکەی {إطواعا} بوو وەکو {إکراما} واو کراوە بە ئەلف جا دوو ئەلف کۆبوونەوە جا یەکمان لابرد {تیٚ}مان لە جیاتی هێناو سینەکیشمان زیاد کرد پاشان تیٚ یەکمان حەزف کرد بووە {إسطاعا} ئەم باسە لە شوێنی خۆی باس دەکەین {إنشآءالله} (**وأهْرَاقَ یُهْرِیقُ إِهْرَاقاً**) ئەمەش ئەسلەکەی بە کوورتی {أراق یریق إراقة} بوو ئیعلالی وەکو پێشەخۆی وایە کە هاء لە مَصدەرەکەی زیاد کراوە وە هەروەها لە مصدەرەکەی تیٚ لادراوە (**وهو للتعدیة غالبا نحو أکرمته**) ئەم بابە زیاتر بۆ تەعدیە هاتووە وەکو {أکرمته} ئەسلەکەی {کَرُمَ} بوو کە لازم بوو کە نەقلیٚ کرا بۆ بابی ئیفعال بوو بە متعدی، واتە: مەفعولی بۆ زیاد بوو —پشت بە خوا لە داهاتوو زیاتر ئەو باسە روون دەکەینەوە- (**وفَعَّلَ نحو فَرَّحَ یُفَرِّحُ تَفْرِیحاً**) ئەمە عەتفە بەسەر {أکرم}ی واتە بابی دووەم لەو سیٚ بابانەی پیتێکی لیٚ زیاد کراوە لەسەر سیٚ پیتە ئەسلەکەی {فَعَّلَ}یە ئەوە میزانە مەوزونەکەی دەبێتە {فَرَّحَ یُفَرِّحُ تَفْرِیحاً} ئەو {فَرَّحَ}یە پێشتر {فَرِحَ} بووە ثلاثی مجرد بوو لە بابی چوارەم عین الفعل دووبارە کراوە، واتە رێی لیٚ زیادکرا بوو بە بابی {تفعیل} وە هەر ثلاثی مجردێك ئەوها عین الفعل ی دووبارە ببێتەوە دەبێتە ئەم بابە (**وهو الأکثر**) واتە مصدری بابی تەفعیل

بە زۆری لەسەر وەزنی {تَفْعیلاً} دەبێت وەکو {تَفْرِیحاً} (**وتفعِلة**) هەروەها مصدەری ئەو بابە لەسەر وەزنی {تَفْعِلَةً} هاتووە، وا دیارە {ی} لادرا بێت {ت}ی لە جیاتی داندرا بێت (**وعن ناس فِعال**) بیستراوە لە خەڵکی عەرەب کە ئەم بابە مصدرەکەی لەسەر وەزنی {فِعال}یش هاتبێت، ئەمەش بە شەددەی عین ەکەو هەروەها بە سووکی {عین}ەکەش (**وهی قیاسیة**) ئەم سێ وەزنەی مەصدەرە بۆ ئەم بابە قیاسینە، واتە دەتوانی لە هەموو نمونەیەك دروستی بکەیت (**ویکون للتکثیر في الفعل أو الفاعل أو المفعول**) ئەم بابە بۆ {تکثیر} زۆرکردن و زۆربوون هاتووە، جا ئەم زۆریە لە فیعلدا بێت وەکو {طَوَّفْتُ الکعبة} واتە زۆر تەوافی کەعبەم کرد. یان لە فاعیل دەبێت وەکو {مَوَّتَ الإبل} واتە زۆر وشتر مردن، جای واش هەیە لە مەفعولی دەبێت وەکو {غَلَّقْتُ الأَبْوابَ}، جاری واش دەبێ لە هەر سێکیان –فعل، فاعل، مفعول- دەبێت وەکو {قَطَّعْنا الأَثْوابَ} (**ولإخرَی**) واتە ئەم بابە بۆ هەندێك مانای دیکەش هاتووە وەکو تەعدیە {فَرَّحْتُ زیداً}، وە بۆ تەوەجوهـ واتە روو تێکردن وەکو {غَرَّبْتُ} واتە رووم کردە رۆژئاوا، وە بۆ سەلبیش هاتووە واتە شتێك لە شتێکی دیکە دابڕنی وەکو {قَسَّرْتُ الفکهة} واتە توێکڵم لەم میوەیە کردەوە. (**وفاعَلَ نحو قاتَلَ یُقاتِلُ مُقَاتَلَةً وقِتالاً**) واتە بابی سێیەم لەم سێ بابەی کە پیتێکیان لەسەر زیاد کراوە {فاعَلَ}دیە، ئەوە میزانە مەوزونەکەشی {قاتَلَ یُقاتِلُ.....} {قاتل} پێشان {قتل} بوو، واتە ثلاثی مجرد لە بابی یەکەم ویستمان بیکەینە بابی {مفاعلة} ئەلفێکمان لە نێوان فاء الفعل و عین الفعل زیاد کرد بوو بە {قاتل} وە هەر فیعلەك ویستت لە ثلاثی مجرد بیکەیتە ئەم بابە ئەوە بەم شێوەیە دەبێت وەکو {ناصر یناصر مناصرة ونصاراً} (**وهما کثیران**) ئەم دوو مصدرە زۆرن لە بابی {مفاعلة} (**وقال بعضهم قیتالاً**) هەندێك لە زانایانی عیلمی صەرف دەڵێن {قیتالاً}یشی هاتووە بە زیادەیی {ی}، وە هەندێکی دیکە {ی}ی دەکەن بە {ت} و دەغمی دەکەن دەڵێن {قِتَّالاً} (**والکل قیاسی علی الإختلاف**) ئەم سێ مەصدەرە بۆ ئەم بابە قیاسین واتە لە هەموو نمونەیەکی بابی

{مفاعلة} ئەم سێ مەصدەرە دروست دەبن، بەڵام خیلافێك لە هەردووەکانی دوایە هەیە کە هەندێك دەڵێن ئەوان سەماعین **(وهو للمشاركة)** واتە: ئەم بابە بۆ مشارکە هاتووە، واتە دوو کەس لە کارێکدا هاوبەش بن وەکو {ضارب زيد عمراً} واتە زەیدو عەمر لە یەکتریان دەدا **(ولإخرى)** واتە: ئەم بابە بۆ چەند واتای دیکەش هاتووە، یەکەم: {تكثير} وەکو {ضاعفته} واتە چەندانەو زۆرم کرد. دووەم **مجرد** واتە ئەو بابە بە مانای **مجردی** خۆی دێتەوە وەکو {سافر} بە مانای {سفر} دێتەوە.

سێیەم: بە مانای {موالات}دێت، واتە: لە دوای یەك هاتن وەکو {واليت الصوم} واتە رۆژ لە دوای رۆژ بە رۆژو بووم. وە بۆ چەند مانای دیکەش. **(والثاني ما كان ماضيه على خمسة أحرفٍ بزيادة حرفين)** بەشی دووەم لەو سێ بەشەی کە هەیە بۆ ثلاثی مزيد فيه ئەو فیعلەیە کە ماضیەکەی لەسەر پێنج پیت بێت بە زیدەکرنی دوو پیت، جا ئەوەش دەبێتە دوو بەش، بەشی یەکەم: ئەوەیە کە تێی لە یەکەمی بێت. بەشی دووەم: ئەوەیە کە {و} همزەی لە یەکەمی بێت. وەکو دەفەرمووێ **(فإما أوله التاء)** واتە یان پیتی یەکەمی تێ دەبێت **(مثل تَفَعَّلَ)** ئەوە میزانە مەوزونەکەشی **(نحو تَكَسَّرَ يَتَكَسَّرُ تَكَسُّراً)** ئەمە بابی {تَفَعُّل}ی پێ دەڵێن، نیشانەکەی ئەوەیە کە لەسەرەتای تێیەکی مەفتوح هەبێت وە عين الفعل ەکەشی دووبارە بکرێتەوە وەکو {تَكَسَّرَ} ئەسلەکەی {كسر}بوو وەکو {نصر}.

**(وهذا هو الكثير)** واتە مصدری ئەم بابەی بە زۆری لەسەر ئەم وەزنە دەبی کە {تَفَعُّلا} وەکو {تَكَسُّراً} **(وقد جاء تِفِعَّالٌ)** کەم جاریش مصدەری ئەم بابە لەسەر وەزنی تِفِعَّال دەبێت ودکو {تِمِلَّاق و تِكِسَّار} **(وهما قياسان على الخلاف)** ئەم دوو وەزنەی مەصدەر بۆ ئەو بابەی قیاسین و لە هەموو مادەیەکی دروست دەبن، بەڵام خیلافێك لە هی دووەمیان هەیە هەندێکیان دەڵێن سەماعیە ناتوانی لە هەموو شوێنێك دروستی بکەیت **(وهذا الباب لمطاوعة فَعَّلَ)** ئەم بابە بۆ موتاوەعەی بابی {تفعيل} هاتووە، موتاوەعە لە زمانی عەرەبی بە واتای گێڕایەڵیو ملکەچی هاتووە، بەڵام لە لای زانایانی صەرف بەو مانایە دێت کە فاعیلی فیعلی یەکەم

کارێك بکات وە فاعیلی فعلی دووەم قبولی بکات، وە هەردوو فعلەکانیش لە پیتەکانی ئەسلیان وەکو یەك وابن (**نحو كَسَّرْتُهُ فتَكَسَّرَ**) واتە من شوشەم شکاند ئەویش قبولی ئەو شکاندنەی کرد، لێرەدا {كَسَّرَ} بابی {تفعيل}ە وە {تَكَسَّرَ}ەش بابی {تَفَعُّل}ە فاعیلەکەی قبولی فعلی فاعیلی یەکەمی کردووە کە شکاندنی شوشەیە لە پیتە ئەسلەکانیش یەکن (**وللتكلف اى يتكلف الفاعل ان يجد فيه الفعل**) ئەم بابە بۆ تکلف هاتووە واتە فاعل خۆی ماندوو بکات و هەول بدات کە ئەم صیفەتە لە خۆی بێنێتە دی چونکە پێی خۆشە ئەم صیفەتەی تێدا هەبێت (**نحو تحلم اى تكلف الحلم**) واتە خۆی ماندوو کردو هەوڵی دا صیفەتی حلم و نەرم و نیانی لە خۆی بێنێتە دی (**ولمعان اخر**) ئەم بابە بۆ چەند واتای دیکەش هاتووە: یەکەم: بۆ پاراستن لە ئەسلی فعلەکە وەکو {تَأَثَّمَ} واتە خۆی پاراست لە إثم و گوناه، تێستا إثم ئەسلی تَأَثَّمَ یە. دووەم: بۆ طلب هاتووە وەکو {تَعَظَّمَ} واتە داوای گەورەیی کردو خۆی بە گەورە زانی. سێیەم: بۆ تەدریج هاتووە وەکو {تعلمت الحساب بابًا بابًا} خۆم فێری حساب کرد باب لە دوای باب. (**وتفاعل نحو تباعد يتباعد تباعداً**) بابی دووەم لەو فعلەی کە مەزیدە بە دوو پیت وە تێی لە یەکەمە {تفاعل}یە، ئەمە میزانە مەوزونەکەی {تباعد يتباعد تباعدا} تباعد ئەسلەکەی {بَعُدَ} بوو وەکو {حَسُنَ} تێیەکی مەفتوحمان لە سەرەتای زیاد کرد، هەروەها ئەلفێك لە نێوان فاء الفعل و عین الفعل بوو بە {تباعد} وە هەر فعلەك لە ثلاثی مجرد بتەوێت بیکەی بەم بابە ئەمەی گوتمان نیشانەکەیەتی (**وهذا للمشاركة**) ئەم بابە بۆ مشارکە هاتووە، واتە: چەند کەسانێك بەشداربن لە ئەنجامدانی کارێك (**بجعل المشاركين أو الشركاء فاعلا معا**) وە ئەم هاوبەشیە بەم جۆرەیە ئەگەر دوو بن ئەوا هەردووکیان پێکەوە دەبنە فاعل، وە ئەگەر لە دووانیش زیاتر بن ئەوا هەموویان پێکەوە دەبنە فاعل وەکو {تضارب زيد وعمر وبكر} (**بخلاف المشاركة المفاعلة**) واتە: مشارکەی ئەم بابە وەکو مشارکەی بابی مفاعلە نییە (**فإنها بجعل أحدهما أو أحدهم فاعلا والباقى مفعولا**) واتە: بابی مفاعلە

یەکی لە دووان یان یەکی لە زۆران ئەگەر زۆر بن دەکاتە فاعل ئەوانی دیکە دەکاتە مفعول بۆ نمونە {ضارب زید عمرا} (**والعکس ضمنی**) بەڵام پێچەوانەی ئەمە لە ژێرەوە هەیە، واتە: ئەوەی لەبەر چاو فاعلە خۆی مفعولیشە وە ئەوەی لەبەر چاوان مفعولە خۆی فاعلیشە چونکە هەردووکیان لە ئەنجامدانی کارەکە هاوبەشن (**وللتکلف بإظهار الفاعل الفعل من نفسه**) ئەم بابە بۆ —تکلف- هاتووە، واتە: کە فاعل خۆی ماندوو بکات و هەوڵ بدات کە ئەم فعلە لە خۆی بێنێتە دی لەبەر مەبەستێك (**وهو منتف عنه ولا یرید إیجاده فیه**) وە ئەم فعلەش کە لە خۆی پەیدا دەکات لەم فاعلە مەوجود نییە لە هەمان کاتدا ناشیەوێت کە هەقیقەتەن لێیدا بێتە جێ چونکە کارێکی ناپەسەندە. لێرەدا دەرکەوت کە تکلف ی ئەم بابە جیاوازە لەگەڵ تکلف ی بابی {تَفَعُّلْ} (**نحو تَجاهل**) واتە خۆی بە نەزان و گێل پیشاندا وە لە راستیدا نەزانیش نییە وەناشیەوێت نەزان بێت، بەڵام لەبەر مەبەستێك خۆی وا پیشان دەدات. هەر لەسەر ئەوە پارچە شعرێك هەیە کە کاتێك شاعیر دەچێتە شوێنێك خەڵکەکە هەمووی نەزانن هەوڵ دەدات خۆی وەکو ئەوان بە نەزان و گێل پیشان بدات بۆیە دەڵێت:

**فلما رأیت الجهل فی الناس شائعا**

**تجاهلت حتی ظن أني جاهل**

(**ولمطاوعة فاعل نحو باعدته فتباعد**) بابی تفاعل بۆ متاوعەی بابی مفاعلەش هاتووە وەکو {باعدت زیدا فتباعد زید} من زەیدم دوور خستەوە ئەویش قبولی دوور خستنەوەی کرد.

جا لە پێشدا ثلاثی مزید فیە کە بە دوو پیت زیاد کرابێت یات تێی لە سەرەتاوە هەیە کە دوو بابی هەبوو، یان بە همزەی دەست پێدەکات ئەمەش سێ بابی هەیە جا فەرمووی (**وإمّا أوله همزة**) واتە: ثلاثی مزید فیە بە دوو پیت یان سەرەتاکەی بە همزەی دەست پێدەکات وەکو (**مثل إنقطع ینقطع إنقطاعا**) ئەمەش بابی إنفعال پێ دەڵێن، نیشانەی ئەم بابە نونێکی ساکنە لەگەڵ همزەی مەکسور لە پێش نونەکەی

**(إنقطاعا وهو لمطاوعة فَعَلَ)** ئەم بابە بۆ متاوعەی {فَعَلَ}ی هاتووە کە دەکاتە ثلاثی مجردی متعدی وە لای یەك مفعول **(نحو كَسَرْتُهُ فانْكَسَرَ)** واتە: من ئەو شتەم شکاند ئەویش قبولی کرد **(وقد جاء لمطاوعة أفعل)** هەندێك جار بابی {إنفعال} بۆ متاوعەی بابی {إفْعال}یش هاتووە **(نحو أسفقت الباب وازعجته فانفسق وانزعج)** ئێستا ئەم دوو فعلە {أسفق} وە {أزعج} هەردووکیان بابی {إفعال}ن، وە {انفسق}و {انزعج} بابی {إنفعال}ن، هەردوکیان بۆ متاوعەی {أفعل} وە {أزعج}ی هاتوون. **(ولا يبنى إلا مما فيه علاج وتأثير)** بابی إنفعال دروست ناکرێت مەگەر لەو جۆرە فعلانە نەبێت کە بە ئەندامەکانی {ظاهر}ی واتە: لەبەر چاو دیار بێت وەکو –إنكسر، إنقطع– ......**(ولذا قيل إنعدم خطأ)** واتە: لەبەر ئەوەی کە گوتمان مەرجە بۆ بینای ئەم بابە دەبێ بە ئەندامانی زاهیری بێت گوتراوە {إنعدم} کە بابی {إنفعال}ە و ئەسلەکەی {عَدُمَ} بووە هەڵەیە چونکە نەبوون شتێکی دیارو بەرچاو نییە ئێمەش گوتمان دەبێت زاهیری بێت **(وإذا فاء إنفعل حرفا من حروف يرملون)** هەرکاتێك فاء الفعل ی بابی إنفعال پیتێك بوو لە پیتەکانی بابی یرملون کە دەکاتە {ي، ر، م، ل، و، ن} **(قلبت النون به أدغم فيه)** لەو کاتە قەلبی نونە زیادەکە دەکرێت بە وێنەی ئەم فاء الفعل ە پاشان لە فاء الفعل ەکەی دەغم دەکرێت، بۆ نمونە {إنرحم} بابی {إنفعال}ە قەلبی نونەکەی دەکرێ بە رێ کە فاء الفعل ە دەغمی دەکەین دەبێتە {إرَّحَمَ} وە لە –مضارع– و مصدەر و....هتد بەم شێوەیە دەبێت. یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت بۆ لە {إنوتر}ی نون نەکراوە بە واو کە تەواوی یاسای رابردووی لێ هاتۆتە جێ؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموێت **(وفي ناتر أصله إنوتر قدم الإعلال على الإدغام)** لە {ناتر}ی کە ئەسلەکەی {إنوتر} بووە، هەقی إعلال و إدغامی هەیە، بەڵام إعلال بە پێش إدغام خستراوە، چونکە ئەگەر نون قەلب بکرێت بە واو و ئنجا دەغم بکرێت بە گوێرەی ئەم یاسایە دەبێتە {إوَّتر} بەڵام إعلال بە پێش خستراو واو قەلب کرا بە ئەلف وە حەزفی همزەمان کرد بوو بە {ناتر} **(وافتعل نحو إجتمع يجتمع**

**إجتِماعاَ** ) ئەمەش عەتفە بەسەر {إنفعل}ەی، واتە: یەکی دیکەش لە بابەکانی ثلاثی مزید فیە بە دوو پیت و همزەی لە سەرەتاوە هەبێت {إفتعل}یە ئەمە میزانە مەوزونەکەی بریتیە لە {إجتمع يجتمع إجتِماعاً} ئەمە بابی إفتعال ی پێ دەڵێن، نیشانەی ئەم بابە ئەوەیە هەر فعلێکی –ماضی- لە ثلاثی مجرد بتەوێ بیکەی بە بابی إفتعال همزەیەکی مەکسوری لە یەکەمی دابنێ لەگەڵ تێیەکی مەفتوح لە نێوان فاء الفعل و عین الفعل وەکو {إنتصر و إكتتب...} (**وهو لمطاوعة فَعَلَ نحو جمعته فاجتمع**) ئەم بابە بۆ متاوعەی {فَعَلَ} واتە: ثلاثی مجرد هاتووە وەکو {جَمَعْتُ الإبل} وشترم کۆکردنەوە {فاجتمع الإبل} ئەوانیش قبولی کۆکردنەوەیان کرد (**وبمعنى تفاعل للمشاركة**) ئەم بابە هەندێك جار بە مانای بابی {تفاعل} هاتووە لە کاتێکدا کە بۆ مشاركة بێت، نەك بە مانایَ تكلف یان ماناکانی دیکە بێت (**نحو إختصموا**) ئێستا ئەم فعلە بابی إفتعالە بەڵام بە مانای {تخاصموا} هاتووە (**ولإخرى**) واتە: ئەم بابە بە چەند واتای دیکەش هاتووە، یەکەم: لإتخاذ واتە وەرگرتنی شتێك لە مانای فعلەکە وەکو: إختدم زيد، واتە: زيد خزمەتکارەکی گرت. دووەم: إجتهاد واتە: خۆ ماندووکردن و کۆشش وەکو: إكتسب. وە بۆ غەیری ئەو ماناییانەش. جا لێرەوە قاعیدەیەکی ئەو بابە باس دەکات و دەفەرمووێ (**واذا كان فاء افتعل حرفا من حروف أتثذذز سشص ضطظوىّ**) واتە: هەر کاتێك فاء الفعلی بابی إفتعال یەك بێت لەو چواردە حەرفانە کە پێیان دەڵێن پیتەکانی بەیت، کە بریتین لە {أ، ت، ث، د، ذ، ز، س، ش، ص، ض، ط، ظ، و، ی} (**جاز الإدغام بقلب التاء إليه**) دروستە قەلبی تێی زیادەکە بکرێ بە وێنەی فاء الفعل پاشان فاء الفعلەکەی لە ناو دەغم دەکرێت وەکو {إسَّمَعَ} ئەسلەکەی {إسْتَمَعَ} بوو {تیّ}مان کرد بە {س} جا سین مان لە سینی دووەم دەغم کرد بوو بە {إسَّمَعَ} (**لكنه خلاف القياس**) بەڵام ئەم ئیعلالە خیلاف و پێچەوانەی یاسایە، چونکە قاعیدە وایە کە قەلبی یەکەمیان بکرێت بە دووەم، لێرەدا بە پێچەوانەوە قەلبی دووەم کراوە بە هی یەکەم، بەڵام ئیدیغامەکە تەواوە چونکە سینی یەکەم دەغم کراوە لە سینی دووەم

(**وأيضاً**) هەروەها بۆ ئەم بابە یاسایەکی دیکە هەیە بەڵام ئەم یاسایە تایبەت نییە بەم بابە، بەڵکو ئەم جارە بابەکانی {تفعل و تفاعل} یش دەگرێتەوە، جا دەفەرمووێ (**إذا وقع بعد تاء إفتعل وتفاعل وتَفَعَّلَ من تلك الحروف**) هەر کاتێك واقع بوو لە دوای تێی {إفتعل وتفاعل وتفعل}ی پیتەك لەم چواردە پیتە (**يجوز الإدغام بقلب التاء بما بعده على القياس**) دروستە قەلبی ئەم تێیە زیادە بکرێت بەو پیتەی لە دوای خۆیەتی، جا لە {إفتعل}ی عين الفعلی دەگرێتەوە وە لە دووەکانی دیکە فاء الفعل دەگرێتەوە. وە ئەم ئیعلالە لە هەر سێ بابەکان بە گوێرەی یاسایە چونکە قەلبی یەکەمی دەکرێت بە دووەم وەك لە نمونەکان دەردەکەوێت (**وزيادة الهمزة في الأخيرين**) جا لە دوای ئەنجامدانی قەلب و دەغم هەمزەیەکی وەصل زیاد دەکرێت بۆ دووەکانی دوایێ تاکو تووشی ئەوە نەبین کە ئیبتیدا بە ساکنی بێت کە ئەوەش قەدەغەیە (**نحو إطَّهَّرَ إثَّاقَلَ**) {إطَّهَّرَ} ئەصلەکەی {طَهُرَ} بوو کردمان بە بابی {تَفَعُّلْ} بە زیادکردنی تێ یەکو دوو قات کردنەوەی عين الفعلی بوو بە {تَطَّهَرَ} پاشان تێی بچوکمان کرد بە {ط}ی گەورە پاشان {ط} یەکەم ساکن کراو لە {ط}ی دووەم دەغم کرا پێویستمان بە هەمزەی وەصل بوو بۆمان زیاد کرد بوو بە {إطَّهَّرَ}، وە {إثَّاقَلَ} ئەصلەکەی {ثقل} بوو تێو ئەلف زیاد کران بوو بە {تثاقل} پاشان تێ کرا بە {ثآ} ئنجا هەردوو ثێی یەکەم لەهی دووەم دەغم کرا پاشان همزەی وەصلمان بۆ زیاد کرد بوو بە {إثّاقل} (**وحذف همزة الأول للإستغناء**) دروستە همزەی وەصل لە هی یەکەم لا ببرێت کە {إفتعل}یە چونکە لە دوای ئیعلال کردنی پێویست بە همزە ناکات، جا لەم بابەدا زۆر شێوە دروستن یەکە بە یەکەیان باس دەکات و دەفەرمووێ (**فيجوز في ماضيه فتح الفاء بنقل حركة التاء إليها**) دروستە لە —ماضی- ئەم بابە فاء الفعل مفتوح بکرێت بە هۆی نەقل کردنی تێی زیادەکە بۆ لای فاء الفعل وەکو {خَصَّمَ} (**وكسرها بتحريكها بالكسر**) وە دروستیشە فاء الفعل مکسور بکرێت (**لأنه الأصل في تحريك الساكن**) چونکە ئەم فاء الفعلە پێشان ساکن بوو، وە ئەصلیش وایە هەر کاتێك

ساکن حەرەکەدار بکرێت بە کسرەی حەرەکەدار بکرێت، بۆ نمونە {إِخْتَصَمَ} کە بابی افتعالە تێ کرا بە {ص} وە فەتحەکەمان دا بە فاء الفعل کە {خ}یە پاشان صاد لە صادی دەغم کرا بوو بە {إِخَصَّمَ} پاشان همزەمان لادا، جا دروستە بڵێی {خَصَّمَ} بە فتحەو کسرەی خاتەکەی (**ويجوز الإثبات نظراً إلى أصل السكون**) وە دروستە ئەم همزە لە شوێنی خۆی بمێنێت، چونکە تەماشای ئەوە دەکرێ کە ئەو فاء الفعلە لە ئەصلدا ساکن بووەو پێویستی بەو همزەیە هەیە، وە ئێستا هەرچەندە ساکن نییە بەڵام بە هۆی ئەوەی کە حەرەکەی ئەصلی نییەو لەلا را هاتووە {عارضی}یە هیچ نرخەکی وای بۆ نییە کە حساب بۆ حەرەکەی بکرێت (**مع فتح الفاء وكسره**) جا لەو کاتەی همزە هەیە فاء الفعلەکە فتحەو کسرەی تێدا دروستن وەکو {إِخِصَّمَ} لێردەوە بۆمان بە دیار کەوت کە ماضیەکەی چوار شێوەی تێدا دروستن کە ئەمانەن: ١- خَصَّمَ ٢- خِصَّمَ ٣- إِخَصَّمَ ٤- إِخِصَّمَ دوانیان بە همزەو دوانیشیان بە بێ همزە. پاشان دێتە سەر باسی —مضارع- ەکەی بزانین چەند شێوەی تێدا دروستن (**وفي مضارعه فتح الفاء وكسره**) دروستە لە —مضارع- ەکەش فاء الفعل مکسور و مفتوح بکرێت (**مع فتح حرف المضارعة أوكسرها**) واتە: کە دروستە فاء الفعل بەم دوو شێوەیە بە فەتحەو کەسرەی بێت لەگەڵ فەتحەو کەسرەی حەرفی -مضارع-ی دروستن کە هەمووی دەکاتە چوار شێوە، کە ئەمانەن: یەکەم: يَخَصِّمُ دووەم: يَخِصِّمُ سێیەم: يِخَصِّمُ چوارەم: يِخِصِّمُ (**اتباعا لكسرة الفاء**) یانی لە کاتێکدا حەرفی —مضارع-ەتی مەکسور دەبێت کە فاء الفعل مکسور بێت. ئەم عیبارەتە وا دەگەیەنیت کە تەنها ئەو کاتە حەرفی —مضارع-ەتی مەکسور نابێت مەگەر فاء الفعل مکسور بێت. کەچی واقیع وا نییە چونکە دروستە حەرفی —مضارع-ەتی مکسور بێت ئەگەرچی با فاء الفعل مکسور نەبێت وەکو {يِخَصِّمُ} بۆیەش چوار شێوەی تێدا دروست بوون، کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین بۆیە مەکسور دەبێت کە فاء الفعل مەکسور بێت لەو کاتەش کە مفتوحە بۆیە مەکسوری دەکەین بە حمل وە سەر حالەتی کسرەی (**وفي مصدره ثبوت الهمزة وحذفها كما في**

**الماضی)**لە مصدەرەکەشی هەموو شێوازەکانی فعلی —ماضی- دروستن، کە چوار شێوەی تێدا دروستن، دووانیان بە فەتحەو کسرەی فاء الفعلی و بەبی همزە، دوانیشیان بە فەتحەو کسرەی بەڵام لەگەڵ هەبوونی همزەی کە ئەم شێوازەن: یەکەم: إخِصَّاماً دووەم: إِخَصَّاماً سێیەم: خَصَّاماً چوارەم: خِصَّاماً (**وفي اسم الفاعل كسر الميم اتباعا لكسرة الفاء**) دروستە لە ئیسم فاعل میمی نیشانەی ئیسم فاعلی مەکسور بکرێت لەبەر تەبەعیەتی فاء الفعل، بەڵام ئەوەندە هەیە وەکو فیعلی —مضارع-ی ئەگەر فاء الفعل مکسوریش نەبێت ئەوا میمەکە هەر مکسور دەبێت. لێرەشدا بە هەمان شێوەکانی رابردوو چوار شێوازی تێدا دروستن جارێکیان میمی ئیسم فاعل —مضموم- بێت خائیش فەتحەو کسرەی تێدا دروستن، جارێکیشیان میم مکسور بێت خائەکەش فتحەو کسرەی تێدا دروست بێت، کە ئەمانەن: مُخَصِّم دووەم: مُخِصِّم سێیەم: مِخَصِّم چوارەم: مِخِصِّم (**وقيل لا يجوز حذف الهمزة في ماضي الإفتعال لئلاّ يلتبس بالتفعيل**) گوتراوە دروست نییە همزەی بابی ئیفتیعال لابرێت تاکە ئیلتیباسی بە —ماضی- بابی تەفعیل نەبێت، چونکە هەر کاتێك همزە لە {اخَصَّمَ} لابرێتەوە دەبێتە {خَصَّمَ} وەکو {فَرَّحَ}، ئەو ئیلتیباسەش تەنها لە فیعلی —ماضی- هەیە وە لە صیغەکانی دیکە نییە، چونکە لە —مضارع-ی حەرفی هەردووکیان لێك جیاوازن، واتە: لە بابی تفعیل حەرفی —مضارع-ەتی —مضموم-ە بەڵام لە بابی ئیفتیعال مفتوحە کەواتە بە فەتحەو ضمەی لێك جیا دەکرێنەوە (**وإفعلَّ نحو إحْمَرَّ يَحْمَرُّ إحْمِراراً**) ئەمەش عەتفە بەسەر {افتعل}ەی یانی بابێکی دیکە لە ثلاثی مزید بە دوو حرف و همزەی لە ئەوەلی بێت {افعلّ}یە، ئەمە میزانە مەوزونەکەی {احمر يحمر احمرارا} ئەمەش بابی {افعلال}ی پێ دەڵێن، نیشانەکەشی ئەوەیە کە همزەیەکی لە ئەوەلی زیاد کرابێت و لام الفعلی دووبارە بکرێتەوە (**وهو للمبالغة**) ئەم بابە بۆ مبالغە هاتووە، چونکە {حمر} واتە سۆر بوو، بەڵام {احمرّ} واتە: زۆر سۆر بوو (**ويختص بالألوان والعيوب**) وە ئەم بابە تایبەتە بەو جۆرە فعلانە کە بە مانای رەنگ و عەیب بن، وەکو {احمر، اسود} ئەمە

نمونەی رەنگ وە مبالغەشی تێدا هەیە، نمونەی عەیبیش وەکو {اعور} وە مبالغە لێرەدا مەرج نییە چونکە بە مانای کوێرە بوونە ئەگەر کابرا کوێرە بوو تەواو. گوتمان ثلاثی مزید سێ بەشی هەیە، مزید بە یەك پیت کە سێ بابی هەبوو، مزید بە دوو پیت کە پێنج بابی هەبوو. ئنجا دێتە سەر باسی مزید بە سێ پیت بۆیە فەرمووی (**والقسم الثالث ما كان ماضيه على ستة أحرف**) بەشی سێیەم لەو سێ بەشانەی بۆ ثلاثی مزید هەیە ئەوەیە کە –ماضي-ەکەی لەسەر شەش پیتانە سێیان ئەصل وسێشیان زیادن (**مثل إستفعل**) ئەمە میزانە مەوزونەکەی (**إِسْتَخْرَجَ يَسْتَخْرِجُ إِسْتِخْرَاجاً**) {استخرج} ئەصلەکەی {خرج} بوو لە بابی یەکەم وەکو نصر ویستمان لە ثلاثی مجرد بیکەین بە ثلاثی مزید لە بابی استفعال، همزەیەك لەگەڵ سینەکی ساکن و تێیەکی مفتوح لە ئەوەلی زیاد کران بوو بە {استخرج} وە نیشانەی ئەم بابە زێدەکردنی ئەو سێ پیتەیە لە سەرەتای (**وهو لطلب الفعل تحقيقا**) ئەم بابە بۆ داواکردنی فعل هاتووە، یانی فاعل داوای ئەصلە فعلی لە مفعولی دەکات جا ئەم داوایەش حەقیقی هەیە لە کاتێکدا مفعول شایستەی ئەوە بێت داوای فعلەکەی لێ بکرێت و ئەویش بتوانێت ئەنجامی بدات (**نحو إستخرجت زيدا**) واتە: داوام لە زید کرد بێتە دەرەوە، بێگومان ئەمە نمونەی حەقیقیە چونکە مفعول کە زدیدە شیاوی ئەوەیە کە حەقیقەتەن داوای هاتنە دەری لێ بکرێت (**او تقديرا**) یان داواکردنەکە تەقدیریە، لە کاتێکدا کە مفعول شیاوی ئەوە نەبێت کارەکە ئەنجام بدات بەڵکو تۆ وای دادەنێی کە شیاوی ئەوەیە داوای لێ بکرێت لە حەقیقەتیش شیاو نییە (**نحو استخرجت الوتد من الحائط**) واتە: داوام لە سنگی کرد بێتە دەرەوە، بێگومان ئەم داوایە تەقدیریو فەرزییە چونکە سنگ لە وانە نییە کە بە خۆی بتوانیت ئەو کارە بکات، بەڵام کە تۆ سنگ دەگریوڕای دەکێشیە دەرەوە ئەوە بە داوا لێکردن دەژمێردرێت (**ولوجوده على صفة**) ئەم بابە هاتووە بۆ ئەوەی فاعل مفعولی لەسەر صیفەتەکی دەبینیت کە ئەصلی فعلەکەیە (**نحو إستعظمته**) واتە: فلان کەس هاتە بەرچاوم بە گەورەو {عظیم}

ئێستا {استعظم} بابی {استفعال}ە، فاعلەکە کە تائە فاعلە مفعولەکەی خۆی کە مەرجەعی هائەکەیە دیوە لەسەر صیفەتەکی کە {عظمة}و گەورەییە، چونکە {عظمة} ئەصلە مصدەری {استعظم}یە (**وللتحول**) ئەم بابە هاتووە بۆ وەر گێڕانی فاعلەکەی بۆ ئەصلی فعلەکەی، کە مصدرە، واتە: فاعل لە صیفەتەکدا وەردەگیرێت دەبێتە ئەصلی فعلەکە کە مصدەرەکەیە (**كإستحجر الطين**) واتە: قوڕ بوو بە بەرد، ئێستا ئەو فعلە کە {استحجر} فاعلەکەی خۆی کە {الطين}ە وەرگێڕاوەو گۆڕیوە بۆ ئەصلی فعلەکەی کە {حجر}ە چونکە {حجر} مجردی {استحجر}یە (**وبمعنى المجرد**) ئەم بابە بە مانای ثلاثی مجردیش هاتووە (**كإستقرّ بمعنى قرّ**) ئێستا {استقر، بە ماعنای مجردی هاتووە کە {قرّ}یە، تەنها ئەوەندە هەیە مزیدەکە مبالغەی زیاترە ئەگینا هیچ گۆڕانی دیکەی بەسەر دانەهیناوە (**ويجوز حذف تائه**) دروستە لەم بابە تێ زیادەکە لاببرێت بەڵام لابردنەکە پێچەوانەی یاسایە (**نحو إسطاع**) ئەصلەکەی {استطاع} بووە حەزفی {ت}ەکە کرا بوو بە {اسطاع}. لە پێشەوە باسمان کرد کە بابی ئیفعال هەندێك جار سین یان هائی بۆ زیاد دەکرێت، وە لەم بابەش ئەوەمان زانی کە هەندێك جار سینی لێ لا دەبرێت، لێرەدا ئێرەو بابی ئیفعال —ماضی-ەکەیان لە شێوە وەکو یەك لێ هاتن چونکە هەردووکیان {اسطاع}یە، جا زانایان بە همزە جیاوازیان لە نێوان دەکەن، واتە: ئەگەر هاتوو همزە مفتوح بێت وەکو {أسطاع} ئەوە بابی ئیفعالە، کەچی ئەگەر همزە مکسور بێت ئەوە بابی {استفعال}ە وەکو {إسطاع} (**وافعالّ نحو احمارّ يحمارُّ احميرارا**) ئەمەش بابی إفعلال ە لە ثلاثی مزید بە سێ حەرفانە، نیشانەکەی ئەوەیە کە همزەکی مکسور لە ئەوەلی بێت وە ئەلفێك لە نێوان عين الفعل و لام الفعل زیاد بکرێت، لەگەڵ دوو قات کردنەوەی لام الفعل چونکە ئەصلەکەی {احمر} بووە وەکو {حسن} (**ويمتاز عن احمر بزيادة المبالغة**) ئەم بابە جیا دەبێتەوە لە بابی {احمرّ} بەوەی کە زیاتر مبالغەی تێدایە، چونکە {احمرّ} واتە سۆر بوو بەڵام {احمارّ} واتە زۆر زۆر سۆر بوو (**وافعوعل نحو اعشوشب**

**یعشوشب اعشیشابا)** بابێکی دیکە لە ثلاثی مزید بە سێ پیتان {افعوعل}یە ئەمە میزانە مەوزونەکەی {اعشوشب یعشوشب اعشیشابا} ئەمەش پێی دەگوترێت بابی {افعیعال}نیشانەی ئەم بابە ئەوەیە کە همزەیەکی مکسور لە سەرەتای دا بندرێت و عین الفعل دووبارە بکرێتەوە، وە واوێکی ساکن لە نێوان هەردوو عین الفعلەکان زیاد بکرێت چونکە ئەصلەکەی {عشب} بوو **(وهو للمبالغة)** ئەم بابە بۆ مبالغە هاتووە چونکە {عشب} واتە: کەمێك گیا شین بوو، بەڵام {اعشوشب} واتە: زۆر گیا شین بوو **(وإفعوّل نحو إجلوّز یجلوّز إجلوّازا)** ئەمەش هەر لە ثلاثی مزیدە بە سێ حەرفان وە بابی {افعول}ی پێ دەڵێن، نیشانەشی ئەوەیە کە همزەیەکی مکسور لەگەڵ واوێکی {مشدّد} لە نێوان عین الفعل و لام الفعل، ئەمەش ئەصلەکەی {جلز} بوو وەکو {ضرب} ئەمەش هەر بۆ مبالغە هاتووە، چونکە {جلز} واتە رۆیشت بەڵام {اجلوز} واتە: زۆر رۆیشت **(وإفعنلل نحو إقعنسس یقعنسس إقعنساساً)** ئەمەش بابی {افعنلال}ە نیشانەکەشی ئەوەیە همزەیەکی مکسور لە سەرەتاو وە نونێکی ساکن لە نێوان عین الفعل و لام الفعل لەگەڵ دووبارە کردنەوەی لام الفعل، چونکە ئەصلەکەی {قعس} بوو، ئەمەش وەك ئەوانی دیکە بۆ مبالغە هاتووە **(وإفعنلی نحو إسلنقی یسلنقی إسلنقاءاً)** ئەمەش وەك ئەوانی پێشەخۆی عەتفە بۆ ئەوی پێشە خۆی، پێشی دەگوترێت بابی {افعنلاء} نیشانەکەشی ئەوەیە همزەیەکی مکسور لە سەرەتاو وە نونێکی ساکن لە نێوان عین الفعل ولام الفعل لەگەڵ یائەکی مفتوح لە کۆتایی، بەڵام ئەم یاتە دواتر لە —ماضی- کراوە بە ئەلف، وە لە مصدریش کراوە بە همزە **(وهذان الأخیران ملحقان بإحرنجم)** ئەم دوو بابەی دوایی کە دەکاتە {افعنلل وافعنلی} هەر دوکیان مولحەقن بە {احرنجم}ی کە روباعی مزیدە بە دوو حەرفان، لێرەدا نامانەوێت دووبارە باسی ئیلحاق بکەین چونکە لە پێشەوە باسمان کرد، جا ئەم دوو بابەش لەسەر وەزنی {احرنجم}ەینە هەم لە ژمارەی حەرفەکان و هەم لە حەرەکەکان، وە مصدرەکەشیان رێکە وەکو مصدەری ئەوانە، بۆیە ئەم دوو بابە ملحقن بە رباعی

مزید بە دوو حەرفان (**وقال ابن الحاجب تَفَعَّلَ وتَفاعلِ أيضاً ملحقان يتدحرج**) ئیبن ولحاجب رەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبی شافیەدا فەرموویەتی هەروەها ئەو دوو بابەش واتە {تفعل و تفاعل} کە هەر دووکیان ثلاثی مزیدن بە دوو حەرفان ملحقن بە {تدحرج}ی کە رباعی مزیدە بە یەك حەرف، هەروەك چۆن هەردووکەکانی پێشتر ملحق بوون بە {إحرنجم}ی چونکە ئەم دووانەش وەکو {تدحرج}ی وانە لە ژمارەی پیتەکان و لە حەرەکەکانیش کە دەکاتە ژێرو لەسەرو بۆرو سکون، چونکە لە هەموویان پێنج حەرف هەیە وە سکونەك لە نێوان چوار فەتحە هەیە دووانیان لە پێش و دووانیان لە پاش،کەواتە ئەمانە ملحقن بە رباعی مزید بە پیتەکی. بەلاّم مامۆستا مەلا عەلی بەو قسەیە رازی نییە بۆیە دەفەرمووێت (**وليس بوجيه**) فەرموودەی ئیبنولحاجب بە هێزو رێك نییە، چونکە بۆ پالّپشتی ئەم فەرموودەیەی هیچ بەلّگەی پێ نییە (**لأن الزيادة للإلحاق لا تفيد إلاّ الزنة**) چونکە هەر پیتەك بۆ ئیلحاق زیاد بکرێت مەرجە کە هیچ فائیدەو سوودەکی نەبێت تەنها ئەوە نەبێت کە فعلێك بێنێتە سەر وەزنی فعلێکی دیکە (**وفيهما إفادة المعاني أيضاً**) وە حال وایە کە زێدەکردن لەم دوو بابە سوودی ماناشی هەیە هەروەك سوودی هێنانە سەر وەزنی {دحرج}ەشیان هەیە. ماناکەش ئەوەیە کە لە پێشەوە زانیمان ئەمانە بۆ موتاوەعەو موشارەکەو مانای دیکەش هاتبوون، کەواتە: ناکرێ ئەمانە بکرێنە ملحق.

ئەمەش پوختەی هەر چواردە بابەکانی ثلاثی مزیدە لەم نەخشەیەدا:

| ژمارە | جۆری زێدەیی پیتەکانی | مەوزونەکەی | نیشانەکەی | ماناکەی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مزید بە یەك حەرف | أکرم إکراما | همزەیەکی مفتوح لە سەرەتای | تعدیة |
| ٢ | مزید بە یەك حەرف | فرّح تفریحا | دووقاتکرنەوەی عین الفعل | تکثیر |
| ٣ | مزید بە یەك حەرف | قاتل مقاتلة | ئەلفێك لە نێوان فاء الفعل وعین الفعل | مشارکة |
| ٤ | مزید بە دوو حەرف | تَکَسّر تکسُّرا | تێ لە سەرەتاو دوو قات کردنەوەی عین | مطاوعة وتکلف |
| ٥ | مزید بە دوو حەرف | تباعد تباعدا | تێ لە ئەوەڵیو ئەلف لە نێوان فاء و عین | مشارکة وتکلف |
| ٦ | مزید بە دوو حەرف | انقطع انقطاعا | همزەی مکسورو نونی ساکن لە ئەوەڵی | مطاوعة |
| ٧ | مزید بە دوو حەرف | اجتمع اجتماعا | همزەی مکسور لە سەرەتاو تێ لە نێوان فاء و عین | مطاوعة |
| ٨ | مزید بە دوو حەرف | احمر احمرارا | همزە لە ئەوەڵیو دوو قات کردنەوەی عین | مبالغة |
| ٩ | مزید بە سێ حەرف | استخرج استخراجا | زیادکردنی همزەو سین و تێ لە سەرەتای | طلب |
| ١٠ | مزید بە سێ حەرف | احمار احمیرارا | همزە لە ئەوەڵیو ئەلف لە نێوان عین ولام لەگەڵ دوو قات کردنەوەی لام | زیادة ومبالغة |
| ١١ | مزید بە سێ حەرف | اعشوشب اعشیشابا | همزە لە سەرەتاو واوی ساکن لە نێوان هەردوو عین و دووقات کردنەوەی عین | مبالغة |

| ژمارە | جۆری زێدەیی پیتەکانی | مەوزونەکەی | نیشانەکەی | ماناکەی |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | مزید بە سێ حەرف | اجلوز اجلوازا | زیاد کردنی همزەو وە واوەکی بە شەددە | مبالغة |
| ١٣ | مزید بە سێ حەرف | اقعنسس اقعنساسا | همزە لە سەرەتاو نونی ساکن لە نێوان عین ولام وە دوو قات کردنەوەی لام | ملحق |
| ١٤ | مزید بە سێ حەرف | اسلنقى اسلنقاءً | همزە لە سەرەتاو نونی ساکن لە نێوان عین ولام لەگەڵ یائەکی لە کۆتایی | ملحق |

## باسی ئەو بابانەی لەسەر چوار پیتان زیاد کراون

(**وأما الرباعي المزيد فيه فأمثلته تفعلل كتَدَحْرَجَ**) کاتێك مصنف ڕەحمەتی خوای لێ بێت بە تەواوی باسی ثلاثی مزیدی کرد، هاتە سەر باسی رباعی مزید فەرمووی: ئەو فعلەی کە رباعیە واتە چوار پیتەو هەر چوار پیتەکانی ئەسلین وە لەسەر ئەو چوار پیتە ئەسلیە پیتی بۆ زیاد کراون سێ بابی هەیە: {تفعلل}یە ئەمە میزانە مەوزونەکەی {تدحرج یتدحرج تدحرجا} ئەمە بابی رباعی مزیدە بە یەك پیتەو کە {ت} لە ئەوْلیەتی، وە هەر بابەك رباعی مجرد بێت بتەوێت بیکەیتە ئەم بابە ئەوە تێیەکی لە سەرەتاوە بۆ زیاد دەکەیت وەکو {تزلزل} (**وهو لمطاوعة فعلل**) ئەم بابە بۆ موتاوەعەی رباعی مجرد هاتووە کە دەکاتە {فعلل} وەکو دەگوترێت {دحرجت الحجر فتدحرج الحجر} یانی بەردەکەم گلۆز کرد ئەویش قبولی گلۆز کردنی کرد (**وافغنلل نحو احرنجم یحرنجم احرنجاما**) دووەم باب لەو سێ بابەی بۆ رباعی مزید هەبوون {افعنلل}یە ئەمە میزانە مەوزونەکەی {احرنجم} ئەسلەکەی {حرجم} بوو وەکو {دحرج} رباعی مجرد بوو ویستمان بیکەین بە رباعی

مزید بە دوو حەرفان، همزەیەکمان لە سەرەتای زیاد کرد لەگەڵ نونێکی ساکن لە نێوان عین الفعل و لام الفعلی یەکەم بوو بە {احرنجم}ە وە ئەمەی گوتمان هەر ئەودش نیشانەکەیەتی (**وهو لمطاوعته ایضا**) ئەمەش وەکو {تدحرج} بۆ متاوەعەی {فعلل} هاتووە وەکو دەگووترێت {حرجمت الإبل فاحرنجم ذلك الإبل} واتە: وشترەکانم کۆکردنەوە ئەوانیش قبولی کۆکردنەوەیان کرد (**وافعللّ نحو اقشعرّ یقشعرّ اقشعرارا**) ئەمەش بابی سێیەمە لەو سێ بابەی گوتمان بۆ رباعی مزید هەن. جا {افعللّ}ە میزانە مەوزونەکەی {اقشعرّ}ەیە ئەسلەکەی {قشعر} بوو وەکو {دحرج} نیشانەکەی ئەوەیە کە همزەیەکی مکسور لە ئەوەلی زید دەکرێت لەگەڵ دووبارە کردنەوەی لام الفعل، وەکو {اطمئنّ یطمئنُّ اطمئنانا} کەواتە ئەمەشیا مزیدە بە سێ پیتان. وە ئەم بابە بۆ مبالغە هاتووە چونکە دەگوترێت {قشعر جلد الرجل} واتە:کەمێك مووی پیستی گرژ بوو، بەڵام {اقشعرّ} واتە: زۆر گرژ بوو. لەوەی رابردوو بۆمان دەرکەوت کە رباعی مزید سێ بابی هەیە مزید بە حەرفێك وە مزید بە دوو حەرفان وە مزید بە سێ حەرفان. بۆ زانینی ئیعلالەکانیش ئەوە بگەڕێوە بۆ شەرحی مامۆستا مەلا عەبدول کەریمی مدرس.

لە پێشان گوتمان مصدەرەکانی ثلاثی مجرد هەموویان سەماعینە تەنها {مفعل} نەبێت، وە مصدەرەکانی ثلاثی مزید و رباعی مجرد وە رباعی مزید هەموویان قیاسی بوون. هەروەها باسی ئەوەمان کرد کە مصدەرەکانی میمی لە ثلاثی مجرد لەسەر وەزنی {مفعل} دێت، بەڵام باسی ئەوەمان نەکرد ئاخۆ لە غەیری ثلاثی مجرد لەسەر چ وەزنەکی دێت، بۆیە ویستی لێرەوە باسیان بکات و فەرمووی (**ویجئ المصدر من غیر الثلاثی المجرد علی زنة اسم مفعوله قیاسا**) واتە: مصدەری میمی لە غەیری ثلاثی مجرد کە دەکاتە {ثلاثی بتەوێت بزانیت مصدەری میمی چییە؟ ئەود بڕۆ سەیری ئیسم مفعولی بکە مصدەرەکە لەسەر هەمان وەزنی ئیسم مفعولی دێت بۆ نمونە {أکرم} مصدەری میمی لەسەر وەزنی ئیسم مفعولی دێت کە دەکاتە {مُکْرَم} وە {دحرج} مصدەری میمی لەسەر وەزنی {مُدَحْرَج} دێت، ئێستا

ئەم صیغانە دەتوانی بڵێی ئیسم مفعولن وە دەتوانی بڵێی مصدەری میمین بۆ لێك جیاکردنەوەشیا ئەوە دەبێن بە قەرینە لێکیان جودا بکەیتەوە. پوختەی باسەکە ئەوەیە کە مصدەری میمی بەو مصدەرە دەگوترێت کە میمیان لە سەرەتاوە هەبێت، جا لە ثلاثی مجرد لەسەر وەزنی {مَفْعل} دێت وە لە غەیری ثلاثی مزید لەسەر وەزنی ئیسمی مفعولی خۆی دێت. بۆ زانین مصدەرێکی دیکەش هەیە کە پێی دەڵێن: مصدەری {صناعی} دەستکرد، کە تەنها بۆ ئەو وشانەیە کە مصدەریان نییە کە پیتی {ی} پێوە دەلکێنیت، کەواتە هەر وشەیەك ئەگەر مصدەری نەبوو ئەگەر ویستت مصدەری بۆ دروست بکەیت ئەوە پیتی {ی} بە کۆتاییەکەی وە بلکێنە، بۆ نمونە کە بتەوێت مصدەر بۆ {إنسان} بێنیت ئەوە خۆی هیچ مصدەری نییە ئەوە پیتەکە بە کۆتایی دەلکێنیت و دەڵێی {إنسانيّة} وە لە {فاعل} دەگوزریت {فاعليّة}..

**تنبيه :**

ئەمە ئاگاداری مامۆستایانە بۆ قوتابیان کە ئاگاداری پێشوو بن و خۆشیان بۆ ئەوە ئامادە بکەن بۆ ئەوەی دێت چونکە زۆر گرنگە (**الفعل إما متعد وهو الذى يتجاوز مدلوله من الفاعل إلى المفعول به**) واتە: فعل ئەو جارە دابەش دەکرێت بۆ دوو بەش، چونکە یان متعدی واتە تێپەڕە یان لازم واتە تێنەپەڕە. جا متعدی ئەو فعلەیە کە ماناکەی تەجاوز بکات و تێبپەڕێت لە فاعلەوە بۆ لای {مفعول بە} فاعلیش بەو ناوە دەڵێن کە فعلەکەی کردووە، مفعولیش جێگاو شوێنی فعلەکەیە، واتە: ئەو ناوەی کە فعلەکە بەسەر ئەودا هاتۆتە جێ وەکو (**كقولك ضربت زيدا**) ئێستا مانای {ضرب} واتە لێدان دەرچووە لە فاعلەوە کە {ت} بۆ لای {مفعول بە} کە زیدە (**ويسمى واقعا ومجاوزا**) ئەم جۆرە فعلە چۆن پێی دەگوترێت بە هەمان شێوە پێی دەگوترێت واقع چونکە لە فاعلەکەوە دەرچووەو واقیعی سەر مفعولی دەبی، وە هەروەها پێشی دەگوترێ مجاوز چونکە لە فاعلی تەجاوز دەکات و تێ دەپەڕی بۆ مفعولی (**وإما غير متعد**) ئەمە عەتفە بۆ سەر متعدی، یانی فعل

یان متعدی دەبێت وەکو گوتمان، یان غەیرە متعدی دەبێت (**وهو الذی لا یتجاوز مدلوله من الفاعل الی المفعول به**) فعلی غەیرە متعدی ئەوەیە کە تجاوز نەکات و تێبەپەڕی لە فاعلەوە بۆ لای مفعول بە (**وإن جاوز غیره**) فعلی متعدی ئەوەیە کە لە فاعلی تجاوز نەکات بۆ مفعول بە، ئەگەرچی بۆ چوار مفعولەکانی دیکەش تجاوز بکات. لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە جیاوازی لە نێوان فعلی لازم و متعدی تەنها بە مفعول بە یە، چونکە فعلە متعدی کار لە هەموویان دەکات، بەڵام فعلی لازم ناتوانی کار لە مفعول بە بکات، کەواتە: فعلی لازم ئەو فعلەیە کە مفعول بە نەبێت و نەتوانیت منصوبی بکات ئەگەرچی هەموو مفعولەکانی دیکەی هەبن (**کقولك حسن زید**) ئێستا مانای {حَسُنَ} کە {حُسْن} واتە: جوانی لە فاعلەوە دەرنەچووە لە زەیدی بۆ لای هیچ کەس (**ویسمی لازما**) ئەم جۆرە فعلە هەروەك پێی دەڵێن غەیرە متعدی هەروەها پێشی دەڵێن لازم (**للزوم الحدث في الفاعل**) چونکە ئەم {حدث} واتە: ئەم فعلەی کە پەیدا بووە لازم و پێوە نوسی ئەم فاعلەیە وە لەوی دەرناچی بۆ هیچ کەسی دیکە (**بمعنی عدم التجاوز**) جا بزانە لازم دوو مانای هەیە، یەکەم: لازم مانای وایە ئەم فعلە لە فاعیلی جیا نەبێتەوە. دووەم: ئەوەیە کە جیا دەبێتەوە بەڵام بۆ کەس ناچیت. جا لێرەدا لازم مانای وایە کە لە فاعل بۆ کەسی دیکە ناچیت، نەك مانای وا بێت بڵێین ئەم فعلە هیچ کات لە فاعیلی جیا نەبێتەوە، چونکە دەبینین {قام، قعد} دوو فعلی لازمن وە لە فاعیلەکەشیان جیا دەبنەوە بەڵام بۆ کەسی دبیکە ناچن، هەر لەبەر ئەوە فەرمووی (**بمعني عدم التجاوز**) یانی ئەم فعلە کە لازمە مانای وایە لەم فاعلەی ئەچیت بۆ هیچ کەس، نەك مانای وابێت لە فاعیلی جودا نەبێتەوە (**وغیر واقع**) هەروەها ئەم فعلە ناوبراوە بە غەیرە واقیعیش، چونکە فعلەکە واقعی سەر {مفعول بە} نابێت. لەوەی رابردوو گووتمان فعل لازم و متعدی هەیە، ئنجا دێتە سەر ئەوە چۆن فعلی لازم دەکرێتە متعدی. دەفەرموو (**وتعدیه**) واتە: دەتوانی فعلی لازم بکەیتە متعدی لە ثلاثی مجرد بەم شێوەیە (**بجعل فاعل اللازم مفعول التعدیة**) تۆ دەگێری فاعیلی فعلە لازمەکەی بە

مفعول بۆ ئەو فعلەی دەیکەتە متعدی (**وشئ آخر فاعله**) وە شتێکی دیکە بکە بە فاعل بۆ ئەو فعلە متعدیەی، وە مانای فعلەکە هەر بۆ ئەو فاعلەیە جا چ فاعل بێت یان مفعول (**في الثلاثي المجرد**) حالی ئەم فعلە وابێت ثلاثی مجرد بێت جا دەیکەیتە متعدی (**بنقله إلى باب التفعيل والإفعال**) ئەم کردنە متعدیەش بە هۆی ئەوەیە کە ئەم فعلە لازمەی دەگوازیەوە بۆ لای یەك لە بابەکانی {الإفعال، والتفعیل} (**كفَرَّحْتُهُ وأَجْلَسْتُهُ**) واتە زیدم دڵخۆش کرد وە زەیدم دانیشاند. ئەم دوو فعلە پێشان لازم بوون تەنها فاعیلیان هەبوون بەڵام کە نەقڵ کران وەلای ئەم دوو بابە بوون بە متعدی. جا {فَرَّحَ} ئەصلەکەی {فَرِحَ} بوو وەکو {علم} عین الفعلی دووبارە کراوە بوو بە بابی تەفعیل. وە {أجلس} ئەصلەکەی {جلس} بوو وەکو {ضرب} همزەی مفتوحمان لە سەرەتای زیاد کرد بوو بە بابی إفعال. لەگەڵ ئەو نەقڵ کردنەی بوون بە متعدی فاعیلەکەیان بوون بە مفعول چونکە زەید لە کاتی لازمیدا فاعیل بوو کەچی لە کاتی متعدی بوون بە مفعول، وە فاعیلەکی دیکەمان بۆ هێنان کە {ت}ی ضمیرە. لێرەدا فعلەکە لە هەردوو حالەتی لازم و متعدی هەر هەمان فاعیل ئەنجامی داوە بەڵام جارێك بە خۆی کردووە، وە جارێك پێیان کردووە، چونکە {جلس} واتە زەید دانیشت بەڵام {أجلس} واتە زەیدیان دانیشاند، دانیشتنەکە هەر زەیدە. (**وقد يتعدى بالمفاعلة والإستفعال**) هەندێك جار لازم دەبێتە متعدی بە هۆی نەقل کردن وەلای بابەکانی {مفاعله، وإستفعال} وەکو {إستخرجت زيداً} وە {باعدت زيداً} ئێستا هەر دوو فعلەکانی {خرج و بعد} لازمن، بە نەقل کردنیان بۆلای ئەم دوو بابە بوون بە متعدی، واتە: فاعیلەکەیان بووبە مفعول وە فاعیلەکی دیکەمان بۆ هێناون، بەڵام لە کاتی لازم و متعدی هەر زید خاوەنی فعلەکەیە، تەنها ئەوەندە هەیە جارێك خۆی کردوویە جارێك پێیان کردووە، وەکو دەرچوونەکە جارێك خۆی کردوویە جارێك پێیان کردووە، ئەمە پێی دەڵێن: {تصيير} (**وتعديه بتغير معناه كالنقل إلى الأبواب**) ئەوجارەش فعلی لازم دەکەیتە متعدی بە هۆی گۆڕاندنی مانایەکەی، هەر وەکو نەقل کردنی بۆ چوار بابەکان دەبووە متعدیو

ماناکەی دەگۆڕا (**بالباء خاصّة في مواضع**) وە ئەم جۆرە تەعدیە تایبەتە بە حەرفی {ب} لە نێو هەموو حەرفە جەرەکان، ئەمەش لە هەموو شوێنەك نییە، بەڵکو تەنها لە هەندێك شوێنە (**وبجر معناه إلى الإسم**) واتە: ئەم جارەش فیعلی لازم دەکەیتە متعدی بەهۆی راکێشانی مانای فیعل بۆ لای ئیسم بەبێ گۆڕاندن (**بحروف الجر في الكل**) ئەم جۆرە تەعدیە کە گۆڕاندنی تێدا نییە تایبەت نییە بە پیتی {ب} بەڵکو بۆ هەموو حەرفە جەرەکانە، وە لە هەموو بابەکان دەبێت چ رباعی یان ثلاثی مجرد یان مزید بێت (**نحو ذهبتُ بزيد أى أذهبته**) ئێستا ئەم فیعلە کە {ذهب}یە لازمە بە هاتنی پیتی {ب} بوو بە متعدی، مانای لازم و متعدی هەر بۆ یەك فاعلە، تەنها ئەوەندە هەبە جارێك بە خۆی رۆیشتووە، جارێکیان رۆیاشتوویاندوە، ئەمەیە مانای {تصییر} کە لەگەڵ مانای {أذهبته} وەکو یەك وایە بەڵام هەندێك لە زانایان دەڵێن: جیاوازی لە نێوان ئەم دوو تەعدیە هەیە، چونکە {ذهبت به ودخلت به على الأمير} مانای مصاحبە دەگەیەنێت، بەڵام {أذهبته وأدخلته على الأمير} مصاحبەی تێدا نییە، ئەمە میسالی ثلاثی مجرد بوو لە {تغيير} وە میسالی ثلاثی مزیدیش ئەمەیە کە دەفەرمووێت (**وانطلقت به اى أطلقته**) ئێستا {إنطلق} بابی إنفعالە لازمە، پێشتر {إنطلق زيد} بوو تەنها فاعیلی هەبوو کە پیتی {ب}ی بۆ هات ئەوەی پێشتر فاعیل بوو بە مفعول شتێکی دیکەمان کردە فاعیل کە {ضمير}ە وە هەردووك جار مانای فعلەکە کە بەرهەربوونە هەر بۆ ئەم فاعیلەیە بەڵام جارێك خۆی بەر بووە جارێك بەردراوە کە ئەمە مانای {تصيير}ە وە مانای ئەم موتەعەدییەی بە حەرفە جەر وەکو ئەو موتەعەدیە وایە کە بە نەقل وەلای بابەکان وایە وەك {أطلقته} کە متعدییە بە هەمزەی قەتع واتە بابی افعال، ئەم دوو نمونەیە بۆ تصيير بوون یەم مەزیدەو یەك مجردە وە هەردووکیان تایبەتن بە پیتی {ب}. (**ونحو مررت بزيد وانطلقت اليه للجر**) ئەم دوو نمونەیەش بۆ جەرِ مەعنان کە یەکیان ثلاثی مجردە و یەکیان مزیدە، ئەم دوو فعلە پێشان لازم بوون بەڵام بە هۆی {ب}و {الى} بوون بە متعدی، وە ئەم دووانە هیچ

{تغییر وتصییر}یان تێدا نییە، واتە: گۆڕان و گۆڕاندن لەم دوو نمونەیەدا نییە، چونکە {مَرَّ زید} واتە زید ڕۆیشت بەڵام {مررت بزید} یانی من ڕۆیشتنم بەلای زەیدی کرد نەك من زەیدم ڕۆیندبی. وە مانای {انطلق زید} زەید بە خۆی بەرەڵا بوو، وە مانای {انطلقت الیه} واتە: من بەرەڵا بووم بەرەو لای زیدی نەوەك من ئەوم بەرەڵا کردبێت، یانی ئەمانە {تصییر}یان تێدا نییە. ئەمانە پێیان دەگوترێت جەڕ، واتە: مانای ئەم فعلەی ڕاکێشاوە بۆ لای ئەو ئیسمە، بۆیە فەرمووی ئەم دوو نمونەش بۆ جەڕن کە یەکێکیان بە پیتی {ب}ە وە ئەوەی دیکەش بە پیتی {الی} وە هەروەها یەکیان مەزیدە وە یەکیان مجردە.

## باسی ئەو میسالانەی لە گۆڕاندنی ئەم فعلانە دروست دەبن

(**فصل في بيان أمثلة حصلت من تصريف هذه الأفعال**) ئەم فەصلە داندراوە بۆ باسکردن و ڕونکردنەوەی ئەو میسالانە کە پەیدا دەبن لە گۆڕاندنی ئەم فعلانە کە لە پێشان باسکران (**أی مصادر المجرد**) واتە: ئەو میسالانەی کە دروست دەکرێن لە خودی فعلەکان دروست ناکرێن، بەڵکو لە مصدری مجردی فعلەکە دروست دەکرێن، جا لەبەر ئەمە فەرمووی {أی مصادر المجرد} چونکە ئەگەر وا نەڵێ وا دەگەیەنێت کە فعل لە فعل دروست دەکرێت، وە لە ڕاستیدا فعلی -مضارع- ئەگەرچی لە -ماضی- دروستکراوە بەڵام وا بزانە هەر لە مصدری وەرگیراوە، تەنها ئەوەندە هەیە ڕاستەوخۆ لە مصدەری وەرنەگیراوە بەڵکو بە واستەی فعلی -ماضی- وەرگیراوە. ئنجا مصنف باسی فعلی -ماضی- بە پێش هەموویان خست چونکە زەمانی ئەو لە پێش زەمانەکانی دیکەیە، جا فەرمووی (**أما الماضي فهو بحسب أصل الوضع على حدث**) واتە: فعلی -ماضی- کە یەکەم میسالە ئەو فعلەیە کە دەلالەت بکات بە دانانی یەکەم جار لەسەر ڕوداوێك و کردارێك (**من حيث وجوده في الزمان السابق**) بە شێوەیەکی وا کە ئەم ڕوداوە لە زەمانی ڕابردوو بێ وە کاتەکەی پێش کاتی ئێستاکە بێت، بۆ نمونە {خرج} کە فعلی -ماضی-یە مانای

وایە کە ئەم دەرچوونە پێش زەمانی ئێستاکە بووە. جا کە لەم پێناسەدا فەرمووی دەبێت دەلالەت بکات بە گوێرەی دانانی یەکەم جار ئەوا بە دیار دەکەوێت کە {لم یکتب} هەرچەندە ماناکەشی رابردووە بەڵام بە فعلی -ماضی- داناندرێت، چونکە ماناکەی لە بنەرەتدا رابردوو نەبوو بەڵکو بە هۆی {لم} وای لێهات. وە هەروەها {ان ضربتَ ضربتُ} بە پێچەوانەوە هەرچەندە ماناکەی داهاتووەو رابردوو نییە بەڵام هەر بە -ماضی- دادەندرێت چونکە لە بنەرەتدا ماناکەی رابردوو بووە وە بەهۆی {إن} بۆتە داهاتوو ئێمەش تەنها کار بە گوێرەی دانانی یەکەم دەکەین. جا -ماضی- دوو بەشی هەیە: یان فاعلەکەی باسکراوە یان باس نەکراوە، ئەوەی کە فاعلەکەی باسکراوە پێی دەگوترێت بین فاعیل، وە ئەوەی فاعیلەکەی باس نەکراوە پێی دەگوترێت بینا مەفعول، جا یەکەم جار باسی بینا فاعیلی دەکات دەفەرمووێت (**فالمبني للفاعل منه**) ئەو فعلەی کە دروستکراوە کە پاڵ بدا بە فاعیلی لە فعلی -ماضی- (**ما كان اوله او اول متحرك يعتد به مفتوحا**) بینا فاعیلی -ماضی- ئەو فعلەیە کە حەرفی ئەوەلی مەفتوح بێت وەکو: {نَصَرَ وضَرَبَ...} یان ئەوەلی ئەو حەرفەی مفتوح بێت کە باوەڕپێکراوی حەرەکەدارە وەکو: { انقَطع...} ئێستا لەم جۆرە فعلانە متحرکی یەکەم هەمزەیە بەڵام ئیعتیباری پێناکرێت چونکە ئەگەر کەوتە نێوان دوو شت ئەوە هەمزەکە دەڕوات کە لەمەودوا باسی دەکات، وە حەرفی دووەمیشی ساکنە، کەواتە: تەماشای حەرفی سێیەمی بکە ئەگەر مەفتوح بێت ئەوە بینا فاعیلە وە ئەگەر -مضموم- بێت ئەوە بینا مەفعولە وەکو لەمەودوا باسی دەکات (**مثاله**) واتە میسالەکانی ئەو فعلە -ماضی-ەی کە بینا فاعیلە وە حەرفی یەکەمی مفتوح بێت، جا ئەمەش بزانە هەموو فعلەك چواردە میسالی لێ دروست دەبن سێیان بۆ {مفرد وتثنية وجمعی مذکری غائب} وە سێیان بۆ {مفرد وتثنية وجمعی مؤنثی غائبة} وە سێیان بۆ {مفرد وتثنية وجمعی مذکری مخاطب} وە سێیان بۆ {مفرد وتثنية و جمعی مؤنثی مخاطبة} وە یەکیان بۆ {متکلم وحده} وە یەکیان بۆ {متکلم مع الغیر} وە لەم نەخشەیە بڕوانە کە چواردە میسالن:

| | | |
|---|---|---|
| ١ | نصر | بۆ مفردی مذکری غائب، واتە نێرینەیەکی نادیار |
| ٢ | نصرا | بۆ تثنیەی مؤنثی غائب، واتە دووی نێرینەی نادیار چونکە ئەلف نیشانەی دووانە |
| ٣ | نصروا | بۆ جمعی مذکری غائب، واتە لە دوو زیاتر چونکە واو نیشانەی جەمعە |
| ٤ | نصرَتْ | بۆ مفردی مؤنثی غائب، واتە یەکی مێینەی نادیار چونکە تێی زەنەدار نیشانەیەتی |
| ٥ | نصرتا | بۆ تثنیەی مؤنثی غائبانە، واتە دوو مێینەی نادیار |
| ٦ | نصرْنَ | بۆ جمعی مؤنثی غائبانە، واتە: کۆمەڵە ئافرەتێکی نادیار |
| ٧ | نصرْتَ | بۆ مفردی مذکری مخاتبە، واتە: یەکیٚنێرینەی لە بەرامبەرە چونکە تێی مەفتوح نیشانەیەتی |
| ٨ | نصرتما | بۆ تثنیەی مذکری مخاتبە، واتە دووی نێرینەی بەرامبەر |
| ٩ | نصرتم | بۆ جمعی مذکری مخاتبە، واتە کۆمەڵە نێرینەیەکی بەرامبەر، ئەسڵەکەی {نصرتموا} بوو بەڵام واوەکە حەزف کراوە |
| ١٠ | نصرْتِ | بۆ مفردی مؤنثی مخاتبە، واتە مێینەکی بەرامبەر |
| ١١ | نصرتما | بۆ تثنیەی مؤنثی مخاتبە، واتە دوو مێینەی بەرامبەر |
| ١٢ | نصرتنّ | بۆ جمعی مؤنثی مخاتبانە، واتە کۆمەڵە مێینەکی بەرامبەر |
| ١٣ | نصرتُ | بۆ متکلمی وەحدەیە، واتە تەنیا بێژەرکە خۆی مەبەست بێت |
| ١٤ | نصرنا | بۆ متکلمی مع الغیر، واتە بێژەر خۆییو چەندی دیکەی مەبەست بێت |

جا ئەم چواردە صیغەیە بەم شێوەیە لە هەموو جۆرە فعلێك دروست بكەی مەگەر لەو فعلانە نەبێت کە قبولی گۆڕانکاری ناکەن وەکو {لیس، عسی...} وە بۆ ئیعلال کردنی ئەم چواردە صیغانە بڕوانە شەرحی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مدرس {رحمه الله}. (**وكذا البواقي**) واتە: هەموو فعلانی دیکەش بەم شێوەیەیە جا ثلاثی بن یانرباعیەوە مجرد بی یان مزید بن.

جا یەکێك رەخنە دەگرێت و دەڵێت تۆ گوتت بینا فاعیل دەبێ پیتی یەکەمی مەفتوح بێت، کەچی هەندێك فعل هەنە لە بینا فاعیلدا پیتی یەکەمی مەفتوح نییە وەکو {اجتمع....}، ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**ولا تعتبر اعتراضا عن التعريف**) واتە: ئیعتیبار مەکەو مەیکە رەخنە بۆ پێناسەی بینا فاعیل (**بحركات الألفات في الأوائل**) ئیعتیبار مەکە بە حەرەکەی ئەو هەمزانەی کە لە ئەوەلی هەندێك فعل هەنە، وەکو {اجتمع، انقطع.....} (**غير الإفعال**) تەنها هەمزەی بابی ئیفعال نەبێت، وە ئەو هەمزانەش نەبن کە لە سەرەتای فعلان نینە، لەم دوو شوێنە هەمزە ئیعتیباری پێ دەکرێت، لە غەیری ئەم دوو شوێنە هەمزە هیچ نرخەکی نییەو ئیعتیباری پێناکرێت (**فإنها زائدة للوصل**) ئەو هەمزانەی لە سەرەتای ئەم فعلانە زیاد کراون کە بتوانن ئەم وشانە بخوێننەوە (**تثبت في الإبتداء وتسقط في الدرج**) واتە: ئەم هەمزانە دەمێنن لە کاتی دەست پێکردنی ئەم وشانە بەڵام کە شتێکیان هاتە پێشەوە لە بەین دەچن و ناخوێندرێنەوە، بۆ وێنە {انكسر} ئەم هەمزە یە دەخوێندریتەوە لە کاتێك هیچ شتێك لە پێشی نەبێ، بەڵام کە شتێك هات لە نێوانیان دەڕوات جا لەم کاتە تەماشای پیتی کاف دەکرێت ئەگەر مەفتوح بێت ئەوە بینا فاعیلە، وە ئەگەر –مضموم- بێت ئەوە بینا مەفعولە. جا لێرەدا مامۆستای زانا دەیەوێت هەمزەی وەصل و قەتع لێك جیا بکاتەوە لە هەر سێك بەشەکانی {كلمة} ئیسم و فعل و حەرف، دەفەرمووێت (**واعلم**) بزانە قوتابی ئازیز وە ئاگادار بە ئەمە یاسایەکی گرنگە ئیشت پێی دەبێت (**ان الهمزات الزائدة في أوائل الأفعال**) بزانە: بێگومان ئەو هەمزانەی کە زیادن لە ئەوەلی فعلان (**المكسورة**

**والمضمومة**) جا ئەم هەمزەیە چ مەکسوری وەکو {إضرب وإجتمع} چ —مضمومی وەکو {أُنصر وأُستخرج المال} (**ومصادرها**) وە ئەم هەمزانەی کە زیادن لە ئەوەلی مەصدەری فعلان (**غير الإفعال**) تەنها هەمزەی بابی إفعال نەبیو بە هەموو صیغەکانی وە تەنها هەمزەی فعلەکانی —مضارع- نەبێت (**همزات وصل**) هەموویان هەمزەی وەصلن، بۆ ئەوە هاتوون کە بتوانین بە هۆی ئەوان ئەم حەرفەی کە لە دوای هەمزەیە بخوێنینەوە چونکە ئەگەر ئەم هەمزەیە نەبێت {ابتدا} بە ساکن دەبێت، ئەمەش قەدەغەیە، بە ناچاری ئەم هەمزەیە لەم شوێنانە زیاد دەکرێ، بەڵام هەمزەی بابی إفعال وە فعلی —مضارع- ەکان کە بۆ متکلمی {وحده} زیاد دەکرێ ئەمان وەصل نین بەڵکە هەمزەی قەتعن هەموو کات دەخوێندرێنەوە، وە شتێکی روونە ئەم هەمزانەی لە ئەوەلی نەبن وەکو {سئل وقرأ..} ئەمانەش وەصل نینە، وە هەروەها ئەگەر لە ئەوەلیش بێت بەڵام ئەصلی بێت وەك {أخذ وأكل...} ئەمانەش وەصل نین (**والأسماء همزات قطع**) ئەمە عەتفە بەسەر قەولی مصنف کە فەرمووی {والأفعال} یانی بزانە بێگومان ئەو هەمزانەی کە زیادن لە ئەوەلی ئیسمەکان تەنها مەصدەرەکان نەبێت وە ئەوەمان باس کرد، غەیری ئەوان هەموویان هەمزەی قەتعن وە بە هیچ شێوەیەك لاناچن لە نێوان دوو وشە (**إلاّ في عشرة**) تەنها لە {١٠} دە ئیسم نەبێت لەم دە شووێنە لە ئیسمەکان هەمزەی وەصلن و لادەچن (**وهی ابن**) یەکەم: {ابن} ئەصلەکەی {بَنَوٌ} بووە بە فەتحەی دووەکانی ئەوەلی جا —ضمة- لەسەر واوی گران بوو لامان دا {التقاء الساكنين} روویدا لە نێوان پیتی واو لەگەڵ تەنوین جا واومان لادا بوو بە {بنٍ} پاشان {ب}مان ساکن کرد وە هەمزەی وەصلمان زیاد کرد بۆ —تعويض- و نەمانی ابتدا بە ساکن (**وابنة**) ئیعلالی وەکو {ابن} وایە تەنها —تاء التأنيث- ی بۆ زیاد کراوە (**وابنم**) ئەصلەکەی {ابن} بووە میمی بۆ زیاد کراوە بۆ مبالەغە وەئەگەر بۆ —تعويض- بوایە هەمزە لادەچوو (**واسم**) ئەصلەکەی {سموٌ} بوو، واو لادراو سین ساکن کرا وە هەمزەیان هێنا (**وأست**) ئەصلەکەی {سَتَهٌ} بوو هێ لادرا وە سین ساکن کراو هەمزەیان هێنا

(**واثنان**) ئەصلەکەی {ثنیان} بوو بە فەتحەی دووەکانی ئەوەڵی ئنجا {ی} کە لام الفعلە لادرا، تنجا فاء الفعل ساکن کرا وە هەمزەی بۆ زیاد کرا (**اثنتان**) ئەصلەکەی {اثنان} بوو {تاء التأنیث}ی بۆ زیاد کرا (**وأمرؤ**) هەمزەی ئەوەڵی وەصلە، بەڵام هی کۆتایی ئەصلەو (**وامرءة**) {تاءِ التأنیث} بۆ زیاد کراوە (**وأیمن الله**) ئەمە دەیەکەو کۆتاییە، {أیمن} واتە: بەرەکەت {أیمن الله وأیم الله} واتە: سوێندم بەرەکەتی خوا بێت، جا ئەمەی لێرەدا هەیە بە مانای سوێندە، وە ئەوەیان کە جەمعی {یمین}ە هەمزەکەی وەصل نییە بەڵکە قەتعە (**ففیها للوصل**) هەمزە لەم دە ئیسمانە بۆ وەصلە، وە ئەمەش بە سەماع زاندراوە، بەڵام لە فعلان و مەصدەرەکان قیاسی بوو (**وفي الحروف تکون للوصل مع لام التعریف ومیمه**) ئەمەش عەتفە بەسەر {الأسماء} یانی ئەو هەمزانەی زیادن لە ئەوەڵی حەرفان لە دوو شوێن بۆ وەصلن، لەگەڵ لام و لەگەڵ میم کە هەر دووکیان بۆ تەعریفن وەکو {الغلام} وە {أمصیام} لێرەدا هەردوو هەمزەکان بۆ وەصلن، وە لە غەیری ئەم دوو شوێنە لە هیچ شوێنەکی دیکەی حەرفان هەمزە بۆ وەصل نییە وەکو {إنَّ وأنَّ....} (**ولا تکون مفتوحة إلاّ معهما وفي أیمن الله**) هەمزەی وەصل مفتوح نییە مەگەر لە سێ شوێن، یەکەم: لەگەڵ لامی تەعریف دووەم: لەگەڵ میمی تەعریف، سێیەم: لەگەڵ {أیمن الله}، لە غەیری ئەم سێ شوێنانە یان مەکسور یان —مضموم- دەبێت. جا لەبەر ئەوەی لەو کاتەی هەمزەی وەصل لەگەڵ هەمزەی ئیستیفهام کۆ دەبێتەوە حوکمی تایبەتی هەیە، بۆ روونکردنەوەی ئەوە مصنف فەرمووی (**وتقلب ألفا مع همزة الإستفهام**) هەمزەی وەصلی مەفتوحە قەلب دەکرێت بە ئەلف لەو کاتەی کۆدەبێتەوە لەگەڵ هەمزەی ئیستیفهام، چونکە بە پێی یاسای هەمزەی وەصل دەبوایە لابچێت لەو کاتەی دەکەوێتە نێوان دوو وشە، بەڵام لێرەدا هەرچەندە لە نێوان دوو وشەدایە بەڵام ناکرێ بڕوا، خۆ ئەگەر لاشی نەبەیت ئەوە گرانی وشە دروست دەبێت بە هۆی کۆبوونەوەی دوو هەمزە لە سەرەتای وشەوە. جا ئەگەر یەکێك رەخنە بگرێت و بڵێت بۆ نابێ لابرێت، لە وەڵامدا دەگوترێت: ئەو کەلامەی کە هەمزەی ئیستیفهامی

لە ئەوەلیە کەلامێکی ئینشائیە وە ئەو کەلامەی بە بێ هەمزەی ئیستیفهامە کەلامێکی خەبەریە، وە ئەگەر یەکێك لەم دوو هەمزانە لابرێت نازانرێت کامە لادراوە لە کاتێکدا هەردووکیان مەفتوحن، وە هەروەها نازاندرێت داخۆ کەلامەکە ئینشائیە یان خەبەریە، بە ناچاری بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیباسە روو نەدات هەمزەی وەصل قەلب دەکرێت بە ئەلف، جا هیچ گرانی نامینیو تێکەلاویش لە نێوان کەلامی خەبەریو ئینشائی نابێت. (**كما في آلحسن عندك**) پێشان {أَلحسن عندك} بوو بەیەك هەمزە کە هەمزەی وەصلە، وە ئەم کەلامە خەبەریە، پاشان هەمزەی ئیستیفهام هات بوو بە {أَألحسن عندك} بێگومان کەلامەکە بوو بە ئینشائی، جا ئەگەر هەردوو هەمزەکە بمینن ئەوە گرانە، وە ئەگەر یەکیان لابرێت نازانرێت داخۆ کامەیە چونکە هەردووکیان مەفتوحن، وە کەلامی ئینشائی ئیلتیباسی بە کەلامی خەبەری دەبێت، بە ناچاری هەمزەی وەصل دەکەین بە ئەلف بوو بە {آلحسن عندك} نەگرانیو نە ئیلتیباسیش دەمینی (**وفي آيمن الله**) پێشان تەنها یەك هەمزە بوو بەلام کە هەمزەی ئیستیفهام هات بوون بە دوو هەمزەو بووە {أَأيمن الله} هەر وەکو ئەوەی پێشەوە قەلبی هەمزەی وەصل کرا بە ئەلف بوو بە {آيمن الله}. ئەوەی گوتمان باسی هەمزەی ئەوەلی مەفتوح بوو، ئنجا دێتە سەر باسی هەمزەی وەصلە مەکسورو ـمضموم- بۆیە فەرمووی (**وتحذف المكسورة والمضمومة معها إذ لا لبس فيهما**) حەزفی هەمزەی وەصلی مەکسورە وـمضمومة- دەکرێت لەو کاتەی لەگەڵ هەمزەی ئیستیفهام کۆدەبنەوە، چونکە هەمزەی وەصل هەموو کات مفتوحە ئەوانەش یان مەکسور یان ـمضموم-ە، ئەگەر حەزفیش بکرێت هیچ ئیلنیباسی کەلامی خەبەریو ئینشائی بەیەك نابێت، بۆ نمونە {أَإجتمع القوم} ئێستا هەمزەی یەکەم ئیستیفهامەو مەفتوحە، وە هەمزەی دووەم هەمزەی وەصلە مەکسورە، هەر کامیان لابرێت کەلامەکە دەزاندرێت داخۆ خەبەرە یان ئینشائە، یانی ئەگەر هەمزەك بە مەکسوری دەرکەوت دەزانین هەمزەکە وەصلەو کەلامەکە خەبەریە، وە ئەگەر هەمزە مەفتوحەکە دەرکەوت کە هەمزەی ئیستیفهامە دەزانین کەلامەکە

ئینشائیه. نمونەی دووەم وەکو {أأُستخرج المال} لێرەدا ئەوە مەجهولی —ماضی- بابی ئیستیفعاله، وە روونە کە هەمزەکەی خۆی —مضموم-ە وە هەمزەی یەکەمیش استفهامە لێك جودانە هەر کاتەك وەصلەکەش لابرێت دەزاندرێت و هیچ التباس نابێت.

**تێبینی :**

کەلامە خەبەری واتە ئەوە کەلامەی کە تۆ بۆ هۆیکەلامە خەبەری مخاتەبە و بەرامبەرت دەدەی کە رستەکە لە رابردوو بووە یان لە داهاتوو دەبێت وەکو {کتب} واتە لە رابردوو نوسی، وە وەکو {یکتب} واتە لە داهاتوو دەنوسێت، وە کەلامی خەبەری بەم شێوەیە نییە، بەڵکو دوعایە یان پرسیارە یان فرمان پێکردنە یان نەهی لێ کردنە یان خۆزگە بردنە..... وەك بخوێنە. لە کاتێك باسی بینا فاعیلی —ماضی- تەواو بوو هاتە سەر باسی بینا مەفعولی —ماضی-، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێناسەی بینا مەفعولی —ماضی-و —مضارع-ی دەکات بەگوێرەی مانا، جا دەفەرموویێت (**والمبنی للمفعول منه**) واتە: فعلی بینا مەفعول لە فعلی —ماضی- (**وهو مطلقا**) بینا مەفعول بە تێکرِایی چ —ماضی- بێت چ —مضارع- (**بحسب المعنی**) بە گوێرەی پێناسەی کە پەیوەندی بە مەعناوە هەبێت نەك بە لەفزەوە، چونکە ئەگەر لەم پێناسەیەش یەکسان بن بەڵام لە پێناسەی لەفزی لێك جیان وەکو بۆت دەردەکەوێت لە پێناسەکەیان، (**الفعل الذی لم یسم فاعله**) واتە: فعلی بینا مەفعول بە موتلەقی: ئەو فعلەیە کە ناوی فاعیلەکەی نەبرا بێت، جا فاعیلەکەی نەگوتراوە یان لەبەر ئەوەیە کە فاعیلەکەی نەزاندراوە {نەناسراوە} وەکو: {قُتِلَ زید}، یان لەبەر گەورەیی فاعیلە وەکوَ: {ضُرِبَ جندیّ} لە کاتێك سەرۆك کۆماری لێی داوە، یان لەبەر بچوکیو کەمایەتی فاعیلەکەیە وەکو: {ضُرِبَ الرئیس} کە سەرباز لێی داوە بە شەق، یان زۆر مەشهورەو دیارە پێویست بە ناو هێنان ناکات وەکو: {خُلِقَ الإنسانُ}، لەم شوێنانە باش وایە ناوی فاعیلەکە نە\گوترێت، جا ئەم پێناسەیە بۆ بینا مەفعولە بە گوێرەی مانا بۆ —ماضی-و —مضارع-ە، بەڵام

پێناسەی هەردووکیان بە پێی لەفزی لێك جیاوازن، جا دەیەوێت لێرەدا پێناسەی بینا مەفعولی –ماضی- بکات بە پێی لەفز بۆیە دەفەرموویێت (**ماكان أوله مضموما كفُعِلَ**) بینا مەفعول لە –ماضی- بە پێی پێناسەی لەفزی ئەوەیە: کە حەرفی ئەوەلی –مضموم- بێت وەکو {فُعِلَ وضُرِبَ وقُتِلَ......} ئەوە میسالی ئەو فعلانەیە کە هیچ هەمزەی وەصلیان لە ئەوەلی نەبێت (**أو كان اول متحرك يعتد به مضموما كأفتُعِلَ**) یان ئەوەیە کە ئەوەل حەرف کە ئیعتیباری هەبیو باوەڕی پێبکرێت –مضموم- بێت وەکو {افتُعِلَ واجتُمِعَ.....} بەڵێ کوتمان هەمزە هیچ حسابی بۆ ناکرێت وە حەرفی دووەمیش ساکنە جا تەماشای حەرفی سێیەم بکە ئەگەر مەفتوح بێت بینا فاعیلە وە ئەگەر –مضموم- بێت ئەوە بینا مەفعولە.

یەکێك دەڵێت: بۆچی لێرەدا هەمزە –مضموم- دەبێت، کەچی گوتمان هیچ نرخی نییە؟ لە وەڵامدا دەفەرموویێت (**وهمزة الوصل تتبع هذا المضموم في الضم**) یانی هەمزەی وەصل شوێنی ئەم حەرفە سێیەمە دەکەوێت لە کاتی کە –مضموم- دەبێت، ئەگینا ئەم هەمزەیە لە بینا فاعیلی ئەم فعلانە مەکسورە جا کە –مضموم- کراوە لەبەر ئەوەیە نەبادا لێیەوە لازم بێت ئینتیقال و گواستنەوە لە کەسرەی هەمزە بۆ –ضمة-ی ئەم حەرفی سێیەمە، وە ئەگەر بڵێت: ئەی هەمزەکە ساکینەکەی لە دواوە نییە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: ئەم ساکینەی کە لە نێوانیان هەیە بێ هێزە (**وما قبل آخره يكون مكسورا أبدا**) واتە: بینا مەفعولی –ماضی- ئەوەڵەکەی بەم شێوەیە بوو کە گووتمان، وە حەرفی پێش کۆتاییش بەردەوام مەکسور دەبێت (**نحو ضُرِبَ زيدٌ**) ئەم {ضُرِبَ} بینا مەفعولی –ماضی-یە ئەوەلی –مضموم-ە وە حەرفی پێش کۆتایی کە {ر} مەکسورە، وە فاعیلەکەشی دیار نییە (**وأستُخرِجَ المالُ**) ئەمەش میسالی ئەوەیە کە هەمزەی وەصلی لە ئەوەلییەوە هەیە وە حەرفی سێیەمی متمانەی پێنا کرێت ئەصلەکەی {إستخرج السارق المال} پاشان فاعیل لادرا مەفعول کە {المال}ە چووە شوێنیو مەرفوع بوو، صیغەی فعلەکەشی کرا بە بینا مەفعول کە ئەوەل متحرکی متمانە پێکراو کە {ت}یە –مضموم- کراو حەرفی

پێش ئاخیریش مەکسور کرا، میسالی یەکەم ثلاثی مجردە وە میسالی دووەم ثلاثی مزیدە. یەکێك رەخنە دەگرێت و دەڵێت: تۆ گوتت بینا مەفعولی —ماضی- حەرفی پێش کۆتایی بەردەوام مەکسورە، کەچی ئێستا {فُزْدَ} بینا مەفعولی —ماضی-ە وە حەرفی پێش ئاخیری مکسور نییە بەڵکو ساکینە؟ ئەویش وەڵام دەدەداتەوەو دەفەرمووێت (**وجاء فُزْدَ له بضم فسكون**) بەڵێ هاتووە {فزد} بە —ضمة-ی ئەوەڵیو سکونی حەرفی پێش کۆتایی کە {ز}ە بەڵام ئەوە لە ئەصلدا وا نەبووە (**والأصل فُصِدَ له فقلب وسكن**) ئەصلەکەی {فصد} بووە بە گوێرەی یاسا پاشان قەلبی صادەکەی کراوە بە {ز} وە ساکین کراوە وە لە یاسا دەرچووە قاعیدەی پێ لەکەدار ناکرێت (**وحكى قطرب ضِرْبَ**) مامۆستا قترب {رحمه الله} گێڕاویەتییەوە کە {ضِرْبَ} هاتووە کە بینا مەفعولی —ماضی-ە (**بكسر فسكون**) بە کەسرەی ئەوەڵیو بە سکونی دووەمی، کەواتە: {فزد لە} تەنها یەك موخالەفەی هەبوو بەڵام ئەمەیان دوو موخالەفەی هەیە (**وقرئ رِدَّتْ الينا بكسر الراء**) لە قورئان خوێندراوەتەوە {رِدَّت} بە کەسرەی {ر} وە قاعیدە وایە بە —ضمة-ی {ر} بووایە کە لە پێش ئیعلال کردن {رُدِدَ} بووە (**وهي شاذة**) ئەم سێ وشەیە کە {فزد وضِرب ورِدت} هەرسێکیان شازن یاسایان پێ هەڵناوەشێتەوە چونکە قاعیدە لەسەر غالیبە، وە ئەگەر یەکێك بڵێت: چۆن شاز لە قورئانی پیرۆز هاتووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە {أبى يأبى} باسکراوە.

## باسی فعلی مضارع

مصنف رزگاری بوو لە باسی فعلی —ماضی- بە هەردوو بەشەوە، جا دێتە سەر باسی فعلی —مضارع-ی بەهەردووك بەشیەوە کە ئەویش میسالێکە لەو میسالانەی لە مەصدەری مجرد دروست دەکرێت، بەڵام بە واستەی فعلی —ماضی- جا دەفەرمووێت (**واما المضارع فهو ماكان في اوله احدى الزوائد الأربع**) واتە: فعلی —مضارع- ئەو فعلەیە کە لە ئەوەڵییەوە زیاد کرابێت یەکێك لەم چوار حەرفانە

**(وهي الهمزة والنون والتاء والياء)** حروفە زیادەکان بریتین لەم چوار حەرفانە {أ، ن، ت، ي} **(تجمعها أنيت او أتين او نأتي)** ئەم چوار حەرفەی کۆکردۆتەوە یەکێك لەم سێ وشانە {أنيت....} بڕوانە هەرسێکیان کە ئەم چوار حەرفە لە هەموویان هەیە **(وقيل المضارع بزيادة حرف المضارعة على الماضي)** واتە: گووتراوە ئەمەش {ابن حاجب} ە خوای لێ ڕازی بێت فەرموویەتی: -مضارع- لە کاتێك دەبێتە –مضارع- کە یەکێك لەم چوار حەرفەی لە سەر-ماضي-ەکەی زیاد بکرێت **(فلا يرد نحو أكرم وتكلم)** جا بە پێی پێناسەی ئیبن حاجب نابێتە ڕەخنە {أكرم وتكلم} وە هاوبیناکانیان کە هەر یەکی لەم دووانە یەك لە چوار حەرفە زیادەکانیان لە ئەوەلیەوە هەیە کەچی –مضارع-یش نینە چونکە ئەم زیادە لەسەر –ماضي- زیاد نەکراوە، بەڵکو نیشانەی –ماضي- ئەم بابەیە، وە بەڵگەش ئەوەیە کە ئەم دوو حەرفە مانای –مضارع-یەتی ناگەیەنن کە هەمزە بۆ متکلمی وەحدە هاتووە، وە {ت} بۆ مخاتەب هاتووە، بەڵام بە گوێرەی پێناسەی یەکەم ئەوانە دەبنە جێی ڕەخنە چونکە هەریەك لەوانە حەرفەکی لەم چوار حەرفانە لە ئەوەلییەوە هەیە وە زیادیشە وە –مضارع-یش نین. جا لێرەوە مصنف دەیەوێت ئەم چوار حەرفە دابەش بکات و دەفەرموێت **(فالهمزة للمتكلم وحده)** هەمزە کراوە بە نیشانە بۆ متکلمی وەحدە، یانی هەر فعلە –مضارع-ەك هەمزەی لە ئەوەلییەوە بوو ئەوە بۆ ئەو کەسە دەبێت کە خۆی قسە دەکات –فعلەکە دەکات- وەکو بڵێت {أذهبُ} واتە من دەڕۆم {أكتبُ} واتە من دەنوسم **(والنون له مع غيره)** نون نیشانەیە بۆ متکلمی مع الغير، یانی ئەو کەسەی کە هەندێکی دیکەی لەگەڵدانە، واتە: ئەو کەسەی قسە دەکات خۆیو چەند کەسێکی دیکەن وەکو: {نذهب ونكتب} یانی ئێمە دەڕۆین و ە ئێمە دەنوسین **(وقد يستعمل للواحد مجازا)** هەندێك جار نون بۆ یەك کەس بەکار دێت، بەڵام مەجازە لە مانای ئەصلی خۆی لادەدات کە مانای ئەوەیە کە پێویستە لە یەك زیاتر بێت ئەمە لە قورئانی پیرۆز زۆرە وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ وَلا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلا

خَسَاراً﴾ (الاسراء:٨٢) **(والتاء للمخاطب)** وە هەروەها {ت} داندراوە بۆ موخاتەب، واتە: ئەو کەسەی کە تۆ قسەی لەگەڵ دەکەی **(مفردا أو مثنى أو مجموعا مذكرا أو مؤنثا)** جا ئەم موخاتەبە موفرەد واتە یەك کەس بێت، یان دووان –تثنية- واتە دوو کەس بن، یان جەمع واتە زۆر بن، -مذكر- بێت واتە نێرینە، یان –مؤنث- بێت واتە مێینە {ت} بۆ ئەم هەموو میسالانە بەکار دێت وەکو {تذهب، تذهبان، تذهبون، تذهبين، تذهبان، تذهبن}، **(وللغائبة المفرد أو المثناة)** واتە: {ت} بۆ غائیبەی –مؤنث-یش دەبێت لەگەڵ تەسنیەکەی، جا {تذهب، تذهبان} چۆن بۆ موخاتەبی مذكر دەبن وە هەروەها بۆ غائیبی –مؤنث- یش دەبن، جا بە قەرینە لێك جودا دەکرێنەوە **(والياء للغائب المذكر مطلقا)** واتە: {ى} بۆ غائیبی مذکران دەبێت، یانی: {ى} نیشانەیە بۆ –مذكر-ی غائیب بە موتلەقی جا چ موفرەد بێت یان دووان بن یان جەمع بێت وەکو {يذهب، يذهبان، يذهبون} **(ولجمع المؤنث الغائبة)** {ى} نیشانەیە بۆ جەمعی –مؤنث- غائیبە وەکو {الهندات يذهبن} وە لە پێشان باسکرا کە ئەوانی دیکە واتە: مؤنثەکان هەموویان بە {ت} بوون تەنها ئەم جەمعە نەبێت **(ووجه زيادتها واختصاص كل بما اختص به في الشرح)** واتە: هۆی زیاد کردنی ئەم چوار حەرفانە لە نێو هەموو حروفەکانی زیادکران کە {١٠} دە پیتن و بریتین لە پیتەکانی {سألتمونيها}، وە هۆی تایبەتکردنی هەر یەکێك لەم چوار پیتانە بەم صیغەی کە پێیەوە تایبەتکراوە ئەوە لە شەرحی تەصریفی زەنجانی کە مەشهورە بە {سعديني} بدۆزەوە لەوێ باسکراوە کە بۆچی ئەم چوار حەرفە هەڵبژێردراون، وە بۆچی ئەم حەرفە بۆ ئەم جۆرە کەسانە تایبەت کراوە.

**تێبینی :**

ئەگەر بپرسیت بۆچی ناوی خوا هەر بە غائیبی –مذكر- بە کاردێت؟ ئەوە لە وەڵامدا دەگوترێت: چونکە {الله} عەلەمە وە هەموو عەلەمێك بە غائیب حسابە،

وە صیغەی –مذکر-یش گەورەترە لە صیغەی –مؤنث- بۆیە بە –مذکر- هاتووە {اللە یحکم}.

(**وهذا یصلح للحال والإستقبال**) فعلی –مضارع- دەگونجێت بۆ حال و بۆ ئیستیقبال واتە: بۆ زەمانی ئێستاو وە بۆ زەمانی داهاتوو دەگونجێت، ئەوە لە کاتێکدا بۆ هەردووکیان دەگونجێت کە هیچ نیشانەی پێیەوە نەبێت (**تقول یفعل وترید غدا**) تۆ دەڵێی {فلان یفعل} واتە: فلان کەس ئێستاکە ئەو کارە دەکات، ئەمە فعلی –مضارع-ەو مەبەستت لێی کاتی ئێستایە وەکو {ألآن} (**ویسمی حالا وحاضرا**) ئەم جۆرە فعلە کە مەبەستت لێی زەمانی ئێستاکەیە ناو دەبرێت بە –حال- و-حازر- جا ئایا ئەم دوو وشەیە مانایان لێك جیاوازە یان نا ئەوە دوایی باسی لێوە دەکەین (**ویفعل وترید غدا**) ئەم جارەیان دەتوانی بڵێی {یفعل} وە مەبەستت لێی زەمانی داهاتوو بێت.

پوختەی ئەو باسە ئەوەیە کە ئەم فعلە موشتەرەکە لە نێوان کاتی ئێستاو کاتی داهاتوو، بە مەرجێك هیچ نیشانەی پێیەوە نەبێت کە تایبەتی بکات بە زەمانی ئێستا یان زەمانی داهاتوو (**ویسمی مستقبَلاً بفتح الباء**) ئەو جۆرە فعلە –مضارع-ە کە لە بۆ زەمانی داهاتووی بەکار دەینی پێی دەگوترێت {مستقبَل} بە فەتحەی {ب} لە وشەی {مستقبل} (**والقیاس الکسر**) بەڵام قاعیدەو یاسا وا دەخوازیت {ب} ێیەکەی مەکسور بکرێت، چونکە زەمان روو لە ئێمە دەکات و بە پیر ئێمەوە دێت نەوەك ئێمە بەرەو رووی زەمانەوە بچین و بەرەو پیریەوە برۆین، کەواتە: زەمان {مُسْتَقْبِل}ەو بەرەوپیری ئێمەوە دێت، وە ئێمە {مُسْتَقَل}ین واتە: بە پیرمانەوە دێت، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە زەمان بەرەو رووی ئێمەوە دێت، ئەها نەتبینیوە رۆژ دەڕواو شەو دێت (**فإذا أدخلت علیە السین أو سوف أو مخففاتها**) واتە: هەر کاتی بچێتە سەر فعلی –مضارع-ی سین یا {سوف} یان یەکێك لە کورتکراوەکانی {سوف} کە کورتکراوەکانی بریتین لە {سو، سی، سف} (**اختص بالزمان المستقبل**) واتە: کە یەکێك لەوانەی باسمان کرد چووە سەری

ئەوە تایبەت دەبێت بە زەمانی داهاتوو وەکو {سیذهب, وسوف یذهب، وسي یذهب، وسو یذهب، وسف یذهب} واتە لە داهاتوو دەڕوات (**أو لام الإبتداء اختص بالحال**) هەرکاتی لامی إبتدا بخرێتە سەر فعلی -مضارع- ئەوا تایبەت دەبێت بە زەمانی حال، واتە: ئێستا وەکو {لیذهبُ زید} یانی ئێستا بڕوات، بەلاّم ئەمە بۆچوونی کوفیەکانە وەکو ئێستا بۆت روون دەبێتەوە. لێرەدا رەخنەگرێك لەوانەیە بلێت: مادام {ل} نیشانەی حال بێت، چۆن لەگەڵ {سوف} کۆدەبێتەوە کە نیشانەیە بۆ داهاتوو؟ مامۆستا لە وەلاّمدا دەفەرموویت: (**وفي** ﴿ **وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ** ﴾ **لمجرد التأكيد**) واتە: لام لەم ئایەتە پیرۆزە کە لەگەڵ سوف کۆبووەتەوە تەنها بۆ تەئکید کردنەوەی مانای فعلەکەیە، وە هیچ مانای زەمانی حال نادات، چونکە ئێمە دەڵێین: لە کاتێکدا لام بۆ زەمانی حالە کە ئەم -مضارع-ە بگونجێت بۆ هەردووکیان وە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ناگونجێت چونکە {سوف} هیچ مانای دیکەی نییە (**وعند البصريين اللام للتأكيد فقط مطلقا**) ئەوەی کە باسکراو گوتمان لام لە بۆ حالە ئەمە بۆچوونی کوفیەکانە، بەلاّم زانایانی بەصرە دەڵێن: لام هەموو کات بۆ تەئکیدەو هیچ کات مانای زەمانی ئێستا نادات، واتە: لەگەڵ سین و سوف بێت یان نا هەر بۆ تەئکیدەو هیچ زەمانی ئێستا نادات. جا بزانە فعلی -مضارع-یش وەکو فعلی -ماضی- بینا فاعیل و بینا مەفعولی هەیە، لەبەر ئەمە مصنف دەفەرموویت (**فالمبني للفاعل منه**) بینا فاعیل لە فعلی -مضارع- یانی ئەو فعلە -مضارع-ەی کە دروستکراوە بۆ ئەوە کە پاڵ بدات بۆ لای فاعیلی (**ما كان حرف المضارعة منه مفتوحا**) ئەو فعلەیە کە پیتی -مضارع-ەتی کە حروفەکانی -أنیت- بوون مەفتوح بێت وەکو {یَکتب ویَقرأ....} وە وەکو {تَأکل وتَشرب...} (**إلاّ ما كان ماضيه غلى أربعة أحرف**) مەگەر لەو فعلە -مضارع-ەی کە -ماضی-یەکەی لەسەر چوار حەرفانە، جا ئەم چوارە ئەصل بن وەکو {دحرج} یان یێك زیاد کرابێت وەکو {أکرم وفرّح وقاتل} (**فإنه منه مضموم أبدا**) حەرفی -مضارع-ی لەم جۆرانە -مضموم- دەبێت، هەر چەندە بینا فاعیلیش بێت، ئەمەش ئەو چوار

بابەن (**نحو: يُدحرِج، ويُكْرِم، ويُفرِّحُ، ويُقاتِلُ**) حەرفی —مضارع-ی لەم چوار بابە —مضموم- دەبێت، کە یەکیان رباعی مجردە وە ئەوانی دیکە ثلاثی مزیدن بە حەرفەکی. جا بۆ جیا بوونەوەیانت لە بینا مەفعولی لە مەو دوا باس دەکات.

یەکێك پرسیار دەکات: بۆ لەم چوار بابانە حەرفی —مضارع-ەتی —مضموم- دەبێت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموێت (**للإلتباس في يُكْرِمُ**) چونکە ئەگەر مەفتوحی بکەین ئەوا ئیلتیباسی دەبێت ئەم {يكرِمُ}ە کە ثلاثی مزیدە بە —مضارع-ی مجرد کە {يَضْرِبُ ويَحْسِبُ} جا لەبەر نەهێشتنی التباس —مضموم- کرا، ئەگەر چی گرانیش دەبێت، ئەمە لە {يُكرِمُ} بەم شێوەیەیە (**وحمل البواقي عليه**) وە سێ بابەکانی دیکەش حەمل کرانەوە سەر {يُكرِم} واتە: حەرفی —مضارع-ەتی لەوان —مضموم- کرا ئەگەرچی التباسیش نابێت، چونکە لەگەڵ یکرم لە —ماضی- وەکو یەك وانە با لە —مضارع-یش وەکو یەك وابن. جا ئەگەر یەکێك بڵێت: باش وایە کەم حەمل بکرێتە سەر زۆری ئەی بۆ لێرە زۆر کە سێ بابەکانن حەمل کرانە سەر کەمی کە یکرم؟ ئێمەش دەڵێین: لە کاتێك وایە کە هیچ بەر بەستێك مانیع نەبێت، بەڵام لێرەدا بەر بەست هەیە کە التباسە. یەکێك دەڵێت: بۆ مەکسور نەکرا خۆ کەسرە سووك ترە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**ولم يكسر لأن بعضهم يكسرون حرف المضارعة فيما ماضيه مكسور العين او في أوله همزة مكسورة**) واتە: حەرفی —مضارعة- مکسور نەکرا لەوانە ئەگەرچی کەسرە سووکترە، لەبەر ئەوەی کە هەندێك لە صەرفیەکان هەنە کە حەرفی —مضارع-ەتی مەکسور دەکەن لە دوو شوێن: یەکەم: هەر فعلە —مضارع-ەك —ماضي-ەکەی مەکسور العین بێت وەکو {عَلِمَ} جا لە —مضارع-ەکەی دەڵێن {يِعْلَمُ} بە کەسرەی {ياء}. دووەم: هەر فعلە —مضارع*-ەك لە سەرەتای —ماضی-ەکەی هەمزەکی مەکسور هەبێت وەکو {إجتمع.....} جا لە —مضارع-ەکەی دەڵێن {يِجْتَمِعُ} بە کەسرەی {ی} (**دلالة على كسرهما**) مەکسور کردنی حەرفی —مضارع-ەتی لەم دوو شوێنە، بۆ ئەوەیە ببێتە نیشانە کە لە —ماضی-یدا عین یان هەمزە مەکسورە

**(فلو كسر فيهما لألتبس)** ئەگەر حەرفی —مضارع-ی لەوانە مەكسور بكرێت ئیلتیباس روو دەدات. بۆ وێنە: ئەگەر بڵێین: {یِكرِم} بە كەسرەی {ی} یەكسان دەبێت لەگەڵ {یِحْسِب} كەچی ئەمە ثلاثی مجردە وە {یِكرم} مزیدە **(ولتوهم انه ايضا لذالك الدلالة)**وە ئەمەش بەڵگەیەكی دیكەیە، واتە: گومان وا دەچێت كە كەسرەی ئەم چوار بابەش بۆ ئەوەیە كە كەسرە هەیە لە —ماضی-یەكەیان، بۆیە حەرفی —مضارع-یان مەكسور كراوە **(وليس في ماضيها كسرة)** وە حاڵ وایە كە هیچ كەسرە لە —ماضی-ەكەی ئەم چوار بابە نییە، نە عین الفعل مەكسورە وە نەهەمزەی مەكسوریشیان لە ئەوەڵی هەیە، كەواتە: نابێت حەرفی -مضارع-ی لەم چوارە مەكسور ببێت.

لەو باسەوە رەخنە گیراوە بەوەی كە گوتراوە: فعل هەیە —ماضی-یەكەی چوار حەرفی‌یە لەگەڵ ئەوەشدا حەرفی —مضارع-ی تێدا —مضموم- نەكراوە وەكو {خصّم} وە هی واش هەیە كە —مضارع-ی پێنج حەرفەو حەرفی —مضارع-یشی —مضموم- كراوە وەكو {استطاع} كە بابی {إفعال}و سین زیاد كراوە؟ جا لە وەڵامدا دەفەرمووێت **(ولما كان الزائد الثاني في** أسطاع **وأهراق خلاف قياس)** لە كاتێك كە زائیدی دووەم لەم دوو فعلە كە {أسطاع}و {أهراق}ەن، واتە: سین و هێ كە هەردووك زیادكراون بە پێچەوانەی یاسا، چونكە نیشانەی بابی {إفعال} بەس هەمزەیە **(وحذف همزة خصّم بمقتضى الإعلال)** وە لادانی هەمزەی {خصّم}ەی بە گوێرەی پێویستی ئیعلال بوو **(كانا رباعيين والأخير خماسيا)** ئەمە جوابی {لَمَّا}یە، واتە: دووەكانی ئەوەڵی كە {أسطاع وأهراق}ەن بە چوار پیتی دەژمێردرێن، نەك بە پێنج حەرفی، كەوایە: مافی —مضموم- بوونیان هەیە لە —مضارع-دا، بەڵام ئەوەی ئاخیری كە {خصّم}ەیە ئەصلەكەی {اختصم} بووە ئەوە بە پێنج حەرفی حسێبەو مافی —مضموم- بوونی نییە، چونكە ئێمە گوتمان تەنها لەو فعلانە حەرفی —مضارع-ەت —مضموم- دەبێت كە —ماضی-ەكەیان لەسەر چوار حەرف بێت، ئەوەش چوار پیت نییە، بەڵام دوانی پێشوو بە چوار حەرفی حسابن

(**تقديرا**) واتە: کە {أسطاع وأهراق} بە چوار حەرفی دەژمێرین و وە {خصم}دش بە پێنج حەرفی دەژمێرین، ئەوەش بە {فرض} تەقدیرە، لە رووی لەفزەوە نییە چونکە {لفظا} {خصم} چوارەو ئەوانی دیکە پێنج حەرفین، بەڵام کە حساب بۆ سین و هێ نەکرێ ئەوان دەبنە چواری، وە ـمضموم- دەکرێن، وە حساب بۆ هەمزەی {خصّم}ە بکرێت دەبێتە پێنجی ـمضموم- ناکرێت.

جا بۆ جودا بوونەوەی بینا فاعیلی ئەو چوار بابانە لە بینا مەفعولیان دەفەرمووێت (**وعلامة بناء هذة الأربعة للفاعل**) نیشانەی ئەوە کە ئەم چوارە بینا فاعیلن وە بینا مەفعول نینە ئەوەیە (**كون الحرف الذى قبل آخره مكسورا ابدا**) کە حەرفی پێش حەرفی ئاخیری بەردەوام مەکسورە، یانی لە هەموو شوێن جیاوازی لە نێوان بینا فاعیل و بینا مەفعول حەرفی یەکەمە، تەنها لەم چوار بابە وانییە، بەڵکو حەرفی پێش حەرفی کۆتاییە، جا ئەگەر مەکسور بێت ئەوانە بینا فاعیلن، ئەگینا بینا مەفعولن وەکو {يُكْرِمَ ويُكْرَمُ} جا لێرەوە دێتە سەر ئەو میسالەکانەی کە حەرفی ـمضارع-یان مەفتوح دەبێت (**يَنْصُرُ**) ئەمە بۆ {مفردی مذکری غائیبة} وە {ى} مەفتوحە (**يَنْصُران**) ئەمە بۆ ـتثنية-ەکەیانە (**يَنْصُرون**) بۆ جەمعیانە (**تَنْصُرُ تَنْصُران يَنْصُرْنَ**) ئەمەش مفردەو ـتثنية-و جەمع بۆ ـمؤنث-ی غائیبانە وە {ت} لە دوانی ئەوەڵی مەفتوحە، وە {ى} لەوەی ئاخیریان (**تَنْصُرً تَنْصُران تَنْصُرون**) ئەمەش بۆ موزەکەری موخاتەب بە هەر سێ میسالەکانی (**تَنْصُرين تَنْصُران تَنْصُرْنَ**) ئەمانەش بۆ ـمؤنث-ی موخاتەبە لە هەر سێ میسالەکانی (**أَنْصُرُ نَنْصُرُ**) ئەمانەش بۆ یەکەمیان بۆ متکلمی وەحدەو دووەمیان بۆ متکلمی مع الغیر، لە هەر هەمووان حەرفی ـمضارع-ی مەفتوحە چونکە بینا فاعیلن (**وقس عليه البواقى**) تۆ قیاسیان بکە بۆ سەر {يَنصُرُ}ی بۆ دروست کردنی بینا فاعیلی ـمضارع-ی هەموو فعلەکانی دیکە، ثلاثی وەرباعی وە مزیدو مجرد بەم شێوەیە دەبێت، وە لە هەموویان حەرفی ـمضارع-ە مەفتوحە تەنها لە چوار شوێنەکان ـمضموم-ی بکە، وە بۆ اعلالەکانیش

بڕوانە شەرحی مامۆستا مەلا عبد الكريم مدرس -خوای لێ ڕازی بێت-. جا هاتە سەر باسی بینا مەفعولی -مضارع-ی دەفەرمووێت (**والمبني للمفعول منه ما كان حرف المضارعة منه مضموما ابدا**) فعلی بینا مەفعول لە -مضارع-ی ئەو فعلەیە کە حەرفی -مضارع-ی لەویدا -مضموم- بێت (**وما قبل آخره مفتوحا ابدا**) وە حەرفی پێش کۆتاییش مەفتوح دەبێت بە بەردەوامی لە بینا مەفعولی -مضارع-دا جا ئەم فعلە لە هەر بابێك بێت -ثلاثي- بێت یان رباعی مجرد بێت یان مزید (**نحو يُنْصَرُ يُنْصَران يُنْصَرون...ألخ**) ئەمانە فعلی بینا مەفعولی -مضارع-ن، مفردو -تثنية-و جەمع بۆ -مذكر-ی غائیب، وە لە هەمووان حەرفی -مضارع-ی -مضموم-ە، وە حەرفی پێش ئاخیریش مەفتوحە، دەبا زنجیرەی میسالەکان تەواو بکەین {تُنْصَرُ تُنْصَران يُنْصَرْنَ} ئەمانەش بۆ -مؤنث-ی غائیبانە {تُنْصَرُ تُنْصَران تُنْصَرون} ئەمانەش بۆ -مذكر-ی موخاتەبە {تُنْصَرين تُنْصَران تُنْصَرْنَ} ئەمانەش بۆ -مؤنث-ی موخاتەبە {أُنْصَرُ نُنْصَرُ} ئەمانەش بۆ متکلمی وەحدە و متکلمی مع الغير، جا لە هەموو فعلێك ئاوا چواو بەم شێوەیە چواردە میسالی بۆ دروست بکە.

براکانم: گوتمان هەر کاتێك فعل کرا بە بینا مەفعول ئەوا فاعیلەکە لا دەچێت وە مەفعول لە شوێنی مەرفوع دەبێت، بەڵێ ئەگەر فعلەکە موتەعەدی بێت تەواوە، بەڵام فعلی لازم هیچ مەفعولەکی نییە تا لە شوێنی فاعیل بێت، جا بۆیە مصنف -رحمه الله- دەفەرمووێت (**ولا يبنى من اللازم إلاّ بعد تعديته**) واتە: فعلی بینا مەفعول دروست ناکرێت لە فعلی لازم مەگەر لە دوای کردنی بە موتەعەدی، جا کردنی فعلی لازم بە متعدی لە پێشەوە باسکرا کە گوتمان بە هۆی نەقڵ کردنی بۆلای چەند بابێك بوو وە بە هۆی حەرفە جەریش بوو، بۆ نمونە: {ذَهَبَ} فعلێکی لازمە ئەگەر ویستمان بیکەینە بینا مەفعول ئەوا یان دەبێت نەقلی کەین و بیکەینە {أذهب} بە نەقل بۆ بابی إفعال، یان دەبێت بە هۆی حەرفە جەر بیکەینە متعدی ئنجا بینا مەفعولی لێ دروست بکەین وەکو بیکەینە {ذهبتُ بزيد} جا لەو کاتە کە

دەیکەینە بینا مەفعول دەبێتە {أُذْهِبَ زيدٌ} وە لە دووەمیان دەگوترێت {ذُهِبَ بزيدٍ}.

## باسی ما و لای نافیە

(**واعلم انه يدخل على المضارع ما ولا النافيتان**) تۆ بزانە ئەی قوتابی خۆشەویست بێگومان دەچێتە سەر فعلی –مضارع- {ما} وە {لا} کە هەردووکیان بۆ نەفی هاتوون (**ولا يغيران صيغته**) وە ئەم دوو حەرفە شکل و صیغەی ئەم فعلە –مضارع-ە ناگۆڕێت وە هیچ شتێکی لەم فعلە حەزف ناکەن، تەنها ماناکەی دەگۆڕن، بۆ وێنە: {يَكتبُ يكتبان} یەك لەم دوو حەرفە ئەگەر بخەیتە سەر لە – لفظ-دا وەکو خۆیان دەمێننەوە، وە دەڵێت {ما يَكتبُ ما يكتبان} بەڵام ماناکەی لە –إثبات- دەکاتە نەفی، چونکە {يكتبُ} واتە دەنوسێت، کەچی {مايكتبُ} واتە نانوسێت (**وجزم بعضهم بلا**) هەندێك لە عەرەبەکان فعلی –مضارع-ی مەجزوم دەکەن و مەجزومیان کردووە بە لای نەفی، بەڵام لە کوێ (**في نحو جئتك كى لايكن لك علىَّ حجة**) لەم میسالەو هاووێنەکانی، ئێستا وشەی {يكن} لێرەدا مەجزوم بووە، چونکە ئەصلەکەی {يكون} بووە کە حەرفی {لا} هاتە سەری حەرەکەی نونی لادا جا {إلتقاء الساكنين} رویدا لە نێوان واو کە عين الفعلەو نونیش کە لام الفعلە، وە حەزفی واوەکەمان کرد بوو بە {يكن} جا نون ساکن بوو بە هۆی عەمەلی {لا} بەڵام واو کە لاچوو بە هۆی گەیشتنی دوو ساکن بوو کە واو و نونە (**مما يصلح فيه أن يكون قبله كى**) لەم جۆرە میسال و رستانەی کە بگونجێت ناویان لە پێش پیتی {لا} پیتی {كى} هەبێت (**لشبهه بالشرط في وجود معنى السببية**) حەرفی {لا} -مضارع-ی مەجزوم دەکات لەم جۆرە رستانە، چونکە ئەم جۆرە رستانە موشابەهەو هاووێنەییان هەیە لەگەڵ جوملەی {شرطيّة} لەوەدا کە یەکەم هۆیەو سەبەبە بۆ هی دووەمین کە {جزايە} بۆ وێنە کە دەڵێت {إن تَأْتِني أُكْرِمْكَ} کە شەرت و جەزانە، هاتن لەو میسالەدا سەبەبی رێز لێنانە. وە لەو

میسالەش کە مەبەستی ئێمەیە واتە: هاتمە لات تاکو قسەو گلەیی نەکەی، هی یەکەم هۆیە بۆ نەبوونی هی دووەم. ئنجا دێتە سەر ئەو میسالانەی کە {لفظاً} ئیشیان تێدا نەکراوە دەفەرموێت: (**لاینصرُ لاینصُران لاینصُرون...ألخ**) ئەمە میسالی پیتی {لَا} وە هەر سێکیان بۆ -مذکر-ی غائیبە، جا دەتوانی باقی میسالەکانی دیکە بە خۆت بهێنی (**ومایَنصرُ وما ینصران ومایَنصرون....ألخ**) ئەمانەش میسالەکانی پیتی {ما} بە خۆت هەر چواردە میسالەکان تەواو بکە. پیتی {لا} لە لەفزەن ئیش ناکات بەڵام ماناکەی لە {إثبات}ەوە دەگۆڕێت بۆ نەفی، واتە: لە بوون بۆ نەبوون دەیگۆڕێت (**واعلم أنه یدخل علیه الجازم**) بزانە حال وایە دەچێتە سەر فعلی -مضارع- عامیلی جازم کە لە عیلمی {نحو} باسکراون (**فیحذف حرکة الواحد**) ئەم عامیلە جازیمە کە چووە سەر فعلی -مضارع- حەرەکەی -مضارع-ی لادەبات لە کاتێکدا کە حەرەکەکە بۆ موفرەد بێت، جا چ بۆ نێرینە بێت یان بۆ مێینە بێت کە ئەمە پێنج میسال دەگرێتەوە لە چواردەکان کە ئەمانەن {مفر مذکر غائب ومفرد مذکرمخاطب ومفرد مؤنث غائبة ومتکلم وحده ومتکلم مع الغیر} وە ئەوەش بزانە ئەگەر -مضارع-ەکە {معتل اللام} بێت حەزفی لام الفعلەکە دەکات وەکو {لم یرمِ ولم یغزُ ولم یخشَ} . لە یەکەمیان حەزفی {ی} کراوە وە لە دووەمیان حەزفی واو کراوە وە لە سێیەمیان حەزفی ئەلف کراوە کە لە مەودوا بە درێژی باسی دەکات (**ونون التثنیة وجمع المذکر والواحدة المخاطبة**) وە هەروەها نونی -تثنیة-ش لادەبات بە موتلەقی، وە نونی جەمعی -مذکر-یش لادەبات غائیب و موخاتەب وە نونی موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەبەش لادەبات (**لأنها فیها علامة الرفع کالضمة في الواحد**) واتە: نون لەم جۆرە فعلانە نیشانەی مەرفوع بوونیانە هەروەکو -ضمة- لە موفرەدەکان نیشانەی مەرفوع بوونە، کەواتە: چۆن -ضمة- بە عامیلی جازم لادەچیت بە هەمان شێوەش ئەم نونەش لەم فعلانە لادەچیت کە پێیان دەڵێن {ألأفعال الخمسة} کە رەفعەیان بە هەبوونی نونە، وە نەصبەو جەزمیشیان بە حەزفی

نونە (**لا نون جمع المؤنث**) عامیلی جازم نونی جەمعی –مؤنث- حەزف ناکات چ غائیب بێت وە چ موخاتەب (**فإنه ضمير كواو جمع المذكر فتثبت** أبدا) چونکە ئەم نونە لە جەمعی –مؤنث- -ضمیر-ە واتە: فاعیلە وەکو واوی جەمع –مذکر- وایە کە –ضمیر-ەو فاعیلەو ناڕوات، ئەم نونەی جەمعی –مؤنث-یش وایە بەردەوام هەر دەمێنێت (**فتقول لم ينصُرْ لم ينصرا لم ينصروا...ألخ**) ئێستا {ينصرْ} فعلی –مضارع-ە پێش ئەوەی کە {لم}ی بخەیتە سەر مەرفوع بوو وە {مثبت} بوو، بەڵام کە پیتی {لم} هاتە سەری عەمەلی لەفزی کردو حەزفی حەرەکەی کردو بوو بە زەنە وە عەمەلی مەعنەویشی کرد چونکە {إثبات} بوو کردی بە نەفی، وە هەروەها موستەقبەل بوو کردی بە –ماضی- وە لەم دوو میسالەی دیکە نونی حەزف کردووە چونکە لە ئەصلدا {ينصران وينصرون} بوونە عەمەلی لەفزیو مەعنەوی کردووە وەکو گوتمان، جا تۆش بەم شێوەیە چواردە میسالەکان تەواو بکە، لە هەموو شوێنەکان تەنها دەستکاری نونی جەمعی –مؤنث- نەکەی، وە ئەگەر ئەو فعلەش {معتل اللام} بوو حەزفی حەرفەکەی بکە هەر وەکو لە مەودوا پشت بە خوا بە درێژی باسی لێوە دەکات. لێرەدا ڕەخنەکر دوو ڕەخنەی هەیە، یەکەم: دەڵێت بۆ ئەم –مضارع-ە مەجزوم نەبوو کە {يأتيك} -ی- ای هەرماوە. دووەم: دەڵێت بۆ {لم} نەچۆتە سەر فعلی –مضارع- لە {كأن لم سوى....} ؟ جا مامۆستای بەڕێز لە وەڵامدا دەفەرموویێت (**وجاء ألم يأتيك غير مجزوم**) هاتیە ئەم –مضارع-ە کە {يأتيك}ەیە وە {لم}ی لەسەرەو مەجزومیش نەبووە، بەڵکو {ی}ی هەرماوە، قاعیدەش وا بوو کە ئەم {ی}ە بڕوات و بڵێت {ألم يأتك} ئەمە بەشێکە لە پارچەی شعرێك کە تەواویەکەی ئەوەیە:

**ألم يأتيک والأنباء تنمی**

**بما لاقت لبون بنی زیاد**

(**وكأن لم سوى أهل من الوحوش توهل**) وە هاتووە {لم} لەم شیعرەدا نەچۆتە سەر فعلی -مضارع- (**مفصولا**) یانی فەصل هەیە لە بەینی {لم}و فعلە مەجزومەکەی کە {توهل}ە . ئەمە بەشێکە لە پارچە شعرێك کە ئەوە تەواوەکەیتی:

**فأصبحت معانيها قفارا رسومها**

**كأن لو سوى أهل من الوحوش توهل**

ئەصلەکەی {كأن لم تؤهل الدار سوى أهل من الوحوش}. (**لضرورة الشعر**) واتە: ئەم دوو میسالە کە یەکەم مەجزوم نییەو دووەمیان فەصل بووە لە بەینی {لم} و فعلەکەی هەردووکیان لەبەر ناچاری شعر وانە، چونکە ئەگەر وەها نەبوایە وەزنی شعرەکە تێك دەچوو، وە ئەمەش بەلای شاعیرانەوە زۆر گرنگە. (**ويجوز حذف المجزوم بعد لم سماعا وبعد لما قياسا**) واتە: دروستە فعلی -مضارع-ی مەجزوم لابـبرێت لە دوای {لم ولما} بەلام لە پاش {لم} بە سەماع لا دەبرێت، واتە: بیستراوە کە فعلی -مضارع-ی لە دوای حەزف دەکرێت، وە ناتوانی لە هیچ ئەو فعلانە حەزف بکرێت کە نەبیسترا بێت لێی حەزف کرابێت. بەلام لە دوای {لما} بە قیاس حەزف دەکرێت، کەواتە: ئەگەر فعلێك لێشی نەبیسترابێت ئەوە دەتوانی لێی حەزف بکەیت. ئنجا دێتە سەر میسالەکانی کە لێیان حەزف کراوە، جا میسالی {لم} وەکو (**إحفظ وديعتك التى استودعتها يوم الإغارة إن وصلت وإن لم**) لێرەدا لە دوای {لم} فعلی -مضارع-ی مەجزوم حەزف کراوە، وە ئەگەر بیهێنیتەوە دەبێتە (**وإن لم تصل**) وشەی {تصل} کە فعلی -مضارع- مەجزومە بیستراوە کە لە دوای {لم} حەزف کراوە. ئەو شاعیرەی کە ئەم هۆنراوەی نوسیووە ناوی {ابراهیم کوڕی عەلی کوڕی موحەمەد. مانای شعرەکەش ئەوەیە: بپارێزە ئەو شتەی کە من کردمە ئەمانەت لەلای تۆ لەکاتی جەنگ. وە میسالی {لما}ی ئەوەیە (**وندم زيد ولما**) ئێستا وشەی {ينفع} فعلی -مضارع-ە لە دوای پیتی {لما} حەزف کراوە، وە ئەم حەزفکردنە قیاسیە بەبێ بیستن دەکرێت، ئەگەر بتەوێت فعلە مەحزوفەکەی بینیەوە دەگوترێت (**أى ولما ينفعه الندم**).

**(وأنه يدخل عليه الناصب)** بزانە بێگومان دەچێتە سەر فعلی —مضارع- عامیلی ناصب، کە چوار عامیلن **(فيبدل من الضمة فتحة)** —ضمة-ەی ئاخیری موفردەکان دەگۆڕی دەیان کاتە فەتحە **(ويسقط النونات سوى نون جمع المؤنث)** وە هەموو نونەکان کە نیشانەی ڕەفعەنە حەزفیان دەکات لە {الأفعال الخمسة} تەنها نونی جەمعی —مؤنث- هەرگیز ناڕوات، چونکە گوتمان ئەم نونە فاعیلە وەکو واوی جەمعی —مذكر- وایە هەر دەمێنێو ناڕوات **(حملاً على الجازم في الأخير)** جا کە نونەکان حەزف دەکات لەبەر ئەوەیە چونکە عامیلی ناصبە حەمل کراوە بۆ سەر عامیلی جازمە لە حەزفی نونەکان، کە مەسئەلەی دووەمە واتە: مەبەست لە ئەخیری حەزفی نونەکانە، بەڵام لە مەسئەلەی گۆڕاندنی —ضمة- بە فەتحە ناصبە حەمل نەکراوە بۆ جازمە، جا ئەم حالی نەصبە لە ئیسمەکانیش حەمل کراوە بەسەر جەڕە، وە ئەمەش دەزانیت کە جەڕەو جەزمە مقابلن کە یەکیان تایبەتە بە فعل وە ئەوەی دیکەیان تایبەتە بە ئیسم، جا کاتی میسالەکانە **(تقول لن يَنْصُرَ لن يَنْصُرا لن ينصُروا.....الخ)** ئێستا {ینصرُ} پێشان —ضمة-ی هەبوو بەڵام کە پیتی {لن} هات گۆڕیو کردی بە فەتحە وە {ینصران وینصرون} نونەکەیان حەزف کراوە بە هۆی {لن} وە هەروەها عەمەلی مەعنەویشی کردووە کە لە —إثبات-ەوە گۆڕی بۆ نەفی **(ومن الجوازم لام الامر)** لەعەوامیلی جازمەیە لامی ئەمرە کەئەویش حەرەکەی مفرەدەکان لادەبات ونونەکان لادەبات تەنها نونی جەمعی —مؤنث- نەبێت بەڵام لەبەرئەوەی چەند حوکمێکی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازی کردووە **(وهي مكسورة)** یانی لامی ئەمری خۆی مەکسورە واتە لەژێرە وەکو {ليكتب} **(وان كان الفتح فيما علي حرف واحد اصلا)** بەڵێ ئەم لامە لەژێری هەیە ئەگەر چی {فەتحە}واتە لەسەریش ئەسلترو باشترە بۆئەو وشانەی کە بیناکەیان لەسەر یەك حەرفە، وەکو واوی عەتف وە {ف}ی عەتف و وە لامی ئیبتیدا...هتد، چونکە فەتحە سووکترە، بەڵام کە ئەوەیان مەفتوح نەکراوە **(لتناسب العمل الجزم الذى بمنزلة**

**الكسرة)** یانی لەبەر ئەوە لام مەکسور نەکرا، تاکو منسوب بێت حەرەکەی خۆی کە کەسرەیە لەگەڵ عەمەلی خۆی کە جەزمەیە، کە ئەم جەزمەیەش وەکو کەسرە وایە لە تایبەتیدا، چونکە چۆن کەسرە تایبەتە بە ئیسمان جەزمەش تایبەتە بە فعلان، وە عامیلی جەزمەش لەسەر ئیسمەکانی زاهیر مەکسورە وەکو {لِزید}، جا باش وایە عامیلی جەزمەش مەکسور بێت وەکو {لِیضرب} **(وتسكن مع الواو والفاء وثم)** لامی ئەمر هەرچەندە مەکسورە بەڵام لەگەڵ یەکێك لەو سێ حەرفە {و، ف، ثم} ساکین دەکرێت وەکو {ولْیدخل، فلْیکتب، ثمّ لْیذهب} **(تشبيها بعين كتف)** چونکە ئەم لامە تەشبیهکراوە، واتە: شوبهاندیتیان بە عین الفعلی {کتف} کە {ت}یە، چونکە ئەم پیتە لە ئەصلدا مەکسورە، بەڵام دروستە ساکین بکرێت. وە ئەم سێ حەرفەش ئەگەر لەگەڵ لامی ئەمرو حەرفی فعلی -مضارع- کۆبوونەوە شێوەی وەك {کتف}ی دروست دەکەن، چونکە وەکو ئەو سێ حەرفینەو ناوەندیان مەکسورە، کەواتە وەکو ئەویش دروستە ساکین بکرێت ئەگەرچی جیاوازیش لە نێوانیاندا هەیە، چونکە لە {کتف}ی حەرفەکان هەموویان ئەصلینە بەڵام لێرە زێدەنەو ئەصلی نینە، بەلێ حوکمی {ف، و} وەکو یەك وایە چونکە - شوبهانەکە رێکە- وە {ثم}ەش حەمل کراوە سەر ئەوان چونکە هەموویان حروفی عەتفن **(تقول في أمر غير المخاطب)** تۆ دەڵێی لە میسالەکانی ئەمری بە لام بۆ ئەمری غەیری موخاتەبی، کە دەکاتە هەشت میسال سێیان بۆ -مذکر-ی غائیب وە سێیان بۆ -مؤنث-ی غائیب وە دووانیان بۆ هەردوو متکلمەکان **(لِیَنْصُرْ لِیَنْصُرا لِیَنْصُروا)** ئەمە موفرەدو -تثنیة-و جەمعی بۆ -مذکر-ی غائیب **(لِتَنْصُرْ لِتَنْصُرا لِتَنْصُروا)** ئەمەش هەرسێ نمونەکانن بۆ غائیبی -مؤنث- **(لِأَنْصُرْ لِنَنْصُرْ)** ئەمانەش هەردوو میسالەکانی متکلمەکانن. جا ئەوە بزانە لەو میسالانەی هێنامانەوە هەموو حەرەکەکانی موفرەدی رۆیشتوون وە نونەکانیش جگە لە نونی جەمعی -مؤنث- نەبێت هەموویان رۆیشتوون هەروەکو لە پێشەوە گووتمان، وە ئەوەش بزانە ئەمری بەلامی بۆ موخاتەبان نابێت لەبەر ئەوە فەرمووی {في أمر غير المخاطب} چونکە

موخاتەب ئەمری تایبەتی خۆی هەیە وەکو لەمەو دوا باسی دەکات. جا یەکێك لەسەر ئەوە رەخنە دەگرێت و دەڵێت: تۆ گوتت ئەم ئەمرەی بە لام تەنها بۆ غەیری موخاتەبانە ئەوەتە لە قورئان هاتووە کە خوای گەورە دەفەرمووێت {فَلْتَفْرَحوا} خۆ ئەمە ئەمری بە لامە وە بۆ موخاتەبان هاتووە، ئەویش وەڵام دەداتەوەو دەفەرمووێت (**وقراءة فَلْتَفْرَحوا بالتاء شاذة**) یانی ئەم خوێندنەوەی {فلتفرحوا} بە {ت} خوێندنەوەیەکی شازە کە لەگەڵ لامی ئەمر دایە چونکە لامی ئەمر بۆ غائیبانە نابێت بۆ موخاتەبانی بەکار بێنێت، وە بۆ موخاتەبان لەو نمونەیە دەبێت بلێت {إفرحوا} خۆ لای هەمووشمان باش دەزانین کە یاسا بە شتی شاز هەڵناوەشێتەوەو لکەدار نابێت، وە هەندێك چارەی دیکەشی بۆ دۆزراوەتەوە کە کەمێك لەمەودوا باسی لێوە دەکات (**وفي المبني للمفعول يعم الغائب والمخاطب**) واتە: ئەگەر فعلەکە کرا بە بینا مەجهول ئەوە لامی ئەمری دەچێتە سەر جا موخاتەب یان غائیب بێت، چونکە خۆی لە باسی بینا فاعیلی فەرمووی {فی أمر غير المخاطب} بەڵام لە فعلی بینا مەفعول هیچ جیاوازی نییە، کەواتە: لە بینا مەفعولی دەتوانی هەر چواردە میسالی بێنیەوە وەکو {لِيُنْصَرْ لِيُنْصَرا.....ألخ} چونکە لێرەدا هیچ فاعیل دیار نییە (**ويجوز دخول اللام على المخاطب المعلوم اذا كانوا حاضرا وغائبا**) دروستە لامی ئەمر بچێتە سەر فعلی -مضارع-ی مەعلوم لەو کاتەی کە بۆ موخاتەب بێت، وە ئەوانەی ئەمریان پێ دەکرێت هەندێکیان لەوێ ئامادەو حازر بن وە هەندێکیان لەوێ دیار نەبن (**ليفيد اللام الغيبة والتاء الخطاب**) بۆ ئەوەی لام سوودبەخش بێت و ئاماژە بێت بۆ ئەوانەی کە ئامادەنینەو حازرنینە، وە {ت} ئاماژە بێت بۆ ئەوانەی کە موخاتەبن وەکو {لِتَذْهَبوا} ئێستا لەو میسالەدا لام ئاماژەیە بۆ ئەوانەی کە غائیبن وە {ت} بۆ ئەوانەی کە موخاتەبن، ئەگەر بهاتبا لەو نمونەیە هەموویان غائیب بوونایە ئەوە دەگوترا {لِيَذْهَبوا} وە ئەگەر هەموویان موخاتەب بوونا دەگووترا {إذْهَبوا} (**والأكثر تغليب الحاضر**) بەڵام بە زۆری حیساب بۆ حازرەکان دەکرێت و صیغەی ئەمری موخاتەب بەکار دێت. لەم کاتەدا

بلێ: {إذهبوا} جا هەمووان دەگرێتەوە، ئەگەرچی هەندێکیشیان ئامادە نەبن (**ومنها لا الناهية**) یانی یەکێکە لە عامیلی جازیمە وشەی {لا}یە کە بۆ نەهی هاتووە. نەهی واتە: داوا دەکەی کە ئەم کارە ئەنجام نەدرێت (**تدخل على الغائب والمخاطب فيهما**) ئەم {لا}ی نەهیە دەچێتە سەر فعلی -مضارع-ی جا غائیب بێت یان موخاتەب بێت، وە هەروەها بینا فاعیل بێت یان بینا مەفعول بێت (**لايَنْصُرْ لايَنْصُرا لايَنْصُرُوا....الخ**) ئێستا لەو میسالانەدا ئەم {لا}یە چۆتە سەر ئەم فعلانە عەمەلی تێدا کردوون، عەمەلەکەش لە لەفزو لە مانادا کراوە، مانایەکەی کردۆتە نەهی واتە: داوا دەکەی کە فعلەکە نەکرێت، وە عەمەلی لەفزی ئەوەیە کە مەجزومی کردووە بە حەزفی حەرەکەی لام الفعل. وە تۆش دەتوانی هەر چواردە میسالەکان بینی کە لە هەموویان حەزفی حەرەکەی موفرەدی کرابێت لەگەڵ حەزفی نونەکان تەنها نونی جەمعی -مؤنث- نەبێت، وە لە بینا مەفعولیش بە هەمان شێوە، وە ئەگەر ئەو فعلەی ئەم نونەی دەخرێتە سەری ئەگەر معتل اللام بوو ئەوە {لا}ی ناهیە حەرفی ئاخیری دەبات وەك {لم یرمِ ولم یغزُ}.

## باسی ئەمری بە صیغە

(**وأما الأمر بالصيغة**) ئەو ئەمرەی کە خودی وشەکە بە مانا ئەمردو داواکاریە، واتە: ئەمەرەکە لە خودی وشەکە وەردەگیرێت نەك بە هۆی لامەوە بێت (**وهو أمر المخاطب**) ئەم ئەمرە تایبەتە بەو کەسەی کە لە بەرامبەرتەو ئامادەیەو روو بە روو قسەی لەگەڵ دەکەی، وەکو دەڵێت {أُكْتُبْ} (**فهو جارٍ على لفظ المضارع المجزوم**) ئەمری بە صیغە دەکەوێتە شوێنی فعلی -مضارع-ی مەجزوم وە لەسەر قانون و یاسای ئەم فعلەیە (**في حذف الحركات والنونات**) لە حەزفکردنی حەرەکەی موفرەدەکان و نونەکانی -تثنية-و جەمع و موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەبە، تەنها نونی جەمعی -مؤنث- لاناچێت جا چ غائیب یان موخاتەب بێت، وە ئەگەر ئەو فعلە معتل اللام بێت ئەوە حەزفی لام الفعل دەکرێت بەو

مەرجەی شتێك نەبێت بۆ مانەوەی ئەم لام الفعلە وەکو ئەوەی کە نونی تەئکید یان ئەلف...هتد. کە لەمەودوا باسی دەکات. جا ئەو فعلە -مضارع-ەی کە ئەمری بە صیغەی لێ دروست دەکرێت دوو جۆری هەیە: چونکە یان حەرفی دوای حەرفی -مضارع-ی یان حەرەکەدارە یان ساکینە، ئنجا دێتە سەر ئەو باسەو دەفەرمووێت (**فإن كان ما بعد حرف المضارعة متحركا**) واتە: ئەگەر حەرفی دوای حەرفی -مضارع-ەتی حەرەکەی هەبوو (**فتسقط منه حرف المضارعة**) یاسا وایە کە تۆ حەرفە -مضارع-ەکەی حەزف دەکەی لە ئەوەلی ئەم فعلە (**وتأتي بصورة الباقي مثل المجزوم**) جا {تلفظ} دەکەی بەو سورەت و بەشەی کە ماوەتەوە لە دوای لادانی حەرفی -مضارع-ی بە وێنەی -مضارع-ی مەجزوم {تلفظ}ی پێ دەکەی، واتە: چۆن لە -مضارع-ی مەجزوم حەزفی حەرەکەکان و نونەکانت دەکرد تەنها نونی جەمعی -مؤنث- نەبێت، وە چۆن ئەگەر فعلەکە معتل اللام بووایە حەزفی لام الفعلەکەت دەکرد ئەم ئەمرەی بە صیغەش بە هەمان شێوە. جا کە فەرمووی {مثل المجزوم} وەدەرکەوت کە ئەمری بە صیغە وەکو ئەمری بە لام و فعلی -مضارع- نییە کە ئەوان موعرەب و مەجزومن، بەڵام فعلی -مضارع- مەجزوم نییە بەڵام لە حەزفی نونەکان و حەرەکەی موفرەد وەکو ئەوان وایە، ئەم باسە لە کتێبەکانی {نحو} تەماشا بکە (**مثاله من تُدَحْرِجُ**) میسالی ئەمری بە صیغە لەم فعلە -مضارع-ەی کە حەرفی پاش حەرفی -مضارع-ی حەرەکە دارە کە {تدحرج}یە" جا دەڵێت: (**دَحْرِجْ**) ئەمە بۆ مفردی -مذکر-ی موخاتەبە ئەصلەکەی {تدحرج} بوو {ت}حەرفی -مضارع- بوو لاماندا،پاش ئەم حەرفە حەرەکەدارە پێویست بە هەمزەی وەصل ناکات: ئاخرەکەمان گیڕا بە وێنەی -مضارع-ی مجزوم بە حەزفی حەرەکەی ئاخری" بوو بە{دحرج} (**دحرجا دحرجوا**) ئەمەش تثنیة و جەمعە حەرفی -مضارع-ی لە ئەوەلیەوە لادراوە نونەکانیش لە ئاخری لادران بووبە{دحرجا دحرجوا} (**دحرجي**) ئەمەش بۆ موفرەدی-مؤنث-ی موخاتەبە، ئەصلەکەی{تدحرجين} بوو{ت} کەحەرفی -مضارع-ی بوو لاماندا،وە ئاخرەکەمان گیڕا بەوێنەی

-مضارع-ی مجزوم بُە حەزفی نونەکەی بووبە{دَحرجي}(**دحرجا دحرجن**) ئەمەش تشنیةوجەمع، جا لەتثنیة{ت}لەگەڵ نونی ئاخری لادراوە، بەڵام لە جەمع تەنها{ت} حەزف کراوە، چونکە تەم نونە لاناچێ. (**وهكذا فرِّحْ**) هەربە شێوەی {دحرج} وایە {فرّح}، کەئەصلەکەی {تُفَرِحُ}بوو، {ت} لەگەڵ حەرەکەی ئاخری لاچووە، ئەمە موفرەدی-مذکر-ە جاباقی میسالەکان {فرِحا، فرحوا، فَرِحي، فرحا، فَرِحنَ}(**وقاتِل وتكَسَروتباعَد وتَدَحرَج**) یانی هەرفعلەك حەرفی پاش حەرفی -مضارع-ی حەرەکە داربێت بە شێوەی {دَحرِج} ئەمری بە صیغەی لی دروست بکە. ئێستا {قاتل} ئەمرە لە بابی مفاعلە، ئەسلەکەی {تقاتل}بوو، وە{تکسر}ئەمرە لە بابی {تفعل}، ئەسلەکەی {تتکسر}بوو، وە{تَباعَد}لە بابی تفاعلە، ئەسلەکەی {تَتَباعد}بوو، وە{تَدَحرَج}بابی {تفعلل}دیە، روباعی مەزید و فیە بەیەك حەرفە، ئەسلەکەی {تتدحرج}بوو. لە هەر هەموان حەرفی -مضارع- حەزف کراوە، وە ئاخرەکەی بە وێنەی -مضارع- ی مجزوم حەرەکەی لاچووە: وە لە -تثنیة-و جەمعەکانیش حەزفی نونەکانَ دەکرێت، تەنها نونی جەمعی -مؤنث- نەبێت. ئەمە ئەو -مضارع-ە بوو کەحەرفی پاش حەرفی -مضارع-ی حەرەکەدار بێت. (**وان كان ما بعد حرف المضارعه ساكنا**) واتە ئەگەر تەو حەرفەی کە لە پاش حەرفی -مضارع-ە کە بە ساکن بوو، (**فتحذف منه حرف المضارعه وتأتي بصورة الباقي مثل المجزوم**) لەم کاتە تۆ حەرفی -مضارع-ەکەی حەزف دەکەی جا{تلفض} دەکەی بەم سورەتەی کە ماوەتەوە، بە وێنەی فعلی -مضارع- مجزوم، واتە حەزفی حەرەکەونونەکان جگە لە نونی جەمعی -مؤنث- دەکەی وە ئەگەر {معتل اللام} بێت حەزفی حەرفەکەی ئاخری دەکەی وەکو پێشان باسکرا، (**مزيداً في أوله همزةُ وصلِ مكسورةُ**) جا کە{تلفض} بەم باقیە دەکەی لە حاڵێکدا کە زیاد بکرێ لە ئەوەلی ئەم فعلە ئەمرە ، همزەی وەصلی مەکسورە، تاکو{ابتداء} بە ساکن نەبێت، (**ابتداء عند سيبوية**)، جا هەمزە مەکسورەکە هەر لەکاتی هێنانەکەی بەم شێوەیە هێندراوە، لە سەر فەرموردەی سیبویە{رحمه اللة} (**وبعد**

**زيادتها ساكنا عند الجمهور)** بەڵام زۆربەی زۆری زانایانی عیلمی {صرف} دەڵێن: ئەم هەمزە بە ساکن زیادکراوە، جا پاشان ئەم حەرەکەیان پێدا کە کەسرەیە. یەکێك پرسیار دەکات بۆچی هەمزە هەڵبژێردراوە لە حروفەکانی زیادکردن کە{سئلتمونيها} یە جا لە وەڵام دا دەفەرموێت: (**خُصَّت لأن الأبتاء بالأقوى أولى)** واتە هەمزە تایبەت کرا بەم زیادکردنە، چونکە هەمزە حەرفێکی بەهێزە، جا{ابتدا} واتە دەست پێ کردنی هەر وشەیەك بەم حەرفە بە هێزە باشترە لە حەرفێکی تر. یەکێك دەڵێت: بۆ سیبویە بە مەکسوری زیاد دەکات، وە هەر وەها جمهور لە دوای هێنانی بە ساکن مەکسوری دەکات؟ لەوەڵامدا دەڵێت: (**ولان الكسرة اعدل الحركات)** یانی سیبویە وجمهور ئەم کەسرەیان هەڵبژاردووە، چونکە کەسرە ڕێکـترین حەرەکەیە ومام ناوەندیە، واتە نە وەکو -ضمة-ی گرانە ونە وەکو فەتحەی سوکە، بۆ ئەو ئەم شوێنە لە هەموان باشترە (**او لان الاصل في تحريك الساكن الكسر)** جمهور بە ساکن زیادی کردووە، پاشان حەرەکە داریان کرد بە کەسرە، چونکە ئەصل ویاسا لە حەرەکە دار کردنی ساکن کەسرەیە. میسالەکان{اِحزب، اِجتمع، اِحرنجم} (**ومضمومة ان كان عين المضارع مضموماً)** ئەمە عەتفە بەسەر -مكسورة- یانی لەدوای لادانی حەرفی -مضارع-ی هەمزە زیاد دەکرێ، ئەو جارە بە -مضموم-ی زیاد دەکرێ، بەو مەرجەی کە عەین الفعل لەم فعلە -مضارع-ە -مضموم- بێت، لەم کاتە دا ئەم هەمزەیەش -مضموم-ە، هەر چەندە گرانیش بێت، (**لمناسبة حركة العين)** جا کە هەمزە -مضموم- دەکرێت لەبەر دووشتە، یەکەم: لەبەر مناسەبەی حەرەکەی عەین الفعلە، تاکو وەك یەك بن (**وثقل النقل من الكسرة الي الضمة)** ، دووەم: کە هەمزە -مضموم- کراوە ئەوەیە گرانە زمان لە سەرەوە بەرەو -ضمة- بڕوات، وەئەمەش هەموو کەس هەستی پێ دەکات، میسالەکە وەکو {اُنْصُرْ} ئێستا هەمزە -مضموم-ە تاکو لەگەڵ صادی وەك یەك بن، وە زۆریش ناخۆشە لە کەسرەی هەمزە بەرەو -ضمة-ی صادی بڕۆی، یەکێك دەڵێت: ساکن لە نێوانیان هەیە کەواتە لە کەسرەی بۆ -ضمة-ی ناچی،

بەڵکو بۆ ساکن دەچێت. لەوەڵام دا دەڵێت: **(والساكن حاجز غير حصين)** یانی ئەم حەرفە ساکنەی کە هەیە لە نێوان هەمزەو -ضمة-ی عين والفعل، تەمە پەردییەکی بێ هێزە وەکو مردوو وایە وەهیچ حیسابی بۆ ناکرێ، کەواتە ئەگەر هەمزە مەکسور بێت، {انتقال} لە کەسرەیە بۆ -ضمة- ئەوەش ناخۆشە، یەکێك دەڵێت: مفتوحی بکە، لەوەڵامدا دەفەرموێت: **(واللبس بمضارع المتكلم لو فتحت)** ئەگەر ئەم هەمزەیە مفتوح بکرێ التباسی ئەم ئەمرە دەبێت بە فعلی -مضارع- لەکاتێ بۆ {متكلم وحدة}بێت، وەکو{أَنْصُرُ} ، لێرە تۆ نازانی ئەم وشە ئەمرە یان -مضارع-ی {متكلم وحدة}یە ، جا ناچار بوین کە -مضموم-ی بکەین، وە ئەکەر تۆ بڵێیت ئەمری بە صیغە ئاخرەکەی زەنەدارەو -مضارع-ی متكلم حەرەکەدارە، چۆن پێك دەچن. لەوەڵامدا دەڵێین: بەڵێ راستە، بەڵام لەکاتی {وەقف} واتە لەسەر وەستان، وەك یەك دەبن: کەواتە ئەم هەمزەیە مەفتوح ناکرێت، **(مثاله أُنْصُرْ ، أُنْصُرا، أُنْصُرُوا)** ئەم سێ میسالە بۆ -مذكر-ی موخاتەبە -مفرد-و-تثنية-و-جمع-. **(أُنصري أُنصرا أنصرن)** ئەم سێ میسالەش بۆ -مؤنث-ی موخاتەبانە بە موفرەدو -تثنية-و جەمع، ئێستا ئەم شەش میسالە فعلی ئەمرن لە -مضارع-ی بابی یەکەمن، حەرفی -مضارع- لە هەموویان حەزف کراوە پاش ئەم حەرفەش ساکین هەیە، جا هەمزەی وەصلمان بۆ هێناوە بە -مضموم-ی چونکە عين الفعل -مضموم-ە، وە حەزفی حەرەکەو نونەکانیش کراوە تەنها نونی جەمعی -مؤنث- ماوە وەکو لە پێشەوە گوتمان، وە بۆ زیادە شارەزایی ئەم ئیعلالانە بڕوانە کتێبی مامۆستای مدرس بکە **(وكذا البواقي)** واتە: وەکو {انصر انصرا....هتد} وایە هەر هەموو بابەکانی دیکە لە مەزیدو موجەرەد، جا ئەوەی کە حەرفی پاش حەرفی -مضارع- متحرك بێت هەمزەی ناوێت وە ئەوەی ساکین بێت هەمزەی دەوێت، وە ئەوەی عين الفعلی لە -مضارع-ەکەی -مضموم- بێت هەمزەی بۆ -مضموم- بکە لەوانی دیکە لە هەمووی مەکسور بکە. یەکێك رەخنە دەگرێت و دەڵێت:تۆ گوتت لە دوای حەزف کردنی حەرفی -مضارع- تەماشا دەکەین ئەگەر

پاش ئەم حەرفە حەرەکەدار بێت ئەوە پێویست بە هەمزە ناکات وە ئەگەر ساکین بێت پێویست بە هەمزە دەکات وە مەکسورو -مضموم- بە هەمان شێوە کە باسکران، وە ئێستا بڕوانە {أَكْرِمْ}فعلی ئەمرەو هەمزەی لە ئەوەلیەوە هەیە وە ئەم هەمزە نە مەکسورەو نە -مضموم-ە بەڵکە مەفتوحە، جا لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**وفتح همزة أَكْرِمْ بناء على الأصل المرفوض**) یانی عەرەبەکان یان صەرفییەکان مەفتوحیان کردووە هەمزەی {أَكْرِم}و هاووێنەکانی واتە: فعلی ئەمر لە بابی ئیفعال، چونکە دروستکراوە ئەم فعلە ئەمرە لە فعلە -مضارع-ەکی کە فەرامۆش کراوەو بەکار نایەت وە کە ئەصلیش بوو کەچی ئەم -مضارع-ەی بەکار دێت کە گووتمان (**فإن اصل تُكْرِمُ تُأَكْرِمُ**) چونکە بەڕاستی ئەصلی {تکرم} {تأكرم} بووە بەم هەمزەی کە نیشانەی ئەم بابەیە وە لە پێشان باسکرا بۆچی ئەم هەمزە حەزف کراوە -ئەوە بوو گووتمان لە -مضارع-ی متكلم دوو هەمزە کۆدەبنەوە وە ئەمەش گرانە جا هەمزەیەکمان لادا، وە لە صیغەکانی دیکەش {تكرم، نكرم، يكرم} لادرا، ئەگەرچی هەر یەك هەمزەیە لەو میسالانە دوو نینە، وەکو دەڵێن {طردا للباب} (**وبنى الأمر من ذالك الأَصل**) واتە: ئەمری بە صیغەی ئەم بابە لەو ئەصلە دروستکراوە کە فەرامۆش کراوەو مەتروکە کە {تأكرم}ی خاوەن هەمزەیە (**بحذف حرف المضارعة وإسقاط الحركة**) حەرفی -مضارع-مان حەزف کرد لەگەڵ لابردنی حەرەکە لە حەرفی ئەخیری (**واِعادة الهمزة لزوال علة الحذف**) جا هەمزە لە شوێنی خۆی ماوە چونکە هۆی حەزف کردنی ئەم هەمزەیە کۆبونەوەی دوو هەمزە بوو لە -مضارع-ی متکلمی{وحدة} ئەمەش نەما چونکە ئێستا -مضارع-نیە بەڵکو بوینە ئەمر، کەواتە هەمزە لە شوێنی خۆی دەمێنێ، جا ئەم مانایە لە سەر ئەمەیە کە وشەی {اعادة} بەمانا {اثبات}ە وە مانای تریشی هەیە، بەڵام ئەمەیان گونجاوترە بۆ ئەم شوێنە، جا ئەمە بوو هۆی مفتوح بوونی ئەم هەمزەیە. لە کاتێك (مصنف) {رەحمەتی خودای لێ بێت} ڕزگاری بوو لە باسی ئەمری بە صیغە، جا هاتە سەر باسی {تخفیف} کردنی فعلی -مضارع- و دەفەرمووێت (**واعلم أنه اذا**

**اِجتمع تاءان فِي أول مضارع تَفَعَّل وتَفاعَل وتَفَعْلَلَ**) یانی تۆ بزانە بەراستی هەرکاتێك کۆبونەوە دوو {ت} لە ئەوەلی فعلی -مضارع- {تفعل و تفعاعل و تَفَعْلَل}ی واتە بابی {تفعُل و تفاعُل و تَفَعْلُل} کە دوانی ئەوەلی -ثلاثي- مەزیدن بە دوو حەرف، سێهەمیان روباعی مەزیدە بە یەك حەرف جا ئەو میسالانەی کە دوو{ت}ی لیَ کۆدەبنەوە، (**کالمخاطب مطلقا**) واتە فعلی -مضارع-ی موخاتەب لەم سێ بابە دوو{ت}ی لەوێ کۆدەبنەوە بە {مطلق}ی یانی مفرد بێ یان -تثنیة- بێ یان جەمع بێ -مذکر-بێ یان -مؤنث-، ئەمە بوو بە شەش میسال، (**والغائبة والغائبتين**) وەهەروەها لە مفردی -مؤنث-ی غائبە- وە-تثنیة-ي -مؤنث-ی غائبە، یانی هەرکاتێك فعلی -مضارع- لەم سێ بابە بوو ئەم میسالانە بوون دوو{ت}ی کۆدەبنەوە، ئەمە بوون بە هەشت میسال، بەڵام لە موفرەدی -مذکر-ی غائب بە هەرسێك میسالەوە، وە لە جەمعی -مؤنث-ی غائبە هەر یەك {ت}ی دەبێ، چونکە ئەوانە بەبێ{ت} بەکاردێن، وەکو لە باسی حروفی{أنیت} باسکرا، جگە لە{ت} نیشانەی بابەکان هیچ{ت} دیکە یان نی یە، ئەمە بوون بە دوانزە میسال، وە لەگەڵ دوو{متکلمین} دەبن بە چواردە، کە ئەوان یەك بە هەمزەی {متکلم وحدة}یە و ئەوی تریان بە نون بەکاردێت بۆ{متکلم مع الغیر}، (**فیجوز اِثباتهما**) یانی دروستە ئەم دوو{ت}یە هەردووکیان پێکەوە هەبن، کە یێکیان بۆ{مطاوع}دیەو نیشانەی ئەم بابەیە،وە ئەوی تریان حەرفی -مضارع-ە، جا بۆیە دروستە هەردووکیان مەوجودبن، چونکە ئەم هێشتنەوەیە ئەسلە. جا لە قورئانی پیرۆز خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿**وَتَتَلَقَّاهُمُ الْمَلائِكَةُ**﴾ ئێستا {تتلقي} بابی{تفعل}ە وە هەردوو تێەکان ماون (**ویجوز حذف احدیهما للتخفیف**) وە دروستیشە لا بردنی یەکێ لەم دوانە بۆ سوك کردنی ئەم وشەیە، میسالەکان {تجنبُ وتقاتلُ و تدحرجُ} کە ئەسلەکە{تتجنب......هتد} یەك لەم دوو{ت}یە حەزف کراوە، بەڵام بابزانین کامیان حەزف کراوە(**والمحذوف الاولي علي الاصح**) تەوەی حەزف کراوە {ت}یەکەمە جا مەبەست بە یەکەمی ئەوەیە کە لە پێشەوە دیارە،

نەك ئەوەی کە پێشان هاتووە کە هی {مطاوع}ەیە وەکو هەندێك وا دەڵێن: (**وقبل الثانية**) گوتراوە تەم{ت}یەی حەزف کراوە هی دووەمە لەنوسین دا کە{ت} {مطاوع}ەیە. یەك دەڵێت دیارە{ت} حەزف دەکرێ لە بینا فاعلەکەیان، نەدی لەبینا مفعولە کەیان جا دەفەرموێت: (**ولا يحذف من المجهول**) واتە {ت} حەزف ناکرێ لە بینا مفعولەکەیان، (**للزوم اللبس بمعلومه المحذوف منه لو حُذِفَتِ الاولي**) چونکە -التباس-ی ئەو مجهولەی دەبێت بەو معلومەی کە{ت}ی لێ حەزف کراوە، لە کاتی حەزفی{ت}ی یەکەم بکرێ لەم مجهولە. پوختەی ئەم باسە دروست نیە{ت} حەزف بکرێ لە بینا مفعولی ئەمانە: نە{ت}ی یەکەم ونە{ت}ی دووەم، چونکە ئەگەر هی یەکەم حەزف بکرێ -التباس-ی ئەم بینا مفعولە دەبێت بە فعلی بینا فاعل، کە ئەویش {ت}ی یەکەمی لێ حەزف کراوە، بویتە{تَتَجَنَّبُ} کە بینا فاعلە، هی یەکەمی لێ حەزف بکە دەبێتە{تجَنَّبُ} وە{تُتجنبُ} بە-ضمة-ی {ت}یەکەم بینا مفعولە، وەرە هی یەکەمی لێ حەزف بکە کە هی -مضموم-ەکەیە دەبێتە{تجَنَّبُ} لێرەدا هیچ جیاوازی نەما لەنێوان مەجهول ومعلومەکەی، جیاوازی لە نێوانیان بە{ت}یە -مضموم-ەکەیە، کە تەو لاچو-التباس-ی ئەم معلوم ومەجهولە پێك دەبێت، ئەمە لە کاتێك کە{ت} یەکەم لابدرێ. جا هاتە سەر باسی هی دووەم کە گوتمان دروست نیە ئەویش لابدرێ، جا دەفەرموێت(**وبمجهول ماهو لمطاوعته لو حذفت الثانية**) یانی دروست نیە هی دووەمیش حەزف بکرێت لەم فعلە کە{تُتَجنب} چونکە ئەگەرحەزف بکرێت -التباس-ی دەبێت ئەم -مضارع-ە مەجهولە لەم سێ بابە بە فعلی -مضارع-ی مەجهول لە بابی {تفعيل}و {مفاعلة}و {فعللة} کە تێی دووەم حەزف بکرێت. پوختەی ئەم باسە ئەوەیە کە ئێمە لە پێشەوە گوتمان: بابی {تَفَعُّل} بۆ موتاوەعەی بابی {تفعيل} هاتووە وەکو {كَسَّرْتُهُ، فتَكَسَّر}، وە هەروەها بابی {تفاعل} بۆ موتاوەعەی بابی {مفاعلة} هاتووە، وە بابی {تفعلل} کە رباعی مەزیدە بۆ موتاوەعەی مجردی خۆی هاتووە کە {فَعْلَلَة}یە وەکو {دحرجته فتدحرج}، جا لێرەدا

{تُتَجَنَّبُ} كە فعلی -مضارع -ی مەجهولە لە بابی {تَفَعُّل} {ت}ی دووەمی لیّ حەزف بكە دەبیّتە {تُجَنَّبُ} ئنجا وەرە -مضارع-ی مەجهول لە بابی {تفعیل} بناسە، بیّگومان دەبیّتە {تُجَنّبُ} وە هەروەها بەم شیّوەیە {تُتَباعَدُ} كە مەجهولی بابی {تفاعل}ە جا تۆش {ت} -مضموم-ەكە بهیّڵەوەو مەفتوحەكە لابدە دەبیّتە {تُباعَدُ}، وە مەجهولی -مضارع-ی مفاعلەش بە هەمان شیّوە هەر {تُبَاعَدُ} بوو، وە هەروەها {تُتَدَحْرَجُ} {ت}ی مەفتوح لادە دەبیّتە {تُدَحْرَجُ}، وە مەجهولی {تُدَحْرَجُ}یش هەر بە هەمان شیّوە {تُدَحْرَجَ}یە كەچی ئەمەیان روباعی موجەرەدە وە هی یەكەمیان مەزیدە، جا لەبەر ئەوە گووتی: تیّی یەكەم حەزف ناكریّت چونكە ئەگەر حەزف بكریّت ئەوە فعلی مەجهولی ئەو سیّ بابە ئیلتیباسیان دەبیّت بە مەجهولی ئەو سیّ بابانە {تفعیل، مفاعلة، فعللة} لە كاتیّك ئەو سیّ بابە مەزیدانە بۆ موتاوەعەی ئەوانی یەكەم هاتوون، واتە: {تفعُّل، وتفاعل، وتفعلل} بۆ موتاوەعەی {تفعیل، ومفاعلة، وفعللة} هاتوون، ئەم -إلتباس- ەش كە گووتمان دەبیّت ئەوە تەنها لە بینا مەجهولییە. جا یەكیّك لیّرەدا پرسیار دەكات: ئایا لە هیچ شویّنەك هاتووە كە لەو بابانە كە دوو تیّ كۆبوونەوە یەكیّك لابدریّت؟ ئەویش وەڵام دەداتەوەو دەفەرموویّت بەڵیّ هاتووە لە قورئانی پیرۆز لە فعلی بینا مەعلوم تیّیەك لادراوە (**وفي التنزيل ﴿فَأَنْتَ لَهُ تَصَدَّى﴾، و﴿نَاراً تَلَظَّى﴾، و﴿تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ﴾**) واتە: هاتووە لە قورئانی پیرۆز كە لە فعلی بینا مەعلومی -مضارع- لەو بابانە حەزفی تیّی كراوە، وەكو {تصدی} ئەصلەكەی {تتصدی} بوو، وە {تلظی} ئەصلەكەی {تتلظی} بوو، وە {تنزل} ئەصلەكەی {تتنزل} بوو، لەم سیّ فعلە كە هەموویان -مضارع-ی بابی {تفعل}ن تیّ حەزف كراوە. جا یەكیّك پرسیار دەكات چۆن دەزانی كە لەوانە تیّیەك حەزف كراوە، كیّ نالیّ ئەوانە هەر -ماضی- نەبن؟ مامۆستاش لە وەڵامدا دەفەرموویّت (**ولو كانت ماضيات لقيل تصديت**) یانی ئەگەر {تصدی} فعلی -ماضی- بووایە ئەوە دەبووا بگووترابا {تصديتَ} بە قەرینەی ئەو {أنت}ی لە پیّشیەتی وە ئەگەر -ماضی- بۆ مفرد موخاتەب بەكار

هات ئەوە دەبێت {ت}ی پێوە بنوسێت، مادامەکی {تَ}ی پێوە نەلکێندرا ئەوە بە دیار کەوت کە –ماضی- نییە، کەوابوو –مضارع-ە {ت}ەکی لێ لادراوە (**وتلظتْ**) یانی ئەگەر {تلظی} فعلی –ماضی- بووایە ئەوا دەیفەرموو {تلظت} چونکە {نار}ی –مؤنث- لە پێشیەتی، وە هەر فعلەك –ماضی- بێت إسناد بدرێت بۆ –ضمیر-ی –مؤنث- پێویستە {ت}ی –تأنیث- بۆ ئەم –مؤنث-ە هەبێت. جا دەرکەوت کە ئەم فعلە –ماضی- نییە، چونکە {ت}ی –تأنیث-ی ساکینە لە دواوە نییە (**وتنزَّلتْ أو تَنَزَّلَ بفتح اللام**) یانی ئەگەر {تنزل} –ماضی- بووایە ئەوا یان دەبێ {ت}ی -تأنیث-ی لە دوا بووایە، چونکە لەفزی مەلائیکەت –مؤنث-ە یان دەبێت لام مەفتوح بووایە چونکە حەرفی ئاخیری لە فعلی –ماضی- واجبە مەفتوح بێت ئەگەر -ضمیر-ی فاعیلی پێوە نەبێت، وە لێرەش لام مەفتوح نییە بەڵکە مەرفوعە وەهیچ {تاء التأنیث الساکنة}ەی پێوە نییە، جا دەرکەوت کە ئەمە -مضارع-ە وە حەزفی {ت}ی لێکراوە. جا ئەم باسە کۆتایی پێ هات. لێردوە دێتە سەر باسی چەند یاسایەك لە بابی إفتعال دەفەرمووێت (**واعلم أنه متی کان فاء إفتعل صادا أو ضادا أو طاء أو ظاء**) بزانە ئەی قوتابی بەڕاستی هەر کاتێك -فاء الفعل-ی بابی إفتعال یەك بێت لەم چوار پیتانە {ص، ض، ط، ظ،} (**قلبت تاءه طاء**) لەم کاتەدا قەلبی {ت}ی بچووك دەکرێتە {ط}ی گەورە، وە {ت}ی گچکەش نیشانەی بابی إفتعال (**لتعسر النطق بالتاء بعدها**) قەلبی {ت} دەکرێ بە {ط} چونکە زەحمەتەو ناخۆشە {تلفظ} کردن بە {ت}ی بچووك لە دوای ئەم چوار حەرفانە (**لإطباقها وانخفاض التاء**) چونکە ئەم حەرفانە کە پێیان دەڵێن {مطبقة} زمانی بەرەو مەلاشو بەرز دەکەنەوە، وە {ت}ی بچوکیش لە حروفی {منخفضة}یە یانی زمانی بەرز ناکاتەوە، جا ئەم {ت}ی بچوکەش لەگەڵ ئەم چوار پیتە دژی یەکن، جا قەلبی {ت}ی بچووك دەکرێت بە {ط} کە لەگەڵ یەکتر دەگونجێن (**مثل اصطلح من الصلح**) میسالی ئێمە لێرەدا {اصطلح}یە کە لە {صلح}ی وەر گیراوە، بەڵێ {صُلح} مەصدەری مجردە دەیکەن بە -ماضی-

پاشان نیشانەی بابی إفتعال کە هەمزەی مەکسورە لەگەڵ {ت}ی مەفتوحە لەنێوان -فاء الفعل و عین الفعل- جا دەبێتە {اصطلح} قاعیدەی لیّ هاتە جیّ قلبی {ت} کرا بە {ط} بوو بە {اصطلح} (**ولا تقلب الصاد طاء فتدغم**) دروست نییە صاد بکرێتە {ط} جا دەغم بکرێت و بیکەیتە {إطَّلَحَ} (**لأن حروف الصفير لا تدغم في غيرها**) چونکە حروفی صەفیری، واتە: ئەو پیتانەی کە پێیان دەڵێن حروفی صەفیر -واتە ئاوازو فیزە فیز- کە ئەمانەن {س، ص، ز} دەغم نابن لە هیچ حەرفێکی غەیری خۆیان، بەڵام لە خۆیان دەغم دەبن واتە: دروستە سین دەغم بکریّ لە سین وە دووەکانی دیکەش بە هەمان شێوە، بەڵام دروست نییە {ط} دەغم بکریّ لە صاد....هتد. (**ومثل إضطرب من الضرب**) {اضطرب} -ماضی- بابی إفتعالە لە {ضرب}ی وەرگیراوە، جا هەمزەی مەکسور لەگەڵ {ت}ی مەفتوح زیاد بکە دەبێتە {اضترب} جا قاعیدەی لیّ هاتە جیّ {ت} بکە بە {ط} دەبێتە {اضطرب} (**ولا تدغم الضاد أيضا في الطاء**) دروست نییە {ض} دەغم بکرێت لە {ط} هەروەکو {ص} دەغم نەکرا (**لأن حروف {ضوى مشفر} لا يدغم بعضها في بعض ففي غيرها بالأولى**) چونکە ئەم حەوت حەرفەی کە لەم رستەدا هەنە کە ئەمانەن {ض، و، ی، م، ش، ف، ر} کە پێیان دەڵێن حروفی {ضوى مشفر} ئەمانە هەندێك لە هەندێکیان دەغم نابن، یانی دروست نییە {ف} دەغم بکرێت لە {م}ی، یان {ش} دەغم بکرێت لە {ض}ی ...هتد. کەواتە لە غەیری خۆیان هەر دروست نییە، بەڵام لە نەفسی وێنەی خۆیان دروستە، یانی دروستە {ف}ی دەغم بکرێت لە {ف}ی، وە واو لە واو، وە شین لە شین...هتد. (**وجاء العكس فيهما على خلاف القياس**) واتە: هاتووە بە پێچەوانەی یاسای پێشوو، کە {ط} بکرێتە {ص}و پاشان دەغم بکرێت لە وشەی {اصطلح} بیکەی بە {إصّلح} ،یان بکریّ بە {ض} لە وشەی {اضطرب}ە بیکەیتە {إضّرب} بەڵام ئەمە خیلافی یاسایە، چونکە یاسا ئەوهایە کە ئەوەل قەلب بکریّ بە ئی دووەم لێرەدا بە پێچەوانەوە دووەم کراوەتە یەکەم (**ومثل إطَّرَدَ من الطَّرْد**) {اطّرد} فعلیّ -

ماضی-یە لە بابی إفتعالە، مەصدەری موجەرەدی {طرداً} پاشان کراوەتە {طَرَدَ} پاشان هەمزەی مەکسور لەگەڵ {ت}ی مەفتوح زیاد کرا.

بوو بە {إطترد} وەکو {إجتمع}ە پاشان {ت} کرا بە {ط} وە دەغم کرا بوو بە {إطَّرَدَ} (**وليس فيه إلاّ الإدغام**) دروست نیە لە {اطرد}ەی هیچ لوغەتێك وەکو ئەوانی تر تەنها ادغام دروستە (**ومثل اظطلم من الظلم علي الأصل**) دواین میسال وەکو {اظطلم}ە مەصدەرە مجرەدەکەی {ظُلْم} بوو کراوە بە {ظَلَمَ} پاشان نیشانەی بابی{افتعال} کە {ت} لەگەڵ هەمزە زیاد کرا بوو بە {اظتلم} پاشان {ت}کرا بە {ط} بووبە{اظطلم}، ئەمە لوغەتی ئەصلەکەیەتی کە هیچ دەغمی بۆ نەکراوە (**ويجوز {اطلم} علي القياس**) دروستە {ظ}بکرێ بە{ط} وەدەغم بکرێ، وەکو {اطلم} وە ئەمەش موافقی یاسایە، چونکە قەلبی یەکەمی کراوە بە دووەم، (**واظلم علي خلافة**) وە دروستە بیکەی بە {اظلم} بە پێچەوانەی یاسا، چونکە لێرەدا قەلبی دووەمی کراوە بە هی یەکەم (**وكذا متصرفاتها**) یانی ئەم حوکمە تەنها بۆ -ماضي-ەکان نیە، بەڵکو بۆ هەموو مشتقاتەکانی تریشە وەکو -مضارع-و مصدرو -اسم الفاعل-.....هتد. وەکو {يصطلح، اصطلاحاً، مصطلح.....هتد.} (**واعلم انه متي كان فاءافتعل دالاً أو ذالًا أو زاءً قلبت تائه دالاً**) بزانە هەرکاتێك {فاء الفعلي} بابی {افتعال} یەك بوو لەم سێیانە {د، ذ، ز} لەم کاتە قەلبی {ت}زیادەکەی دەکرێ بە {د} (**لقربهما من التاء مخرجاً**) چونکە {ط}لە قاعیدەی پێشوو {د} لەم قاعیدەیە، لەگەڵ{ت}ی بچووك {قرب المخرج}یان هەیە، واتە لەم شوێنەی کە لێی دەردەچن لە ناو دەمی لێك نزیکن، چونکە هەر سێکیان ودسەتینە، یانی لە ناوانی زاری دەردەچن. (**فتقول في افتعل من الدرء والذكر والزجر**) تۆ دەڵێیت لە دروست کردنی فعلی -ماضي- لە بابی {افتعال} لەم سێ مصدەرە کە{الدرء و الذكر و الزجر}ن (**ادّرَءَ**) لێرەدا {دَرْءً} مصدەری مجرەدە بیکە بە فعلی -ماضي- مجرد، بوو بە{دَرَءَ} پاشان نیشانەی بابی {افتعال} کە هەمزەیە لەگەڵ {ت} زیاد بکە، بوو بە {إدْ تَرَءَ} جا

قەلبی {ت} کرا بە {د}و دەغم کرا بوو بە{ادّرَءَ} (**ولیس فیه الا الأدغام**) لەم وشەیە دا تەنها ادغام دروستە، وەهیچ لوغەتی تری دروست نیە وەکو{اطرد} کەلەپێشان باس کرا، (**واذ دکَرَ**) بەڵێ -ماضي- مجردەکەی {ذَکَرَ} بوو، پاشان نیشانەی بابی {افتعال} زیادکرا بوو بە {اذْتکر} لەبەر ئەم یاسایە {ت} کرا بە{د} بوو بە {اذدکر} (**وفیه ثلاثة أوجه اظطلم**) یانی دروستە لە وشەی {إذدکر} هەر سێکی ئەو لوغەتانەی لە {اظطلم}ی دروست بوون، واتە: دروستە - ذال- بکرێتە دال و دەغم بکرێت و بگوترێت {إدّکر}، ئەم وەجهە لەگەڵ پێشوەکەی هەردووکیان قیاسین، وە بە پێچەوانەی دووەمیش دەتوانی {دال} بکەیتە {ذال} وە بڵێی {إذّکر} بەڵام ئەمەیان بە پێچەوانەی یاسایە هەروەك لە پێشەوە باسکرا (**وازدجر**) ئەم فعلە -ماضي- موجەرەدی {زجر} بوو، پاشان کردمان بە بابی إفتعال بوو بە {إزتجر}، دوای ئەوە قەلبی تێ کرا بە دال بە پێی قاعیدەی رابردوو بوو بە {إزدجر} (**وفیه وجها إصطلح**) یانی دروستە لە {إزدجر} هەردووکی ئەو شێوانەی لە {إصطلح}ەی دروست بوون، کە دەکاتە: {إزدجر} بە بێ دەغم کردن، وە {إزّجر} قەلبی دالی بکەی بە {ز} وە دەغمی بکەی، بەڵام دروست نییە بخوێنییەوە {إدّجر} چونکە گووتمان حروفی صەفیر لە غەیری خۆیان دەغم ناکرێن. جا لێرەدا لەوانەیە یەکێك بڵێت: بۆچی مصنف باسی جیمی نەکرد، کەچی تێ کراوە بە دال لەگەڵ جیم وەکو {واجدزّ}؟ ئەویش وەڵام دەداتەوەو دەفەرموویت (**وأما قلبها مع الجیم دالا کما في واجدزّ شیحاً فشاذ**) یانی قەلبی {ت} لە بابی إفتعال لەگەڵ پیتی جیم کە کراوە بە دال وەکو شاعیر دەڵێت {واجدزّ} ئەمە شازەو کەمەو، یاسای پێ هەڵناوەشێتەوە، جا لەبەر ئەوە مصنف {ر-خ} باسی نەکرد، جا {اجدزّ} - مضاعف-ە وەکو {مدد} -ماضي- مجردی {جزز} بووە پاشان کرا بە بابی إفتعال بوو بە {اجتزز، یجتزز} وەکو {إجتمع} جا ئەمری بە صیغە لە -مضارع-ەکەی دروست کرا بوو بە {اجتز} پاشان {ت} کرا بە دال بوو بە {اجدز}.

## باسی نونەکانی تەئکید

جا مصنف {ر،خ} کۆتایی هێنا بە بابی إفتعال، هاتە سەر باسی دوو نونەکانی تەئکیدو فەرمووی (**وتلحق الفعل غير الماضي والحال ولو لفظا فقط نونان للتأكيد**) واتە: دەلکێ بە ئاخیری فعل دوو نون کە هەردووکیان بۆ تەئکیدن، واتە: بۆ بەهێزکردنی مانای فعلن، بەڵام مەرجە کە ئەو فعلەی نونی تەئکیدی پێوە دەلکێ کە بە هیچ شێوەیەك -ماضی- نەبێت تەنانەت لە لەفزیش -ماضی- بێت هەر دروست نابێت وەکو {إن ضربت ضربت} ئێستا ئەم فعلە لە لەفزدا -ماضی-یە بەڵام لە مەعنادا -مضارع-ە بە هۆی {إن الشرطية} جا ناتوانی نونی پێوە بلکێنی، وە هەروەها نابێت ئەو فعلەی کە نونی پێوە دەلکێت نابێت ئەو فعلە -مضارع-دش بێت کە بۆ زەمانی حال و ئێستاکە بێت (**إلاّ في الدعاء**) گووتمان نونی تەئکید بۆ -ماضی- نابێ مەگەر ئەو فعلە -ماضی-یە دوعا بێت لەو کاتە نونی تەئکیدی پێوە دەلکێت، جا هەندێك دەڵێن: قیاسیە وە هەندێك دەڵێن شازە (**كدامنَّ سَعْدُك**) ئێستا لەو نمونەیە {دام} فعلی -ماضی-یە وە نونی پێوە لکاوە بەڵام چونکە بۆ دوعایە دروستە، ئەوە بە شێکە لە پارچە شعرەك کە تەواوەکەی ئەوەیە:

**دامنّ سعدكـ لو رحمتِ متيماً**

**لولاكـ لم يكن للصبابة جانحا**

وە هەروەها ئەو فعلە -ماضی-ەی کە {إن الشرطية}ی لەسەرە لەگەڵ {ما} کە زیادە وەکو دەفەرموێت (**فإمّا أدركن واحد منكم الدجال فليقرأ بسورة الكهف**) ئێستا {أدرك} فعلی -ماضی-یە لە بابی إفعالەو نونی تەئکیدی پێوە لکاوە لە کاتێکدایە کە {إن الشرطية} لەگەڵ {ما}ی زائیدە لەگەڵ جوملەکەی دایە، چونکە {إما} ئەصلەکەی {إن ما} بووە (**لمعنى الإستقبال فيه**) واتە: لەبەر ئەوە نونی تەئکید بەو فعلە -ماضی-یە وە لکاوە چونکە بۆ هۆی {إن الشرطية} مانای بۆتە إستقبال واتە: زەمانی داهاتوو دەدات یانی ئەگەر بە شازیش

دابندرێ لەبەر ئەمەیە کەمانای زەمانی دانەهاتووی تێدایە جا ئەم بەڵگەیە بۆ میسالی پێشووش دەگونجێت، چونکە {دام} دووعایە بۆ بەردەوام بوونی ئەم چاکەیە، ئەگەر چی هەندێك زانا بەڕێزەکان دەڵێن بۆ دوعا قیاسە لە هەموو شوێنێك دەبێ. یەکێك رەخنە دەگرێ و دەڵێت: تۆ گوتت نونی تەئکید تەنها بۆ فعل دەبێت، وە دەبینم بە {اسم الفاعل}یش لکاوە وەکو {أقائلن} لە وەڵامدا دەفەرموێت: (**وشذ في اسم الفاعل**) یانی شازە کە نونی تەئکید لکاوە بە {اسم الفاعل}، (**مثل اقائلن أُحضروا الشهود**) لێرەدا قائل {اسم الفاعل}ە و ئەسلەکەی {قاول} بووە وئیعلال کراوە ونونی تەئکیدی پێوە لکاوە، بەڵام شازە یاسای پێ لەکەدار نابێت و هەڵناوەشێتەوە، کە گووتمان ئەم نونە تایبەتە بە فعل.

**تێبینی :**

ئەم شعرە بەزۆر شێوە ماناکراوەتەوە، یەك لە ماناکانی ئەوەیە: کە پیاوێکی عەرەب لە ژنی خۆی تورە دەبێت، وە پێی دەڵێت تۆ ژنی من نیت و، من تۆم مارە نەبڕیوە، لەو کاتەدا ئەم شاعیرە کە {ذؤبی کوڕی عجاجة} بەم عەرەبە دەڵێت:

**أرأيت ان جائت به أملودا مرجلاً ويلبس البرودا ولا يرى....ألخ**،

واتە: پێم بڵێ ئەگەر ئەم ژنە کوڕێکی رێك و پێك و سەر شانەکراوو قوماشێکی یەمەنی لەبەر کراوی هێنا وە هیچ ماڵو سامانی پێ نەبێت تۆ دەڵێیت ئەم ژنە هی من نییە با بۆ تۆ بێت، یان دەڵێی هی منە بڕۆن شاهید حازر بکەن، خۆ لەم کاتە ناڵێی هی من نییە.

(**ويشترط في اللحوق أيضا معنى الطلب**) واتە: بە مەرج گیراوە بۆ لکاندنی ئەم دوو نونە بە فعل کە مانای {طلب} واتە: داواکاری بگەیەنێت، هەروەك بەشەرت گیراوە کە ئەم فعلە -ماضی-و حال نەبێت، یانی {مستقبل} داهاتوو بێت، جا ئەم داوایەش (**تحقيقا كالأمر**) جا داوایەکەش حەقیقی بێت و راستەوخۆ بێت، وەکو فعلی ئەمرو نەهی... هتد (**أو تشبيها كالنفي**) یان ئەگەر داوایەکە هەقیقی نەبێت، بەڵام هاوونە بێت، وەکو نەفی کە هاووێنەیە لەگەڵ نەهی لە نەبووندا،

ئێستا {لاتذهبْ} بە سکوونی ئاخیری نەهـیە، بەڵام {لاتذهبُ} بە ردفعەی نەفیە، مانای هەردووکیان نەڕۆیشتن دەگەیەنێت، بەڵام هی یەکەم داوایە، وە هی دووەم داوا نییە، جا نونی تەئکید بۆ هەردووکیان دەگونجێت وەکو {لاتذهَبَنَّ} (**دون الأخبار المستقبلة**) نونی تەئکید نابێ بۆ ئەو فعلانەی کە ماناکەیان ڕووداوێکی دانەهاتووە، وە خاڵیە لە داواکاری (**لفقد الطلب**) چونکە ئەم جۆرە فعلانە {طلب} داواکاریان تێدا نییە، وە ئەمەش مەرجە بۆ نونی تەئکید (**مثل سينصر**) ئێستا ئەم فعلە -مضارع-ەکی موستەقبەلەو خاڵیە لە داواکاری کەواتە دروست نییە نونی تەئکیدی پێوە بلکێ {سينصرنَّ} نابێت هەرچەندە ئەم پیتی سینە بۆ تەڵەبە هەر نابێت (**إحديهما خفيفة ساكنة**) یەك لەم دوو نونە سوکەو زەنەدارە (**والأخرى ثقيلة مفتوحة**) وە دووەمیان گرانەو سەری هەیە، میسالەکانی هەردووکیان وەك ئەوەی کە قورئان دەفەرمووێت ﴿**لَيُسْجَنَنَّ وَلِيَكُوناً مِنَ الصَّاغِرِينَ**﴾. یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: ئەم نونەی -ثقيلة- هەموو کاتێك هەر مەفتوح دەبێت؟ لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**إلاّ فيما تختص أى تنفرد الثقيلة به**) بەڵێ هەر مەفتوحە تەنها لە دوو شووێن نەبێت، کە ئەم دوو شوێنە نونی -ثقيلة- تایبەتە پێیان، وە خەفیفەیان ناچێتە سەر (**وهو فعل الأثنين وجماعة النساء**) ئەو دوو فعلەی کە نونی -ثقيلة-ی بۆ تایبەتە یەکیان -تثنية-یە چ بۆ پیاوان یان بۆ ئافرەتان، واتە: بۆ -مذكر- بێت یان بۆ -مؤنث- بێت، وە ئەوی دیکەیان جەمعی -مؤنثة- جا غائیب بێت یان موخاتەب (**فكسرت فيهما**) ئەم نونە ی -ثقيلة- لەم دوو فعلانە مەکسور کراوە، مەفتوح نییە (**تشبيها بنون التثنية**) لەبەر شوبهاندن و هاووێنەیی ئەم نونە لەگەڵ نونی -تثنية- لەوەدا کە هەردووکیان زیادن وە لە دوای ئەلف هاتوون، جا چۆن ئەویان مەکسورو لە ژێر کراوە ئەمەشیان بە هەمان شێوە لە ژێریان کرد (**نحو إذهبانِّ وإذهَبْنانِّ**) ئێستا {إذهبانِّ} فعل ئەمرە بۆ دوو کەس لە {تذهب} وەرگیراوە کراوەتە {إذهبا} پاشان نونی گرانمان پێوە لکاند بوو بە {إذهبانَّ} بە فەتحەی نون، پاشان نون مەکسور کرا لەبەر هاووێنەیی لەگەڵ نونی -

تثنية- بوو بە {إذهبانِّ}، وە {إذهبنانِّ} جەمعی -مؤنث-ی موخاتەبە ئەصلەکەی {إذهبْنَ} بووە، کە لە {تذهبن}ەی -مضارع- وەرگیراوە، نونی تەوکیدمان بۆ دانا بوو بە {إذهبْنَنَّ} پاشان ئەلفەکمان زیاد کرد لە نێوان نونی جەمعی -مؤنث-و نونی تەئکید بوو بە {إذهَبْنانِّ} وەکو بە خۆی دەفەرموویێت (**وتدخل الفا بعد نون الجمع لتفصل بين النونات**) تۆ ئەلفێك دادەنێی لە دوای نونی جەمع بۆ ئەوەی جیایی‌و فەصل بێخیتە نێوان ئەم سێ نونە، کە یەکیان نونی جەمعەو دووانی دیکە نونی تەئکیدن چونکە نونی -ثقيلة- بە دوو نون حسابە یەکیان لەوەی دیکە دەغم کراوە، هەر لەبەر ئەمەش فەرمووی {النونات} بە صیغەی جەمعی گووت. وە ئەگەر یەکێك بڵێت: بۆچی یەکیان حەزف ناکەیت؟ دەڵێم: چونکە یەکیان فاعیلە وە ئەوانی دیکە تەئکیدن هیچیان نابێ حەزف بکرێن. (**ولا تدخلهما الخفيفة**) تۆ نونی خەفیفە نەخەیتە سەر ئەم دوو فعلە کە -تثنية-و جەمعی -مؤنث-ە مە خوێنەوە {اذهبانْ و اِذهبنانْ} (**والا يلزم التقاءالساكنين علي غير حده**) ئەگەر نونی خەفیفە بەم دوو فعلە بلکێنی گەیشتنی دوو پیتی ساکن روودەدات لەسەر غەیری ئەم سنوورو یاسایەی کە بۆی بڕیار دراوە کە ئەمەش دروست نابێت وەکو لەمەو دواباس دەکرێن، ئەم دوو پیتەش، یەکیان ئەلفەو، وە ئەوی تریان دەبێتە ئەم نونە خەفیفەیەی کە بیهێنی (**أما في التثنية فظاهر**) بەڵێ گەیشتنی ئەم دوو پیتە ساکنە لە میسالی -تثنية-شتێکی روونەو دیارە لەبەرچاو وەکو {اذهبانْ} ئەوەتە دوو ساکن لەم میسالە پێکەوەن، کە ئەلف ونونە (**وأما في الجمع فلأن الألف يُزاد معها**) بەڵام لە جەمعی ئەگەرچی هیچ ئەلفی تێدانیە، پێویستە لەوێش ئەلف زیاد بکرێت جا کە زیاد کرا ئەم {التقاء الساكنين}ە دەبێت. ئەگەریەك بڵێت: بۆ ئەلف زیاد دەکەی؟ دەڵێین چۆن لە نونی -ثقيلة- زیاد کراوە هەروەها لێرەش زیاد دەکرێ، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە قەرەداغی کە حاشیەی تصریفی {مەلا عەلی}ە {ر.خ} (**وان ذَهبَ الي مذهب يونس ايضا**) یانی ئەلف هەر زیاد دەکرێت لەگەڵ نونی خەفیفە، وەکو بۆ -ثقيلة- زیاد کراوە. ئەگەر لەسەر بۆچونی مامۆستای بە ڕێزیش

بێت کە {یونس}ە . جا بزانە لێرەدا سێ بۆچون هەیە، یەکەم: بۆچوونی {بصریەکان} ئەوان دەڵێن نونی خەفیفە بۆ ئەم فعلە قەددغەیە، کە مامۆستا علی {ر.خ} لەسەر بۆ چوونی ئەوانە. دووەم: بۆچوونی {کوفیەکان} ئەوان دەڵێن نونی خەفیفە دەخەینە سەر ئەم دووانە، بەڵام نون حەرەکە دار دەکرێت لەبەر {التقاء الساکنین} کەواتە دروستە بڵێیت {اذهبانِ} بە کەسرەی نونی تەوکید. بیرو بۆچوونی سێهەم: هی مامۆستا {یونس}ە، ئەو دەفەرمویێت نونی تەوکیدی سووک دەخەینە سەر ئەم -تثنیة-و-جمع- وەهیچ حەرەکەشیان پێ نادەین وگەیشتنی دوو ساکن لێرەدا دروستە، جا مامۆستا {علی} فەرمووی ئەگەر نونی خەفیفە بخەیتە سەر ئەم دووانە پێویستە ئەلف زیادبکرێت، چونکە بۆ -ثقیلة- زیادکراوە، بۆنەمەش زیاد دەکرێت هەرچەندە بڕۆین بۆ بۆچوونی {یونس} کە بە ئاشکرا {التقاء} بووە (**ولا یجوز تحریکها**) بەڵێ کوفیەکان گووتیان نونەکەی حەرەکە دار دەکەین، جا بەرێزی رەدیان دەداتەوەو دەڵێت: دروست نییە ئەم نونە حەرەکەدار بکرێت (**لأنهم یحذفونها عند التقاء الساکنین**) چونکە عەرەبەکان نونی خەفیفە لادەدەن لەکاتی گەیشتن بە ساکنێك، هەروەك میسال دەهێنێ و دەفەرمووێت (**کقول الشاعر: لا تُهِینُ الْفقیرَ....الخ، والأصل لا تهینَنْ : صح**) ئەصلەکەی پێشی تەوکید بکرێت {تهین} بوو، -ماضي-ەکەشی {إهانَ}دیە، {لا}ی نەهی هاتەسەری و حەرەکەی نونی لادا {التقاء الساکنین} بوو لەنێوان {ی}کە {عین الفعل}ە لەگەڵ {ن} کە {لام الفعل}ە پاشان {ي} لادراو{ن}بەساکن ماوە، جا نونی تەوکیدی خەفیفە هات و نونی ئەصلی مەفتوح کرد و{التقاء} نەما وە {عین الفعل} کە {ی}ە گەڕاوە شوێنی خۆی و، بووبە{لا تُهِینَنْ} کە خۆی فەرمووی {والأصل....الخ} پاشان لەگەڵ {الفقیر}لێکدرا {التقاء} لە نێوان نونی خەفیفە لەگەڵ لامی {الفقیر} روویدا بەناچاری نونەکەمان حەزف کرد بووبە {لا تُهینَ الفقیرِ} بەڵگەش لەسەر حەزفی نونی ئەودیە کە نونی ئەصلی مفتوح بووە وە {ي} {عین الفعل}یش گەڕاوەتەوە، چونکە پێش ئەوەی تەوکید بکرێت {ي} حەزف کرابوو، وە

نونەکەشی ساکن بوو بەڵام کەتەوکید کرا، نونی {لام الفعل} مفتوح کراو {ي} {عين الفعل} گەڕاوە.

**پاشکۆ :**

باش وایە درێژە بدەین بە باسی نونی تەئکید چونکە ئومێدەوارین سودی هەبێت. ئنجا برای فەقێ گوتمان دوو نون بە فعلەوە دەلکێن بۆ تەئکید کردنەوەی فعلەکە، یەکەم: -ثقیلة-ی مەفتوحە، واتە: سەری هەیەو گرانەو بە شەددەیە. دووەم: خەفیفەی ساکینە، واتە: سووکەو زەنەدارە، وەکو دەڵێن: {إذهبَنَّ، وإذهبَنْ} وە ئەوەش بزانە فعل سێ جۆری هەیە -ماضی- وە -مضارع- وە ئەمر، گوتمان ئەم نونانە بۆ فعلی -ماضی- دەست نادات مەگەر بە شاز واقیع بووبێت، وە بۆ فعلی ئەمریش بەبێ مەرج دەبێت، بۆ فعلی -مضارع-یش سێ جۆری هەیە، یەکەم: واجب، واتە: دەبێت هەر پێیەوە بلکێت، دووەم: جائیز، واتە: هەبوون و نەبوونی دروستە، سێیەم: ممنوع: واتە: قەدەغەیە پێیەوە بلکێت. ئنجا بزانە مەرجەکانی واجب چوارن، یەکەم: ئەو فعلە -مضارع-ە جەوابی {قسم} واتە: سووێند بێت. دووەم: لامی قەسەم لەسەر -مضارع-ەکەی بێت. سێیەم موستەقبەل بێت. چوارەم: -مثبت- بێت، یانی: حەرفی نەفی لەسەر نەبێت، میسالی ئەمە {واللّه لأبرنَّ صديقى} لێرە {أبر} -مضارع-ە وە جەوابی سوێندە، لامی لەسەرەو موستەقبەلەو -مثبت-ە واجبە نونی تەوکید بەم -مضارع-ەوە بلکێت. وە مەرجەکانی دروستبوونی ئەم نونەی تەوکید حەوتن، یەکەم: لە پێش ئەم -مضارع-ە {إن الشرطية} هەبێت لەگەڵ {ما}ی زائیدە، ئنجا ئەم وشەی {إن} دەغم بکرێت لە وشەی {ما} وەکو بڵێیت {إمّا تهملنَّ السعى تتعرض للفشل}. دووەم: لامی ئەمری لە پێش بێت وەکو {لتتركنَّ مدح نفسك وإلاّ كنت هدفا للسخرية}. سێیەم: لای نەهی لە پێش بێت وەکو قورئان دەفەرمووێت ﴿**ولا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ**﴾. چوارەم: إستفهام، وەکو {هل تساعدنَّ الفَقيرَ}. پێنجەم: {عرض} {إلا تغفرنَّ ذنب الصديق}. شەشەم: {تحضيض} وەکو {هلا تخلصنَّ لزملائك}. حەوتەم: {تمني} وەکو{ليت اكمال الدراسة يعمنَّ

الطلاب} . لەم شوێنانە تۆ دەتوانی تەوکید بکەی و نەکەی بەپێی کات وشوێن، وە لە دوو شوێن قەدەغەیە تەوکید بکرێت. یەکەم: ئەو-مضارع-ەی کە جەوابی سوێندە، بەڵام مەرجەکانی واجب بوونی تێدا نەبێت، وەکو {والله لسوف آزور استاذي} لێرە لام هەیە بە{أ} لەسەر وشەی{آزور} نییە، بەڵکە فاصل هەیە، {والله لأقرء القرآن الآن} بۆ مستقبل نییە بەڵکە بۆ حالە{والله لا أحب الخونة} -مثبت- نییە بەڵکە{منفي}یە. دووەم: مەرجەکانی دروست بوونی تەوکید نەبێ کە حەوتەکانن، وەکو {تساعد الفقير} بەبێ وشەی {هل} یان بڵێت {تترك مدح نفسك...الخ} تا بەم شێوە تاکو تەواو دەبن.

یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت:{مصنف} {ر.خ}فەرمووی ئەگەر نونی خەفیفە بخەیتە سەر ئەم دوو فعلە {التقاء الساكنين} روودەدات لەسەر غەیری یاسای خۆی ئەمە وا دەگەیەنێ کە{التقاء الساكنين} هەبێت لەسەر یاسای خۆی ودروست بێت؟ جا دەفەرموێت: بەڵێ (**والتقاء الساكنين إنما يجوز قياساً**) یانی: گەیشتنی دوو ساکین دروست نییە بە گوێرەی یاسا (**إلاّ فيما إذا كان الأول حرف لين والثاني مدغما**) مەگەر لە کاتێك کە ساکینی یەکەم لەم دوانە پیتی لین بێت و، وە ساکینی دووەمیش دەغم کرابێت لە پیتی دوای خۆی، وە پیتەکانی لین ئەوانەن {واو ساكن ما قبل مضموم، ياء ساكن ما قبل مكسور، وألف ساكن ما قبل مفتوح} ئەم سێ پیتە هەموو کات حەرفی عیللەیان پێ دەگوترێت، بەڵام هەموو کات پێیان ناگوترێت پیتی لین. جا ئەوەی گووتمان لەسەر بۆچونی هەندێك لە زانایانە، وە هەندێکی دیکە جیاوازی دەخەنە نێوان حەرفی لین و مەددە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە حاشیەکانی تەصریفی مەلا عەلی (**كدابَّةٍ**) ئێستا وشەی {دابة} ئەصلەکەی {دابِبَة} بوو، پاشان پیتی یەکەم ساکن کرا ئنجا لە هی دووەم دەغم کرا، لێرەدا دوو ساکین بە یەك گەیشتن یەکەمیان ئەلف و دووەمیان {باء} کە دەغم کراوە لە بێی دووەم جا ساکینی ئەوەڵ حەرفی مەددە وە ساکینی دووەم دەغم کراوە لەسەر یاسای خۆیەتی، ئەمە دروستە (**وخُوَيْصَّة**) ئەمە تەصغیری {خاصّة}یە. ئەصلەکەی

{خُوَیْصِصَة} بووە صادی یەکەم ساکن کراو لە صادی دووەم بزر کرا، جا دوو ساکن بە یەك گەیشتن یەکەمیان {ی} وە دووەم صاد ئەمە دروستە چونکە بە گوێرەی یاسایە. وە میسالی واویش ئەوەیە {تُمُودّ الثوب} ئەصلەکەی {تُمُودِدَ} بوو، فعلی بینا مەجهولی {تمادد}یە وەکو {تباعد} ئەلفەکەی کرا بە واو چونکە بە پێی یاسای خۆیەتی، وە دالی یەکەم ساکن کراو لە دالی دووەم بزر کرا، جا هەرچەندە دوو واو بە یەك گەیشتن کە کە واوو دالە دروستە چونکە بە پێی یاسای رێ پێدراوە (**والوقف كزيدْ**) واتە: بە یەککگەیشتنی دوو ساکین بە گوێرەی قیاس دروستە لە کاتی {وقفْ} وەستان لەسەر هەر وشەیەك جا حەرفی مەد بێت یانە نا، وەکو {زَيدْ} حەرفی دووەمی لینە یان وەکو {بَكْرن عَمْروْ... هتد} (**ودخول همزة الإستفهام على الإسم المعرف باللام**) دروستە دوو ساکین بە یەك بگەن لە کاتی هەمزەی إستفهام بخەیتە سەر ئیسمێك کە ئەلف و لامی تەعریفی خراوەتە سەر وەکو {آلْحسنُ} ئەصلەکەی {أَلْحسن} بوو، هەمزەی یەکەم إستفهامە وە هەمزەی دووەم وەصلە، هەمزەی وەصل قەلبی کرا بە ئەلف، جا {إلتقاء الساكنين} روویدا لەگەڵ لامی {الْحسن} ئەمە دروستە چونکە بە گوێرەی یاسای خۆیەتی (**وفي غيرها تحذف المده**) واتە: ئەگەر دوو ساکین بە یەك گەیشتن لە غەیری ئەم سێ شوێنەی رێیان پێدراوە پێویستە پیتی مەدە حەزف بکرێت لە کاتێك {إلتقاء} لەگەڵ ئەو بێت جا ئەو مەدە واو بێت یان {یاء} یان ئەلف بێت وە لە یەك وشە بن یان لە دوو (**كيَغْزو الجَيْشُ**) ئێستا ئەم واوە کە پیتی مەدەیە لەگەڵ لامی {الجيش} بە یەك گەیشتوون ئەم واوە {لفظاً} حەزف کراوە بەڵام بە نووسین هەر دەمێنێت، وە بەهەمان شێوە میسالەکانی ئەلف و یائیش وەکو {يَخْشَى القومُ} وە {يَرْمى الغرض} ئەم ئەلفە لە {يخشى} وە یانی {يرمى} ئەگەر چی لە نووسین ماون بەڵام ناخوێندرێنەوە (**ويُحرَّكُ غيرها**) واتە: ئەگەر {إلتقاء الساكنين} بوو، بەڵام پیتی مەدە لەوێ نەبوو بەڵکە پیتێکی دیکە لەوێ بوو ئەمەیان لانادرێت و، پێویستە حەرەکەی بدەیتێ، جا ئەم پیتە ئەگەر پیتی عیللەش بێت هەر لانادرێت، چونکە گووتمان تەنها پیتی مەدە

لادەدرێت، جا حەرەکەدار کردنی ئەم ساکینە یان ساکینی یەکەم حەرەکەدار دەکرێت یان هی دووەم وەکو مامۆستا خۆی دەفەرمووێت (**إما الأول**) واتە: یان ساکینی یەکەم حەرەکەدار دەکرێت، وە لەمەودوا دەفەرمووێت {وإما الثانی} (**کإضرب القومَ**) لێرەدا دوو ساکین بە یەك گەیشتن ساکینی یەکەم {باء}ەو ساکینی دووەم لامی {القوم}ە بە ساکینی یەکەم وە حەرەکە خستراوە کە {ب} وە حەرفێکی ساغیشە عیللە نییە، یان وەکو {إخشَيِ اللّهَ یا هندُ} لەم وشەیە {ي} حەرفی عیللەیە بەڵام حەرفی مەددە نییە، وە ئەمەش حەرەکەدار کراوە بە کەسرە (**والأصل أن یحرك بالکسر**) یاساو قانون وایە کە پیتی ساکین بە {کسرة} لەژێر حەرەکەدار بکرێت، جا ئەم ساکینە یەکەم بێت وەکو میسالی خۆمان یان دووەم بێت (**ویعدل عنه لمناسبات**) گوتمان قانون وایە ساکین وە حەرەکە بخسترێت بە لەژێر، بەڵام هەندێك جار لەم یاساو قانونە لادەدرێت و ئەم ساکینە حەرەکەدار دەکرێت بە غەیری کەسرە لەبەر چەند شتێك کە گونجاوو رێکترە (**مثل الخفة فی الفتحة**) یەك لەم شتانەی کە لە کەسرە لابدرێ ئەوەیە کە فەتحە سوکە جا ئەم ساکنە حەرەکەدار دەکرێت بەفەتحە چونکە سوکە لەسەر زمانی، وەکو{مِنَ المدینة}لێرەدا {التقاء الساکنین} رویدا لەنێوان نونی {مِنْ} لەگەڵ لامی {المدینة} جا نون حەرەکەدار کرا بەفەتحە چونکە زۆر سووکە (**وضمة اصلیة علي ما بعد الساکن الثاني وفي کلمته**) وە هەروەها موناسبەکی تر کە لەکەسرە لادەدەین ئەوەیە هەرکاتێك-ضمة-یەکی ئەسلی هەبێت لەدوای ساکینی دووەم، وە-ضمة-کەو ساکنەکەش لە یەك وشە دابن لەم کاتەش ساکنی یەکەم بەکەسرە حەرەکەدار ناکرێت بەڵکو ئەم جارە بە -ضمة- حەرەکەدار دەکرێت، لەبەر رێك بوونی لەگەڵ ئەم -ضمة-ی کە لەدوای ساکنی دووەم هەیە (**کقالتُ اخرُج**) ئێستا ساکنی یەکەم{ت} -تأنیث-ە وساکنی دووەم پیتی{خ}ە لەدوای ئەم ساکنە -ضمة-کی ئەصلی هەیە کە -ضمة-ي {ر}یە وە هەردووکیان لە یەك وشەدانە، جا ساکینی یەکەم حەرەکەدار کراوە بە -ضمة- لەبەر موناسەبەی پاش ساکینی دووەم، چونکە هەرچەند -ضمة- گرانە بەڵام زمان لەسەر

یەك ڕێگا بڕوا هەر خۆشترە، میسالی دیکە (**وقالتُ اغْزی**) لێرەدا {اغزی} فعلی ئەمرە بۆ -مؤنث-ی موخاتەبە، ئەصلەکەی {تغزوین} بووە وەکو {تنصرین} ئیعلال کراوە، بەڵێ {التقاء} لە نێوان {ت} لەگەڵ غەین بوو {ت} حەرەکەدارکرا بە -ضمة- چونکە لە دوای ساکینی دووەم کە {غ}ە -ضمة-کی ئەصلی هەبووە کە -ضمة-ی پیتی {ز}**یە** بەڵام لەبەر هۆی ئیعلال واو نەماوە وە {ز} مەکسور بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم -ضمة-یە لە ئەصلدا هەبووە ئێستاش**لە**{تقدیر}**دا**حیسابی بۆ دەکرێت، وە ساکینی یەکەم -مضموم- دەبێت بەڵام کەسرەشی دروستە (**لا قالتُ ارْموا فإنّه یکسر**) واتە: دروست نییە لێرەدا ساکینی یەکەم کە {ت}ە حەرەکەدار بکرێت بە -ضمة- چونکە لە دوای ساکینی دووەم کە {ر}ە -ضمة- هەیە کە هی میمە، بەڵام ئەصلی نییە بەڵکو بە هۆی ئیعلال -مضموم- بووە چونکە ئەصلەکەی {إرمیوا} بووە وەکو {إضربوا} یانی میم مەکسور بووە لە ئەصلدا کەواتە لە ساکینی یەکەم -ضمة- دروست نییە، وە هەروەها ئەگەر -ضمة- ئەصلیش بێت بەڵام لەگەڵ ساکینی دووەم لە یەك وشە دانەبن -ضمة- لە ساکینی یەکەم هەر نابێت وەکو {إنِ الْحکم} ئێستا لە دوای ساکینی دووەم کە لامە -ضمة-ی ئەصلی هەیە کە هی {ح}ە بەڵام چونکە لەیەك وشە نین ساکینی یەکەم کەنونە -مضموم- نابێت جا ئەگەر بڵێیت بۆ یەك وشە نین؟ لەوەڵام دا دەڵێین: لام وشەیەکە وە حوکم وشەیەکی دیکەیە هەرگیز -ضمة- دروست نابێت (**وإما الثانی**) گوتمان یان ساکینی یەکەم حەرەکەدار دەکرێت یات هی دووەم کە ئەمەیە (**إن أسکن الأول لغرض**) بە مرجێك ساکینی دووەم حەرەکەدار دەکرێت کە حەرفێك ساکین بکرێت لە پێش ئەم ساکینە لەبەر مەبەستێك، جا دوو ساکین دەگەن بە یەك ئەو جارە ساکینی دووەم حەرەکەدار دەکەین (**کلم یَلْدَهْ والأصل یَلِدْهُ**) میسالی وە حەرەکە خستنی ساکینی دووەم وەکو {لم یَلْدَهْ} ئەصلەکەی {یَلِدْهُ} بووە لام لەژێر دال لەبەر عامیلی جازیم زەنەدار بوو (**شُبِّهَ بکَتْفٍ**) جا ئەم فعلە شوبهێندرا بە وشەی {کَتْف}ە کە هەردووکیان سێ حەرفین و حەرفی ناوەندیان لەژێری هەیە، وە دروستیشە لە

{کتف}ەی حەرفی ناوەندی کە {ت}ی‌بە زەنەدار بکرێت، جا لەم فعلەش واتە {یلدە} حەرفی ناوەندی وەکو {کتف} مەکسورە، وە دروستە زەنەدار بکرێت، وە هەردووکیشیان سێ حەرفینە، ئەگەرچی لە {کتف} هەموو حەرفەکان ئەصلینە بەڵام لەم فعلە پیتی {ی} زیادە، جا مەبەست لەم شوبهاندنە سوککردنی ئەم فعلەیە، جا کە تەشبیە کرا (**فأُسْكِنَ اللام**) لەم فعلەدا لام کە عین الفعلە پێشان لەژێری هەبوو ساکین کرا وە {إلتقاء الساكنين} بوو لە نێوان لام و دال، پێویستە چارەسەر بکرێت (**فحرّك الدال بالفتح لإقتضاء الهاء الفتح**) جا کە دوو ساکین بە یەکگەیشتن ساکینی دووەم کە دالە وە حەرەکە خسترا لەبەر بە یەکگەیشتنی دوو ساکین، وە کە فەتحەی پێدرا ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە پیتی {ه} دەیەوێت پێشی مەفتوح بێت ئەگینا کەسرە ئەصلە (**ولو حرّك اللام لفات الغرض**) بەڵێ دال حەرەکەدار کرا چونکە ئەگەر لام حەرەکەدار بکرابا ئەو مەبەستەی کە لامی بۆ ساکین کرا بوو -کە شوبهاندنە بە -کتف- بەلاش دەچوو (**ويحذف مع التأكيد بالنون النون التي في الأمثلة الخمسة**) حەزف دەکرێت لە کاتی لکاندنی نونی تەوکید بەو پێنج فعلە کە پێیان دەگوترێت {الأمثلة الخمسة} ئەم نونەی کە هەیانە (**وهي يفعلان وتفعلان ويفعلون وتفعلون وتفعلين**) واتە: پێنج فعلەکان ئەمانەن، یەکەم: {یفعلان} بۆ دوو نێرینەی غائیب، واتە:بۆ دووی نادیار دەگووترێت. دووەم: {تفعلان} ئەمە بۆ سێ میسال دەگونجێ، بۆ دوو نێرینەی موخاتەب، وە بۆ دوو مێینەی غائیبە، وە بۆ دوو مێینەی موخاتەبە. سێیەم: {یفعلون} بۆ جەمعی -مذكر-ی غائیب بەکار دێت. چوارەم: {تفعلون} بۆ -مذكر-ی موخاتەب بەکار دێت. پێنجەم: {تفعلين} بۆ موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەبە، واتە: بۆ یەك ئافرەتی حازر بەکاردێت. جا ئەم نونە لەم پێنج فعلە دەڕوات لە کاتی نونی تەئکیدیان پێوە لکاندرا (**لأنه فيها علامة الإعراب**) چونکە ئەم نونە لەم پێنج فعلە نیشانەی إعرابە وەکو عیلمی نەحو باس دەکات کە ئەم فعلانە ڕەفعەیان بە هەبوونی نونە، وە نصبەو جەزمەیان بە حەزفی نونە، جا کە ئەم نونە نیشانەی إعراب بێت دیارە ئەم پێنج فعلەش موعرەبن (**وهذا**

**يجعل الفعل مبنيا كنون جمع المؤنث)** وە ئەم نونەی تەئکیدیش بە هەر فعلەك وە لکا بێت دەیکاتە مەبنی هەروەك نونی جەمعی -مؤنث- فعلی دەکاتە مەبنی. جا لە کاتی ئەم نونە تەئکیدە هات پێویستە نیشانەی إعراب لا بچێت (**وحينئذ يكون مبني الأصل عند بعض ومبني العارض عند آخرين)** لە کاتی کە ئەم فعلە تەئکید کرا بەم نونە ئەوا ئەم فعلە دەبێتە مەبنی و لە موعرەبی دەردەچێت، جا هەندێك دەڵێن: مەبنی ئەصلە کە بەصریەکانن، وە هەندێکی دیکە دەڵێن: مەبنی عارض-ە ئەمانەش کوفیەکانن، جا جیاوازی لە نێوان ئەم دووجۆرە مەبنیە وە بەڵگەی بوونی ئەم فعلە بەم دوو جۆرە مەبنیە لە کتێبە درێژەکان باس کراوە (**ويحذف واو يفعلون وتفعلون وياء تفعلين)** هەروەها لە کاتی لکاندنی نونی تەئکید بەم فعلانە واویش لادەبرێت لە {يفعلون و تفعلون} وە هەروەها {ي} یش لە {تفعلين} هەروەك نونەکە لادەبردرێت (**للثقل والإستطالة في الثقيلة)** جا کە واو و {ي} لادەبرێن لەبەر دوو شتە لە نونی -ثقيلة- یەکەم لەبەر گرانییە، دووەم لەبەر درێژی وشەکەیە بە هۆی ئەم نونە تەئکیدە، بڕوانە وشەی {يفعلونّ} پێك هاتووە لە فعلێك وتیسمێك وحەرفێك، بێگومان بەم شێوەیە درێژەو گرانە، جا کە واو حەزف کرا کەمێك سووك دەبێت، ئەمە لە نونی -ثقيلة- بەم شێوەیە، واتە: حەزفەکە لەبەر {ثقل وإستطالة}یە، بەڵام لە خەفیفەی ئەوەیە کە دەفەرمووێت (**وإلتقاء الساكنين على غير حده في الخفيفة)** بەڵام لە کاتی نونی سووك تەنها لەبەر یەك شتە کە ئەم واوو {ي}ە لادەبرێن، ئەوەشیان بە یەکگەیشتنی دوو ساکینە، وە ئەم بە یەکگەیشتنەشیان لەسەر غەیری یاسای خۆیە، ئەمەش گوتمان قەدەغەیە، بڕوانە وشەی {يَفْعَلُوْنْ} ئێستا دوو ساکین کە واوو نونن بە یەکگەیشتون، بەڵێ ساکینی یەکەم حەرفی مەدە، بەڵام هی دووەم {مدغم} نییە، کەواتە دروست نییە ئەم نونە خەفیفە بەم فعلانە بلکێ وە واو و {ي}یش بمێنن، بەڵکو پێویستە لابچن و لە کاتێك دەبینین کە -ضمة-و کەسرەش لە جیاتی واو لە {يفعلون وتفعلون} وە {ي} لە {تفعلين} ماون و، پێویست بەم واو و {ي}ە ناکات (**او للأخير فيهما عند منْ**

**يشترط كون المدة والمدغم في كلمة واحدة)** گوتمان لە کاتی لکاندنی نونی -ثقيلة- واو و {ي} لەبەر دوو شت حەزف دەکرێت، کە گران و درێژی وشە بوون، بەڵام لە کاتی لکاندنی نونی سووك تەنها یەك شت بوو ئەمەشیان بە یەکگەیشتنی دوو ساکین لەسەر غەیری یاسای خۆی بوو، جا لێرەدا دەفەرمووێت: حەزفی ئەم واو و {ي}ە لە -ثقيلة-و خەفیفەی هەر لەبەر ئەم عیللەتی دواییە کە {إلتقاء الساكنين}ە لەسەر غەیری یاسای خۆی، نەك لەبەر گرانیو درێژی بێت، جا ئەم عیللەتە لە نونی خەفیفە ئاشکرایە، بەڵام لە نونی -ثقيلة- ئاشکرا نییە چونکە لەوێدا ئەوەڵ حەرفی مەدەیەو دووەم مودغەمە وە لەسەر یاسای خۆیەتی، بەڵام هەندێك لە زانایان دەڵێن: دەبێت حەرفی مەدەکە ساکینی یەکەمە لەگەڵ مودغەمەکە کە ساکینی دووەمە لە یەك وشەدا بن، جا لەسەر بۆچوونی ئەم زانایانە لە یەك وشەدا نینە، چونکە واو وشەیەکی جیاوازە لەگەڵ نون، کەواتە لە هەردووکیان کە نونی سووك و گرانە ئەم واوو {ي}ە لادەچن تەنها لەبەر گەیشتنی دوو ساکینەکە لەسەر غەیری حەدی خۆیە، نەك لەبەر گرانیو درێژی بێت، کەواتە: حەزفی واو لە {يفعلونّ} کە نونی گرانە وە لە {يفعلونْ} کە نونی سووکە لەبەر یەك هۆیە کە گەیشتنی دوو ساکینە **(وعدم اللبس)** ئەمەیان وەڵامە بۆ پرسیاری کەسێك کە دەڵێت: ئەی بۆ ئەلفی -تثنية-ش لە {يفعلان وتفعلان} حەزف ناکەیت؟ جا لە وەڵامدا دەفەرمووێت: واوو {ي} لادەبرێن چونکە تێکەڵیو ئیلتیباسی لەگەڵ هیچ روونادات **(لدلالة الضمة والكسرة عليهما)** چونکە -ضمة-ی لام الفعل لە {يفعلون وتفعلون} وە کەسرەکەی لە {تفعلين} دەلالەت دەکەن و بەڵگەنە لەسەر ئەم واوەو {ي}ە، یانی بەهۆی ئەم بۆرو ژێرە تۆ دەزانی کە واو و {ياء} حەزف کراون، بۆ وێنە {أتَذْهَبُون} دەبێتە {أتَذْهَبُنَّ} لێرەدا -ضمة- بەڵگەو دەلیلە لەسەر حەزفی واو، {وهل تذهبين} کە مفرەدی -مؤنث-ە دەبێتە {هل تذهبِنَّ} لێرەدا کەسرە شاهیدە کە {ياء} حەزف کراوە **(بخلاف ألف التثنية)** ئەمە بە پێچەوانەی ئەلفی -تثنية-یە، یانی: دروست نییە ئەلفی -تثنية- لابدرێت، چونکە لەوێدا إلتباسی

دەبێت ئەم -تثنية- بە موفرەدی، بۆ نمونە {هل تذهبان} جا ئەگەر ئەم ئەلفە لابچیت نونەکەش مافی لەژێری نامێنێت پێویستە لەسەر بکرێت جا دەبێتە {هل تذهبَنَّ} کە لە راستیدا ئەم صیغەیە هی مفرەدە، وە لێرەدا هیچ جیاوازی نەما لە نێوان -تثنية-و موفرەد، کەواتە: هیچ رێگا نەما بۆ لادانی ئەلفی -تثنية-. جا ئێمە گووتمان واو و {ياء} حەزف دەکرێن لە کاتی تەئکید کردن، ئایا ئەم حەزفە لە هەموو کاتێك دەکرێت؟ لە وەڵامدا دەفەرموویت (**إلاّ إذا انفتح ما قبلهما**) مەگەر لە کاتێك کە حەرفی پێش واو و {ياء} لەسەری هەبێت، لەم کاتەدا ناتوانین هیچیان حەزف بکەین (**لفقد الدال عليهما**) چونکە لەو کاتی هیچ شتێك نییە دەلالەت بکات و بەڵگە بێت لەسەر واو و {ياء} چونکە گووتمان -ضمة- بەڵگەیە کە واو لێرەدا هەبووە، وە کەسرە بەڵگەیە لەسەر هەبوونی {ياء} جا کە لە پێش ئەم واو و {ياء}ە فەتحە هەبوو ناتوانیت لایان بدەیت (**وذالك في الناقص**) واتە ئەو فعلەی کە بەم شێوەیە ئەوە لە معتل اللام دا وایە کە پیتی پێش ئەم واو و {ياء}ە لەسەری هەیە (**نحو لاتَخْشَوُنَّ**) ئەصلەکەی {تَخْشَيُونَ} بووە، {ياء} کراوە بە ئەلف و حەزف کراوە، پاشان {لا}ی نەهی خراوەتە سەری ئەم نونەی لاداوە، جا تەئکید کراوە بە نونی گران {إلتقاء} دەبێت لە نێوان واوی جەمع و نونی تەئکید کە دەغم کراوەو ناتوانین هیچیان حەزف بکەین، بە ناچاری واو وەحرەکە خسترا بە -ضمة- چونکە ئەگەر ئەم واوە لابدرێت هیچ نییە دەلالەتی لەسەر بکات، وە ئەگەر نونیش حەزف بکەیت ئەوە هیچ تەئکید کردنەوە نامێنیت (**ولا تَخْشَيِنَّ**) ئەمە مفرەدی -مؤنث-ی موخاتەبە، ئەصلەکەی {تخشَيْيْنَ} بووە بە دوو {ياء} جا {ياء}ی لام الفعل قەلب کرا بە ئەلف و لادرا جا لای نەهی هات و نونەکەی لادا، جا تەئکید کرا بە نونی -ثقيلة- {إلتقاء} بوو لە نێوان {ی} کە هی موفرەدی فاعیلەو-مؤنث-ە لەگەڵ نونی تەئکید، وە دروست نییە هیچیان لابدرێت، چونکە ئەگەر نونی لابدەیت ئەوە تەئکید نامێنیت، وە ئەگەر {ی} لابدەیت هیچ نییە بەڵگە بێت لەسەری، بە ناچاری {ی} حەرەکەدار دەکرێت بە کەسرە، چونکە

هەردووكیان موناسیبی یەكن لێك دێن (**وَلَتُبْلَوُنَّ**) ئەمەش وەكو میسالی یەكەم جەمعی -مذكر-ە بەڵام بینا مەفعولە، ئەصلەكەی {تُبْلَوونَ} بووە، واوی یەكەم كرا بە ئەلف و حەزف كرا بوو بە {تُبْلَوْنَ} پاشان لامی جەوابی قەسەم هێندرا لەگەڵ نونی تەئكید حەزفی نونی پێشوو كرا، جا ئیلتیقا بوو لە نێوان واو و نون وە نابێت هیچیان لابدرێن، بە ناچاری واو حەرەكەدار كرا بە -ضمة- چونكە پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە (**وإمّا تَرَيِنَّ**) ئەمەش موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەبە وەكو هی دووەم، ئەصلەكەی {تَرْئَيِينَ} بووە، حەزفی هەمزەمان كرد، پاشان {ي} قەلب كرا بە ئەلف و لادرا بوو بە {تَرَيْنَ} پاشان {إما}ی شەرتیەمان خستە سەری بوو بە {إما تَرَيَ} ئەوجارە تەئكید كرا بە نونی تەئكید وە {یاء} كە بۆ موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەبەیە بە ناچاری مەكسور كرا بوو بە {إما تَرَيِنَّ} لەسەر وەزنی {تَفَيِنَّ} واتە: بەس {فاء الفعل} ماوە، بەڵام لەوانی پێشوو تەنها لام الفعل لادەچوو، جا ئەگەر بتەوێت ئیعلالی ئەوانە بە درێژی بزانیت بڕوانە شەرحە تەصریفی مامۆستای مودەریس بكە -خوا تەمەنی درێژبكا- (**ويفتح آخر الفعل إذا كان فعل الواحد والواحدة الغائبة**) ئەمانەش چەند حوكمێكن كە باسیان دەكات بۆ ئەو فعلەی كە نونی تەئكیدی پێوە لكاوە، دەفەرمووێت: ئاخیری فعل لەسەری بۆ دەكرێت لە كاتێك كە ئەو فعلە بۆ موفرەدی -مذكر- بێت غائیب یان موخاتەب، وە یان موفرەدی -مؤنث-ی غائیبە بێت، وە هەروەها {متكلم وحده ومتكلم مع الغير} (**لخفته**) بۆیە لەم كاتە لەسەر دەكرێت چونكە فەتحە سووكە (**ويضم إذا كان فعل جماعة الذكور**) واتە: ئاخیری فعلی -مضموم- دەكرێت لە كاتێك كە جەمعی -مذكر- بێت جا غائیب بێت یان موخاتەب (**ويكسر إذا كان فعل الواحدة المخاطبة**) ئاخیرەكەی لەژێر دەكرێت لە كاتێك موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەبە بێت (**أي يبقى على الضم والكسر**) واتە: بۆ جەمعی -مذكر-ان ئەگەر خۆی -مضموم- بێت ئەوە وازی لێ دەهێندرێت، وە ئەگەر -مضموم- نەبوو -مضموم- دەكرێت، وە بۆ موفرەدی -مؤنث-یش بە هەمان شێوە ئەگەر مەكسور بێت باشە، ئەگینا مەكسوری

بکە (**فتقول بالثقيلة**) تۆ دەڵێیت لە ئەمری غائیب لە کاتی تەئکیدکردنی بە نونی گران (**لِينصُرَنَّ**) ئەمە بۆ موفرەدی -مذکر-ی غائیبە ئەصلەکەی {لِينصُرْ} بوو تەئکیدمان کرد بە نونی گران بوو بە {لينصرنَّ} ئاخرەکەمان لە سەرکرد (**لِيَنْصُرانِّ**) {لينصرا} بوو تەئکید کرا بەنونی -ثقیلة-، وەنونەکەشی لە ژێرکرا، چونکە لەدوای ئەلفی -تثنیة- هاتووە (**لِيَنْصُرُنَّ**) {لينصروا} بوو جەمعی -مذکر-ی غائیبە تەئکیدمان کرد جا واوی جەمعی لاچوو لەبەر {إلتقاء الساكنين} یان لەبەر گران ودرێژی وە ئاخیرەکەش -مضموم- کرا وە-ضمة- ش دەلیلە لەسەر واوی لادراو (**لِتنصُرَنَّ**) موفرەدی -مؤنث-ی غائیبە تەئکید کراوە وەئاخرەکەشی مەفتوحە (**لِتنْصُرانِّ**) -تثنیة-ی مؤنث غائیبە (**لِيَنْصُرْنانِّ**) جەمعی -مؤنث-ی غائیبە ئەصلەکەی {لِيَنْصُرْنَ}بوو تەئکیدمان کرد بوو بە {لِيَنْصُرْنَنَّ} سێ نون کۆبوونەوە جا ئەلفێکمان لەدوای ئەلفی جەمع دانا بۆ{فصل} لەنێوانیان پاشان ئەم نونە مەکسورکرا (**لأنصرَنّ**) متکلم وحده (**لننْصُرَنّ**) ئەمەش متکلم مع الغير لەم دووەش ئاخری فعل مەفتوحە (**وبالخفيفة**) واتە تۆ دەڵێیت لەکاتی تەئکید بەنونی سووک (**لِيَنْصُرَنْ**) بۆموفرەدی -مذکر-ی غائیبە ئاخیرەکەی مەفتوحە (**لِيَنْصُرُنْ**) جەمعی -مذکر-ی غائیب ئاخیرەکەی دەبەرە، واو حەزف کراوە -ضمة- لەشوێنی ماوە، وەمیسالی -تثنیة-ش نیە چونکە گووتمان نونی سووک بۆ -تثنیة-و جەمعی -مؤنث- نابێت (**لِتنصُرَنْ**) موفرەدی -مؤنث-ی غائیبە بەنونی سووک وە -تثنیة-و جەمعیش نابێت (**لأنصُرَنْ**) بۆ خۆم بەتەنها (**لننصُرَنْ**) خۆم و غەیری خۆم لەگەڵ بێت ئەمەی باسکرا ئەمری بەلامی بوو کە بۆموخاتەب نابێت. جاباسی ئەمری بەصیغە بکەین کەهەر بۆ موخاتەبە (**انْصُرَنَّ**) موفرەدی -مذکر-ی موخاتەب ئاخیرەکەی مەفتوحە (**انصرانِّ**) -تثنیة- یانە نونەکەی مەکسورە (**انصُرُنّ**) جەمعیانە واو لاچووەو-ضمة- لەشوێنی ماوە (**انصرِنَّ**) موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەبە {ی} لاچووە ولەژێر لەشوێنی ماوە (**انصرانِّ**) -تثنیة-یە{انصرنانِّ}جەمعیانە لێرە سێ نون کۆبوونەتەوە ئەلفێك لەنێوانیانە وەئەمانە

میسالی نونی گران بوون **(وبالخفيفة انصُرَن انصُرُن)** تەئکید بەنونی خەفیفە **(انصرَنْ)** موفرەدی -مذكر- **(انصرُن)** جەمع بۆ -مذكر-ی موخاتەب، واو نەماوە **(انْصُرِنْ)** بۆ موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەبە {ی} حەزف کراوە، وە ئاخیرەکەشی لەژێرە، وە -تثنية-ی هەردووکیان و جەمعی -مؤنث- لە نونی خەفیفە نابێت **(وقِس عليه البواقي)** جا تۆش هەر هەموو بابەکانی دیکە -ثلاثي- رباعی مزید مجرد قیاس بکە بۆ سەر ئەو بابەی کە باسکرا.

## باسی ئیسم فاعل و ئیسم مەفعول

لە کاتێك کۆتایی بە باسی وەرگێڕانی مەصدەر بۆ -ماضي و مضارع- وە ئەمرو نەهیو باقی صیغەکانی دیکە هات، جا هات دەستی کرد بە باسی ئیسمی فاعیل و ئیسمی مەفعول کە ئەوانیش بە هۆی فعلی -مضارع- لە مەصدەری مجرد وەردەگیرێن، جا دەفەرمووێت **(وأما إسم الفاعل والمفعول من الثلاثي المجرد)** ئەمە عەتفە بۆسەر {وأما الأمر بالصيغة} واتە: ئەگەر بتەوێت ئیسمی فاعیل و ئیسمی مەفعول دروست بکەیت لە -ثلاثي- مجرد- **(فالأكثر أن يجئ إسم الفاعل منه على فاعل)** زۆرتر وایە کە ئیسمی فاعیل لە -ثلاثي مجرد- صیغەکەی لەسەر وەزنی فاعیل دەبێت، کە ئەمەش لە فعلی بینا فاعیلی -مضارع- وەردەگیرێت، بەڵام ئیسمی فاعیل لە غەیری -ثلاثي مجرد- ئەوا لە پاشان باسی لێوە دەکات -إن شآء الله- **(بزيادة الألف بعد الفاء)** واتە: لە کاتێك کە حەرفی -مضارع- لادرا ئەلفێك لە پاش {فاء الفعل}ەکەی زیاد دەکرێت، بۆ نمونە {يَنصر} پیتی {ياء} لادەچێت و وە ئەلفێك لە دوای نونەکە زیاد دەکرێت و، وە نونەکە مەفتوح دەکرێت **(إذ في الأول يلتبس بالمتكلم)** چونکە ئەگەر ئەم ئەلفە لە ئەوەلی وشە زیاد بکرێت ئەوە ئیلتیباسی دەبێت و تێکەڵ دەبێت لەگەڵ موتەکەلیمی وەحدە، یانی جیاوازی نابێت لە نێوان ئیسمی فاعیل و متكلمی وەحدە ئەگەر ئەم حەرەکەی ئەلف واتە: هەمزە لەسەری هەبێت وەکو {أَنْصُر} وە ئەگەر بۆری هەبێت

ئەوە ئیلتیباسی دەبێت بە -مضارع-ی متكلم یان -ماضی- مەجهول لە بابی إفعال، وەکو {أُنْصَرُ} لە بابی إفعال، بەڵام ئەم هەموو ئیلتیباسە تەنها لە کاتی وەستان دەبێت، ئەگینا ئاخیری فعلی -ماضی ومضارع- جیاوازن چونکە حەرەکەی ئەوان واتە: -ماضی ومضارع- تەنوین نییە، وە ئەوەش دەزانیت کە نابێت ئەم ئەلفە لە سەرەتاکەی زیاد بکرێت چونکە ساکینەو دەستکردن بە ساکینیش نابێت، وە ئەگەر کەسرەی بدەیتێ {إِضْرِبْ} ئیلتیباس دەبێت بە ئەمری بە صیغە، جا بە ناچاری ئەم ئەلفە زیاد کرا لە نێوان {فاء الفعل} و عين الفعل دەبێتە {ناصِرْ} (**وفي الآخر بالتثنية**) یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: ئەو ئەلفە لە کۆتایی زیاد بکە، جا دەڵێت: ئەگەر ئەم ئەلفە لە ئاخیری زیاد بکرێ ئیلتیباسی دەبێت ئەم ئیسمە فاعیلە بە -تثنية-ی فعلی -ماضی- مەعلوم ئەگەر ئەوەلی مەفتوح بێت وەکو {نَصرا} وە ئەگەر ئەوەڵەکەی -مضموم- بێت ئەوە ئیلتیباسی دەبێت بە فعلی بینا مەجهول (**وكسر العين وإن التبس بأمر المفاعلة**) لە ئیسمی فاعیل عين الفعل مەکسورکرا، جا ئەوەی مەکسورە وەکو خۆی مایەوە وەکو {ضارِب} وە ئەوەی مەکسور نەبێت مەکسورکرا وەکو {ناصِر} جا ئەم عەینە مەکسورکرا هەرچەندە ئیلتیباسی ببێت بە فعلی ئەمری بابی {مفاعلة} لە کاتی وەستان وەکو {ناصِرْ} و {قاتِلْ} کە تۆ نازانی کە ئەم وشەیە ئیسمی فاعیلە یان فعلی ئەمرە لە بابی {مفاعلة} لە کاتی وەقف و وەستان، بەڵام کە مەکسورکرا بە ناچارییە (**لأنه لو فتح لألتبس بماضيها**) چونکە ئەگەر ئەم عەینە مەفتوح کرابایە ئیلتیباسیو تێکەڵاوی لەگەڵ -ماضی-یەکەی دەبوو لە بابی {مفاعلة} (**وهو أصلٌ ومقدم على الأمر**) وە حال وایە -ماضی- ئەصلە بۆ فعلی ئەمر وە پێشتریشە لەسەر ئەمر لە رووی {لفظ} و ماناوە لە رووی لەفزەوە چونکە ئەمر لە فعلی -مضارع- وەرگیراوە، وە فعلی -مضارع-یش لە فعلی -ماضی- وەرگیراوە، کەواتە: -ماضی- یەکە پێشتر بوو، لە رووی ماناش بە هەمان شێوە، چونکە -ماضی- واتە: فعلێك کە رابراوە، بەڵام ئەمر وانییە، وە مەراح دەڵێت: بۆیە ئیلتیباس بە فعلی ئەمر باشترە

چونکە ئیسمی فاعیل و ئەمر لەیەك نزیکن کە هەر دووکیان لە فعلی -مضارع- وەرگیراون. یەکێك دەڵێت: وەرە ئەو عین الفعلە -مضموم- بکە؟ جا ماموّستا لە وەڵامدا دەفەرموویّت: **(ولو ضم لثقل)** واتە: ئەگەر ئەم عین الفعلە -مضموم- بکرابایە ئەوە گران دەبوو جا بەهەر حاڵ ئیلتیباسەکە ببێ چاکترە لەوە کەئەم ئیسمە فاعلە لەسەر زمانی گران و ناخۆش بێت، جابا میسالەکان بهێنین **(تقول ناصِرٌ)** واتە تۆ دەڵێیت لەدروست کردنی ئیسمی فاعیل لە -ثلاثی مجرد- {ناصِرٌ} ئەمە بۆ موفرەدی -مذکر-ە جا غائیب و موخاتەب و متکلم، واتە: بۆ هەمووان دەبێت، دەڵێیت: {أنا ناصر، هو ناصر، أنت ناصر} ئەصلەکەی {ینصر} بوو، واتە: فعلی -مضارع-ی مەعلوم بوو، حەرفی -مضارع-ەکەمان لادا، وە ئەلفێك لە نێوان نون و صاد داندرا، وە عین الفعل مەکسور کرا بوو بە {ناصِرٌ} **(ناصران)** ئەمەش بۆ -تثنیة-ی -مذکر- لە حالەتی رەفعە، وە ئەلف ونون زیاد کراون **(ناصِرَیْنِ)** {یاء} و نون زیاد کراون لە حالەتی نەصبەو جەرە **(ناصِرونَ)** جەمعی -مذکر- لە حالەتی رەفعەی **(ناصِرِینَ)** ئەمەش لە حالەتی نەصبەو جەرە ئەمانە جەمعی سالمن **(والجمع المکسر للمذکر)** واتە: جەمعی موکەسەر بۆ نێرینەکان ئەم هەشت وەزنەی هەیە، یەکەم: **(نُصَّارٌ)** بە -ضمة-ی {فاء الفعل}و فەتحەی عین الفعل بە شەددەوە، وە لەگەڵ ئەلفێکی زیاد لە نێوان عین الفعل و لام الفعل. دووەم: **(نُصَّرٌ)** بە هەمان شێوەی پێشوو بەڵام بە بێ ئەلفە. سێیەم: **(نَصَرَةٌ)** بە -ضمة-ی {فاء الفعل} و سکونی عین الفعل، وەکو تەمیمیەکان دەڵێن، وە ئەگەر بە -ضمة-ی هەردووکیان بێت، وەکو {نُصُر} ئەوە لەسەر بۆچوونی غەیری تەمیمیەکانە. چوارەم: **(نُصْران)** بە بۆری نون و سکونی عەین و ئەلف و نونەکی زیاد. پێنجەم: **(نِصار)** بە کەسرەی نون و فەتحەی صاد، بە سووکیەو لەگەڵ ئەلف. شەشەم: **(نُصُور)** بە -ضمة-ی هەردووکیان لەگەڵ واوی زیاد. حەوتەم: **(نُصَرَاء)** بە -ضمة-ی نون و فەتحەی صاد و وە ئەلف و هەمزەی زیاد لە دووا. هەشتەم: **(نُصْرٌ)** سێ فەتحە لە دوای یەك. ئەم هەشت وەزنە لە ئەصلدا {ناصِرٌ} بوونە، بەڵام بە زیاد کردن و

کەمکردنی حەرف و حەرەکە گۆڕاوە. لێرەوە دێتە سەر باسی ئیسمی فاعیل بۆ - مؤنث-ان، (**ناصِرَة**) بۆ موفرەدی -مؤنث-ە غائیب و موخاتەب و موتەکەلیم، ئەصلەکەی {ناصِر} بوو، {ت}ی -تأنیث- زیادکرا بوو بە {ناصرة} (**ناصِرَتانِ**) ئەمەش بۆ -تثنية- لە حالەتی رەفعە (**ناصِرَتَيْنِ**) ئەمەش بۆ حالەتەکانی نەصبەو جەڕیە (**ناصِرات في السالم**) واتە: {ناصرات} جەمعی -مؤنث-ی سالمە، ئەصلەکەی {ناصِرة} بوو، نیشانەی جەمع بۆ -مؤنث-ان ئەلف وتێیە زیادکران بوو بە {ناصِرَتات} جا دوو نیشانەی -تأنیث- بەیەکەوە کۆبوونەوە، یەکەمان حەزف کرد، چونکە تەنها بۆ -تأنیث-ە، تەویتر بۆ جەمع و -تأنیث-ە، بوو بە {ناصِرات}. یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: ئەم جەمعە بوو بە موکەسەر، چونکە دەستکاری کرا حەزفکردنی حەرفێك کە تێیە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموویت (**إذ حذف تاء المفردة ليس لبناء الجمع**) واتە: حەزفکردنی {ت}ی موفرەدەکەی کە {ناصرة} بوو، لەبەر ئەوە نەبووە کە بیکەین بە جەمع، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە دوو نیشانەی -تأنیث- پێکەوە کۆببونەوە، کەوایە ئەمە بە جەمعی سالم دادەندرێت نەك بە مکسر (**وفي المكسر نَواصِرُ**) واتە: جەمعی تەکسیر لە {ناصرة} بۆ -مؤنث-ەکان {نواصر} دەبێت، ئەمە جەمعی {ناصرة}ە، ئەلفێك زیادکرا لەدوای ئەم ئەلفە، جا ئەلفی یەکەم کرا بە واو پاشان حەزفی {ت} کرا بوو بە {نَواصِرُ}.

**بێداری :**

بزانە جەمع چەند جۆرێکە، یەکەم: جەمعی سەلامە بۆ نێرینە، کە نیشانەی واو نونە لە کاتی رەفعە، وە {یاء}و نونە لە کاتی نەصبەو جەڕە، وەکو {مُسْلِمُونَ، مُسْلِمِيْنَ، وطالِبُونَ، طالِبِيْنَ، وزيدون، زيدين}. دووەمی: جەمعی سەلامە بۆ مێینە، ئەمیش هەموو کاتەك ئەلفێك لەگەڵ {ت}ی بۆ زیاد دەکرێت، وەکو {مسلِمات، طالِبات، معلِمات..}. سێیەم: جەمعی قیللە، کە بە ژمارەی سێ دەڵێن تاکو دەگاتە نۆ ئەگەر هیچ قەرینە نەبێت، ئەمەشیان چوار وەزنی هەیە: {أَفْعُل، أَفْعَال، أَفْعِلَة، فِعْلَة}. چوارەم: جەمعی تەکسیر، کە بەو جەمعە دەڵێن: موفرەدەکەی تێك درابێت و

دەستکاری وەزنەکەی کرا بێت، وەکو {رجال، زیود...} بە پێچەوانەی جەمعی سەلامە، کە ئەمیان دەستکاری موفرەدەکەی نەکرابوو. وە جۆرە جەمعێك هەیە کە پێی دەڵێن: صیغەی مونتەهای جەمعان، واتە: گەیشتۆتە ئاستێك کە دروست نییە جارێکی دیکە بە تەکسیر جەمع بکرێتەوە، چونکە هەندێکیان دوو کەڕەت جەمع کراونەتەوە، وە کۆتایی بە جەمعکردنی بە تەکسیر هاتووە وەکو {أكاليب و أناعيم} بەڵام بەجەمع سەلامەت دەتوانی جارێکی دیکە جەمع بکرێت وەکو{أكاليبات و وأناعيمات....هتد} جاباسی ئیسمی مەفعول دەکات و دەفەرمووێت (**واسم المفعول منه على مفعول**) واتە زۆرتر ئیسمی مەفعول لە-ثلاثي- مجرد لەسەر وەزنی مەفعول دەبێت (**مثل منصور**) ئەمە ئیسمی مەفعولە لە-ثلاثي- مجرد لەفعلی -مضارع-ی بینا مەفعول وەکو{يُنْصَرُ} وەرگیراوە، چونکە ئەصلەکەی {يُنْصَرُ}بوو هەریەکەلەبینا مەفعولەکانی -مضارع- بهێنە غائیب بێت یان غائیب نەبێت جا حەرفی -مضارع-ی لادە وەمیمێکی بۆ دانێ بە مەفتوحی پاشان واوێك زیادبکە لەنێوان {عين الفعل و لام الفعل} ئەم واوەش حەرفی پێش خۆی بۆر دەکات و، دەبێتە {منصور} دەشتوانی بڵێیت بووبە {مَنْصُر} جائەم وەزنە لەزاراوەی عەرەب دانییە مەگەر بەشاز، جاصادمان زیاتر لەحەدی خۆی حەرەکە دار کرد واوێکی لێ پەیدا بوو، جابۆزیاتر زانیاری لەم ئیعلالنە تەماشای شەرحی مامۆستای ڕێزدار بکە، جەنابی مامۆستای مودەریس خودا دەستی بەتەمەنی بگرێت (**منصوران، منصورَيْنِ**) -تثنية- لە هەرسێ حالەت (**منصورون، منصورين**) جەمعی سەلامە لە هەر سێ حالەت (**واستغنى فيه بالتصحيح عن التكسير**) واتە: بە هۆی جەمعی سەلامە کە جەمعی صەحیحە لە ئیسمی مەفعول پێویستیمان بە جەمعی تەکسیر نەماوە، بەڵگەش بۆ نەهێنانی ئەو تەکسیرە لەوەدا ئەوەیە: چونکە ئیسمی مەفعول پەیوەندی بە فعلەوە هەیە لە لەفزو مانادا، وە جەمعی تەکسیریش تایبەتە بە ئیسم بۆیە نەهاتووە، بەڵام ئەم دەلیلە بۆ ئەوانی دیکەش هەر وایە (**مَنْصُورة، مَنْصُورتان، مَنْصُورَتَيْنِ، مَنْصُورات**) ئەمانەش بۆ -مؤنث-ن،

هەر سێك جۆر بە هەرسێك حالەت (**وفي التكسير مَناصِر**) جەمعی تەکسیر بۆ مێینەکان لەسەر وەزنی {مناصِر} دێت، ئەصلەکەی {منصورة} بووە، ئەلفی تەکسیر زیاد کراوە، وە **عين الفعل** مەکسور کرا، جا واو و{ت} لادران، بوو {مناصِر}. یەکێك رەخنە دەگرێت دەڵێت: بۆ ئەم جەمعە تەکسیرە بۆ نێرینەکان نەبوو، تەنها بۆ ئافرەتان هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: تاکو جیاوازی لە نێوان -مذکر ومؤنث- بکرێت، بڕوانە کتێبی {القطف النظيف}. یەکێك دەڵێت: بۆ مصنف فەرمووی: {فالأكثر}؟ جا لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**قال فالأكثر**) واتە: مامۆستای بەڕێز لەسەرەتای ئەم باسە فەرمووی {فالأكثر} واتە: بە زۆرتر ئەم دووانە لەسەر ئەم وەزنە دەبن (**لمجيئهما على غير الوزنين**) لەبەر ئەوە فەرمووی زۆرتر لەسەر ئەو وەزنە دێن، چونکە جاری وا دەبێت ئیسمی فاعیل و ئیسمی مەفعول لەسەر غەیری ئەم دوو وەزنەش دەبن بەڵام کەمتر (**كضَرَّابٍ**) {ضَرَّاب} بە فەتحەی {ضاد}و {ر}ی بە شەددە لەگەڵ ئەلفی زیاد (**وضَرُوب**) بە فەتحەی {ضاد}و -ضمة-ی {ر} لەگەڵ واوێکی زیاد بە سووکی (**مِضْرَاب**) میم کەسرەی هەیە، زەنەی {ضاد}و ئەلفی زیاد، هەرسێك ئەم وەزنانە بۆ موبالەغەی {ضرب} هاتوون (**وحَليم**) بۆ موبالەغەی {حِلْم} هاتووە، واتە: لەسەرخۆیی (**وحَذِر**) بۆ موبالەغەی {حَذَر} هاتووە، واتە: ترس و بە ئاگایی (**في اسم الفاعل**) ئەم وەزنانە هەر پێنجیان بۆ موبالەغەی ئیسمی فاعیل هاتوون، وە هیچیان لەسەر وەزنی فاعل نینە (**وقَتيل، وحَلوب في اسم المفعول**) ئەم دوو وەزنەش بۆ ئیسمی مەفعول هاتوون، {قتيل} بە مانا مەقتولە، وە حەلوب بە مانا مەحلوبە، وە ئەم دووە بۆ موبالەغەی ئیسمی مەفعولن کەچی لەسەر وەزنی مەفعولیش نینە، جا بەڕێزیان بۆ زیاتر زانیاری عیبارەتی {المراح الأرواح} نەقل دەکات بە تەواوی ئەگەرچی هەندێك دووبارە دەبنەوە، دەفەرمووێت (**قال في المراح ويجئ للمبالغة**) واتە: مامۆستا ئەحمەد کە دانەرە کتێبی {المراح الأرواح}ە لە کتێبی ناوبراو دەفەرمووێت: ئیسمی فاعیل دێت بۆ موبالەغە لەسەر چەند وەزنێك کە زیاتر لەم پێنجانەی گوتمان (**نحو صَبَّارٍ**)

ئەمە وەکو {ضَرّاب}وایە، کەواتە دووبارەیە، واتە: زۆر ئارامگر کە زیاتر لە {صابر} (**وسیف مِجْذَمٍ**) لەسەر وەزنی {مِفْعَل}ە بە کەسرەی میم و، زەنەی جیم، وە فەتحەی {ذال}، واتە: زۆر تیژو بڕندەیە، وە هاتووە {مِجْزَم} بە زای (**وفِسِّيقٍ**) بە کەسرەی {ف} لەگەڵ کەسرەی سین بە شەددەی، واتە: زۆر فاسق بوو وە لە ئەمر دەرچوو (**وكُبَّارٍ،وطُوَّالٍ**) هەردووکیان بە -ضمة-ی {فاء الفعل}و ئەلفی زیاد، بەڵام یەکێك لەم دووانە موشەددەدە، ئەم دووانە بە شەدەوبەبێ شەدەش دروستن بەڵام بە شەدە مەبالەغەی زیاترە، گەرچی لە پێشان ئەمەیان صیغەی جەمعی تەکسیر بوو وەکو {نُصَّار} ئەمەش بۆ موبالەغەی {کبیر وطویل} هاتوون (**وعَلاّمَةٍ ونَسَّابَةٍ**) {علامة} واتە زۆر زانا، {نسابة} واتە زۆر شارەزا بە نەژادو نەسەب، ئەم دووانە یەك وەزنن، بەڵام بۆیە دووی هێنانەوە چونکە ئەم جۆرە وەزنە گەلێك زۆر بەکار دێت (**ورِوَايَةٍ**) لەسەر وەزنی {فاعلة}یە بە کەسرەی عین الفعل واتە: زۆر ریوایەتان دەکات (**وفَرُوقَة**) بەفەتحەی {ف} وە-ضمة-ی {ر} لەگەڵ واوی زیاد ئەگەر -ماضي-یەکەی لەسەروەزنی {فَرِق}ە بێت بەکەسرەی {ر} بەمانا زۆر ترسانە ئەگەر بەفەتحەی {فَرَق} بێت واتە: زۆر جیاوازی کەر (**وضُحَكَة**) {ضاد} بۆرو {ح} سەر یانی زۆر پێ دەکەنی (**وضُحْكَةٍ**) واتە: خەڵك بەوی پێ دەکەنی هەر لەبەر ئەمە گووتراوە نابێت ئەمە لێرە باس بکرێت، چونکە لەم کاتە {ضُحْكَةٍ} بەمانا ئیسمی مەفعولە(**ومِسْقام**) واتە: نەخۆشی زۆرە (**ومِجْذَامة**) واتە: زۆر بڕندە، وەئەگەر ئیسمی ئالەتیش بێت، واتە: ئامێری بڕین، وەئەگەر{ض}ودال بێت دیارە (**ومِعْطِيرٍ**) ئەمە هەرسێك بە کەسرەی{م} بخوێنەوە{مِعْطِر} واتە: زۆر بۆن خۆش (**ويستوي في التسعة الأخيرة المذكر والمؤنث لقلتهن**) واتە: یەك سانە لەنۆیەکانی دوایی نێرومێ چونکە کەم بەکاردێن، گوتراوە: مەبەست لەنۆیەکانی دوایی میسالەکانن، وەزنەکان نینە ئەگینا دەیگووت {الثمانية الأخيرة}: کەواتە بۆ ئافرەت وپیاو دەڵێت:{رجل علامة، أمرأة علامة}و{رجل مسقام، وأمرأة مسقام} بەڵام بابزانین ئەم نۆیە لەکوێ دەست پێ دەکات {قطف النظيف} دەڵێت لە{طُوّال}ی تاکو

{معطِر} کەواتە{ضَحْكة}لەگەڵ دانییە، چونکە ئەویان بۆئیسمی مەفعولە. وە{مراح الأرواح}دەڵێت لە {علامة}ی تاکو{مِعْطِر} واتە ئەمەش لەگەڵ دایە، وەبابزانین کەمەبەست میسالەکانن ئەگینا میزانەکان هەشتن، چونکە{علامة نسابة} یەك وەزنن. جا لێرەدا رەخنە گرێك دەڵێت: دەبینم مسکین وەکو {مِعْطِير} وایە جابەگوێرەی ئەم یاسایە بۆ ژن و پیاو وەك یەك بەکار دێت، لەگەڵ ئەمەشدا وانییە، چونکە بۆ پیاو دەگووترێت {مسکین} وە بۆ ژن دەگووترێت {مسکینة} بە تائی - تأنیث-؟ لە وەلامدا دەفەرمووێت (**ومسكينة محمولة علي فقيرة**) واتە: وشەی{مسکینة} حەمل کراوە بەسەر وشەی {فقيرة} بەڵێ گووتمان لە{معطير}ی - مذکرومؤنث- یەك سانن جا{مسکین} وەك ئەوی وایە دەبوا بۆ ژن و بۆپیاو{مسکین} بگوترێت، وەئێستاش بۆژنان دەڵێین {مسکینة} بە {ت}. جا فەرمووی: ئەمە حەمل کراوە لەسەر وشەی{فقيرة} کە ئەویان وەکو{معطير} نییە لە نۆیەکان نییە، وەهیچ ژن و پیاو لەوی یەکسان نین، بەڵام کە لەمانا دا وەکو یەك وان، لە بەکارهێنانیش با وەك یەك بن، چۆن لە{فقير}ی جیاوازی هەیە لەنێوان نێرینەو مێینە لە{مسکین}یش با هەبێت. هەرچەندە لەم نۆیانەش بێت کەجیاوازی نێرینەو مێینە نەبوو لەوان دا (**إنتهی**) فەرموودەی {مراح الأرواح} لێرە دا کۆتایی هات. جا لێرەدا شتێکی دیکە باس دەکات، لەپێشان گووتومانە فعلی لازم بینا مەفعولی لێ دروست نابێت مەگەر بیکەی بە متعدی جاشتێکی روونە کە ئیسمی مەفعولیش هەموو کاتێك هەر لەفعلی بینا مەفعول دروست دەکرێت، جائەگەر ئەم فعلە لازم بێت چۆن دەیکەی بەئیسمی مەفعول، جا دەفەرمووێت: بۆ چارەسەری ئەم مەسئەلەیە (**وتقول ممرور به**) واتە: دەڵێیت: لەکاتی کەئیسمی مەفعول دروست بکەی لەفعلی لازم بۆ موفرەدی-مذکر-{ممرور به} (**ممرور بها**) ئەمەش بۆ موفرەدی-مؤنث- (**ممرور بهما**) بۆ-تثنية-ی ئافرەت و پیاو، واتە: بۆنێرو بۆمێ (**ممرور بهم**) بۆ جەمعی -مذکر- (**ممرور بهن**) بۆ جەمعی -مؤنث- (**يعني إنما يبني من اللازم ألا بعد التعدية**) واتە: مەبەستی وایە بەم هەموو -ضمير-

لە بزانە ئیسمی مەفعول دروست ناکرێت لە فعلی لازم مەگەر لە دوای کردنی ئەم فعلە لازمە بە موتەعەدی، چونکە فعلی -مضارع- کە کرا بە مەجهول هیچ نییە ببێتە جێگری فاعیل، جا بە ناچاری بیکە بە موتەعەدی، وەك دەبینی کراوە بە موتەعەدی بە هۆی حەرفی جەڕ لەو هەموو میسالانە (**فتثنی وتجمع وتذکر وتؤنث الضمیر**) واتە: تۆ دەستکاری صیغەکان ناکەی، وە تۆ کە دەیکەی بە -تثنیة- و بە جەمع، هەروەها بە -مذکر- و-مؤنث- ئەو -ضمیر-ەی هەرواش دەمینێ، وە ئیسمە مەفعولە لازمەکەش پاڵ ئەدەی بۆ ئەم -ضمیر-ە (**فیما یتعدی بالحرف**) واتە: بەم شێوە هەڵسوکەوت دەکەیت هەر ئیسمە مەفعولێك کە تەعەدای بە حەرفە جەڕ کردووە، وە دەکات بەڵام لەوەی کە تەعەدا دەکات بە هۆیەکانی دیکە ئەویان وەها نییە (**لا إسم مفعول**) بەڵام دەستکاری ئیسمی مەفعول ناکرێت بەم جۆرەی کە تەعەدای بە حەرفی جەڕە، واتە: صیغەکە ناکرێتە -تثنیة-و جەمع.... واتە: ناگووترێ {ممروران، ممرورن...} بەڵام لەوەی کە بە خۆی موتەعەدی بوو، یان بە هۆی نەقلکردن وە لای بابەکان بوو لەوان دەستکاری خودی صیغەکە دەکرێت، وەکو {منصور، منصوران ...}.

جا مصنف فەرمووی ئیسمی فاعیل هەندێك جار لەسەر وەزنی -فعیل- دەبێت وەکو {حلیم} وە هەندێك جاریش لەسەر وەزنی -فعول- دەبێت وەکو {ضَروب}، وە ئیسمی مەفعولیش بە هەمان شێوە ئەم دوو وەزنەی هەیە، وەکو {قتیل و حَلوب} کە بە مانای {مقتول ومحلوب}ن، وە ئەم چوارەش هەندێك حوکمی تایبەتیان هەیە جا دەیەوێت دووبارە بە درێژی باس لەم چوارانە بکات، فەرمووی (**وفَعیل وفَعول قد یجیئان بمعنی الفاعل**) واتە: فەعیل و فەعول کە لە پێشەوە باسکران وا دەبێت بە مانا ئیسمی فاعیل بێن (**کالرحیم بمعنی الراحم**) ئێستا وشەی رەحیم کە فەعیلە بە مانا راحم د کە ئیسمی فاعیلە وە هەر دووکیان لە {یَرْحَمُ} وەرگیراون کە فعلی -مضارع-ی بینا مەعلومە (**والصبور بمعنی الصابر**) ئێستا {صبور} لەسەر وەزنی فەعولە وە بە مانا صابرە کە ئیسمی فاعیلە، وە هەردووکیان

لە {یَصْبِرُ} شەق کراون (**وبمعنى المفعول**) واتە: فەعیل و فەعول بە مانا ئیسمی مەفعولیش دەبن (**كالقتيل بمعنى المقتول والحلوب بمعنى المحلوب**) ئێستا قتیل لەسەر وەزنی فعیل یە وە بە مانای مەقتولە کە ئیسمی مەفعولە، وە حلوب لەسەر وەزنی فعول وە بە مانا مەحلوبە کە ئیسمی مەفعولە، جا براکانم گووتمان {رحیم} لە {یَرْحَمُ} وە {صبور} لە {یصبر} وەرگیراوە، نەقلی حەرەکەی حەرفە - مضارع-ەکەی بکە بۆ پاش خۆی پاشان عین الفعلەکەی هەردووکیان درێژ بکە بەکسەر {یاء} لەویان پەیدا دەبێت، وە لەوەی دیکە واو پەیدا دەبێت، دەبێتە {رحیم، وصبور} جا ئەوانی دیکەش لە بینا مەجهولەکەیان دروست بکە بە هەمان نێوەیە.

جا براکانم لەوە بۆمان بە دیار کەوت کە دوو فعیل وە دوو فعول پەیدا بوون، جا ئەگەر فعیل بە مانا فاعل بێت ئەوە ئەصلە، چونکە زووتر دەبێتە فاعل، بەڵام ئەگەر بە مانا مەفعول بێت ئەوە فەرعەو ئەصل نییە، چونکە زۆر ئیعلالی دەوێت تا دەبێتە مەفعول، بەڵام فعول بە پێچەوانەوە، واتە: ئەگەر بە مانا مەفعول بێت ئەصلە چونکە بە زیادکردنی تەنها یەك مەفعول دەبێتە مەفعول. ئەم باسەت لە بیر نەچێت چونکە وایی کارو ئیشت پێی دەبێت، جا مصنف دەیەوێت جیاوازی لە نێوان هەردووکیان ، ئەصل و فەرع بکات و باسیان لێوە بکات (**ويستوى في الفعول الأول الفعيل الثاني المذكر والمؤنث**) واتە: یەکسانەیە لە فعولی یەکەم کە بە مانا فاعیلە کە دەکاتە صبور، وە لە فعیلی دووەمیش کە دەکاتە بە مانا مەفعول وەك رحیم، کە هەردووکیان ئەصل نەبوون، واتە: لەم دووانە نێرو مێ موساوینەووەکو یەك هەردووکیان بەکار دێت، وەکو دەگووترێت {رجل قتیل وامرءة قتیل} بەڵام وەش بزانە کە ئەم یەکسانییە واجب نییە دەتوانی وەکو یەکیان لێ نەکەی، کە بۆ مێینە بڵێی {امرأة قتیلة} وە بۆ نێرینە بڵێی {رجل قتیل} (**إذا ذكر موصوف**) واتە: لە کاتێکدا -مذکر ومؤنث- لەم دوو صیغەیەدا وەك یەك دەبن ، مەوصوفەکەیان گووترابێت وەکو {رجل قتیل وامراة قتیل}، بەڵام کە

مەوصوفەکە نەگووترا ئەوە دەبێت بۆ -مؤنث-ان تائی پێوە بندرێت و وەکو یەك نابن وەکو {جاء قتيل زيد} ئەوە بۆ پیاوان، بۆ ئافرەتانیش وەکو {جائت قتيلة زيد}، یان دەگووترێت {رأيت قتيلة} بۆ ئافرەتان، وە {رأيت قتيلا} بۆ پیاوان. **(إن لم يكونا صفة مشبهة)** واتە: بەو مەرجە صیغەی نێرو مێ لەم دوو فعیل و فعول ەی رابردوو یەکسان دەبن کە صیغەی موشەبەهە نەبن، بەڵام ئەگەر صیغەی موشەبەهە بن ئەوە دەبێت جیاوازی لە نێوان نێرو مێ بکرێت وەکو {غیور} ئێستا غیور لەسەر وەزنی فعولە بەڵام صیغەی موشەبەهەیە، پێویستە هەموو کات جیاوازی هەبێت لە نێوانیان، بۆ نێرینە دەگووترێت {رجل غيور} وە بۆ مێینە دەگووترێت {امرأة غيورة}. پوختەی ئەم باسە ئەوەیە کە لە فعیلی بە مانا مەفعول و فەعولی بە مانا فاعل نێرو مێ یەکسانن بەڵام بە دوو مەرج: یەکەم ئەوەیە کە دەبێت مەوصوفەکە ناوبرابێت، دووەم نابێت صیفەی موشەبەهەش بن. بەڵام لێرەدا مامۆستای قەرەداغی دەفەرموێت: مەرجی دووەم تەنها بۆ فعولی بە مانا فاعلە چونکە هەر ئەویان بە صیفەی موشەبەهەو بە ئیسمی فاعل هاتووە، بەڵام فعیل بە صیفەی موشەبەهە نەهاتووە، کەواتە: ئەو مەرج دانانە بەم شێوەیە لە شوێنی خۆی نییە چونکە فعیلی ناگرێتەوە.

**رونکردنەوە :**

ئەگەر یەکێك بپرسێت لەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ**﴾ قريب فعیل ی بە مانا فاعیلە، واتە: بە مانا قاربە کە لە دوای رەحمەت هاتووە وە -تأنیث- نەکراوە لەبەر ئەوەیە کە فعیل ی بە مانا فاعلە لەوەش وەك یەکن نێرو مێ هیچ جیاوازیان لە نێوان ناکرێت. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: نەخێر لەبەر ئەوە وەك یەکن چونکە لێرەدا قريب مەصدەرە لە مەصدەریش نێرو مێ وەك یەکن، کەواتە: لێرەدا لەبەر مەصدەرایەتی وەك یەکن، نەك لەبەر ئەوە بێت کە فعیلەو جا هەردووکی تێدا موساوی بن. یان دەڵێین: لەبەر ئەوەیە کە لێرەد

مەحزوفێك هەیە، جا لەبەر ئەم مەحزوفە بە -مذكر-ی هاتووە، وەك ئەوەی بلێین: ئەصلەكەی {شَیْءٌ قَرِیبٌ}.

**(ولا یجمعان جمع السلامة)** یانی: ئەم فعولە فعیلە ناوبراوانە بە جەمعی سەلامە جەمع ناكرێنەوەو، تەنها بە جەمع تەكسیر جەمع دەكرێنەوە، چونكە ئەصل نینە. ئنجا مامۆستا دێتە سەر باسی فعیلی یەكەم كە بە مانا فاعل بوو وە ئەصلیشە **(تقول في مثال الفعيل الأول)** تۆ دەڵێی لە میسالی فعیلی یەكەم كە ئەصلەو، لەمەدا جیاوازی لە نێوان نێرو مێ هەیە، وە هەروەها بە جەمعی سەلامەش جەمع دەكرێتەوە **(نَصِيرٌ نَصِيرانِ نَصِيرَيْنِ نَصِيرونَ نَصِيرِيْنَ)** لێرەدا ئەم نصیرە بە مانا ناصرە، ئەمە میسالی موفرەدو -تثنیة-و جەمعی سەلامەن، وە -مذكر-ان لە حالەتی رەفع و نەصب و جەڕن. جا دێتە سەر باسی جەمع تەكسیرەكان كە {١٠} دە وەزنی هەیە **(نُصَراء)** نون بۆری هەیە، وە صاد لەسەری هەیە لەگەڵ ئەلفی درێژ، ئەصلەكەی {نصیر} نون لەسەری هەبوو كردمانە بۆر، وە صاد لەسەری بۆ كرا، وە {یاء} لادرا، وە ئەلفی درێژ كە ئەلف و هەمزەیە زیاد كرا بوو بە {نصراء}، جا براكەم ئەوانی دیكەش بەم شێوەیە ئیعلال بكە **(نِصار)** نون لەژێری هەیە، وە صاد لەسەری هەیە، لەگەڵ ئەلفەكی زیاد، ئەم دوو وەزنە بۆ جەمعی تەكسیری ئیسمی فاعیلیش هاتبوون، بڕۆ بزانە **(نُصُر)** بە دوو -ضمة- لە دوای یەك **(نُصْران)** بە -ضمة-ی یەكەم و زەنەی دووەم، لەگەڵ ئەلف و نون **(نِصْران)** هەروەها تەنها كەسرەی ئەوەلی **(أَنْصَار)** بە فەتحەی ئەوەلیو سكونی دووەمی، وە ئەلفێك لەسەر پیتی صاد **(أَنْصِراء)** سكونێك لە نێوان فەتحەو كەسرە، لەگەڵ ئەلفی درێژ **(أَنْصِرَة)** هەروەها بەلام ئاخیرەكەی تێیە **(نُصُور)** بە دوو -ضمة- لەگەڵ واوی زیاد، ئەمەشیان لە جەمعی ئیسمی فاعیل هەبوو **(نُصْرَى)** بە -ضمة-ی نونیو سكونی صادی وە ئەلفی كورت. جا دێتە سەر باسی -مؤنث-ان **(نَصِيرَة نَصِيرَتانِ نَصِيرَتَيْنِ نَصِيرَات)** بۆ مێینەكانە بە مەفرەدو -تثنیة-و جەمع، وە جەمعی تەكسیریشی لەسەر دوو وەزنان دێت، كە ئەمانەن **(نَصائِر)** بە فەتحەی {فاء الفعل}

(**نِصار**) بە کەسرەی {فاء الفعل}، ئەمەی باسمان کرد فعیل بە مانا فاعیل بوو، ئەوجارە دێتە سەر باسی فعیل بە مانا مفعول، کە ئەصل نییەو فەرعە، جا دەفەرموویێت (**والثانی لهما**) تۆ دەڵێیت لە هی دووەم کە فعیلی بە مانا مفعولە بۆ ژن و پیاوان دەگووترێت (**قَتیل قتیلان**) ئەمانە موفرەدو -تثنیة-ن بۆ مێینەو نێرینە وەکو یەك بە کار دێن، وە جەمعی سەلامەشیان نییە، بەڵام سێ وەزنی جەمعی تەکسیری هەیە کە ئەوانەن (**قَتْلَی**) بە فەتحەی ئەوەڵیو سکونی دووەمی، لەگەڵ ئەلفێکی کورت، وە ئەصلەکەشی قتیل بووە (**قُتَالَی**) بە -ضمة-ی ئەوەڵی و فەتحەی دووەمیو ئەلفێك لە نێوان عین الفعل وە لام الفعل، لەگەڵ ئەلفێکی کورت لە کۆتایی (**قُتَلاء**) بە -ضمة-ی ئەوەڵیو فەتحەی دووەمی وە ئەلفێکی درێژ لە کۆتایی (**ویتوافقان في الجمع کما یتوافقان في المفرد والتثنیة**) واتە: نێرو مێ صیغەیان یەکسانە لە فعیلی بە مانا مەفعول هەروەك هەردووکیان لە موفرەدو-تثنیة- یەکسان بوون، تۆ دەڵێیت: {رجل قتیل رجلان قتیلان رجال قتلی، امرأة قتیل امرأتان قتیلان نسوة قتلی} ئەم فەرموودەیەی مامۆستا وەك تەئکید کردنەوەیەك بوو، ئەگینا ئەم یەکسانییە باسکرا بوو ئەوە بوو فەرمووی {والثانی لهما} واتە: بۆ ژن و بۆ پیاو، دەشگونجێ ئەم دووبارە کردنەوەیە بۆ ئەوە بێت کە ئەم یەکسانییە لە موفرەدو -تثنیة- بەو مەرجە بوو کە مەوصوفەکە گوترابێت، بەڵام لە جەمعدا بەبێ مەرجەو گووتنی مەوصوفی ناوێت. جا باسی فعیلی بە مانا فاعیل ومەفعول تەواو بوو، ئەوجارە دێتە سەر باسی فعول بە هەردووك بەشەوە، بۆیە فەرمووی (**وفي فَعولٍ بمعنی الفاعل لهما**) تۆ دەڵێی لە میسالی فعولی بە مانا فاعیل بۆ نێرینەو مێینە، کە ئەمەشیان ئەصل نییەو جەمعی سەلامەشی نییە (**نَصُور نَصُورَانِ**) ئێستا ئەم دوو وشەیە بۆ ژن و پیاو بەکار دێن، وەکو {رجل نصور وصبور} یان {امرأة نصور وصبور} وە وەکو {رجلانِ نصوران، وامرأتان نصورَتانِ} وە سێ جەمعی تەکسیریشی هەیە کە ئەمانەن (**نُصُر بضمتین**) ئەم صیغەیە بە دوو -ضمة- کە نون و صادە (**نُصَرَاء بضم ففتحتین**) ئەم صیغەیەش بە -ضمة-ی

ئەوەلیو وە دوو فەتحە کە صادو رائە، وە لەگەڵ ئەلفی درێژ (**أَنْصَار بسكون بين فتحتين**) واتە: ئەم صیغەیە بە زەنەیە کە هی نونە لە نێوان دوو فەتحەدا کە هی هەمزەو صادە، وە لەگەڵ ئەلفی زیاد لە نێوان صادو رائدا (**يتوافقان في هذا أيضا إفرادا وتثنية وجمعا**) واتە: -مذكر ومؤنث- یەکسانن لەم فعولەی بە مانا فاعیل، هەر وەك یەکسان بوون لە فعیلی بە مانا مەفعول لە موفرەدو -تثنية- جەمعدا، بەڵام لە موفرەدو -تثنية- بە مەرجی باسکردنی مەوصوفەکەیە، وە لە جەمعدا بەبێ ئەم مەرجەیە وەکو {رجل صبور، وامرأة صبور، رجلانِ صبوران، امرأتانِ صبورانِ، رجال صُبُرٌ، نِساء صُبُرٌ} لێرەدا ئەمەش بگوترێت چاکە بۆچی فعولی بە مانا فاعیلە وە پێش خست خۆ هی بە مانای مەفعول ئەصلترە؟ لە وەڵامدا دەگووترێت: ئەمە راستە بەڵام چونکە لەگەڵ فعیل ی بە مانا مفعول هاوبەشە لە هەموو ئەم حوکمانەدا جا لەبەر ئەوە لە دوای ئەوی باسی کرد. جا هاتە سەر باسی فعولی بە مانا مفعول کە ئەصڵە، دەفەرمووێت (**وفعول بمعنى المفعول قياسه أن يجمع جمع سلامة لهما**) واتە: فعولی بە مانا مفعول قیاس و قاعیدە وا دەخوازێت کە بە جەمعی سەلامەت جەمع بکرێت بۆ ژن و پیاو وەکو فعیلی بە مانا فاعل کە هەردووکیان ئەصلن، وەکو {حلوب حلوبانِ حلوبونَ حَلوبة حلوبَتانِ حَلوبات} وە هەروەها {نصور} ئەگەر بە مانا منصور بێت دەڵێت: نصور {نصوران نصورون نصورة نصورتان نصورات} بەڵام ئەگەر بە مانا فاعبل بێت جەمعی سەلامەی نییە، وە نێرو مێ یەکسانن وەکو باسکرا، بەڵێ جا ئەم فعولە لەبەر ئەوەی کە ئەصلە گووتمان وەکو فعیلی بە مانا فاعل وایە، پێویستە جەمعی سەلامەی بێت بۆ ژن و بۆ پیاوان، جا با بزانین جەمع تەکسیری ژن و پیاویش هەر لەم فعولەی بە مانا مفعول دیاری بکەین (**وجمع تكسير الذكور له**) واتە: جەمع تەکسیری -مذكر-ان لەم فعولەی بە مانا مفعول (**ما ذكرنا في الذي بمعنى الفاعل**) ئەو سێ جەمعەیە کە لە فعولی بە مانا فاعل هەبوون کە ئەمانەن {نُصُور، نُصرَاء، أَنْصَار} بەڵام لەوێ بۆ نێرو مێ وەکو یەك بوو، کەچی لێرەدا تەنها جەمعی تەکسیرە بۆ نێرینەکان (**والإناث**

**نحو عَجُوزَة**) واتە: جەمعی تەکسیری بۆ -مؤنث-ان لە فعولی بە مانا مفعول {عجوزة} کە لەسەر وەزنی فعولە، وە بە مانا {معجوزة} (**عَجَائِز**) یانی جەمع تەکسیرەکەی {عَجائِز} دەبێت کە لەسەر وەزنی {فَعَائِل}ە. بەڵام تەوەش بزانە هەندێك دەڵێن: عجوز بە تێ بۆ ژن و پیاوان دەگووترێت. گووتمان نێرو مێ یەکسانن لە فعیلی بە مانا مفعول و لە فعولی بە مانا فاعل بە مەرجێك کە مەوصوف گووترابێت، وا دەرکەوت ئەگەر مەوصوف باسکراو نەبێت پێویستە لەوانیش جیاوازی لە نێوان نێرو مێ هەبێت، جا بەڕێزی دەفەرمووێت (**وإذا لم يذكر الموصوف في الذي بمعنى الفاعل**) واتە: هەر کاتێك کە مەوصوف باس نەکرابێت لەم فعولەی کە بە مانا فاعلە وە ئەصلیش نییە، وە هەروەها لەم فعیلەی کە بە مانا مفعول، کەچی بەڕێزیان لێرەدا باسی ئەوەی نەکردووە، بەڵام وا پێدەچێت پێکەوە بن (**فالظاهر أنه كالذي بمعنى المفعول**) وا دیارە کە ئەم فعولەی بە مانا فاعل وە هەروەها فعولی ناوبراویش لەو کاتەی کە مەوصوفەکەی باس نەکرا وەکو فعولی بە مانا مفعول بێت (**في جَمْعَي الذكور والإناث سلامةً وتكسيراً**) لە هەردووك جەمع کە جەمعی سەلامەو تەکسیرە بۆ -مذکر و مؤنث- کەواتە: لە وشەی {نصور}دا کە فعولە وە بەمانا فاعلە بۆ-مذکر- دەڵێت:{نصور، نصوران، نصورون} بەجەمعی سەلامەت. وە بۆ-مؤنث- دەڵێت:{نصُورة، نصورتان، نصورات} بە جەمعی سەلامەت، بەڵام جەمعی موکەسەری پیاوان ئەم سێ جەمعەیە کەلە{فعول}ی بەمانا مەفعول هەبوون کەئەمانەن{نُصُر، نُصَراء، أنصار} وەجەمعی تەکسیری -مؤنث-ان کەبۆ فعولی بەمانا مەفعول هەبوو وەکو{عجوزة، عجائز} دەڵێ:{نصورة، نصائر} . پوختەی ئەم باسە ئەوەیە: کە فعولی بەمانا فاعل جەمعی سەلامەی نییە، وە سێ جەمعی تەکسیریشی هەیە بۆ نێرو بۆمێ، بەڵام هی بەمانا مفعول جەمعی سەلامەی نێرو مێی هەیە وەجەمعی تەکسیریشی بۆپیاوان ئەم سێ جەمعەیە کە لە هی بەمانا فاعل هەبوون بۆ نێرو بۆ مێ، بەڵام لێرەدا تایبەت بوون بەنێر وە هی مێینە وەکو{عجوزة، نصورة، عجائز، نصائر} کەلەسەر وەزنی

{فعائل}ە. جا دێینەوە سەر فعولی بەمانا فاعل و فعیلی بە مانا مفعول لەکاتێك کە مەوصوف باس نەکرابێت جا فەرمووی لەم کاتەدا ئەم فعولەی بەمانا فاعل هەر وەکو فعولی بەمانا مەفعول وایە، واتە: جەمعی سەلامەی نێرینەو مێینەی هەیە وەتەکسیرەکانی نێرینە ئەم سێ صیغەیە کەباس کراون{نُصُر......هتد} وە بۆ مێینە بە هەمان شێوە{عجوزة، عجائز}هەوە، بەڵام لێرەدا هەندێك لە زانایان تێبینیان هەیەو دەڵێن ئەمە جێگای بیر لێکردنەوەیە، چونکە بەڕێزی فەرمووی: جەمع تەکسیرەکانی فعولی بەمانا مفعول وەکو جەمع تەکسیرەکانی فعولی بەمانا فاعل وان کە سێیەکانن، وەئێستاش دەفەرمووێت: جەمع تەکسیرەکانی فعولی بەمانا فاعل وەکو جەمع تەکسیرەکانی فعولی بەمانا مفعول وان، جادەڵێن ئەوە شوبهاندنی شتێکە بە{نفسي} خۆی وەکو بڵێیت: زید وەك زید وایە جائەگەر وەڵام بدەینەوە کە جیهەتەکە جودایە، لەبەر ئەوە کە ئەویان لەکاتی موصوف باس نەکراو بێت و وەئەوی تریان لەکاتی موصوف باس کراوبێت. وەخودای باڵادەست لەهەموو کەس زاناترە.

(**وما ذكرنا من فعول بمعني مفعول إلي هنا**) واتە: ئەوەی کە گووتمان و باسمان کرد لە فعولی بە مانا مەفعولەوە هەتا ئەم شوێنە، کە دەکاتە {سلامة وتكسيرا} کە باسکراوە کە ئەوەیە گووتمان ئەم فعولە جەمعی سەلامەی هەیە، هەروەکو فعیلی بە مانا فاعیل، وە تەکسیرەکانی -مذکر-ەکان ئەم سێیەکانن، وە هی -مؤنث-ەکان {فَعائِل} هەروەکو {عجائز}ەوە، لە کاتێك کە مەوصوف نەگوترابێت لەم فعولی بە مانا فاعل وەکو هی بە مانا فعولی بە مانا مەفعولە لە هەموو حوکمەکانی. جا ئەم باسکراوە لە وێندەر تاکو {سلامة وتكسيرا} (**ما رأينا فيه شيئاً**) لە باس و بەیانی ئەم باسەی رابراو لە هیچ کتێبێك وە لە هیچ گوتراوێکی ئەو زانایانەمان نەدیوون بە شێوەیەکی صەریح و راستەوخۆ (**لكن استظهرته من قواعدهم**) بەڵام دەرم خستووە لە یاساو قانونی زانایانی عیلمی صەرف لەو شوێنانەی کە ئەوان ئاماژەیان بۆ کردبوو، وە منیش تەصریحم پێکردووە (**والله أعلم**) وە خودای باڵا

دەست لە هەموو کەس زاناو داناترە هەر ئەو بە تەواوی راستیو هەڵەی لەلا ئاشکرایە.

جا لە کاتێك بەڕێزیان رزگاری بوو لە باسی دروستکردنی ئیسمی فاعل وە مەفعول لە -ثلاثي مجرد- هاتە سەر باسی دروستکردنیان لە غەیری -ثلاثي مجرد- کە دەکاتە -ثلاثي مزید- وە رباعی مجردو مەزید جا فەرمووی (**ومما زاد على الثلاثة**) واتە: ئەو ئیسمە فاعیلەو ئەو ئیسمە مەفعولەی کە دروست دەکرێت لەو فعلانەی زیادن لەسەر سێ حەرفان (**فالضابط فيه أن تضع الميم المضمومة موضع حرف المضارعة**) قانون و یاسا وایە بۆ دروستکردنی ئیسمی فاعیل و مەفعول لەم جۆرە فعلانە کە تۆ میمەکی بۆ دابنێیت لە شوێنی حەرفە -مضارعة- کە لە دوای لادانی ئەم حەرفە -مضارعة- (**وتكسر ما قبل آخره في الفاعل وتفتحه في المفعول**) جا کە میمەکەت دانا، ئنجا ئەو حەرفە مەکسور بکە کە دەکەوێتە پێش ئاخیری لە ئیسمی فاعل، وە مەفتوحی بکە لە ئیسمی مەفعول (**نحو مُكْرِم ومُكْرَم ومُدَحْرِج ومُدَحْرَج**) ئێستا {مُكْرِم} کە ئیسمی فاعیلە لە بابی ئیفعالە ئەصلەکەی {يكرم} بووە، وە حەرفی -مضارعة-کەی لادراوەو میمی -مضموم-ی لە شوێنی داندراوە، وە ئاخیرەکەشی بە مەکسوری ماوەتەوە، وە{مُكْرَم} کە ئیسمی مەفعولە بە هەمان شێوە تەنهاَ پێش ئاخیرەکەی مەفتوح بکە، وە دەشتوانی بڵێیت: ئەومان لە فعلی بینا مەجهول دروست کردووە کە {يُكْرَم} بووە، وە ئەو حەرفەی پێش ئاخیرەکەی بە مەفتوحی ماوەتەوە جا بە هەر حاڵ جیاوازی هەر دەبێت لە نێوان ئیسمی فاعیل و مەفعول، ئەمەیان میسالی -ثلاثي مزید-ە، وە {مُدَحْرِج} وە {مُدَحْرَج} بە هەمان شێوە ئیعلال بکە کە ئەمەش میسالی رباعی موجەرەدە، وە میسالی رباعی مزید {مُحْرَنْجِم ومُحْرَنْجَم} (**وكذا نظائره**) واتە وەکو ئەم ئیسمە فاعل و مفعول باسکراوە وایە، هەموو هاووێنەکانیان لەهەموو بابەکانی تر لە -ثلاثي- مەزیدو رباعی مجردومەزید، واتە بەم شێوەیە حەرفی -مضارع-ەکە لادەو میمێکی بۆر لەشوێنی دابنێ جا پیتی پێش پیتی ئاخری لەژێر

بکە بۆ ئیسمی فاعل و لەسەر بکە بۆ ئیسمی مەفعول، وەکو{مستخرَج، متدحَرِج......هتد}. رەخنەگرێك پرسیار دەکات و دەڵێت: تۆ گووتت لەغەیری -ثلاثي-مجرد حەرفی پێش ئاخیری لەژێر دەکرێت بۆ ئیسمی فاعل و، لەسەردەکرێت بۆئیسمی مەفعول وەئێستا {مُسهَب} وهەندێکی تر -ثلاثي-مەزیدن وەلە ئیسمی فاعل و حەرفی پێش ئاخیری مەکسور نەکراوە بەڵکە مەفتوحە، جا دەفەرموویێت (**وشذّ مُسْهَب ومُحصَن ومُلْفَج بفتح ما قبل آخره في إسم الفاعل**) واتە شازە ولەقانون دەرچوونە ئەم سێ وشەیە کەئیسمی فاعلن وەحەرفی پێش ئاخیرەکەیان لەسەرە وەهەموو قانون و یاسایەك لەسەر غالبە، بەشی کەم یاسا لکەدار نابێت، جا{مسهَب} ئەگەر بەم کەسە بڵێیت کە زۆر قسە دەکات بە قسەی پروپوچ ئەمە بەفەتحەی هاتووە شازە وەکو گووتمان، بەڵام ئەگەر بەقسەکەری رێك بڵێین ئەوا بە{مسهِب} هاتووە بەکەسرە وەلەسەر یاسایە وەشازنیە. وە{محصَن} واتە: خۆی پاراستووە لەزینا وەخۆی{حیفظ}کردووە بەهۆی نیکاحی شەرعی. وە{مُلْفَج} میم بۆر و لام زەنەو فی لەسەر واتە: مفلس و هەژار، پوختە ئەوەیە کە ئەم سێ وشەیە -ثلاثي- مەزیدن لەبابی {أفعال}وئیسمی فاعلن قانون وابوو بەکەسرەی پێش ئاخیری یان وەئێستا بەفەتحەی پێش ئاخیری هاتوون لەیاسا دەرچوونە، (**وكذا عاشب و وارس ويافع فيه**) هەروەها شازە لە یاسا دەرچووە ئەم سێ وشەیە کە{عاشب، وارس، یافع}ن چونکە ئەوانە ئیسمس فاعلن وەلەغەیری -ثلاثي- مجردن وەلەسەر وەزنی ئیسمی فاعیلی - ثلاثي- مجرد هاتوون قانون وابو یەم شێوە بن{مُعشِب ومُورِس ومُوفِع} جا{عاشب} فعلەکەی {أعْشَب}ە واتە: شوێن کە گیای شین کردووە {وارس} فعلەکەی {أوْرَسَ}ە واتە: ئەم شوێنە کە ئەم گیایەی شین کردووە کە پێی دەڵێن{وَرَسْ} وە{یافع} عەرەب دەڵێن {أیفع الغلام} واتە: ئەم منالە لەسەر هاورێیەکانی پێش کەووتووە بەرزبووە (**كلها من باب الأفعال**) ئەم شەشە هەمووی لە بابی{أفعال}ن یاسا وابوو کە لە سەر وەزنی {مُفْعِل}بانە، بەڵام کە سێیەکانی ئەوەلی حەرفی پێش ئاخیریان مەفتوحە وە سێیەکانی دوایی لەسەروەزنی

ئیسمی فاعیلی مجرد هاتوون هەموویان شازن و ریزپەرن، ئەو جارە هاتە سەر ئەم صیغانەی كە ئیسمی فاعل و مەفعول لەوان یەكسانە جا فەرمووی (**وقد يستوي لفظ إسم الفاعل والمفعول**) واتە: كەم جار لەفزی ئیسمی فاعل ومەفعول وەك یەك دەبێت لەبەر چەند شتێك كە باسیان دەكات (**في كل ماكان قبل آخره مدغماً**) واتە لەهەموو ئیسمە فاعل و ئیسمە مەفعولێك كە حەرفی پێش ئاخیرەكەی دەغم كرابێت لە حەرفی ئاخیرەكەی وەكو{مُعْتَدٌّ} (**ولم يكن قبله ساكن**) بەڵام بەو مەرجەی كە لەپێش ئەم دەغم كراوە هیچ حەرفی ساكن نەبێت وەكو میسالمان هێنا بەڵام ئەگەر ساكن هەبێت لەو كاتە دەتوانین جیاوازی بكەین بۆ وێنە وەكو{مُعِدٌّ} ئەسلەكەی {مُعْدِدٌ} بوو لێرەدا نەقلی حەرەكەی دالی یەكەم دەكەین بۆ عەین وە دەغمی دەكەین، بۆ ئیسمی فاعل دەگووترێت{مُعِدّ} بەكەسرەی عەینی وەبۆ ئیسمی مەفعول{مُعَدٌّ} بە فەتحەی عەین (**أو كان وكان ألفا**) واتە حەرفی ساكن لە پێش حەرفی دەغم كراو هەبێت، بەڵام ئەو حەرفە ساكنە ئەلف بێت جا لەم كاتەش وەك یەك دەبن وەكو{محابٌّ} كە خۆی میسالەكان باس دەكات. (**أو كان ماقبل آخره واواً أوياءً وما قبله مفتوحاً**) وەهەروەها هەردوكیان یەكسانن لە هەر صیغەیەك كە حەرفی پێش حەرفی ئاخیری واو بێت یان{ی}بێت، وەئەم واو و {ی}ش حەرفی پێش خۆیان لەسەر بێت جا قەلبی ئەم واو و {ی}ش دەكرێت بە ئەلف، وە ئەلفیش حەرەكە قەبول ناكات ویەكسان دەبن وەكو{مختارّ} بەڵام ئەگەر حەرفی پێش واو و{ی} مەفتوح نەبوو لەم كاتەدا جیاوازی دەكرێت، وەكو{مقیم ومقام} كە ئەسلەكەیان {مقوِم و مقوَم} بوونە، واو كراوە بە ئەلف لە ئیسمی مەفعول وە كراوە بە{ی} لەئیسمی فاعل، ئەمە لە ئەجوەفی باس دەكات{إنشاء الله}، ئەو جار میسالەكان دەهێنین (**كمحاب ومتحاب**) {محاب} لە بابی {مفاعل}ە وە {متحاب} لە بابی {تفاعل}ە ئەسلەكەیان{محابِبٌ و متحابِبٌ} بە فەتحەو كەسرەی {ب}ی یەكەم حەزفی حەرەكەی ئەم {ب}ی یەكەم كراوە دەغم كراوە لە هی دووەم بەڵێ لەپێش ئەم حەرفە ساكنێك هەیە بەڵام ساكنە ئەلفە وە قەبولی حەرەكە ناكات،

وە بەناچاریەوە ئیسمی فاعل وەمفعول وەك یەك دەبن (**ومختار**) ئەمەش بابی **إفتعالە** وە **معتل العینە**، ئەصلەکەی {مُخْتَیِر} بووە لە ئیسمی فاعیل، وە {مُخْتَیَر} لە ئیسمی مەفعول، جا بە هەر حالْ ئەم یائە قەلب کرا بە ئەلف جا ئیسمی فاعیل و مەفعول وەك یەك بوون (**ومُضْطَرٌّ، ومُعْتَدٌّ**) ئەمانەشیان هەر لە بابی إفتعالن، ئەصلەکەیان {مُضْطَرِرٌ، ومُعْتَدِدٌ} بووە لە ئیسمی فاعیل بە کەسرەی حەرفی پێش کۆتایی، یان ئەصلەکەیان {مُضْطَرَرٌ ومُعْتَدَدٌ} بووە لە ئیسمی مەفعول، ئنجا رائەکە لە هی یەکەم وە دال لە هی دووەم ساکن کران و لە پیتی دووەمی وەك خۆیان دەغم کران، ئەو حەرەکەی کە جیاوازی لە نێوان ئیسمی فاعیل و ئیسمی مەفعول دەکرد حەزف کراو نەماو هەردووکیان لە صیغەدا یەکسان بوون (**ومُنْصَبٌّ ومُنْصَبٌّ فیه**) ئەم دووانەش لە بابی إنفعالن، ئەصلەکەیان {مُنْصَبِبٌ} بووە لە ئیسمی فاعیل وە {مُنْصَبَبٌ} لە ئیسمی مەفعول، ئنجا پیتی یەکەم لە دوو بائەکان حەزف کراو لە هی دووەم دەغم کرا (**ومُنْجابٌ ومُنْجابٌ عنه**) ئەم دووانەش هەر لە بابی إنفعالن، ئەصلەکەیان {مُنْجَوِبٌ، ومُنْجَوَبٌ} بووە واوی متحرك ماقبل مەفتوح قەلب کرا بە ئەلف بوو بە {مُنْجابٌ} لێرەش بە هەمان شێوە ئیسمی فاعیل و ئیسمی مەفعول وەك یەك وابوون. براکەم: دەرکەوت کە ئیسمی فاعل و ئیسمی مەفعول لەم نۆ میسالەو هاووێنەکانیان وەك یەك وانە، جا ئەمەیان لەبەر ئیدغامە وە یان لەبەر قەلبە چونکە ئەم حەرەکەی کە لەسەر حەرفی پێش کۆتاییە واتە سەرو ژێر نەماوە، هەر ئەمەش بوو کە لێکی جودا دەکردنەوە بە ژێر دەمانزانی ئیسمی فاعیلە وە بە لەسەر دەمانزانی ئیسمی مەفعولە (**ویختلف التقدیر**) بەڵێ گووتمان لە لەفزدا هەر دووکیان یەکسانن بەڵام لە تەقدیروو فەرزدا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، چونکە دەڵێین: ئیسمە فاعیلەکا بە کەسرەی حەرفی پێش حەرفی کۆتایین لە ئەصڵداوەکو گووتمان {ومُعْتَدِدٌ، مُخْتَیِر....} وە زۆر جاریش لە مانایەکەی دەردەکەوێت و دەزاندرێت ئەمە کامەیانە. یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: لە صیغەکانی ئاخیری {منصبّ...هتد} جاوازی هەیە بەم جارو مەجرورە بۆچی لەواندا

ئیسمی فاعیل و مەفعولی بە یەکسان داناوە؟ لە وەڵامدا دەگووترێت: لەوانیش خودی صیغەکان بۆ هەردووکیان وەك یەك وان بەڵام مەرجە بۆ دروستکردنی ئیسمی مەفعول لە فعلی لازم کە بکرێت بە متعدی، کەواتە ئەم جارو مەجرورە پارچە نین لەم وشانە بەڵکە مەرجن بۆ دروستکردن وەکو دەڵێن {شَرْطٌ لاشَطْرٌ}.

## باسی صیفەتی مشبّهە

جا مصنف خوای لێ رازی بێت لە باسی ئیسمی فاعیل و مەفعول وە لەگەڵ هەردوو فعیل و فعولی تەواو کرد، ئەوجارە هاتە سەر باسی صیفەی مشبهە، ئەگەرچی زەنجانی باسی نەکردووە بەڵام لەبەر ئەوەی کە قوتابی زۆر پێویستی پێی دەبێت لێرەدا باسی لێوە دەکات، وە خۆشی لە سەرتای ئەم کتێبە فەرمووی {وآزید علیه...إلخ} واتە: من هەندێك بابەت و میسال لەسەر زەنجانی زیاد دەکەم، جا ئەمەو چەند بابەتی دیکەی زیاد کردووە جا فەرمووی (**الصفة المشبهة**) واتە: لەم جۆرە میسالانەیە کە لە مەصدەری مجرد دروست دەکرێت، ئەم صیفەتە موشەببەهەیە واتە تەشبیهکراوە بە ئیسمی فاعیل لەوەدا وەکو ئەوی -تذکیر وتأنیث وتثنیة- وە جەمع دەکرێت، وەك بڵێیت {حَسَنٌ حَسَنانِ حَسَنونَ حَسَنَةٌ حَسَنتانِ حَسَنات} وەکو لە ئیسمی فاعل دەگووترێت {ضارب ضاربان ضاربون ضاربات ضاربتان ضاربات} جا پێناسەی ئەم صیفەتە لە زاراوەی زانایانی عیلمی صەرف لەفزێکە کە موشتەق بێت لە مەصدەری فعلی لازمی -ثلاثي مجرد- بێت یان غەیری -ثلاثي مجرد- وە دەلالەت بکات لەسەر مانەوەی ئەم صیفەتە وەکو {حَسَن وشُجاع وجَبان} ئێستا ئەم شتانە کە جوانیو غیرەت و ترسناکی لە خاوەنەکەیان دەمینن وە فعلەکەی هەمووشیان لازمەو -ثلاثي مجرد-ە، وە ئەگەر ویستت صیفەی موشەبەهە لە فعلێکی متعدی دروست بکەیت یەکەم جار بیکە بە لازم ئەوجا بیکە بەم صیفەتە وەکو{رَحِمَ} لە بابی چوارەم بیکە بە{رَحُمَ} وەکو{حسُن} جا بیکە بە{رَحیم} (**وصیفتها من الثلاثي المجرد سماعیة**) بەڵێ سیفەتی موشەبەهە لە-ثلاثي-ی مجرد لە غەیری

-ثلاثي مجرد-یش دروست دەکرێت، بەڵام صیفەکانی لە-ثلاثي مجرد- سەماعینە واتە: بیستراون وەهیچ یاسایەك نیە وەکو ئیسمی فاعل و مەفعول کە وەزنەکەیان دیاری بکات، بەڵکە لەسەر زۆر وەزنی جۆراو جۆر دین مەگەر بۆ ئەلوان و عیوب کە بۆ پیاوان{أفعل} دێت، وە بۆ ئافرەتان{فعلاء} دێت وەکو {أحمر و حمراء} جا بەرێزی دەیەوێت وەزنەکانی کەمێك کۆبکاتەوە ئەگەر چی بەتەواویش نەکرێت وەکو گووتراوە {ما لا بدرك كله لا يترك جله أو كله} جا لە کتێبی شافیه دانراوی زانای بەناوبانگ شێخ ابن الحاجبی کوردی نەقل دەکات دەفەرمووێت(**قال ابن الحاجب في شافية هي من نحو فَرِحَ على فَرِحٍ غبالباً**) واتە: ابن الحاجب فەرموویەتی لە کتێبی شافیه کە کتێبێکی صەرفیە واتە عیلمی صەرف ئەم سیفەتی موشەبەهە لەم فعلە -ماضی-ەی لەسەر وەزنی {فَعِلَ} بە کەسرەی عین الفعل لەسەر وەزنی {فَعِلٌ} دەبێت بە زۆری وەکو {فَرِحَ} ئێستا ئەمە فعلی -ماضی-ە لەسەر وەزنی {فَعِلَ}یە واتە لە بابی چوارەمە، صیفەتی موشەبەهە لێرەدا لەسەر وەزنی {فَعِلٌ} دەبێت وەکو {فَرِحٌ} لەگەڵ هاووێنەکانی، هەروەها هاووێنەکانی وەکو {حَزِنٌ} وە بۆ -مؤنث- تائێك زیاد بکە {فَرِحَةٌ وحَزِنَةٌ} جا بزانە {فَرِح} بە کەسرەی عەین العفل و فەتحەی حەرفی ئاخیری فعلی -ماضی-ە وە ئەگەر ئاخیرەکەی تەنویندار بکەی ئەوە دەبێتە صیفەتی موشەبەهە وەکو {فَرِحٌ} وە ئەگەر رائەکە فەتحەی بۆ بکەی ئەوە دەبێتە مەصدەر وەکو {فَرَحٌ} (**وقد جاء الضم في بعضها**) وە کەم جار -ضمة- ش دروست دەبێت لە هەندێك لەم میسالانەی کە بە کەسرە هاتبوون (**كَنَدُسٍ وحَذُرٍ وعَجُلٍ**) ئێستا ئەم سێ وشەیەو زۆرتریش -ماضی-ەکەیان {فَعِلَ}ەی مەکسورە وە صیفەتەکە بە کەسرەی عین الفعلە بەڵام -ضمة-شیان لێی دروستە، کەچی لەژێرەکە هی خۆیانە {نَدُس} واتە ژیر {حَذُر} ترسناك و وشیار {عَجُل} پەلە دەکات (**وجائت على سَليمٍ وشَكْسٍ وحُرٍّ وصِفْرٍ وغَيُورٍ**) واتە: ئەم صیفەتە هاتووە لەسەر ئەم پێنج وەزنەش لەگەڵ دووەکانی پێشوو لە -ماضی-ەکەی هەموویان {فَعِل}ەی مەکسورە {سَليم} -ماضی-ەکەی {سَلِمَ} بووە، وە {شَكْس} لەسەر

وەزنـی {فَعْـل}ە بـە سـکونی عـین الفعلەکەی {حُرّ} لەسەر وەزنی {فُعْل}یە بە -ضمة-ی فاء الفعل وە سکونی عین الفعل چونکە ئەصلەکەی {حُرْر} بووە بەلاّم دەغم کـراوە، وە {صِـفْر} لەسـەر وەزنـی {فِعْـل} بە کەسرەی فاء الفعل وە سکونی عین الفعلەکەی وە {غَـیُور} وەکو {فَعول} فەتحەی یەکەمی وە -ضمة-ی دووەمی لەگەلّ واوی زیـاد لـە پـێش کۆتـایی (**ومن الألوان والعيوب والحِلَى على أفْعَلٍ**) واتە: صـیفەتی موشـەبەهە لەو فعلەی کە دەلالەت دەکات لەسەر رەنگ و عەیب و جوانی لەسـەر وەزنی {أفْعَل} دەبێت بۆ نێرینە -مذكر-، وە مێینە -مؤنث- لەسەر وەزنی {فَعْلآء} دەبێـت وەکـو {أسْـوَدِ} بـۆ نێریـنە وە {سَوْداء} بۆ مێینە ئەمە نمونەی رەنگە، وە میسالی عەیبیش وەکو {أعْـرَج، عَرْجآء} واتە: شەلە، وە نمونەی جوانیش وەکو {أبْلَج بَلْجآء} بە کورتی وەزنەکانی صیفەتی موشەبەهە لە فعلی مەکسور بوو بـە {٩} نـۆ وەزن (**ومن نحو كَرُمَ على كَريمٍ غالباً**) صـیفەتی موشەبەهە لە {کَـرُمَ} وە هاووێنەکانی کە لەسەر وەزنی {فَعُلَ}ەی -مضموم-ن زۆرتر لەسەر وەزنی {فَعیل} دەبێت وەکو {كَريم} کە -ماضی-ەکەی {كَرُمَ}ەیە (**وجائت على خَشِنٍ وحَسَنٍ**) صیفەتی موشەبەهە هاتووە لە {فَعُلَ}ەی -مضموم- لەسەر وەزنی {فَعِلٌ وفَعَـلٌ} بـە فەتحـەی ئـەوەلی لە هەردووکیان وە کەسرەی عین الفعل لە هی یەکەم وە فەتحـەی دووەم لـە هی دووەم (**وصَعْبٍ وصُلْبٍ**) لەسەر ئەم دوو وەزنەش هاتووە بە فەتحـەی یەکـەم لـە یەکـەمی وە بـە -ضمة- لـە دووەمی وە سکونی عین الفعل لە هەردووکـیان (**وجَبَانٍ وشُجَاعٍ**) بـە فەتحـەی حەرفی یەکەم لە هی یەکەم، وە بە -ضمة-ی حەرفی یەکەم لە هی دووەم، وە ئەلفێك لە هەردووکیان زیاد کراوە (**ووَقُورٍ**) بە فەتحەی حەرفی یەکەم و -ضمة-ی دووەمی بە واو (**وجُنُبٍ**) بە -ضمة-ی یەکەم و دووەم. بۆمان دەرکەوت کە صیفەتی موشەبەهە لەمەشدا {٩}نۆ وەزنی هەنە، وە لە هەندێکیان {فَعِلَ}ەی مەکسور لەکەلّ {فَعُلَ}ەی -مضموم- هاوبەشن وەکو سلیم وە کـریم وە غەیـری ئەوانـەش، وە هەندێکیشـیان تایـبەتن (**وهي من فَعَلَ قليلة**) صـیفەتی موشەبەهە لە {فَعَلَ}ەی مەفتوح زۆر کەم دێت، چونکە ئەم بابەیان کەمتر

دەلالەت لەسەر مانەوە دەکات، وە هەروەها ئیسمی فاعیلیش شوێنەکەی پڕ دەکاتەوە (**وجائت على حَرِيصٍ وأَشْيَبَ وضَيِّقٍ**) واتە لەگەڵ ئەودشدا کە گووتمان صیفەتی موشەبەهە لەم بابە کەم دێت بەڵام لەسەر ئەو سێ وەزنە هاتووە، یەکەم: {فَعِيل} وەکو {حَرِيص} فعلە -ماضی-کەی {حَرَصَ}ەیە، دووەم: {أَفْعَلَ} وەکو {أَشْيَب} فعلی -ماضی- {شابَ}ەیە، سێیەم: {فَيْعِل} وەکو {ضَيِّق} -ماضی-ەکەی -ضاق-ە یائی لێ زیادکراوە وە لە یائی ئەصلی دەغم کراوە، ئەمانە هەرسێکیان لە بابی دووەمن کە {فَعَلَ يَفْعِلُ} وەرگیراون، لەم سێیانە هی ئاخیریانە تایبەتە بە {فَعَلَ}ەی مەفتوح، بەڵام دووەکانی تەوەلی لە دووەکانی ئەودلیش هاتبوون، واتە: لە {فَعِلَ، وفَعُلَ} هاتبوون چونکە {حريص} وەکو {سليم وكريم} وایە، وە {أشيب} وەکو {أحمر} وایە کە دروستە لە هەردوو بابەکان بێت، یانی {حَمِرَ وحَمُرَ} (**ويجئ من الجميع بمعنى الجوع والعطش وضديهما على فَعْلان**) واتە: صیفەتی موشەبەهە دێت لە هەرسێ بینایەکان کە دەکاتە {فَعَلَ، فَعِلَ، فَعُلَ} لە کاتێکدا ئەم فعلە بە مانا {جوع وعطش} واتە: برسیەتیو تینوەتی بێت یان بە مانا {ضد} دژەکانیان بێت، کە دژی برسیەتی تێریاتیە، وە دژی تینوێتی تێراویە، صیفەتی موشەبەهە لەم جۆرە فعلانە لەسەر وەزنی {فَعْلان} دەبێت، ئەمە بۆ نێرینەکان وە بۆ مێینەکان لەسەر وەزنی {فَعْلى} (**نحو جَوْعان**) ئەمە لە بابی یەکەمە واتە {جاعَ يَجُوعُ جَوْعان} بۆ نێرینە، وە بۆ مێینە دەگووترێت {جَوْعَى} ئەمەیان بە مانای برسیەتییە (**وشَبْعان**) لە بابی چواردەمە ئەمەش دژی برسیەتیە واتە تێریەتی، وە بۆ مێینە دەگووترێت {شَبْعَى} (**وعَطْشان وريّان**) ئەمانەشیان هەر لە بابی چوارەمن، یەکەمیان بە مانای تینوێتیە، وە دووەمیان بە مانای تێراوی دێت، ئەمە بۆ نێرینەکان بەم شێوەیە دەگووترێت، وە بۆ مێینە دەگووترێت {عَطْشَى وريَّا} وە میسالی {فَعُلَ}ەی -مضموم- بەم مانایە نەهاتووە، جا لەبەر ئەمە نمونەی ئەمیانی نەهێناوە (**إنتهى**) فەرموودەی شێخ إبن حاجیب کۆتایی پێ هات کە لە شافیەی وەرگرتبوو، جا ئەمانەی گووتمان صیفەتی موشەبەهە

بوون لە -ثلاثی مجرد- جا دێتە سەر باسی صیفەتی موشەبەهە لە -ثلاثی مزید- وە هەردوو رباعی واتە مجردو مەزید، جا دەفەرمووێت (**ومن غیره علی زنة اسم الفاعل فتكون منه قیاسا**) صیفەتی موشەبەهە لە غەیری -ثلاثی مجرد- کە دەکاتە -ثلاثی مزید- وە رباعی مجرد وە رباعی مزید لەم سێ فعلانە لەسەر وەزنی ئیسمی فاعیلی ئەم فعلە دەبێت، وە ئەمەشیان قیاس و قانونە وەکو -ثلاثی مجرد- سەماعی نییە، کەواتە دەتوانی بڵێی {مُنْطَلِق} ئیسمی فاعیلە وە صیفەتی موشەبەهەشە وەکو بڵێی {زیدٌ منطلِق اللسان} وە ئەمە نمونەی -ثلاثی مزید فیە- یە، وە هەروەها {زید مُطْمَئِنُ النفس والقلب} وشەی {مُطْمَئِنُ} کە فعلە -ماضی- دکەی {إطمئن} بووە رباعی مزیدە لە بابی {إفعِلال}ە، دەتوانی بڵێی ئیسمی فاعیلە هەروەها دەتوانی بشڵێی صیفەتی موشەبەهەیە.

## باسی مُضاعَف

لە کاتێك مصنف رزگاری بوو لە باسی سالمی جا هاتە سەر باسی {مضاعف} بە فەصل دەستی پێکرد کە پوختەکەی ئەم بابەتانەیە. ١- پێناسەی {مضاعف} لە لوغەت و لە ئیصطیلاحدا. ٢- هەر فعلێك {ماضی}ەکەی مەفتوح العین بێت وە متعدی بێت واجبە عین الفعلی لە {مضارع}دا {مضموم} بێت مەگەر بە کەمی. ٣- بۆچی {مضاعف} لەگەڵ موعتەلەکان ژمێردراوە، هەڵبەتە لەبەر دوو شتە: أ/ لەبەر ئەوەی کە ئیبدالی دێتە سەر. ب/ حەزفی تێدایە. ٤- حروفی ئیبدال چینەو وە چەندن؟. ٥- {مضاعف} ئیدغامیشی دێتە سەر کە سێ جۆری هەیە کە دەکاتە واجب و جائزو مومنوع. ٦-ئایا ئەصل لە سوککردنی {مضاعف} چییە لەوسێیانە کە ئیبدال وَ حەزف و ئیدغامن؟ بێگومان ئیدغام ئەصلە. ٧-ئایا ئیدغام لە کوێ واجبەو لە کوێ قەدەغەیەو لە کوێ دروستە؟ ٨-قاعیدەی واجب بوونی ئیدغام کە یەکێك لەوانە ئەوەیە کە نابێت ئیلتیباسی ببێت. ٩-چۆن دەزانی کە ئیلتیباس نییە لەو فعلانە {مَدَّ، فَرَّ عَضَّ} کە هەر یەکێك لەمانە لە بابێکن؟ وە لە دوای ئیدغام

وەکو یەکتر دێنە بەرچاو. ١٠-حوکمی {مضاعف}ی مەجزوم و ئەمری بە صیغە چۆنە لە {مضاعف} ؟ ١١-حوکمی ئیسمی فاعیل و مەفعول چۆنە لە {مضاعف}ی لە رووی ئیعلالەوە؟ ١٢-لە کۆتاییدا صیفەتی موشەبەهە لەسەر چ وەزنەکی دێت لە {حَبَّ وشَحَّ}.

**تێبینی :**

هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئیسم و فعل سێ جۆری هەیە: کە ئەمانەن {سالم وە صەحیح وە معتل} یەکەم: سالم ئەوەیە کە حەرفە ئەصلیەکانی خاڵی بن لە حروفی عیللەو هەمزەو دووقات بوونەوە. دووەم: صحیح ئەوەیە کە حروفە ئەصلیەکانی خاڵی بن لە پیتەکانی عیللە بەس. سێیەم:معتل ئەوەیە کە یەکێك لە حەرفە ئەصلیەکانی حەرفێك بێت لە حەرفەکانی عیللە، کەواتە {نَصَرَ} سالمەو صحیحە. وە {سأل ومدد} صحیحن بەڵام سالم و معتل نین، وە {عَدَّ ویسر} نە سالم و نە صحیحن بەڵکو معتلن.

بێگومان ئەو صیغانەی وەك -ماضی مضارع.....- هەروەکو بۆ سال بەکار دێن بەهەمان شێوە بۆ غەیرە سالمیش بەکار دێن کە -مضاعف ومعتلّ ومهموز-ن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێك حالەتی تایبەت بەوان هەیە مصنف ویستی باسیان لێوە بکات، جا فەرمووی (**فصل في بيان المضاعف**) واتە: ئەم فەصلە باس و بەیانی {مضاعف}ی دەکات جا -ماضی- یان -مضارع- ...هتد بێت (**وهو في اللغة اسم مفعول من ضاعف بمعنى جعل الشئ اثنين فصاعداً**) وشەی {مضاعف} لە زمانی عەرەبیدا کە ئیسمی مەفعولە لە {ضاعف}ە وەرگیراوە بە شتێك دەڵێن: کە دوو چەندانە کرابێتەوە (**ويقال له الأصم لشبدته**) هەروەها {مضاعف} پێشی دەگووترێت ئەصەم یانی کەڕ لەبەر ئەوەی کە گوێچکەی کەڕ پڕ دەبێ و شت نابیستێ، ئەم {مضاعف}ەش چونکە دەغم کراوە پڕ بووە، هەروەها پیاوی کەڕ پێویستی بە دووبارە کردنەوەی وشە هەیە، ئەم {مضاعف}ەش حەرف دووبارە دەکاتەوە. جا یەکێك دەڵێت: چۆن توندی دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێی یلێن

ئەصەم؟ جا لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**لأنه يقال حجر أصم أى صلب**) چونکە لە زمانی عەرەبیدا دەگووترێت: {حجر أصم} واتە بەردی توونڎ، دیارە ئەصەم بە مانای توونڎ هاتووە، جا لەبەر ئەوە کە {مضاعف ثلاثی} جیایە لەگەڵ {مضاعف} لە رباعیدا، هەر یەکەو پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە، فەرمووی (**وهو في الإصطلاح من الثلاثی المجرد والمزيد فيه**) واتە {مضاعف} لە زاراوەی صەرفیان لە -ثلاثی مجرد ومزيد فيه- (**ما كان عينه ولامه من جنس واحد**) لەفزێکە جا ئیسم یان فعل کە عين الفعل و لام الفعلی وەك یەك بن واتە: هەردووکیان دوو پیتی وەك یەك بن وەك ئەوەی هەردووکیان دال بن یان صاد یان هەر پیتێکی دیکە بن (**كرَدَّ وأعَدَّ**) {رَدَّ} -ثلاثی مجرد-ە وە {أعدّ} -ثلاثی مزيد فيه- لە بابی إفعاله عين الفعل وە لام الفعل لە هەردووکیان یەك نەوعە حەرفن (**فإن أصلهما ردد وأعدد أسكن الأول وأدغم في الثاني**) واتە: ئەصلی {ردّ}ەی {ردد} بووە دالی یەکەم ساکین کرا بە حەزفی حەرەکەی پاشان لە دالی دووەم دەغم کرا بوو بە {رَدَّ} وە {أعدّ} ئەصلەکەی {أعدد} بوو وەکو {أكرم} بووە نەقلی حەرەکەی دالی یەکەم کرا بۆ لای {فاء الفعل}ەکەی ئنجا لە دالی دووەم دەغم کرا بوو بە {أعدّ} (**ومن الرباعی ما كان فائه ولامه الاولى من جنس واحد وكذا عينه ولامه الثانية**) واتە: {مضاعف} لە رباعی ئەوەیە کە {فاء الفعل} وە لام الفعلی یەکەم یەك جۆرە حەرف بن وە هەروەها عين الفعل وە لام الفعلی دووەم وەکو {زلزل} (**ويقال له المطابق أيضا**) {مضاعف}ی رباعی پێی دەگووترێ {مطابق} هەروەکو پێی دەگووترێ {أصم ومضاعف} (**لأنه مطابق فيه بين الفاء واللام الأولى والعين واللام الثانية**) چونکە {مطابق}ەی پێ کراوە لە نێوان {فاء الفعل} وە لام الفعلی یەکەم، وە لە نێوان عين الفعل وە لام الفعلی دووەم وەکو {زلزل} . یەکێك پرسیار دەکات: ئەدی لە {ثلاثی}ش {مطابق} نییە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**وهذا أقوى مما في الثلاثی**) واتە: ئەو موتابەقەی کە لە رباعی هەیە بەهێزترە لەو موتابەقەی کە لە {ثلاثی} هەیە، چونکە لە {ثلاثی}

موتابەقە تەنها یەك لایە کەچی لە رباعی موتابەقە لە نێوان دوو جۆرد پیتە نەك یەك. جا لێرە هەندێك شت زیاد دەکات لەسەر تەصریفی زەنجانی، بۆیە دەفەرمووێت **(واعلم أن ما ماضیه مفتوح العین من الثلاثی المجرد یجب ضم عین مضارعه إن کان متعدیا)** بزانە قوتابی گیان: بەڕاستی هەر فعلێك لەهەر رباعێك کە{ماضی}ەکەی مەفتوح العین بێت وە {ثلاثی مجرد} بێت و {مضاعف} بێ واجبەو پێویستە عین الفعلەکەی {مضارع}ی -مضموم- بێ، بە مەرجێك ئەم فعلە موتەعەدی بێت تاکو نەقل لە -ضمة- بۆ -ضمة- بێت نەك لە کەسرە بۆ -ضمة- **(وجاء الکسر في بعضها کالضم)** واتە: کەم جاریش کەسرەش هاتووە لە هەندێك فعلاندا وەکو -ضمة-ش هاتبوو، یانی لە کاتی کەسرەشدا -ضمة- هەر دروستە **(نحو یَشُدُّهُ ویَعُلُّهُ ویَنُمُّهُ ویَبُتُّهُ)** ئێستا ئەم چوار فعلە کە هەر چواریان -ماضی-یەکەیان مەفتوح العینەو وە -ثلاثی مجرد-ن وە {مضاعف}ن وە هەمووشیان موتەعەدینە لەوانەدا کەسرەو -ضمة- دروستە، واتە: {یَشُدُّهُ ویَشِدُّهُ} بە -ضمة-و کەسرەی شینەکە، ئەوانی دیکەش بە هەمان شێوەن، وە ئەوانەی کە تەنها -ضمة- یان تێدا دروستە زۆرن بۆیە باسیان ناکات. یەکێك پرسیار دەکات: بۆ {حَبَّهُ یَحِبُّهُ} بەس بە کەسرەی هاتووە لە کاتێکدا تۆ گووتت هەموو شوێنەك -ضمة-ی تێدا دروستە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمووێت **(وأما حَبَّهُ یَحِبُّهُ بالکسر فقط قلیل)** واتە: ئەم فعلە کە -ثلاثی مجرد-ە ...هتد کە بەس بە کەسرەی دروستە ئەمە کەمە، چونکە گووتمان لە هەر شوێنەك کەسرە دروست بێت ئەوا -ضمة-ش دروستە، کە ئەمەشیان بەس بە -ضمة-ی هاتووە ئەوە کەمە. یەکێك دەپرسێت و دەڵێت: لەبەرچی {مضاعف} لەگەڵ موعتەلەکان حیساب کراوە، لە کاتێکدا کە هیچ حەرفی عیللەشی تێدا نینە؟ لە وەڵامدا دەفەرمووێت **(وإنما ألحق المضاعف بالمعتلات)** واتە: نییە حیساب کرا بێت {مضاعف} لەگەڵ موعتەلاتەکان **(لأن حروف التضعیف یلحقها الإبدال)** چونکە پیتەکانی {مضاعف} گۆڕانەوەی بە حەرفێکی دیکەی دێتە سەر، واتە: حەرفێك بە حەرفێك دەگۆڕدرێت هەروەکو

حروفەکانی عیللە دەگۆڕدرێن. ئنجا با بزانین کە ئەم گۆڕانە یان بۆ ئیدغامە یان بۆ غەیری ئیدغامە، وە ئەوەش بزانین ئەگەر گۆڕانەکە بۆ ئیدغام بێت چ جۆرە حەرفێکن؟ وە بۆ غەیرە ئیدغام چ جۆرە حەرفێکن؟ وە دەفەرمووێت (**وحروفه التي تبدل من حروف أخر إبدالا شائعاً**) واتە: ئەو حەرفانەی دەگۆڕێن و دەبنە بەدیل لە شوێنی هەندێکی دیکە بە زۆری بە مەشهوری بەلای زانایانی عیلمی حروف (**إنما يكون من حروف أنصت يوم جدّ طاه زلّ**) نابێت، تەنها لەم چواردانە دەبێت، وە هیچ حەرفێکی دیکە نابێت مەگەر بە شاز وەکو دەڵێن {زنديق} ئەصلەکەی {زنديّ} بوو یائی کراوە بە قاف وە لەم چواردانەش نییە، بەڵێ خیلاف زۆرە لەسەر حروفەکانی ئیبدال تەمەی کە لەم کتێبەدا هەیە، بۆچونی إبن الحاجب دەڵێت: ئەم چواردەیەنە. وە زومەخشەری دەڵێت: پازدەنە وە سینی لەسەر ئەم چواردانە زیاد کردووە. کەچی ئیبن مالیك دەڵێت: نۆنە. وە هەندێکی دیکە دەڵێن: سێزدە پیتن {کە صادو نونیان} لەم چواردانە تەرك کردوون. بەهەرحاڵ ئەم چواردەیە مەشهورە (**إن كان لغير الإدغام**) واتە: بە مەرجێك لەم چواردە دەرناچێت کە ئەم گۆڕانە بۆ ئیدغام نەبێت بەڵکو بۆ شتێکی دیکە بێت وەکو تەخفیف (**وله يكون في الجميع غير الألف عند بعض**) واتە: ئیبدال بۆ ئیدغام بوو لە هەموو پیتێك دەبێت تەنها ئەلف هەرگیز نابێت بە یەکدەنگی زانایان ئەمە لەسەر بۆچوونی هەندێك لە زانایانە کە دەڵێن: تەنها ئەلف نابێتە بەدەل، وە ئەوانی دیکە دەبن بە جیاوازی (**وغير الضاد والفاء والشين والراء كما في الچارپردي**) وە هەندێکی دیکە لە زانایان دەڵێن: ڕاستە کە ئەلف نابێت بەڵام {ضاد وشين وفاء وراء} ئەم چوارەش وەکو ئەلف نابن، بەڵام غەیری ئەم پێنجە هەموو ئەوانی دیکە دەبن لە چواردەکان و غەیری چواردەکان (**ولكن المبدل من حروف التضعيف لايكون إلا الياء**) بەڵام وا مەزانە بۆ پیتەکانی {مضاعف}یش هەروایە، ئەمە بۆ حروفی {مضاعف} وانییە بەڵکە ئەو حەرفەی دەبێتە بەدەل لە جیاتی حروفی {مضاعف}ی نابێت تەنها یائیان دەبێتوەکو لەمەودوا میسالی پێ دەهێنینەوە. یەکێك دەڵێت: ئەی بۆچی {أُمدو}و

هاوێنەکانی بەدەلی {ی} نییە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**فواو أُمدو ویمدون والف تَقَضّى مبدلتان من الياء**) واتە: واوی {أمدو، ويمدون} کە یەکەمیان ئەمری بە صیغەیە بۆ نێرینەکان، وە ئەوەی دووەمیان جەمعی -مؤنث-ی غائیبانە، ئەصلەکەیان {أمدد ویمددن} بووە، وە لەگەڵ ئەلفی {تقضّی} ئەصلەکەی {تقضض} بووە هەردووکیان بەدیلی پیتی {ی}نە، چونکە {أمدد} دالەکەیان گۆڕاوە بە {ی} پاشان قاعیدەیە یائی ساکین ما قبل -مضموم- کراوە بە واو. {تقضّی} ئەصلەکەی {تقضّض} بووە {ضاد}ی ئاخیری کراوە بە یائو ئەوجار کراوە بە ئەلف چونکە قاعیدەیە یائی متحرك ماقبل مفتوح کراوە بە ئەلف، کەواتە: حروفی {مضاعف}ی تەنها دەکرێنە {یاء} لە پاشان یائیش دەکرێتە واو یان ئەلف ئەوە قاعیدەکی دیکەیە، جا با میسالی ئیبدال بهێنینەوە (**كقولك أمليت بمعنى أمللت**) وەکو دەڵێیت: {أمليت} بە مانای {أمللت} واتە: نووسیم، جا لە {أمللت} لامی دووەم کراوە بە {یاء} ئەمە میسالی -ثلاثی- بوو لە بابی ئیفعال (**ودهديت بمعنى دهدهت**) ئەمەش نمونەی رباعییە ئەصلەکەی {دهدهت} بووە هائی لێ کراوە بە {ی} (**والحذف**) ئەمەیان حەزفە بەسەر ئیبدالی، واتە: حروفەکانی {مضاعف} هەروەك ئیبدال و گۆڕانیان دێتە سەر بە هەمان شێوە حەزفیشیان دێتە سەر وەکو موعتەلەکان (**كقولهم مِسْت وظَلْت بكسر الفاء وفتحها وأَحَسْت**) ئێستا ئەم سێ فعلانە لەبەر {ضمير}ەکانیان دەغمیان تێدا قەدەغەیە، جا کە بمانەوێت سووکیان بکەین ئەوە بە حەزف دەیکەین لەبەر ئەوەی دەغم نابێت، دەڵێین {مِسْت} ئەصلەکەی {مَسِسْت} بووە، وە {ظِلْت} ئەصلەکەی {ظَلِلْت} بووە، جا لە هەردووکیان حەزفی حەرەکەی یەکەم لە دووەکانی وەك یەك دەکەین ئنجا {إلتقاء السكنين} لە نێوان هەردووك سین پەیدا بوو لە هی یەکەم وە لە نێوان هەردوو لام لە هی دووەم حەزفی یەك لەم دووانە دەکەین بوو بە {مَسْت وظَلْت} بە فەتحەی حەرفی یەکەم لە هەردووکیان، یان نەقلی حەرەکەی غین الفعل بۆلای {فاء الفعل} دەکەین لە پاش لابردنی فەتحەی خۆی پاشان حەزفی یەکێك لەم

دوو سینە یان لەم دوو لامە دەکەین دەبێتە {مِسْت وظِلْت} بە کەسرەی حەرفی یەکەم لە هەردووکیان، وە {أَحَسْت} میسالی ئەو فعلەیە کە لەسەر سێ حەرفان زیاد کراون، ئەصلەکەی {أَحْسَسْت} بو نەقلی حەرەکەی سینی یەکەم کرا بۆلای حائی ئنجا دوو ساکین بە یەك گەیشتن کە هەردوو سینەکانن لەبەر ئەوە سینێکمان حەزف کرد بوو بە {أَحَسْت} (**أی مَسِسْت وظَلِلْت وأَحْسَسْت**) واتە ئەمانە ئەصلی ئەم فعلانە بوونە، هەر یەکەیان حەرفێکی لێ حەزف کراوە بۆ تەخفیف و سووککردن (**والمحذوف الأول**) ئەو پیتەی کە لەم دووانە حەزف کراوە حەرفی یەکەمە، واتە: عین الفعل حەزف کراوە (**فوزن مِسْت فِلْت**) میزانی {مِسْت} هەروەها {ظِلْت} {فِلْت} بووە، چونکە میزان تابیعی مەوزونە لە حەزفدا، جا لە مەوزونی حەزفی عین الفعل کراوە لە میزانیش بە هەمان شێوە عین الفعل حەزف دەکرێت، وە میزانی {أَحَسْت} {أَفَلْت} بووە لەمیشیان عین الفعل نەماوە (**وقیل الثانی ففِعْت**) هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەو حەرفەی کە حەزف کراوە حەرفی دووەمە لە هەرسێکیان، کە دەکاتە لام الفعل، جا میزانەکە {فِعْت}وە لە {لَمِسْت وظِلْت} جا حەرفی ئەوەلی لە هەردووکیان بە فەتحەو بە کەسرە دەبێت، ئەمجارەیان لام الفعل لە مەوزونی نەماوە، واتە: {مست} وە لە میزانی {فعت} بە هەمان شێوە لام الفعل لابراوە، وە وەزنی {أحست}ی {أفعت} لە میش بە هەمان شێوە لام الفعل نەماوە. (**والمضاعف یلحقه الإدغام**) هەروەها {مضاعف} ئیدغامیشی دێتە سەر هەروەکو ئیبدال و حەزفیشی دەهاتنە سەر (**بتخفیف الدال وتشدیده بمعنىً واحد**) وشەی {أدْغام} بە سووکی دالی بە شەدە دەخوێندرێتەوە، هەردووك واتە بە شەدەو بەبێ شەدە بە یەك مانا دێن، جێ بە سووکی لەسەر بۆچوونی کوفیەکانەو دەبێتە مصدەری بابی إفعال، وە بە شەدە لەسەر بۆچوونی بەصریەکانە مەصدەری بابی إفتعالە چوونکە {إدّغام} ئەصلەکەی {إدتغام} بووەتائەکە کراوە بە دال و ئنجا دەغم کراوە (**وهو في اللغة الإخفاء والإدخال**) ئیدغام لە زامنی عەرەبیدا بە مانای {إخفاء}: بزرکردن و شاردنەوە دێت، وە إدخال بە مانای: شتێك لە ناو

شتێك دابنێی (**وفي الإصطلاح أن تسكن الأول وتدرج في الثاني**) ئیدغام لە زاراوەی صەرفیەكان ئەوەیە: كە حەرفی یەكەمی ساكین بكەی ئنجا لە ناو حەرفی دووەمی دابنێی وە بە توندی بیخوێنیەوە تاكو هیچیان نە فەوتێن (**ویسمی الأول مدغما والثاني مدغما فیه**) جا حەرفی یەكەم كە ساكین كراوە ناوبراوە بە {مُدغم} واتە دەغم كراوە، وە حەرفی دووەم ناوبراوە بە {مدغم فیه} واتە تیایدا دەغم كراوە، جا دەركەوت كە {مضاعف} بە سێ جۆر تەخفیف سووك دەكرێت با بزانین لەم سێ جۆرانە كامەیان باشترە؟ فەرمووی (**واعلم أن الأصل في تخفیف المضاعف الإدغام**) واتە: بزانە بەڕاستی ئەصلترو باشتر بۆ سووككردنی {مضاعف}ی لەم سێیانە ئیدغامە چونكە لە كاتی ئیدغام هەر پیتەكان بە زاتی خۆیان ماون، بەڵام لە كاتی حەزفكردن یەكیان هەر نەماوە، لە ئیبدالیش ماوە بەڵام وەكو خۆی نەماوە بەڵكو بە پیتێكی گۆڕاوە (**فلا یعدل عنه إلى الأولین إلاّ عند تعذره**) دروست نییە لابدرێت بۆ ئیدغام بۆ لای دووەكانی دیكە مەگەر ئیدغام قەدەغە بێت و نەكرێ وەكو {مِسْت} یان وەكو {زلزل} لەم شوێنانە ناچارین یان حەزف یان ئیبدال ئەنجام بدەین. یەكێك پرسیار دەكات: تۆ گووتت تاكو ئیدغام هەبێت ئیبدال و حەزف ناكرێن، وە لە {مضارع}ی مەجزوم و ئەمری بە صیغە ئیدغام رێك دەكەوێت لەگەڵ ئەمەشدا ئیبدال و حەزف كراون؟ لە وەڵامدا دەڵێت (**وهما في المجزوم والأمر إنما یكونان على مذهب الحجازیین**) واتە: ئیبدال و حەزف لە فعلی {مضارع}ی مەجزوم و ئەمری بە صیغە دروست نییە، مەگەر لەسەر مەزهەبی حیجازییەكان چونكە ئەوان دەڵێن: لەم دوو شوێنە ئیدغام قەدەغەیە جا ئیبدال و حەزفی تێدا دەكەین وەكو {أمدُدْ ، ولم یمدُدْ} لەم شوێنانە دالی دووەم بكە بە یائو ئنجا حەزفی بكە، بەڵام تەمیمیەكان ئیدغام لێرەش واجبەو قەدەغە نییە، بەڵام كە تەماشای ئەم تەصریفە دەكەین مامۆستا دەڵی هیچیانی نەڕەنجاندووە دەڵێ ئیدغام لەم دوانە جائیزە، یانی كردن و نەكردنی دروستە وەكو لە مەودوا باسی دەكەین، جا ئەم مشت و مرە لە كاتێكە كە ئەم دوو فعلە {ضمیر}ی ساكین و

متحرکەی پێوە نەلکابێت، ئەگینا لەگەڵ {ضمیر}ە ساکینەکان واجبە ئیدغام بکرێت وەکو {مُدَّا، مُدُّوا} وە لەگەڵ {ضمیر}ەکانی متحرك مەمنوعە ئیدغام بکرێت وەکو {أمدُدْنَ، ولم یمْدُدْنَ} (**ونحو زلزل وتزلزل ومَدّدَ وتَمَدّدَ لیس فیه إلاّ الإبدال**) واتە:لە {زلزل} کە کە رباعی مجردەو {تزلزل} رباعی مزیدە {مدد} کە -ثلاثي مزید- لە بابی تەفعیل {تمدد} لە بابی {تفعُّل} لە مانەو هاووێنەکانیان تەنها ئیبدال دروستە، چونکە دووەکانی ئەوەلی {زلزل ...هتد} فاصلی هەیە لەنێوان لامەکان وزییەکان لەم کاتە ئیدغام مەمنوعە، وە لەدووەکانی دوایی {مدّد...هتد} {إلتقاء الساکنین} دەبێ ئەگەر ئیدغام بکەین جارێکی دیکە چونکە جارێك کراوە (**ویلحق جمیع صیغها غائبا وغیره**) واتە: ئیبدال تایبەت نییە بە بازی صیغە، بەڵکە ئەم ئیبدالە دێتە سەر هەموو صیغەکانی دیکە غائیب و غیرە غائیب وەکو موخاتەب وە-ماضي و مضارع- متکلم (**کتقضي ودهدیت**) ئێستا {تقضي} فعلی -ماضي-دو غائیبانە ئەصلەکەی {تقضض} بووە {ضاد}ی ئاخیری کرا بە {یاء} وە {یاء} کرا بە ئەلف وە{دهدیت} فعلی -ماضي- یە لە روباعی موجەرەد بووە موخاتەبە ئەصلەکەی {دهدهت} بووە و هائی دووەم کرا بە یائی دەشتوانین تائی لە {دهدیت} مەفتوح و مەکسورو -مضموم- بکەین بۆ سێ میسال دەبێ (**وحکمها حکم الناقص**) ئەو -مضاعف-ی کە حەرفی ئاخیری حوکمی وەکو حوکمی {معتل اللام}ی وایە، چونکە کە حەرفی ئاخیری بووە بە یائی هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ناقصی ئەصلی، ئێستا {زلزل} لامەکەی بکە بە یائی دەبێتە {زلزی} وە{یزلزل} دەبێتە {یزلزی} وە بە عامیلی جازم و بینای ئەمر حەرفی ئاخیری لادەچی. جا بزانە ئیدغام سێ بەشە واجب و دەبێت بکرێت {ممتنع} واتە: قەدەغەیە {جائز} واتە: دروستە و کردن و نەکردنی وەك یەك وایە. جا دەفەرموویێت (**وذالك واجب في نحو مد یمدُّ**) واتە ئیدغام واجبە لەم {مد یمد} و هاووێنەکانی ئێستا {مد} -ثلاثي- موجەرەدو بابی ئەوەلە ئەصلەکەی {مدد} بوو حەرفی حەرەکەی دالی یەکەم کراو دەغم کرا بوو بە {مَدَّ} وە {یُمدُّ} ئەصلەکەی {یمْدُدُ} بووە، نەقلی

حەرەکەی دالی ئەوەلمان کرد بۆ حەرفی پێش خۆی بوو بە {يُمْدُ} ئەوەل ساکین، دووەم متحرك ئەوەل لە هی دووەم دەغم کرا بوو {يَمُدُّ} (**وأَعَدَّ يُعِدُّ، وانْقَدَّ يَنْقَدُّ، واعْتَدَّ يَعْتَدُّ، وتَمادَّ يَتَمادُّ، واسْتَعَدَّ يَسْتَعِدُّ**) بەم شێوە ئیدغام واجبە لەو فعلانەی کە چوار حەرفیو پێنج حەرفی شەش حەرفین، {أَعَدَّ} بابی إفعالە ئەصلەکەی {أَعْدَدَ} بووە، {يُعِدُّ} ئەصلەکەی {يُعْدِدُ} بووە، {انْقَدَّ} بابی إنفعالە ئەصلەکەی {إنقَدَ يَنْقَدِدُ} بووە{اعْتَدَّ} لە بابی إفتعالە، ئەصلەکەی {إعْتَدَدَ يَعْتَدِدُ} بووە، {تَمادَّ} لە بای تفاعل، ئەصلەکەی {تَمَادَدَ يَتَمادَدُ} بووە، وە {اسْتَعَدَّ} لە بابی إستفعالە، ئەصلەکەی {إسْتَعْدَدَ يَسْتَعْدِدُ} بووە، لە هەموویان حەرفی یەکەم ساکین کراو لە حەرفی دووەم دەغم کراوە، جا ئەگەر حەرفی پێشووی ساکین بێت ئەوە نەقلی حەرەکەی بۆ بکە وەکو {أَعْدَدَ} وە ئەگەر متحرك بوو ئەوە حەزفی حەرەکەی بۆ بکە وەکو {إعْتَدَدَ} لێرەدا نەقلی حەرەکەی بۆ ناکەی چونکە تائەکە بە خۆی متحرکە چ جای حەرەکەی بدەیتێ حەرەکەشی رێك وەکو حەرەکەی دالەکە فەتحەیە (**ومما ليس مضاعفاً وجب الإدغام فيه مثله**) واتە: ئەو وشەیەی کە {مضاعف}ی ئیصتیلاحیش نەبێت وەکو {إحْمَرَّ} بێگومان تۆ لە پێشەوە زانیت کە لە ئیصتیلاحدا چیە؟ لە -ثلاثي مجرد-ئەوە بوو کە عين الفعل و لام الفعلی وەکو یەك بن، وە لە رباعی ئەوە بوو کە فائو لفعل و لام الفعلی یەکەم وە هەروەها عين الفعل و لام الفعلی دووەمی وەکو یەك بن، کەواتە هەریەکی بەم شێوە نەبی لە ئیصتیلاح بە {مضاعف} داناندرێت، بەڵام وەکو {مضاعف}ی ئیصتیلاحی دەغم دەکرێت (**نحو إسْوَدَّ يَسْوَدُّ واطْمَأَنَّ يَطْمَئِنُّ**) ئێستا {أسود} ئەصلەکەی {سود}یە {مضاعف} نییە، بەڵام نیشانەی ئەم بابە ئەوەیە کە لام الفعلی دووبارە بکرێتەوە جا بوو بە{مضاعف}، بەڵام نەك {مضاعف}ی ئیصتیلاحی بەڵکە لوغەوییە، وەهەروەها {إطمئنَّ} ئەصلەکەی{طَمْئَنَ}یە وەکو {دحرج}ە روباعی موجەرەد بوو بەڵام کە کرا بە روباعی مەزیدی بابی {افعلال} وەکو {إقْشَعَرَّ} لام الفعل دووبارە کراوە بوو بە {مضاعف} بەڵام -مضاعف-ی

لوغەوی، جا بە هەر حاڵ ئیدغام لەوانەش هەر واجبە، ئەوە دال لە دالی دەغم كراوە لە {إِسْوَدَّ} وە نون لە نون دەغم كراوە لە {إِطْمَئِنَّ} (**وهكذا هذه الأفعال إذا بنيتها للمفعول**) واتە هەروەها ئەم فعلانە لە كاتی بكرێنە بینا مەفعولیش جا چ -ماضی- یان -مضارع- بێت ئەوا ئیدغامیان تێدا واجبە وەكو لە كاتی بینا فاعیلی واجبە دەغم بكرێن (**نحو مُدَّ يُمَدُّ**) {مُدَّ} بینا مەفعولی -ماضی-ە وە {يُمَدُّ} بینا مەفعولی -مضارع-ە ئەصلەكەیان {مُدِدَ يُمْدَدُ} وەكو {نُصِر يُنْصَرُ} بوو بە -ضمة-ی حەرفی ئەوەڵی، ئنجا دالی یەكەمی ساكین كرا وە دەغم كرا لە دالی دووەم (**وفي نحو مَدٍّ مصدراً**) واتە ئیدغام واجبە لە {مَدٍّ} وە هاووێنەكانی كە مەصدەر بن نەك ئیسمی مەصدەر بن، چونكە لە ئیسمی مەصدەر ئیدغام قەدەغەیە، وەكو لە قورئان دەفەرموێت ﴿**وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا**﴾ ئەمە ئیسمی مەصدەرە ئیدغام ناكرێت، جا {مَدّاً} مەصدەرە ئەصلەكەی {مَدْدَاً} بوو راستەوخۆ دەغم كراوە (**وكذا إذا إتصل بالفعل ألف الضمير أو واوه أو ياءه**) هەروەها ئیدغام واجبە لە كاتی ئەم سێ زەمیرە بلكێن بەهەر فیعلێك -ماضي- یان -مضارع- یان ئەمر مەزید یان موجەردد بینا فاعل یان بینا مەفعول، چونكە ئەم سێ زەمیرە كە ئەلف و واو و یائن ئەم حەرفەی ئەمانەی لەسەرن حەرەكەداری دەكەن، كەواتە: مانیعی ئیدغام نین بەڵام هەندێك{ضمير} وە{تَ، تُ، تِ}متحرك وە {ن}ی جەمعی -مؤنث- مانیعی ئیدغامن، وەكو لەمەو دوا باسی دەكەین، (**نحو مُدّ مُدّوا مُدّي**) ئێستا {مُدّ} كە ئەلفی -تثنية-ی پێوە لكاوە ئیدغام كراوە جا ئەگەر بە فەتحەی میمی بخوێنینەوە فعلی -ماضي-یە بەڵام ئەگەر بە -ضمة-ی بخوێنینەوە ئەوا ئەمری بە صیغەیە، {مَدوا} بۆ مەجهول -ماضي- دەبی كەوا واوی جەمعی -مذكر-ی پێوەیە و دەغم كراوە كە ئەسلەكەی {مَدَدوا} بوو وەكو{نصروا} ئەمەش دەتوانی بەفەتحەو -ضمة-ی میم بخوێنینەوە كە بۆ فعلی مەجهول ومەعلوم بەگوێرەی گۆرانی میم -ماضي- وئەمری بەصیغە دەبی، {مُدّي} بوو موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەبە ئەمری بە صیغەیە ئەم {ی} ئیدغام نییە بەڵكە ئیدغام كراوە،

**(لأن آخر المتجانسين في الكل متحرك)** ئیدغام لەم فعلانە واجبە چونکە تاخیری حەرفی دووەم لەم دوو حەرفە هاو وێنانە حەرەکە دارە لەکاتی لکاندنی ئەم زەمیرانە **(فوجب الأدغام حيث وجد المقتضي)** کەواتە: واجبە ئیدغام چونکە تەوەی کە ئیدغامی دەخوازی مەوجودە کە کۆبوونەوەی دوو حەرفی وەکو یەکە ود دووەمیان حەرەکە دارە **(ولا مانع)** واتە: لەهەر شوێن کە دەخوازی ئیدغام هەبێت وە هیچ رێگر و بەرگری نەبێت واجبە بکرێ. جا لێرەدا باسی یاسای واجب بوونی ئیدغام دەکات دەفەرمووێت **(وضابط وجوبه أن لا تفصل بين المتماثيلين وكانا في كلمة والثاني متحركاً ولا الحاق ولا لبس)** واتە: قانون ویاسای واجب بوونی ئیدغام ئەوانەنە: یەکەم: نابێت فصل هەبێت لەبەینی ئەم دوو حەرفە هاووێنە کەواتە: {زلزل} دەرچوو. دووەم: ئەم دوو حەرفە لەیەك وشە دابن کەواتە: {ضرب بكر} دەرچوو واجب نیيە. سێیەم: حەرفی دووەم متحرك بێت کەواتە: {لم يمدد} واجب نیيە . چوارەم: نابێت ئەم وشە بۆ {الحاق}بێت واتە: ئەم حەرفەی کە زیاد کراوە بوو {الحاق} بێت کەواتە: لە {جلبب}ەی مەمنوعە چونکە مولحەقە بە {دحرج}ە. پێنجەم: نابێت ئیلتیباس رووبدات بە هیچ شتێك کەواتە: {مَدَداً} ئیدغام نابێت چونکە ئیلتیباس دەبێت بە{مدّ}ەی فعلی -ماضي- کە ماناشیان جیاوازە {مدّ} واتە: رایکێشا، بەڵام {مَدَداً} واتە: زیادی، وەهەروەها {قووِل} کە مەجهولی {قاول}ە یە ئەگەر دەغم بکرێت ئیلتیباسی دەبێت بە بینا مەفعولی بابی تفعیل کە {قُوِّلَ}ە یە جا لەبەر ئەوە کە هەندێك شوێن هەن ئەم هەموو مەرجەی تێدایەو نەشکراوە، دەفەرمووێت **(وهذا الضابط لوجوب الأدغام أكثريّ)** واتە: ئەم یاسایە بۆ ئەنجام دانی ئیدغام زۆرەکەیە نەك گشتی بێت و بۆ هەمووشیان بێت **(إذ قليلا ما لا يدغم جامع هذه الشرائط)** بۆیە دەڵێم: عام نیيە چونکە کەم جار وا دەبی کە ئەم هەموو مەرجەش هاتوونە جێ‌و دەغمیش نەکراوە وەکو {إقتتل} یان وەکو {حَيِيَ} کە عين الفعل ود لام الفعل وەکو یەکن وە لەگەڵ ئەمەشدا واجب نیيە دەغم بکرێت بەڵکو جائیزە، یەك دەڵێت: تۆ گووتت مەرج بوو بۆ ئیدغام کە نابێت

ئیلتیباس ببێت، ئەوەتە لەو فعلانە ئیلتیباس بووە؟ لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**ولا یلتبس في نحو مَدَّ وفَرَّ وعَضَّ**) ئیلتیباس نابێت لەم سێ فعلانە وە هاوێنەکانیان ئەگەرچی ئەمانە هەر یەکیان لە بابێکن، ئێستاش وەکو یەك هاتوونە بەرچاوان، چونکە هەڵبەتە قەرینەك هەیە لە یەکتریان جودا بکاتەوە (**لأن مَدَّ وفَرَّ یعلم فتح عینهما من یَمُدُّ ویَفِرُّ**) چونکە دەزاندرێت کە {مَدَّ وفَرَّ} -ماضی-ەکەیان مەفتوحە بە -مضارع-ەکەیان دەزانم، بێگومان -مضارع- بۆ {مَدَّ}ەی کە -ماضی-ە -مضموم-ە وەکو {یمُدُ} جا -ماضی-ەکەش یان مەفتوحە {مَدَدَ} یان -مضموم- {مَدُدَ} یان مەکسورە {مَدِدَ} نابێ فعلی -ماضی- -مضموم- بێت چونکە هەردووك {مضموم} واتە -ماضی و مضارع مضموم- لە -مضاعف-ی نەهاتووە مەگەر بە شاز نەبێت، وە نابێ -ماضی-یەکە مەکسور بێ چونکە ئەم بابە هەر نەهاتووە -فَعِلَ یَفْعُلُ- لە هیچ شوێن مەگەر تەداخول بێت، کەواتە مەفتوح مایەوە وەکو {مَدَدَ یَمْدُدُ}. دووەم: {فَرَّ} بێگومان -مضارع-ەکەی مەکسورە {یَفِرُّ} جا -ماضی-ەکەی یان مەکسورە {فَرِرَ} ئەمەش نابێت چونکە هەرۆدووك مەکسور لە -مضاعف- نابێت، یان -مضموم-ە {فَرُرَ} ئەمەش لە هیچ شوێنەك نەبووە واتە {فَعُلَ یَفعِلُ} کەواتە تەنها فەتحەی بۆ مایەوە، واتە {فَرَرَ} جا {مَدَّ} لە بابی ئەوەلە {مَدَدَ یَمْدُدُ} وەکو {نصر}، وە {فَرَّ} لە بابی دووەمە {فَرَرَ یَفْرِرُ} (**لأن المضاعف لایجئ من فَعُلَ یَفْعُلُ بالضم فیهما ولا من فَعِلَ یَفْعِلُ بالکسر فیهما**) واتە: کە -مضارع- عین الفعلی -مضموم- لە {مَدَّ یَمُدُّ} زاندرا کە -ماضی- لەودا -مضموم- نییە چونکە ئەم جۆرە بابە لە -مضاعف- نابێت، وە -ماضی- مەکسورو -مضارع -مضموم- ئەمەشیان نییە مەگەر تەداخول نەبێت، {فَرَّ} بە هۆی {یَفِرُّ} کە مەکسورە زاندرا، نابێت {فَرَّ} مەکسور بێت چونکە هەردووك مەکسور لە -مضاعف-دا نابێت {فَرَّ یَفِرُّ} وە -مضموم-یش لێرەدا بۆ -ماضی- هەرنابێت {فَرُرَ یَفرِرُ} چونکە ئەم نەوعە لە هیچ شوێن نەهاتووە مەگەر بە شاز (**ویعلم کسر عینِ عَضَّ من یَعَضُّ بالفتح لأنه لایجئُ المضاعف من**

**فَعَلَ يَفْعَلُ بالفتح فيهما كذا في المراح**) واتە: دەزاندرێت كە {عَضَّ} -ماضی-ەكەی مەكسور العینە بە هۆی -مضارع-ەكەی، چونكە بێگومان -مضارع-ەكەی مەفتوح العینەو لە بابی چوارەمە وەكو {يَعْضَضُ} جا ئەم -ماضی-یەش یان مەفتوح العینە {عَضَضَ} ئەمەش لە -مضعف- نەهاتووە وەكو خۆی گووتی، یان {مضموم العين}ە واتە {عَضُضَ يَعْضَضُ} ئەمەش بە هەمان شێوە هەر نەهاتووە لە هیچ شوێنەك، كەواتە دەركەوت كە -ماضی- مەكسور العینە ئە بەم شێوەیە مەراح فەرموویەتی كە كتابێكی صەرفیە لە وشەی {ولا یلتبس} تاكو ئەم جێگایە لە مەراحی نەقل كراوە، لێرەدا باسی واجب تەواو بوو. هاتە سەر باسی ئیدغامی مەمنوع واتە قەدەغە، وە فەرموی (**وممتنع في نحو مَدَدْتُ ومَدَدْنا**) ئیدغام قەدەغەیە لە كاتێك كە -ضمیر-ی مەرفوعی موتەحەریكی بارز لكا بە فعل، وەكو {مَدَدْتُ ومددْنا} بۆ هەردووك متكلم، یان فعلی -ماضی- موخاتەب بۆ شەش میسالەكان وەكو (**مددْتَ إلى مَدَدْتُنَّ**) تەواوەكان ئەمانەن {مَدَدْتَ مَدَدْتُما مَدَدْتُم مَدَدْتِ مَدَدْتُما مَدَدْتُنَّ} ئەم شەش میسالە كە هەموویان فعلی -ماضی- موخاتەبە سێ بۆ پیاوان وە سێ بۆ ژنان، هەموویان مەمنوعن لە ئیدغام لەگەڵ دوو موتەكەلیمەكان ئەوە بوون بە هەشت وە شەش میسالەكانی غائیبەكان ماون لەوان واجبە بكرێت تەنها لە جەمعی -مؤنث-ی غائیب قەدەغەیە، هەروەكو بە خۆی هێناویەتیو فەرموویەتی (**ومَدَدْنَ**) ئەم جەمعی -مؤنث- غائیبە لە -ماضی- ئیدغام لەوی قەدەغەیە، بەلام لە پێنج میسالەكانی دیكە وەكو {مَدَّ مَدّا مَدُّوا} ئەم سێ -مذكر-ە غائیبە {مَدَّتْ مَدَّتا} ئەمەش موفرەدو -تثنية مؤنث- غائیبن كە هەموویان -ماضی-نە، وە لە -مضارع-ەكانیش هەرچی نونی جەمعی -مؤنث-ی پێوە لكاوە قەدەغەیە وەكو دەڵێ (**ويمدُدْن وتمدُدْن وأمدُدْن ولا تِمْدُدْن**) ئەم چوار میسالە هەموویان جەمعی -مؤنث-ی یەكەم غائیب و دووەم موخاتەبە كە هەردووكیان -مضارع-ن {وأمددن} ئەمری بەصیغەیە، {ولا تمددن}نەهیيە لەهیچیان دەغم نەكراوە (**لأن هذه الضمائر المتحركة أوجبت سكون**

**ماقبلها)** واتە: ئیدغام لەمانە مەمنوعە چونکە ئەم زەمیرە مەرفوعە موتەحەریکانە واجبیان کردووە کە حەرفی پێش خۆیان ساکین بێت، مەرجیشە بۆ ئیدغام یەکەم ساکین بێت وە، دووەم موتەحەریك بێت، وەناشکرێت چارەسەری بکەین وەکو -مضارع-ی مەجزوم بەم شێوەیە هی دووەم تەحریك بکەین، کەواتە: دەبێت ئەوها بمێنێتەوە، ئیدغامی مەمنوع تەواو بوو. جا باسی ئیدغامی جائیز دەکەین دەفەرمووێت **(وجائز إذا دخل الجازم علي فعل الواحد والغائبة)** ئەمە عەتفە بەسەر موتەنیع واتە ئیدغام دروستە نەواجبەو نە قەدەغەیە لەکاتێك کە عامیلی جازم بخرێتە سەر فعلی -مضارع- بۆ موفرەدی -مذکر- جاغائیب یان موخاتەب وەهەروەها موفرەدی -مؤنث- غائبە لەگەڵ هەردووك موتەکەلیمەکان لەم پێنج شوێنانە ئیدغام دروستە، تۆ دەزانیت کەهەموو فیعلێك چواردە میسالی هەیە، جالەم پێنج میسالە دروستە وە لەحەوت میسالیش واجبە کە چوار -تثنية- و دوو جەمعی -مِذکر- موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەب وە لە دوو میسالیش قەدەغەیە، کە هەردووکیان جەمعی -مؤنث-ن غائیب و موخاتەب ئەمە بوونە چواردە، وەلەم پێنج میسالەش کە ئیدغام دروستە واتە بیکەی وە نەشی کەی هەر دروستە ئەمە لەسەر بۆچوونی هەندێك لەزانایان ئەگینا تەمیمی دەڵێن لەوانەش واجبە، وەحیجازیش دەڵێن قەدەغەیە، بەڵام هەندێك دەڵێن دروستە کە مصنیف یەکە لەوانە. جا یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: چۆن ئیدغام لێرە دەکرێت خۆ مەرجی لێ نەهاتۆتە جێ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمووێت **(بتحريك الساكن)** واتە: دەتوانین ساکینەکەی حەرەکە دار بکەین و حەرەکە داریش ساکین بکەین وەکو {لم يمدُدْ} ئێستا یەکەم موتەحەریك و دووەم ساکینە، یاسای ئیدغام بەپێچەوانەیە بەناچاری دالی یەکەم ساکین بکە {التقاءالساكنين} دەبێت و دالی دووەم تەحریك بکەودەغمی بکە لەدووەمی. یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: بۆچی لە {مددْتَ، مددْتُ، مددْتِ} بەم شێوەیە ئیدغام ناکرێت؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: **(ولم يحرك في نحو مددْت وإن كان سكونه عارضا أيضاً)** واتە: ساکینی دووەم حەرەکە دار نەکرا لە

{مدَدْت}و هاووێنەکانی، ئەگەر چی سکونی دالی {مدَدْتُ}وش -عارضيە- لەلا هاتووە بەهۆی {ت}ی زەمیر هەروەکو سکونی دالی {لم یمدُدْ} -عارضيە- بەهۆی {لم}ی جازمە پەیدابووە (**لأن إسکان ماقبل هذه الضمائر لیدل علي إنها کالجزء فلا یفوت**) واتە: سکونی {مددت} زۆر جیاوازە لەگەڵ سکونی {لم یمدد} چونکە ساکین کردنی حەرفی پێش ئەم زەمیرانە، بۆ ئەوەیە کە ئەم سکونە دەلالەت بکات لەسەر ئەمە کە ئەم زەمیرانە وەك پارچەك و حەرفەك وانە لەم وشانە، جا کەواتە ئەم سکونە دەبێت بمێنێت و نابێ بفەوتێت بەڵام سکونی {لم یمدد} بەم شێوە نیيە بش فەوتێت هیچ نابێت. (**وأیضاً لما کان السکون لأتصال ماهو کالجزء کان کأنه من تمام البنیة وأصل**) واتە: لەبەر ئەم بەڵگەی کە گووتمان. دووەم بەڵگە ود ـەکاتێك کەسکونیَ ئەم حەرفەی کە لەپێش ئەم زەمیرانە کە دالە بۆ لکاندن و پێوە ناندنی شتێکە کە وەکو {جوزء} وایە لەم وشەیە کە فاعیلە، ئەم سکونە وای لێهات کە خۆی ئەسلەو تەواوی بینایە لەم وشەیە هەر وەکو حروفەکانی ئەسلی سکونیان هەیە وەبە ئەسل دەژمێردرێت ئەوەش بەم شێوە حیسابی بۆ دەکرێت کە ئەسلە، وەکو سکونی زەیدی وایە، بەڵێ لە دەلیلی یەکەم وتی ئەسل نیيە بەڵام وەکو ئەسل وایە بەڵام ئەم جارە حیسابی ئەسلە وەزعی بۆ دەکات وە لەپێش تر وتمان بۆیە ساکین کراپێش ئەم زەمیرە، تاوەکو {توالی} چوار حەرەکە لەدوای یەکتر نەبێت دیارە ئەم زەمیرانە بەپارچەیەك دەژمێردرێن لەم وشەیە دا ئەمەش بەڵگەیە بۆ زەمیری مەنصوبەکە حەرفی پێش خۆی ساکین ناکرێت، وەکو {ضَرَبَك} چونکە ئەم کافە {کالجزء} نیە ئەم فعلە -مضارع-ەی کەجازمی دەخرێتە سەر سێ جۆرە: عەین والفعلی یان مەفتوحە یان مەکسورە یان -مضموم-ە. جا فەرمووی (**فأن کان مکسور العین کیفر أو مفتوح کیعض فتقول لم یفر ولم یعض بکسر اللام وفتحها**) ئەگەر ئەم فعلە -مضارع-ەی کە عامیلی جازمی بخەینە سەر، مەکسور العین وەکو{یَفِرُّ} کە لەبابی دووەمە یان مەفتوح العین بوو وەکو {یعض} کەلەبابی چواردمە. تۆ دەڵێیت: {لم یفرِ ولم یعضِ} بەکەسرەی لام الفعل {ولم یفرَ ولم یعضَ} بە

فەتحەی لام الفعل (**ولم يفرِرْ ولم يعضَضْ بالفك على لغة الحجازيين**) وەدروستیشە بڵێیت: {لم يفرِرْ ولم يعضَضْ} بەکردنەوەی ئیدغام ئەمەش لەسەر زاراوەی حیجازییەکان، چونکە تەمیمیەکان گووتیان ئیدغام لێرەش واجبە (**وعليها يلحق الأبدال والحذف**) هەر لەسەر زاراوەی حیجازییەکان دەتوانین ئیبدالی حەزفیش بهێنینە سەر -مضارع-ی مەجزوم وەکو {لم يفرِ ولم يعْضَ} حەرفی ئاخیری کراوە بە {ی} جا دەتوانیت حەزفی بکەیت وەکو گووتمان دەشتوانی بیهێڵیتەوە. (**وهكذا حكم يقْشَعِرُّ ويَحْمرُّ ويحمارّ**) هەرودکو -مضاعف-ی ئیستیلاحی وایە حوکمی ئەم وشانە کە -مضاعفي- ئیستیلاحی نینە، بەڵام حەرفی ئاخیریان مەکروهە وەکو {يقشعِرُّ} ئەمە روباعی مەزید فیە {يحمرّ ويحمارّ} ئەم دوانەش -ثلاثي- مەزیدوفیە جا دروستە بڵێین {لم يقشعِرِّ، لم يقشعِرَّ} بە فەتحەو کەسرەی ئاخیری، {ولم يقشَعْرِرْ} بەفەکی ئیدغام ئەوانی دیکەش بەهەمان شێوەن، بەڵێ ئەم -مضارع-ەی کە عەین الفعلی بەم شێوەیە بوو کە گووتمان. ئەم جارە نۆرەی -مضارعي مضموم العين-ە (**وإن كان العين مضموماً فيجوز الحركات الثلاثي مع الإدغام**) وە ئەگەر عين الفعل -مضموم- بێت لە -مضارع-ی مەجزوم دروستە لەم فعلە -مضارع-ەدا هەرسێ حەرەکە، واتە فەتحەو کەسرەو -ضمة- لە کاتی دەغم کردن (**وفكه**) وە دروستە فەکی ئیدغامیش، کەواتە لە -مضارع- مضموم العين- چوار لۆغەت دروستن، ئەوانی دیکە تەنها سێ لۆغەتیان تێدا دروست بوون (**فتقول لم يَمُدِّ بحركات الدال ولم يَمْدُدْ بالفك**) تۆ دەڵێیت: لە فعلی -مضارعی مضموم العين- لە کاتی عاملی جازمی بخەیتە سەر {لم يَمُدُّ} بە هەرسێك حەرەکەی دالی، وە دروستیشە {لم يَمْدُدْ } بە کردنەوەی ئیدغام (**وهكذا حكم الأمر**) بە میسلی فعلی -مضارع مجزوم- وایە حوکمی ئەمری بە صیغە، لە هەر -مضارع- کە سێ وەجھ دروست بێت ئەو بە هەمان شێوە لە فعلی ئەمری بە صیغەش سێ جۆری دروستن، وە ئەگەر چوار جۆری دروست بن ئەوە لە فعلی ئەمریش بە هەمان شێوە چوار جۆری دروستن (**فتقول فرِّ وعَضِّ بكسر اللام وفتحها**) دروستە {فرِّ وعَضِّ} بە کەسرەو

فەتحەی لام الفعل لە هەردوکیان بەڵام فائوالفعل لە یەکەمیان هەر مەکسورە وە لە دووەمیان هەر مەفتوحە (**وإفْرِرْ وإعْضَضْ بالفك**) وە دروستیشە {إفرِرْ} وەکو {إضْرِبْ} وە هەروەها {إعْضَضْ} وەکو {إعْلَمْ} بە فەکی ئیدغام ئەمە سێ لوغەتەکەیان وەکو فعلەکەی خۆیان (**مُدِّ بحركات الدال وأُمْدُدْ بالفك**) تۆ دەڵێیت لە بینای ئەمری بە صیغە لە فعلی -مضارع مضموم- {مُدُّ} بە هەرسێ حەرەکەی دالەکە، وە دەشتوانی بڵێی {أُمْدُدْ} بە کردنەوەی ئیدغام لەسەر لۆغەتی حیجازیەکان. ئەی قوتابی بەرێز بۆ ئیعلالی ئەم هەموو صیغە جۆراو جۆرانە سەیری کتێبی شەرحی مامۆستا مەلا عبد الكريم بکە بە کوردی کە لەوێ ئیعلال کراون. جا هاتە سەر باسی ئیسمی فاعیل و مەفعول لە -مضاعف- فەرمووی (**وتقول في إسم الفاعل مادٌّ مادّانِ مادُّونَ**) تۆ دەڵێی لە ئیسمی فاعیلی -مضاعف-ی -ثلاثي مجرد- {مادٌّ} ئەصلەکەی {مادِدٌ} بوو وەکو {ناصِرٌ} حەزفی حەرەکەی دالی ئەوەڵمان کردو دەغممان کرد بوو بە {مادٌّ} لێرەدا بە یەکگەیشتنی دوو ساکینان لەسەر حەدی خۆیەو دروستە، {مادّانِ} ئەمەش -تثنية-ەیە لە حالەتی رەفعە {مادَّيْنِ} ئەمەش لە هەزدوو حالەتی نەصبەو جەررەیە، {مادّونَ} ئەمەش جەمعی -مذكر-انە لە حالەتی رەفعە، {مادِّيْنَ} ئەمەش لە هەردوو حالەتی نەصبەو جەرەیە، وە ئیعلالی هەمووان ئاسانە، وە جەمعی تەکسیری هەشت وەزنی هەیە وەکو جەمعی سالم کە ئەمانەنە (**مُدّادٌ**) بە -ضمة-ی میمەو شەددەی دالی لەگەڵ ئەلفی وەکو {نُصّار} (**مُدَّدٌ**) بە -ضمة-ی میم و دالی بە شەددە وەکو {نُصَّرٌ} (**مَدَدَةٌ**) بە سێ فەتحەی لە دوای یەك وەکو {نَصَرَةٌ} (**مُدٌّ**) بە -ضمة-ی میم و شەددەی دالی وەکو {نُصْرٌ} (**مُدّان**) بە -ضمة-ی میم و شەددەی دالی لەگەڵ ئەلف و نون وەکو {نُصْران} (**مِدادٌ**) بە کەسرەی میم و ئەلفی زیاد لە نێوان هەردووك دال وەکو {نِصار} (**مُدُود**) بە دوو -ضمة- لەگەڵ واوێکی زیاد لە نێوان هەردووك دالەکە وەکو {نُصُور} (**مُدَداء**)بە -ضمة-ی میم و فەتحەی هەردووك دالەکان وە ئەلفی مەمدودە وەکو {نُصَراء} ئەمانە هەموویان بۆ -مذكر- بوون، ئەمجارە دێتە سەر

باسی -مؤنث-ان (**مادَّةٌ مادّتانِ مادَّتَيْنِ مادّاتٌ**) ئەمانەش بۆ -مؤنث-ان -تثنية-و جەمعی سالم لە هەمووان نیشانەی -مؤنث و تثنية-و جەمعیان بۆ زیاد بکە، وە دالیش لە دالی دەغم بکە تەواوە وەکو {ناصِرة ناصِرتانِ ناصِرَتَيْنِ ناصِراتٌ} (**مَوادٌّ**) ئەمەش جەمعی تەکسیری -مؤنث-انە، ئەصلەکەی {مادّة}بوو ئەلفی تەکسیرمان زیاد کرد لە پاش ئەلفی ئیسمی فاعیل ئیلتیقاتو الساکنین لە نێوان هەردووك ئەلف روویدا جا ئەلفی ئیسمی فاعیل قەلب کرا بە واو پاشان حەزفی تائی تەئنیسمان کرد چونکە ئەم صیغە تایبەتە بە -مؤنث-ان بوو بە {مَوادٌّ} وەکو {حوائض} (**واسم المفعول مَمْدود کمنصور**) یانی تۆ دەڵێیت لە بینا کردنی ئیسمی مەفعول لە -ثلاثي مجرد مضاعف- لە بابی یەکەم {ممدود} وەکو منصور ئەمە وەکو سالم وایە ئیدغام نەکراوە چونکە واو لە نێوانیانە ئەمە میسالی موفرەدی موزەکەرە {ممدودان ممدودون هتد} هیچیان دەغم ناکرێن، ئەمانە ئیسمی فاعیل و مەفعول بوون لە -ثلاثي مجرد- بەڵام ئەمانە -واتە ئیسمی فاعیل هتد- لە -ثلاثي مزید فیە ورباعي مضاعف-ی غەیرە ئیصتیلاحی ئەمانە هەروەکو فعلی -مضارع-ی خۆیانن، لە هەر شوێنەك -مضارع-ەکەیان دغم بکرێت ئەمانیش بە هەمان شێوە دەغم دەکرێن وەکو {محمرٌّ ومقشَعِرٌّ}، بەڵام لە رباعي -مضاعف- ئیصتیلاحی ودکو {مزلزل} ئیدغام ناکرێ چونکە هەموو کات فەصل لە نێوان ئەو دوو حەرفانە پەیدا بوو کە لە وێنەی یەکن.

قوتابی بەڕێز: ئەمەی دێت فائیدەیەکە کە مصنف رەحمەتی خودای لێ بێت لەسەر ئەصلەکەی زەنجانی زیادی کردووە، دەفەرموێت (**واعلم أن حَبَّ إن کان مضموم العِين فيهما يجئ منه الصفة المشبهة على فَعِيلٍ**) بزانە بەڕاستی وشەی {حَبَّ} کە فعلی -ماضي-یەو -مضاعف-ە ئەگەر بە -ضمة-ی عين الفعل بێت لە -ماضي ومضارع- واتە {حَبُبَ يَحْبُبُ}لە بابی شەشەم صیفەتی موشەبەهەی لێ دروست دەکرێلەسەر وەزنی فەعیل بۆ -مذکران، وە بۆ -مؤنث-ان تائی بۆ زیاد دەکرێت (**کحَبيب حَبيبنِ حَبيبونَ**) ئەمانە موفرەدو -تەثنية-و جەمعی سالم بوون

بۆ -مذكر-ان (**أَحِبّاء وأَحِبَّةٌ**) بە فەتحە هەمزەو کەسرەی {ح} وەفەتحەی {ب} لەهەردووکیان و ئەلفی مەمدودە لەهی ئەوەلی وە{ت} زیاد لەهی دووەم بۆ جەمع تەکسیری -مذكران- نەسلەکەیان {آحبباء، آحببة} وەکو {أنصراء، آنصرة} نەقلی کەسرەی {ب} کراوە بۆ لای حاتی وەدەغم کران.

**بیّداری :**

مەراح لە پیّشەوە گووتی: -مضاعف- لە بابی {حَسُنَ} ەی نابیێت، کەچی لیّرەوە دەلیّت: ئەگەر {حَبَّ} لە بابی {حَسُنَ}ەی بیّت، لە نیّوان هەردوو رایەکە نیمچە دژایەتیەك هەیە بۆ زانین ئەوە بڕوانە قەرەداغی بۆت روون دەبیّتەوە.

(**حبيبة حبيبتان حبيبات**) ئەمانەش بۆ موفرەدو -تثنية-و جەمع سەلامەی -مؤنث-ان (**حَبائِب**) جەمع تەکسیری -مؤنث-ە ئەصلەکەی {حبيبة} بوو، ئەلفیّك زیاد کرا لە نیّوان بانو یائی بوو بە {حَبائِبة} پاشان یائی لە دوای ئەلفی زیّدەمان کردە هەمزەو پیّویستمان بە تائی نەماوە حەزفمان کرد بوو بە {حَباتِب} (**حِباب**) ئەمەش هەر جەمعی موکەسەرە بۆ ژنان بە کەسرەی ئەوەلی‌و تەلفیّك لە نیّوان هەردووك یائەکە (**وعلى حِبٍّ**) صیفەتی موشەبەهە لە {حَبَّ}ەی لە بابی شەشەم لەسەر وەزنی {حِبٍّ} دیّت هەروەکو لەسەر وەزنی فەعیلیش دیّت (**بكسر الفاء وسكون العين**) {حبّ} بخویّنەوە بە کەسرەی فائولفعل وە سکونی عين الفعلی وەکو {فِعْل} (**نحو حِبٌّ حِبّانِ حِبّونَ**) ئەمانە بۆ -مذكر-انن، موفرەدو -تثنية-و جەمعی سالم (**أَحْباب**) لەسەر وەزنی {أَفْعال} جەمعی تەکسیری -مذكر-انە (**حِبَّة حِبَّتان حِبّات**) ئەمانەش بۆ -مؤنث-ان موفرەدو -تثنية-و جەمعی سەلامە (**حِبَّاب بكسر الفاء وفتح العين وحِبَبٌ بكسر الفاء ففتح العين**) ئەم دوانەش جەمع تەکسیری -مؤنث-انن هەردووکیان بە کەسرەی فائولفعل و فەتحەی عين الفعل، بەلّام هی دووەم بەبێ ئەلفە هەر لەبەر ئەمەش لە جیاتی واوی گووتی {فتح العين} (**مثل كِماشٍ وعِلَجٍ**) واتە: {حِباب} جەمعی {حِبّة} هەروەکو {کِماش} جەمعی {كِمْشة}، وە هەروەها {حِبَبٌ} جەمعی {حِبّة}د هەروەکو {عِلَج} جەمعی

{عِلْجَة}. {كِمْشَة} واتە: وشتری گوان بچووك، وە {علجة} واتە: کەری وەحشی قەڵەو، یان گاوری قەڵەوو گەورە (**وإن كان من باب فَرَّ فالقياس أسم الفاعل والمفعول**) واتە: ئەگەر {حَبَّ} لە بابی دووەم بێت وەکو {فَرَّ} قیاس و قانون وایە کە ئیسمی فاعیل و ئیسمی مەفعولی لێوە دروست بکرێت وەکو {مَدَّ....ألخ} چونکە وا دیارە ئەوجارە متعدی بێت کەواتە دەبێ ئەوانی لێ دروست بکرێت (**لكن لم يسمع إلا المحبوب**) بەڵام نەبستراوە تەنها محبوب نەبێت کە ئیسمی مەفعولە، جا لەوکاتەی کە متعدیە صیفەتی موشەبەهەی لێ دروست ناکرێت (**وتقول في شَحَّ من عَضَّ شحيح**) واتە: تۆ دەڵێیت: لە دروست کردنی صیفەتی موشەبەهە لەم فعلە -ماضی-ە کە {شَحَّ} کە -مضاعف-ەو لە بابی چوارەمە وەکو {عَضَّ}ەی، {شحيح شحيحان شحيحون} ئەمانە بۆ -مذكر-ان موفرەد -تثنية-و جەمعی سەلامە، {شحيحة شحيحتان شحيحات}ئەمانە بۆ مێینەکانن مەفرەدو -تثنية-و جەمعی سەلامە (**وجمع تكسير المذكر أَشِحَّةٌ**) جەمعی تەکسیری موزەکەران {أَشِحَّة} هاتووە وەکو {أَحِبَّةٌ} وە هەندێك لە زانایان دەڵێن: {أَشِحَّاء} هاتووە وەکو {أَحِبَّاء} وە هەندێکی دیکە دەڵێن: {أَشْحاح}یشی هاتووە وەکو {أَحْباب} (**والمؤنث شِحاح وشَحائِح**)وە جەمعی تەکسیری -مؤنث-ان ئەم دووانەی {شِحاح} وەکو {كِماش وحِباب} وە هەروەها {شَحائِح} وەکو {حَبائِب} وە هەندێکی دیکە دەڵێن: {شحياح}یشی هاتووە.

ئەمانە چواردە صیغەکانی فعلی -ماضی-نە، بزانە کامە -ضمیر- ئیدغام قەدەغە دەکات:

| مفرد | | تثنیة | | جمع | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مَدَّ | واجب | مَدّ | واجب | مدّوا | واجب | مذكر غائب | چونکە ئەلفی ضمیرو واو مانع نین. |
| مدّتْ | واجب | مدّتا | واجب | مدَدْن | ممنوع | مؤنث غائبة | مددن نونی مؤنث مانیعە. |
| مدَدْتَ | ممنوع | مددتما | ممنوع | مددتم | ممنوع | مذكر مخاطب | ضمیرە موتەحەریکەکان مانیعن. |
| مدَدْتِ | ممنوع | مددتما | ممنوع | مَدَدْتنَّ | ممنوع | مؤنث مخاطبة | ضمیرە موتەحەریکەکان مانیعن. |
| مدَدْتُ | ممنوع | مددتما | ممنوع | مَدَدْتنَّ | ممنوع | متكلم وحدة | ضمیرە موتەحەریکەکان مانیعن. |
| مَدَدْنا | ممنوع | مددتما | ممنوع | مَدَدْتنَّ | ممنوع | متكلم مع الغير | ضمیرە موتەحەریکەکان مانیعن. |

**تێبینی :**

دەرکەوت کە ماضي دەغمی نییە تەنها پێنج میسال نەبێت.

ئەمەش چواردە صیغەکانی فعلی مضارع بزانە لە کامیان ئیدغام واجبەو لەکامیان قەدەغەیە.

| مفرد | | تثنية | | جمع | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| يمدُّ | واجب | يَمُدّانِ | واجب | يمدون | واجب | مذكر غائب |
| تمدُّ | واجب | تمدانِ | واجب | يمدُدْن | ممنوع | مؤنث غائبة |
| تمدُّ | واجب | تمدّانِ | واجب | تمدّون | واجب | مذكر مخاطب |
| تمدّينَ | واجب | تمدّانِ | واجب | تَمدُدْن | ممنوع | مؤنث مخاطبة |
| أمدّ | واجب | تمدّانِ | واجب | تَمدُدْن | ممنوع | متكلم وحدة |
| نمدّ | واجب | تمدّانِ | واجب | تَمدُدْن | ممنوع | متكلم مع الغير |

**تێبینی :**

دەرکەوت کە لە مضارع هەمووی ئیدغام واجبە تەنها دوو میسال نەبێت کە هەردووکیان جەمعی مؤنثن {غائیب و مخاطب}.

## المعتلات

لەکاتێك مصنف {ر.خ} باسی -مضاعف-ی تەواو کرد جا هاتە سەر باسی موعتەلەکان ئەمە کورتەی ئەم باس و بابەتانەیە کە لەم فەصلە باسی دەکات تاکو معتل العین.

١- پێناسەی موعتەلەکان :. {ماکان أحد أصولە حرف علة} واتە: یەك لە حەرفە ئەسلەکانی حەرفی علە بێت{و، ي، أ}.

٢- بەشکردنی موعتەلەکان وە جۆرەکانیش صیغە، واتە: موعتەل حەوت بەشی هەیە.

٣- یەکەم لەم حەوت موعتەل و فایانە پێشی دەڵێن میسال، بۆچی؟

٤- ئایا واو لە چەند شوێن لادەچێت؟ بێگومان لە دوو شوێن. أ- مضارع- لەسەر وەزنی {یفعِل}.

ب- مصدر لەسەر وەزنی {فِعْلَةٍ}.

٥- بۆچی واو لە {وجهة} ماوە و چۆن لەسەر وەزنی {فِعلة} نییە؟

٦- ئەگەر کەسرە لەدوای واوی نە واو دیتەوە، بۆچی لە {یقع ....هتد} نەهاتۆتەوە؟

٧- واو لە-مضارع-ی {یفعُلَ} بە فەتحەو بە-ضمة- نارِوا. وثبت في یفعَل.... الخ.

٨- {ي} لەهیچ شوێن نارِوات هەر دەمێنێت.

٩- یاسای دەست پێکردن و راوەستان لەسەر وشە بە {فرضي} دەست پێکردن وەستان لەسەری لەگەڵ دەرچوونی نونی خەفیفە.

١٠- باسی بابی {إفعال} وە {إفتعال} واوی یان یائی و دروست بوونی چەند شێوەیەك.

١١- لە کۆتایی دا ئایا معتل الفائی واوی -مضاعف- لە چەند باب دروست دەکرێت؟

ئەمە کورتەیەکە کە لەم باس و بابەتانەی لەم معتل فایە هاتوون.

(**فصل المعتل وهو ماكان أحد أصوله حرف علة**) ئەم فەصلە باس و بەیانی معتلاتەکان دەکات، معتل بە زمانی عەرەبی واتە نەخۆش، وە لە زاراوەی زانایانی علمی صەرف ئەوەیە کە مصنف دەیفەرموو کە بریتیە: لە فعلێك یان ئیسمێك یەك لە پیتە ئەصلیەکانی حەرفی عیللە بێت (**وهی الواو والیاء والألف**) حەرفی عیللە ئەمانەن: واوو، یائو، ئەلف (**سمیت حروف المدّ واللّین**) ئەم سێ حەرفە وەکو ناوبراون بە حەرفی عیللە هەروا ناویش براون بە حەرفی مەددو حەرفی لین چونکە درێژ دەکرێن لە کاتی خوێندنەوە، وە هەروەها نەرم و نیانیشن (**والألف في الأفعال كلها والأسماء المعربة إما أن تكون منقلبة عن واو أو یاء أو زائدة**) واتە: ئەلف لە هەموو جۆرە فعلەك -ثلاثي- یان رباعی مجردە یان مەزیدە وە لە هەموو ئیسمە موعرەبەکان هەرگیز ئەصل نابێت بەڵکو یان قەلب کراوە لەواوی وەکو {قال}، یان قەلب کراوە لە بری یائی وەکو {باع} یان زیادە {قائل}، بەڵام واو لەگەڵ یائی جاری وا هەیە زادن وەکو {منصور ونصیر} وە جاری واش هەیە ئەصلن وەکو {یقول ویبیع}، جا هەوەها ئەلف لە ئیسمە موعرەبەکان و حەرفەکان ئەصل دەبێت وەکو {متَی} زەرفی زەمانە ئەلفەکەی ئەصلیە، وە {عَلَی} حەرفی جەرە ئەلفەکەی ئەصلیە.

**ئاگاداری :**

ئەو سێ حەرفەی کە عیللەن، هەندێك لە زانایان هیچ جیاوازی لە نێوانیان ناکەن، وە هەندێکی دیکە دەڵێن: ئەم سێ حەرفە هەموو کات حەرفی عیللەنە، جا ئەگەر بەس ساکین بوون ئەوا لەگەڵ ئەوەی کە حەرفی عیللەنە حەرفی لینیشن، دوە ئەگەر

ساکین بوون وە حەرەکەی پێش خۆیان مناسبی خۆیان بوو ئەوە لەگەڵ ئەوەی کە حەرفی عیللەو لینن هەوەها حەرفی مەددیشن وەکو {قال قیل یقول}، جا ئەلف هەموو کات هەرسێکیانە، بەڵام ئەوانی دیکە وا نین، وەکو {وعد} تەنا حەرفی عیللەیە، وە {قَوْلاً} تەنها دووانە، وە {یقول} هەرسێکیانە.

(**وأنواعه سبعة**) نەوعەکانی موعتەلەکان حەوتن.

## باسی معتل الفاء

(**الأول المعتل الفاء ويقال له المثال لمماثلته الصحيح في إحتمال الحركات**) نەوعی یەکەم لەو حەوت نەوعانە معتل الفائە، واتە: فعلێك یان ئیسمێك فائولفعلی حەرفی عیللە بێت بەم جۆرە معتلە دەڵێن: میسال چونکە لە وێنەی صەحیحیە لە هەڵگرتن و قبولکردنی فاتولفعلەکەی یان هەموو حەرفەکانی بۆ هەموو جۆرە حەرەکەیەك وەکو {ضرب یضرب} هەموو حەرەکەیەك قبول دەکەن بە هەمان شێوە {وعد واعد موعود}، جا ئەم معتلە یان واوی دەبێت یانە یائی دەبێت چونکە گووتمان ئەلف هەرگیز ئەصلی نییە، جا دێتە سەر باسی حوکمەکانی واویو دەفەرموێت (**أما الواو فتحذف من المضارع الذى على يَفْعِلُ بكسر العين**) واتە: واو لە دوو شوێن حەزف دەکرێت، یەکەم: لەم فعلە -مضارع-ەی کە لەسەر وەزنی {يَفْعِلُ} بە کەسرەی عین العفلی (**ومن مصدره الذى على فِعْلَةٍ بَكسر فسكون ففتح**) هەروەها دووەم شوێن کە لێی حەزف دەکرێت لەو مەصدەرەی {یفعِلُ} کە لەسەر وەزنی {فِعْلَة} بێت بە کەسرەی فائولفعل وە سکونی عین الفعل وە فەتحەی لام الفعل وە بە زیادەی تائی (**وتسلم في سائر تصاريفه**) واو دەمێنێتەوە بە سەلامەتی لە هەموو میسالەکانی دیکەی غەیری ئەم دوو شوێنانەی کە لێیان حەزف دەکرا وەکو -ماضی- و ئیسمی فاعیل و مەفعول (**تقول وَعَدَ يَعِدُ**) تۆ دەڵێیت: لە میسالی معتل الفاتی واوی لە بابی دووەم {وَعَدَ} ئەمە -ماضي-ەو هیچی لێ حەزف نەکراوە {يَعِدُ} ئەمەش -مضارع-ەو ئەصلەکەی

{يَوْعِدُ} بووە وەکو {يَفْعِلُ} بە کەسرەی عين الفعل، واو لە نێوان یائ‌و کەسرە حەزفمان کرد چونکە گرانە بوو بە {يَعِدُ} لەسەر وەزنی {يَعِلُ} چونکە میزان تابیعی مەوزونە وەکو فائولفعل لە مەوزونی لاچوو بە هەمان شێوە لە میزانیش (**عِدَة الأصل وِعْدَة أو وِعْد حذف الفاء بعد نقل حركته بلا تعويض في الأصل وبه في الثاني**) {عِدَة} ئەصلەکەی {وِعْدَة} یان {وِعْد} بووە، واتە: بە تائی یان بەبێ تائی، نەقلی کەسرەی فائولفعل کرا کە واوە بۆ عين الفعل کە عەینە واو حەزف کرا، جا ئەگەر {وِعْدَة} بووبێ حەزفی واوی بەبێ تەعویزە کە هی یەکەمە، وە ئەگەر ئەصلەکەی {وِعْد} بووبێ تائەکەی دەبێتە عیوەزی واوە مەحزوفەکە کە هی دووەمە. یەکێك پرسیار دەکات: ئەگەر ئەم تائە عیوەزی واوەکەیە بۆ لە شوێنی واوی دانەندرا؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**وفي الآخر إذ في الأول يلزم اللبس**) واتە: تائمان بۆیە لە ئاخیری مەصدەری داناوە ئەگەرچی عیوەزی واویشە، چونکە ئەگەر لە ئەوەلی بووایە ئیلتیباس دەبوو بە فعلی -مضارع-ی خۆی چونکە دەبووە {تَعِد}، یان لە بازێ شوێنی ئیلتیباس بە فعلی -ماضي- دەبێت وەکو {تبع}، وە ناوەندیش شوێنی تەعویزی نییە جا بۆیە لە ئاخیری داندرا. یەکێك رەخنە دەگرێ‌و دەڵێت: ئەی بۆ واو لە {وِجْهَة} حەزف نەکراوە ئەی لەسەر وەزنی {فِعْلَة} نییە؟ ئەمیش لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**وهذا المصدر مختص بيفعل المكسور**) واتە: ئەو مەصدەرەی کە حەزفی واوی لێ دەکرێت تایبەتە بەم فعلە -مضارع-ەی کە لەسەر وەزنی {يَفْعِلُ} بێت بە کەسرەی عين الفعلەکە (**والوِجْهَة إسم مصدر بحذف الزوائد من التفعيل**) یانی {وِجهة} هەر مەصدەر نییە، بەڵکو ئیسمی مەصدەرە لە بابی تەفعیلە حەزفی حەرف زیادەکانی لێکراوە، واتە: ئەصلەکەی {تَوْجيهاً} بووە حەزفی تائ‌و یائی لێکراوە پاشن واو مەکسور کراوە هەروەها تائی بی عیوەز لە ئاخیری بۆ داندراوە بوو بە {وِجْهَة}، کەواتە ئێمە گووتمان واو لە مەصدەری حەزف دەکرێت، وە نەمان گووتووە لە ئیسمی مەصدەر حەزف دەکرێت، هەروەها دەتوانین وەڵامەکی دیکە بدەینەوەو

بلّێین: ئەگەر مەصدەریش بێت، ئێمە گووتومانە تەنها لەو مەصدرە حەزف دەکرێت کە -مضارع-ەکەی {یَفْعِلُ} بێت، ئەوە -مضارع-ەکەی بە -ضمة-یە نەك لە بابی دووەم بێت چونکە {وَجُهَ یَوْجُهُ وِجْهَةً} **(کالحِوَل منه)** چۆن {حِوَل} ئیسمی مەصدەرە ئەصلەکەی {تحویلاً} بووە، حەزفی حەرفە زیادەکانی لێکراوە کە یائو تائن ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکە مامۆستا {القطف النظیف} دەفەرموویێت کە بلّێین: {من التفعیل} هەڵەیە، بەڵکو راستیەکەی ئەوەیە {من التَفَعُّلِ أو الإفتعال} وەکو {تَوَجُّه واِتِّجاه} ئەوەی راستی بێت وەم باسە {وهذا المصدر...}زیاتریشی لەبارەوە گووتراوە جا ئەگەر باسی لێوە بکەین ئەوە بێگوومان سەر ئێشە دروست دەکات بۆیە باشتر وایە وازی لیّ بهێنین {واللّه أعلم بالصواب} **(ووَعْدًا)** ئەمەش مەصدەری {یَفْعِلُ}ی مەکسورە، بەلاّم لەبەر ئەوەی لەسەر وەزنی {فِعْلَةٍ} نییە واوی لیّ حەزف نەکراوە **(وهو واعِدٌ)** ئەمەش ئیسمی فاعیلە واو لەمەشدا هەر ماوە **(وجمع التکسیر المؤنث أَواعِد بقلب الواو الأولی همزة)** جەمعی تەکسیری -مؤنث-ەکان {أَواعِد} جەمعی {واعِدة}یە ئەصلەکەی {ووَاعِد} بووە قەلبی واوی ئەوەلمان کرد بە هەمزە کە واوی فائولفعلە **(وذاك موعود)** ئەمەشیان ئیسمی مەفعولە واوی تێدا هەرماوە **(وعِدْ في الأمر)** {عِدْ} فعلی ئەمری بە صیغەیە میزانەکەی {عِلْ} واوی تێدا نەماوە چونکە لە فعلی -مضارع-ی وەرگیراوە **(ولا تَعِدْ)** ئەمەش بۆ نەهیە واو لەمەشدا نەماوە چونکە خۆی فعلی -مضارع-ی مەکسور العینە **(وکذالك وَمِقَ یَمِقُ مِقَةً)** واتە حوکمی بابی پێنجەم لە معتل الفائی وەکو بابی دووەم وایە لە حەزفی واوو هەروەها مانەوەشی {وَمِقَ} فعلی -ماضی-یە واو ماوە وەکو لە{وَعَدَ}ش واو ماوە، {یَمِقَ} ئەصلەکەی {یَوْمِقُ} بوو واو نەماوە، {مِقَة} ئەصلەکەی {وِمْقَة} یان {وِمْق} بووە واو حەزف کراوە چونکە لەسەر وەزنی {فِعْلَة}ە وە هەروەها -مضارع-ەکەی مەکسور العینە، جا لە هی یەکەم بە بیّ عیوەزە وە لە هی دووەم بە عیوەزە **(وإذا أزیلت کسرة ما بعدها أعید الواو المحذوفة)** ئێمە گووتمان واو لە نێوان یائو کەسرە حەزف دەکرێت، جا دەڵێت: ئەگەر

کەسرە لە دوای واو لاچوو و نەما ئەم واوە حەزفکراوە دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی (**نحو لم يُوعَدْ**) ئێستا ئەمە فعلی بینا مەفعولی -مضارع-ە وە واجبە حەرفی پێش ئاخیری مەفتوح بێت وە کەسرە لابچێت کەواتە واو دێتەوە وەکو {لم يُوعَدْ} واو هاتۆتەوە. یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: بۆچی لەم میسالانە کەسرەش نەماوە واویش هەر نەگەڕاوەتەوە لە کاتێکدا تۆ گووتت هەرکاتێك کەسرە نەما واو دێتەوە وەکو {يَضَعُ.....}؟ ئەمیش لە وەلاّمدا دەفەرموویێت (**ولم يعيدوها في نحو يَقَعُ ويَدَعُ ولم يَلْدَهْ**) واتە: واویان نەگێڕاوەتەوە لەم فعلانەی وەکو {يقع... }وە هاووێنەکانی (**ليدل على أن أصل الفتحة والسكون الكسرة**) واتە واو نەهاتۆتەوە لەوانە تاکو دەلالەت بکات ئەم نەهاتنەوە کە ئەم فەتحە لە دوەکانی ئەوەلی وە سکون لە هی ئاخیری لە ئەصلدا کەسرە بووینە، چونکە ئەگەر واو بهاتباوە نەزاندرا کە ئەمانە لەپێشان مەکسور بووینە بەلاّم ئێستا دەزاندرێت چونکە واو لە نێوان یائو فەتحە حەزف ناکرێك وە هەروەها لە بەینی یائو سکونیش کە میسالی ئاخیرییە لاناچێت، جا کە حەزف کرا ئێمە دەزانین لە ئەصلدا ئەو فەتحەیە کەسرە بووە چونکە ئەگەر کەسرە نەبووبێت ئەوە واو حەزف نەدەکرا. ئەصلی {يَقَعُ ويَدَعُ} {يَوْقِعُ ويَوْدِعُ} بوو واو واقع لە نێوان یائو کەسرە حەزفمان کرد بوون بە {يَقِعُ ويَدِعُ} پاشان قاف و دال مەفتوح کران لەبەر حەرفی حەلقی بوون بە {يَقَعُ ويَدَعُ} واوێشمان نەهێناوە، وە ئیعلالی {لم يلده} لە پێشەوە باسکراوە (**وتثبت في يَفْعَلُ بالفتح كوَجِلَ يَوْجَلُ**) ئەمە عەتفە بەسەر {وتحذف} واتە: واو دەمێنێتەوە لە فعلە -مضارع-ەکی کە لەسەر وەزنی {يَفْعَلُ} بێت بە فەتحەی عین الفعل وەکو {وَجِلَ يَوْجَلُ} کە لە بابی چوارەمە وەکو {عَلِمَ يَعْلَمُ} (**وجاز يِيْجَلُ بقلب الواو ياء**) دروستە لە {یوجل} واوەکە قەلب بە یائی بکرێت (**وياجل بقلبه ألفا**) وە هەروەها دروستە بخوێنیەوە {یاجل} کە واوەکە قەلب بکەی بە ئەلف (**وكلاهما خلاف قياس**) بەلاّم هەردووك قەلبەکان بە پێچەوانەی یاسان، چونکە واو دەکرێت بە یائی بەم مەرجە واوی ساکین ماقبل مەکسور لێرە ماقبل مەفتوحە واو دەبێت بە

ئەلف بەو مەرجە واو موتەحەریك ماقبل مەفتوح واو لێرەدا موتەحەریك نیٌیە بەڵكو ساكینە جا لەبەر ئەمە خیلاف قیاسە (**ويَيجَل بكسر حرف المضارع ثم قلب الواو ياءً**) وە دروستە بلّێیت {يِيجَلُ} كە ئەصلەكەی {يِوجل} بوو، پێشەكی حەرفی -مضارع-ی مەكسور بكە ئەوجارە واو ساكین ما قبل مەكسور دەیكەینە یائو ئەمە قیاسە، ئەمانە بوون بە چوار لۆغەت. جا باسی ئەمری بە صیغە دەكات و دەفەرمووێت (**إيْجَلْ بقلب الواو ياء لأنِ الواو الساكنة المكسور ما قبلها تقلب ياء**) تۆ دەڵێیت: لە ئەمری بە صیغە {إيْجَلْ} ئەصلەكەی {إوْجَل} بووە بە كەسرەی هەمزەو سكونی واوەكە، قەلبی واومان كرد بە -یاء- چونكە قاعیدەیە واو ساكین ماقبل مەكسور دەكرێتە -یاء- جا كە دەكرێتە -یاء- لە خوێندنەوەو لە نووسیندایە چونكە تەلەفوز بە واوی ساكین وە ماقبل مەكسور گرانە (**فإن انضمّ مع ما قبلها عادت**) گووتمان واو ساكین ماقبل مەكسور دەكرێت بە -یاء- ئەم جارە دەڵێت: جا ئەگەر ئەو واوەی كە كە بۆ یائت گۆڕیوە هەركاتەك ماقبلی -مضموم- بوو واو دێتەوە (**تقول يازيد ايجل**) ئێستا لێرەدا ئەصلەكەی {إيجل} بووە لە خوێندنەوەو لە نووسیندا، بەڵام كە مونادای-مضموم-ی هاتە پێش كە زەیدە وە دالەكەی -مضموم-ە وە هەمزەش لە دەرجی دەڕوات جا یائی ساكین ما قبل -مضموم- كردمان بە واو، جا یەكێك پرسیار دەكات و دەڵێت: كوا لێرە یائیان كردووە بە واو خۆ هیچ واوی لیَ نییە (**تلفظ بالواو وتكتب بالياء**) لەم شوێنانە بە واو دەخوێندرێتەوە چونكە كەسرە نەماوە بەڵام هەر بە یائیش دەنووسرێت، ئێستا {يازيد ايجل} یائی هەر لیَ نووسراوە وەكو ئەگەر إبتدای پیَ بكرابا، بەڵام بە واو دەخوێندرێتەوە ئەوە لە كاتی ماقبل -مضموم-و مەكسور ئەوهایە، بەڵام لە كاتی ما قبل مەفتوحی دەڵێن: هەرسیَ ئیحتیمالی هەیە بۆ وێنە {ياغلام أحمد ايجل} لێرە ماقبلی یائەكە مەفتوحە كە داڵە دەتوانی هەروەكو خۆی -یاء- بێت، وە دەشتوانی بیكەی بە ئەلف یا بیكەی بە واو (**لأن الأصل في كلّ كلمة أن تكتب أولها بتقدير الإبتداء بها كما هنا**) واتە: لەبەر ئەوە {يازيد ايجل} بە واو

دەخوێندرێتەوە وە بە یائیش دەنووسرێت چونکە ئەصل و قاعیدە وایە لە هەموو وشەیەك جا ئیسم بێت یان فعل کە ئەوەلەکەی بنوسرێت بە فەرزی دەست پێکردنی، واتە: ئەگەر تۆ وشەیەك بخوێنیتەوە وە هیچی لە پێش نەبێت چۆنی دەنووسی ئەگەر شتێکیشی لە پێش هەبێت ئەوە بەهەمان شێوەی بنووسە وا بزانە هیچی لە پێش نییە وەکو {ایجل} تۆ ئەگەر ئیبتیدای پێ بکەی بە یائی دەنووسی وە بە یائیشی دەخوێنیەوە وە ئەگەر شتێکی لە پێش بێت وەکو {زید} لە میسالی ئێمەدا تۆ هەر بە یائی بنووسە بەڵام بە واوی بخوێنەوە (**وآخرها بتقدير الوقف عليها**) واتە ئەصل و یاســبــە لە هەموو وشەیەکی کە ئاخیرەکەی بنووسرێت لەکاتی راوەستان بە فەرزی لەسەر وەستانی، یانی تۆ ئەگەر وشەیەك بخوێنیتەوەو لەسەر بوەستیت چۆنی دەنووسی لە کاتی نەوەستنیش هەروا بینووسە وا بزانە لەسەری وەستاوی، کەواتە نووسینی وشەکان لە کاتی نەوەسشتان و وەستان وەکو یەك وایە (**کالتنوین في رأيت زيداً**) وەکو تەنوین لەسەر زەیدی لەم میسالەو هاووێنەکانی ئێستا ئەم تەنوینە لە کاتی وەستان لەسەری بە ئەلف دەنووسرێت وە بە ئەلفیش دەخوێندرێتەوە، وە لە کاتی نەوەستانیش بە هەمان شێوە بە ئەلفی بنووسە ئەگەر بە ئەلفیشی نەخوێنیتەوە چونکە وای فەرز بکە کە لەسەری وەستاوی (**لأنها تنقلب ألفا مع انفتاح ماقبلها عند الوقف**) واتە: لەبەر ئەوە تەنوین بە ئەلف دەنووسم چونکە قاعیدەیە کە تەنوین لە کاتی ماقبلی مەفتوح بێو لەسەری بوەستی دەکرێتە ئەلف، جا ئەگەر لەسەریشی نەوەستی هەر بینووسە وەکو دەڵێ {زيداً}، بەڵێ زانیمان تەنوین لە کاتی ماقبلی مەفتوحە قەلب دەکرێ بە ئەلف و وە بە ئەلفیش دەخوێندرێتەوە لە حاڵی لەسەر وەستانی، بەڵام لە کاتی کە ماقبلی مەکسورە یان -مضموم-ە ئەوە حەزف دەکرێت لە لەفزو لە کتابەتدا واتە لە خوێندنەوە لە نووسیندا وەکو {جاء زيدْ ومررت بزيدْ} ئەم تەنوینە لەم دوو شوێنە نەدەخوێندرێتەوە وە نە دەشنووسرێت وە نە قەلبیش دەکرێت بە حەرفێکی مناسبی خۆی کە واوە بۆ -ضمة- وە یائیش بۆ کەسرە، واتە کە ناڵێت {جاء زيدو ومررت بزيدی} کەواتە تەنوین لەم

دوو حاڵەتە حەزف دەکرێت لە لەفزو لە کتابەتدا، ئەمەی گووتمان لە بارەی تەنوین بە گوێرەی قانونی خۆی رۆیشتووە جا نونی تەئکیدیش خەفیفەش دەبا وەکو تەنوین بووایە بەڵام وا دیارە وا نییە واتە وەکو تەنوین بەپێی یاسا نییە، جا مصنف رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێت (**وتنتقض القاعدة بنون التأكيد الخفيفة**) واتە: ئەم یاسایەی کە گووتمان ئەصل وایە هەموو وشیەك ئاخیرەکەی بنووسرێت بە فەرزی لەسەر وەستان جا ئەم یاسایە هەڵدەوەشێتەوە بە نونی تەوکیدی خەفیفە چونکە ئەم نونە لەگەڵ تەنوین یەکیان تایبەتە بە ئیسمان وە یەکیان تایبەتە بە فعلان، جا وەکو تەنوین بە قیاس رۆیشتووە دەبا نونی خەفیفەش ئەوها بووایە بەڵام وا نییە (**لأن المفتوح ما قبلها تقلب ألفاً في الوقف ويحذف غيره**) چونکە نونی تەئکیدی خەفیفە لە کاتی ماقبلی مەفتوحە دەکرێ بە ئەلف لە کاتی وەستان وەکو {إِضْرِبَنْ}، وە لەکاتی وەقف دەیخوێنینەوە {إِضْرِبا} بەڵام نون هەروەکو خۆی دەنووسرێت ود قانون وا بوو بە ئەلف نووسرابایە وەکو بە ئەلف دەخوێندرێتەوە. وە لەکاتی ماقبل -مضموم- و مەکسور وەکو {إِضْرِبُنْ وإِضْرِبِنْ} دەبا نون حەزف بکرابا لەفزەن وە کتابەتەن بەڵام ئەگەر لەفزیش حەزف بکرێت وە بەم شێوەیە بخوێنیتەوە بڵێیت {إِضْرِبو وإِضْرِبی} بە حەزفی نون ئەوا لە نووسین هەروەکو خۆی ماوەتەوە (**والحال أنها تكتب في الأخير وبصورة النون في الأول**) حال و شەئن وایە کە ئەم نونە لە هەردوو حالەتەکانی ئەخیری هەر دەنوسرێ کە ئەوانەن ماقبلیان مەکسورو - مضموم-ە وەکو {إِضْرِبُن وإِضْرِبِن} کە قانون وابوو هەر نەنوسرابوونایە، وە لە صورەتی یەکەمیش کە ماقبل مەفتوحە قانون وابوو کە بە ئەلف بنوسرابا وەکو بە ئەلفیش دەخوێندرێتەوە، بەڵام وا نەکراوە بەڵکو بە ئەلف دەخوێندرێتەوە وە هەر بە نونیش دەنوسرێت، بەڵام تەنوین وانەبوو بەڵکو لە کاتی ماقبل -مضموم-و مەکسور لەفزەن وە کتابەتەن حەزف دەکرێت، وە لەکاتی مەفتوح ماقبل لەفزەن وە کتابەتەن بە ئەلف دەخوێنراوە وە بە ئەلف دەنوسرا جا ئەوە کە نونی خەفیفە قانونەکەی هەڵوەشاندەوە بەڵام دیارە ناچارییە، چونکە ئەگەر وانەکرێت ئیلتیباس دەبێت موفرەد

بە- تثنية- لەنونی خەفیفە بەڵام وادیارە کە ئەم نونە هەرسێك جار هەرنوسراوە بەڵام عیبارەتی مصنف{ر.خ} کەمێك توندە خۆزگە بیفەرمووبایە {والحال إنها تكتب بنون في الصور الثلاث} .

| چۆنیەتی تەنوین لە نوسین و خوێندنەوە. | | | | چۆنیەتی نونی خەفیفە لەنوسین و خوێندنەوە. | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | لفظاً | کتابة | تەنوین لە کاتی ماقبل مفتوح قەلب کراوە بە ئەلف و بە ئەلفیش نوسراوە وە لەدوو حاڵەتەکانی دیکە لەفزو کیتابە حەزف کراوە. | | لفظاً | کتابة | نونی خەفیفە لەکاتی ماقبل مەفتوح لەفز کراوە بە ئەلف بەڵام لە کیتابە هەر ماوە، وە لە دوو حاڵەتەکانی دیکە لەفز حەزف کراوە بەڵام لە کیتابە هەر ماوە لە ترسی ئیلتیباس. |
| جاء | زیدە | زیدە | | ماقبل مضموم | (اضربوا) جمع مذكر مؤكد | إضربُنْ | |
| مررت | بزیدە | بزیدە | | ماقبل مكسور | (اضربي) مفرد مؤنث مؤكد | إضربِنْ | |
| رأيت | زيداً | زيداً | | ماقبل مفتوح | (اضربا) مفرد مذكر مؤكد | إضربَنْ | |
| ئەم تەنوینە بە گوێرەی یاسا هاتووە. | | | | نونی خەفیفە لە نوسین هیچ بەگوێرەی یاسا نەهاتووە. | | | |

**(وتثبيت أيضاً في يفعُل بالضم كوجهُ يوجهُ)** واو دەمێنێتەوە لە {يفعل} بە -ضمة-ی عين الفعل کە بابی شەشەمە وەکو لە {يفعل} دەماوە کە بابی چوارەمە وەکو {وجهُ} -ماضي-یە {يوجهُ}-مضارع-ە **(أوجُهُ ولا توجه)** {أوجه} ئەمری بەصیغەیە {لا توجه} نەهیـیە لە هەموو صیغە واو ماوە چونکە

هیچ کەسرەی لەپاش نىیە. یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: بۆچی لەم فیعلانە واو حەزف کراوە کەچی بە فەتحەی عین الفعلیشن؟ ئەویش لەوەڵامدا دەفەرمووێت: (**من يطاء ويسع ويضع ويقع ويدع، لأنها في الأصل يفعل بالكسر**) واتە: واو حەزف کراوە لەم فیعلانە کەچی وادیارە عین الفعل لەهەمووان مەفتوحە چونکە ئەوانە لە ئەصلدا هەموویان فعلی -مضارع-ی مکسور العین بوونە، وەکو {یفعِل} بەڵام چونکە لام الفعل لە هەمووان حەرفی حەلقیە، وەکو دەڵێت: (**ففتحت لحرف الحلق**) جا مەفتوح کراون لەدوای حەزفی واو چونکە حەرفی حەلقی گرانە و فەتحەش سوکە ئەمانە کە حەزفی واویان لێ کراوە بەگوێرەی یاسایە، وەکە واویش نەهاتووەتەوە بۆ ئەوەیە کە بزاندرێت ئەمانە لە ئەصلدا مەکسور العین بووینە. جا یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: {یطاء ویسع} -ماضي-ەکەیان مەکسورە چۆن دەبێت -مضارع-ەکەشی مەکسور بێت؟ ئەویش لەوەڵامدا دەفەرمووێت: (**وكسرُ عين ماضي يطأ ويسع لاينافي كسر عين المضارع**) واتە: کەسرەی عین الفعل لە -ماضي- {یطأ ویسع} کە لەئەصلدا {وَطِيءَ ویسِعَ} بووینە، دژایەتی کەسرەی عین الفعل -مضارع-ەکەیان ناکات، واتە: وا مەڵێ مادام -ماضي- مەکسورە. چۆن دەبێت -مضارع- ەکەشیان مەکسور بێت (**إذكسر عينهما في المثال كثير**) چونکە کەسرەی عین الفعل لە فعلی -مضارع وماضی- لە معتل الفائی گەلێ زۆرە وەکو {وَرِثَ یَرِثُ و وَمِقَ یَمِقُ.....}. جا یەکێك پرسیار دەکات: واو حەزفکراوە لە {یَذَرُ} کەچی لەسەر وەزنی {یَفْعِلُ} بەکەسرەی نییە، وە هیچ حەرفی حەلقیشی تێدا نییە جا لەبەر ئەو مەفتوح کرابێت؟ لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**وحذف من يَذَرُ لكونه بمعنى يدَعُ**) واتە: واو حەزفکراوە لەم فعلە -مضارع-ەی کە {یَذَرُ}ە ئەصلەکەی {یوذر} بووە بە فەتحەی عین الفعل چونکە بە مانای {یَدَعُ}ە وە حەزفی واویش لە {یَدَعُ}ی هەقی خۆیەتی، وە ئەمەش بە مانای {یَدَعُ}ە بۆیە واو لە ئەمیش حەزفکراوە. (**وأماتوا ماضيهما وكذا المصدر واسم الفاعل واسم المفعول**) عارەبەکان مراندوویانەو تەرکیان کردووە بە کارهێنانی -ماضی- بۆ ئەم

دوو فعلانه، واته: نەبیستراوه {وَدَعَ وَ وَذَرَ} له زمانی عەرەبان بەکار هاتبێت، وه هەروەها فەرامۆش کراوه بەکارهێنانی مەصدەرو ئیسمی فاعیل و ئیسمی مەفعول لەم دوو فعله {ودع وادع مودوع}، بەڵکو دەڵێن {تارك .متروك ترك} له جیاتی ئەمانه بەکار هاتوون.

**بێداری :**

وا دیاره که مەبەست لەم مراندنه کەم بەکارهێنا بێت، نەك مانای وا بێت که ئەمه هەر نەهاتبێت، چونکه له فەرموودەی پێغەمبەری ﴿ﷺ﴾ هاتووه-ماضی-و ئەمرو مەصدەری تێدا بەکار هاتوون، وەك ئەوەی که دەفەرموویێت {دعوا الجنة ماودعوكم}. وه میسالی مەصدەریش ئەمەیه {لينتهين أقوام عن وَدْعِهِم الجمات..}

جا یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: بەڵگەت چییه که واو لێرەدا حەزفکراوه؟ ئەمیش له وەڵامدا دەڵێت (**وحذف الفاء دليل على أن المحذوف واو**) واته حەزفکردنی فائولفعل خۆی بەڵگەیەو نیشانەیه که ئەوەی لێوەی حەزفکراوه واوه چونکه یائی لێ حەزف ناکرێت وەك بە خۆی دەفەرموویێت (**وأما الياء فتثبت على كل حال**) واته: ئەگەر فائوالفعل له معتل الفائي -ياء- بوو ئەوه به هەرحاڵێك دەمێنێت، واته: چ -ماضی یان مضارع- بێت یان ئیسمی فاعیل و مەفعول بێت یان -مضارع-ەکه مەکسور العين یان مەفتوح یان -مضموم- بێت (**نحو يَمُنَ يَيْمُنُ**) ئەمه بابی شەشەمه وەکو {حسُن يحسُن} (**ويسَرَ ييسِرُ**) ئەمەش بابی دووەمه وەکو {ضرب يضرب} (**وجاء ضم العين فيهما أيضاً**) دروسته -ضم-ی عين الفعلی له {ويسَرَ ييسِرُ} که بیکەی به بابی شەشەم وەکو {يَمُنَ يَيْمُنُ} بەڵام ئەمە مەبەست نییه چونکه دەبێته دووباره (**ويَئِسَ يَيْئَسُ**) ئەمەش له بابی چوارەمه وەکو {عَلِمَ يَعْلَمُ} (**وجاء الكسر فيهما**) هاتییه کەسرەی عين الفعلی له {يَئِسَ يَيْئِسُ} واته: له -ماضی ومضارع-ی وەکو {حَسِبَ يَحْسِبُ} بەڵام پێویست نییه چونکه شازه، جا مجردەکان کۆتاییـــان پێهات جا دێته سەر باسی مەزیدەکان ودەفەرموو (**وتقول في أفعل من الياء**) واته: تۆ دەڵێیت له بینا کردنی بابی

{إفعال} لە موعتەل و الفائی یائی (**أَيْسَرَ يوُسِر**) {أيسر} فعلی -ماضي-یە وەکو {أكرم}ەیە ئەصلەکەی {يَسَرَ}بوو هەمزەی مەفتوح زیادکرا بوو بە {أَيْسَرَ} وە یائی ماوەتەوە {يوسِر} فیعلی -مضارع-ە ئەصلەکەی لە دوور {يأسر} بوو هەمزەی حەزف کراوە وەکو لەپێشان زانیت، بوو بە {يُيْسِرُ} قانونە یائی ساکین ماقبل -مضموم- دەکرێت بە واو بەگوێرەی قاعیدە بوو بە {يوُسِر} یەکێك پرسیار دەکات ودەڵێت: بۆچی واو حەزف ناکەیت، خۆ لەبەینی یائو کەسرەیە؟ دەفەرموویت (**ولم يحذف لأن حذف الواو مع الهمزة أحجاف**) واتە: حەزفی واوی نەکرا لە {يوسر} ئەگەر چی لەنێوان یائو کەسرەیە، چونکە لە پێشان هەمزە حەزف کرابوو وە ئێستاش واوی حەزف بکەین ئەوا ستەمە نەقوستانیەیە بۆ ئەم وشە (**فهو موسر بقلبها واواً لأن الياء الساكنة المضموم ماقبلها تقلب واواً**) واتە: بۆ ئیسمی فاعیل لەم بابە دەڵێیت {موسر} ئەصلەکەی {مُيْسر} بووە قەلبی یائی کرا بە واو چونکە قاعیدەیە هەرکاتێك یائی ساکین بوو حەرفی پێش خۆی -مضموم- بوو ئەم یائە دەکرێت بە یائی و وەکو {مُيْسر} لێرە وایە (**وفي إفتعل منهما إتعد يتعد فهو متعد**) تۆ دەڵێیت: لە معتل الفائی واوی ویائی لە بابی {إفتعال} {إتعد}بوو ئەمە میسال وایە ئەصلەکەی {إِوْتَعد} بوو، واو مان کرد {ت} و ددغم مان کرد بوو بە {إتّعد} {يتعد} -مضارع-ە ئەصلەکەی {يوتعد} بوو وەکو {يجمع} واو قەلب کرا بە {ت}وە دەغم کرابوو بە {يتعد، فهو متعدي} ئەمەش ئیسمی فاعیلە ئەصلەکەی {موتعد}بوو، واو کرا بە {ت} وەدەغم کرابوو بە{مُتّعد} یەکێك پرسیار دەکات و دەڵێت: بۆچی لە {أتّعد}ەی واو نەکرا بە {ی} ئەدی واوی ساکینمان ماقبل مەکسور نیەیە لە وەڵامدا دەفەرموویت (**ولم تقلب الواو ياءً أولاً وإن كان الأعلال مقدما علي الأدغام**) قەلبی واوی نەکرا بە {ی}لە {إِوْتَعد}ەیە ئەگەرچی قاعیدەشە واوساکن ماقبلە مەکسور قەلب دەکرێ بە {ی}، وەهەروەها لەهەر شوێنێك ئیعلال وئیدغام کۆببنەوە ئیعلال پێشدەکەوێت. لێرەدا وانەکراوە. بەڵکو راستەوخۆ واو کراوە بە {ت}وەدەغم کراوە (**إذ بعده يقلب**

**الياء ايضا تاءً. فقلبت إبتداءً**) چونکە لێرەدا ئەگەر واویش بکرێت بە {ی}واجبە دووبارە ئەم {ی}بکرێتەوە بە {ت}وەکو واو کەواتە هەر یەکەم جار واومان کردبە {ت}وەدەغمان کرد. رێگەمان کورت کردەوە :یەکێك پرسیاردەکات ودەلێت: تەدی ئەم {ی}کەلەبەدەل هەمزە هاتوە بۆنەکراوە بە {ت}؟ جا لەوەلاّمدا دەفەرموێت (**ولم تقلب الياء المبدلة من الهمزة تاءً**) قەلب نەکراوە ئەم {ی}کە لەجیاتی هەمزە هاتووە بە {ت}وەکو {إيتكل}. ئەصلەکەی {إأْ تكل}ەبووە هەمزەی دووەم ساکن ماقبل مەکسور قەلب کرا بە {ی}بوبە {إيتكل}ئەم {ی}یە دووبارە نەکراوە بە{ت}بەڵکو هەرماوە (**لأنها لاتقبل القلب تاءً فلم تقبل الياء مثلها**) چونکە هەمزە خۆی قەبول ناکات قەلب بکرێت بە {ت}کەوایە ئەم {ی}یە کەبەدەلی هەمزەیە ئەویش قەبول ناکات بکرێت بە{ت}کەواتە دزوست نیە {إيتكل} بکرێتە {اتّكل} (**بخلاف الواو**)بەلاّم واو وانیە خۆی قبول دەکات وە ئەم {ی}ەیە کەلەجیاتی هاتووە ئەویش قەبول دەکات بکرێت بە {ت}وەکو {إوْ تعد}دەتوانی ڕاستەوخۆ واو بکەیت بە {ت}وە دەشتوانی واو بکەیت بە {ی}ئەوجارە واو بکەی بە {ت} (**وإتَّسَرَ يَتَّسِرُ فهو مُتَّسِر**) ئەمە عەتفە بەسەر {إتعد}ەی {إتّسر} - ماضي-یە ئەصلەکەی {أيتسر}ەیە وەکو {إجتمع} قەلبیَ یائی کراوە بە {ت} وە دەغم کراوە {يتّسر} فیعلی -مضارع-ە ئەصلەکەی {يَيْتَسَرُ}ەیە {ی} قەلب کرا بە {ت} وە دەغم کرا ئەمەش میسالی بابی {إفتعال}ە لە یائی (**ويقال أيتعد كسرة ما قبلها لم يجز ألا التاء نحو واتَّعَدَ**) گوتمان واو ساکن ماقبل مەکسور دوو لوغەتی دروست بوون {أتعد} وە {أيتعد} بەلاّم ئەگەر کەسرە لەپێش واو نەما تەنها بە تائی دروستە وەکو {وأتعد} ئەصلەکەی یان {إوْتعد}بووە یان {إيتعد} کەواوی مەفتوح لە پێش هەمزەی وەصل داندرا ماقبلەکەی مەفتوح بوو ئەم حەرفە واو یان یائی کرا بە {ت} وە دەغم کرا بوو بە {وَاتَّعَدَ} هیچی تر واتە نە بەیائو نە بە واو دروستە (**يا تَعِدُ قلبت حملاً علي الماضي والا فهو خلاف قياس**) ئەصلەکەی {يَوتعد} بوو قەلبی واو کرا بە ئەلف بە حمل بەسەر -ماضي- لە

ئەصلی ئیعلال چونکە لە -ماضي- قەلب کراوە بە {ت} لێرەش قەلب کراوە بە ئەلف وە ئەگەر بە حەمل بەسەر -ماضي- نەبێت ئەم قەلبە خیلافی یاسایە چونکە واوی موتەحەریك دەکرێت بە ئەلف لێرە موتەحەریك نیەیە بەڵکو ساکینە (**فهو موتعد**) وە ئەمەش بۆ ئیسمی فاعیل و ئیسمی مەفعول دەست دەدات بەگوێرەی فەتحەو کەسرەی عەین ئەصلەکەی {یوتعد} بوو {ی} حەرفی -مضارع- بوو لامان دا میمێکی -مضموم- مان لە جێگە دانا بوو بە {موتعِدٌ} (**وایتسر یاتسر فهو موتسِرٌ**) واتە: دروستە لە بابی {إفتعال} لە یائی بڵێیت {أیتسر} بە هێشتنەوەی {ی} {یاتسر} بە قەلبی یائی بە ئەلف بەحەمل بەسەر -ماضي- ئەگینا پێچەوانەی قاعیدەیە {موتسر} ئیسمی فاعیلە یائی لێکراوە بە واو بە یاسای خۆی چونکە ئەصلەکەی {میْتَسر} بووە (**وهذا مکان موتسر فیه**) واتە: ئەم شوێنە شوێنێکەی گەمەی قوماری تێدا دەکرێت ئەمەش ئیسمی مەفعولە چونکە لازمە حەرفی جەری بۆ هێناوە یان ئیسمی مەکانە بە بەڵگەی وشەی مەکان ئەمەی باسمان کرد معتل الفائی غەیرە -مضاعف- بوو. جانۆبەتی معتل الفائی -مضاعف-ە. فەرمووی (**وحکم وَدَّ یودُّ کحکم عَضَّ یَعَضُّ**) واتە: حوکمی بابی چوارەم لە -مضاعف-ی معتل الفاء وەکو حوکمی بابی چوارەمە لە -مضاعف -ی غەیرە معتل, واتە {وَدّ}وەکو {عضّ}وایە کەهەردوکیان -مضاعەفن- وەلەبابی چوارەمن بەڵام {وَدّ}معتل الفائە جاهەر حوکمێك کە بۆ{عضّ}هەبێ لەدەغم کردن و دەغم نەکردن و واجب و غەیرەواجب بۆ{دّ}ش هەیە {وَدّ}ئەسلەکەی {ودِدَ}بوە دالی یەکەم ساکن کرا لە دالی دووەم وە دەغم کرا وەکو {عضّ},{یوَدٍّ}ئەسلەکەی {یودَدُ}بوە وەکو{یعضَضُ} فەتحەی دالی یەکەم نەقل کرا بۆ واو وەدەغم کرا بوو بە{یَوَدّ} وەکو {یَعَضٍّ}(**والأمر وَدَّ وَدِّ ایدَدْ کعَضَّ عَضِّ إعْضَضْ**) واتە ئەمری بەصیغە لەمعتل الفائی واوی لەبابی چوارەم وەکو ئەمری بەصیغە وایە لەغەیرە معتل, جا {إیددْ} ئەصلەکەی {تودد}بوو وەکو {تعلم} تائی حەرفی -مضارع- بوو حەزفمان کرد هەمزەمان لە جێی دانا وە ئاخیرمان مەجزوم کرد بوو بە

{إودد} واو ساكن ما قبل مەكسور كردمان بە -ياء- بوو بە {إيدد} وەكو {إعضض} وە بە شێوەیەكی دیكەش ئیعلال دەكرێن، بڕوانە شەرحی مامۆستا مەلا عبد الكريم مدرس خوا بیپارێزێت. جا لێرەوە دێتە سەر باسی مەسئەلەیكی بە سوود دەفەرمووێت (**إعلم أن المثال الواوی المضاعف لا یجئ إلاّ من باب علم یعلم**) بزانە بەڕاستی معتل الفائی واوی -مضاعف- تەنها لە بابی چوارەم دێت، واتە: فعلەکی معتل الفائی واوی -مضاعف- ئەوە تەنها لە بابی چوارەم دێت وەكو {عَلِمَ يَعْلَمُ} (**لأنە لم یجئ المضاعف مطلقا من مفتوح العین فی الماضی والمضارع**) چونكە -مضاعف- بە موتلەقی واتە میسال بێت یانە نا نەهاتووە لە فعلێك كە عین الفعلی لە -ماضی ومضارع- مەفتوح بێت واتە: -مضاعف- لە بابی سێیەم نەهاتووە (**ولا من مكسورهما ولا من مضمومهما**) هەروەها -مضاعف- لەو فعلەش نەهاتووە كە عین الفعلی لە -ماضی ومضارع- مەكسور یان -مضموم- بێت، یانی لە بابی پێنجەم و شەشەمیش نەهاتووە، ئەوە سێ باب دەرچوون وە سێ باب ماون (**وأیضا لم یجئ المثال الواوی من باب نَصَرَ یَنصُرُ إلا وجد یجِد وهو ضعیف**) واتە: هەروەكو -مضاعف- لەم سێیانە نەهاتووە، هەروەها نەهاتووە معتل الفائی واوی لە بابی یەكەم جا -مضاعف- بێت یانە نا، تەنها {وجد يجد} هاتووە ئەمەش لۆغەتی عامریانەو بێ هەمزەیە، جا دەڵێن {يَجُدُ} ئەصلەكەی {يوجد} بوو وەكو {يَنصر} واو لە نێوان واو -ضمة- حەزفكرا لەبەر گرانی بوو بە {يَجُدُ} كەواتە لێرەوە چوار باب دەرچوون تەنها دوو مانەوە (**ولو بنی من باب ضرب یضرب اجتمع اعلالان**) ئەگەر معتل الفائی واوی -مضاعف- لە بابی دووەم دروست بكرێت كە بابی {ضرب یضرب} ئەوە لە یەك وشەدا دوو ئیعلال كۆدەبنەوە ئەمەش خۆش نییە (**حذف الفاء والإدغام**) دوو ئیعلالەكان: یەكیان حەزفی فائو لفعل، وە دووەمیان ئیدغامە، حەزفی فائولفعل لەبەر ئەوەیە كە واو دەكەوێتە نێوان یائو كەسرەی، وە ئیدغامیش لەبەر ئەوەیە چونكە دوو حەرفی وەك یەك كۆدەبنەوە، ئەوە پێنج باب دەرچوون (**فلم**

**یبق إلا باب علم یعلم)** کەواتە هیچ بابەك نەماوە کە ئەم جۆرە فعلەی لیّ بیّت تەنها بابی چوارەم نەبیّت کە بابی {علم یعلم}ە، وەکو {وَدَّ یَوَدُّ} ئەصلەکەی {وَدِدَ یَوْدَدُ} بوو وەکو {علم یعلم}.

بە پشتیوانی خوای گەورە لە ۲۰۰۱/۸/۳ باسی معتل الفائی تەواو بوو.

## باسی أجوف

لە کاتیّك مصنف رەحمەتی خوای لیّ بیّت لە باسی معتل الفائی نەجاتی بوو، جا هاتە سەر باسی معتل العین، جا پیّش ئەوەی بیّینە سەر باسی معتل العین وا باشە کورتەیەك لەو باسانە باس بکەین کە لە نیّو معتل العینی باس دەکریّن:

۱-ئەم معتلە پیّی دەگووتریّت {أجوف}، جا پرسیار ئەوەیە ئەمە بۆ پیّی دەگووتریّت {أجوف} وە بۆ پیّشی دەگووتریّت خاوەن سیّ پیت {ذو الثلاثة}.

۲-قەلبکردنی یائو واو بە ئەلف بە مەرج.

۳-ئەو مشتو مڕەی لە نیّوان جمهورو ئیبن الحاجب هەیەو لەسەر ئەوەی کە لە کاتی لکانی -ضمیر-ی متکلم و موخاتەب وجەمعی -مؤنث- بەم معتلەو چۆنیەتی ئیعلالکردنی.

٤- {تطبیقي} میسالەکان لە واو و یائی {صان....هتد} و{باع....هتد}.

٥- سیّ جۆرەکانی بینا مەفعولی -ماضي- ناساندنی ئیشمام.

٦- ئیعلال کردنی فعلی -مضارع- کە هەندیّك بە نەقلەو هەندیّکیش بە نەقل و قەلبە.

٧- بینا مەفعولی -مضارع- ئیعلالی بەنەقل وقەلبە لە هەموو شویّن.

٨- باسی داخیل کردنی عامیلی جازم بەسەر -مضارع- و لابردنی عین الفعل لە هەندیّك شویّن.

٩- باسی ئەمری بە صیغەو نونی تەئکید و گیّڕانەوەی عین الفعل.

١٠- حەرەکەی {عاریضي} ئیعتیباری پیّ ناکریّت، بۆ گیّڕانەوەی مەحزوف.

١١- -ثلاثي- موجەرەد لە معتل العين چوار بابی ئیعلال دەکرێت.

١٢- ئیعلالی بینا مەفعول لەم چوار بابە لەگەڵ دروست بوونی ئەم سێ لوغەتی کە لە مەجهولی -ماضي- دروست بوون لە موجەرەد.

١٣- ئەمری بە صیغە و نونی تەئکید.

١٤- ئەم بابانەی ئیعلال ناکرێن و بەڵگەی ئیعلال نەکردنیان.

١٥- ئیعلال نەکردنی دوو فعلی تەعجوب لەگەڵ {افعال التفضيل}.

١٦- ئیعلالی ئیسمی فاعیل لە -ثلاثي- موجەرەد و ئەم چوار بابانەیەکە ئیعلال دەکرێن لە { -ثلاثي- مزيد فيه}.

١٧- ئیعلالی ئیسمی مەفعولی -ثلاثي- موجەرەد وەکو {مصون و مبيع} پاشان لەم چوار بابەی کە ئیعلال دەکرێن.

١٨- شەرت و مەرجەکانی ئیعلال لە ئیسمێك کە -ثلاثي- موجەرەد نەبێت ئیسمی فاعیل و مەفعولیش نەبێت چوارن دوو موافیقە وە دوو موخالیفەیە ئەوەی کە لە معتل العين باسی دەکرێت بەکورتی ئەم بابەتانەن: جا بە پشتیوانی خودای باڵا دەست و بەتوانا دەست پێ دەکەین.

(**معتل العين**) جۆری دووەم لە حەوت جۆرەکانی معتل، معتل العينە واتە عين الفعلی حەرفی عیلە بێت جا ئیسم بێت یان فعل. (**ويقال له الأجوف لخلو وسطه من الصحة**) بەم موعتەلە دەڵێن {أجوف} واتە: کلۆر، چونکە ناوەڕاستەکەی خاڵیە و بەتاڵە لە حروفی صحیح چونکە ئەم حەرفە عیلەیە کە لە ناوەڕاستە بەهۆی ئیعلال کردن دەڕواو نامێنێت. (**وذو الثلاثة لكون ماضيه على ثلاثة أحرف إذا أخبرت عن نفسك**) بەم معتلە دەگووترێت {ذو الثلاثة} واتە: خاوەنی سێ پیت، چونکە -ماضي-ەکەی لەسەر سێ حەرفە لە کاتی صیغەی موتەکەلیمی لێ دروست بکەیو خەبەر لە خۆت بدەی بە کردنی کارێك (**نحو قُلتُ وبِعْتُ**) بڕوانە ئەم دوو فعلە کە یەکێکیان واویە و ئەوی دیکەیان یائیە، بەڵام واو و یائی حەزف کراون چونکە {ت}ی -ضمير-یان پێوە لکاوە بوونەتە سێ حەرف بەم

ئیعتیبارەی کە -ضمیر- یش بە حەرف دەژمێردرێت ئەگینا -ضمیر-ی خۆی فاعیلەو وشەیەکی سەربەخۆیە، جا فەرمووی {إذا أخبرت عن نفسك} خۆ ئەگەر بۆ موخاتەب و جەمعی -مؤنث- یش بێت هەر وایە بەڵام خۆی لە هەموو کەس نزیکترە (**والأصل أن يكون على أربعة**) ئەصل و قیاس وایە کە ئەم جۆرە موعتەلەی کە -ضمیر-ی پێوە لکاوە لەسەر چوار حەرف بوایە چونکە لەمەو دوا باسی ناقص دەکەین کە پێی ئەگووترێت {ذو الأربعة} لە حاڵێك کە حەرفی عیلەکەی لە شوێنی گۆرانە کە کۆتاییەیە وە پێی دەڵێن ناقص و ئەم جار {ذو الأربعة}شە ئەم حەرفە عیلەکەی لە شوێنی گۆران نییە وە ناوی ناقصیش نییە ئەو جار بەناوی {ذو الثلاثة}یە، جا بزانە ئیعلالی ئەم موعتەلە یان بە قەلبە یان بە نەقلی حەرەکەیە یان بە حەزفە جا دەفەرموویێت (**فالمجرد الثلاثي تقلب عينه في الماضي الفاً واواً كان أو ياءً**) واتە فعلی -ماضی-لە ثلاثی مجرد لەمعتل العین قەلبی عەین الفعل دەکرێتبە ئەلف جائەم عەین الفعلە واوی بێت یان یائی (**لتحركهما وانفتاح ماقبلهما**)لەکاتێك قەلب دەکرێن بە ئەلف کەخۆیان متحرك بن واتە حەرەکە داربن وە حەرفی پێش خۆیان مفتوح بێت وە هیچ مانیعیش نەبێت لەم قەلبە (**نحو صانَ وباعَ**) ئێستا بروانە ئەم دووفعلە {صان و باع} ئەسلەکەیان {صوَن وبيَعَ} واو و یائی متحریك ماقەبلەکەیان مەفتوحەو هیچ مانیعیش نیە بێگومان قەلب کراون بەئەلف جا {صان}واویەو بابی یەکەمە وەکو {نَصَرَ}وە{باع}یائیەو بابی دووەمە وەکو {ضَرب}یەك پرسیار دەکات و دەڵێت لە{قوَد, صيد}واو یائی هەرماون جادەفەرموێت (**وشذّ قوِد وصَيِدَ ومصدرهما كالقوَد والصيَدِ** -نسخە-) واتە ئەم دوو فعلە لەگەل مەصدەرەکانیان {قوَداً, وصيَداً} کە واو یائی متحرك ماقەبلە مەفتوح و نەشکراون بەئەلف وەشتی شاز قانونی پێوە**لە**کەدار نابێ {قود} واتە: قصاص وەرگرتن {صيِدَ البعيد مال الى خلفه} واتە: وشتر بەرەو پاش مەیلی کرد یان جۆرە نەخۆشیەکە توشی وشتر دەبێت جابزانە عەین الفعل لە ئەجوفی دەکرێت بەئەلف. جا واوبێ یان یائی بێ مەفتوح بێت یان - مضموم- بێت یان مەکسور بەو

مەرجەی ماقەبلە موتەحەریك بێت، ئەمە لەكاتێكە كەئەم ئەجوفە هیچ -ضمیر- ی پێوە نەلكابێت (**فان اتّصل به ضمير المتكلم او المخاطب او جمع المؤنث الغائبة**) واتە ئەگەر لكا بەفعلی-ماضی-ثلاثي- مجرد لەتەجوفی -ضمیری- متكلمی یان -ضمیری- موخاتەبی بەموتلەقی {قُلْتِ, قُلْتَ , قُلْتَ , قُلْتُم}یان - ضمیری- جەمعی -مؤنث- غائیب وەكو {قُلْنَ}بەم -ضمیر-انەدەلێن -ضمیر- یمەرفوعی متحرك لەمكاتەی ئەم -ضمیر-انەیپێوەلكان (**نقل فعَل من الواوي الى فعُل ومن اليائي الى فعِل دلالة عليهما**) —أي على الواو والياء- نەقل دەكرێت {فَعَل}ەی مەفتوحی العین ئەگەر واوی بێت بۆلای {فعُل}ەی -مضموم- وە ئەگەر یائیش بێت بۆلای{فعِل}ەی مەكسور تاكو دەلالەت بكەن ئەم -ضمة-و كەسرە لەسەر واو یائی لەپاش حەزف كردنیان بۆنمونە {قوُلتُ, بيَعت} كە یەكێكیان واویەو ئەوێتریان یائیە و هەردوكیان مەفتوح العینن جا {قوَلت}دەكرێتە {قوُلت}بە- ضمة -ی واوی و {بيَعتُ}دەكرێتە {بيِعت}بەكەسرەی یائی (**ولايغيرّ فعُل ولافعِل في الأصل**) واتە: ئەم فعلەی لە ئەصلدا لەسەر وەزنی {فعُلَ}یە بە -ضمة- وەكو {طوُلَ}ە، یان لەسەر وەزنی {فعِلَ}ەی بێت بە كەسرەی وەكو {هَيِبَ} ئەمانە ناگۆڕێن چونكە لە ئەصلدا وەها بووینە وە پێویستیان بە گۆڕان نییە (**ونقلت الضمة والكسرة منقولا أو غيره الى الفاء**) پاشان نەقلی -ضمة-و كەسرەی دەكرێت لە {فعُلَ}ی بە -ضمة- وە {فعِلَ}ەی بە كەسرەی جا ئەم {فعُل و فعِلَ} چ مەنقولەكان بن وەكو {قوُلْتُ وبيِعْتُ} یان غەیرە مەنقولەكان بن واتە ئەصلەكان بن وەكو {طوُلْتُ وهَيِبْتُ} نەقلی ئەم -ضمة-و كەسردیە لە عين الفعلەوە دەكرێت بۆ لای فائولفعل (**وحذفت العين للالتقاء الساكنين**) ئەوجا حەزفی عين الفعليش دەكەین لەبەر بە یەكگەیشتنی دوو ساكینان كە یەكێكیان ئەم عين الفعلەیە كە حەرەكەمان نەقل كرد، ئەوەی دیكەش لام الفعله كە بە هۆی -ضمیر-ەكە ساكین بووە، جا {قُلْتُ} لەسەر وەزنی {فُلْتُ} چونكە عين الفعلی نەماوە، وە {بِعْتُ} لەسەر وەزنی {فِلْتُ} (**وقيل لم ينقل فعل لتغاير معاني الأبواب**) واتە:

گووتراوە -ئەمە ئیبن حاجبە رەحمەتی خوای لێبێت- کە دەفەرمووێت: هیچ رەوا نییە {فَعَلَ}ەی مەفتوح العین بکرێ بە {فَعُل وفَعِل} چ -مضموم- یان مەکسور بکرێت چونکە مانای بابەکان لێك جیایە بۆ وێنە {فَعِلَ}ی مەکسور بە زۆری بۆ دەردوو بەلاو رەنگ و عەیب و شتی وا هاتووە، وە {فَعُلَ}ی -مضموم- بۆ ئەم جۆرە شتانەیە کە هەرگیز لە فاعیلەکەی خۆیان جودا نابنەوە، وە {فَعَلَ}ەی مەفتوح بۆ زۆر شتی دیکە هاتووە جا بە زۆری موتەعەدی دەبێت، وە {فَعُلَ}ی -مضموم- کە بۆ فعلە سروشتیەکانە بەردەوام هەر لازمە جا گوایە بۆیە تۆ رات کردووە تا ئیلتیباسی واوی بە یائی نەبێت، بەلاّم ئەم جارە ئیلتیباسی ئەم بابەی بەم بابە دەبێت، کەواتە بۆ میحرابێك مزگەوتێك خراپ مەکە. جا یەکێك دەپرسێت: ئەی چۆن بەبێ ئیعلال بمینیتەوە؟ ئەمیش لە وەلاّمدا دەفەرمووێت (**لكن قلبت العين ألفا**) ئەوەندە هەیە قەلبی عین الفعلەکەی دەکرێت بە ئەلف وەکو ئەوەی کە -ضمیر-ی پێوە نەبێت جا دەبێتە {قَالْتُ وبَاعْتُ} جا حەزفی ئەلفی دەکەین لەبەر ئیلتیقائو ساکنین بوو بە {قَلْتُ وبَعْتُ} بە فەتحەی فائو لفعل لە هەردووکیان (**فلم تكن دلالة على حركة العين ولا على ذاته**) جا لە کاتی کە عین الفعل حەزف کرا وە فائولفعل بە مەفتوحی مایەوە هیچ شتێك نەبوو دەلالەت بکات نە لەسەر زاتی عین الفعل وە نە لەسەر حەرەکەکەی چونکە ئەم فەتحە هی خۆیانەو هی عین الفعل نییە، وە ئەم فەتحەش دەلالەت لەسەر واوو یائی ناکات لە {قَلْتُ وبَعْتُ} چونکە واو -ضمة-ی دەوێت، وە یائیش کەسرەی دەوێت، ئەم فائولفعلەش مەفتوحە وە زۆر پێویستە دەلالەت هەبێ تاکو واوی لەگەڵ یائی لێك جیا بن، جا دەڵێ (**ولما امكنت الدلالة على الثاني دون الأول**) واتە لە کاتێك کە دەگونجا کەوا بکرێت دەلالەت لەسەر دووەمی کە زاتی عین الفعلە، بەلاّم دەگونجا دەلالەت لەسەر حەرەکەی عین الفعل چونکە حەرەکەی هەردووکیان فەتحەیە ئەگەرچی دەلالەتیش لەسەر حەرەکەی گرنگترە بەلاّم ئەومان پێ نەگونجا (**ضمت الفاء في الواوي وكسرت فيالیائي دلالة عليهما**) ئەوەمان کرد کە فائولفعلەکە -مضموم- کرا لە واویدا {قُلْت}، وە

مەکسور کرا لە یائی {بِعْت} بۆ ئەوەی دەلالەت بکات ئەم -ضمة- لەسەر واوی لە {قُلْت} وە ئەم کەسرە لەسەر یائی لە {بِعْت}. یەکێك دەپرسێت: مادام گرنگە کە دەلالەت لەسەر حەرەکەیەو نەگونجا ئیتر وازت هێنا بایە لەوەی دەلالەت لەسەر زاتیش بکات؟ یانی مادام نەکرا دەلالەت لەسەر گرنگەکە بکرێت کە حەرەکەیە، وازت هێنابا با دەلالەت لەسەر ناگرنگەکەش نەکرابا؟ ئەمیش لە وەلامدا دەفەرمووێت (**کیلا یفوت الغرض رأسا**) واتە: ئەوەم کرد تاکو سوودو مەبەستەکە بە تەواوی لە دەست نەچێت، وەکو کورد دەڵێت: زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە. یەکێك دەڵێت: بۆ لە -مضموم العین- و مەکسور العینی ئەصلیش بەم شێوەیە ئیعلال ناکەیت؟ ئەمیش لە وەلامدا دەفەرمووێت (**ولما دلّت ضمة الفاء في مضموم العين أصلاً وكسرته في مكسورها أصلا على حركة العين وكانت أهم**) لە کاتێك کە دەلالەتی کرد -ضمة-ی فائولفعل لە -مضموم العین-ی ئەصلی وەکو {طُلْت}، وە کەسرەی فائولفعلی مەکسور العینی ئەصلی وەکو {هِبْت} لەسەر حەرەکەی عین الفعلی وە بەڕاستی ئەویشیان گرنگترە، واتە دەلالەت لەسەر حەرەکەی گرنگترە لە دەلالەت لەسەر زاتی عین الفعلی (**نقلت الضمة والكسرة من العين إليه وحذفت العين**) نەقلی -ضمة- کرا لە -مضموم العین-ی ئەصلی وەکو {طوُلْت}، وە نەقلی کەسرەی کرا لە -مضموم العین-ی ئەصلی وەکو {هَیِبْتُ} بۆ لای فائولفعلی و پاشان حەزفی عین الفعلی کرا پێویست بە نەقل ناکات لەم بابەی بۆ ئەوی دیکە چونکە ئەمانەی ئەصلی دەلالەتیان لەسەر حەرەکەیە یەکەم جار، پاشان لەسەر زاتی عین الفعلەکەیە (**وتركو الدلالة في المكسور الواوي**) واتە: لەبەر ئەوەی کە دەلالەت لەسەر حەرەکەی گرنگترە، دەلالەت لەسەر زاتی عین الفعلی فەرامۆش کراو تەرك کرا لە مەکسور العینی واوی وەکو {خَوِفَ} ئێستا ئەمەیان مەکسور العینی واویە ئەگەر بیکەی بە {خُفْت} بە -ضمة-ی فائولفعل ئەوە دەلالەت لەسەر عین الفعلەکەیە، وە ئەگەر بیکەی بە {خِفْت}بەکەسرەی ئەوە دەلالەتە لەسەر حەرەکەی، جا ئەوەش باشترە کە دەلالەتە لەسەر حەرەکەی عین

الفعل، جا فائولفعلەکەمان مەکسور کرد وە ناش گونجێ فائولفعلی مەکسورو -مضموم- بکرێت بۆ ئەوەی دەلالەت لەسەر هەردووکیان بکات، (**فتقول**) تۆ دەڵێیت لە معتل العین واو لە بابی یەکەم بۆ جێبەجێ کردنی میسالەکان (**صانَ صانا صانوا**) ئەمە فعلی -ماضي-یە بۆ -مذکر-ی غائیب موفرەدو -تثنیة-و جەمع ئەصلەکەیان {صوَنَ صوَنا صوَنوا} لە هەموویان واوی موتەحەریك ماقبل مەفتوح کرا بە ئەلف وەکو لە پێشان گووتمان (**صانت صانتا**) ئەمەش موفرەدو -تثنیة- بۆ -مؤنث-ی غائیب ئەصلەکەیان {صوَنت و صونتا} واو قەلب کرا بە ئەلف وەکو میسالەکانی پێشوو (**صُنّ**) جەمعی -مؤنث-ی غائیبەو -ضمیر-ی پێوە لکاوە کە نونە ئەصلەکەی {صَوَنَنَ} بووە وەکو {نَصَرْنَ} نونی یەکەم لام الفعل وە نونی دووەم نونی جەمعە لەسەر بۆ چوونی زۆربەی زۆری زانایان نەقلمان کرد بۆ لای {فعُل} بوو بە {صَوُنْنَ} جا نەقلی -ضمة-ی واوی کرا بۆ لای صاد لەپاش سلبی حەرەکەی صادی جا {التقاء الساکنین} بووە لە نێوان واو کە عین الفعلە لەگەڵ نون کە لام الفعلە حەزفی واو کرا پاشان نونی لام الفعل لە نونی جەمع دەغم کرا بوو بە {صُنّ} ئەم -ضمة-یە دەلالەت دەکات لەسەر واو وە ئەگەر بە گوێرەی فەرمودەی {ابن الحاجب} برۆین واو قەلب کرا بە ئەلف پاشان {التقاء الساکنین} ڕوویدا ئەلف لاچوو پاشان صاد -مضموم- کرا (**صُنْتَ صُنْتُما صُنْتُمْ**) ئەمەش هەر سێ میسالی -مذکر- موخاتەبن (**صُنْتِ صُنْتُما صُنْتُنّ**) ئەمەش هەر سێ میسالی -مؤنث- موخاتەبەن (**صُنْتُ صُنّا**) ئەمەش هەردوو موتەکەلیم، وە ئیعلالی ئەوانەش هەموویان کە -ضمیر-یان پێوە لکاوە وەکو ئیعلالی {صُنَّ} وایە یان نەقلیان بکە بۆ لای {فعُل} ئەوجا ئیعلالیان بکە یان ڕاستەوخۆ واو بکە بە ئەلف و حەزفی بکەو پاشان فائو الفعلەکەی -مضموم- بکە ئەمە میسالی واوی بوو لە بابی یەکەم، ئەم جارە میسالی یائیە لە بابی دووەم (**باعَ باعا باعوا**) هەرسێ میسالی -مذکر-ی غائیب لە -ماضي- بابی دووەم لە یائی ئەصلەکەیان {بَیَعَ بَیَعا بَیَعوا} وەکو {ضَرَبَ ضَرَبا....الخ} یائی موتەحەریك ماقبلە مەفتوح قەلبمان کرد بە ئەلف

(**باعَتْ باعَتا**) ئەمەش بۆ -مؤنث-ی موفرەدو -تثنية- وە ئیعلالەکەی وەکو {صانَ صانا} وایە. (**بِعْنَ**) ئەمەش جەمعی -مؤنث-ی غائیبە و -ضمیر-ی پێوە لکاوە ئەصلەکەی {بَیَعْنَ} بووە وەکو {ضَرَبْنَ} کە نەقلمان کرد بۆ فعلی مەکسور بووە بە {بَیِعْنَ} جا کەسرەی یائی نەقل کرا بۆ لای فائو الفعلەکە لە پاش لادانی فەتحەی خۆی جا {التقاء الساکنین} ڕوویدا و حەزفی یائی کرا کە عین الفعلە بووە بە {بِعْنَ} دەشتوانین لەسەر بۆچوونی شێخ ئیبن حاجبی کوردی ئیعلال بکەین (**بِعْتَ بِعْتُما بِعْتُمْ**) ئەمەش سێ -مذکر-ی موخاتەب (**بِعْتِ بِعْتُما بِعْتُنّ**) ئەمانەش نمونەی سێ -مؤنث-ەکانی موخاتەبن (**بِعْتُ بِعْنا**) ئەمانەش هەردوو متکلمەکانن، ئەمانەش ئیعلالەکانیان وەکو {بِعْنَ} وایە بە هەردووك مەزهەبەوە تەنها ئەمانەی کە -مضموم-و مەکسوری ئەصلن وەکو {طُولْتُ هَیِبْتُ} زانایان لەوە یەك دەنگن کە نەقلی حەرەکەیان دەکرێت بۆ لای فائو لفعل و حەزف دەکرێت، جا تەودی کە باسکرا میسالەکانی بینا فاعیلی -ماضی- بوون، ئەمجارە باسی بینا مەفعول دەکات دەفەرمووێت (**وإذا بنیته للمفعول کسرت الفاء من الجمیع**) هەرکاتێك کە بینا مەفعول دروست بکەیت لە ئەجوەفی -ثلاثی مجرد- فائولفعلی مەکسور دەکەیت لە هەموو بابەکاندا، واتە: مەفتوح وە -مضموم- وە مەکسورالعین لە مەدا یەکسانن (**فقلت صِیْنَ وإعتلاله بالنقل والقلب**) تۆ دەڵێیت: {صین} ئەمە لە بابی یەکەمە، ئەصلەکەی {صُوِنَ} بووە وەکو {نُصِرَ} بە -ضمة-ی فائولفعل و کەسرەی پێش ئاخیری ئەم کەسرەمان نەقل کرد بۆ فائولفعل لە پاش لابردنی -ضمة-ی خۆی جا بوو بە {صِوْن} قاعیدەیە واو ساکین ماقبل مەکسور کردمان بە -یاء- بوو بە {صِیْنَ} کەوایە ئیعلالەکەی بە نەقلی حەرەکەی لەگەڵ قەلبی واوی بە -یاء- (**وبِیْعَ إعتلاله بالنقل**) ئەمەش لە بابی دووەمەو یائیە، ئەصلەکەی {بُیِعَ} بوود وەکو {ضُرِبَ} کەسرەی عین الفعلی نەقل کرا بۆ لای فائولفعل لە دوای سەلبی حەرەکەی خۆی کە -ضمة-یە بوو بە {بِیعَ} ئەمە ئیعلالەکەی بەس بە نەقلە (**ویجوز صُوْنَ بحذف حرکة العین**) دروستە ئەم لوغەتەش لە بینا مەفعولی -ماضی- ئەجوەفی،

ئەصلەکەی {صُوِنَ} بووە وەکو گووتمان حەزفی کەسرەی واومان کرد بوو بە {صُوْن} چونکە ئیعلالەکەی بەس بە حەزفی حەرەکەی عین الفعلەکەیە (**وبُوْعَ بالقلب والحذف**) وە دروستە {بوع} کە بینا مەفعولی بابی دووەمە لە ئەجوەفی ئیعلالەکەی بە حەزفی حەرەکەی عین الفعلە، ئەوجا قەلبکردنی بە واو، ئەصلەکەی {بُیِعَ} بووە ئەم لوغەتە لەم دووانە بە پێچەوانەی پێشووە (**والإشمام**) وە هەروەها لە فعلی بینا مەفعولی -ماضی- ئەجوەفی ئیشمامیش دروستە، ئیشمام چۆنە؟ (**بأن تنحو بكسر الفاء نحو الضمة وبالياء نحو الواو**) ئیشمام ئەوەیە کە تۆ مەیل بکەی بە کەسرەی فائولفعلی بەرەو لای -ضمة-ی وە مەیل بکەی بە یائی بۆ لای واوی، واتە: کە دەتەوێت ئەم فعلە بخوێنیەوە وەکو {قیل وبیع} نە کەسرەی تەواوی بێت نە -ضمة-ی تەواوو نە یائی تەواو و نە واوی تەواو (**دلالة على أن الأصل ضم الفاء**) بۆ ئەوەی دەلالەت بکات ئەم مەیل کردنە لە کەسرەی بۆ -ضمة-ی کە ئەصلی ئەم کەسرەیە -ضمة- بووە، واتە: ئەصلی {صین وقیل وبیع} {صُوِنَ وقُوِلَ وبُیِعَ} بووینە، ئەمانە سێ لۆغەت بوون لە فعلی بینا مەفعولی -ماضی- لە ئەجوەفی، جا نۆبەی فعلی -مضارع-ە (**وفي المضارع يَصُونُ ويَبِيْعُ وإعتلالهما بالنقل**) تۆ دەڵێیت لە دروستکردنی فعلی -مضارع-ی بینا مەعلوم لە ئەجوەفی {یصون} بۆ بابی یەکەم، وە {یبیع} بۆ بابی دووەم ئیعلالەکەیان بە نەقلی حەرەکەی عین الفعل بووە بۆ لای فائولفعل بەم شێوەیە {یَصُوْنُ} ئەصلەکەی {یَصْوُنُ} بووە وەکو {ینصر} -ضمة-ی واوەکە گران بوو نەقل کرا بۆ لای صادی بوو بە {یَصُون}، وە هەروەها {یَبِیْعُ} ئەصلەکی {یَبْیِعُ} بە کەسرەی یائەکە وەکو {یَضْرِبُ} کەسرە لەسەر یائی گران بوو نەقلمان کرد بۆ لای پێشە خۆی بوو بە {یبیع} (**ويخاف ويهاب وإعتلالهما بالنقل والقلب**) لە مانەش {یخاف} فعلی -مضارع-ە -ثلاثی مجرد-ی بابی چوارەمە وە ئەجوەفی واوییە، وە هەروەها {یهاب} بە هەمان شێوەیە تەنها یائییەئیعلالەکەیان بە نەقلی حەرەکەی عین الفعلەو وە کردنی بە ئەلف، {یَخافُ} ئەصلەکەی {یَخْوَفُ} بووە وەکو یعلم فەتحەی

واوی نەقل کرا بۆ لای پێشە خۆی بوو بە {يَخَوْفُ}، واوەکەمان کردە ئەلف بە قاعیدەی واو ئێستا ساکین لە ئەصلدا متحرك بوو بە {يَخافُ و يَهابُ} ئەصلەکەی {يَهْيَبُ} بوو ئیعلالەکەی وەکو {يَخافُ} وایە بزانە ئیعلالی ئەم جۆرە وشانە بە حەملە بۆ سەر -ماضی-ەکەیان ئەگینا هەموو مەرجەکانیان لێ نە هاتوونەتە جێ وەکو لە مەودوا باسی لێوە دەکەین {إنشاء الله} (**والمبني للمفعول إعتلاله بالنقل والقلب من الجميع**) واتە: بینا مەفعولی -مضارع-ی لە ئەجوەفی ئیعلالەکەی بە نەقلی حەرەکەی عين الفعله ئەوجا قەلبکردنی بە ئەلف لە هەموو بابێکی، واتە چ مەفتوح العين یان مەکسور یان -مضموم- (**كيُصانُ ويُباعُ**) وەکو {يُصانُ ويُباعُ} کە هەردووکیان فعلی بینا مەفعولی -مضارع-ن لە ئەجوەفی {يُصانُ} ئەصلەکەی {يُصْوَنُ} بووە وەکو {يُنْصَرُ} وە {يُباعُ} ئەصلەکەی {يُبْيَعُ} بووە وەکو {يُضْرَبُ} بە -ضمة-ی ئەوەلی و سکونی دووەمی و فەتحەی سێیەمی، جا نەقی حەرەکەی عين الفعل کرا بۆ لای ماقبلەکەی بوون بە {يُصَوْنُ ويُبَيْعُ} جا بە یاسای یائو واو ئێستا ساکین و لە ئەصلدا متحرك و ماقبل مەفتوح کران بە ئەلف بوون بە {يُصان ويُباع ويُخاف ويُهابُ} (**ويدخل عليه الجازم فيسقط العين إذا سكن ما بعده وتثبت اذا تحرك**) داخیلی سەر فعلی -مضارع-ی معتل العين دەبێت عامیلی جازم جا عين دەڕوات ئەگەر حەرفی دوای خۆی ساکین بوو، وە دەمینی ئەگەر حەرفی پاش خۆی حەرەکەدار بێت (**تقول لم يَصُنْ**) تۆ دەڵێیت لە داخیلکردنی عامیلی جازم بۆ سەر معتل العين {لَم يَصُنْ} ئەصلەکەی {يَصون} بوو کە عامیلی جازم هات لام الفعلی ساکین کرد کە نونە جا التقائوالساکینین پەیدا بوو لە بەینی عين الفعل و لام الفعل حەزفی عين الفعل کرا کە واوە چونکە حەرەکەی پاش خۆی ساکین بوو کە نونی لام الفعله (**لم يصونا لم يصونوا**) ئەمانە میسالی -تثنية-و جەمعی موزەکەرن، ئەصلەکەیان {يصونان ويصونون} بووە کە عامیلی جازم هات نونەکانی هەردووك بردن وەکو عين الفعل کە واوە هەر ماوە چونکە حەرفی پاش خۆی حەرەکەدارە بۆ ئەلفی -تثنية-و واوی جەمع (**لم تَصُنْ**) بۆ موفرەدی -

مؤنث-ی غائیبانە، واو نەماوە چونکە پاشەوەی ساکینە (**لم تصونا**) ئەمەش - تثنیة مؤنث-ی غائیبانە واوی تێدا هەرماوە (**لم یَصُنَّ**) ئەمەش جەمعی -مؤنث- غائیبانەو عامیلی جازم کاری تێدا ناکات چونکە ئەم نونە فعلەکەی دەکاتە مەبنی وەکو لە پێشان باسکراوە، بەڵام واوەکەش هەر نەماوە چونکە ئەم نونە جەمعەش حەرفی پێش خۆی ساکین دەکات ئنجا دوو ساکین بە یەك گەیشتن کە عین الفعل و نونی لام الفعل جا حەزفی واوەکەمان کرد بەڵام نەك لەبەر عامیلی جازم بەڵکە پێشتر لەبەر نونی جەمع (**لم تَصُنْ لم تصونا لم تصونوا**) ئەمانەش موفرەدو - تثنیة-و جەمعی -مذکری موخاتەبن (**لم تَصُونی لم تصونا لم تصونوا**) ئەمانەش موفرەدو -تثنیة-و جەمعی -مؤنث-ی موخاتەبن (**لم أصُنْ لم نَصُنْ**) ئەمانەش دوو متکلمەکانن، جا قوتابی ئازیز بڕوانە حەرفی دوای عین الفعل کە لێرە واوە ئەگەر حەرفی دوای واوی حەرەکەدار بوو ئەوە واو دەمێنێ بەڵام ئەگەر ساکین بوو واو حەزف دەکرێت، وە بۆ زیادە زانیاری تەماشای کتێبی شەرحی مامۆستای مدرس بکە خوا خێری بنووسێ (**وهکذا لم یَبِعْ لم یَبیعا لم یبیعوا الخ**) هەر بەوێنەی {لم یَصُنْ} وایە {لم یَبِعْ} ئەصلەکەی {یَبِیْعُ} بوو، عامیلی جازم هات لام الفعلی ساکین کرد جا التقائوالساکنین لە نێوان عین الفعل و لام الفعل پەیدا بوو وە عین الفعلەکە حەزف کرا بوو بە {لم یبغ}، {لم یبیعا} {ی} ماوە چونکە مابعدی متحرکە، {لم یبیعوا}، ئەمانە هەر سێ میسال بوون بۆ -مذکر-ی غائب موفرەدو - تثنیة-و جەمعلە فعلی -مضارع-ی بابی دووەم، وە میسالەکانی -مؤنث-انیش وەکو {لم تبع لم تبیعا لم یبعنَ} ئەمانەش میسالەکانی موفرەدو -تثنیة- وجەمع بۆ -مؤنث-ی غائیبان، جا {لم تبِعْ} یائی تێدا نەماوە چونکە حەرفی پێش خۆی ساکینە، بەڵام لە {لم تبیعا}ی هەرماوە، {لم یبعنَ} لێرەشدا یائی نەماوە بەڵام لەبەر ئەوە نەماوە چونکە نونی جەمعی لە دواوە هاتووە نەك لەبەر ئەداتی جازم، {لم تبع لم تبیعا لم تبیعوا لم تبیعی لم تبیعا لم تبعن} ئەمانەش شەش میسالەکانی موخاتەبانن سێیانیان بۆ پیاوان وە سێیانیان بۆ مێینەکان {لم أبِعْ لم نَبِعْ} ئەمانەش

میسالی دوو متکلمەکانن (**ولم يَخَفْ لم يَخافا الخ**) بە هەمان شێوە {لم يخف} فعلی -مضارع-ە لە بابی چوارەمەو هەروەها واوییە، ئەصلەکەی {يخاف} بوو کە عامیلی جازم هات لام الفعلی ساکین کرد جا التقائوالساکنین لە نێوان ئەو ئەلفەی کە کاتی خۆی واو بووە لەگەڵ لام الفعلەکەی کە فائە پاشان حەزفی ئەلفەکەمان کرد بوو بە {لم يَخَفْ} لەسەر وەزنی {لم يَفَلْ} جا هەتا چواردە میسال تەواو دەبێت بڕۆ دوای، ئەنجا هەریەکە کە دروستت کرد تەماشای حەرفی دوای عین الفعلەکە بکە ئەگەر ساکین بوو ئەوە حەزفی عین الفعلەکە بکە کە ئەلفە، ئەگینا با وەکو خۆی بمێنێ (**وقس عليه الأمر**) واتە سەرجەم ئەمرەکان قیاس بکەوە سەر فعلی -مضارع-ی مەجزوم، جا لە هەر شوێنەك عین الفعلەکە لە -مضارع-ی بمێنێ ئەوە لە ئەمرەکانیشیان دەمێنێ، وە هەر شوێنەك لە -مضارع-ی بڕوات ئەوە لە ئەمرەکەشی بە هەمان شێوە دەڕوات (**نحو صُنْ صونا صونوا**) ئەمانە ئەمری بە صیغەن لە بابی یەکەم لە ئەجوەفی موفرەدو -تثنية-و **جەمع** بۆ -مذكر-ی موخاتەب، {صُنْ} ئەصلەکەی {تَصُونُ} بوو حەرفی -مضارع-مان لابردوو ئاخیرمان مەجزوم کرد جا التقائوالساکنین پەیدا بوو لە نێوان عین الفعل و لام الفعل، جا حەزفی عین الفعل کرا بوو بە {صُنْ} لێرەدا واو نەماوە چونکە مابعدەکەی ساکینە، {صونا} ئەمەش -تثنية-یە واو ماوە، {صونوا} ئەمەش جەمعە واو هەرماوە چونکە مابعدەکەیان متحرکە (**صونی صونا صُنَّ**) ئەمانەش نمونەی -موفرەدو تثنية- وجەمعی -مؤنث- موخاتەبانن، لە {صونی صونا} واو هێشتا هەرماوە، بەڵام لە {صُنَّ}ی نەماوە، بەڵام نەمانەکەی لەبەر ئەمری نییە بەڵکو لەبەر نونی جەمعی -مؤنث-انە، پاشان نونی لام الفعل لە نونی جەمعی دەغم کرا بوو بە {صُنَّ} واتە ئەی کۆمەڵەی ئافرەتان ئەم شتە بپارێزن (**وبالتأكيد بالثقيلة صونَنَّ بإعادة العين لزوال علةالحذف**) تۆ دەڵێیت لە کاتی تەئکیدکردنی ئەمری بە صیغە بە نونی کران {صُونَنَّ} بۆ موفرەدی -مذكر-ی موخاتەب، پێشان ئەصلەکەی {صُنْ} بوو بە بێ واو کە تەئکید کرا بەم نونە حەرفی پێشە خۆی مەفتوح کرد کە نونی لام الفعلە جا

واو کە عین الفعلە گەڕاوە چونکە حەرفی پاشە خۆی حەرەکەدار بوو (**صونانِّ**) پێشان {صونا} بوو کە تەئکید کرا بوو بە {صونانِّ} واوەکە وەکو خۆی هەرماوە (**صُونُنَّ**) ئەمەش بۆ جەمعی -مذکر-ی موخاتەبە، ئەصلەکەی {صونوا} بوو واوی یەکەم عین الفعلە وە واوی دووەمیش جەمعە کە تەئکید کرا التقائوالساکنین پەیدا بوو لە بەینی واوی جەمعیو نونی تەئکید چونکە نونی گران نونەکی ساکینی تێدا دەغم کراوە جا حەزفی واوی -ضمیر-مان کرد هەرچەندە فاعیلیشە، بەڵام -ضمة-ی لام الفعل دەلالەتی لەسەر دەکات (**صونِنَّ**) ئەمەش موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەبە، کە تەئکید کرا التقائوالساکنین لە نێوان یائی موفرەدی -مؤنث-و نونی تەئکیدی مودەغەم جا حەزفی یائەکە کرا بوو بە {صونِنَّ} (**صونانِّ**) وەکو خۆیەتی (**صُنَّانِّ**) ئەمەش جەمعی -مؤنث-ی موخاتەبانە بە چوار نون، یەکەم لام الفعلە دووەم نونی جەمعە وە نونی گرانیش بە دوو نون حیساب دەکرێت، ئەصلەکەی {صُنَّ} بوو پاشان تەئکید کرا بوو {صُنَّنِّ} پاشان ئەلفەکمان زیاد کرد لە نێوان نونی جەمع و نونی تەئکید بوو بە {صُنَّانِّ} (**وبالخفيفة صونَنْ**) واو هاتەوە (**صونُنْ**) واوی جەمعی حەزفکرا چونکە -ضمة-ی لە شوێن ماوە، ئەمە موفرەدو جەمع وە نونی خەفیفە بۆ -تثنية- نابێت (**صونِنْ**) ئەمەش بۆ موفرەدی -مؤنث-ی موخاتەب یائی لێ حەزفکراوە چونکە کەسرە دەلالەتی لەسەر دەکات، میسالی -تثنية-و جەمعی -مؤنث- نییە لە خەفیفەدا (**بِعْ بيعا بيعوا**) ئەمانەش ئەمری بە صیغەن لە ئەجوەفی یائی لە بابی دووەم، ئەصلەکەیان {تبيع تبيعان تبيعون} بووە موفرەدو -تثنية-و جەمع بۆ -مذکر-ی موخاتەب {بيعي بيعا بِعْنَ} ئەمانەش بۆ -مؤنث- موفرەدو -تثنية-و جەمع، ئەصلەکەیان {تبيعين تبيعان تبيعن} تەماشا بکە هەر میسالەك مابعدی یائی متحرك بوو ئەوە بیهێڵەوە، ئەوەش کە مابعدی ساکین بوو تۆ حەزفی بکە (**وخَفْ خافا خافوا الخ**) {خافي خافا خفن} ئەمانەش شەش میسال بۆ ئەمری بە صیغە لە بابی چوارەمی واوی سێیانیان بۆ نێرینەو سێیانیان بۆ مێینەکان، ئەصلەکەیان {تخاف تخافان تخافون تخافين تخافان تخفن} جا

تەماشای حەرفی پاش ئەلفی بکە کە عین الفعلەو کاتی خۆی واو بووە ئەگەر حەرفی پاش خۆی کە لام الفعلە ساکین بوو ئەوە لای بەرە وە ئەگەر ساکین نەبوو بیهێڵەوە **(وبالتأكيد بيعَنَّ وخافَنَّ)** تۆ دەڵێیت لە کاتی تەئکید کردنی فعلی ئەمری بە صیغە لە {تبیع وتخاف} {بیعَنَّ وخافَنَّ} بە هێنانەوەی عین الفعل لە هەردووکیان کە یائو ئەلفە چونکە هۆی حەزفکردن سکونی لام الفعل بوو ئەویش نەما چونکە نونی تەئکید حەرفی پێشە خۆی حەرەکەدار دەکات. یەکێك رەخنە دەگرێت و دەڵێت: تۆ گووتت هەرکاتێك حەرفی پاش عین الفعل حەرەکەدار بوو ئەم مەحزوفە کە عین الفعلە دەگەڕێتەوە، کەچی لە {صُنِ الشَّئَ هتد} لەگەڵ ئەوەشدا کە دوای عین الفعلی حەرەکەدارە هەر نەگەڕاوەتەوە؟ ئەمیش وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە **(ولا تعاد في صُنِ الشَّئَ وبِعِ الْفرسَ وخفِ الْقومَ)** واتە عینیالفعل نەهێنراوەتەو لە {صُنِ الشئَ} کە واوە، وە لە {بع الفرس} کە یائە، وە لە {خف القوم} کە ئەلفە کە رۆیشتبوو لەبەر التقائوالساکنین لەگەڵ حەرفی دوای خۆی کە لام الفعلە پاشان ئەم لام الفعلە تەحریك کرا لەبەر التقائوالساکنین لەگەڵ حەرفی دوای خۆی کە لامی {الشئ، القوم، الفرس} بوو، بەڵام کە ئەم عین الفعلە نەهاتۆتەوە **(لعدم الإعتداد بالحركة العارضة)** چونکە حەرەکەی ئەم لام الفعلە عاریزیەو لەلاوە هاتووە وە ئیعتیبار بە حەرەکەی لەلاراهاتوو ناکرێت، وە ئەم مەحزوفە ئەم حەرەکەیەی تازە هاتوو ناگەڕێتەوە، واتە: دروست نییە بلێیت {بیع الفرس وخاف القوم} بە گێڕانەوەی عین الفعل. جا یەکێك دەڵێت: ئەی بۆ لەگەڵ نونی تەئکید مەحزوف هاتۆتەوە وەکو {صونَنَّ} ؟ بۆ حەرەکەی نون ئیعتیباری پێدەکرێت؟ ئەمیش لە وەڵامدا دەفەرمووێت **(واعتدوا بالحركات مع نون التأكيد في الوحدات)** واتە صەرفیەکان بایەخیان بۆ ئەو حەرەکانە کردووە کە لەگەڵ نونی تەوکید پەیدا دەبن لە موفرەدەکان وەکو {صونَنَّ} ئێستا ئەم نونە تەوکیدە لەسەر ئەم میسالەیە کە موفرەدی -مذکر-ی موخاتەبە نونی لام الفعلی حەرەکەدار کردووە وە ئیعتیبار بەم حەرەکەیە کراوە، وە مەحزوف کە واوە هاتۆتەوە **(لأنها مع غير الضمير البارز كالمتصل الذى هو**

**الف الضمير في عود المحذوف معه)** چونکە نونی تەئکیدی لە کاتێك کە لەگەڵ -ضمیر-ی غەیرە باریز دایە، واتە لەگەڵ -ضمیر- مستتر دایە وەکو {صونَنَّ} ئەم نونە لەوکاتەی وەکو ئەم -ضمیر-ە متصلە وایە کە ئەلفی -تثنية-یە بۆ گێڕانەوەی ئەم مەحزوفە لەگەڵ خۆی، یانی چۆن ئەلفی -تثنية- مەحزوفی دەگێڕێتەوە وەکو {صُونا} بە هەمان شێوە نونی تەئکیدیش لەگەڵ -ضمیر-ی مستترد ئەوهایەو مەحزوفی دەگێڕێتەوە وەکو {صونَنَّ} **(وکالمنفصل مع البارز)** واتە نونی تەئکید ئەگەر لەگەڵ -ضمیر-ی باریزە دابوو مەحزوفەکەی پێناگەڕێتەوە چونکە ئەم نونە وەکو {الشيْ} منفصل و سەربەخۆو جیایە، ئێستا لە {صُنِ الشَّئ...} ئەم حەرەکەیە مەحزوفی نەگێڕاوەتەوە جا نونی تەئکیدیش لەگەڵ -ضمیر-ی باریزدا ئەوهایەو مەحزوفی ناگێڕێتەوە **(ومن ثم لم يعد اللام في نحو لاتَخْشَوُنَّ)** واتە لەبەر ئەوەی کە نونی تەئکید لەگەڵ -ضمیر-ی باریزەدا مەحزوفی ناگێڕێتەوە چونکە وەکو منفصل وایە لام الفعل نەهاتۆتەوە لە {لاتَخْشَوُنَّ}ەی کە کاتی خۆی لام الفعلی خۆی کە {ی} بوو کرابووە ئەلف چونکە ئەصلەکەی {تخشیون} بوو یانی کراوە بە ئەلف وە ئەلفیش حەزفکرابوو لەبەر إلتقائوالساکنین وە ئێستاکە کە نونی تەئکیدی پێوە لکاوە ئەم مەحزوفەی نەهێناوەتەوە، وە نابێت بڵێیت {لا تخشاون} چونکە نونی تەئکید لێرە لەگەڵ -ضمیر-ی باریزە دایە کە واوی جەمعی -مذکر-ە وەکو شتی سەربەخۆ وایە **(وبالحركات مع الضمائر المتصلة)** ئەمە عەتفە بەسەر {بالحرکات} واتە صەرفیەکان ئیعتیباریان کردووە بەو حەرەکاتانەی کە پەیدا دەبن بەهۆی ئەو -ضمیر-ە متصلانەی کە ئەلف و واوو یائن، واتە ئەم حەرەکەی بەهۆی ئەوان پەیدا دەبێ مەحزوفی پێ دەگەڕێتەوە **(کصونا صونوا صوني)** ئێستا واو هاتۆتەوە لەم سێ شوێنە لەگەڵ ئەلفی -ضمیر- لە {صونا}ی، وە هەروەها لەگەڵ واوی صونوا، وە هەروەها لەگەڵ یائی صونی، ئەمانە هەرسێکیان إعادەی مەحزوفیان کردۆتەوە.

**روونکردنەوە :**

ئێرە پێویستی بە درێژتر هەیە، بەڵێ نونی تەئکید یان لەگەڵ -ضمیر-ی مستتر دایە یان لەگەڵ -ضمیر-ی باریزە واتە (دیار)دایە، جا ئەگەر لەگەڵ مستتر دابوو مەحزوفی دەهێنێتەوە وەکو {صونَنَّ}، وە ئەگەر لەگەڵ باریزە دابوو ئەوا نای گێڕێتەوە وەکو {لا تَخْشَوُنَّ} لێرە ئەلفی نەگێڕاوەتەوە چونکە لەگەڵ باریزەی دایە کە واوە، چونکە وەکو شتی جیاو منفصل وایە وەکو {بِعِ الْفرسَ} جا فەرمووی وە {هو ألف الضمير} دیارە واو {ي} لە هەموو شوێنێك ناهێتەوە، بەڵێ ئەوان لە معتل اللام مەحزوفی ناگێڕنەوەو وەکو {أغزوا} جەمعە {أغزی} موفرەدی -مؤنث-ە لەم دوو شوێنە هەر یەکەو واوێکی نەماوە، واو لەگەڵ {ي} نەیانگێڕاوەتەوە، بەڵام بیکە بە -تثنية- وەکو {أغزوا} ئەمە -تثنية-یە لێرە واو هاتۆتەوە، ئەمە یەك. دووەم: ئەلفیش لەگەڵ -تاء التأنيث- مەحزوفی ناگێڕێتەوە وەکو {صانتا} کەس نالێت {صاناتا} وە {رَمَتا} کەس نالێت {رَماتا}. (**لأنها لما كانت كالجزء كانت الحركة الحاصلة لأجلها كالأصلية**) واتە لەبەر ئەوەی کە ئەو -ضمیر-انە وەکو پارچە وانە لەم وشەیە وە ئەم حەرەکەی بە هۆی ئەوانیش پەیدا دەبێ وەکو ئەصڵ بێت وایە، واتە حیسابی عاریزی بۆ ئەم حەرەکانە ناکرێ، وە مەحزوفەکە لەگەڵیان دەگێڕدرێتەوە (**ومزيد الثلاثي لا يعتل منه إلا أربعة أبنية**) ئەمە عەتفە بەسەر {مجرد الثلاثی} لە لاپەڕە {٥٢}، واتە {ثلاثی مجرد} بەم شێوەیە بوو کە باسمان کرد، وە {ثلاثی مزید فیه} ئیعلال ناکرێ تەنها چوار باب نەبێت کە بابی إفعال و إستفعال و أنفعال وإفتعال (**وهی أجاب يجيب إجابة**) ئەوانەی کە ئیعلال دەکرێن یەکەمیان بابی إفعالە وەکو {أجاب} ئەصلەکەی {أجْوَبَ} بوو وەکو أكرم نەقلی حەرەکەی واومان کرد بۆ ماقبلەکەی جا واو ئێستا ساکین لە ئەصلدا متحرك ما قبل متحرك کردمانە ئەلف بوو بە {أجاب} ئیعلالەکەی بە نەقل و قەلبە {يُجِيبُ} ئەصلەکەی {يُجْوِبُ} بوو وەکو {يُكرِمُ} کەسرە لەسەر واو گران بوو نەقلمان کرد بۆ حەرفی پێش خۆی، جا واوی ساکین ماقبل مکسور قەلب کرا بە {ی} بوو بە

{يُجِيبُ}، {إجابَة} مەصدەرە، ئەصلەکەی إجوابا بوو وەکو إکراما، فەتحەی واومان نەقل کرد بۆ جیمی واو ئێستا ساکِن لە ئەصل متحرك ماقبل مفتوح کرا بە ئەلف، دوو ئەلف لەگەڵ کۆبوونەوە ئەلفی مەصدەرو ئەلفی قەلبکراو لە بری واو، إلتقائوالساکنین بوو حەزفی یەك لەم دوو ئەلفانە کرا پاشان بە عیوەز هێنا بوو بە إجابە (**واستقام يستقيم استقامة**) دووەم بابی إستفعالە وەکو {استقام ...هتد} ئەصلەکەی {إستقوم} بوو وەکو استخرج {یستقیم} ئەصلەکەی وەکو یستخرج {استقواماً} وەکو أستخراجا، وە ئیعلالەکەی وەکو إجابە وایە، یەکێك دەڵێ: خۆ ئەم دوو بابانە هۆیەکانی ئیعلالکردنیان لێ نەهاتۆنەتە جێ تۆ بۆچی ئیعلالت کردن؟ لە وەڵامدا دەفەرمووێ (**وأعلا وان لم يكن العين فيهما متحركا مفتوحا ماقبله حملاً على المجرد**) واتە: ئەم دوو بابە ئیعلالکران ئەگەرچی عین الفعل لەوان متحرکی ماقبل مفتوح نەبوو بەڵام بە حەمل وەسەر ئەصلەکەیان کە مجردەکانیانن کە جاب وقام بوون، چونکە مەرجی ئیعلال لە مجردەکان مەوجودە بەڵام لە مزیدەکانیان مەوجود نییە، ئێستا أجوب بەڵێ واوی متحرکە بەڵام ماقبل مفتوح نییە ئەوەی دیکەش بە هەمان شێوە (**والمحذوف ألف المصدرية عند سيبويه والعين عند الأخفش**) بەڵێ گووتمان لە إجابە ئەلفێك حەزفکراوە بەڵام نازانم کامیانە، جا سیبویە وخلیل دەفەرموون حەزفکراوەکە ئەلفی مەصدەرییەیە نەك عین الفعل بێت چونکە ئەلفی مەصدەری زیادە ئەویتر ئەصلە، جا زیادەکە باشترە بۆ حەزفکردن. بەڵام ئەخفەش دەفەرمووێت: مەحزوفەکە عین الفعلە چونکە ئەلفی مەصدەری نیشانەی مەصدەرییە نابێت لابچێت، جا ئێمە چەند جار گووتومانە میزان تابیعی مەوزونە لە حەزفدا، با بزانین لەسەر ئەم دوو رایە میزانی أجابە چییە؟ (**فالوزن إفَعْلة إستفَعْلة على الأول**) واتە: میزانی إجابە {إفعلە}یە بە کەسرەی هەمزەیەو فەتحەی فائولفعل و سکونی عین الفعل و فەتحەی لام الفعل، وە وەزنی إستقامة {إسْتِفَعْلَة}یە بە کەسرەی هەمزەو سکونی سین و وە کەسرەی تائو سکونی عین و فەتحەی لام، ئەمە لەسەر مەزهەبی سیبویە یە کە فەرمووی ئەلفی مەصدەر

حەزفکراوە وە حەرفە ئەصلەکان ماون (**وإفالة وأستفالة علي الثاني**) واتە میزانی {إجابة} {إفالة} بە حەزفی عەین چونکە لە مەوزونی عەینوالفعل لاچووە لە میزانیش بەهەمان شێوە وەوەزنی {إستقامة}{إستفالة} بە حەزفی عەین الفعلە ئەمەش لەسەر بۆچوونی ئەخفەش رەحمەتی خوا لەهەمویان بێت. یەك دەڵێت تۆ گووتت بابی {إفعال وإستفعال} ئیعلال کردن ئێستا بۆ ئەوانە ئیعلال نەکراون، ئەویش دەفەرمووێت (**وشذَّ نحوَ أخيَل وأطيب ونحو استحوذ واستصوب**) ئەم چوار فعلەو هاووێنەکانیان شازن کە ئیعلال نەکراون موجەرەدەکانیان ئیعلال کراوە جا {أخيل وأطيت} بابی {إفعال}و یائیە، و{إستحوذ وإستصوب} بابی {إستفعال}ە وواوینە بەڵام لەم دووانە بیستراوە {إستحاذ وإستصاب} بەقیاس، (**وإنقاد ينقاد إنقياداً**) بابی سێهەم لەم چوار بابەی کە ئیعلال دەکرێن لە -ثلاثي- مەزید فیە بابی {إنفعال}ە وەکو إنقاد ئەصلەکەی إنقود بوو واو موتەحەریك ماقبل مفتوح قەلبمان کرد بە ئەلف بوو بە إنقاد ئیعلالی ئەمە بەس بە قەلبە ينقاد ئەصلەکەی ینقود بوو وەکو ینکسر واو موتەحەریك ماقبل مەفتوح قەلب کرا بە ئەلف بوو بە ینقاد، {إنقياداً} مەصدەرە ئەصلەکەی {إنقواداً}بوو وەکو {إنكسارا} قەلبی واوەکەمان کرد بە {ي} بوو بە إنقیادا، یەك دەڵێت چۆن ئەم واوەت کرد بە {ي}؟ جا دەفەرمووێت (**قلبت الواو ياءً لأن الواو المكسورة ما قبلها تقلب ياءً في المصادر لإعلال فعلها**) واتە: قەلبی واو کرا بە {ي} لە إنقوادا، چونکە قانونە واو لە مەصدەرەکان قەلب دەکرێتبە {ي} بە هاتنەدی دوو مەرج، یەکەم: ماقبلی مەکسور بێت. دووەم: فعلەکەشی ئیعلال کرابێت، جا ئەگەر ئیعلالەکەشی لەگەڵ مەصدەری هەردوو رستە جیا بێت وەکو إنقوادا ئەمە لە فعلەکەیدا واو کراوەتە {ي}، وە قوام. ئەگەر یەکێك بڵێت: بۆچی {حِوَل} نەکراوە؟ ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین: ئەمە مەصدەر نییە بەڵکە ئیسمی مەصدەرە، وەکو لە پێشان باسکرا، وە دەشتوانی بڵێیت ئەمەیان شازە. (**ومن ثمه لم يقلب في لِوازا لصحة لاوز**) لەبەر ئەوەی کە گووتمان بە دوو مەرج دەکرێت، یەکەیکیان ئەوەبوو کە لە فعلەکەی ئیعلال

کرابێت. دووەم: ماقبلی مەکسور بێت. کەواتە لە {زَوالاً} کە مەصدەری {زال} ئیعلال ناکرێت، هەرچەندە فعلەکەشی کراوە. جا واو لە {لِوازا} نەکرا بە {ی} کە بلّێیت{لیازا} چونکە لە فعلەکەی نەکراوە کە {لاوز}دیە وەکو قاتل، بەلاّم ئەگەر {لیازا} مەصدەری {لاز}ەی مجرد بێت ئەوە خۆیىو فعلەکەی ئیعلال کراون، وەکو قام وقیام، کە ئەصلی ئەو مەصدەرەی {قِوام} بوو (**وفي المجموع لإعلال المفرد**) یانی واوی ماقبل مەکسور دەکرێتە {ی} لە جەمعەکان بەو مەرجەی موفرەدەکەی ئیعلال کرابێت (**كجِياد لإعلال جيّد**) وەکو {جِیاد} کە جەمعی {جَیِّد} ئێستا {جِیاد} ئەصلەکەی {جِواد} قەلبی واودکەی کراوە بە {ي} چونکە لە موفرەدەکەشی کراوە کە {جَیِّد}ە ئەصلەکەی {جَیْوِد} بووە، چونکە قاعیدەیە إجتماعی یائو واو بوو سابق لەم دووانە ساکین قەلبی واوی دەکەین بە {ی}، وە دەغمیمان کرد بوو بە {جَیِّد}، (**وصح في طِوال لصحة طويل**) ساغ و سەلامەتە عين الفعل لە {طِوال} هەرچەندە ماقبلیش مەکسورە، بەلاّم چونکە موفرەدەکەی کە {طَویل}ە ئیعلال نەکراوە. لێرەدا بە دەرکەوت کە کاتێك واو لە مەصدەری قەلب دەکرێت بە {ي} ئەگەر ئیعلالی فعلەکەی کرابێت، وە لە جەمعیش بەو مەرجەی لە موفرەدەکەی کرابێت (**واختار يختار إختيارا**) ئەمە بابی إفتعالە هی چوارەمیشە لەو چوار بابانەی کە ئیعلال دەکرێن لە -ثلاثي مزید فیە- ی ئەجوەفی. وە ئەمەشیان عەتفە بەسەر ئەوانەی پێشە خۆی، {إختار} ئەصلەکەی {إخْتَیِر} بوو وەکو إجتمع، یائی متحرك ماقبل مەفتوح قەلبمان کرد بە ئەلف {یختار} ئەصلەکەی {یَخْتَیِر} بوو وەکو یجتمع، یائی کراوە بە ئەلف، {إختیارا} مەصدەرە وەکو إجتماعا، هەروەکو خۆی ماوەتەوە. جا یەکێك دەپرسێت: بۆچی ئەم دوو فعلانە ئیعلال نەکراون لەگەڵ ئەوەشدا کە قاعیدەشیان لێ هاتۆتەدی؟ ئەمیش لە وەلاّمدا دەفەرموو (**وصح اجتوروا واحتوشوا لأنهما بمعنى تفاعلوا للمشاركة**) سەلامەتن لە ئیعلالدا {اجتوروا واحتوشوا } وە هاووێنەکانیان چونکە ئەمانە بە مانای بابی تفاعل هاتوون و بۆ موشارەکەنە، واتە: بە مانای {تجاوروا وتحاوشوا} ئەم بابەش کە بابی تفاعلە لە

نەجوەفی إعلال ناکرێت، وە ئەو بابەش کە مانای ئەو بێت بە هەمان شێوە ئیعلال ناکرێت، تاکو بزاندرێت ئەمانە بە مانای تفاعلن وە بۆ موشارەکەن (**وإذا بنيتها للمفعول قلت أُجِيبَ يُجابُ وأُستُقِيمَ يُستَقامُ وأُنْقِيْدَ يُنْقادُ وأُخْتِيرَ يُخْتارُ**) واتە هەر کاتێك ئەم چوار بابە مەزیدە بکەیتە بینا مەفعول، ئەڵێیت {أجيبَ} ئەصلەکەی {أجوِب} بوو وەکو اکرم کەسرەی واوی بدە ماقبلی، جا واو ساکین ماقبل مەکسور کردمان بە یاء بوو بە {أجيبَ}، يجاب -مضارع-ەکەیەتی ئەصلەکەی يجوب بوو وەکو یکرم نەقلی حەرەکەی واو کرا بۆ ماقبلی وقەلب کرا بۆ ئەلف. {أسْتُقيمَ} بینا مەفعولی بابی {إستفعال}ە وەکو استخرج ئەصلەکەی {أستُقْوِم} بوو {يُستَقام} -مضارع-ەکەیەتی ئەصلەکەی {يُستقوَم} بوو وەکو يستخرج ئیعلالەکەی وەکو ئەوەی پێشەوەیە بەنەقل وقەلب. {أنْقُوِد يُنقَوَدُ} وەکو انکسر ینکسر لە أنقود دا کەسرەی واو بدە قافی لەپاش حەزفی حەرەکەی خۆی جا قەلبی بکە بە یائی، ینقود واو موتەحەریك ماقبل مەفتوح بیکە بە ئەلف -ماضي- بەنەقل وقەلب و-مضارع- بەس بەقەلبە. {أخْتير} ئەصلەکەی {اختُيِرَ} بوو کەسرەی {ي} بدە ماقبلەکەی لەدوای حەزفی -ضمة-ی خۆی دەبێتە اختير، {يُختار} ئەصلەکەی يختير بوو وەکو يجتمع، {ی} قەلب کرا بە ئەلف ئەوە بەکورتی ئیعلالی -ماضي-و-مضارع-ی مەجهولی ئەم چوار بابەیە، هەندێك بەنەقلو قەلب وە هەندێك تەنها بەنەقلە. کە اختير وە هەندێك بەس بەقەلبە کە ئەمەی دوایی (**ويجري في الأخرين لُغاتُ صين لضم ماقبل العين اصلا فيهما أيضاً دون الأولين**) واتە دروستە لە -ماضي- مەجهولی دووەکانی ئاخیری کە {اختيرو انقيد}دنە ئەم سێ لوغەتەی کە لە {صين وبيع}ەی دروست بوون یەکیان -ضمة-بوو{اخْتُور، انْقُودَ} وەکو صون وبوع. دووەم کەسرە بوو وەکو اختير وانقيد. سێهەم ئیشمام کە زانیت ئیشمام چیە جا کە ئەم سێ لوغەتە دروستە چونکە لە ئەصلدا واتە پێش ئەوەی ئیعلال بکرێن حەرفی پێش عين الفعل لە هەردووکیان -مضموم-بو وەکو لە صين بيع -مضموم- بوو ئەصلی صين وبيع {صُيون وبُيع} وە ئەصلی ئەم دووانیش {انقودو اختير} بوو لە

پێش هەردوو واوەکانوهەردوو یائەکان لە هەمووان -ضمة-یە کەواتە حوکمیان وەکو یەکە وەئیعلالەکان دیارن (**والأمر أجِبْ أجيبا أجيبوا**) ئەمری بە صیغە لەم چوار بابە دروست ئەکرێت بەم شێوەیە: {أجِبْ} ئەصلەکەی تجیب بوو حەرفی -مضارع-مان لاداو ئیعادەی هەمزەی قەتعمان کردووەو ئاخیرەکەمان مەجزوم کرد بوو بە {أجيبْ} بەیەککگەیشتنی دوو ساکین لەنێوان عین ولام روویدا، وە حەزفی عەین الفعلەکەمان کرد بوو بە {أجِبْ، أجيبا، تجيبان} بوو {أجيبوا} ئەصلەکەی تجیبون بوو، حەرفی -مضارع-ی لادەو هەمزە بێنەوە ئاخیرەکەی مەجزوم بکە بە حەزفی نونی عەین الفعل لەم دووانە ماوە، چونکە پاش عەین الفعلی حەرەکە دارە ئەمە گوترا ئەگەر لەیادت مابێت. ئەمە بۆ -مذکر-ی موخاتەب. میسالی -مؤنث-ان {أجيبي، أجيبا، أجِبْن} لەم میسالەش عين الفعل نەماوە بەڵام نەك لەبەر بینای ئەمر بەڵکە لەبەر نونی جەمعی -مؤنث-ن عين الفعل نەماوە، کەواتە لە دوو میسال نەماوە لەم شەش میسالانە و لەچوار میسالەکانی دیکە ماوە،(**واستقم واستقيما**) استقيموا استقيمى استقيما استقمن (**وإنْقَدْ وإنْقادا**) انقادوا.....هتد. (**واختر واختار**) اختاروا....هتد. ئەصلەکەیان تستقيم، تستقيمان، تستقيمون. لەهەر هەمووان حەرفی -مضارع-ی لادە وهەمزەی وەصلی مەکسورە بهێنەوەو ئاخیرەکەی مەجزوم بکە، یان بەحەزفی حەرەکەی لەسندەکـــان یان بەحەزفی نونی لە-تثنية-وجەمعەکان تەنها لەجەمعی -مؤنث- نەبێت. جا بەیەککگەیشتنی دوو ساکن دەبێ لەم میسالانەی کە حەرفی پاش عين ساکینە، عين الفعل حەزف بکە وەئەوانەی کەپاش عين الفعل حەرەکەدارە عين سابت دەبێت بۆ زیاتر زانین بڕوانە شەرحی مامۆستای مدەریس{رەحمەتی خوای لێ بێت} (**وأجيبَنّ وأسْتَقيمَنَّ وانْقادَنّ واخْتارَنّ**) ئەمەش لەکاتی تەئکید کردنیان بە نونی -ثقيلة- کە لەهەمووان عين الفعل هاتووەتەوە چونکە گوتمان نونی تەئکید لەگەڵ -ضمير-ی موستەتیرە وەکو ئەلفی -ضمير- وایە کە مەحزوفی دەگێڕیتەوە. خولاسەی باس ئەوەیە ئەم چوار بابە لەهەموو مشتقاتەکانی وەکو موجەرەد وایە لە حەزفو لەمانەوەی عين الفعل (**ويصح قوّل**

**وقاوَل وتقَوَل وزَيّن وتزيّن سايَرَ وتسايَرَ واسوَدّ واسوادّ وابْيَضّ وابْياضَّ)** واتە: ئەوانە هیچیان ئیعلال ناكرێن كە هەموویان معتل العینن، بەڵام مەرجی ئیعلال كردن لە هیچیان ناهێتە جێ، جا {قَوَّلَ} لە بابی تفعیلە، وە قاول لە بابی مفاعلە، وە {تَقَوَّلَ} لە بابی {تَفَعُّل}ە، وە تقاول لە بابی تفاعلە، وە هەموویان واوینە. وە {زَيَّنَ} وەكو {قَوَّلَ}، وە {تزيّن} وەكو {تقوّل}. وە سایر وەكو قاول وایە، وە تسایر وەكو تقاول وایە، بەڵام ئەمانە یائینە، وە {إِسْوَدَّ} لە بابی إفعلالە، وە {إِسْوادَّ} لە بابی إفعیلالە، هەردووكیان واوینە. وە {إِبْيَضَّ} وە {إِبْياضَّ} بە هەمان شێوە تەنها ئەمانە یائینە. **(وكذا سائر تصاريفها)** واتە: هەروەكو ئەم -ماضی-ە وایە هەموو جۆرە موشتەقاتی دیكەیان، وەكو -مضارع-و ئیسمی فاعیل و ....هتد، واتە هیچیان ئیعلال ناكرێن، وە حوكمەكەیان حوكمی صەحیحە. جا یەكێك دەپرسێت: بۆ ئەم شەش بابەش حەمل ناكەیتە سەر مجردەكانیان وەكو دووەكانی پێشوو؟ ئەمیش لە وەڵامدا دەفەرمووێت **(ولم تحمل على المجرد مثل أَقام وإستقام)** واتە ئەم شەشانە حەمل نەكرانەوە سەر مجردەكانیان بۆ ئیعلال كردن وەكو ئەوەی أقام وإستقام و حەمل كرانە سەر مجردەكانیان **(للبس فيها دونهما)** چونكە ئەگەر ئەمانە ئیعلال بكرێن بە حەمل بەسەر مجردەكانیان ئیلتیباس لەم شەشانە دەبێت، بەڵام لە دووەكانی دیكەیپێشوو ئیلتیباس نابێت، بۆ وێنە {قاوَل} دەڵێین: واو متحركە بەڵام ماقبلی مەفتوح نییە چونكە ئەلفی لە پێشە، بەڵام بە حەمل بەسەر قال كە مجردەكەیتی، واومان كرد بە ئەلف، جا دوو ئەلف كۆدەبنەوە یەكمان حەزف كرد بوو بە {قال}ە، لێرەدا إلتباسی -ثلاثی مزید-ی بە -ثلاثی مجرد-ی بوو، وە هەروەها {قَوَّلَ} پێش ئیدغام ببێت {قَوْوَلَ}ە بوو واوی دووەم متحركە بەڵام ماقبلی مەفتوح نییە، كەواتە مەرجەكانی قەلبی تێدا نەهاتنە دی، وە ئەگەر حەمل بكرێت بەسەر مجردی ئەوا ئیلتیباس دەبێت بەم شێوەیە: فەتحەی واوی دووەم نەقل كرا بۆ واوی یەكەم، وە قەلب كرا بە ئەلف دەبێت قوال، جا إلتباس بوو بە {ذَهاب} كە مەصدەری -ثلاثی مجرد-ە. جا ئەوانی دیكەش بەم شێوەیەنە،

هەریەکەو إلتباسی بە شتێك دەبێت، کەواتە ئەوانە ئیعلال ناکرێن بە حەمل وەکو هەردووەکانی پێشوو. جا یەکێك دەڵێت: باشە مەرجەکانی ئیعلال نییە لە {إِسْوَدَّ} کە -ثلاثی مزید-ە بۆیە ئیعلال نەکراوە، بەڵام خۆ مەرجەکانی ئیعلال لە مجردەکەی هاتووتەنەدی کە {سَوِدَ}یە، ئەی بۆچی لە مجرد نەکراوە؟ ئەمیش لە وەڵامدا دەفەرموو (**ولما لم يُعَلَّ نحو إسوَدَّ واسْوادَّ وكان الأصل في الألوان والعيوب المزيدات**) واتە: لە کاتێکدا کە ئیعلال نەکرا {إسوَدَّ واسْوادَّ} کە یەکەمیان لە بابی إفعلاله وە دووەمیان إفعیلاله کە هەردووکیان بۆ موبالەغە هاتوون، وە حال وایە لە هەموو شوێنێك مجرد ئەصلترە لە مزید، تەنها لە ئەلوان و عیوب مزیدەکانیان ئەصلترن لە مجردەکانیان (**لم يعل المجردات مثل سَوِد وعوِر حملاً عليها**) واتە مادام ئەصلەکان کە مزیداتن ئیعلال نەکراون چونکە مەرجیان تێدا نەبووە مجردەکانیش ئیعلال نەکران وەکو {سَوِد وعَوِر} ئەگەر چی مەرجەکەشیان تێدایە، بەڵام حەمل کران بەسەر ئەصلەکانیان کە مەزیدەکانن ئەگەر نا لەوان واو متحرکە وماقبل مفتوحە حەقی هەیە ئیعلال بکرێت (**وكل ما لم يُعلَّ لا يُعلّ تصاريفه**) وەهەر صیغەیەك کە ئیعلال نەکرابێت جا لەبەر ئیلتیباس بێت یان لەبەر شتێکی دیکە، موشتقاتەکانی تریش ئیعلال نەکرابێت وەکو -مضارع-...هتد. (**مثل أعْوَروعاوِرٌ**) وەکو اعور ئێستا ئەمە یان -ماضي- بابی إفعاله وەکو أكرم، یان صیفەتی مشبهەیە. وعاور یان -ماضي- بابی مفاعلەیە وەکو قاتل یائیسمی فاعلە {عاوِرٌ} وەکو{ناصِرٌ} بەهەر حال هیچیان ئیعلال نەکراون چونکە -ماضي- دکەیان نەکراوە (**وصحّ أيضاً ما أصْوَنَ هذا وأصْوِن به فعلا التعجب**) یانی سەلامەتە لە ئیعلالدا وەکو ئەوانەی باسکراوە، ئەم دوو فعلە کە یەکەمیان {ما أَصْوَنَ}، وە دووەمیان {أَصْوِن بِهِ} کە هەردووکیان فعلی تەعەجوبیان پێ دەڵێن، جا ئەم دوو فعلە ئەگەر تەماشا بکەین مەرجی ئیعلالیان تێدا نییە، کەواتە دەبێت حەمل بکرێنە سەر مجردەکانیان وەکو صان، وە ئەمەش ناکەین (**لعدم قبول التصرف**) چونکە ئەم دوو فعلە قبولی گۆڕانکاری و ئیعلال ناکەن، جا چۆن حەمل

دەکرێنە سەر مجردەکەیان، ئەمانە میسالی واوی بوون، وە میسالی یائیش {ما أَبْيَعَ هذا وأَبْيِعْ بِهِ} (**وأفعل التفضيل نحو هذا أصون حملاً عليهما**) واتە: ئیعلال ناکرێت -أفعل التفضيل-یش وەکو {هذا أصون من ذاك} چونکە حەمل کراوە ئەم -أفعل التفضيل-ە بەسەر فعلەکانی تەعەجوب لەبەر ئەوەی کە هەردووکیان هاوبەشن لە دروستکردنیان لەو فعلەی کە دەبێت -ثلاثی مجرد- بێت، وە لە ئەلوان و عیوبان نەبێت، (**ولو بني مما يُعَلُّ**) بەڵێ ئەم سێیانە ئیعلال ناکرێن ئەگەر دروستیش بکرێن لە فعلێك کە خۆی ئیعلال کرابێت، وەکو صان وباع... هتد. جا هاتە سەر باسی دروستکردنی ئیسمی فاعیل لە معتل العینی، دەفەرموویت (**واسم الفاعل من الثلاثي المجرد يعتل عينه بالهمزة**) واتە: ئیسمی فاعیل لە -ثلاثی مجرد-ی معتل العین ئیعلالی دەکرێ بە قەلبکردنی بە هەمزە، جا ئەم عین الفعلە چ واوی چ یائی بێت، وە قەلبەکەش یان راستەوخۆیەو یان نا (**كصائِن وبائِع أصلهما صاوِن وبايِع**) وەکو صائن وە بائع ئەصلەکەیان صاون بە واو، وە بایع بە یائی بووە (**قلبتا همزة إبتداء لخفتها هنا**) قەلبی واوو یائی کرا بە هەمزە هەر لە ئەوەڵەوە، واتە: پێش ئەوەی کە بیان کەین بە ئەلف چونکە هەمزە سووکترە لە واوو یائی لێرەدا، واتە: لە دوای ئەلف ئەگەرچی لە زاتی خۆیدا لەوان گرانتر بێت، جا گووتمان ئەم قەلبە یان راستەوخۆیە یان نا (**أو قلبتا ألفا**) یان پێشەکی واوو یائمان قەلب کردن بە ئەلف، چونکە یائو واوی متحرك ماقبل مفتوح دەکرێن بە ئەلف. جا یەکێك دەڵێت: ماقبلەکەیان مفتوح نییە بەڵام ساکینە، چۆن دەبێت ئەم ئیعلالە بکرێت؟ ئەمیش لە وەڵامدا دەفەرموو (**لأن الألف حاجز غير حصين فكأن ما قبلها مفتوح**) چونکە ئەم ئەلفە پەردەیەکی بێ هێزەو بێ توانایە رێگری لە قەلبی واوو یائی ناکات بە ئەلف لە صاون وە بایع، وابزانە ما قبلەکەیان مەفتوحەو قەلب دەکرێن، جا لێرەدا دوو ئەلف کۆدەبنەوەو، جا دەفەرموویت (**ثم حُرِّكت العين لإلتقاء الساكنين**) لە پاش قەلبکردنیو بوونی إلتقائوالساکنین، ئەلفی دووەم کە عین الفعلە حەرەکەمان پێدا بوو بە صائن وبائع (**والأخير أصحّ**) واتە: ئیعلالی

دووەم لە هی ئەوەل باشترە، ئەگەرچی مانیبوونیشی زیاترە، چونکە هی دووەم وەکو -ماضی-ەکەیەتی کە قەلبی عین الفعلەکەی کراوە بە ئەلف لە هەردووکیان. لێرەدا بۆ ئەوەی کەوا تێنەگەی کە هەرگیز هیچیان حەزف ناکرێن فەرمووی (**وقد جاء حذف ألف العلامة**) کەم جار هاتووە کە حەزفی ئەم ئەلفەی دەکرێ کە نیشانەی ئیسمی فاعیلە لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەلفی عین الفعل (**والراجح أن المحذوف الثانیة**) بەڵام قسەی راست و رێکتر ئەوەی کە ئەلفی حەزفکراو لەم دووانە هی دووەمە کە عین الفعلە، چونکە ئەمەیان هەرچەندە ئەصلیش بێ بەڵام حەرفی عیللەیە هەقی حەزفکردنی هەیە، وە ئەم گرانیو إلتقائوالساکینینە هەمووی بە هۆی ئەم ئەلفی دووەمە پەیدا بووە، جا دەیەوێت میسالەك بهێنێت کە یەك لەم دوو ئەلفە لادراوە، وە میزانەکەی دەکاتە شاهید داخۆ کامیان لادراوە دەفەرمووێت (**فعلى الأول نحو شاكٍ فَعِلٌ**) واتە: لەسەر بۆچوونی یەکەم کە حەزفی ئەلف نیشانەیە، وەزنی شاك لەگەڵ هاووێنەکانی {فَعِل} بوو، چونکە {شاك} ئیسمی فاعیلی شاك یشوك یە وەکو صان یصون، وە ئەصلەکەی {شاوِك} بووە، واوی قەلب کراوە بە ئەلف، دوو ئەلف کۆبوونەوە حەزفی ئەلفی نیشانەمان کرد بوو بە شاك، لەسەر وەزنی -فَعِل- چونکە فاعل حەزفی ئەلفەکەی بکەین دەبێتە {فَعِل} (**وعلى الأصح فالٍ**) وەزنی شاك لەسەر بۆچوونی راستر کە حەزفی عین الفعل بوو، وەزنی دەبێت {فالٍ} چونکە هەرکاتێ عین الفعل لە فاعل حەزف بکرێت دەبێتە فال (**ومنهم من يؤخر العين فيُعِلَّ مثل غاز**) بازێ لە زانایانی عیلمی صەرف قەلبولەکانی پێ دەکەن، عین الفعلی دەبەنە دواو لام الفعلی دەخەنە پێش، جا ئیعلالی دەکەن وەکو ئیعلالکردنی معتل اللام وەکو {غازٍ} ئەصلەکەی {غازِوٌ} بووە لە مەودوا باسی دەکەین -إنشاء الله- (**كهارٍ على فالٍ**) نمونەکەی وەکو هار، ئەصلەکەی هاور بووە وەکو شاوك، پاشان واومان خستە دواوە بوو بە {هارو} لەسەر وەزنی فالع، واو لە تەرەفی قەلب کرا بە {ی}، جا -ضمة- گران بوو لەسەریو حەزفکرا، پاشان إلتقائوالساکنین لە نێوان تەنوین و لام الفعل، حەزفی لام الفعل کرا

بوو بە {هار} لەسەر وەزنی فال، چونکە ئەم واوە عین الفعلە کەوتوتە دواوەو حەزفکراوە.

**پاشکۆ :**

بزانە لە {شاكٍ} سێ بۆچوون هەیە، یەکەم شائك کە واو کراوە بە هەمزە کە ئەمەیان قانونی خۆیەتی. دووەم: قەلب مکان، واتە: شاوك دەکەینە {شاكِوٌ} جا ئیعلالی دەکەین وەکو {غازٍ} وە لە کاتی إعراب وەکو {قاضٍ وغازٍ} وایە. سێیەم: قەلبی واو دەکرێ بە ئەلف و حەزف دەکرێ، جا میزانی یەکەمیان فاعل، وە دووەمیان فال، وە سێیەمیان ئەگەر ئەلفی نیشانە حەزف کرابێ {فَعِلٌ}، وە ئەگەر عین الفعل حەزفکرابی ئەمجارەش {فالٍ} والله أعلم.

(**وكثر مجئ فَيْعِل من هذا النوع مقام فَعِيل**) زۆرە هاتنی {فَيْعِل} لەم جۆرە معتل العین ەی لە شوێنی فعیل، واتە: زۆرە لە معتل العین کە ئیسمێك لەسەر وەزنی {فَعْيال} بە فەتحەی فائولفعل و کەسرەی عین الفعل وە ییەکی ساکین، جا قەلب مکان بەم یائە بکەی بیهێنییە نێوان فائو لفعل و عین الفعل بۆ ئەوەی بتوانی ئەم قاعیدەیە ئیش پێ بکەی کە دەڵێ: کۆبوونەوەی یائو واو سابق لەوان ساکین قەلبی بۆ واو کراوەتە -یاء- وە دەغم کرا، چونکە ئەگەر ئەم قەلب مەکانەی نەکەی ئەم قاعیدەیەی لێ چاك نابێت (**كمَيِّتٍ**) ئێستا {میّت} ئەصلەکەی {مَويت} بووە، ئەم قاعیدەیەی لێ ناهێتەجێ جا قەلب مەکانمان کرد بەم یائە وە هاتە پێش واو بوو بە {مَيْوِت}، واتە: پێشان لەسەر وەزنی فعیل بوو وە ئێستا لەسەر وەزنی فیعلە، ئەمجارە ئەم قاعیدەیەی {إجتماع واو وياء} لێ هاتۆتەدی ئیعلال کرا بوو بە {مَيِّت}زۆر سووك بوو، وە هەروەها {جَيِّد وسَيِّد....هتد}، بەلام جاری واش هەیە کە ئەم قەلبە نەکراوە وەکو {طويل} (**ويجوز التخفيف بحذف إحدى اليائين**) واتە: دروستە لەم جۆرە وشانە حەزفی یەك لەم دوو یائانە بکرێت، بۆ سووککردنی، یانی بلێیت {مَيْت وسَيْد}بە حەزفی یەکێك لەم دوو یائانە، جا یان زیادەکە حەزف بکە یان عین الفعلەکە، جا مصنف {رحمه الله} دەیەوێت میسالەکی لەم جۆرە

میسالانە لە صان بهێنیت بۆ زیادە زانین دەفەرمووێت (**تقول صَيِّن**) واتە تۆ دەڵێیت: لە میسالی {فَيْعِل} کە ئەصلەکەی فعیل بووە لە مادەی صان {صَيِّن} ئەمە بۆ موفرەدی نێرینەکانە، ئەصلەکەی صوین بووە وەکو فعیل، پاشان قەلب مەکانمان بە یائی کرد بوو بە {صَيْوِين} وەکو {فَيْعِل} جا قاعیدەی لێ هاتە جێ واومان کرد بە یائو دەغممان کرد بوو بە {صَيِّن} وەکو {مَيِّت} (**صَيِّنان صَيِّنَيْنِ**) ئەمەش -تثنية مذكر- لە حالەتی رەفعە {صَيِّنان} وە لە حالەتی نەصبەو جەرە {صَيِّنَيْنِ} (**صَيِّنون وصَيِّنِيْنَ**) ئەم دووانەش بۆ جەمعی -مذكر-ی سالم لە هەرسێك حالەتاندا، لە هەمووان قەلب مەکان بە یائی کراوە، وە دەغم کراوە، جا شەش وەزنیش بۆ جەمعی موکەسەری نێرینە دێنێت، یەکەم: (**أَصْوان**) سکونێك لە نێوان دوو فەتحە، دووەم: (**صَوْنَى**) سکونێك لە نێوان دوو فەتحە لەگەڵ ئەلفی کورت، سێیەم: (**صِيان**) بە کەسرەی فاتوالفعل و یائی سووك لەگەڵ ئەلف و نون، چوارەم: (**أَصْوِناء**) بە فەتحەی هەمزەو سکونی صادو کەسرەی واوو لەگەڵ ئەلفی درێژ، پێنجەم: (**صَوانا**) بە فەتحەی صادو واو لەگەڵ ئەلف، وە ئەلفی کورت لە ئاخیری وەکو تعالی، شەشەم: (**صَوائِن**) وەکو مساجد، وە بازێ لە زانایان دەڵێن: {صَيائِن} واتە: واوەکەی دەکەنە یائو وەکو بۆ -مؤنث-ان، ئەمە بۆ نێرینەکان بوو. جا بۆ مێینەکان دەفەرمووێت (**صَيِّنة صَيِّنتان صَيِّنَتَيْنِ صَيِّنات**) ئەمانەش میسالی مێینەکانن بۆ موفرەدو دووان و جەمعی سەلامە (**صَيائِن**) ئەمەش جەمعی تەکسیری -مؤنث-انە، وە ئەوەی کە ئیعلال کراوە بۆ خۆت بزانە، چونکە قاعیدەکان زاندراون، وە بەم شێوەیە برۆ دووی لە باقی میسالەکانی دیکە لە معتل العين.

جا إسم فاعل لە -ثلاثی مجرد- تەواو بوو جا هاتە سەر باسی إسمی فاعل لە -ثلاثی مزید فیە- جا فەرمووی (**ومن المزيد فيه يعتَلُّ بما أعتلّ به المضارع**) إسمی فاعل ئیعلال دەکرێ لە -ثلاثی مزید فیە- معتل العين بەم جۆرەی کە إعلالی عین الفعلی -مضارع-ەکەی دەکرێ کە لە بازێ شوێن تەنها بە نەقلە، وە لە

هەندێکی دیکە بەس بە قەلبە، وە لە هەندێکی دیکە بە هەردووکیانە، وە لەم شوێنەی کە -مضارع-ەکەی نەکرابێت ئەمەشیان ناکرێ (**كمُجِيْبٍ ومُسْتَقِيمٍ**) ئێستا مجيب کە إسم فاعیلە لە بابی إفعال، ئەصلەکەی {مُجْوِب} بوو کەسرەی واومان بۆ لای جیمی نەقل کرد، جا واو ساکین ماقبل مەکسور قەلبمان کرد بە {ی} بوو بە {مُجيب}. وە هەروەها {مُسْتَقيم} إسم فاعیلی بابی إستفعالە وەکو {مُسْتَخْرِج} ئەصلەکەی {مُسْتَقْوِم} بوو، کەسرەی واومان نەقل کرد بۆ قافی کە فائول فعلە بوو بە {مُسْتَقِوْم} واو ساکین ماقبل مەکسور کردمانە {ی}، ئەم دووانە إعلالەکەیان بە نەقل و قەلبە وەکو -مضارع-ەکەیان کە {يُجيب ويستقيم} بوونە (**مُنْقاد ومُختار**) ئێستا {مُنْقاد} إسم فاعل بابی إنفعالە، ئەصلەکەی {مُنْقَوِد} بووە، وەکو {مُنْكَسِر}، وە {مُخْتار} لە بابی إفتعالە وەکو {مُجْتَمِع}، ئەصلەکەیان {مُنْقَوِد ومُخْتَيِر} بووە، جا واوو یائی متحرك ماقبل مەفتوح کران بە ئەلف بوونە منقاد ومختار، ئەمانەش إعلالەکەیان تەنها بە قەلبە، وە ئەمانە إسم فاعیل و إسم مەفعولیان لە دوای قەلب یەکسانن، وە ئەم میسالەی کە إعلالی بەس بە قەلب بێت وەکو {مُبيع} ئەصلەکەی {مُبْيِع} بووە وەکو {مُكْرِم}، کەسرەی یائمان بۆ ماقبلەکەی نەقل کرد بوو بە {مُبيع}، وە ئەوانەی کە إعلال ناکرێن {مُقاوِل ومقوِل.....هتد} چونکە -مضارع-ەکەیان إعلال نەکراوە (**وإسم المفعول من الثلاثي المجرد يعتلّ بالنقل والقلب**) لە کاتی إسمی فاعل تەواو بوو هاتە سەر باسی إسمی مەفعول، جا دەفەرمووێت: إسم مەفعول لە -ثلاثي مجرد- إعلال دەکرێت لە معتل العين بە نەقل و حەزف (**كمَصُون ومَبيع**) ئێستا مصون إسم مفعولە لە صان وەکو بابی یەکەمە، ئەصلەکەی {مَصْوُوْن} بووە وەکو منصور، -ضمة- لەسەر واوی گران بوو نەقل کرا بۆ ماقبلەکەی، جا إلتقائول ساکنین لە نێوان هەردوو واو پەیدا بوو بوو بە مصون. وە {مَبيع} إسم مفعولی بابی دووەمە، ئەصلەکەی {مَبْيُوع} بووە وەکو {مضروب} -ضمة- لەسەر یائی گران بوو نەقلمان کرد بۆ ماقبلەکەی جا إلتقائول ساکنین بوو لە نێوان عين الفعل کە یائە لەگەڵ واوی

زیاد، جا حەزفی واوەکەمان کرد بوو بە {مَبْيُع} بە فەتحەی میم و -ضمة-ی بائی وە سکونی یائی، پاشان بائمان مەکسور کرد بوو بە {مَبيع}، وەکو بە خۆی باسی دەکات، بەلاّم ئەم إعلاله لەسەر فەرموودەی سیبویەیە زەحمەتی خوای لیّ بیّت کە دەفەرموویّت لە هەردووکیان واوی زیاد حەزفکراوە وە عین الفعل ماوە، بەلاّم ئەخفەش دەفەرموویّت: لە هەردووکیان عین الفعل حەزفکراوە، وە مصنف رحمه الله دەفەرموو (**والمحذوف واو مفعول عند سيبويه**) بەلّیّ مصون ئەصّلەکەی {مَصْوون} بووە بە دوو واو، وە {مَبيع} ئەصلەکەی {مَبْيُوع} بووە بە یائو واو لە هەردووکیان یەك حەزف کراوە، جا سیبویهی دەفەرموویّت: حەزفکرا وەکو واوی مەفعولە، واتە: واوە زیادەکەیە لەهەردووکیان (**والوزن مَفُعْل ومَفِعْل**) جا لەسەر فەرموودەی سیبویهی وەزنی مصون {مَفُعْل}ە بە فەتحەی میم و -ضمة-ی فائول فعل و سکونی عین الفعل، وە وەزنی مبیع {مَفُعْل} بە فەتحەی میم و کەسرەی فائو سکونی عین، کەواتە: واوی زیادەکە لە هەردووکیان حەزفکراوە (**وعين الفعل عند الأخفش والوزن مَفول ومَفيل**) واتە مەحزوفەکە لەسەر فەرموودەی ئەخفەش عین الفعله لە هەردووکیاندا، جا میزانی مصون مفوله چونکە عین الفعل حەزفکراوە، وە میزانی مبیع مفیله بە فەتحەی میم و کەسرەی فائو الفعل لەگەڵ یائی وە حەزفی عین الفعل، جا هاتە سەر إعلالی مبیع لەسەر فەرموودەی سیبویه (**وأصل مبيع مَبْيُوعٌ**) ئەصلی مبیع {مَبْيُوع} بووە وەکو {مضروب} لەسەر هەموو بۆچونەکان (**حذفت الواو عند سيبويه بعد نقل ضم الياء إلى الباء**) بەلّیّ ئەصلەکەی مبیوع بووە حەزفی واوەکە کرا لەسەر فەرموودەی سیبەویهی لەپاش نەقلکردنی -ضمة-ی یائی بۆلای{ب} چونکە کەنەقلی -ضمة-ی یائی کرا {التقاءالساكنين} پەیدا بوو لەنیّوان واو و{ی} حەزفی واو کرا بوو بە {مَبُيْع} جا یائی ساکین ماقبل -مضموم- مەترسی هەیە قەلب بکریّت بەواو زوو بە زوو مەکسور کرا وەکو دەفەرموویّت (**ثم كسرت لئلا يلزم قلب الواو ياء فيلتبس بالواوي**) واتە لەدوای نەقل کردنی -ضمة-ی یائی بۆلای {ب} ئەم بیّیە مەکسور کرا نەوەك قەلبی

یائی بکرێت بەواو جا ئیلتیباسی معتلی یائی ببی بە معتلی واوی بەڵام کە {ب} مەکسور کرا ئەم یائە قەلبی ناکرێت بە واو، ئەم ئیعلالە لەسەر فەرمودەی سیبویهی بوو بەڵام ئەخفەش دەفەرمووێت لەکاتێ کە-ضمة-ی یائی نەقل کرا بۆلای {ب} {التقاء الساكنين} بوو لەنێوان واو ویائی حەزفی یائی کرا کە عين الفعله بوو بە {مَبُوْع} جا -ضمة-ی بائی کرا بەکەسرە بوو بە {مَبِوْع} واو ساكن ماقبل مەکسور قەلب کرا بە یائی بوو بە {مَبِيعٌ} کەواتە ئەم یائە واوی مەفعولی بووە کراوە بە یائو نەك هی ئەصلەکەیە یەك دەڵێت ئەم مەکسور کردنە وێنەی هەیە؟ دەفەرمووێت **(كما كسرت الفاء في فُعْلي وفُعْلٍ بضم فسكون صفتين يائيين)** واتە: لە مبيع فائو الفعلی مەکسور کرا تاوەکو قەلبی واوی نەکرێت بە {ی}، هەروەکو فائو لفعل مەکسور کراوە کە پێشان -مضموم- بووە لەم دوو وەزنانە، کە یەکەمیان {فُعْلَی}، وە دووەمیان {فُعْلَ} بە -ضمة-ی فائو الفعل سكونی عين الفعل لە هەردووکیان، وە ئەلفی کورت لە هی یەکەم، کە هەردووکیان صیفەتن وە یائینە، واوی نینە، إسمیش نینە بەڵکو صیفەتن **(كقِسْمَةٌ ضِيزَى ومَشْيَةٍ حِيكَى)** وەکو ئەم دوو وشەیە کە {ضِيزَى و حِيكَى} کە هەردووکیان صیفەتن، بە بەڵگەی {قسمة مشية} وە هەردووکیان یائینە، ئەصلەکەیان {ضُيْزَى حَيْكَى} بوو، بە -ضمة-ی ئەوەڵیو سكونی دووەمی، جا لێرەدا ئەگەر فائو لفعل مەکسور نەکرێت دەڵێن: یائی ساكين ماقبل -مضموم- دەکرێتە واو، لەبەر ئەوە فائو الفعلەکە مەکسور کرا، بوو بە {ضِيزَى حِيْكَى} ئەمە میسالی {فُعْلَى} بوو، وە میسالی {فُعْلْ} ئەوەیە: **(وبِيْضٍ جمع أَبْيَضٍ)** {بِيض} جەمعی {أَبيَض}ە، ئەصلەکەی {بُيْض} بوو، لەبەر ئەمە کە {ی} نەکرێ بە واو فائو الفعل مەکسور کرا بوو بە {بِيضٌ}، کەواتە دەرکەوت کە زۆر جار وا دەبێت فائو لفعل مەکسور دەکرێت تاوەکو واوی إلتباسی بە یائی نەبێت (لا فُعْلَى إسما) فائولفعل مەکسور ناکرێت لەو ئیسمەی کەلەسەر وەزنی {فُعلي}ی بێت، (كطوبى)وەکو {طوبى} ئێستا {طوبى} کەناوی دارێکە لەبەهەشت، لەم ئیسمەی فائولفعلی مەکسور ناکرێت **(فتقلب ياؤه واواَ)**

لەم جۆرە ئیسمە یائی قەلب دەکرێت بە واو جا دەڵێن {طوبي} ئەصلەکەی {طُيْبي} بوو یائی ساکن ماقبل -مضموم-قەلبمان کرد بە واو بوو بە {طوبي} (**وبنو تميم يشبون الياء فيقولون مبيوع**) بەنی تەمیمی کە هۆزێکی عەرەبن دەستکاری یائی ناکەن وبەڵکە دەیهێڵنەوە لەئیسمی مەفعولی یائی، دەڵێن مبيوع وەکو {مضروب} بەڵام واو حەزف دەکەن چونکە واو سەقیل ترە (**ورُوِي ثوب مصوون**) ئیسمی مەفعول لە -ثلاثی مزید فیە- لە معتل العینی ئیعلال دەکرێ بە قەلبی عین الفعلی بۆ ئەلف، بەو مەرجەی فعلەکەی ئیعلال کرابێ کە فعلی بینا مەفعولە لە چوار بابەکان، بەڵام لەم چوار بابە دووان ئیعلالی ئیسمی مەفعولیان دەکرێت بە قەلب، وە دووانی دیکە بە نەقل و قەلبە، (**كمُجاب ومستقام**) ئێستا مجاب ئیسمی مەفعولی بابی إفعاله، ئەصلەکەی {مُجْوَب} بووە، نەقلی حەرەکەی عین الفعل کرا بۆ ماقبلەکەی وە قەلب کرا بە ئەلف بوو بە مجاب. وە مستقام ئیسمی مەفعولی بابی إستفعاله، بە هەمان شێوە ئیعلال کراوە. دەرکەوت کە ئەم دووانە ئیعلال کراون بە نەقل و قەلب (**حملاً على فعلهما المجهول**) ئەم دووانە ئیعلال کران ئەگەرچی مەرجەکانی ئیعلال کردنیان تێدا نەبوون، بەڵام بە حەمل وە سەر فعلی بینا مەفعولی خۆیان کە {يُجاب يُستقام} بوون، جا وەکو زانیت خۆیان حەمل کرابوونە سەر مجردەکانیان کە جاب وقام بوون، ئەمەیان دەرۆزدیە لە دەرۆزدەکەری. (**ومُنْقاد ومُخْتار**) منقاد ئیسمی مەفعولی بابی إنفعاله، ئەصلەکەی {مُنْقَوَد} بوو، واو متحرك ماقبل مفتوح قەلبمان کرد بە ئەلف. وە مختار ئیسمی مەفعولی بابی إفتعاله، ئەصلەکەی {مُخْتَيَر} بوو، یائمان قەلب کرد بە ئەلف، ئەم دووانەش بەس بە قەلب ئیعلال کراون، وە ئەم دوانە ئیسمی فاعیلو مەفعولیان وەکو یەك وایە وەکو لە پێشەوە زانیت. لە کاتێك مصنف باسی ئیعلالی هەموو جۆرە فعلەکانی کردو، باسی ئیعلالی ئیسمی فاعل و مەفعول و...هتد کردو، جا ویستی باسی ئیعلالی ئیسمێك بکات کە -ثلاثی مجرد- نەبێت، چونکە ئیسمی -ثلاثی مجرد- ئیعلال دەکرێت ئەگەرچی ئەم دوو مەرجەشی تێدا نەبێت، وەکو {باب وناب}

ئەصلەکەیان بوب وە نیب بوو، (**وشرط إعلال العين في اسم غير الثلاثي المجرد**) واتە: مەرجەکانی ئیعلالی عین الفعل لە ئیسمێك کە -ثلاثی مجرد- نەبێت، چونکە گووتمان: بۆ -ثلاثی مجرد- ئەم دوو مەرجەی ناوێت (**والجارى على الفعل وهو اسم الفاعل والمفعول لاغير**) وە ئەم ئیسمە غەیرە جاری بی بەسەر فیعل، واتە: موشتەقاتی فعلیٚ نەبێت، کە ئەمەش بریتییە لە: ئیسمی فاعیل و مەفعول و بەس، بەڵام لە راستیدا مەبەست لەم دوانە باقی موشتەقاتەکانی دیکەشە وەکو صیفەتی موشەبەهەو فەعیل و فەعول و....هتد، ئێستا بووینە {إجابة وإستِقامةً} کە مەصدەرن، ئەمانە -ثلاثی مجرد- نینە، وە ئیسمی فاعیل و مەفعولیش نینە، بەڵکو -ثلاثی مزید فیە-نە، لەگەڵ ئەمەش کە ئەم دوو شەرتەیان تێدا نییە ئەوجا ئیعلال کراون. دیارە مەبەست بە جاری {على الفعل} هەمو موشتەقاتەکانن نەك تەنها فاعیل و مەفعول (**موافقة الفعل حركة وسكونا ومخالفته بزيادة أو أبنية مخصوصتين بالإسم**) یانی شەرتی ئیعلالی عین الفعل لەم جۆرە ئیسمەی کە -ثلاثی مجرد- نەبێت، واتە: -ثلاثی مزید- بێت، هەروەها جاری بەسەر فعلیش نەبێت وەکو گووتمان شەرتەکەی ئەم دووانەیە، یەکەم: ئەم ئیسمە موافق و یەکسان بێت لەگەڵ فعلیٚ لە حەرەکەو سکوندا، واتە: حەرەکەو سکونی وەکو حەرەکەو سکونی فعلیٚ بێت. وە دووەم: ئەم ئیسمە موخالیف و پێچەوانەی فعلیٚ بی لە یێکی لەم دوو شتە، یەکەم: زیادەی حەرفێك کە ئەم حەرفە تایبەت بیٚ بە ئیسمی. دووەم: لەسەر وەزنێك بیٚ کە ئەم وەنە تایبەت بیٚ بە ئیسمیٚ، واتە: لە فعلێدا نەبێت مەگەر بە خیلافی قیاس (**فلذالك لو بنيت من البيع مثل مَضْرِب وتِحْلِئٍ بكسر التاء واللام قلتَ مَبيع وتِبيع**) لەبەر ئەوە ئەم دوو وشە کە بە شەرتگیراوە ئەگەر بتەوێت دروست بکەی لە وشەی {البيع} کە مەصدەری -ثلاثی مجرد-ە لە ئەجوەفی شتێکی لەسەر وەزنی {مَضْرِب} بە فەتحەی میمیو کەسرەی رائی، یان لەسەر وەزنی {تِحْلِئ} بە کەسرەی تائو لامی، لەو کاتەی ئیعلالەکە دەڵێیت: {مَبِيع وتِبِيع} ئێستا یەکەمیان ئەصلەکەی {مَبْيِع} بووە بە فەتحەی میم و سکونی بائی وە

کەسرەی یائی، وەکو {مَضْرِب}. وە {تِبیع} ئەصلەکەی {تِبْیِع} بوو بە کەسرەی تاتو سکونی بائو کەسرەی یائی وەکو {تِحْلِیء}، بێگومان مەصدەری هەردووکیان {البَیْع}ە (معلاّ لعدم اللبس) حاڵی توو وایە بۆ هەردووکیان کە ئیعلالت کردوون، چونکە ئیلتیباسی بە هیچ شتێکی دیکە نابێ. ئێستا بڕوانە: مەرجەکانیان لێ هاتوونەتە جێ، وە {مَبْیِع} موافقی فعلە لە حەرەکەو سکەن، وەکو {تَضْرِب} وایە، لە هەمان کاتدا موخالیفی فعلە بە زیادەیی میمی لە ئەوەلی، بەوەش دەزانین میم زیادە چونکە میم بۆ فعلی زیاد ناکرێت. وە هەروەها {تِبْیِع} موافقی فعلە لە حەرەکەو سکوندا چونکە وەکو {إضْرِب} وایە کە فعلی ئەمرە، وە موخالیفە بە کەسرەی تائی چونکە تائەکە ئەگەر لە فعلان زیادیش بکرێت مەکسور ناکرێت، تەنها بە شاز نەبێت وەکو {تِعْلِم وتِشْهِد} کەواتە ئەم دوو ئیسمە مافی ئیعلال کردنیان هەیە، کە نەقلی حەرەکەی عین الفعلەکەیان بۆ ماقبلەکەیان کراوە، کە لە {مَبْیِع وتِبْیِع} کەسرەی یائی بۆلای بائی نـقل کراوە بوون بە {مَبیع وتِبیع} **(ومثل تَضْرِب بفتح التاء قلت تَبْیِع مصححا إذ لو أعل لزم اللبس)** یانی ئەگەر بتەوێت ئیسمەك دروست بکەیت لە البیع کە لەسەر وەزنی {تَضْرِب} بە فەتحەی تاتی بێت، ئەوا لە کاتی ئیعلال دەڵێی {تَبْیِع} ئەوە هەر بە ساغی دەیهێڵیەوەو ئیعلالی ناکەیت چونکە ئەگەر ئیعلالی بکەیت ئەوە إلتباسی بە فعلی -مضارع-ی دەبێت، چونکە {تَبْیِع} کە لەسەر وەزنی {تَضْرِب} بێت راستە کە موافقی فعلە لە حەرەکەو سکون، بەڵام موخالیف نییە نە بە زیادەو نە بە وەزنەکەی تایبەت بە ئیسمان، بەڵکو رێك لەسەر وەزنی فعلەو بەبێ هیچ شازییەك، کەواتە ناتوانین نەقلی حەرەکەی بۆ ماقبلەکەی بکەین، بەڵکە دەبێت یائەکە وەکو خۆی هەر بە مەکسوری بمێنێتەوە تاکو هیچ إلتباسی نەبێت بە {تَبیع} کە فعلی -مضارع-ە. ۲۰۰۱/۸/۲۳

**پرسیار**

بۆچی {أبان ویزید} ئیعلال کراون ئەگەرچی موخالیفی فعلیش نین، چونکە هیچ وەزنی تایبەت بە ئیسمو زێدەیی خیلافی فعل نییە، بەڵکو أبان وەکو أجاب وایە، وە

هەروەها یزید وەکو یبیع وایە؟ ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین: ئەمانە پێش ئەووەی بێنە ناو تیعلال کراون، واتە لەوکاتەی کەوا فعل بوونە ئیعلال کراون.

## باسی ناقص

لە کاتێکدا مصنف رەحمەتی خوای لێ بێت لە باسی معتل العینی لە خۆبووەوە هاتە سەرباسی ناقص -معتل اللام-. جا کورتەی ئەو باسانەی کە مصنف لە معتل اللامی باسی دەکات ئەم باسانەی خوارەوەن:

١- ناوەکانی معتل اللام، وە لەبەرچی پێی دەڵێن {ذو الأربعة}

٢-مەرجەکانی قەلبکردنی واوو یائی بە ئەلف.

٣-لام الفعل حەزف دەکرێت لەو -ماضی- ەی لەسەر وەزنی {فَعِلُوا} بە بێ مەرج، وە لە {فَعَلَتْ وفَعَلَتا} بە مەرج.

٤-پاش حەزفکردنی لام پێشەکەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە لە ماقبل مەفتوح و -مضموم-ی.

٥-حوکمەکانی فعلی -مضارع-ی لەو کاتەی ناصب و جازمی دەچنە سەری.

٦-یەکسانی جەمعی -مذکرو مؤنث-.

٧-ئیعلالی یرعو.

٨- ئیعلالی -تمطی-و براکانی.

٩-یەکسانی -مفردەی مؤنثی مخاطبة- لەگەڵ جەمعەکەی لەو هەردوو بابەکانی {یرمی ویرضی.}

١٠- ئەمری بە صِیغە لە ناقص.

١١-ئیسمی فاعل لە ناقصی لەگەڵ جەمعە تەکسیرەکانی.

١٢-فەعیلی بە مەعنا فاعل لەگەڵ جەمعە تەکسیرەکانی، هەروەها تیعلالی غزایا.

١٣-فعیلی بە مەعنا مەفعول و قەلبی واوی بە یائو مەرجەکانی.

١٤- تنبیه لە باسی عدو ومغزو.

١٥-ئیسمی مەفعولی واویو یائی.

١٦-ئیعلالی -ثلاثی مزید فیه- لە معتل اللام.

(**الثالث المعتل اللام**) نەوعی سێیەم لەو حەوتانە معل اللامە، واتە:فعلێك یانە ئیسمێك لام الفعلەکەی حەرفی عیللەی بێت. (**ویقال له الناقص**) بەمعتل اللامی دەگووترێ ناقص لەبەر نوقصانی لە ئاخیرەکەی، چونکە ئاخیرەکەی ساغ نییە، وە هەروەها لە کاتی عامیلی حازمەی چووە سەر ئاخیرەکەی دەڕوا، وە هەندێك حەرەکەش قبول ناکات، جا لەبەر ئەم شتانە پێی دەگووترێت ناقص. (**وذوالأربعة لکون ماضیه علی أربعة أحرف إذا أخبرت عن نفسك**) وە بەم معتەلە دەگووترێ {ذوالأربعة} واتە: خاوەنی چوار پیت، چونکە -ماضی-ەکەی لەسەر چوار پیتانە لەکاتی خەبەر لە بنی نەفسی خۆت بدەیت، وەکو {غزوت ورمیت}، جا لەکاتی خەبەر لە بنی موخاتەب و موخاتەبەش دەدەیت هەروایە، بەڵام خۆی لە هەمووان لە پێشترە، ئەم فعلانە هەرچەندە خۆیان لەسەر سێ حەرفانن بەڵام بە هۆی ئەو -ضمیر-د کەفاعیلەو وەکو جوزئی وایە بوون بە چوار پیت. جا یەکێك پرسیار دەکات خۆی هۆی ناونانەکە لە هەموو فعلێك مەوجودە وەکو أجوەفی، بۆچی تەنها بەوە دەڵێن چوار حەرفی؟ جا لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**وقد کان أولی بأن یکون علی ثلاثة أحرف من الأجوف**) واتە: بەڕاستی ناقص شیاوتر بوو لە ئەجوەفی کە لەسەر سێ پیتان بووایە، چونکە حەرفی کۆتایی ناقصی لە جێی گۆڕانەو، هەروەها بە حەزف و قەلبیش دەگۆڕێت، بەڵام ئەجوەف ئاخیرەکەی حەرفی عیللە نییە (**فخرج عما هو الأولی به**) ناقص دەرچوو لەم ناوەی کە شایستەیەتی، واتە ناقیص شیاوی ئەوەی بوو کە پێی بگووترابا {ذوالثلاثة} نەوەك {ذو الأربعة} بەڵام ئەم ناوەی پێ نەگووترا، بەڵام ئایا ئەجوەفیش لەوە چۆتە دەر کە بۆی ئەصل بوو، بەوی پێی بگووترابا چوار پیتی نەك سێ پیتی، ئەمەشیان بە دوور مەگرە. جا لەوانەیە یەکێك بپرسێت ئایا ئەوانی دیکەی وەکو صحیح و مەهموزو موعتەلەکانی دیکە ئایا

ئەوانەش لە ناوی شایستەی خۆیان دەرچوونە؟ کە هەموویان چوار حەرفینەو پێیان ناگووترێت {ذوالأربعة}؟ جا لە وەڵامدا دەفەرموو (**دون غيره**) یانی غەیری ناقصی لە صحیح و ئەوانی دیکە، دەرنەچووینە لە ناوی شایستەیان، چونکە ناقص کە ناوبراوە بە چوار پیتی شتێکی غەریبە، چونکە هەموو جۆرە نوقصانیەکی دەهێتە سەر، ئەوجاریش (**ذوالأربعة**)، بەڵام ئەوانی دیکە هیچ نوقصانیان ناهێتە سەر تاکو ناوێکی نامۆیان لێ بندرێت، کورتەکەی وەکو ئەوە وایە کە پیاوێکی هەژارو شپرزە ببینیت ئەوجارەش پێی بڵێی ئاغا، ناقیصیش هەمان ئەو دەردەی بەسەر هاتووە (**وأيضا لايلزم التسمية من وجهها**) ئەمەشیان بەڵگەکی دیکەیە بۆ ئەوانەی چوار پیتینەو پێیان ناگووترێت چوار حەرفی، واتە: مەرج نییە هەرکاتەك بەڵگەو نیشانەی ناوێك هاتە جێ تۆ هەمان ئەو ناوەی لێ بنێی، بەڵێ راستە نصرتُ چوار پیتیە بەڵام واجب نییە ناوی بنێی {ذو الأربعة} وەکو دەگووترێت هەریەك سمێڵ سوور بێت هەمزاغا نییە. جا لەبەر ئەوەی ئیعلالی ناقیص بە زۆر جۆرە دەیەوێت بە درێژی باسیان لێوە بکات، دەفەرموویت (**فالمجرد**) واتە -ثلاثی مجرد- لە ناقیصی جا ئیسم بێت یانە فعل (**تقلب واوه وياءه ألفا**) لام الفعلەکەی قەلب دەکرێت بە ئەلف جا واو بێت یانە -یاء- بێت، بەڵام بە چەند مەرجێك (**اذا تحركتا وانفتح ماقبلهما**) واتە یائو واو دەکرێنە ئەلف لە کاتێك کە ئەم یائو واوە حەرەکەدار بن و ماقبلەکەشیان مەفتوح بێت، وەکو غزا ئەصلەکەی -غَزَوَ- بووە، بەڵام -غَزَوْتُ- ناکرێت چونکە واو ساکینە موتەحەریك نییە، هەروەها -لن یَغْزُوَ- ناکرێت چونکە پێش واوەکە لەسەری نییە بەڵکو بۆری هەیە (**ولم يكن بعدهما موجب فتح ماقبله**) مرجی دیکە بۆ قەلبکردنی واوو یائی بە ئەلف ئەوەیە کە لە پاش ئەم واوو یائە شتێك نەبێت کە فەتحەی پێشەخۆی بوویت وەکو ئەلفی -تثنية- کە لە مەودوا باسی لێوە دەکات (**ولا مشبهة به**) وە هەروەها لە پێش ئەم واوو یائە شتێك نەبێت بە وێنەی ئەو شتانەی کە واجبە ماقبلەکەی مەفتوح بێت، وەکو نوونی تەئکید، ئێستا ئەم نونە ئەگەرچی واجب نییە هەموو کات ماقبلەکەی مەفتوح بێت، بەڵام

موشابەهەی هەیە لەگەڵ ئەلفی -تثنية-ەی لەوەی کە هەردووکیان پیتی حەزفکراو دەهێننەوە وەکو لە پێشەوە لە باسی ئەجوەفی باسمان لێوە کرد، جا لەم کاتەشدا واوو یائەکە ناکرێن بە ئەلف، وە هەروەها یائی موشەددەدیش رێ لەم قەلبە دەگرێت وەکو {علويّ} ئنجا دێتە سەر میسالەکان (**كغزا**) ئێستا -غزا- فعلی -ماضی ثلاثی مجرد-ە لە بابی یەکەمە، وە واوەکەشی ئەصلیە، چونکە ئەصلەکەی -غزو- بووە، واو لێرەدا کراوە بە ئەلف چونکە هەموو مەرجەکانی لێ هاتوونەتەدی، یەکێك دەڵێت: بۆچی بە ئەلف نووسراوە، لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**يكتب ألفا ليمتاز عن المنقلب ياء**) واتە: ئەم واوە بە ئەلف دەنووسرێت لە دوای قەلبکردنی بە ئەلف، تاکو جیا بکرێتەوە لەو ئەلفەی کە قەلبکراوی پیتی یائە (**فإنه يكتب ياء**) چونکە ئەو ئەلفەی قەلبکراوی یائی بێت هەر بە یائیش دەنووسرێت وەکو {رمى} ئەمەش بۆ فەرقکردن لە نێوانیان (**ورَمَى**) ئەمەش فعلی -ماضی ثلاثی مجرد-ە لە بابی دووەمە لامەکەی یائیە وە ئەصلیشە، ئەصلەکەشی {رَمَيَ} بووە، یائی کراوە بە ئەلف چونکە هەموو مەرجەکانی لێ هاتوونەتەجێ، وە ئەلفەکەش لێرەدا بە -ياء- نووسراوە (**وعصا ورحى**) ئەمانەی پێشەوە نمونەی فعلەکان بوو، ئەم دووانەش نمونەی ئیسمانن، -عصا- ئەصلەکەی -عَصَوٌ- بوو، وە -رحَى- ئەصلەکەی -رَحَيٌ- بوو، ئەم یائو واوە قەلبکران بە ئەلف، پاشان دوو ساکین بەیەك گەیشتن ئەلف و تەنوین ئەلفەکەمان حەزف کرد لە لەفزدا بەڵام لە نووسیندا هەر دەنووسرێت، جا ئەوەی بە ئەلف نووسراوە ئەوە واویە، وە ئەوەی بە یائیش نووسراوە ئەوە یائیە (**بخلاف غَزَوَا ورَمَيَا واخْشَيَنَّ**) گوێتمان لە -غزا ورمى- واوو یائەکە کران بە ئەلف، چونکە تەواوی مەرجەکانیان تێدایە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم سێ وشەیەو هاوێنەکانیان کە مەرجی ئیعلال کردنیان تێدا نییە، لە هی یەکەم ئەلفی -تثنية- لە دوای لام الفعلەکە هاتووە، وە ئەم ئەلفە رێگا نادات واوەکە بکرێتە ئەلف، هەرچەندە خۆی حەرەکەدارەو حەرفی پێشەخۆی مەفتوحە، چونکە ئەگەر واو کرا بە ئەلف ئەوە دوو ئەلف کۆدەبنەوەو واجبە یەك لە دوو ئەلفەکان حەزف بکرێت چونکە

دوو ساکین بە یەك دەگەن، جا لەم کاتە تۆ نازانی -غزا- موفرەدە یانە -تثنية-یە، وە رمیا بە هەمان شێوە، وە لە -تثنية-ی دوو ئیسمەکانیش ئەگەر واو بکرێتە ئەلف، واتە {رحيان} واجبە ئەلفێك لابدرێت، جا دەبێتە رحان، جا لەکاتی ئیزافە کردن دەگووترێ {رحا زيد وعصا زيد} نازانی ئایا موفرەدە یانە -تثنية-یە، بۆیە ناچارین لە هەموو -تثنية-کان واوو یائەکان وەکو خۆیان بمێننەوە بە ساغی، جا با بێینە سەر باسی {اخْشَيَنَّ}، بەڵێ ئێمە گووتمان ئەگەر یائەکە قەلبیش بکرێت ئەوا التباس نابێت بە هیچ شتەکی، بەڵام گووتمان ئەم نونی تەوکیدە دەشووبهێتە ئەلفی -تثنية-ی لە گێڕانەوەی مەحزوفی، کەواتە دەستکاری ئەم بێیە ناکەین، وەکو هی -تثنية- لێرەدا هەندێك باسی دیکەش هەن بەڵام با ئەوەندە بەس بێت (**وكذالك الفعل الزائد على الثلاثة واسم المفعول منه**) واتە هەروەکو مجردەکان وایە لەم موعتەلەدا ئەو فعلانەی کە زیادن لەسەر سێ حەرفان، جا -ثلاثي- مزيد بێت یانە رباعی بێت، هەروەها ئیسمی مەفعولیش لەو فعلانەی زێدەنە لەسەر سێ حەرفان، ئەم جۆرە ئیعلالەی پێشوو بۆ ئەمانەش دەکرێت وەکو لە نمونەکان دیارە (**كأعطى واشترى واستقصى**) ئەمانە نمونەی فعلە مەزیدەکانە، ئێستا -أعطى- فعلی - ماضی- یە لە بابی إفعاله، ئەصلەکەی {أعطو} بووە واو لە پلەی چوارەم کراوە بە {ی}، وە هەروەها إستقصى ئەصلەکەی إستقصو بووە لە بابی إستفعاله واوەکەی کراوەتە یائو، ئنجا لە هەموویان کراوە ئەلف (**والمعطي والمشتري والمستقصي**) ئەمانەش ئیسمی مەفعولن لە -ثلاثي مزيد-ن یەکەمیان لە بابی إفعاله، دووەمیان لە بابی إفتعاله، وە سێیەمیان لە بابی إستفعاله، ئەصلەکشیان {معطو مشترى مستقصو} بووە، لە هی یەکەم و لە هی سێیەم واو کراوەتە یائو ئنجا لە هەموویانیائیش کراوە بە ئەلف، چونکە تەواوی مەرجەکانیان تێدایە. یەکێك دەڵێت: تۆ گووتت ئەو ئەلفەی قەلبکراوی واوی بێت دەبێت بە ئەلف بنووسرێت، کەچی ئێستاکە هەموویان هەر بە {ی} نووسراون؟ جا لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**كتب في الجميع ياء**) یانی ئەم یائە لە هەموویان هەر بە یێ نووسراوە لە ئیسمان

و لە فعلان (**لأن الواو التی بعد الثلاثة تقلب یاء ثم ألفا**) چونكە یاسا وایە هەر واوێك واقیع بێت لە دوای سێ پیت، واتە لە پلەی چوارەم یان زیاتر بێت،یەكەجار دەكرێتە یێ -بەڵام پیتی پێشەوەی بۆر نەبێت- ئنجا دەكرێتە ئەلف، كەواتە ئەم ئەلفە قەلبكراوی واو نییە هەتا بە ئەلف بنووسرێت، بەڵكو قەلبكراوی یائە بۆیە بە یائیش دەنووسرێت. یەكێك دەپرسێت: كەواتە چۆن دەتوانی جیاوازی لە نێوانیان بكەیت؟ تابزانی كامەیان واویو كامەیان یائیە؟ ئەمیش لە وەڵامدا دەفەرمووێت (**والتمییز بالمجردات**) واتە: جیاوازی لە نێوان واویو یائی بەهۆی موجورەدەكانە، بۆ نمونە -عطا- كە موجەرەدی -اعطی-یە بە ئەلف نووسراوە كەواتە واوییە، وە هەموومان دەشزانین كە لام الفعلەكەی واوە، هەرچەندە بە یائیش نووسراوە، بەڵام شری كە مجردی اشتری یەبە یێ مووسراوە لە مەزیدو موجەرەدی دیارە یائیە (**وكذا تقلبان إذا لم یسم الفاعل من المضارع**) واتە هەروەها واوو یێ دەكرێنە ئەلف بەم شێوەی رابردوو لە كاتێكدا كە لەم فعلە -مضارع-ە فاعیلەكە ناونەبرا بێت، كە دەكاتە فعلی -مضارع-ی بینا مەجهول، جا مەزید بێت یانە موجەرەد چونكە مەرجەكان مەوجودن (**كقولك یُعطی یُغزی ویُرمی**) هی یەكەمیان فعلی -مضارع- مەجهولە لە بابی إفعالە، دووەمیان مەجهولە لە بابی یەكەمە، ئەسلەكەیان {یُعطَو ویُغْزو} بووە، واوەكە كراوە بە یێ، چونكە لە چوارەمەو پێشی بۆری نییە. وە {یَرمی} لە بابی دووەمە وەكو {یَرمی ویَضْرب} بەڵام یائیە، جا لە هەرسێكیان لام الفعل كراوە بە ئەلف چونكە هەموو مەرجەكان مەوجودن. ئەمە -مضارع-ی مەجهول بوو. ئنجا دێتە سەر باسی -ماضی مەجهول- بۆیەش لێرەوە باسی لە -مضارع- كرد چونكە گونجاوە لەگەڵ یاساكانی ئەم باسكراوانە، ئەگینا -ماضی- لە پێشترە. جا لەوەی باسمان كرد فعل و ئیسم هەردووكیان هاوبەش بوون، ئەمجارەیان باسی فعل بە تایبەتی دەكات، فعلی -ماضی- سێ جۆری هەیە چونكە عین الفعلی یان مەفتوحە یان مەكسورە یان -مضموم-ە.

جا دەفەرمووی (**أما الماضي فتحذف منه اللام في مثال فعلوا مطلقاً**) واتە لە فعلی ماضي حەزفی لام الفعل دەکریێت لەهەر میسالێك کەلە سەر وەزنی (**فعلوا**) بیێت، یانی هەر ماضیە ك کە واوی جەمعی مذکری پێوە لکابیێت، بەمطلەقی لامی لادەچیێ یانی ئەم فعلوا عەین الفعلی سەربیێت وەکو غزوا یان ژێر وەکو رضی یان بور وەکو سروا ومجرور بیێت یان مەزید بیێت واوی بیێت یان یائی: هۆی لادانی ئەم لامە ئەوەیە کەخوی حەرەکە دارە لەبەر واوی جەمع: وە پیتی پێش خۆشی یان سەری هەیە جا ئەم لامە قەلب دەکریێ بەئەلف‌و لادەدریێ وەکو غزووا یان ژێری هەیە یان بۆری هەیە بیێ گومان ژێرو بۆرگرا نن یان حەزفیان دەکەین. یان نەقل بۆ پیتی پێشو. جابە هەموو حالێك دوو ساکن دەکەین بەیەك، کەلامی قەلب کراوە یان ساکن کراوە، لەگەڵ وواوی جەمع، بەناچاری لام لادە دەبریێ.

(**وفي مثال فعَلتْ وفعلَتا إلا انفتحَ ما قبلها**) هەروەها لام الفعل حەزف دەکریێت لەم دوومسالە. یەکەم فعلتُ (تی) تەئنیس پیوە لکاوە بۆ مفردی مؤنثی غائبە. دووەم فعلتا کە بۆتەنیشەکەیانە بەڵام ئەو جارە بەمەرجە مەرجەکەش ئەوەیە لەکاتێك لام لەم دوو فعلە حەزف دەکریێت، کەپیتی پێش لامی سەری هەبیێت، جائەم پیتە عەین الفعل بیێت وەکو (**رَمَیَتْ**) یان ناو وەکو اسلتقَیَتْ. کەلێرە (ی) زیادە، بەڵام بەهەر حاڵ (بی) قەلب دەکریێ بە ئەلفی وحزف دەکریێ لەبەر (التقاء) لەگەڵ (تی) تەئنیث: یەك دەڵێت التقاء الساکنین لەمفردەکەی کە (فَعَلَتْ)ە دیارە، بەڵام لەتئنیشە کەی کە (فَعَلَتَا) نەبوە، چونکە (تی) حرەکەی هەیە جا لە وەڵامدا دەفەرمویێ ( **ولم یعتدوا بحرکة التاء**) واتە عەرەبەکان هیچ (اعتبار)یان بەحەرەکەی (تی) نەکردووە، وەهیچ ریزیان بۆ دانەناوە( **لوضعها علی السکون**) چونکە ئەم (تی) یە لە ئەسلدا لە سەر سکون (واتە دەنەدار) داندراوە، وە بەهۆی ئەم ئەلفە حەرەکە داربووە، کەواتە وابزانە التقاء بووە لەنێوان ئەم دووساکنە کە (تی)یە لەگەڵ لامی قەلبکراو بە ئەلف: یەك دەڵیێ لە ئەجوەفی باسکرا کە صونا. ئەسلەکەی صُنْ بو . کەئەلفی تەئثنیە هات واوەکەی گەراوە، بۆلێرەش وانەبیێت، لەوەڵامدا

دەفەرموێ (**بخلاف اللام في نحُو صونا**) واتە ئەمەیان بەخیلافو پێچەوانەی حەرەکەی لام الفعلە لە ووشەی (صونا) کەفعلی ئەمرە لە ئەجوە فی. ئێستا صُنْ کە مفردە: واوی لادراوە: بەلاّم صوناکە تەثنیە یە، بەهۆی ئەم ئِەلفە لام الفعل کەنونە حرەکە دار بووە: جا تەم واوی حەزف کراو هاتەوە، جائەم حەرەکە رێزی هەیە. چونکەئەم نونە لەئەسلدا حەرەکەی هەبوو بەهۆی ئەمر ساکن بوبو، وبەلّگەش بۆ ئەوە کەحەرەکەی ئەسلیە، ماضي و مضارع شاهیدن، وەکو صان یصونُ.

(**وتثبت في غیرها**) لام الفعل دەبینیو حەزف ناکرێت لە غەیری ئەمسێ شوێنەکە (**فعلوا**) بە موطلقیٖ وفعلت وفعلتا بەمەرجی فەتحی پیتی پێش لام الفعل : ئەوها دێتە سەر میسالەکان. پیشەکی میسالی مفتوح العین واوی باس دەکات دەفەرموی لەبابی یەکەم( **غَزا غزَ واغزَوْا**) ئەم سێ میسالە بۆ مزکری غائب مفردو تە ثنییە و جەمع، غزا ئەسلەکەی غزَوَ بو وا و حە رەکە دار وپیتی پێش خۆی سەردار. کردمان بەئەلف (غَزَوْا) واو ماوە چونکە ئەلفی تەثنیە ریگا نادات بۆ قەلب: غَزَوْا ئەم (فعلوا) وە ئەسلەکەی غَزَووُا بو وەکو نصروا واوی یەکەم کە لام الفعلە) متحرکە وماقبل مفتوح)ە کردمان بە ئەلفو دووساکن گەیشتن بەیەك، واوی قەلب کراو بە ئەلف لەگەلّ واوی جەمع حەزفی ئەلف کرا بو بە غَزَوْا لەسەر وەزنی فَعَوا، یانی لام نەماوە.

(**غزَت غزَتَا غزَضوْنَ** )ئەمەش بو مؤنثی غائب هەرسێ: میثال، غزَتْ، ئەسلەکەی غَزَوَتْ بوو واوکرا بە ئەلفو لادرا، لەبەر دووساکن غزَتا ئەسلەکەی غَزَوَتا، بوو ئەمەش بەهەمان شێوە وەك وتمان (تی) بەساکن حیسابە ونرخی حەرەکەکەی نیە، ومحذوفەکەی ناگەریتەوە غَزوْن. واو ماوە چونکە ساکنە: حەرکە دار نیە ( **غزَوْتَ غزَوْتما غزَوْتُمْ**) ئەمەش بو مذکری مخاطب، واو ماوە چونکە ساکنە.

(**غزَوْتِ غزَوْتُما غزَوتُنّ** )ومؤنث مخاطب: واو ماوە چونکە ساکنە (**غزَوْتُ غزَوْنا**) بۆ دوو متکلمەکان واوماوە: ئەوجارە میثالی یائی لەبابی دووەم (**رَمیَ رَمیا رَمَوْا** ) بۆ مذکری غائب مفردو تەثنیە وجەمع رامَی رَمَی بو (ی) کراوە

ببەئەلف، رَمیَا. (ی) ماوە چونکە ئەلفی تەثنیە ریّگاناداتت: رَمَوْا ئەسلەکەی (رَمَیُوا) بو. وەکو ضَرَبوا (ی) حەرکەدار وما قبل مفتوح کرا بەئەلف، بۆیە ، رَمَاوا، التقاء بو لەنیّوا ن ئەلفی قەلب کراو لەگەڵ واوی جەمع، ئەلفەکەی حزف کرا بو بە (رَمَوْا) (**رَمَتْ رَمَتَا رَمَیْنَ**) ئەمەش بۆ مؤنثی غائب.

رَمَتْ ئەسلەکەی رَمَیَت بو (ی) کرا بە ئەلف ولادرا، رَمَتا ئەسلەکەی رَمَیَتَا بو، بەهەمان شیّوە، چونکە حەرەکەی تیّبیّ قیمەتە: رَمَیْن. (ی) ماوە چونکە ساکنە (**رَمَیْتَ رَمَیْتُمَا رَمَیْتُمْ** ) بۆ مذکری مخاطب (ی) ماوە( **رَمَیْتِ رَمَیتُما رَمَیْتُنَّ**) بۆ مؤنثي مخاطبە. (ی) ماوە (رَمَیْتُ رَمَیْنَا) ئەمەشیان متکلمی وەحدە ومع الغیر، (ی) ماوە چونکە لەهیچیان مەرجەکانی تیّدانیە ئەوجارە دیّتەسەر میسالی (فعل)ەی مەکسور العین. فەرموی (**وکذلك رَضي رَضِیَا رَضُو الخ..**) یانی وەکو میسالەکانی پیّشو وایە: ئەم میسالانەش : رضي ئە صلەکەی (رضوَ) بو. واوکراوە بە (ی) لەمەودوا باسی دەکات: بو بە رضي. لیّرەدا (ی) ماوە چونکە پیتی پیّشەخۆی سەری نیە (رضیا) بەهەمان شیوە، رَضُوا ئەسلەکەی رَضِیُوا بووە، لام الفعل حزف کراوە، چونکە گوتمان هەر ماضیە ك لە معتل اللام ی کە واوی جەمعی پیوە لکابیّت لام الفعل لادەچیّت: کە گوتی (مطلقا) یانی مفتوح و مکسورەو مضموم و میثالەکانی تریش رَضِیَتْ رَضِیَا رضینَ... هتد ئەمانەش لام الفعل ماوە، چونکە ئەگەر حەرەکە داریش بیّت پیتی پیّش خۆی لە ژیرە: وە هەندیّکیان حەرەکە داریش نیە. وەکو خۆت دەیانبینی: وە هەروەها خَشي خَشیا..هتد: ئەمەشیان یا ئیە جا دەیّتە سەر مضموم العین)ی( **وکذلك سَرُوَ سَرُوا سَرُوا سَرُوا الخ** )چواردە میسال بهیّنە: لەهەر هەموان واو ماوە: تەنها لەجەمعی مذکری غائب نەماوە کە سَرُوا)یە، ئەسلەکەی (سرُوُا) بووەکو (حَسُنُوا): واوی یەکەم (لام الفعلە) هی دووەم واوی جەمعە جاضمە ی واوی یەکەم حەزف کراوە چونکە گرانە. جا التقاء الساکنین رویدا لەنیّوان هەردوك واو. هی لام الفعل حزف کرا. چونکە ئەوی تریان ضمیرە وفاعلە) حزف ناکریّت. بەڵێ گوتمان لام الفعل لەمیسالی (فعلوا)ی حەزف دەکری بە

(مطلقي) جا (سَرُوا) فَعُلُوا) بوو واوی حەزف کراوە.ئێستا لەسەر وەزنی (فَعُوا) ماوەتەوە.

واوی لام الفعل لادراوە: بەڵام لەهیچ میثالیێکیتر واو حەزف نەکراوە: (جادەڵێن لەبەر ئەوە کە لە دوو بابەکانی دوایدا جەزف زۆر نەبو: وەکو دوەکانی ئەوەلی: لەم دوانە فەرموی (وکذلك) بۆ ئاماژە کردن بۆ ئەم جیاوازیە: جالێرەدا پرسیار دەکرێت دەڵێن، هەموو جار واجبە حەرفی پێش واوی (ضمیر) بوو بێت بابزانین لەم فعلانەش کەلام الفعل لادرا ئایە چی دەکەین بۆ ئەم واوی جەمع جا فەرموی( **ویبقى ما قبل واو الضمیر بعد حذف اللام على الفتحة والضمة**) یانی وەك خۆی دەمێنێ ئەم حەرفەی کەکەوتۆتە پێش واوی ضمیر: کە واوی جەمعە. ئەوەی مفتوحە وەکو خۆی دەمێنێ وە ئەوەی مضمومە. هەروەها: وەکو خۆی دەمێنێ: لەدوای لادانی لام الفعل (**كغَزَوْا وسَرُوا**) ئێستا غزَ وا ئەسلەکەی غَزَوُوا بو): سَرُوْا ئەسلەکەی سَرُوُا) بو واوی لام الفعل لادراوە: وەك باسمان کرد: پیتی (رِ یٚ) کە عین الفعل)، سەری هەبوو وئێستاش وەکو خۆی ماوەتەوە. وەهەروەها پیت (رِیٚ) لە سَرُوا) بۆربو : ئێستاش وەك خۆی ماوەتەوە: دەست کاری هیچیان نەکراوە: لە دوای لادانی لام الفعل واتە ئەم لام الفعل)، لەم دووشوێنە: نەخۆی ماوە وە نەحەرەکەشی ماوە (**وتنقل إليه مكسوراً ضمة اللام**) بەڵێ زانیمان ئەم حەرفەی کەلەپێش لام الفعل)ە: مفتوح ومضموم وەکو خۆی دەمێنن بەڵام ئەگەر لە ژێر بێت وەك خۆی نامێنن: جا فەرموی: نەقل دەکرێ وضمە ی ئەم لام الفعلە بۆ لای ئەم حەرفەی کە دەکەوێتە پێش لام الفعل کە دەکاتە عەین الفعل لەکاتێ: کە حەرفەکە مەکسورە، یانی کەسرەی خۆی لادەچێ و ضمە ی لام الفعل کەی بۆ نەقل دەکرێت. (**كرضوا وأصله رَضِيوا نقلت حركة إلياء إلى الضاد** ) میسالی خۆمان (رضوا) ئەسلەکەی رضیوا، وەك عَلِموا، بەڵێ عەین الفعل کە ضادە لەژێرە، جا نەقلی حرەکەی لامەکەی بۆ دەکەین، لە دوای لادانی لە ژێرەکەی خۆی. پاشان التقاء الساکنین رودەدات لە بەینی لام الفعل و واوی ضمیر: حەزفی لامەکەمان کرد بو بە

رَضوا: وەکو خۆی دەفەرموی( **وحذفت لإلتقاء الساكنين**) یانی (ی) کەلام الفعل)ە حەزف کرا لەبەر گەیشتنی دووساکن کە (ییە) لەگەڵ واوی جەمع: بەڵام لێرەدا ئەگەر خۆشی نەمابێت: حەرەکەی ماوە ئەوجارە دێتە سەر باس وبەیانی فعلی مضارعي لەم معتللەی تاقیکردنەوە( **وأما المضارع**) بزانە فعلی مضارعي لەمعتل اللام)ی بێگومان لامِ الفعلە کەي یان واوە یان ییە یان ئەلفە( **فتسكن الواو والياء والألف في الرفع**) بەڵێ فعلی مضارعي (معرب)ە وعاملی رەفع ونەصب وجەزمی دەچێتە سەر جالەکاتی کەناصب وجازمی لەسەر نەبێت ئەوە حالّەتی رەفعە. جا فەرموی لەم حالّەتەدا: واو وەیی وئەلف هەرسێکیان ساکن دەکرێن وەهیچ حەرەکەیان نیە، وەکو يغزو و يرمي ويخشى. کەئەلف هەموکات هەرساکنە: (ويحذفن في الجزم)بەڵام لەم حالّەتەی کە عامیلی جازمیان لەسەرە هەرسێکیان حەزف دەکرین وەکو لم يغزُ ولم يرمِ، ولم يخش (**وشذ كأن لم ترى قبلي اسيراً يمانياً**) ئەمە پرسیارە و دەڵێت ئەدی بۆ لێرە ئەلف ماوە وەعامیلیی جازمیش هەیە جادەفەرموێ ئەم (شاذە) واتە رێز پەرە: کە ئەم ئەلفە ماوە لەکاتی عامیلی جازم بەپێی یاسا وە لەیادت نەچێ لەباسی عامیلی جازم میسالێك هەبو. کەئەویش عەمەلی نەکردبو کە ئەوەیە گوتی (**وجاء الم يأتيك الخ**) کە گوتمان يأتيك مجزوم نەبوە چونکە (يي) حەزف نەکراوە، قانون وابو (ألم يأتك) چونکە جەزمی معتل اللام)ی لێرەدا بە حەزفی (ی) یە، جا حالّەتی رەفع وجزم. باسکران وە حالّەتی نەصبیش باس دەکات دەفەرموێ ( **ويفتح الواو والياء في النصب وتثبت الألف بحالها**) یانی لەکاتی عاملی ناصیب دەچنە سەر فعلیمضارعي معتل اللام: واو و (ی) لەسەردەکرێنو وەکو لن يغزوَ ولن يرميَ حە رەکەکە لەم دوە لەفظیە بەڵام ئەلف هەروەکو خۆی دەمێنی وا تە کو لە حالّەتی رەفع ساکن بو، لەم حالّەتەش دەمێنی بە ساکینی: چونکە ئەلف هیچ حەرەکێکی قبول ناکات، وەکو لن يخشى لێرەدا نەصبەکە تەقد یر یە ( **ويسقط الناصب والجازم النونان سوى نون جمع المؤنث**) هەر کاتێ عامیلی ناصب وجازم بخرێتە سەر فعلی مضارعي معتل

اللام. ئەم عامیلانە. نونەکانی (أفعال خمس)ە حەزف دەکەن . چونکە ئەم نونە نیشانەی ئیعرابن. وەکو حەرەکەی مفرەدەکان. ئیلا نونی جەمعی مؤنث. جاغائب بێت یان مخاطب ئەوە لەشوێنی خۆی لاناچیٚ، چونکە ضمیری فاعلە: بەڵی ئەم (مسئلە) لە پێشانیش باسکراوبو: ئێستا دووبارەیە. بەڵام ئەم دوبارەیە لەبەر ئەوەیە چونکە ئەوەی پێشان دورکەوتووە بۆ ئێرە، وەهەروەها بۆ ئەوەی فەقی بزانێت کە هیچ جیاوازی نیە لەنێوان سالم وغەیرە سالم: لەم مسئلەیە: جادەیەوێت میسالەکان بهێنن دەفەرمویٚ: (**فتقول : لم یغزُ لم یغزُوا لم یغزوا**.) یانی تۆ دەڵێیت لەکاتی داخل کردنی عامیلی جازم بەسەر فعلی مضارعی معتل اللام (لم یغز) ئەسلەکەی یغزو. بو بێت (لم) واوی لاداوە. (لم یغزُوا) یغزوان) بو. نونی لاداوە (لم یغزوا) بو جمع مذکری غائبە، ئەسلەکەی یغزون ، بو لە نزیك ئەگینا یغزوون)ە بو بە دوو واو: وەکو ینصرون، بەڵام واوی لام الفعل نەماوە. جا لەکاتی عاملی جازم بچێتەسەر نونەکەی لادەبا. بو بەلم یغزوا. لە پیتەکان وەکو تەئنیث وایە. بەڵام واوی تەثنیە سەری هەیە. واو جمع ساکنە : دەبا چواردە میسال تەوا بکەین : (لم یغز لم تغزوا) نونەی نەماوە (لم یغزون) هیچ لانەدراوە: (لم نغز) واو نەماوە (لم نغزوا) نون نەماوە (لم نغزا) نون حەزف کراوە: (لم نغزي) (لم تغزوا)نون لەهەردوکیان حەزف کراوە (لم تغزون). نون ماوە: جابراکەم تۆ دەزانی میسالەکان کامیان بۆ کییە، چونکە زۆر جار باسکراوە (لم اغز) و لم نغز) بۆ هەردوك متکلم، واوی هەردوکیان حەزف کراوە، ئەمە میسالی واوی بوو، ئەو جار میسالی یائی دەهێنیٚ دەفەرمویٚ (**ولم یرم** )(ی) نەماوە (**ولم یرمیا** )ئەسلەکەی یرمیان بۆ نون نەماوە ولم یرموا. ئەسلەکەی یرمیون بو بەڵام لام الفعل پێش تر حەزف کراوە، بویتە یرمون. وەلەکاتی عامیل جازم هاتسەری: نونی حەزف کرد بوبە لم (یرموا) تاکو چواردەمیسال بوو. ئەوجار میسالی ئەلف باس دەکات (لم یرض) ئەلف نەماوە (لم یرضا) نون نەماوە (لم یرضوا) ئەسلەکەی (یرضیون) وەکو یعلمون بوو، بەڵام لام الفعل پێشان حەزف کراوە، بویتە یَرضَون. کە عامیلی جازم

هاتەسەری.نونی لا دا، بو بە لم یَرْضَوا..وە لێرەش چواردە میسال بژمێرە: جا بۆ حزف كردنی لام الفعل ونونەكان.

بە گویرەی یاسای رابراو كاربكە: ئەوجارە د ێیتە سەر عامیلی ناصیب دەفەرموی( **لَنْ یغزُو**) واو ماوە مفتوحە.(**لن یغزوا**) نون حذف كراوە( لن یغزوا) هەروەهانون حزف كراوە، چواردە میسال بەم شێوە بینا كراوەئەمە میسالی واوی: ئەجارە بۆ یائی (**لن یرمی** ) (ی) لەسەر( **لن یرمیا لن یرموا**) نونی هەر دوكیان حەزف كراوە، برۆبۆ چواردە میسال: ئەوجارە بۆ ئەلف (**لن یرضی**) ئەلف ماوە بەلام ساكنە، چونكە قبول حەرەكە ناكات( **لن یرضی لن یرضوا** ) نونی لەهەردوكیان لاچوە لەكاتێك حوكمی حروفەكانی علله، مان زانی لەمفردەكان كەلام الفعل بون. وە زانیمان لەكوێ دەروات ولە كوێ ناروات جاد ێتە سەر ئەم شوێنانی تر وەكـــو تثنیە و :هتد: ئایە لەكوێ دەروات وە لەكوێ دەمینی. جافەرموی( **وتثبت لام الفعل في فعل الأثنین مطلقا**) واتە لام الفعل دەمێنێتەوە لەمضارعی معتل اللام. لە هەمووجۆرە تەثنیەكی، جائەم **لا الفعل**)ە واو بی یان (ی) وە ئەم مضارعە ش مضموم العین بی: یان مەكسور بی یان مفتوح بیَ وەلە حالەتی رەفعی یان نصبة یان جەزمە: وە مذكرێت یان مؤنث وەكولە میسالەكانی روون دەبێتەوە(**لعدم موجب القلب في الثلاثة**) چونكە شتێ: نیە كەواجب بكات قەلبی ئەم لام الفعلە بەئەلف. ( ئەگەر هەبێت: شتێك هەریەكە رێگانەدات بۆ ئەم قەلبە: جاكە بونی نیە { موجب القلب} بو هیچیان نیە لەم سێ بابە، كە ئەوانن: یغزُوان برمیان یرضیان (**حتی یحذف**) جاكە موجبی قەلب نەبێ چۆن حەزف دەكرێ.

چونكە لەكاتێك ئەم لام الفعلە حەزف دەكرێت كە مەرجەكانی قەلب مەوجودبن وەهیچ رێگرریش نەبێت: ئەوجار كەقەلب كرا دوو ساكن دەگەن بەیەك، بەناچاری لام الفعل لادەبرێ: بەلام لێرەدا ناگونجێ قەلب بكرێت ، كەواتە (التقاء الساكنین) نەبو تاكو ئەم لامە حەزف بكرێت ، یەك دەڵێ بۆ ناگونجێ ئەم لامە قەلب بكرێت بە ئەلف. لەوە لامدا دەفەرموێ (**أما في المكسور والمضموم فعلدم فتح ما قبل**

**اللام)** گوتمان لیرە ناگونجێ کەئەم لام قەلب کرێت بە ئەلف. جادەلێت. بزانە لەم فعلە مضارعەی کەعین الفعلەکەی مەکسورە. وەکو یرمیان . یان مضمومە وەکو یغزوان. لەبەر ئەوە ناگونجێ چونکە ئەم حەرفی کە لەپێش لام الفعلە مفتوح نیە: بەڵکو یان مەکسورە یان مضموم، وە یەك لەمەرجەکان ئەوە بو کە ما قبل مفتوح بێت: ئەوەش نیە. کەواتە چۆن قەلب دەکری وە لە هەمان کات ئەلفی تەثنیە ش رێگرە لەقەلب (**وفي المفتوح فالموجب الفتح بعده**)بەلام لەم مضارعەی کەمفتوح العین)ە. وەکو یرضیان. لێرە رێگرێك هەیە لەم قەلبە. کە ئەمەش ئەلفی تثنیە یە کەواجبە حرفی پشتی مفتوح بێت . جائەگەر ئیمە ئەم لام الفعل)ە بکەین بە ئەلفو بی هێلی نەوە: وای لیهات پێش ئەلفی تثنیە ی ساکن بوو: ئەمەش نابێت، وەئەگەر حەزفی بکەین، وبگوترێ یرضیان. ئەم تەثنیە إلتباسی دەبێت بەصیغەی مفردی، وەکو خۆی دەفەرموو (**ولزوم اللبس حين النصب**) واتە إلتباسی دەبێت تثنیە بەمفردی: لەکاتی عامیلی ناصیبی بچێتەسەر بۆوێنە یرضیان (ی) بکە بە ئەلفو حەزفی بکە لەبەر گەیشتنی دووساکن. دەبێتە یرضان، جاعامیلی ناصیب بهێنە دەبێتە لن یرضا. چونکە نونی تثنیە لادەچێ، وەك مفردی دەمێنێتەوە. وەئەگەر یەك بڵێ مفرد بە (ی) دەنوسرێ وەکو یرضی. وە تثنیە ش بەئەلف دەنوسرێ وەکو یرضان. دەڵێم راستەکەی، بەڵام لەکاتی نوسین جیاوازن. لەکاتی (تلفظ) جیا نین کەواتە هەر ناتوانین دەست کاری ئەم لام الفعل)ە بکەین (**وفي جمع الأناث لسكونه**)وە هەروەها لام الفعل ئەمینێتەوە لە فعلی جەمعی مؤنث. چونکە مەرجی لی نەهاتوتە جێ: کە فەتحەیە. بەڵکە ساکنە، وەکوە یغزون ویرمین( **ويحذف من فعل جماعة الذكور**) لام الفعل حەزف دەکرێت لەجەمعی مذکر بەواجبی، جائەم جەمعە غائب بی یان مخاطب. چونکە التقاء الساکنین رودەدات. لەبەر هەندێ لام حەزف دەکرێت: وەکو یغزون ویرومون و یرضون. ئەسلەکەیان یغزوون بەدوو واو، ویرمیون وەکو یضربون. ویَرْضَیون وەکو یعلمون . لە هی یەکەم حەزفی حەرەکە کراوە، لەهی دووەم نەقل کراوە بۆ حەرفی پێشە خۆی وە لە هی سێهەم قەلب کراوە بە ئەلف جا لە هەرسێکیان

حەزف کراوە( **والواحدة المخاطبة** )لام الفعل حەزف دەکرێت لەمفردی مؤنث مخاطبة. وەکە تغزین. ئەسلەکەی تغزوین بو ، وە تضربين کەسرەی واوی نەقل کرا بۆ حەرفی پێش خۆی دوو ساکن گەیشتن بەیەك. جا واوی لام الفعل لادرا. بوبە تغزین: جا بەرێزیان دەیەوێت میسالی هەموویان بهێنی دەفەرموێ( **فتقول یغزو یغزوان یغزون**) ئەمە بۆمذکری غائب مفردو تەثنیە وجەمع. بەڵێ یغزو ضمە ی واو حەزف کراوە: یغزوان، ئەلف ونونی ثنیە ی پیوە لکاوە، وەهیچی حەزف نەکراوە. یغزون ئەسلەکەی یغزوون بوو واوی یەکەم واتە لام الفعل حەزف کراوە وەزنەکەی یفعلون)ەیە ( **تغزو تغزوان یغزون** )ئەمەش بۆ مؤنث غائب، هی یەکەمو دووەم. وەکوە هی پیشەوە، بەڵام یغزون کە جمعی مؤنثە هیچ دەستکاری نەکراوە لەسەر وەزنی یفعلن)ە یە وەکو ینصرن (**تغزو تغزوان تغزون**)ئەم سێیەش بۆ مزکری مخاطب)ە. وە ئیعلالەکەیان هەروەکو غائبەکانیان وابە( **تغزینَ تغزوان تغزون** )ئەمە مؤنثي مخاطبة هەرسێك میسالەکان. گوتمان تغزین کە مفردە ئەسلەکەی تغزوین بو وەکوە تنضرین. وە لەپشان با سمان کرد. وە دووەمو سێهەمیش. وەکو ئەوانی پێشوو وانە لە ئیعلال کردن( **أغزو نغزو**) ئەمەش هەردوك متکلمە کان واوەکەیان ماونەتەوە بەساکن: براکەم بۆ زیاتر شارەزابوون لەئیعلالەکان بروانە شەرحی مامۆستای پایەبەرز مامۆستا ملا عبدالکریم خودا تەمەنی درێژ بکات.

(**ویستوی فیه فعل جماعة الذکور والإناث**) واتە یەك سانە لە لفظدا لەم مضارعەی مضموم العین لەمعتل اللام)ی صیغەی جەمعی مذکرو جەمعی مؤنث (**في الخطاب والغیبة جمیعاً** )جاکەوەك یەك وانە. لە جەمعی مخاطب وغائب دابۆ وێنە. دەڵێن هم یغزون، هن یغزون بۆ غائب، وانتم تعزون وانتن تغزون: بۆ مخاطب : ژن پیاویەك سان بون لەم دوو صیغەیە: غائب ومخاطب ( **والتقدیر مختلف**) بەڵێ گوتمان لەفظە کەیان وەکو یەکە: بەڵام لە فەرضو تەقدیر لێك جیان. کەتەماشای ئەسلەکەیان بکەین، ( **فوزن جمع المذکر یفعون وتفعون**) واتە وەزنی جەمعی مذکران، غائبەکە کە (یغزون)ەیە لەسەر وەزنی یفعون)ەیە. ومخاطب کە تغزون)ە یە

تفعون)ەیە کەلە هەردوکیان لام الفعل نەماوە. چونکە گوتمان ئەسلەکەیان یغزوون وتغزوون)بوە بە دوو واو. لەسەر وەزنی یفعلون وتفعلون)ە. بەڵام کەلە مەوزونی لام حەزف کرا: لەمیزانیش هەروەها **(والمؤنث یفعلن وتفعلن)** یانی میزانی جەمعەکانی موءنث یغزون غائبە لەسەروەزنی یفعلن)ەیە. وە تغزون)ە کە مخاطبە لەسەر وەزنی تفعلن)ەیە. کە هیچیان لی حەزف نەکراوە: یانی واوی جمعی مزکران لە هەردوك میثالەکا ن نەماوە ئەوەی ماوە هی جەمعە: بەڵام هی جەمعی مؤنث لام العفل)ە ئەو جارە هاتە سەر میسالی (یفعل) یەکەسرەی عەین الفعل. کە یائیە: دەفەرمووێ **(ویرمی یرمیان یرمون)** تودەڵێت لە میثالی مضارعي معتل اللام لەبابی دووەم لەیا ئی یرمی یرمیان یرمون ئەم سێیەبۆ مذکری غائب **( ترمی ترمیان ترمین)** ئەمەش بوو مؤنثی غائبە **(تَرْمی تَرْمِیان تَرْمُونَ)**بو مزکري مخاطب **(تَرْمِینَ تَرْمِیَانِ تَرْمِنَ )**بو مؤنث مخاطبە**( أَ رْمی نَرْمی)** هەردوك متکلم ئیعلالەکەیان بەم شێوەیە: مفرەدەکان هەروەکەی لامیان لاچوە تثنیە کان لام الفعل ماوە: وەلە هەردووك جەمعی مزکر لام الفعل نەماوە: چونکە ئەسلەکەیان (یرمیُون)و وترمیون) بوە،: وەهەروەها مفرەدی مؤنثی مخاطبە ش لام الفعل نەماوە. چونکە ئەسلەکە (ترمین)بوە بە دوو (ی) لەسەروەزنی تضربین)ە. (ی) یەکەم لام الفعلە. وەهی دووەم هی مفردی مؤنث مخاطبیە وە فاعلە وضمیرە حەزف نابێت: جاکەسرە لەسەر (ی) گرانە حەزفمان کرد. دوو ساکن گەیشتن بەیەك تر. هی لام الفعل لادرا. بو بە ترمین لەسەروەزنی تفعینە یە **(واصل یرمون یرمیون)** واتە ئەصلی یرمون)ی: یرمییون)ە وەکو یضربون**( ففعل بە اعلال رضوا)** جائەم یرمیون ئیعلال کراوە وەك ئیعلالی (رضوا)ی. کە ئەسلەکەی رضیوا بووە. ضمە ی هەردوکیان نەقل کراوە بۆ پیتی پێش خۆیان لە دوای لابردنی کەسرەکە. پاشان (ی) لەهەردووکیان حەزف کراوە لەبەر (التقاء الساکنین) **(وهکذا حکم کل ما کان ما قبل أخرە مکسوراً)** وەکویرمی وایە لە ئیعلالی لام الفعل: بۆ حەزف کردنی ومانەوەی وناصبو جازم: هتد حوکمی هەر فعلە مضارعیك کە معتل اللام بێت وحەرفی پێش حەرفی ئاخریش

لە ژێر بێت (**کیُهْدي** )ئیستا یهدی فعلی مضارعە لەبابی افعال. ئەسلەکەی یهدی. بو ضمە گرانە لەسەر (ی) لاماندا( **ویناجي**) مضارعي بابی مفاعلە یە. ئەسلەکەی یناجي بو . وەکو یقاتل (**ویرتجی**) بابی افتعال)ە ئەسلەکەی یرتجی بو وەکو یجتمع. وە لە دوورە وەش یرتجو) بوچونکە واویە. بەڵام واوکراوە بە (ی) (**وینبري**) بابی انفعال)ە.

(**ویستدعي** )بابی استفعال)ە ئەسلەکەی یستدعو بو، واوکراوە بە (ی) لەبەر ئەم قاعدەی کە باسکرا. کە گوتمان . هەر واوێك لە دوای حەرفی سێهەم بێت دەکرێت بە (ی). لە م هەموانە. ضمە گرانە لەسەر (ی): ضمە ی حەزف کراوە، وە کو لە (یرمی) حەزف کراوە(**ویرعوی**) بابی إفعال)ە ماضیە کە ی إرعوی(**أصلە یرعوو**) ئە سلی یرعوی، یرعوو: بو بە دوو واو وەکو یحمرر(**قلبت الواو الأخیرة یاءً لوقوعها خامسة**) قەلبی واوی ئاخرمان کرد بە (ی) چونکە لە پلەی پێنجەمە. وە گوتمان هەرواوێك لە دوا سێهەمی بێت. دەکرێ بە (ی) جابوبە یرعوی. پاشان ضمە لەسەر (ی) گران بو. لاماندا بوبە یرعوی یەك دەڵێت بۆچی قەلب دەکەی بۆدەغمی واوی یەکەمی بۆناکەی لەوەڵامدا دەفەرمو( **ولم ید غم للنقل**) واوی یەکەم دەغم نەکرا لە دوای دووەم: چونکە ئەگە ردەغم بکرێت ووشەکە گران دەبێت یەك دەڵێت. إدغام گران پەیدا ناکات بەڵکە سوکی پید ا دەکات: جا دەڵێت (**والإدغام قد یوجب الثقل**)بەڵی راستە بەڵام هەندێك جار إدغام گرانی پەیدا دەکات. یەك دەڵی چۆنی دەزانی کەجار جار إدغام گرانی دروست دەکات دەڵێم (**ویدرك بالذوق**) ئەمە ی کە إدغام گرانی دروست دەکات دەزاند رێ بەزەوق وطبیعە تی ئەوکەسانەی تلفظ بەم ووشەیە دەکەن. یاخود تۆخۆت دەزانی یرعوی خۆش ترە. لە (یرعوّ) بە إدغام( **ولأن الأعلال مقدم علی الإدغام** )ئەوە بەڵگەی دووەمە بۆ نەکردنی ادغام. یانی لە بەر دووشت. دەغم نەکرا. یەکەم گرانی ووشە: دووەم ئەویە. لە هەر وشیەك یاسی ئیعلال ودەغم هەبوو. ئیعلال پێش دەکەوێ لە سەر ادغام (**لو لم یلزم بعدالأعلال ایضاً**) بەو مەرجە ئیعلال لە پێشە ئەگەر إدغام دروست نەبێتەوە. لەدوای ئیعلال وەکو لە

پێشی هەبو( **كما في إتّعد**)وەکو لە ووشەی (ا تعد)ە وایە ئەسلەکەی أ و تعد)ە بو وەکو لە پێشان باسکراوە: جاواوساکن ما قبل مەکسور. دەکرێت بە (ی) پاشان (ی)لە (یی) ی بابی افتعال دەغم دەکرێت لێرەدائیعلال بکەی‌و نەکەی هەرروبە ڕوی ادغام دەبیەوە: کەواتە لەم شوێنانە ئیعلال فەرامۆش دەکرێت بۆ ادغام واوەکە بکە بە (ی)و دەغمی بکە( **وبعده يفوت**) بەڵام لەمیثالی ئێمەدا. واتە (یرعوی) لە دوای کەئیعلال کرا. إدغام نەما. چونکە دووپیتی وێنەدار نەمان یەك ماوە ئەوەی تریان بو بە(ی) پوختە ئەوەیە لەووشەی، یرعو ادغام نەکرا چونکە لەپێشی ئیعلالە لەبەر گرانی نەکرا. وە لە دوای ئیعلالیش إدغام ڕێك ناکەوێ چونکە یەك لە دوو مثلە کان قەلب کرا بە (ی): یەك بێت دەڵێت بۆچی واوی یەکەمت نەکرد بە ئەلف. کەچی قاعدە مەوجودە: واتە (واو متحرك وما قبل مفتوح) لەوەڵامدا دەفەرمووێ( **ولم يقلب الواو الأولى الفاً**) واتە واوی یەکەم قەلب نەکرا بە ئەلف( **مع وجود قاعدته**) کەچی یاسای قەلب کردنی بەئەلف مەوجودە: یانی واو متحرك وما قبل مفتوح( **لئلا يلزم الضم على الياء** ) تاکو ضمە نەکەوتە سەر (ی) بۆوێنە ئەگەر بگوتری یَرعایُ لەکاتی قەلبی واوی یەکەم بەئەلف ضمەکە دەکەوێتەسەر(ی) وە ئەگەر (ی) ساکن بکرێت التقاء الساكنين دەبێت: کەواتە. نابی واوی یەکەم بکرێت بە ئەلف: پێشان گوتمان واوی یەکەم (دەغم نەکرا لەبەر گرانی ئەم ووشەیە: وە هەروەها ئەم واوە نەکرا بە ئەلفیش تاکو ضمە لازم نەبێت لەسەر (ی) ئەوجارە دەفەرموێ( **ويجرى ايضاً في الإدغام**)واتە ئەم دەلیلی دووەم دەگونجێ بو إدغامیش. هەروەکو بۆقەلبی واوی یەکەم بەئەلف دەگونجا: یانی گوتمان واوی یەکەم ناکرێ بەئەلف تاکو ضمە لازم نەبێت بۆ (ی) ئەو جارە دەڵێین. واوی یەکەم دەغم نەکرا لەواوی دووەم تاکو ضمە لازم نەهێت لەسەر واوی ئاخری: پوختە ئەوەیە. واوی یەکەم چ بکرێت بەئەلف‌و چ دەغم بکرێت ضمە هەر دەبێت، بەڵام لەکاتی قەلب بە ئەلف بکەی ضمە لەسەر (ی) دەبێت، بەڵام لەکاتی دەغم بکەی لەسەر واوی دووەم دەبێت: ضمە ش لە هەر دوکیان گرانە: وەکو خۆی دەفەرموێ( **للزومه على الواو فيه**) واوی یەکەم دەغم

نەکرا لەبەر واجب بونی ضمە لەسەر واوی دووەم لەکاتی إدغام: چونکە دەگوترێ یَرْعَوٌّ بەشەد، دە ئەمەش گرانە: یەك دەڵێت ئەم واوی یەکەم قەلب نەکرا بە (ی) هەروەکو قەلب نەکرا بە ئەلف( **مع وقوعها رابعة**) لەگەڵ ئەوەش. کەیاسی قەلب کردنی مەوجودە. کە واقیع بووە لە پلەی چوارەم ( **لأن قلب ما فوق الثلاثة إنما هو في لام الفعل**) چونکە قەلبی ئەم حەرفەی کەدەکرێ بە (ی) لە دوای حەرفی سێهەم: تەنها بۆ ئەم لام الفعلە یە کە هیچ لام الفعلی تری لە دوا نەبێت. وەکو لەمەودوا بە خۆی دەڵێ: وە شتێکی دیارە، ئەم واوی یەکەم. لام الفعلی تری لە دوایە.

(**وقيل لئلاّ يلزم إجتماع الأعلالين بلا فصلٍ**) واتە گوتراوە، قەلبی واوی یەکەم، کە نەکرا بە (ی) لەبەر ئەوەیە تاکو دوو ئیعلال کۆنەبنەوە لەیەك ووشەدا، بەبێ پەردە لەنێوانیادا، چونکە ئەمە دروست نیە: بەڵام ئەگەر فاصل لەنێوانیان هەبێ دروستە: وەکو،لە لە فیفەکان باس دەکات لەمەودوا بەیارمەتی خوای باڵا دەست ( **ويجري في عدم قلبه الفا**) واتە ئەم بەڵگەیە. دەگونجێ . بۆقەلب نەکردنی واوی یەکەم بە ئەلف یانی دەتوانی لێرەش بڵێت بۆچی ئەم واوی یەکەم نەکرا بە ئەلف: لەبەر ئەوە بوو تاکودوو ئیعلال کۆنەبنەوە لەیەك ووشەدا وپیشانیش گوتمان لەبەر ئەوە دروست نیە: تاکو ضمە لەسەر(ی) لازم نەهێت ( **واعِیَ وْرای یَعْرَوْري**) ئەمەش عەطفە بەسەر یرعوی‌و بر اکانی، بەڵام نازانم بۆچی لێرەدا ماضی گوتووە. وە لەوانی پێش تەنها مضارعی گوتبو: یانی ئەم بابەش وەکو (رمی) یرمی) وایە (**وإعْرَوْريی يعرَوْری**) ئەمەش لەبابی ا فعیعال)ە وەکو اعشوشب اعشیشاباً: ئەسلی اعروری) کە ماضیە (اعرورو) واو واقیعع بە پلەی شەشەم کردمان بە (ی) وە پاشان (ی) کرا بە ئەلف: یَعْرَوْری ئەسلەکەی یعرَوْرُوُ: بو واو کرا بە (ی) وضمە ش لەسەر (ی) گرانە. لادرا: بوبە یَعْرَوْری( **وتقول يرضى يرضيان يرضون**) تۆ دەڵێت لە مضارعیی معتل اللام، بابی چوارەم یرضی. ئەسلەکەی یَرضوْ بو وەکو یعلم، واو لەمەرتەبەی چوارەم کرا بە (ی) وە (ی) ێش بەپێیءیاساکرا بەئەلف:

یرضیان. ئەلفو نونی تە ثنیە دانیٚ: دەبێـە یرضیان یرضون. ئەسلەکەی یرضَون بوو: وەکو یعلمون. (ی) کرا بە ئەلف. بو بە یرضاون لەبەر التقاء حەزف کرا. بوبە یرضون . ئەمە هەرسێك بۆ مذکري غائب: مفرد وتثنیە و جەمع(**ترضی ترضیان یرضین**) ئەمەش بۆ هەر سێك مؤنثی غائبە. (ی) لە هی یەکەم کراوە بە ئەلف و دەوەکانی ترماوە (**ترضی ترضیان ترضون**)ئەمە بو مذکري مخاطب. هەر وەکو غائبکانی خۆیانن لە ئیعلال( **ترضَیْن ترضیان ترضَیْن**)ئەمەش بو مؤنث مخاطبەجا ترضین. کە مفردە : ئەسلەکەی لەنیزیکەوە، ترضیین وەکو تعلمین بە دوو (ی) یەکیان لام الفعلە. وە دووەمەکە ضمیرە وفاعلە. جا هی لام الفعل کرا بە ئەلف بەگویرەی یاسا، بوبە ترضایَنَ لەبەر دوو ساکن ئەلف لادرا بو بە ترضین، لەسەر وەزنی تَفْعَیْنَ. چونکە لام الفعلی نەماوە بەلام ترضین. کە جەمعە. هیچ حەزفی لیٚ نەکراوە: کەواتە لەسەر وەزنی تَفْعَلْن)ەیە وەکو تَعْلَمْنَ ( **أ رضی نرضی**) بۆ (متکلم)کان : ئەسلەکەیان (رضيُ ونرضیُ بوو. (ی) لەهەردوکیان کراوە بەئەلف (**وهکذا حکم کل ما کان ما قبل لامة مفتوحاً**) وەکو یرضی وایە حوکمی هەر فعلێكَ کەمعتل اللام، بی وەحەرفی پێش لام الفعلە کەی مفتوح بیٚ لە هەر صیغەك کە لێرەدا قەلب کرا بێت لەویش دەکریٚ وحەزف کرابێت حەزف دەکرێت، و مابێـتەوە لێرەدا. لەویشا دەمێنێتەوە( **نحو یتمطی**) ئەمە مضارعي یا ئی (تفعل)ە وەکو تکسر یتکسرُ: یتمطی ئەسلەکەی یتمطو بوو. واو لەپلەی پێنجەم قەلب کرا بە(ی) پاشان بە ئەلف (**ویتصابی**) ئەمەش مضارعي بابی (تفاعل)ە ئەسلەکەی یتصابو، بوو، وەکو یتباعد: لە ئیعلال وەکو هی پێشوە( **و یتقلسی**) ئەمەش مضارعي بابی تفعلل)ە ئەسلەکەی یتقلسوُ)بوو. وەکو یتدحرج، بەلاّم لەهەندێك حاشیەکانی تصریفی ملا علی نوسراوە. ئەمە یائیە: بەلاّم لەم عبارەتی کە ئێستا دەلێت: دەردەکەوێت کە ئەویشیان واویە( **واصل مصادرها** ) واتە ئەسلی مەصدرەی لەم سیٚ فعلە: کەمصدرەی ئێستاکە ئەوەیە( التمطی والتصابی والقلسي)، جائەسلی ئەم مصدرانە (**التَّمطوُ والتَّصابُو والتَقَلْسُو**) یانی پێش ئیعلال بکرین بەم شێوە بونە( **قلبت**

**الواو ياءً**) جا قەلبی واو کرا بە (ی) چونکە (ی) سوك ترە: پاشان ضمە ش کرا بەکە سرە. لەبەر مناسبەی (ی) یەك دەڵێ بۆ ئەم واوە کرا بە (ی) جا دەفەرموێ( **لرفضهم الواو المتطرفة المضموم ما قبلها**) چونکە عەربەکان تەرکیان کردووە لە بەر ئەوی لای ئە وان دەست ناکەوێ واوێك (متطرف) واتە لە دواوە بێت وە حەرفی پێشوی مەضموم بێ یانی ئەم جۆرە ووشەیە لە زاراوای عەرەبیی نیە (**في الأسماء المتمكنة** ) بەڵام کەنیە: لەم ئیسمانە نیە کە معرەبن. وە ئەم سێ مصدرەی باسکراو جا پێویستە ئیعلال بکرێن: بەڵام لەو ئیسمەی کە مەبنی بێت وەکو هُوَ، یان هەر ئیسم نەبێت، وەکو یغزو فعلی مضارعە: لەم شوێنانە (ممنوع) نیە واو متطرف ما قبل مضموم) وە ئەگەر ضمەکە ئەسلی نەبێت. وەکو هەندێك دەخوێننەوە کُفُواً. لە جیاتی کُفْواً واتە پیتی (ف) مضموم دەکەن : ئەمەش یاسای پێ لکە دار نابێت، وەیان ئیسمەکە هەر عەرەبی نەبێت وەکو أرسطوئەمانە قانون لکە دارناکەن: یەك رەخنەدەگرێت و دەڵێت. ئەدی بوو أولوا: (معرب)ە وە واوەکەش (متطرف وما قبل بۆرە: لەوەڵامدا دەفەرموێ (**واو ألوا متعرضة للقلب**) راستە أولوا معربەوە جەمعەوە مفرەدەکە وشەی(ذو) هەوە وە لە غەیری لە فظي خۆیەتی: واوەکەشی لە دواوەیە بەڵام ئەم واوە ئامادەیە کە لەکاتی نەصبەو جەرە قەلب بکرێت بە (ی): وەکو دەڵێن:جا ئنی أولوا مال ورایتِ أولی مال ومررت بأولی مال. کەواتە مەبەست واوێکی ثابت نیە وەك ئەوەی کە دەروات( **لأنها اعراب**) گوتمان واوی (أولوا) ئامادیە قەلب بکرێت بە (ی) چونکە عەلامەتی اعرابە: وە عەلامەتی اعرابیش هەر لە گۆڕاندایە: یەك دەڵێت ئەدی ووشەی (هُوَ) واوەکەی متطرفە الخ. جادەڵێن (**وهو مبنی**) واتە لە فظي (هُوَ) کەواوی لە دواوەیە وپیتی پشتی بۆرە ئەوەمەبنیە. ئێمەش مەبەستمان بەم یاسایە ئیسمی (معرەبە) بەواتە یاسا هەڵناوەشێتەوە: (ئەمەش بزانە) چارە پردی دەڵێت، چون قەدەغەیە واو متطرف ماقبل مضموم، بەهەمان شێوەش (ی) متطرف ما قبل مضموم قدەغەیە: کەواتە ترامی یترامی ترامیاً بە ضمە ی میم: نابێت بەڵکە ئەو میمە لە ژێر(مکسور)

دەکرێت، دەبێـە ترامیا" یێکێك پرسیاردەکا دەڵێت: ئەگەر هەبوو لە نێوان واو وضمە، یەك لە پیتەکانی (مەددە) ئەم یاسایە کاری پێ دەکرێت یان نا: لە وەلامدا دەفەرموێ (**ولا أثر للمدة الفاصلة بين الواو الضمة في الجمع**) واتە هیچ تەئیسرو کاری گەری نیە وە ئەو مەدەی کە دەکەوێتە نێوان پیتی واو وضمە لەم ووشەیە کە جەمعە یانی هەر کاتی واوێك لە دواوە هات. وضمە کەی لە پێش هەبوو، بەلام لەنێوان ئەم دووانە: یەك لەم سی پیتی مەد دە هەبوو وە ئەم ووشەیەش جەمع بوو. وەکو (عُتُوْوٌ) ئەم مەدە ریگا ناگری بۆ ئیعلال کردنی ئەم جەمع)ە چونکە جەمع گرانە وە دەمانەوێت سوکی بکەین. وە ئەم مەددەش پەردەیەکی بی هێزە ونرخی نیە (**كعُتيّ جمع عات** ) ئێستا عتيٍّ کە جمع المسکره بۆ ووشەی عا تٍ. کە ئیسمی فاعلە: ئیعلال کراوە.

هەرچەندە ئەم مەد دەیە مەوجودە لە نێوانیاندا (**أصله عُتُوْوٌ**) ئەسلی عيَ عُتُوْوٌ بووە: بە دوو واو . **یە**کیان نیشانەی جمع التکسیرە: ئەوی تریان لام الفعلە: جا هی لام الفعل کەوتوتە دواوە. وەحەرفی پێش خۆی کە (ت) یە: بۆرە. وە لە نێوان ضمە و واو: واوی مەددە هەیە وساکنە وبێ هێزە (**قلبت الأخيرة ياءً لهذ ه القاعدة**) قەلبی واوی ئەخیرمان کرد بە (ی) لەبەر ئەم یاسای رابراو : (واو متطرف ماقبل مضموم) بو بە عُتُوْی : جا واوو (ی) کۆبوونەوە: هی پێشو لە دووەکان ساکنە. واوی دیکەش کرا بە (ی) وە دەغم کرا لە هی دووەم: بوو بە عتيٍّ واتە واوی یەکەم وەکو هیو دووەم کرا، ئەم قاعدە لەم و دووا باس دەکرێت بەضمە ی (ی) پاشان (ی) مەکسور کرا بو بە عُتيّ( **بخلاف المفرد كعَتُّوْا عُتُوّاً ومَغْزُ وٍ** ) واتە ئەم رێز نەگرتنە لەو مەد دە تەنها بۆجەمعە. بەلام لە مفردەکان حیساب بۆ مەدە دەکرێت جا ئەم مفردە مصدەربێت. وەکو عُتُواً. یان ئیسمی مفعول بێت وەکو مغزُوٌ: ئێستا عُتُوٌ. ئەسلەکەی عُتُوْوٌ بووە: ومغزُوٌ ئەسلەکەی مغزُوْوٌ بوو، لە هەردوکیان واو متطرف ما قبل مضموم) ئەگەر حیساب بوو مەددە نەکرێت ئیعلال دەکرێت. بەلام چونکە ئەوانە جەمع نینو حیاسبی بۆ دەکرێت وە دەڵێن ماقبل مضموم نیە بەڵکە

ساکنە ئەوکاتە قەلب ناکرێت ، بەڵکە واوی یەکەم لەهی دووەم دەغم دەکرێ (**فلا يجب**) لێرە واجب نیە واو قەلب بکرێت بە(ی) بەڵکە واو لەواوی دەغم دەکرێت . بەڵام لە جەمعی گوتمان قەلب واجبە (**لكن يجوز في مَغْزُوّ مَغْزِيٌّ**) گوتمان لە مفرەدەکان واجب نیە واو قەلب بکرێت. تەنها لەجەمعی واجبە: چونکە جەمع گرانە جادەفەرموێ لە ووشەی (مغزو) کە ئیسمی مفعولە. دروستە واوەکان بکرێن بە (ی) وحیساب بۆ مەدەنەکرێت: چونکە ئەم ووشەیەش لەفظەکەی گرانە: چونکە پێنج حەرفە( **دون عُتو**) واتە لەووشەی (عُتو) کە مەصدرە : بەهیچ جۆر وەوەکانی قەلب ناکرێت چونکە گران نیە، بەهیچ شێوەك: وەهەندێ: دەڵێن لەمصد ریش دروستە ئەم ئیعلالە: بەڵام إدغام زیاترە: وەکو بدا بد وًّا ئەوە إدغام (وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ)(آل عمران:٤٠) ئەمەش ئیعلا لە: جالە پێشان گوتمان لەبابی (یغزو)ی جمعە مذکرو مؤنث یکسان بون.

ئەو جارەش دەفەرموێ (**ولفظ الواحدة المؤنثة في الخطاب كلفظ الجمع في بابي يرمى ويرضى**) واتە دەرکەوت لەم هەمو وئیعلالە. کە لەفظي مفردی مؤنث مخاطبە. وەکو لە فظي جەمعی مؤنث مخاطبە وایە. لە هەر فعلە مضارعێك. کە معتل اللام بێت. وپیتی پێش لام الفعلەی مەکسورین. وەکو یرمی. یان مفتوح بێن وەکو یرضی بووینە. گوتمان تَرْمِين تَرمیان ترمین. هی یەکەم مفردەوە هی دووەم (جەمع)ە. بەڵام لە مفردی لام الفعل لادراوە. لە جەمعی ماوە وهەروەها تَرضَین ترضیان تَرضین. هی یەکەم مفردە لامی نەماوە هی دوودم جەمعە لامی ماوە(**والتقدير مختلف**) بەڵام لە فەرز کردن (تقدیر) جیاوازن( **فوزن الواحدة تفعين وتفعين**) وەزنی مفردی مؤنث لەبابی (یرمی) تفعین. لام الفعلی نەماوە. چونکە ئەسلەکەی. ترمین بووە. وەکو تضربین. وەلە بابی یرض)ِی تَفْعَین)ەیە چونکە ئەسلەکەی ترضین)ٖ بووە. وەکو تعلمین لامی نەماوە واتە ئەوانە هەرێکی دوو (یی) بووە. هی یەکەم لام الفعلە وهی دووەم ضمیرە وفاعلە: جاهی لام الفعل حەزف کراوە. وەکو لە میزانەکەی دیارە (**ووزن الجمع تفعلن وتفعلن**) وەزنی جمعی مؤنث لە

بابی یرمی کە مەکسور العین)ە لەمضارعیك تفعلن : ئێستا پیتەکانی خۆی هەموماون وە لەبای یرضی) کە مفتوح العین)ە لەمضارعي : تفْعَلْنَ یە لیرەشدا هیچ حرفێك حەزف نەکراوە: ئەم پیتی (ی)لام الفعله. وە نونیش فاعله: گوتمان لە بابی یغزو)یجەمعی مذکرو مؤنث یك سانن. وەلە بابی یرمیو یرضی)ی مفردی مؤنث مخاطبه لەگەڵ جەمعەکەی یك سانن: جا بابزانین. ئەوە لە هەموو حاڵەتێکە یاخود لە هەندێك حاڵەتە: جافەرموی (**والألتباس فیها وفي یغزو في حالة الرفع دون النصب والجزم**) یانی یەك سانیو التباس لە بابی یرمی ویرضی وەلە بابی یغزو)ی کەپیشان باسمان کرد. تەنها لەحا ڵەتی رەفع داوەك یەکن: وە لەحاڵەتەکانی نەصبەو جەزمە یەك سان نیە: چونکە لەحاڵەکانی نەصبەو جەزم یەك سان نیە : چونکە لەحا ڵی نصەب و جەزم نونی جەمعی مذکران ومفردی مؤنث مخاطبه. دەروات(بەهۆی عامیلی ناصب و جازم. بەلاّم نونی جەمعی مؤنث . فاعله حەزف ناکرێت. کەواتە لەم دوو حاڵەتەدە (التباس) یان بەیەکتر نابێت ئەوجارە هاتەسەر باسو بەیانی ئەمری بەصیغە: فەرمووی (**والأمر منها**) واتە ئەمری بەصیغە لەم سێ بابە. کە مضموم العین ومە کسور العین ومفتوح العین)ە( **أغز**) ئەمە ئەمرە لەبابی یەکەم. واتە مضموم العین. ئەسلەکەی تغزو بو، وەکو تنصر ضمه ی واوی لەپێشان لادراوە: ئەوجارش حەرفی مضارعیی لادە وەهەمزەکی مضموم بهێنە ئەوەلیو واوەکەی لام الفعل لابدە دەبێتە اغز( اغزوا) ئەسلەکەی تغزوان بوو: حەرفی مضارع-مان لادا. وەهەمزەی وەصل مان لە ئەوەلی زیاد کرد وە نونی ئاخیرمان لادا( اُغزوا ) ئەمەش جەمعی مذکري مخاطبه. ئەسلەکەی لە دورەوە تغزوون)ە بوو بە دوو واو. وەکو تنصرون. بەلاّم واوێك لە پێشتر لادراوە: بویە تغزون. وەکو تفعون. جا حەرفی مضارع حزف کرا. وە هەمزەی لەشوێن، داند را. وەنونی ئاخری لادرا بو بە اغزوا: اُغزی، ئەمەش مفردی مؤنث مخاطبیە: ئەسلەکەی لە دوورەوە: تغزوین)ە بووە: وەکو

تنصرين: واو لە پیشتر حزف کراوە، بوبە تغزين. (ی) حەزف کرا وەهەمزە وەصل[1] زیادکرا وە نونی ئاخری لادرا بوبە اغزي: (ی) لیرەدا فاعله: اغزوا بۆتە ثنیه ی مؤنث. اغزون، بۆ جه معی مؤنث مخاطبه. ئەسلەکەی تغزون بووە. (تی) حەزکراو هەمزە زیادکرا. وە ئەم نونە حزف ناکریّ چونکە ضمیرە: وەکو واوی جەمعی مذکر وایە (إ رم) ئەمەش مەکسور العين)ە لەبابی دووەم. ئەسلەکەی ترمي بوو وەکو تضرب بەلاّم ضمە ی (ی) لەپیٚشتر لادراوە: جا حەزفی حەرفی مضارعیی کرا: وە هەمزەی وەصلی مەکسورە زیادکرا، وەحزفی (ی) لە ئاخری کراوە: بوبە{ارم} بۆ مفردی مذکر مخاطب( **إرميا** ) ئەسلەکی ترمیان: بو (تی) حزف کراوە هەمزە زیادکراوە نونی ئاخری لادرا. بوو تە ثنیه ی مزکری مخاطب( **إرموا**) بۆجەمع. ئەسلەکەی (**ترميون**)بووە وەکو تضربون. بەلاّم (ی) لەپیٚشتر لاراوە. بو بە ترمون (ی)لادرا. وە هەمزە زیادکرا ونی ئاخری لادرا: (إرمی) بۆ مفردی مؤنث مخاطبە. ئەسلەکەی ترميين بوو. بە دوو (ی) بەلاّم (ی) پیٚشتر لادراوە، بوبە ترمين : (تی) لادرا وە هەمزە زیاد کرا ونونی ئاخری لادرا، بوو بە (إرْمی) إرْميا تە ثنیه مؤنث: ارمين جەمعی مؤنث مخاطبە. ئەسلەکەی (ترمين)ە بو(تی) لادرا وهەمزە زیادکرا. نونی ماوە( إرض) ئەمەش مضارعەکەی مفتوح العين)ە ئەسلەکەی ترضي بوو. وە کو تعلم. بەلاّم (ی) کراوە بەئەلف جا (ی) لادرا وهەمزە زیادکرا. وە ئەلف لادرا بو بە إرض، إرضيا ئەسلەکەی ترضيان. بو (ی) لادرا و هەمزە زیادکرا ونونی ئاخری لاد را( إرضوا) ئەسلەکەی لە دوردوە ترضيون بوو بەلاّم (ی) پیٚشتر لادراوە بوتە ترضون. جا (ی) لادراوە هەمزە زیاد کرا ونونی لە ئاخری لادرا بو بە إرضوا.: إرضي : بۆمفردی مؤنث مخاطبە یە ئەسلەکەی ترضين)ە بو. وەکو تعلمين)ە بەلاّم (ی) لام الفعل پیٚشتر لادراوە، بوبە ترضين . (تی) لادرا وە هەمزە زیادکرا ونونی لادرا. بو بە إرضی إرضيا تە ثنیه

---

١ نیعلالی ئەم هەمو فعلە ئەمرانە بکە وە بابە کەیان بزانە (صُم صل زرعا لما زد واكتحل : رتس اليتميم إمسح تصدق واغتسل)

ئەسلەکەی ترضیان بوو: إرضین جەمعی مؤنث مخاطبە.ئەسلەکەی ترضین بوو (تی) لادراو هەمزە زیادکرا: (بەڵی زانیمان کەلام الفعل لە مفردە هەرسێکیان حەزف کراو: ئایە لەکاتی تەئکیدکردنیان بە هۆی نونی تەئکید دەگەرێتەوە یان نا: جا دەفەرموی **(واعیدت اللام المحذوفة ببناء الأمر مع نون التأكيد)** واتە گە راوتەوە شوێنی خۆی[2] ئەم لام الفعل کە حەزف کرا بوو بەهۆی دروست کردنی فعل ئەمر: جا ئەم لام الفعل چ واوبێت یاخود(ی) یاخود ئەلف : هەرسێکیان دەگەرێنەوە شوێنی خۆیان لەگەڵ تەئکید کردنیان بەنونی تەئکید جا چ هی گران بێت ئەم نونە چ هی سوك بێت **(كأغزون)** ئێستا اغزونّ ئەسلەکی (واتە پێش تەئکید کردن) (اغز) بووکەنونی تەئکید هات ئەم واوەکە لام الفعلە گەڕاوە( **وارمينّ**) ئەسلەکەی (ارم) بوو (ی) هاتەوە **(إرضين بردا الالف المعادة ياء)** إرضین بەگێرانەوەی ئەلفەکە: بەڵام کەهاتۆتەوە قەلب کراوە بە (ی) کەلەکاتی خوش(ی)بووە: چونکە ئەلف حەرەکەی قبول ناکات بویە کردمانەوە بە (ی) جا هاتنەوەی ئەم لام الفعل ئەوەیە کەلە صحیح حەرەکە دەگیرێتەوە. لەمعتلەکانیش ئەم حەرفە بەوێنەی حەرکەی صحیحی وایە: و دەگەرێتەوە (یەکێك رەخنە دەگرێت دەڵێت بۆ لام الفعل نەگەڕاوەتەوە لە جەمعی مزکر وەکو لا تخشونّ. وە لەمفردی مؤنثی مخاطبە وەکو لا تخشين. لە کاتێك کە التقاء الساكنين نەما: بەهۆی حەرەکە دار کردنی واوی جەمعی لەهی یەکەم وە (ی) مخاطبە لەهیی دووەم لەوەڵامدا دەفەرموێ( **ولا يعتد بحركة واو لجمع وياء الخاطبة)** واتە (اعتبار) ناکری بەحەرەکي واوی جەمعی وەکو تخشون)ەی وە (ی) مفردی مؤنث مخاطبە: وەکو لا تخشين مع نون التأکید کە ئەم حەرەکەپەیدا بووە لەگەڵ نونی تەئکید **(لانه مع الضمير البارز كالمنفعل كما من)** چونکە نونی تەئکیدی لەگەڵ ضمیری بارزە واتە ئاشکرا کە واوە لە لا تخشون)ەی وە (ی) یە لە لا تخشين)ەی وەکو

---

٢ وەکو بینای ئەمر وایە مضارعی مجزوم بەحەزفی لام الفعل یانی لەکاتی تەئکید کردن دەگرێتەوە.

ووشەیەکی (منفصل)و جیا وایە. لەگەڵ فعلی پیش خۆی: ناتوانی ئەم حەزف کراوەی بهێنەوە: وەکو ئەم باسە پەری لە ئەجوەفی: پوختەی ئەم باسە: کەلەوێ باسکراوە. ئە لفی ضمیری حزف کراوی دەگێریتەوە: وەکو (صُن صونا )ئێستا ئەم ئەلفە واوی هێناوەتەوە جائەم نونە تەئکیدەش یان لەگەڵ ضمیری مستتر دایە. واتە ضمیری بزر یان لەگەڵ ضمیری بارز دایە: واتە ئاشکراو دیار: جا ئەگەر لەگەڵ ضمیر مستتر دابێت مەحزوفەکەی دەگێرێتەوە. وەکوە إرمینَّ ئێستا (ی) هاتوتەوە چونکە نون لەگەڵ ضمیری (انت)یە کە مستترە لەفعلی ئەمر: وە ئەگەر ئەم نونە لەگەڵ ضمیری بارزە بێت: حەزف کراوەکەی ناگەڕێتەوە. وەکو( اخشون واخشین) کەواو و(ی) ضمیری باریزەنە ئەوان دەبن بە فاعل ئەم مەحزوفە کە (ی)یە نەهاتۆتەوە کەئەسلەکەیان تخشیون وتخشیین)ە بووە (ی) بەهوی ئیعلال نەماوە فعلی ئەمر تەواو بوو. باسی ئیسمی فاعل دەکات دەفەرموێ (**واسم الفاعل منها غاز غزيان غازون**) ئەم سێ میسالە بۆ مذکرە: مفرد وتە ثنیە وە جمع: غازٍ ئەسلەکی غازوٌ بووە یاسا دەڵێ. واو متطرف ما قبل مەکسور قلب کرا بە (ی) بوبە غازیٌ جا ضمە ی لەسەر (ی) گرانە لاماندا دووساکن گەیشتن بەیەك تر: کە (ی) وتەنوین)ە (ی) لادرا: بوو بەغاز غزیان ئەسلەکەی غازوان. بوو لە هەمان یاسا کرا بە (ی) غازون. ئەسلەکی غازوون)ە بوو بە دوو واو. یەکی لام الفعلە ئەوی تر نیشانەی رەفعە: واوی یەکەم کرا بە "(ی) بە م یاسایە. بو بە غازون. ضمە لەسەر (ی) گرانە نەقل کرا بۆ پێش خۆی. دووساکن گەیشتن بەیەك تر: کە (ی) یە واوە) (ی) لادرا بو بە غازون: لەحالێ رەفعە)وە لە دوحا لەتی تر غا زین . ئەم جەمع السلامەی مذکر: جا ئەوانی تر بەهەمان شێوە. وەکو رام رامیان رامون هتد راضیٍ راضیان راضون جاباسی جەمع التکسیر بکەین کە هەشت وەزنی هەیە( **غُزّاء**) بەضمە ی پیتی یەکەم. وە هی دوەم بە شەددە لەگەڵ ئەلفی ممدود: ئەسلەکەی غزّو بوو واوکراوە بەهەمزە چونکە لە پاش ئەلفی زائدە هاتووە(**غُزيًّ**) بەضمە ی پیتی یەکەمی وەفەتحەی دووەم بەشە ددە: ئەسلەکەی غُزَّوٌ بوو واوکراوەبە(ی) چونکە (**متطرف ما قبل غيره مضموم**) پاشان کرا بە ئەلف و

حەزف کرا) بو بە غُزیًّ (**غزاة بضم الفاء وتحفيف العين**) سێهەم غزاة. بەضمە ی فاء الفعل: وە عەین الفعل بەسکونی واتە بە شەددە ئەسلەکەی غزوة) بوو: واوکراو بە ئەلف( **وهذا البناء مختص بالناقص** ) واتە ئەو میزانی دوایی: تایبەتە بە معتل اللام چونکە لام الفعلی قەلب دەکرێ بە ئەلف وسوك دەبێت وەکو قضاة ونجاة...هتد: (**غُزْ وٌ**)بەضمە ی یەکەمی وسکونی دووەمی (**غزوان**) هەروەها بەڵام ئەلفو نونی زیادکراون (**غزاء**) بەکەسرەی یەکەمی لەگەڵ ئەلفی ممودە (**أصله غزاو قلبت الواو همزة ابتداء**) ئەسلی غزاء. غزاو بوو: قەلبی واوی کرا بە هەمزە: لە ئەوە ل جارەوە. یانی پێش کەبکرێت بەئەلف: بو بە غزاء (**لأنهما تقلبان همزة إذا وفعتها طرفا بعد الف زائدة**) چونکە قانونە کەواو وە (ی) قەلب دەکرین بەهەمزە لەکاتێك کە وتنە ئاخری هەر ووشەیەك وە لەدووای نەلفێکی زیادەوە هاتن (**ككساء ورداء**) وەکو ئەم دوومیساله : ئێستا کساء ئەسلەکەی کساو بوو ورداء ئەسلەکەی ردائ بوو واو وە (ی) قەلب کران بەهەمزە چونکە یاسا کەیان تێدا هاتوتەجێ ( **او قلبت الفا ثم حركت كما مر في صائن**) ئەو جارە دەڵێین غزاء کە ئەسلەکەی غزاو. بوو لە ئەوەلەوە واوی ناکەین بەهەمزە بەڵکە قەلبی دەکەین بەئەلف. پاشان حەرەکە مان پێدا. هەروەکو ئەم یاسایە: رابرا ووە باسکرا. لە صائن)ی کەئیسمی فاعلە لە ئەجوەفی کە گوتمان ئەسلەکەی صاو بوو (واو متحرك وما قبل مفتوح کرا بە ئەلف پاشان حرەکە دارکرا. وە ئەگەر بڵێیت ماقبلی واوی مفتوح نیە. بەڵکە ساکنە کە ئەلفە، گوتمان ئەو ساکنە: پەردەیەکی بی هێزەوابزانە حەرفی پیشو لە سەرە(مفتوح) بەڵام قاول وبایع وغزو وظیبي. وە ، واو ، وە ، أی ئەمانە ئەم یاسایە یان تێدا مەوجود نیە. جا ئەوەی کەئیعلالیش کراوە بە یاسای ترە(**غُزِیٌّ**) حەوتەم غُزِیٌّ وەکو عُتِیٌّ (**اصله غزوو**) و ئەسلەکەی غزوو. بوو وەکو عتوو( **قلبت الواو الأخيرة ياء للقاعدة السابقة في تمط**) واتە قەلبی واوی ئاخری کرا بە (ی) کەواوی لام الفعلە لەبەر ئەم یاسایەی کە باسکراوە وەرابرد. لە مەصد رەیەکان. وە کو تمط وەهاو وێنەکانی کە گوتمان هەر واوێك لەئاخری

ووشەیەکی بێت[3] حەرفی پێش واوی بۆر(مكسور) بێت واجبە ئیعلال بکرێت بەومەرجە کە ئیسمە کە (معرب) بێت جالێرەدا غزوو مەرجەکانی ئەم یاسایەی تێدایە یەکێك دەلێت. ئەم واوە: مەددەکی ساکنی لەپێشەوە هەیە: ضمە ی لەپێش نیە جالە وەلامدا دەفەرموی (**ولم يعتد بالمدة في المجموع حاجزاً**) بەلّی لەنێوان واوی وەضمە ی: مەددەکی ساکن هەیە:کەواوی ساکنە: بەڵام هیچ (اعتبار) بایەخ بەو مەددەی نیە وەهیچ حیسابی بۆ ناکرێ وەکو پەردە لەم ووشانەی کە جەمعن. وەکو غزوو، وعتوو. چونکە ئەم مەددەیە: پەردەکی بێ‌هێزەو ریگالە ئیعلال کردنی واو ناگرێ (**لثقل الجمع** )چونکە جەمع گرانە وەشتی گرانە پێویستە سوك بکرێت (**فكأن ما قبلها مضموم**) وابزانە واو متطرف وما قبلەکەی مەضمومە: جا ئیعلال کرا( **فصار غزُوىٌ**) کەواوی دووەم کرا بە (ی) بوو بە غزُوىٌ (**ثم أعل اعلال مرمي كما يأتي**) واتە لە دوای کەواوی دووەم کرا بە (ی) : پاشان ئیعلال کرا. ئەم غزوی: وەکو ئیعلال (مرمی) کە پاشان دێت وباسی دەکات. کەبەم شێویە: (واو) وە(ی) کۆبونەوە، هی پێشوەکەیان ساکنە. جا واوی د یکە واتە واویەکەم کرا بە(ی) وە دەغم کرا وە پیتی پێشەکەی ژێر کرا(مكسور) (**فصارغزِيٌّ**)جا لە پاش ئیعلال کردنی هەردوك واو: دەغم کرا بە (غزِيٌّ) (**غُزَّ واء**) گوتمان هەشت جمع التكسيری هەیە. ئەمە هەشتەمە. غز واء بە ضمە ی ئەوەلی وە فەتحەی دوەمی: لێرەد ا هەرچەندە واو متحرك ما قبل مفتوحە. ما فی هەیە بکرێت بەئەلف بەڵام نەمان کرد. چونکە دوو ئەلف کۆ دەبنەوە. پێویستە یەك لابد رێ. جالەوکاتی التباس رودەدات چونکە دەبێتە غزاء. وەکو غراب.

(باسی مزكر تەواو بوو (**غازية غازيتان غزيان**) ئەمەش میسالی ئیسمی فاعلە بۆ مۆنثان: ئەسلەکەیان (غازوية غزوتان غزوات) لەهەموان واو متطرف وما

---

٣ ) بیگومان ئەم ئیعلالە لە قاول و بائع دروست بوو. هەرچەند واو لە دواودش نەبوو وەکو غزاو: بەڵام ئەوانی تر وەکو ظبي هتد. لەوان دروست نیە ئەم ئیعلالە بکرێت. وە ، واو ، وأی ئەلف زیاد نیە

قبل مەکسور کراوەە بە (ی) جا غزیات جمع السلامەی مؤنەثان: وە بۆ جەمع التکسیر تەنها یەك وەزن هەیە کە ئەوەیە : دەفەرموێ (**وجمع تکسیرها غواز غوازي**) واتە جمع التکسیری غازیة. غواز. ئەم لەحا لەتی رەفعە وجەررە غوازی. بەفەتحەی (ی) ئەمەش لەحا لێ نەصبە جا د یت غاز: ئیعلالِ دەکا ت فەرموی (**واصل غا زِ غازو**). واتە ئەسلی غاز کە ئیسمی فاعلە غا زو. بوو (**قلبت الواو یاء**)قەلبی واوی کەلام الفعلە کرا بە(ی) بوو بە غازی (**لأن کل واو متطرفة مکسور ما قبلها تقلب یاءً**) چونکە قانون وایە. هەر واوێك لە دواوە بێت وە پیتی پێش خۆی لە ژێر بێت واجبە بکرێت بە (ی) جا چواردم بێت یان نا.: بەڵام ئەگەر لە دواوە نەبێت وەکو عِوَض وعِوَج. دەست کاری ناکرێت( **ثم حذفت الیاء لإلتقاء الساکنین بعد حذف الضمة**) لەدوای کە واو کرا بە (ی) وە (ی) حەزف کرا. چونکە دووساکن گەیشتن بە یەك تر کە یەکەم (ییە) وە دووەم تەنوینەبەلاّم التقاء الساکنین. کەبوەوە، لە دوای حەزفی ضمە لەسەر (ی): چونکە ضمە گرانە( **کما قلبت في غزي** )بەلێ گوتمان واو قەلب کرا بە (ی) لە (غاز) بەگوێرەی یاسای باس کراو. هەروەکو واو قەلب کراوە، بەیی لەفعلی مجهولی ماضی : وەکو غزی. بەگوێرەی ئەم یاسایە: جاغزِي ئەسلەکەی غُزِو بوو. واو متطرف و ماقبل مەکسور کرا بە (ی) (گوتمان (ی) حەزف کرا لەووشەی غاز. لەبەر دووساکن. ئەو جارە دەفەرموی( **واذا ادخلت لام التعریف عادت الیاء**) واتە هەر کاتێك لامی (تعریف) بچێتە سەر ئەم ئیسمە فاعلەی کە (ی) ی حەزفکراوە ئەم ییە دەگەرێتەوە چونکە (ی) لەبەر تەنوین حەزف کرا بوو جاکە لامی تعریفی هات تەنیوین دەروات وە (ی) دەگەرێتەوە وەکو الغازی الرامی القاضي... هتد ( **ثم قالوا غزیة**) ئەمەش پرسیارو ولامە. یەك دەلێت بەلێ (غازو) واو متطرف بوو، بەلاّم (غازوة) وانیە: لە دوای واوی (تی) هەیە جادەفەرموی (ثم قالوا غازیة) واتە لە دوای کە قەلبی واوی کرا بە (ی) لە صیغەی مزکر. وەکو غازِ. عەرەبەکان گوتیان غازیة. یانی کەصیغەی مزکر ئیعلال کرا. بەهەمان شێوە صیغەی مؤنثش ئیعلال کرا. هەرچەندە واو. لە دواوەش نیە (**لأن**

**المؤنث فرع المذكر)** لەبەر دوو بەڵگەیەکەم مؤنث (فرع)ە وتابیعە بۆ مذكر: کە ئەسلەکە بکرێت: فەرعەکەش دەکرێت. با یاساشی تێدا مەجود نەبێت، بەڵگەی دووەم (**والتاء طارئة فلا تعتبر**) (ی) لێرەدا ئەسلی نیە بەڵگە لەلاهاتووە بۆ (فرق) لەنێوان مذكر ومؤنث: کەواتە: دەتوانین بڵێین واو (متطرف) وە ئەم (ی) یە هیچ (إعتبار)ی نیە (یەك پرسیار دەکات ورەخنە دەگرێت بۆ (تی) لەوشەی قلنسوة (إعتباری) پێکراوە. واوەکەی نەکراوە بە (ی) بەگویرەی یاسای تمطی. لەوەڵامدا دەفەرموێ ( **واعتبرت التاء في قلنسوة**) واتە (إعتبار) بە (تی) کراوە لە ووشەی قلنسوة)ی نەیان ووت واو (**متطرف ما قبل مضموم**) جا بەچی دەزانی (اعتبار) بەم تیبە کراوە (**لعدم اعلال تمطي**) چونکە ئیعلالی (تمطی) بۆی نەکراوە. ئەگەر حیساب بوو واوی نەکرابوایە دەمان وت واو متطرف ما قبل مضموم دەمان کرد بە (ی) وەکو (المطو) بو بە تمطی کەواوی کراوە بە(ی) جا یەك دەڵێت چ جیاواز ی هەیە لەنێوان (تی) غازیة لەگەڵ (تی) قلنسوة)ی لەوەڵامدا دەڵێت (**لأن أصله على التاء دون هذا** ) بۆیە حیساب بوو (تی)ی قلنسوة)ی کراوە، چونکە بینایەکەی لەئەسلدا لەسەر (تی) بووە. بەڵام (تی) غازیة تەنها بۆ فەرقە لەنێوان مذكر ومؤنث)ە: کەواتە واوی غازیة بە (طرف) دەژمێردرێت : بەڵام هی قلنسوة)ی بە (طرف) ناژمێردرێت بەڵام ئەمەش بزانە یاسای هەردوکیان لێك جیایە: چونکە هی غازیة: واو متطرف ما قبل مەکسورە. ئەوی تر واو متطرف ما قبل مضمومە: باسەکە لێرددا تەنها لەسەر (تی)یە (**وجاز ان يكون القلب هنا لوقوعها رابعة**) دەشگونجیّ کە قلبی واوی لە غازیة لەبەر یاسای ترە: کە ئەوەیە هەر واوێك لەپلەی چوارەم وزیاتر دەکرێت بە (ی) بەو مەرجە حەرفی پێش واوی مضموم نەبێت کەواتە غازوة. تەواوە بەڵام قلنسوة . پیتی پێش واوی بۆرە(مکسورە) ئەم یاسایە لەمەودوا لەئاخری معتل اللامی باس دەکات.

پوختەی ئەم مەسئەلەیە: بەرێزی سێ بەڵگەی هێناوە: بۆ قەلب نەکردنی واوی قلنسوة یەکەم (لعدم الخ دووەم لأن اصله الخ سێهەم وجاز ان الخ: جا بەرێزی هاتەسەر

باسی فعیلو وفعول ی بەمانای فاعل ومفعول واوی ویائی: بەڵام بۆ مذکران لە جمع التکسیر دەست پێ دەکات. مفردو تەثنیە جمع السلامەت باس ناکات: کە ئەوانە نە: غَزِيّ غَزِيّان غَزَيّون دیارە غزی. غزیو. بوو وەکو فعیل. واو وەی) کۆبونەوە هی پێشترلەوان ساکنە. واو کرا بە (ی) بو بە (غزی) وە دەغم کرا بوو بە غزی ئەوانی تر بەم شێوە (**وجمع تکسیر الفعیل بمعنىٰ الفاعل**) یانی جەمع التکسرەکانی فعیلی بەمانا فاعل بوو مذکران (دە) وەزنی هەیە (**غزواء**) بەضمەی یەکەمیو فەتحەی دووەمی (**غزاء**) بەکەسرەی ئەوەلی ئەسلەکەی غزاو بوو. واو لە دوای ئەلف زیاد کرا بە هەمزە( **غزو** )بەضمەی یەکەمو دووەمی. وە دەشبی بەسکونی دووەمی: وا پێ دەچێت کەواو نەکراوە بە (ی) لەهی ئەوەل واتە لە هەردوك مضموم هۆیەکە ئەم لۆغە تەبێت ئەگینا وو متطرف ماقبل مضموم ئیعلال دەکرێ بە (ی) (**غُزوان**) ضمەی یەکەمی سکونی دووەمی (**غِزوان**) کەسری یەکەمی وسکونی دووەمی (**اغزاء**) ئەسلەکەی اغزاء: واوکراوە بەهەمزە( **اغزياء**) سکون لەنێوان سەرو ژێر ئەسلەکەی اغزواء. واوکراوە بە (ی). ( **اغزية**) سکون لەنێوانە سەرو ژێر پاشان فەتحەی (ی) ئەسلەکەی اغزوة. واوکراوە بە (ی) هەردوك بەیاسای غازِوة (**غُزِيّ**) ضمەی یەکەمیو کەسرەی دووەم لەگەڵ (ی) بەشەددە ئەسلەکەی غُزُوْو. وەکو عُتُوّ (بگەڕێوە دواوە: دەزانی) گەربەوردی بڕوانی( **غزاوى**) بە فەتحە یەکەم وسکونی دووەم وە ئەلفی (مقصورە) کورت( **وعليك باعلال ما أعل**) واتە لەسەر خۆتە. ئیعلال کردنی ئەوانەی کە ئیعلال دەکرێن. بی گومان ئەم دەیە جمع التکسیرن: وە ئەم ئیعلالی جەمعایەتی لەهەمویان هەیە: وەکو سالمی بەڵام ئیعلالی لام الفعلە کەی تەنها لە پێنج ووشە هەیە. لەهی دووەم وەچوارەکانی پێش ووشەی ئاخری. جا لەم پێنج ووشەدا لە دوان کراوە بە هەمزە لەوانی تر کراوە بە (ی). جا فەرموی لەسەر خوتە لەسەر من نیە. ئیعلال کردنی ئەوانەی کە ئیعلال دەکرین. جائەگەر مەبەست هەمویان یان پێنجەکان بێت. وە ئەم فەرمودەی کە دەڵێت (**لمعرفتك مما سبق**) بە هەردووك شێوە دەگونجی یانی ئیعلالە کە: لەسەر خۆتە: چونکە یاسا کانت هەمو

زانیوە. لەم هەمو یاسایانەی کرابراوە جا بەگوێرەی یاسا گۆرانیان پێ بکە. بۆ وێنە تۆ زانیت کە واو لە کوێ دەکرێت بەهەمزە یان بە (ی).. هتد (**غزية الخ**) ئەمەش بۆ مفردی مؤنثە. ئەسلەکەی غزیوة) بوو وەکو نصيرة واوکراوە بەیی وە دەغم کراوە: غزّيتان غزيّان. ئەمەجمع السلامەیە: وە بۆ تكسير دوو وەزنی هەیە: یەکەم (**غِزاء** ) ئەم وەزنەش مشترەکە ئەسلەکەی غِزاو. بو واوکراوە بە هەمزە دووەم (**غزايا اصله غَزايوُ**) غزايا. ئەسلە نیزیکی غَزایو. بوو بەلاّم هی دور غزیە وەکو مساجد بو. وەکو لەسالی گوتمان (**نصيرة نصيرتان نصيرات نصائر ونِصار**) دیارە غِزاء وەکو نِصار وایە غزايو. وە کو نصائر وایە: لە نصیرة) وەرگیراوە: جا دیارە غزایو. ئیعلالی زۆرە بۆیە درێژەی پی دەدات دەفەرموێ( **قلبت الياء همزة** (ی) لە غزایو. کرا بە هەمزە: چونکە لە دوای ئەلفی زائدەیە: بوبە غزا ئوو (**والواو ياء**) واویش قەلب کرابە (ی) چونکە واو متطرف ما قبل مە کسور. دەکرێ بە (ی) بو بە غزائي (**فكرهوا همزة مكسورة بين حرفي علة**) پاشان پێیان ناخۆش بوو. هەمزەکی مەکسور: بکەوێتە نیوان دوو حر فی عللە. کە ئەلف ویائن). لەفعیلی ئەصل: کە بەمانا فاعلە( **ففتحوا الهمزة وقلبوا الياء الفا**) جالەبەر ئەوە. هەمزە کەیان مفتوح کرد. جا (ی) متحرك ما قبل مفتوح. قەلبیان کرد بە ئەلف( **فصار غزائي**) جا کەهەمزە مفتوح بوو وە (ی) کرا بە ئەلف: ئەم ووشەیە. بوو بە غزائی (**فكرهوا الهمزة بين الفين**) پاشان بەچاکیان نەزانی واتە بەناپەسندیان دانا کەهەمزە یێك لەبەینی دوو ئەلف بێت: چونکە هەمزەی مەفتوح لەگەڵ دوو ئەلف وەکو سی ئەلف وایە بەتایبەت لە جەمعێکی ئەصل( **فقلبت ياءً فصار غزايا** ) جا قەلبی هەمزەکەی کرا بە (ی) ئەم (غزایو) کرا بە بەغزایا، لە دوا ی ئەم هەموو ئیعلالە: جالەبەر ئەوە کە ئەم ئعیلالی غزایا: یاسایەکی هەیە. دەیەوێت ئەم یاسایە بفەرموی نەقلە کەش لەشێخ (أبی الحاجب) کوردی دەکات فەرموی (**قال إبن الحاجب وتقلب الياء إذا وقعت بعد همزة**) واتە ابن الحاجب رحمەتی خودای لیّ بێت. فەرمویەتی لەشا فیەی خۆی: قەلبی (ی) دەکرێت. جا ئەم یێە ئەسلی بێ یان

نا، لەکاتێك ئەم ێیە لە دوای هەمزەی بێت (**بعد الف**) وە هەمزەکەش لە دوای ئەلفی بێت(**في باب مساجد**) وە ئەم ووشەیە لەبابی مساجد)ەی بێت واتە صیغەی منتهای جەمع بێت: وەکو مساجد ( **وليس مفردها كذالك أي بهمزة**) وەحال وابی مفردەکەی ئەم جەمعەش هەمزەی تێدا نەبێت. جائەم ێیە کەبەم شێوە بێت (**الفا**) قەلب دەکرێت بە ئەلف. بزانە ئەم ووشەی (الفا) مفعولە بۆ (تقلب) کە فەرموی (وتقلب الياء) واتە هەریەك بەم شێوە بێت قەلب دەکرێت بە ئەلف (**والهمزة ياء**) ئەم هەمزەی کەلەدوای ئەلفەکەیە: دەکرێت بە (ی) چونکە دەڵێن زۆر گرانە (ی) لە دوای هەمزە بێت لەجەمعی. وە بەتایبەت کەئەم هەمزە لەمفردەکەش دا نەبێت ( **كشوا ياجمع شاوية** ) ئێستا شوایا بە فەتحی شيء. کە جەمعی (شاوية)یە ئیسمی فاعلە لە لفیفی مقرون: هەموو مەرجەکانی باسکراوی تێدایە. چونکە ئەسلەکەی (شوا وِي) بوو وەکو مساجد. واوەکەی یەکەم عەین الفعلە هی دووەم زیادە: جا واوی دووەم کرا بە هەمزە بووبە شوائي. جا بزانە یەکەم (ی) لە دوای هەمزەیە ، دووەم هەمزە لە دووای ئەلفێیە: سێهەم لەسەر وەزنی مساجد)یە چوارەم مفردەکەی بێ هەمزەیە: کەشاویە)یە. ئیسمی فاعلە لە شوای یشوی: جاهەمزە مفتوح کرا. پاشان (ی) قەلب کرا بەئەلف. وە هەمزەش قەلب کرا بە (ی) وەکو گوتمان بوو بە شوایا. وەکو غزایا: وە لە مفردەکەش کە شاویە) یە هەرچەند واو لە دوای ئەلفی زائدەیە) بەڵام نەمان کرد بە هەمزە. چونکە عەین الفعلەکەی لەماضی ومضارعیش سالمە وەکو لە مەودوا باس دەکات (إنشاء الله) (**بخلاف شواء جمع شائية**) بەڵام شواء خلاف وپێچەوانەیە: کە جەمعی شائیە:یە وە مفرەدەکەی بەهەمزەیە: ئیستا شواء. ئەسلەکە شوائی. بوو: هەمو مەرجەکانی تێدایە لەگەڵ ئەوەش ئەم ئیعلالە (غزایا)ی بۆنەکراوە: وەکو (شوایا) چونکە ئەم مفرددەکەی بە هەمزەیە. وە کو گوتمان. کە جمعی شائیە)یە ئیسمی فاعلە. جا فعلەکەی یا (شأو) یە بە مانا (سبق) مهموز العين)ی معتل اللام)ە یان (شاء يشاء) فعلەکەیەی: مهموز العين ی معتل اللام)ە بەڵام قەلب (المكان) پی کراوە بەهەر شێوەك بێت ئەم ئیعلالەی

بۆنەکراوە لەبەر ئەوە تاکو جەمعەکە لەسەر شێوەی مفردەکەی بێت واتە هەمزەکەی بمێنێت بەڵێ گوتمان (غزایا) ئەسلەکەی غزایو)بوو پاشان(ی) کرا بە هەمزە ئەو جارە دەفەرموێ( **ویمكن ان یقال اصله عزائو** ) واتە دەگونجێ گە بگوترێ لەبارەی غزایا) کە ئەسلەکەی غزائو بویە هەمزە، نەك (ی) بێت وکرابێت بەهەمزە (**بأن تكون الهمزة زائدة ابتداء**) بەم شێوەکە هەمزەکەی هەر لە ئەوە لەوە زیادبێت: وەهیچ قەلب کراوی(یی) نەبێت.ئە گەر یەکێك بڵێت ئەوەجەمعی (غزيّة) یە ئەی (یی)کەی خۆ کوانێ ولە کوێیە دەڵێین (ی) یەکەی مفردەی جەزف کراوە. وە ئەم هەمزە لەشوێن زیاد کراوە: هیچ قەلبی(ی) نەکراوە بەهەمزە( **إذ لا دلیل علی قلبها من الیاء**) چونکە هیچ بەڵگەی بەهێز نیە کە ئەم هەمزە قەلب کراوی ئەم یییە: کە لە مفرەدەکە هەیە: جا کە بەڵگە نەبێت ئەم دەعوایە دەسوتێ: جا ئەگەر یەك بڵێت ئەی چۆن إبن الحاجب وا دەفەرموێ: لەوەڵامدا دەڵێین إبن الحاجب لە صغەی ئیسمی فاعل وادەفەرموێ: ئەمەی تۆ دەیڵێت کە (غزایا)یە فعیل)ی بەمانا فاعلە: ئیسمی فاعل نیە: لەکاتێك کە فعیلی بەمانا فاعل بەکۆتاهات: هاتەسەر هی فعیلی بەمانا مفعول. کەئەسل نیە. جا فەرموی( **وبمعنی مفعول غزي**) ئەمە عەطفە بەسەر بمعنی الفاعل واتە تۆ دەڵێیت لەمیسالی فعیلی بەمانا مفعول. غزِيٌّ. ئەسلەکەی غزیو)بوو وەکو قتیل (**غَزِيّانِ**) ئەسلەکەی غزیوان)بوو. وەکو قتیلان. وە ئیعلالەکان دەیارن. وە جمع السلامەش نیە. بەڵام سێ تکسیری هەیە (**غزوی**)وەکو قتلی (**غزائي**) بە ضمەی ییکەمی وە هەمزە لەنێوان دوو ئەلف: وەکو قتلی ئەسلەکەی غزوی بوو (**غزواء**) بەضمەی یەکەمی وەفتحەی دووەمی وئەلفی ممدودە وەك قُتلاء( **للذكور والإناث**) ئەمە بۆ مذکر ومؤنث یەکسانە: کە لە پاشان گوتی (**یتوافقان الخ**) لەکاتێك فعیل تەواو بوو: هاتەسەر باسی فعولی: فەرموی (**وفي الفعول**) ئەمەش عطفە بۆ سەر فعیل)ی واتە تۆ دەڵێت لە میسالی فعولی (**غُزُو**) دوو بۆر﴿مکسور﴾ لەئەوەلیەوە (**غُزَواء** )ضمەی یەکەمی وفەتحەی دوەمیو ئەلفی درێژ (**أغزاء**) سکون لەنێوان دوو فەتحە( **لهما**) لێرەدا قزلجی دەفەرمون لهما بۆ فعولی

بە مانا فاعل وفعولی بەمانا مفعول یان بۆ مذکرو مؤنث. لە مفعولی بەمانا مفعول. بەلاّم هی بە مانا مفعول: هیچم لی نەدیوە (جا قطف النظیف) ئەمە نەقل دەکات: بەلاّم جەلی زادە دەفەرموێ ئەمە فعولی بەمانا مفعولە: کەئەسلە: هەر لەبەر ئەوە جمع السلامەشی بۆ هێناوە پاشان سێ تکسیرەکانیش باس دەکات: کە گوتراون لێرەدا یانی غزو غزواء اغزاء پاشان دەڵێت (**لهما**) بۆ مذکر ومؤنث: ئەوجار دێتە سەر هی بەمانا فاعلو دوو ووشەی تەکسیر دەڵێت: یەکەم اغزاء: دووەم غزي. بەضمەی یەکەم وفتحەی دووەمی بەشەددە. جا برای فەقێ ئەگەر لەبیرت بێت ئەم سێ جەمعەی کەلێرە باس کراون هی فعولی بەمانا فاعل بون کە گوتی (نصر) بە دووضمە (نصراء) بەضمە ی یەکەمی وفەتحەی دووەمی: انصار: سکون لەنێوان دووفەتحە: بەلاّم ئەوەی راستە ئەم تەمو تۆزەی کەلەوێیا هەبوە: هاتەوە ئێرەش کەشوبهاندنی شتێك بە خودی خۆی (**والله اعلم الحقيقة والصواب**) (**وتقول في إسم المفعول من الواوي**) یانی تۆدەڵێت لەئیسمی معفولی ثلاثی مجردی واوی( **مَغْزو**)وەکو منصور ئەسلەکەی مغزوو: بوو بە دوو واو: هی یەکەم دەغم کرا لەهی دووەم( **ومن اليائي مرمی**) تودەڵێت لەئیسمی مفعولی ثلاثی مجرد یائي مرمی (**اصله مرموی بقلب الواو ياء**) ئەسلەکەی (مرموی) بوو. وەکو مضروب. قەلبی واوی کرا بە (ی) بوبە مرمی : جا هی یەکەم دەغم کرا لەهی دووەم: بوو بەمرمیّ. پاشان میم ژێر کرا لە بەر (ی)( **لأن الواو والياء إذا اجتمعتا في كلمة واحدة. واولاهما ساكنة**) واتە قەلبی واوی کرابە (ی) چونکە یاسایە. هەرکاتێ واو و(ی) کۆبونەوە لەیەك ووشەدا: وە هی یەکەم ساکن بوو( **قلبت الواء ياء وأدغمت الياء في الياء**) قەلبی واوی دەکری بە (ی) وە (ی) لە (ی) دەغم دەکرێ (**وكسر ماقبلها**) جا پیتی پێش (ی) مەکسور دەکری. وەکو گوتمان. بەلێ ئەمە یاسایە بۆ هەرشوێنێك بەم شێوە بێت. بەلاّم چەند مەرجێك بۆ ئەم یاسایە هەیە ئەیەوێت باسیان بکات فەرموی (**بشرط ان لا يكون الأول منهما بدلا**)مەرجی یەکەم ئەوەیەنابێ هی یەکەم لەم واو و (ی)یە. لە جیاتی هیچ پیت هاتبێ (**كوسُوِيرَ**

**ودیوان)** ئێستا سُویر. بینا مفعولی ماضیە کەبینا فاعلەکەش سایر)ە وەکو قاتل. واو ویێ)کۆ بوونەوە: وەهی یەکەم ساکنە. بەڵام قەلب ناکرێبە (ی) چونکە ئەم واوە لە جیاتی ئەلفی هاتیە. کە ئەلف لەبابی قاتلە)ەی دەکرێ بەواو. لەکاتێ کرا بە مجهول وە دیوان: ئەصلەکەی (دِووان)بو واوی یەکەم کرا بە(ی)کەواتە ئەم بییە بەدەلی واویە ناتوانین. ئەم ئیعلالی پێشوی بۆ بکەین چونکە سویر ئیعلال بکرێ دەبێتــە سیَر التباسی بە مجهول ماضی بابی تفعیل دەبێت ( **وان لا يكون في افعل ولا اعلم)** مەرجی دوەم ئەوەیە. ئەم ئیسمەی کەئەم واو و(یی)یەی تێدایە، نابێت لەسەر وەزنی افعل)ەی بێت. وەنابێت (علم) واتە ناو بێت( **نحو أيومَ وحَيْوَةً)** ئێستا أيْوَم. وْحَيْوَة. لە هەر دوکیان واوو(ی) کۆبونەتەوەوەهی پێشو وەیەکەمیان ساکنە لەگەڵ ئەوەش واو ناکرێ بە (ی) چونکە هی یەکەم لەسەر وەزنی (أفعل)ەیە. ئەم (افعل)یەش. گۆڕانی تێداناکرێ: وەکو لە ئەجوەفی باسکرا: وەهی دووەمیش لەبەر ئەوەی کە (علم)ە ناوە وەکو مشتقاتەکانی نیە بۆ ئیعلال کردن **(وان لا يكون الياء للتصغير إذا لم يكن الواو طرفاً** )مەرجی تر ئەوەیە نابێت ئەم یێە بۆ تصغیر بێ لەکاتێ: کەواو لە دواوە نەبێت: بەڵام ئەگەر واو کەوتە دواوە: هەرچەند بۆ تصغیریش بێت : ئیعلال دەکرێ وەکو دُلَيّە. تصغیر (دَلْو)یە. کەتصغیر کرا. دەبێتە دُلَيوة. چونکە واو لە دواوەیە ئیعلال دەکرێ. بەڵام ئەگەر واو لە دواوە نەبێت لەمە هەردوکیان: ئیعلال واجب نییە (**نحو اسيود**) ئێستا اسیود تصغیری اسود)یە: لێرە دا واو لە (طرفی)نیە دەتوانی ئیعلال بکرێ. بڵێت أُسيِّد. وە دەتوانی وەك خۆی بمێنێ **(وكثر في الواوي مَغْزِي)** واتە زۆرە لە ئیسمی مفعول : کەواوی بێت وە عەین الفعلەکەی مفتوح بێت (مَغْزِي) کە هەر دووك واوەکانی کرا وە بە(ی) (وان خالف القيا س) هەرچەند ئەم هاتنەش بە پێچەوانەی یاسایە. کەیاسا وابوو واوەکان دەغم بکرێن (**تشبيها بنحو عُتيى**) جا کەم ئەم ئیعلالەی بۆ کرا وە چونکە شوبهاند راوە بە (عُتيّى) وهاو وێنەکانی. چونکە گوتمان عُتيّيٌ، جمعەو گرانە.

پێویستە سوك بکرێت، ومغزيّ پیتەکانی زۆرنو گرانە سوکی دەکەین: ئەگینا ئیمە گوتمان تەنها لەجەمعی (اعتبار) بە مەددە ناکرێت لەمفردی دەکرێت: ئەوەمان باس کرد (بگە رێوەدواوە دە زانی) جاگوتی ئەم ئیعلالە زۆرە لەواوی بەڵام دیارە واجب نیە. ئەمما لە ئیسمی مفعول یائی وەکو مُرْمِي کە ئەسلەکەی مَرْمُوی بوو. واجبە ئیعلال بکرێت. وە ئەوەی کەعەین الفعلەکەی مفتوح نەبێت وەکو رضي ئیعلال دەکرێت. وەکو مرضی وئەگەر هەردوکی واو بێت وەکو قوِوَ ئەویش ئیعلال دەکرێت وەکو مقويٌّ کە ئەسلەکەیان مرضوی وە مَقْوُوٌّ: بەسێ واو: یەك رەخنە دەکرێتو دەڵێت بۆچی (مغزوٌّ)دروستە بلێت (مغزيّ) بە ئیعلال . بۆ دروست نیە لە (عَدَوّ) بلێت (عديّ) کەچی هەردوکیان مفردن وە لە هەردوکیان مەددە هەیە لە نێوان واو وەضمە: جا دەفەرموێ (**ولم يجز في نحو عدو مفرداً عدي**) واتە رێگانەدراوە. لە (عَدُوّ) وە هاوێنەکانی کە مفردە (عَدِي) واتە دروست نیە بلێت عَدِيٌّ. بە ئیعلال کردن ( **مع صدق قاعدة وقوع الواو رابعة** ) لەگەل ئەوەش ئەم قاعدەی تێدا مەوجودە کە دەڵێت واو لە پلەی چوارەم و ما قبل غەیرە مضموم. دەکرێت بە (ی) (**لعدم الاعتداد بالمدة**) چونکە هیچ گرنگی بەو مەد دەیەنەدراوە کە لە بەینی واو وەضمە هەیە. یانی حیسابی شت نە بووی بۆکراوە (**فكأن ما قبلها مضموم**) کەواتە وابزانە کە پیتی پێش لام الفعلەکەی بۆرە: وە بە سێ پیتی دەژمێری. واوەکەی لەپلەی چوارەم نەبوو: یەك دەڵێت ئەدی بۆ چی لە مغزی ریگادراوە. واو قەلب بکرێ بە (ی) بە گویرەی ئەم یاسایە، بەڵام لە (عد وّ) رێگا نەدراوە لەوەڵامدا دەڵێت (**وإنما اجازوا في مَغْزِي لأنه اثقل** )نیە کەرێگا درابێت لە مغزی کەواوی قەلب بکرێ بە (ی) مەگەر لەبەر ئەوە کە گرانترە لە (عَدُوٌّ) لەبەر ئەوە کە پیتەکانی زۆر ترن ئەوە بەڵگەی یەکەم بوو) بەڵگەی دووەم دەفەرمووێ (**ولأنه قلبت في فعله المجهول**) قەلبی واوی کرا بە (ی) لەمغزی چونکە لەفعلە مجهولەکەش کراوە. وە کوو یُغْزِي. ئەسلەکەی یُغْزَوُ بوو. واوی کراوە بە (ی) پاشان بەئەلف : لەبەر یاساکان پێشتر جالێرەدا دەرکەوت کەهەر صیغەك فعلەکەی کرابێ خۆشی دەکرێ ئەگینا

ناکری ( **ولذا لم يأتي من نحو يُرْضى الأ مَرْضِيّ**) یانی لەبەر ئەوەکە گوتمان ئەوانە تابیع وشوین کەوتووی فعلەکەیانن لە ئیعلالدا: نەهاتووە. بە قیاس لەم فعلە کە یُرضی)یەوە وەهاو وێنەکانی. یانی فعلی مضارعی بابی چوارەم بێت واوی بێت وە واوەکەش کرابێت بە(یی) پاشان ییەکەش کرابێت بەئەلف: لەم جۆرە ووشەدا تەنها مرضیّ دورستە لەئیسم مفعولەکەیان. کە ئەسلەکەی (مرضوو) بوو. بەدوو واو، جا واوی دووەم کرا بە(یی) بەپێی یاسا. پاشان واوی یەکەمەکەش کرابە(ی) بەپێی یاسای تر ئەوجا (ی) لە (ی) دەغم کرا یاسایەکان رونن ودیارن: جابو بە مَرضِیٌّ :کە هەر بەم شێوەیەش دورستە چونکە هە موفیعلەکانی ئیعلال کراون ماضی بێ یاخود مضارع وە مجهول بێت یان معلوم (**وفعل عدوّ معلوم کیعدو**) وەحال وایە ئە فعلەیکە (عدو) لێوەرگیراوە فعلەکەی معلومە، وەکو(عدا) (یعدو) وە قەلبی واوەکە نەکراوە بە (یی) کەواتە (عدو) کە (فعول)ەوە لە (یعدو) وەرگیراوە، وە بەمعنای فاعلە، واوەکەی قەلب ناکرێت بە(یی).

## پوختەی ئەم باسە

ئەوەیە گوتمان ئەم ووشانە تابیع و شوێنکەوتوی فعلەکانی خۆیانن، جا ئەم فعلە سێ جۆرە، (١)یان واجبە ئیعلال بکرێت (٢) یان قەدەغەیە (٣) یان دورستە ئیعلال کردن یان نەکردن. جا ئەگەر فعلەکە (واجب الاعلال) بوو فعول ومفعولەکەش واجب دەبن وەکو (مرضی )، وە ئەگەر قەدەغە بێت ئەوانیش قەدەغەدەبن، وەکو(مغزوّ وەمغزیّ) بەهەردووك شێوە: چونکە فعلە مجهولەکەی کرا وە، وەکو (یُغزی)، بەلام معلومەکەی نەکراوە وەکو (یغزو): ئەمەباتەوەش بزانین کە بەرێزی فەرموی (فعلی عدوّ) هەر مەعلومە ئەوە لەسەر بۆچونی هەندێ لە زانایان. چونکە ئەوان دەڵێن فعول وەکو(عدوّ) هەر بەمانا فاعیل دەبێت، کەواتە فعلەکەی هەر معلوم دەبێت، بەڵکو وادەبێت هەرمجهولیش دەبێت وەکو (یُعدی)، جا لەو کاتیدا و ئیعلال دەکرێ یەعنی واوەکە دەکرێ بە (یی) پاشان (یی) دەکرێ بەئەلف.

## تنبیه

ئەمە ئاگادارکردنەوەیە، کە ئەوەی رابردو بینەوە یاد خۆت ئامادە بکە بۆ ئەوەی دێت، .ئەم ئاگادارکردنەوەیە بۆ باسێکی گرنگە کە ئەوەیە ئێمە دو یاسامان هەیە (١) واومتطرف وما قبل مضموم (٢) واو واقع بەچوارەم و زیاتر، کە لە هەردوکیان واو دەکرێ بە(یێ) مثالی یەکەم وەکو (التمطو) وە مثالی دوەم وەکو (واعطو) کەباسکران، پاشان ڕوبەڕوی دووشە هاتین کە(عدوّ)و (مغزیّ)ە کە ئەصلەکیان (عَدُوْوٌ) و (مَغزُوْوٌ) بووە. جا ئەگەر حیساب بۆ ئەم مەددەیە نەکەین ئەوە داخیل بەیاسای یەکەم دەبن. وەئەگەر حیسابی بۆ بکەین ئەوکات داخیل بەیاسای دوەم دەبن. کە واو واقع بەچوارەمە هتد. لەگەل ئەوەش ئعلال نەکراوەن . جا دەفەرموێت (**لم یعتدوا فی عَدُوّ ومَغْزوٍ. علی ما هو القیاس بالمدة**) واتە اعتباریان نەکردوە لە وشەی (عدوّ)و (مغزو)ی بەگوێرەی یاسا بەم مەدەیە یەعنی ئەم مەددە یە لێرەدا بەپیت دانەندراوە: بەڵکو بەنەبوی دانراوە وەئعلالی بۆ نەکراوە مەگەر بەخیلافی قیاس وەکوگوتی تەشبیە کراوە (عُتیی) لەچیدا (**في قاعدة وقوع الواو رابعة فصاعداً**) حیسابی بۆنەکرا وە لەیاسای واو وا قع بەچوارەم وزیاتر. کەواتە لە ووشەی (عدو) نە واو چوارەمە وە نەماقبلیشی غەیرە مضمومة وەلە ـهی دووەم ئەگەر چوارەم بێت بەلام ماقبلی غیرەمضموم نیە، بەڵکو مضمومة جائەم ئعلالەی (اعطو) بۆیان نەکرا. وە ئەمەشمان لەیاد نەچێت کە(عتوّ)ش هەروابوو بەلام لەبەر ئەوەی جەمعە وگرانە ئعلال نەکرا (**واعتدوا بها فی المفرد فی قاعدة عطی**) واتە اعتباریان کردوە بەم مەددەیە، لەم دوو وشە ، مفردەکە (عدوُّ، وە مغزوّ) بەگوێرەی یاسا معطی کەئەوەبوو (**واومطترف ماقبل مضموم**) جا لەم دوو وشەیەدا دەڵێن واو مطرف ە بەلام ماقبل مضموم نیە، بەڵکو غەیرە مضمومة، کە ساکنە، چونکە ئەم واوە ئەمجارە بەمەوجود حیساب کرا ، بەمردوو حیساب نەکرا.وە وەکو لەیاسای پێشتر بەمردو حیساب کرابو: کەواتە ئەمجارەش ئەم دوو ووشە ئعلال نەکران ، هەروەك بەخۆ دەفەرموێت (**فامتنعوا من القلب فی کلتا القاعد تین**) واتە لایانداو خۆیان

پاراست لە قەلب کردنی ئەم واوەی کەلام الفعلە لەم (فعول ومفعول)ە لەهەردوك یاساکانی باسکراو. واتە بەگوێرە هەردوك یاسا واو نەکرا بە(ی) **(فی فعولٍ وجوباً ومفعولٍ اختیاراً)** جا کەخۆیان گرت لە م ئعلالە بەگوێرە نەگونجانی ئەو دوو یاسایە، لەفعول ی کە(عدوّ) بەواجب خۆیان گرت، هەرگیز واوەکەیان نەکرا بە(یی)بەلاّم لەمفعولی کە(مغزو)نە بەهەلبژاردن و پەسند کردن واتە پێیان باش بو کەئیعلالی نەکەن بەلام بەحمل بەسەر(عتی) یئیعلالیان دەکرد وەکو باسمان کرد**(والکل موجةّ)** واتە بایەخ پێکردن پێنە کردنی ئەم مەددەیە خاوەنی پایەن وباشن ولەجێنە. وەشایەنی روتێکردنن. یەکێك رەخنە دەگرێت ودەڵێت چۆن دەگونجێت ئەم مەددەیە لەیەك حالدا بەمردوو بەزیندو دابندرێت: لەولاّمدا دەفەرموێت **(ولاضیر فی اعتبارین المتضادین)** واتە هیچ زیانی نیە وە رێگا ناگرێت لە کۆبونەوەی دووشتی وا،کە هەر بە اعتبارە بەحەقیقەت نیە. وە هەردوکیشیان دژی یەك وپێچەوانەی یەکترن کەجارێك ئەم مەددیە بەهەبوی دادەنرێت وەجارێکیان بەنەبوی دادەنرێت چۆن **(بالنضر الی قاعدتین)** کە ئەم بایەخدان ونەدانەش لە روانگەدا بەگوێرەی دویاسایە کەواو متطرف هتد وە واو واقع بە هتد وەئەگەر بەگویرەی یەك یاسا بوایە قەدەغەبو بەلام کەوا کراوە لەبەر ئەوەیە. تاکو توشی دو اعلال نەبین لەیەك وشەدا بەبێ (ضرورة) **(وتقول فی فعول من الواوی عدووّ)** تۆ دەڵێت لە فعولی بە مانا فاعیل بۆ مذکر ومونث کەفعولە کەش واوی بێت (عدووّ) ئەمە مفردە ئەصلەکەو عدووّ بوو واو دەغم کراوە (عَدُ وّانِ) (عَدُوّین) ئەمەش تەثنیە بۆ مذکر و بۆموءنث حالەتی رفع ونصب جەرر. وەزانش مان کەجەمعی تەکسیر هەیە، بەلام جەمعی سەلامە نیە: وەلەتکسیر دوو وەزنی هەیە **(اعداء عدِیّ بالضم والکسر)** یەکەم جەمع تکسری اعداء، ئەصلەکەی اعداو بووە، دووەم غدیّ، بەم فەرمودەکە دەڵێت ( بالضم والکسر) یان مانا وایە بەضمە و کسرەی یەکەمی: یان بە(ضمة)ی یەکەمی کەسرەی دووەمی: ئەمە دو لۆغەت **(وهذا جمع لا نظیرله)** واتە ئەوەی دوای کە(عدیّ ) جەمعەکەی هیچ وێنەی نیە بۆ

(فعول)ی. واتە فعول لەهیچ شوێنی تر بەم شێوەیە جەمع نەکراوەتەوە، تەنها ووشە (عدو) نەبێت بەلام جەمع لەووشە کانی تر لەسەر ئەم وزنە هاتوە وە(جثیّ)کە جەمعی (جاثٍ) یە ،یان وەکو(مضیّ)کە مفردە یەکێك رەخنەدەگرێت دەڵیت (عدوّ) فعول بەمانا فاعیلە (مذکر و موءنث)یش لەویّ یەکسانن کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەبینم عەرەب دەڵێن: (عدوة الله) واتە(تیّ)ی تەئنیث زیاد کراوە، لەوەلاّمدا دەڵێت (**وقالوا عدوة الله حملاً علی صديقة**) واتە عەرەب گوتویانە عدوة الله یانی(تی) زیاد کراوە بۆ ئەم مفعولە کەچی گوتمان بۆ مذکر و بۆ موءنث وەك یەك وایە لەبەر ئەوە دەگوترێ عدوة الله کەحەمل کراوە بەسەر ووشەی صديقة، چونکە صديق فعيل بە مانا فاعیلە مذکر و بو موءنثی تێدا یەکسانن، بەڵکو بۆ مذکر دەگوترێ صديق، بۆ موءنث دەگوترێ صديقة جا (عدو)حەمل کراوەتە سەر صديق ی جیاوازی خستراودتە نێوان مذکر وموءنثة لەبەرچی (**لتضادهما**)، چونکە ئەم دوو وشەیە کە(عدو) کە (صدیق)ە دژی ی یەکترن چونکە عدو واتە دوژمن ،صدیق واتە دۆست، جا ئەمە زەرورە کە دوشتی دژ بەیەك لە یاسا کۆ ببنەوە. وەدەشتوانین بڵێین (**نظیر**) یەکن چونکە هەردوکیان بەمانا فاعل ن (**ومن الياء بغيّ**) تۆ دەڵێیت لەفعولی کە یائی بێت: بغيّ: ئەصلەکەی بغوی بووە (**اعلالة كمرميٍ**) ئعلالی وەکو(مرمی )وایە واتە واو(ی)کۆ بونەتەوە ، واوکراوە بە(ی) وە دەغم کراوە وەما قە بلە کەی مکسور کراوە (**تقول بَغِيّ بغيّان بغاياَ** ) واتە تۆ دەلێت لەمسالەکانی بغيّ ئەمە مفردە ،بغيان وبغيين ئەمەش تثنیەیە لە هەرسێك حالەت بغاياَ ئەمەش جەمع تەکسیرە: بۆ مزکر موءنث چونکە لە فعولی بەمانا یەکسانن (**وتقول فی فعيل من الواوی صبيٌّ**) واتە تۆ دەڵێیت لە فعیل ی بەمانا فاعل لە واویَ صبيٌّ ئە مە مفردی مزکرە، ئەصلە کەی (صبيوٌ)بووە ئعلالەکەی دیارە (**صبيان صبيينِ**)تەثنیە لەهەرسێك حالەت (**صبيون وصبينَ**) ئەمەش جەمعە لەهەرسێ حالەت (**صَبِيّة صبيانِ صبيين صبياتَ**) ئەمەش بۆ موءنث مفرد و تثنیە و جمع السلامة (**صبايا**) ئەمەش بۆ جەمع التکسیری موءنثە وەبۆ مزکرانی باس نەکرد کە

هەندێکیان ئەمانەن (**صبية وصبيان واصبية وصبوان**) هتد (**اصلهما صبائُوُ وبغائو فاعلاً كغزايا**) واتە ئەصلەکەی صبایا وبغایا، ی : صبایو وبغایو بووە ئیعلال کراون وەکو ئیعلالی غزایا لە پێشان باس کرا تەماشای بکە ،قەزلجی دە فەرموێت بغایا واوی نیە بەڵکو یایێ یە واتە ئەصلەکەی بغاتی بوە (**ومن اليائيشريّ في سريع السير**) تۆ دەڵێت لەفعیلی بەمانا فاعیل لە یاتی: شَرِيٌّ ئەصلەکەی شرییُ بووەبە دوو یایێ . وە یەکەم دەغم کراوە لەهی دووەم وەبەمانا فلان کەس رۆیشت بەپەلەو بەغاردان (**تقول شريّ شريان شريين شريون شريين**) تۆ دەڵێت لەمیسالەکانی (شری )مفردی مزکر شریان شریین وە تثنیە (شریون) (شرین) جمع السلامیە لەهەرسێ حالەت (**ما سمعت مكسرة في ايِّ صيغة هو**) واتە گوێبیست نەبومە بۆ جەمع التکسیری فعیلی بەمانا فاعل لەم وشەیەدا، لە هەر صیغەیەك کە بۆ ئەم فعیلە هاتوە لە دەصیغەکانی رابردو لەباسی فعیلی بەمانا فاعل بەلام دەشتوانی قیاسی بەسەر صحیحی بکەی بۆ جمع التکسیرەکان (**شرية شريتان شريتين شريان شرايا**) ئەمەش میثالی موءنثان، شریة مفردە شریتانِ شریتێن، تەثنیە یە لە هەرسێك حالەت شریان جمع السلامەیە وشرایا .جمع التکسرە وەئیعلالەکەی وەکو غزایا وایە (**والثلاثي المزيد فيه تقلب واوه ياء**) ئەمەش عەطفە بەسەر ئەم فەرمودەی خوی کە لەسەرەتاو ناقصی فەرموی فالمجرد واتە ثلاثی مزید لە معتل الام ی قەلب دەکرێ واوەکەی بە (ی) جاماضی بێت یان مضارع وەکو اعْطَوَ (**لان كل واو وهو لام لم يعقبه لام اخرى**) چونکە یاسای وایە کەهەر واوێك لام الفعل بێت وەهیچ لامی تری لەدواوە نەهێت (**ووقعت رابعة فصاعدا**) وە ئەم واوەش لەپلەی سێیەم بێت بەلکو چوارەم وەیان زیاتر (**ولم يكن ماقبلها مضموما حقيقة كيغزو اوحكما كعدوٍ**)وە حەرفی پێش ئەم واوەش مضموم نەبێت بە حەقیقی وەکو یغزو، کە ئەمەحەرفی پێش مضمومە بەحقیقی: وەهەروەها حرفی پێشی مضموم نەبێت بەحوکمیش وەکو عَدُوَ کە ئەصلەکەی عدووە لێرەدا هەرچەندە ئەم واوی ئاخیری چوارەمە بەلام واوی پێش خۆ حیسابی بۆ نەکراوە. کەواتە

حەرفی پێش خۆی پیتی دالە، وە ئەم دالەش مضمومە، وەبەر ئەم یاسایە ناکەوێت. جاهەر واوێك بەم شێوەیە بێت کە گوتمان (**قلبت یاءً ثم الفا**) قەلب ئەم واوە دەکرێت بە(ی) پاشان (ی)دەکرێت بەالف بۆ سوك کردنی ئەم ووشەیە : جاگوتمان هەر واوێك لام بێت ئەم ئیعلالەی بۆدەکرێت .کەواتە (اجتوروا) ناکرێت چونکە واوەکەی لام نیە . وەگوتمان هیچ لامی تری لەدوا نەبێت کەواتە (یرعوی) واوی ئاخیری کراوە. هی یەکەم ناکرێت. وەگوتمان سێهەم نەبێت، کەواتە (الغزو) کەمصدرە ناکرێت. وەزانیشمان کە لە (یغزو وعدوٌّ) ناکرێت چونکە حەرفی پێش واوەکەیان مضمومە (یغزُو) حقیقەوە (عدوّ) حکما با ئێستا میثالەکانی خۆمان بهێنین (**فتقول اَعْطَی یُعطی**) ئەمە میثالی چوارەمیە. اعطی ئەسلەکەی (اعطوا)بوە واو چوارەمە ولام الفعلە وەهیچ لامیتر لەدواوە نەهاتوە. وە حەرفی پێش بەهیچ شێوەیێك مضموم نیە:ئەم واوە کراوە بە(ی)پاشان (ی)کراوە بەالف. (یعطی) مضارعەکەێتی: ئەصلەکەی (یُعطِوُ) بووە، بەهەمان شێوە(واعتدی یعتدی) ئەمەش بابی افتعالە واوەکەی لەپلەی پێنج دایە ئەصلەکەی اعتدو یعتدو (واسترشی یسترشی) ئەمەش واوەکەی شەشەمە وەبابی استفعالە وەئەصلەکەی اِسْتَرْشَوَ یَسْتَرْشو بوو واودکە یان کراوە بە ئەلف لە دوای کردنەی بە (ی) بەگوێرەی ئەم قانونە، جا ئەم میثالانە ضمیریان لەگەڵدا نەبوو (**ومع الضمیر اَعْطیتُ واعتدیتَ واسترشیتُ**) واتە تۆ دەڵێیت لەم جۆرە میثالانە لەگەڵ ضمیری مخاطب ومتکلم وحدە (اعطیت) ئەصلەکەی (اعطوت) بوو واو کراوە بە(ی) اعتدیت ئەصلەکەی اِعْتَدَوت بوو، استرشیت ئەسلەکەی استرشوت بوو واوەکە کرا بە (ی)هەرچەندە لەگەل ضمیردایە، چونکە ضمیری فاعل رێگری لەم قەلبە ناکات (**وکذ لك تَغازْ ینا و تراجینا مع ضمیر المتکلم مع الغیر** ) یانی هەروەکو ضمیری مخاطب ومتکلم وەحدە وایە، بونی قەلبیّ واویّ بە(ی) لەگەڵ ضمیر متکلم مع الغیر وەکو تغازینا وتراجینان کە هەردوکیان ماضی بابی (تفاعلا)ن ،وە ئەصلەکەیان تغازونا وتراجونا بوە واوەکەیان کراوە بە(ی) لەبەر ئەم یاسایە.

## ئاگاداری

بۆ زیاتر سودوەرگرتن دەمانەوێت کە هەندێك لەیاسایەکانی پیتی واو باس یکەین، ئەگەر چیزۆریان باس کراون ، بەلام لێرە کۆیان دەکەینەوە: ﴿١﴾واو متحرك ماقبل مفتوح قەلب دەکریٰ بەئەلف بەو مەرجەی هیچ رێك نەبێت وەکو غزا ئەصلەکەی غزو بوو ﴿٢﴾ واو ساکن ماقەبل مکسور دەکرێت بە(ی) وەکو أوجل/ ایجل وقول /قیل ﴿٣﴾ واو متطرف ماقبل مضموم دەکریٰ بە (یی) وەکو التمطو /عطی ﴿٤﴾ واو چوارەم و زیاتر دەکریٰ بە (ی)پاشان بەالف وەکو اعطو/اعطی ﴿٥﴾ واو متحرك ماقبل مضموم دەکری بە (ی)لە مصدری بە مەرجێك کە لە فعلەکەشی کرابێت وەکو أنقود/انقاد وەفعلەکەشی انقود انقیاد ﴿٦﴾ واو متحرك ماقبل مکسور دەکریٰ بە (ی) لەجەمعی بەو مەرجەی مفرەدەکە کرابێت وەکو جواد/جیاد وەمفردەکەی جیّدە ئەصلەکەی جیود بوو ﴿٧﴾ اجتماعی واوو ییان سابق لەوان ساکین واو دەکریٰ بە(ی)وەکو (مر موی) بەچەند مەرجێك لەبەینی ئەوانە فاصل نەبێت وەکو نینوی لەیەك ووشە دەبن نەك وەکو (یغزو یوماً) هی پێش ساکن بێت نەك وەکو(ضُوَیْرب) وەهی یەکەم بەدەل نەبێت وەکو (سویر دیوان) وەلەسەر وەزنی (افعل)ی نەبێت وەکو(ایوم)وەهەم عەلەم نەبێت وەکو (حیوة)وە (ی) بۆ تصغر نەبێت وەکو (اسیود). مەگەر لەرۆخی بێت وەکو (عصیە) ئەصلەکەی عصیوە بوە. ﴿٨﴾ واو دەکریٰ بە همزە لەئیسمی فاعیل لەئەجوەفی وەکو قائل ئەصلەکەی قاول بووە ﴿٩﴾ واو لەدوای ئەلفی زیاد دەکریٰ بە همزە وەکو کساء ئەصلەکەی کساو. ﴿١٠﴾ واو دەکریٰ بە(تی) لەبابی افتعال وەکو (اوتعد/اتّعد) ﴿١١﴾ واو متطرف ماقبل مکسور دەکرێت بە(ی)وەکو قوِو/قوِی/رضِوَ رضی. ئەم بابەتە پیرۆزە بۆ تاقی کردنەوەیە: ئەم شتانەی لیٰ بزانە مزید مجرد بابەکانیان وەسالم وغیرە سالم ، مفردو تە ثنیە وجمع (فانطلقا حتی اذا اتیا اهل قریة استطعما اهلها فأبوا ان یضیفوهما فوجدا فیها جداراً یرید ان ینقض فاقامە قال لو شئت لتخذت علیە اجراً) سورة الکهف.

لەکاتێك رزگاری بوو لەم وشانەی یەك حەرفی عللەیان تێدایە، هاتە سەر باس و بەیانی ئەم وشانەی کە دوو حەرفی لەوانە تێدایە فەرمووی (**الرابع المعتل العين واللام** )جۆری چوارەم لەم حەوت جۆرەمعتلانە معتل العين واللامە واتە عين الفعل واللام الفعلی پیتی عللە یتێدا بێت (**ويقال له اللفيف المقرون**) بەم نەوعە دەگوترێت لفیفی مقرون ، لفیف واتە تیا پێچراو مقرون واتە لەتەك یێکەوە،یانی دو حەرفی عللەی تێدابێت واتە هەردوکیان پێکەوەنە وەهیچ فاصل لەنێوانیان نیە جائەوە فعل بێت وەکو (شوی)یان ئیسم بێت وەکو(قویّ)(وشیّ) (**ولا يجئ الامن باب ضرب يضرب وعلم يعلم**) واتە دورست نابێت وناهێت ئەم نەوعە کەلفیفی مقرون)ە تەنها لەودووبابە دێت لەم شەش بابی ثلاثی مجرد، ئەم دوەش بابی دووەم وەکو ضرب یضرب، وەبابی چوارەم وەکو علم یعلم (**واختّص ماكلاهما واو بعلم يعلم** ) واتە تایبەت کراوە ئەم ووشەی کە عین الفعل ولام الفعلی واوبێت، بەبابی چوارەم کە(علم یعلم )وە ن وەکو (قووّ)ئەمە وادەکەین کەئەمەیان لەبابی دووەم نەهاتبێت، بەلاّم قەرەداغی دەفەرموێت ئەمە بەزۆری وایە، چونکە عوی یعوی هاتوە لەبابی دووەم : کەئەصلەکەی (عَوَوَ)بوە (**ولم يوجد ماكان عينه ياءً ولامه واو**) واتە دەست نەکەوتوە لەم لەفیفەی ووشەیەك عين الفعل (ی) بێت ولام الفعلەکەشی واوبێت. ئەگەر بلێیت ئەدی چی دەکەیت لەوشەی حیوان، دەلێین ئەم واوە لەئەصلی دا (ی) بوە: کراوە تەواو: جادابەش کردنی بەگوێرەی عەقل چواربەش هەلدەگرێت، هەردووك واو وەکو قووَ هەردوك (ی) وەکو حیی عين الفعل و لام الفعل (ی)وەکو شوی : بەپێچەوانەش ئەوە گوتمان نیە. کەواتە شەش بەش مانەوە، وەکو گوتمان ئەوانەش تەنها لەبابی (ضرب و علم) دەبن جا میثالە کان بلێن (**فتقول شوى يَشوي شَيّياً كرمى يرمي رمياً**) تو دەلێیت لەمیثال لەلفیفی مقرون لەبابی دووەم: شوی .هتد واتە حوکمی ئەم لەفیفە لەبابی دووەم وەکو ناقص وایە لە بابی دووەم (شوی ) ئەصلەکەی (شویَ)بووە واو کراوە بەئەلف ، وەکو (رمی)(یشوی) ئەصلەکەی (یشوِی)بووە ضمە لەسەر (ی)لادرا وەکو(یرمی) (شیاً) ئەصلەکەی (شویاً)

بوو: واو ویاء پێکەوە کۆبونەوە واو کرا بە(ی) وە دەغم کرا (**وتقول قوِیَ یقوی قُوَةً**) تۆ دەڵێیت لە میثالی ئەم لەفیفە کە هەردوك واوبێت کەتایبەتە بەبابی چوارەم (قوی) ئەصلەکەی (قَوِوَ) بوو: واوی دووەم کراوە بە(ی)چونکە متطرف ماقبل مەکسورە یقوی: ئەصلەکەی یَقْوَوَ بووە وەکو یعلم واو لەپلەی چوارەم کرا بە (ی) وە (ی) کرا بە ئەلف وە(قُوَّة) مصدرە ئەصلەکەی قوْوَة بوە بەدو واو هی یکەم دەغم کرا لەهی دووەم (**قَوِیٌّ فی الصفة**) بۆ صیفة مشبهە دەگوترێت قَوِیّ لەجیاتی ئیسمی فاعیل مفعول ئەمە بۆ مذ کر، وەبۆ موءنثان قویة دەگوترێ هەتا دوای (**والجمع اَقْویاء**) دەڵێت بۆ جەمع التکسیری قوِیٌّ (ا قْویاء) سکونێك لە نێوان فەتحە وکە سرەدا (**ورَوِ ی یَرْ وی رَ یاً**) روی کەعین الفعلی (واوە) وەلامە کەشی (ی)تایبەت نیە بەم بابە هەروەکو قوو، تایبەت بوو یروی ئەصلەکەی یروَیُ بوو(ی)کراوە بەئەلف ریّاً ئەصلەکەی رَوْیاًاو(ی)کۆبونەوە واو کراوە بە(ی)وەدەغم کراوە (**کرضِیَ یرضی رضیاً**) واتە حوکمی (قوی) وە (روی)ی کەهەردوکیان لەفیفن وەکو حوکمی (رضی) وایە کەمعتل الامە لەئیعلال دا (**والحاصل انّ هذا مثل الناقص**) پوختەو مەبەست ئەوەیە لەم شوبهاندنە لەفیفی بەبابی رمی وە رضی :کە حوکمی لام الفعل بەم لفیفەی وەکو حوکمی لام الفعلی ناقص وایە(**فلا یعل العین اصلاً**). جا کەوەك یەك وانە، لێرەدا عین الفعل ئیعلال ناکرێ تەنها لام الفعل ئیعلال دەکرێت چونکە ئەویان شوێنی گۆرانکاریە جاکە ناکرێت بە قەطعی ناکرێت واتە نە بەقەلب وە نە بەحەذف: جا فعل بێت یان ئیسم بێت، واوی بێت یان یائی: هۆیەکەش زیاتر ئەوەیە تاکو دوو ئیعلال کۆنەبنەوە لەیەك وشەدا(**فهو ریان**) ئەمە بۆ مفرەدی مذکر بەکاردێت ئەصلەکەی (رویا ن) اجتماع واو (ی)یا ن بوو هتد...(**وأمرة ریّا**) ئەمەش بۆ مفردی موءنث بەکاردێت ئەصلەکەی رویا بوە(**بأعلال مرمیّ**) واتە هەردوکیان آعلال کراون وەکو أعلالی (مرمی) کە لەپێشان باس کراوە (**مثل عطشان و عطشی**) واتە ریّان بە (ی)بەشەددە کەئەصلەکەی رویان بووە وەکو (عطشان)ی وایە بۆ مذکران (وریّا)کە ئەصلەکەی رویا بووە وەکو عطشی ئەمەش بۆ موءنث کە

(ی)مشەددەدە بەبێ نوون (**وجمعهما عطاشٌ بكسر الفاء**) واتە جمعی عطشان وعطشی یەك جەمعە کەعیطاش ە وەهیچ جیاوازی نیە لەنێوان جەمعی مذکرو موءنث دا لێرەدا کەجمعەکە عیطاش ە بەکەسرەی فاءالفعل بوو هەردوکیانە: (**وهوقیاس فعلان فعلی**)یانی ئەم جەمعە کە(فعال)ە قاعیدە ویاسا بوو هەر وشەیەك کە مذکرەکەی لەسەر وەزنی (فعلان)ی بێت وە موءنثەکەی لەسەر وەزنی (فعلی) بێت (**تقول ريّان ريّانان**)[1] تۆ دەلێیت لەمثالي صفەتی مشبهّە ریّا ن بۆ مفردی مذکر ریّا نان بوو وە تە ثنیە کەیان لە حالەتی رەفعە ریّا نیِن لە حالەتی نصبە وجرە (رواء)بەکەسرەی (رِێ)ئەمەش بۆ جەمعی مذکرە(ریَا) بۆمفردی موءنث(ریّیان) تەثنیە لەحالەتی رفعیّ ئەلفەکەی کراوەتەوە (ی)وەألف ونون بۆ تەثنیە زیادکراون: ریّیْنِ لە دوحالەتی نصبە وجرە: وەئەگەر أضافەی بکەی بۆ لای (ی) متکلم، دەبێتە پێنج (ی)وەکو (ریّیی)(ر واء)بۆ جەمعی موءنث هەروەکو جەمعی مذکر وایە، چونکە هەردوك لەسەر وەزنی عیطاش)ەئەصلەکەی (روای) بوو واولە دوای ئەلفیّ قەلب کراوە بەهمزە: یەك دەلێت بۆ واو نەکراوە بە(ی)کەچی قانونە، کە واو متحرك ماقبل مکسور قەلبی دەکرێت بە(ی)لە جەمعی بەو مەرجەی لەمفرەدەکەشی قەلب کرابێت وەکو جیادوجیّد : کەئەصلەکەی جواد بووە: لە وەلامدا دەفەرموێت (**ولم تقلب الواوياءً مع كسر ماقبلها وأعلال مفرده**) واتە لەوشەی (رواء) نەکرا بە (ی) کەچی حرفی پێشی مکسورەکە رائەکەیە: وە مفرەدەکەشی ئیعلال کراوە کە، ریّان)ە (**للزوم أعلالين بلا فصل**)تاکو لازم بێت دووئیعلال لەتەك یەك بەبیّ فصل کەیەکێکیان ئەوەبوو لام الفعلی کراوە بەهەمزە ئەوجاریش واوەکەی بکەین بە(ی) کەهیچ شتێکیان لەنێوان نیە. ئەمە نابێت : یەکێك دەلێت ئەدی ألفی مەددە لەنێوانیانە :لە وەلاّمدا دەفەرموێت (**أذالالف حاجزٌغير حصين** ) بەلّی ئەلف لەنێوان هەیە، بەلاّم ئەم ئەلفە پەردەو پەنایێکی زۆر بێهێزو توانایە، وەهیچ حیسابێکی بۆ ناکریّ بە نەبوو دانراوە. کەواتە دووئیعلال کۆدەبنەوە لە یەك وشەی بیّ فاصیل: ئەمەش قەدەغەیە (**قلبت الواو همزة أبتداء**) جاوتما ن ئەصلەکەی

(رواى) بووه (ى) قەلب كرا بەهمزه لە ئەوەلەوه يانى پێشى ئەوەى كەقەلبى بكەين بەئەلف (**لان الواو والياء الواقيعتين طرفاً بعد ألف زائدة تقلبان همزة**) چونكه قاعيدەيە وەباسمان كرد لە كيساء ورداء كەهەر واوێك يان هەر يێك كەوتە طرف واته لە ئاخيرى وشەيێك هات وەهيچ (تێ) تأنيثى لەدواوه نەبوو، وەلەدواى ئەلفێكى زيادكراو هات بون قەلب دەكرێت بەهمزه وه لە ووشەى (رواى) ياسايەكەى لێهاتۆتە جێوه (يى) قەلب كرا بەهەمزه بووبه (رواء) (**أوبعد جعله الفاً**) يان دەلێن (ى)كراوه بە ئەلف پاشان ئەلف كراوه بە هەمزه جا يەكێك دەلێت چۆن بەم (ى)يە كراوەبەئەلف كەچى ماقەبلى مەفتوح نيه بەلكو ساكينە كەئەلفى مەددەيە لەوەلاّمدا دەلێت (**لأن الالف حاجزٌ غيرُ حصينٍ فكأن ماقبلها مفتوحٌ**) واته ئەم ئەلفى كە لەنێوان فەتحەى پيتى (و)وەپيتى (ى)هەيە پەردەيەكى بێهێزه. وه بزانه كەپيتى پێش (ى) مفتوحه كە فەتحەى واوێيه جا (ى)كرا بەئەلف، ألتقاءالساكنين لەنێوان هەردوك ئەلف جاهى دووەم حەرەكەدار كراو بوو بەهمزه، بەلام بزانە ئيعلالى بكەى باشتره چونكه ئيعلالى كەمتره وەبەهەر حالێك بێت گەڕا بە (رواء) (**وارْوى كأعطى**) واته حوكمى لەفيفى مقرون لەبابى أفعال وەكوناقيصى واويە لەم بابه (اروى)ئەصلەكەى (أرْوَيَ)بووه وەكو أكرم)ه وه(ى)كراوه بەئەلف بووبه (أروى) .يُروى) كه مضارعه وه كو يعطي وايه ضمەى (ى)حذف كراوه خولاصه كو مجردەكان يەكسانن مەزيدەكانيش بەهەمان شێوه (**وتقول حَيِيَ كرَضي**) واته تۆ دەلێيت لەفيفى مقرون لەبابى چوارەم كه عين ولامى (يى)بێت حيى كرضي، بەبێ دەغم كردنێ (ى) لە(ى) واته حوكمى لەگەلّ ناقص يەك حوكمه (**ويجوز حيَّ بفتح الحاء وكسرها**) واته دورسته لە م ماضيه ،حيَّ: بەدەغمى عين الفعل لەلام الفعل وەك خۆى جا فاء الفعليش كه (ح)يە بە فەتحه و كەسره دووسته واته حِيَّ حَيَّ (**يحيا بقلب اللام الفا** )تۆ دەلێيت لەمضارعەكەى يَحيا بەقلبى لام الفعلەكەى كه (يى) بەئەلف چونكه ياساى خۆيەتى كه ئەصلەكەى يَحيَي بووه وەكو يعلم. يەكێك پرسيار دەكات بۆچى دەغم نەكرا تۆش لەوەلاّمدا بلێ (**ولم يدغم والا لزم ضم الياء**) واته

(ی)ییکە دەغم نەکرا لە (ی)دووەم چونکە ئەگەر دەغم بکرایە (ضمة )لازم دەهات بۆ سەر پیتی (ی)چونکە دەبووە(یَحَیّ) ئەمە پێش ئیعلال وەلەدوای ئیعلالیش دەغم نەما (حیوە) تۆ دەڵێیت لەمصدرەکەی حیوە ئەصڵدکەی حیْیَة بووە وەکو (غلبە)لام الفعل قەلب کرا بەئەلف (کتبت واواً) ئەم ئەلفە بەواو نوسراوە وەکو (صلوة وزکوة)هتد: ئەگەرچی واو گرانترە لەئەلفیْ وەبەخیلافی نوسینیشە (**علی لغة من یمیل الالف الی الواو**) لەسەر لۆغەت و زاراوەی ئەو عارەبانی کە لە خوێندنەوە مەیل بەئەلفیْ دەکەن بۆ لای واویْ (**وان کانت الالف المنقلبة عن الیاء التی قبلها یاءاخری تکتب الفاً**) بەلیْ حیوە بەواو نوسراوە ئەگەرچی قانون وایە کە هەر ئەلفێك قەلب کراوی یییەکی بێت کەیییەش ییەکی تری لەپێش بێت : قانون وایە بەئەلف بنوسرێت : وەکو (یحیا) ئیستا ئەم ئەلفەقەلب کراوەی پیتی ییە وەلەپێش ئەم ییەش (یی)ی ترهەیە کە هی عین الفعلە: جائەم قەلب کراوە بەئەلف نوسراوە بەکوێردی یاسای خۆی بەلاّم (حیوە) وانەنوسراوە کەچی ئەم ئەلفەش قەلبکراوی یێتەکەیە: کەلە پێشی یائیتر هەیە (کصَدْ یا ورَیّا)وەکو (صدیا )و(ریّا)کەهەردوکیان صیفەتی موشەبەهەن: بۆ موءنث کە مذەکرەکەیان (صدیان وریان)ە. بەلاّم ئەمەش بزانە ئەلفی ئەوان قەلب کراو نیە وەکو هی یحیا بەڵکو هی تەئنیثە وەلەبابی فعلانَ فعلییە بەلاّم بەهەر حال ئەم ئەلفە یائی لەپێشەوەیە بەئەلف نوسراە: وەکو یحیا کەفعلی مضارعی یە: وەئەلفەکەی قەلب کراوە بوو(**الا فی یحي وریّ علمین**) واتە لە هەموو شوێن ئەم ئەلفی کەقەلب کراوە : وەپیتی یائی لەپێشەوە هەیە :بە ئەلف دەنوسرێت : تەنهالە ووشەی (یحی)کە ناوی پیاوێکە وە(ریی) کەناوی ئافرەتێکە لەم دووشوێنە هەر بە یاء نوسراوە لەو کاتەدا کەناون بۆ مرۆڤ ئەگەرچی ئەلفەکەیان قەلب کراوە یاتێکە :کە یائێکی تری لەپێشە، قانون وابو کە بەئەلف نوسرابایە بەلاّم بەئەلف نەنوسران بەلکو بەیاء نوسران تاکو جیاوازی هەبێت لەنێوان (علم) وفعل وصیفەت: چونکە ئەوان بەئەلف دەنوسرێن:چونکە گرانترن بەلاّم (علم)بەیاء نوسراوە چونکە لەوان سوکترە (**فهو حيّ**) واتە تۆ دەڵێیت لە صیفەتی مشبهە, حیّ، بە

دغمی یاء لەیاء (وحیّا) تەثنیە ی فعلی ماضی لە هی بەشەردا (وحییا) تەمەش هەروەها بەلاّم بەبێ آدغام (فهما حیان) ئەمەش تەثنیەی صیفەتی مشبهە کە (حیٌّ)بوو (وحیّوا وحیِیوا) ئەمەبو جەمعی مذکر لەماضی بەدەغم وبەبێدەغم (فهم احْیاءُ )ئەمەش بۆ جەمعی (حیّ)کە صیفەتی مشبهەیە (**ویجوز حیوا بالتخفیف کرضوا**) واتە دورستە لەفعلی ماضی دەغم نەکراودا حەذفی لام الفعلەکە بکەی لەجەمعی وەکو حیُ، بە سوککردنی بەحەزفی لام الفعلەکە. وەکو رضوا کە ئەصلەکەی رَضِیوُ بووە وەحیووا ئەصلەکەی حَیِیوا بووە: کەسری عین الفعلەکەی لادە وە ضمەی لام الفعلەکەی بدەرێوە حذفی لامەکەی بکە (**وأحْیَ كأرضَ**) تۆ دەلێیت لە ئەمری بەصیغە لە لفیفی (إحی) وەکو (إرضی) واتە حوکمی لەفیف و ناقصی وەك یەك وایە لە ئەمری دا. ئەصلەکەی تحیا بوە (تی) لادرا هەمزە وەصل هات و ئاخیرەکەی ساکین کرا بە حەزفی لام الفعلەکەی (**واحیا یحیی كأعطی یعطی** ) تۆ دەلێیت لە دورست کردنی بابی أفعال لەم لەفیفە کە هەردوکیان (ی)بن أحیا یحیی وەکو أعطی یعطی, أحیا ئەصلەکەی أحیی بوە وەکو اکرم)ە لامەکەی کراوە بەئەلف، وەکو اعطی /یحی / ئەصلەکەی یُحییُ بو وەکو یُکرم ضمەی (ی)لادرا بو بە یُحیی (**ولایدغم حال النصب حملاً علی الرفع**) واتە (یێ) لە(ی) دەغم ناکرێ لە فعلی مضارع لەکاتێك عامیلی ناصیبی بەریتە سەر هەرچەندە موافیقی قاعیدەش بێت وەسوکتر دەبێت: بەلاّم حمل دەکرێت حالەتی نصبە بەسەر حالەتی رفعە کەلەم حالەتە مەرجەکانی دەغمی تێدانیە بەلاّم لەحالی نصبە مەرجەکانیشی هەن بەلاّم دەغم ناکەین تاکو هەمو حالەتەکان یەکسان بن (**وحایایحایی محایاة کناجی یناجی مناجاةً**) حوکمی بابی مفاعلەلەم لەفیفە وەکو ناقصی وایە لەم بابە (حایا) ئەصلەکەی حاییَ بو" وەکو قاتل/ە لام الفعلی قەلب کرا بەئەلف، بو بە حایا یُحایی. ئەصلەکەی یُحاییِ بو وەکو یقاتل ضمە لەسەر (ی)لادرا بو بە یُحایی محایاە ئەصلەکەی مُحایَیٌ)ەوەکو مقاتلة بوو(ی)متحرك ماقبل مفتوح کرا بەئەلف بوبە محایاة (**واستحی یستحی استحیاءً كاسترشی یسترشی استرشاءً**) حوکمی

بابی استفعال لەمادەی حیی لەم لەفیفە وەکو استخرج (ی) دوەم کرا بە ئەلف/یستحی/ ئەصلەکەی یستحییُ بو ضمە لە سەر(ی)گران بو لادرابو بە یستحی استحیاء ئەصلەکەی استحیایاً بوو(ی)لە دوای ئەلفی زێدە کراوە بە هەمزە بوبە استحیاء وەکو استخراجاً (**ومنهم من یحذف العین اعتباطاَ**) واتە هەندێك لە عەرەبەکان حەذفی عەین الفعل دەکەن کە (ی)ییکەمە هی دوەم حەذف ناکەن کەلام الفعلە ئەم حەذفەش کە دەیکەن هیچ شتێك نیە کە پێویست بەم حەذفە بکات تەنها بۆ سوك کردنی ئەم وشەیە (**فیقول إستحی یستحی اسْتح**) دەڵێت ئەوەی کە حەزفی عین الفعلەکەی دەکات لەم میثالەدا استحی ئەسلەکەی استحیی بوە بە دو یاء نەقلی حەرەکەی عین الفعل کرا بۆلای عین الفعلەکەی کە (ح)یە پاشان قەلب کرا بەئەلف حەزف کرا بو بە استحی بە یەك (ی) یستحی مضارعە ئەصلەکەی یستحیی بوە بە کەسرەی (ی)یەکەم نەقل کرا بۆ ماقبلەکەی حەزف کرا لەبەر بینای ئەمر بو بە استح لەسەر وەزنی استفِ واتە لەحەرفەکانی بەس (ف) ماوە (**فحذفت اللام فی الامر ایضاً**) واتە حەزفی لام الفعلەکەش کرا لەفعلی ئەمر لەم بابە هەروەکو حەزفی عەین الفعلەکەش کرابو بەلام ئەم لامە کەحەزف کراوە بەپێی یاسایە وەکو عەین الفعل نیە کە بەس بۆ سوکی بێت (**وکذافی الجزم**) واتە لامەکەی دەکرێت لەمضارعی لەکاتی عامیلی جەزمی بێخیتە سەر وەکو لم تستح (**وتعودالالام عندالتاکید**) ئەم لامەی کە حەزف کراوە بە هۆ عامیلی جازم و ئەمری ئەم لامە دەگەرێتەوە لەکاتی تاکید کردن بەنونی تاکید وەکو استحینّ لێرەدا ئەگەر یەکێك رەخنەبگرێت و بلێت تۆ گوتت لەم لەفیفە کەعین الفعل ئیعلال ناکرێت ئێستاش دەبینم حەزف کراوەنوسەر لە ولاّمی دادەفەرموێت(وذلك لکثرةالاستعمال)واتە حزف کردنی عین الفعل لێرەدا لەبەر هیچ هۆیێك نیەتەنها لەبەر ئەوەیە کە ئەووشەیە زۆر بەکاردێت باش وایە سوك بکرێت (**کما قالوا لا ادر فی لا ادری ولم یکن فی لم یَکُنْ** ) وێنەکەی ئەوەیە کەعەرەب گوتویانە (لاادرِ)بە حەزفی (ی)ی لام الفعل لە جیاتی لاادری بە (ی)چونکە ئەم لایە جازم نیە بەڵکو بەحەزفی پیتی یاء لەبەر زۆر

بەکار هێنانە :وەهەر وەها گوتویانە (لم يك) بەحەزفی نونی لەجیاتی لم یکن بە نون, جاحەزفی ئەم نونە لەبەر بەکار هێنانی زۆرە نەگینانونی لام الفعل بەعاملی جازم لاناچێ.

لە کاتێك باسی لفیفی مقرون تەواو بو هاتە سەر باسی لەفیفی مفروق دانەری تصریف لەوبارەوە دەفەرموێت (**الفا واللام**) واتە نەوعی پێنجەم لەم حەوت معتلە. (**الفاء والام**) . یانی فاء الفعله ولام الفعلی پیتی علله بێت (**ویقال لة اللفیف المفروق** ) بەم لەفیفە دەوترێ لەفیفی مفروف یانی حەرفی عللەی تێداپێچراوە بەلاّم پیتێکی صحیح لەنیوانیان هەیەوەکو (**وقي** ) وسوس .بۆ ثلاثي ورباعی : جادابەشی ئەمە بەگوێرەی عەقل چواربەشە چونکە .یان هەردوك واودەبن یان هەردوك (ی) دەبن یان فاء الفعل واوە وەلام الفعل (ی) دەبێت یان بەعەکس ئەوەیان : بەلام وادیارە ئەم هەموجۆرە دەست ناکەوێ جادەفەرموێ ( **ولا یکون فاؤه الاواواً الایدی**) یانی نابێت فاء الفعلی ئەم لەفیفە تەنها واو دەبێت هەرگیز (ی) نابێت مەگەر وشەی (یدی) کەبەمانای چاکە لەگەل کردن و هەندێك مانای تریش هاتووە. وە لە بابی دودم و چوارەم دێت : لەم ووشەدا فاء الفعل واو نیە بەلّکو ییّیە .( **ولامة الا یاء**) وەهەروەها لام الفعل لەم لەفبفە نابێت تەنها (ی) دەبێت . کەواتە لەم چوار بەشە یێك ماوە , کە ئەوەیە فاء الفعل واو بێ لام الفعلیش (ی) بێت . سێ یەکانی تر دەست نەکەوتن (**ولا یجئ الا من باب ضرب یضرب وعلم وحسب**) دروست ناکرێ و بینا ناکرێ ئەم جۆرە لەفیفە تەنها لە بابی ضرب وعلم و حسب دروست دەکرێت : یانی بابی دووەم و چوارەم پێنجەم : جاتۆ دەلێیت لە میثالەکان (**وقي کرمی**) یانی حوکمی ئەم لەفیفە لە بابی دووەم . وەکو حوکمی ناقصی وایە , لەبابی دوودم : ( وقی ) ئەسڵەکەی ( وقی) بوو . (ی) کرا بەئەلف بەپێی یاسای خۆی : با میثالەکان ماضی تەواو بکەین ( **وقیا وقوا** . **وقت وقتا وقینا** , **وقیت وقیمتا وقیتم وقیت وقیتما وقن وقیت وقینا**) جا با میثالەکانی فعلی مضارع بهێنن ( یقی ) ئەسڵەکەی ( یوقی ) بووە وەکو (یوعد ) وایە لە حەذفي واوەکەی , کەلە

نێوان (ی) کەسرەیە : وەحەزفدە کرێ وەهەروەها ئاخیرەکەش وەکو (یرمی) وایە کەضمەی لیٚ حەزف دەکریٚت. پوختە ئەوەیە: کە حوکمی ئەم مضارعە لەم لەفیفە. وەکو حوکمی میثالي وایە لەحەزفی واوی بوە وەکو حوکمی ناقص وایە. لەحەزفی ضمەی (ی) لەبەرئەمەش نەیفەرموو (یقی) (کیرمی). وەکو لە ماضیدا وایفەرموو (یقیان) ئەسلەکەی یوقیان. وەکو یضربان. واو لەنیوان (یی) وکەسرەلادراوە ( یقون ) ئەسلەکەی یقیون. بوو واو لە بەینی ( یی ) وە کەسرە لادرا: بوو بە یقیون. ضمەی (ی) نەقل بکە بۆ پێش خۆی لەدوای لادانی حەرەکەی خۆی . التقاء الساکنین بوو لەنێوان (ی)کەلام الفعله . لەگەل واوی جەمعی.(ی) حەزف کرا. بوو بە یقیون لەسەروەزنی (یفون ) یانی بەس فاء الفعلی ماوە (**تقي تقیان یقین**) ئەسلەکەیان. توقی توقیان توتقین .واو حەزف کراوە : وەزنەکەیان تعل تعلان یعلن وەکو یعدن : ئەوانە شەش میثالي غائب بوو مذکر مؤنث. ئەمانەش بۆمخاطب: (**تقی تقیان تقون**) بۆ مذکر ئەسڵەکەیان توقی توقیان توقیون: وەکو تضرب...هتد: ئیعلالەکەیان وەکو یقی....هتد: (**تقین تقیان تقین**) بۆ مؤنث مخاطبة ئەسلی (تقین)د کە مفرددی مخاطبە,( توقین)ە بوو بەدووی ) بەلاّم ئەسڵی (تقتین)ەی جەمع توقین)د بوو بە ییّك (ی) وەئیعلالەکان دیارن (**اقی نقی**) متکلم وحده مع الغیر . ئەسڵەکەیان اوقی نوقی بوو : واو حذف کراوە , لەگەڵ ضمە ی لام الفعل : جاهاتە سەر باسی ئەمری بەصیغە : دەفەرموێ : (**والامر (ق) علی وزن ع** ) واتە تۆ دەڵێت لە بینا کردنی ئەمریلا بەصیغە لەم لەفیفە (ق)بە قافێکی ژێر و بەس : لەسەر وەزنی (ع) , چونکە ئەسڵەکەی (توقی ) بوو واوەکە لاچووە بەپێی یاسای (معتل الفاء ) وەحەرفی مضارع و لام الفعلەکەی حذف کراوە لەبەر بینای ئەمر . کەواتە لە حروفەکانی خوی و زیاد . بەس عەین الفعل ماوە . بۆیە وەزنەکەی (ع) دەبێت . چونکە گوتمان میزان و مەوزون یەکسانن : (**ویلزمة الهاء في الوقف نحوقة**) پێویستە لەکاتی وەستان لەسەری , پیتی هی پێوە بلکێنی بۆ هەناسە خواردن , وەکو دەڵێت (قە) چونکە بۆ دەست پێکردن پێویستە حەرەکەی هەبێ . وە بۆ راوەستان سکون هەبێ ئەم دووەش

دژی یەکن (جا ئەم (هی)یە زیادکرا: جا تۆ دەڵێیت لە میثالەکان بەبێ نوونی تەئکید ق قیا قوا ئەمە بۆ مذکری مخاطب ئەسڵەکەیان توقی توقیان توقیون )د قی قیا قین ئەمەش بۆ مؤنث مخاطب : ئەسڵەکەیان : توقین توقیان توقین , وەئیعلالیان ئاشکرایە : علی وزن (ع) (ق) لەسەر وەزنی (ع) تەنها عەین الفعل ماوە : علا عەین و لام ماون عوا بەس عین الفعل ماوە ئەمە میزانی سێیەکانی ئەوەڵی کە مذکر بوون : عی ئەمە میزانە بۆ قی کو مفرەدەی مؤنث مخاطبە : بەس عەین الفعلی ماوە وەیائەکەشی ضمیری مؤنث المخاطبة و فاعلە : علا عەین و لامی ماوە . علن میزانە بۆ (قین)ەی جەمعی مؤنث عەین و لامی ماوە , وەنونەکەشی ضمیرە وفاعلە (**وفي التاكيد قين**) ئەمە بۆ مفرەدی موذکری مخاطبە . واتە بۆ (ق) لام الفعل گەراوە بەهۆی نونی ثە قیلە چونکە ئەم نوونە پێویستی بە فەتحەی ماقەبلە هەیە : قیان بۆ تثنیە ی مذکری مخاطب ئەسڵەکەی قیا بوو, تەئکید کراو نوونەکەی تەئکیدی مەکسور کرا :قن بۆ جمع , ئەسڵەکەی ( قوا) بووە تەئکید کرا , دوو ساکن گەیشتە یەك واو لادرا , چونکە ضمە دەلالەتی لەسەر دەکات : قن بۆ مفردی مؤنث مخاطبة . ئەسڵەکەی (قی) بوو تەئکید کرا وە (یی) حەذف کرا لەبەر (التقاء ساکنین لە نێوان (ی) و ضمیر و نوونی تەئکید چونکە کەسرە دەلالەتی لەسەر دەکات : قیاك تەثنیسەی مؤنث وە نونەکە مەکسورکرا : قینان بۆ جمعی مؤنث مخاطبة ئەسڵەکەی (قین) بوو , تەئکید کرا بەنوونی ثەقیلەوە ئەلفێك لە نێوانیاندا دانرا, وەنوونەکەی مەکسور کرا بوو بە قینان : (**وبالخفيفة قِيَن قُن** ) تۆ دەڵێت بە نوونە تەئکیدی سوك قِیَن بۆ مفردی مذکری مخاطب (ی) گەڕاوەتەوە . قُن بوو جەمعەکەیان واو حەذف کراوە . قِن بۆ مفرەدی مؤنث مخاطبة ئەسڵەکەی (قی) بو تەئکید کرا وە (یی) لادرا لەبەر التقاء ساکنین وە (یی) لادرا کەسەری قاف جێگیرە : وە فەرامۆش کردنی تەثنیە و جەمعی مؤنث لە نوونی خەفیە ئاشکرایە (**ووَجِیَ یوجِی کرضی یرضی**) حوکمی لەفیفی مفروف لەبابی چوارەم وەکو حوکمی ناقص وایە لەم بابە : کەواتە وجی وەکو رضي وایە بەبێ جیاوازی ( **ولامر ایج کارض** ) تۆ دەڵێیت لە

ئەمری بە صیغە لەم بابە ,إیج , وەکو إرض . ئەسڵەکەی (توجی) بوو وەك (تعلم) حەرفی مضارعی حە ذف کراوە هەموو (ی) مەکسورە لە ئەوەلیدا دانرا , ئاخیرەکەی مەجزوم کرا بە حەذفی یاء بوو بە إویج , واو ساکن ماقبل مەکسورە قەلب کرا بە (ی) بوو بە إیج (**وولي يلي وليا**) تۆ دەلێیت لەم لەفیفە لە بابی پێنجەم ولی یلی ولیا , (ولی) وەکو (ورث) وایە کەبابی (حسب)ەیە یلی ئەسڵەکەی یولی بووە وەکو (یورث) واو لادراوە بە پێی یاسا نەیفەرموو ئەمەش وەکو ئەم بابە وایە لە ناقص , چونکە ناقص لەم بابە نەهاتووە , بەڵآم قەرەداغی دەفەرموێ باش بوو بفەرمووی (کورث یرث) بەلآم نەیگوت : چونکە ئەمە معتله الفاء یە جا گوتمان ئەم لەفیفە لە سێ باب دروست دەبێت وە بۆ هەرسێك میثالی هێناوە : بەلآم لە پێشان هیچ ئاماژەی نەکرد. کە ئەم لەفیفە لە رباعی دروست دەبێت جالێرەدا ویستی پێمان بلێت کە لە رریاعیش دروست دەبێت و فەرمووی .(**وقوقيت وضوضيت مقلون الواو ياءً لو قوعها رابعة من اللفيف المفروق**) یانی ئەم دوو فعلە کە (قوقین)ە وە ئەسڵەکەی (قوقوت)بوو وە ضوضیت ئەسلەکەی ضوضوت بوو کە رباعی مجردن وە واوی دووەم لە هەردوکیان کراوەیە (یی) بە پێی یاسای (واو واقیع بە رابع) ئەم دوو فعلەش لەفیفی مفروقن . بەڵآم چۆن (**بمعنى مطلق ما فرق فيه بين حرف العلة** ) یانی بەم مانایە لەفیفی مفروقن کە حەرفێکی صحیح فاصیل بێت لە نێوان دوو حەرفی عللە بە موگافی . واتە بێ ئەوەی تەماشای فاء الفعل و لام الفعل بکرێت . کە چ جۆرە حەرفێکن , کە ئەوە دەبێتە لەفیفی مفروقی لوغەوی ( **لا بالمعنى الذي قلنا** ) : بەم پێناسەی ئێمە کردمان بۆ ئەم لەفیفە کە گوتمان , ئەوەیە کە فاء الفعل و لام الفعلی حەرفی عللە بێت بەم پێناسەیە لەفیفی مفروق نین , وە ئەم پێناسەی کە بۆ ئەم لەفیفە کرا بوو (مطلق) نەبوو ئەگینا ئەم پێناسەی ئێمە هەڵ دەوەشێتەوە . بەم جۆرە فیعلانە : چونکە ئەوانە فاء الفعله کەیان هەر حەرفی عللە نیە چ جای واو بێت . پوختەی ئەوەیە بەم پێناسەی پێشوو حیسابی لەفیفی

مفروق بۆ ئەوانە ناکرێت بەڵام بەمانای لوغەوی کە ئەوەیە دوو حەرفی علله و حەرفێکی صحیح لە نیوانیاندا هەبێت . ئەوانەش لەگەڵ دەکەون(والله اعلم ).

﴿**السادس المعتل الفاء والعين**﴾ واتە نەوعی شەشەم لەم حەوت معتلە (معتل الفاء والعين )ە کە ئەمەشیان هەر لەفیفی مقرونە . بەڵام نەی فەرموو , چونکە ئەم جۆرە خۆی کەمیشە وەکو بۆت ڕوونە کە هەرگیز فعلی لێ دروست نابێت, هۆیەکەشی هەر ئەمە بوو کە نەبوو بە چوارەم کەچی فاء الفعل و عەین الفعل لە پێش ترن لە عین الفعل و لام الفعل . کە هی چوارەمە : جا ئەمەشیان بەگوێرەی عەقڵ چوار جۆری هەیە : هەردووك واو , وەهەر دووك (ی) وە بەعەکسی ئەوەش بەڵام هەردووك واو بێت نیە . وە میثالەکانی تریش ئەوە لەبەر چاوە (لا یکون واوین) واتە هیچ وشەیەك نابێت کە فاء الفعلی وە عەین الفعلی پێکەوە واو بێت , چونکە دوو واو لە ئەوەڵیەوە گرانە : بەڵام هەردووك (ی) دەبێت , وەکو دەفەرمووێ (**كيين اسم مكان مخصوص** (**يين**) بە فەتحەی هەردووك (ی) ناوە بۆ شوێنەکی تایبەت . دەڵێن ناوە بۆ گوندێك لە (يمن) . ئەمە فاءو عینی (ییە) (ویوم) ئەمەش فاء الفعلی(ییە) وە عەینی الفعلی (واوە ) (وویل) . پێش خۆی ( **ولايبنى منه الفعل**) واتە فعل لەم نەوعە معتلە دروست نابێت , چونکە فعل گرانە . وە دوو حەرفی گران لە ئەوەڵیەوە بێت زیاتر گران دەبێت : لەبەر ئەوە فعلی لێ دروست نابێت , مەگەر لەکاتی زروری و ناچاری شیعری شاعیرەکان , ئەوەش نابێ بەبێ یاسا ، وە ئەم فعلەش کە گوتراوە (یاومە) یا وە (قاتلە) وایە فعلی ماضي لە بابی مفاعلە , دەڵێن ئەمە دروست کراوی خۆیانە , وە لە ئەسڵی لوغەت نەهاتووە ﴿ **السابع المعتل الفاء والعين واللام** ﴾ واتە حەوتەم لە معتلەکان , هی ئاخرە ئەوەیە کە هەر سێك حەرفی علله بێت, واتە فاء الفعل وعەین الفعل ولام الفعلی حەرفی علله بی (**وذلك واو و ياء لأسمي الحرفين** ) واتە ئەم نەوعی حەوتەمە تەنها ووشەی واوە لەگەڵ ووشەی (ی) کەهەردووك ناون بۆ حەرفەکانی (ئەلف)و(ی)(**وأصل واوٍ وَ وَ وَ** ) ئەسڵی ئەم پیتەکەواوە (وَ وَ و) بووە یانی سێ حەرف وەهەرسێکیان حەرفی عللەنەکە

سێ واون (وقیل ویو ییی ) ئەسڵی (ی) ییی بوو بە سێ (ی) (**قلبت العین فیهما الفا** ) قەلبی عەینی فعلەکەیان کرا بە ئەلف . جا ئەم عین الفعلە واو بێت یان (ی) ( **كراهة اجتماع حرفی علة متحركتين من جنس واحد في الاول** ) واتە عەین الفعل قەلب کرا بە ئەلف . چونکە ناپەسەندە کۆبوونەوەی دوو حەرفی عللە , کە هەردووك حەرەکەداربن , وەیەك جۆر بن وە لەسەرەتای ووشە بن: جابوون بە (واو) وە (ی) بەلاّم هەردووك متحرك نەبن ناپەسەند نیە وەکو (یوم ویل) یان لەسەرەتاوە نەبن یان لە جنسێك نەبن (**ثم قلبت الياء همزة وان لم تكن بعد الف زائدة تخفيفاً** ) گوتمان بوبە یاء پاشەوە قەلبی (یای ) ئاخری کرا بە هەمزە هەرچەند لە دوای ئەلفی زیادیش نیە , بەڵکو ئەلفەکە ئەسڵەو یاسا نایگرێتەوە , بەلاّم بۆ سووککرنی ئەم ووشەیە قەلب کرا , بوو بە یاء یەك دەڵێ بوو بەواویش قەلب نەکرا بە هەمزە . جا دەفەرمووێ (**ولم تقلب واو** ) واوی دووەم قەلب نەکرا, بە هەمزە لە دوای ئەم ئەلفە, جا دەبێتە واو (**لانها اقرب الى الالف من الياء** )چونکە ئەم واوە نزیکتر و گونجاوترە بۆ ئەلفی لە (ی)ی یانێ واو لە دوای ئەلف بێت خۆشترە , ئەوەك (ی)ی لە دوابێت (مخرجی) ئەلف و مخرجی واو لێك نزیکن بەلاّم مخرجی (ی) دوور ترە: (**فهی اخف منها بعد الالف** ) واو سوکترە لە (ی) لە کاتێك لەدوای ئەلف بێت نەوەك لە هەموو شوێنێك چونکە لە ڕاستیدا واو گرانترە لە (ی) لە غەیری ئەم شوێنە ئەمەش ئاخیری حەوت معتەلەکانە جا کاتی هات باس لە مهموز بکرێت.

دەفەرمووێ ﴿**فصل**﴾ دەست پێ دەکات بە فصل (**فصل فیبیان المهموز**): ئەم فصلە کە باس و بەیانی مهموزی دەکات : مهموز ئیسمی مفعولە : هەمزە مصدەریتی , همزە لە (لغة)ی عەرەب بەمانا وەسوەسەیە . بۆیەش بە هەمزە دەڵێن همزە , چونکە پیتەکی بەشدەتە : وە مەهموز لە زاراوەی زانایانی ئەم عیلمە ئەوەیە کە یەك لە سێ پیتەکانی هەمزە بێت . جا ئەوەش سێ جۆری هەیە , چونکە ئەگەر فاء الفعل هەمزە بێت مهموز فایە : وەکو(امل) وە ئەگەر عەین الفعلی هەمزە بێت مهموز عەینە وەکو(سئل) ئەگەر لام هەمزە بێت ئەوە مهموز لامە وەکو(قرا) .

(**حكم المهموز من حيث الهمزة في تصاريف فعله حكم صحيح** ): واتە حوکمی مەهموزی و حال و باڵەکەی لە ڕووی پیتی هەمزەوە نەك لە ڕووی حەرفەکانی عللەوە , لە گۆڕاندن و گۆڕانکاری مەصدەرەکەی بۆ لای مشتەقاتەکان : کە ماضی و مضارع و هتد حوکمی وەکو سالم وایە ,بەڵام ئەگەر ئەم مەهموزەش حەرفی عللەی تێدا هەبوو یان مضارع بوو : بێ گومان لەم ڕووە حیسابی ئەوانی بۆ دەکرێت . بۆ وێنە (أ ب وجا ء ) حوکمیان وەك (قال وباع) وایە و (أسّ) وەکو (مدّ) وایە کە مەهموز و مضارعة (مدّ) تەنها مضاعفە . جا ئەم فەرموودە وادەکەین کە هەمزە هیچ گۆڕانی تووش نابێت جا ئەم گومانە لادەبات بەم فەرموودەیە (**لكنها قد تخفف اذا وقعت غير أول**) بەڵام هەندێك جار گۆران تووشی هەمزە دەبێت بۆ سوککردنی لە کاتێك لەسەرتای ووشە نەبێت (**بان لايكون قبلها شئ**) غەیرە ئەوەل چۆنە , بەم شێوەی کەشتێکی لە پێش هەبێت ,جا ئەم شتەی کە لەپێشی هەیە یەك پیت بێ یا زیاتر : وە لەووشەی خۆی بێت یان نا (**لانها حرف شديد من اقصى الحلق**) لەبەر ئەوە سوك دەکرێ چونکە ئەمە هەمزەیەکی گران و بەهێزە لە خوێندنەوەدا, چونکە لەلای ژووری گەرو دایە, چاکە سووك بکرێ بەم شێوانەی کە باسی دەکات (**وذلك اما بالقلب او الحذف او جعلها بين بين اى بينها وبين حرف حركتها** ) تخفیفی ئەو هەمزە بە سێ جۆرە یان قەلب دەکرێ بە واو و (ی)ی و ئەلف . یان حەذف دەکرێت یان (تسهيل ) دەکرێ کە پێی دەڵێن (بين بين)ە. وە بۆ ئەم (بين بين )ەش دوو جۆر بۆ چوون هەیە , ئەیەوێت بۆ مان دیار بکات , کە خۆی دەفەرمووێ (**أي بينها وبين حرف حرتها**) واتە (بين بين ) ئەوەیە کە ئەم هەمزە لە خوێندنەوەدا لە بەینی خۆیی وەبەینی حەرفی حەرەکەی خۆی بێ : وە بێگومان حەرەکەی هەمزە یان فتحەیە یان کەسرەیە یان ضمە یە . وەئەگەر لە بەینی هەمزەو ئەلفە, وە ئەگەر کەسرەیە لە بەینی ضمە و (یی) یە وەئەگەر ضمە یە لەبەینی هەمزەو واوە : جا ئەم هەمزە بەم شێوەی دەخوێندرێتەوە (**هذا هو المشهور** ) واتە (بين بين )ە بەم مانایەی کە گوتمان پێی دەڵێن (بين بين المشهور) (**وقيل بينهاوبين**

**حرف الحركة ما قيبلها**) ئەمەش ماناى دووەمە لە مانایەکانی (بين بين) واتە گوتراوە (بين بين)ە ئەوەیە کە هەمزە لە نێوان خۆیی و نێوان حەرفی حەرەکەی حەرفی پێش خۆی بێت بووینە . ئێستا (سئل) کە **مجهول** ماضىيە. حەرەکەی هەمزەی کەسرەیە وە حەرەکەی حەرفی پێش هەمزەی ضمەیە جا ئەگەر هی مشهورە . ئەم هەمزە لە نێوان هەمزەو واوە. ئەوجار هاتە سەرمیثالەکان دەفەرمووێ (**فتقول امك يأمل كنصر ينصر**) یانی حوکمی مهموز بالفاءی لەبابی یە کەم وەکو سالمی وایە لەم بابە ( امل ) فعلی ماضیە وەکو(نصر) وایە ( يامل ) مضارعە .وەکو ( ينصر ) وایە ( **والامر اومل بقلب الهمزة واوا**) تو دەلێیت لەئەمری بە صیغە لەم بابە (اومل) قەلبی هەمزەکەی بەواو . چونکە ئەسلەکەی ( أأمل) بوو.بە دوو هەمزە .یەکەم وەصلە : دووەم فاء الفعل : هی دووەم کرابە واو بووبە اومل ( **لان الهمزتين ان التقتا في كليمة واحدة ثانيهما ساكينة وجب قالبها بجنس حركة ما قبلها** ) بوبە هەمزە قەلب کرا بە واو . چونکە هەرکاتیك دوو هەمزە گەیشتنە یەك لەپێش ووشە وە دووەم لە دوو هەمزە ساکن بوو واجبە قەلبی هە مزەی دووەم بکرێ بە حەرفێك کەموناسبی حەرەکەی هەمزەی پێشو بێت یانی ئەگەر هەمزەی یەکەم حەرەکی لەسەر بێت هی دووەم دەکرێ بە ئەلف : وەئەگەر ژێر بوو دەکرێ بە(ی ) وەئەگەر بۆربوو دەکرێ بەواو ( **كـامن اومن ايمانا** ) ئێستا امن ماضي بابی ( افعال ) وەئەسلەکەی اامن بوووەکو (اكرم ) ە هەمزەی دووەم قەلب کرا بە حەرفێك کە مناسیب حەرەکەی حەرفی یەکەم کە ئەلفە وە اومن دەتوانی بلێیت مجهولی ماضیە لەم بابە . مضارعي معلوم هەرلەم بابە. ئەسلەکەی أأمن بوو. هەمزەی دووەم قەلب کرا بەواو . چونکە مناسیبی حەرفی پێشو ( ايماناً) مصدەرە هەرلەم بابە . ئەسلەکەی أأماناً بو هەمزەی دووەم کرابە (ی) لەبەر مناسیبەی پیش خۆی. گوتمان ئەگەر ئەم هەمزە ساکنەهەمزەی لە پێش بوو . وەهەردوکیان لەییك ووشەی دابون قەلب واجبە ئەوجا دەفەرموی (**وان كان قبل الساكنة غيرها اوكانتا فى كليمتين فالقلب جائز**) واتە ئەگەر لەپیش ئەو هەمزە ساکنە غەیری هەمزەی هەبوو. یانی پیتیك

هەبوو بەلاّم هەمزدنەبوو وەکو ( یوءمن )یان (بئو)یان (رئس) یان هەر لەیێك ووشە دانەبوون وە کویامرء ائت .لەم شوێنانە قەلب واجب نیە .بەڵکو جائزە .یان دروستە قەلبی هەمزەی دووەم بکەی بەئەلف یان واو یان یی ) یان دروستە بلێت بئر بەهمزەوبیر .بە (یی ) ئەوانی دیکەش بەم شێوە : پاشان فەرموی دوودمیان ساکن بێت ئەگەر نەبوو جادەفەرموێ **(وان کانت الثانیة متحرکة فلها احکام)** یان ئەگەر هەمزەی دووەم لەم دووانە : جەرەکەداربوو هەمزەی دووەم . چەند حوکمێکی بۆ هەیە کەئەوانەن **(وهی ان الاولی ان کنت ساکنة** ) یانی حوکمەکان ئەوانەن : هەمزەی یەکەم یان ساکنە یان متحرکە جائەگەر ساکن بوو . وەلام الفعلیش نە بوو **(کتسآل مشددة تثبت)** وەکو سآل بە هەمزە وشەددە. لەم شوێنە همزەی دووەم لە شوێنی خۆی دەمێنێ : ئێستا سآل کە کەسیفەی موبالغەیە وەکو خرّاب . هەمزەی یەکەم دەغم کراوە لەهی دووەم .وە وەهەردووکیان ماون : **(وان تحرکت ایضا)** وەئەگەر هەمزەی یەکەم حەرەکەداربوو . وەکوهی دووەم **(قالوا وجب قلب الثانیة باء ان انکسر مع ما قبلها او انکسرت)** واتە یانی علیمی (نەحو) گوتیان واجیبە قەلبی هەمزەی دووەم بکرێ بە(ی) بەومەرجە کەپیتی پێشە خۆی مەکسوربێت. یان هەمزەی دووەم بەخۆی مەکسوربێت **(کجاء ائیمة** ) ئێستا ووشەی جاء کە ئیسمی فاعلە . ئەسلەکەی جاء بوولەسەر بۆچونی هەندێك لەزانایان) بەهەر حال لێرەدا هەردوو هەمزەکان حەرەکەدارن . هی دووەم ماقەبلی مەکسورە . وەکردمان بە(ی ) بووبە جاءی پاشان تیعلالي قاضي مان بۆکرد .بووبە جاء : وە (آئیمة) بەهەمان شێوە هەردوك هەمزەکان حەرەکەدارن . بەلام ئەو جارە هی دووەم خۆی مەکسورە , قەلب کرابە (ی ) بووبە أیِمة کە جمعی (امام)ە بود لەپێشتریش أامة بوو وەکو أسورة .بەلام کەسرەی میم یەکەم نەقل کراوە بۆ هەمزەی دووەم . وەمیم لەمیم دەغم کراوە :( واواً في غیره) زانایان گوتیانە واجبە قەلبی هەمزەی دووەم بکرێ بەواو : لەغەیری ئەم دووشوینە باسکراوە. (کأویدم ) ئیستا أویدم کە تصغیری (أآدم )ە . ئەسلەکەیَ أاَیدم بوو. وەهەمزەکان هەردوك حەرەکەدارن. بەلام

هی دووەم نەخۆی مەکسورە. وە نە ماقبلەکی مەکسورە. نەمان کرد بە(ی) : بەڵکو کردمان بەواو. بەڵێ ئەوەی گوتمان ئەوە مەشهورە لەناو زانایانی (نحو) بەلام چەند وشەیەك هەیە بەم شێوە لەگەڵیان نەکراوە. وەکو دەفەرموێ (**ويُردّ عليهم انه صح التسهيل أي بين بين في نحو أئمية**) واتە دێتە سەر ئەم فەرمودەیان (گلەی) و اعتراض کە گوتیان واجبە ئەم قەلبە بەم شێوەیە : کە دروست (تسهيل) واتە بین بین)ی باسکراوە ئەمەو هاوێنەکانی کە دوو هەمزەی هەیە, یەکەمیان مفتوحە وەهی دوومیان مەکسورە وەواجب نیە ئەم قەلبەی کە گوتیان , بەلکو تسهیلیش دروستە (**والتحقيق أي اثباتهما مصرحاً**) وەهەروەها هەندێکی تر لە زانایان گوتوویانە دروستە لە أئمتوە هاووێنەکانی کە هەردوك هەمزەکان سابت بن وەهیچ گۆڕانیان تێدا نەکرێت , بەڵکو هەردووك بخوێندرێنەوە بە (صراحەت) و بە لەفظ کە لە قرآنی پیرۆز بەزۆری بەم شێوە هاتووە ( **قاتلوا أئمة الكفر** ) ئەمەی گوتمان ئەوە ڕوو لە فەرموودەی یەکەمیان دەکات : کە گوتیان هەمزە خۆی مەکسورە یان ماقبل مکسور واجبە قەلب بکرێ بە (ی) کەچی واجب نەبوو ئینجا فەرموویان لە غەیری ئەم دوو شوێنەش واجبە بکرێ بە واو وەکو (أُوَيْدِم) جا دەفەرموو ئەوەشیان تەواو نیە لەبەر مضارعی بابی افعال کە ئەوەیە ( **والتزم في باب اكرم حذف الثانية**) ئەمە عەطفە بەسەر ووشەی (صح )ە واتە دێنە سەریان بە اعترض لەسەر فەرمووددیان کە گوتیان لە غەیری مەکسور (جاءٍ) و ماقبل (ائمة) مەکسوری کە هەمزەی دووەم دەکرێ بە واو (أُيدم) ئەوەتە لێرە واجب کراوە حەزفی هەمزەی دووەم لە مضارعی بابی إفعال کە (اکرم) وە ئەسلەکەی (أُأَكْرِم) بوو بە پێ ی قانونی پێشوو دەبوو هەمزەی دووەم قەلب بکرێ بە واو , وەکو اویدم بە لام قەلب نەکراوە , بەلکو حەزف کراوە . ئەوە باسی ئەم دوو هەمزە بوو کە لە یەك ووشە دابن ئەو جارە دەفەرمووێ (**وان كانتا في كليمتين** ) یانی ئەگەر ئەم دوو هەمزە هەر یەك لە ووشە یەك بوون جا گەیشتبوون بە یەك وەکو (**جاء أحد** ) کە لێرەدا پانزە میسال دروست دەبن , چونکە هەمزەی دووەم لەسەر ، وەهی پێشی چوار, هی دووەم بۆر, هی پێش چوار,

هی دووەم ژێر, هی پێشی چوار ئەمە دوازدە, هی دووەم ساکن, وەهی پێشی سێ : ئەمە پانزە (**فیجوز تحقیقهما او تخفیف احداهما**) لەو کاتە دروستە هەردووکیان بهێشترێنەوە بەبێ گۆڕانکاری , وە دروستە هەردووکیان سووك بکرێن , وەدروستە یەك لە دووەکان سووك بکرێ , یان هی یەکەم یان هی دووەم . ئەوە بوون بە چوار (مامەڵە ) لەگەڵ ئەم دوو هەمزەی کە هەر یەکی لە ووشەیەکدانە (**علی حسب ما یقتضه تخفیف کل واحدة** ) جا کە سووك کردنی هەردووکیان یان یێك لە دووەکان بەگوێرەو ئەندازەی سوککردنیان کە قانونو یاساییێکە لێیانی دەویست . واتە ئەم هەمزە ئەگەر تەنهابایە یان لەگەڵ هەمزەیەکی تر لەیەك ووشەبایە چۆن سووك دەکرا ئیستاش بەهەمان شێوە. حیسابیان بۆ بکە: پوختەی ئەمە ئەوەیە: کە هەرکاتێك دوو هەمزەگەیشتن بەیەکتر. وەهەریەکی لە ووشەیەك بوون: تۆدەتەوێت هەردوکیان سوك بکەی. یان هەریەکی بەتەنها. جائەگەر هەردوکیان سوك بکەی بەم شێوە بیکە: ئەگەر هی یەکەم تەنها بوایە چۆن سوك دەکرا ئێستاش ئەو هابیکە. وەهی دووەم ئەگەر لەیەك ووشە کۆبو بایەوە. چون سوك دەکرا. ئەم جارەش بەم ڕێگایە بیکە: بۆ وێنە (**قَارِءُ أَبِيك**) دووهەمزە گەیشتن بەیەك تر. لە دوو وشەدا: هی یەکەم ماقبلی ژێرد بیکە بە (ی) چونکە ئەگەر تەنهاش بایە. دەکرا بە (ی) وەکو (**مأة**). وەهی دووەم، وەکو (**أوَيدم**) وە دەشتوانی بیهێلیەوە بەساغی. چونکە دروستە لە (**أئمة**) هی دووەم ثابت بێ وەکو دەشتوانی (**بين بين**)ەی مەشهورەو غەیرە مەشهور بکەی بەگوێرە حەرەکەی هەمزەو ماقبلەکەی:- وە ئەم جارە ئەگەر بتەوێ یەکی لەم دووە سوك بکەی. بێ گومان یان لە حەرەکە یەکسانن. یان نا جائەگەر لە حەرکە یەکسان نەبوون. وە ویستت کامیان سوك بکەی سوکی بکە. بەپێی یاسای پێشو، لەکاتێك تەنها بوایە، وە ئەگەر لە حەرەکە وەك یەك بون. بەخۆی دەفەرموێ: (**وجاء في المتفقين حركة حذف احداهما أو قلب الثانية كالساكنة**). دروستە لەم دوو هەمزەی کە لە حەرەکەدا یەکسانن. واتە هەردوك لەسەریان هەردوك ژیر، یان هەردوك بۆر: حەزفی یەکی لەم دووە بکە، یان هی یەکەم

یان هی دووەم: وە هەروەها دروستیشە قەلبی هەمزەی دووەم بکەی. وەکو هەمزەی ساکنە. کەباسکرا. گوتمان قەلب دەکرێ بەحەرفێك کە موناسبی حەرەکەی هەمزەی پێش خۆیەتی وەکو (**أَمن: فتقلب في جاء احد ألفاً. وفي من تلقاء إبله ياءً. وفي يدرءُ أولئك واواً**): واتە قەلبی هەمزەی دووەم دەکرێ لەمیثالی (جاءً آحد) کە هەردوك لە سەرن بەالف وەکو (آمن) وە قەلب دەکری لە میسالی (من تلقاءِ إبله) کە هەروەك ژێرن. بە(ی) وەکو إيمان. وە قەلب دەکرێ لەمیسالی سێیەم (یدرء أولئك) کە هەردوك بۆرن، بەواو . وەکو (أومن). بەڵام گوتمان ئەم شوێنە پانزدە میسالی دەوێت. جائەمانەوێت بەتەواوی بنوسین[٤] .

پوختەی ئەم باسە ئەوەیە: دروستە لەم دووهەمزە: کە لە دوو ووشەدانە وە لەحە رەکە یەکسانن. یەکی لە دوەکان حەزف بکەی. بلێت جاءَ حد. وە دەشتوانی قەلبی دووەمەکەی بکەی. بەئەلف یان بە واو یان بە (ی) وەکو ئەو هەمزە ساکننەی کەباسکرا بلێت جاءَ أحد... هتد. ئەمەی باسکراو هەمزیەك بوو لە حەرەکە داربێت وە لەپشتی هەمزەکەی تر هەبێت: ئەم جارە دەفەرمووێ: (**وأما المتحركة اللتي قبلها حرف غير همزة:**) تەنها ئەم هەمزەی کە حەرەکەدارە. وە حەرکەی غەیری هەمزەی لەپێشە. ئەمەش دەبێتە دووبەش. یان ساکنە یان حەرەکەدارە: وە ئەم ساکنەش کە لەپێش هەمزەیە: یان لە (کلمە)ی هەمزەی دایە: یان نا: جا ئەگەر لە

---

٤ هی دووەم مفتوح: هی یەکەم هەرچوار حاڵەت:

جاءَ أحمد: يقرءُ أحمد، من تلقاءِ أحمد، لم يقرء أحمد

(دووەم ژێر: یەکەم هەرچوار)

جاءَ إبراهيم: يقرءُ إبراهيم: من تلقاءِ إبراهيم، لم يقرء إبراهيم.

دوودم بور یەکەم هەرچوار

جاءَ أوميد يقرءُ أؤميد من تلقاءِ أميد لم يقرءْ أوميد

دوودم ساکن یەکەم هەرسێیەك

القارءُ اءْذن القارءَ . القارءِ أؤْذن

(کلمە)ی هەمزەی بوو یان حەرفەکی صحیحە. یان حەرفی عللەیە: وە ئەگەر حەرفی عللە بوو یان واوە یان ییە یانَ ئەلفە: وە ئەگەر واو بێ یان (یی)بی ئەمەش (یان زیادن یان ئەسلن: وە ئەگەر زیادن) یان بۆ إلحاق زیادکراون یان نا. جا لێرە تێمە پانزدە میسالمان دەوێت: جا دەفەرموی (**فأن كان ساكناً وهو واو أو ياء زائدتان لغير اللحاق:**) واتە ئەگەر ئەم حەرفەی کە لەپیش هەمزەیە ساکن بوو: جا واو بوو یان (یی): وە هەردوکیان زیادبونو بۆ الحاقیش نەبوون.( **قلبت الهمزة إلية جوازاً وادغم.**) لەوکاتە قەلبی هەمزەکەی دەکرێ بەم حەرفە ساکنەی پێشە خۆی. جائەم حەرفە ساکنە دەغم دەکرێ لەم حەرفەی کە قەلب کراوی هەمزەیە: بەلاّم ئەم ئیعلالە واجب نیە. بەلّکو دورستە(جائزە) واتە قەلبەکە جائزە. بەلاّم دەغم کردن واجبە چونکە (إجتماع المثلین) روودەدات (**كخطيئة في خطيئةٍ**). ئەسلەکەی خطیئة بوو بەهەمزەی لەسەر وەزنی فعیلە)ی: هەمزەك کرا بە (ی) زیاد بوو غەیرە الحاق: (**ومقروؤة في مقروءة**). مقرؤة بەشەددە ئەسلەکەی مقرؤءة بوو. وەکو مفعولە: وە هەمزەکرا بەواو واوی یەکەمی تێدا دەغم کرا ئەمەش میثالی واوی زیادە بوو غەیری الحاق؟ (**وكثر في نبي وبرية**) واتە زورە ئەم جۆرە ئیعلالە. کە قەلبو دەغم)ە لەم ووشانەی وەکو نبی وبریّە). ئێستا نبی. فعیل)ی بەمانا فاعلە. مصدرەکەی (نباءً)ە واتە مهموز الامە: لە (نبوە) نیە: جا ئەسلەکەی نبیئ بوو. وەکو (فعیل) هەمزەکەی کرا بە (ی) پاشان (إدغام کرا) وە بریّە. ئەسلەکەی لەسەروە وەزنی فعیلە) بەمانا مفعولە) واتە (مخلوق) هەمزەکەی کرا بە (ی) پاشان دەغم کرا. هی ئەوەل لە دووەم( **وان كان الفاً فبين المشهور** ) واتە ئەگەر ئەم ساکنەی کە لەپێش هەمزەیە ئەلف بوو. ویستت سوکی بکەی (بین بین)ەی مەشهوری بۆ بکە: جا ئەم هەمزەی کەئەلفی لەپێشە: یان مفتوحە. وەکو سائل. یان مەضمومە. وەکو (تسائُلاً) یان مەکسورە. وەکو سائِل. لەم سێیە یەکەم بەرەو ئەلف دەچێ: لە هی دووەم بەرەو لای واو. لەهی سێیەم بۆ لای (ی) دەچی: کە ئەوە هی مەشهورەکەیە (**وإن كان غير الالف والواو والياء المذكورتين**): یانی ئەگەر ئەم ساکنەی کە لە پێش هەمزەیە: ئەلف نەبوو.

وە ئەم واووپە ی ناوبراویش نەبوو: کە زیادبونو بۆ الحاقیش نەبون: وە لەووشەی هەمزەکەدا بون. کە ئەمەش چەند میسالێکی لێ دروست دەبێت: یەکەم هەر واو ی ویائی) نەبێ یان ئەوان بن بەلاّم ئەصلی بن: یان زیاد بن بەلاّم بۆ الحاق بن. یان هەر لەیەك ووشە دانەبن. وەکو میسالی هەمویان دێت لەم هەمو شوینانە ( **نقلت حركتها إليه وحذفت.**) واتە نەقلی حەرەکەی هەمزەکەی کراوە. بۆ ئەم ساکنەی کەلە پێش خۆیەتی. جا حذفی هەمزەکەی دەکرێت. نحو( مسلة) بە فەتحی سین. ئەسلەکەی (مسئلة) بوو. نەقلی فەتحەی هەمزەکە کراوە بۆ لای سینی وە حەذفی هەمزەکە کرا. و (خبِ) ئەسلەکەیحَبْئا. بەهەمان شێوە. ئەم دوو میسالە. ئەوەیە کەلە پێش هەمزە ئەلف وواوی) نیە بە لّکو حەرفی صحیح هەیە (وشیِو سَوٍ)ئەسلەکە یان . شيءٍ وسَوْءٍ) بوو: حەرەکەی هەمزە نەقل کرا بۆ حەرفی پێش خۆی. کەواود ودییەو حذف کرا. بوو بە شَيٍ وسَوٍ) ئەم دووەش میسالی واو و ییی)ی ئەسلە زیاد نیە وجَیَل وَ جَوَب. ئەمە ئەسلەکەیان جَیْئَل وجَوْئب) بوو. وە کو جعفر نەقلی حەردکەی هەمزەمان کرد بۆ ما قبلی. وە حەزفی هەمزەمان کرد. بۆ جَیَل وجَوب: ئەمەش میسالی واو ویێ) زیادە بۆ الحاق بە جعفر)ی. (وأبو يّوبَ). ئەسلەکەی أبو أيوب)بوو. فەتحەی هەمزە نەقل کرا بۆ واوی. وحزف کرا: ئەمەش میسالە بۆ ئەم هەمزەی کەساکنی لەپێش هەیە کە واوە. بەلاّم لەووشەی خۆی دانیە: وە ساکنەکەش حەرفی عللەیە ومَنَ بوكَ. ئەسلەکەی مَنْ أبوكَ)ە بوو. بەهەمان شێوە تەنها ساکنەکە حەرفی صحیحە: (**في مسْئلة وخَبْئاً وشِيءٍ وَسَوْءٍ وابو أَيّوبَ**.) ئەسلی ئەم میسالانەی باسکراوە بەم شێوە بوو. لەهەموویان نەقلی حەرەکەی هەمزە کراوە بۆ حەرفی پێش خۆییو وە حەزفی هەمزەکە کراوە (بو زیادە ئاسانی بروانە ئەم خشتەیە):

| ت | ئەسلەکان | ئیعلالکراو | |
|---|---|---|---|
| ١ | خطيئة | خطيّة | زیاد بۆ غەیری الحاق دەغم کراوە |
| ٢ | مقروءة | مقرؤة | واو زیاد بۆ غەیری الحاق دەغم کراوە |

| ت | ئەسلەکان | ئیعلالکراو | |
|---|---|---|---|
| ٣ | سائِل | سائل | بین بین المشهور نەلفی زیاد |
| ٤ | مَسْئَلة | مَسَلة | حەرفی صحیح حزف |
| ٥ | خَبْاء | خب | = = = = |
| ٦ | شيْء | شيِ | (ی) ئەسلی = = |
| ٧ | سَوْءٍ | سو | = = = |
| ٨ | جَيْئَل | جَيَل | (ی) زیاد بوو الحاق = |
| ٩ | جَوْئَب | جَوَب | واو = = = |
| ١٠ | أبو أيوب | أبو يوب | ساكن لە پێش هەمزە لەووشەی خۆی نیە وە غیرە صحیح |
| ١١ | مَنْ أبوك | من بوك | ساكن لە پێش هەمزە لەوشەی خری نیە وصحیحە |

وادیارە ئەم دوو میسالە. واتە مسئلة وخبأ یەکسانن دووی بۆ چیە.

(**وقد يُدغم في باب شيء وسَوْءِ كالواو والياء الزائدتين.**) واتە کەم جار وادەبێت کە قەلبی هەمزەی دەکرێت لەم ووشانەی کەوەکو شيء وسوء. واتە: کەواوەکەو ییەکەیان ئەسلە.

قەلبی هەمزەی دەکرێت. بەم حەرفە ساکنەی پێش خۆی. کەواوە یان ییە. جادەغم دەکریت. بەوێنەی ئەم واو وێیەی کەزیاد کراون واتە کو لە خطيئة ومقرؤة).ەی هەمزەکراوە بەیی‌و واو. وە دەغم کراوە: لەبابی شَيء وسَوْء) یش بە هەمان شێوە. کە چی ئەوانە لێرە زیادیش نین. جا دەبێتە شيٌّ وسوٌّ: بەشەددەی واو یا) (**والتزم النقل والحذف في يَرى**) واجب کراوە نەقلی حەرکەی هەمزە بۆ ما قبلەکەی وپاشان حەزف بکرێ لەم مضارعە کە (يرى)یە. ثلاثي مجرده لەبابی سێیەم چونکە ئەسلەکەی (يَرْأَیُ) بوو: وەکو یسئل: نەقلی فەتحەی هەمزە کرا بوو پێش خۆی وحزف کرا: وآری یُری. هەروەها واجبە حەزفی هەمزە لە ماضي ومضارعة. کە لەبابی إفعال)ن. ئەسلەکەیان ( **أَرْءَیَ يُرْأيُ**). وەکو أکرم یکرم، نەقلی حەرەکەی

هەمزە کرا بوو ما قبلەکەیان وەلە هەردوکیان حەزف کرا ( لە پێشان گوتمان ئەم هەمزەی کە غەیری هەمزدی لەپێشە دوو بەشە. یان ساکنە یان حەرکەدارە. جا ئەوەی ساکن ئەوە بوو کە باسکرا : ئەو جارە دەڵێت ( **وان كان ماقبلها متحركاً**) واتە ئەگەر ئەو حەرفەی کەلە پێش هەمزەیە حەرکەی داربوو. وە کو هەمزە بەخۆی حەرەکەدارە. (**فالهمزة إما مفتوحة أومكسورة أو مضمومة:**) ئەو هەمزەیەیان لەسەرە یان لە ژێرە یان بۆرە( **وعلى كل تقدير ما قبلها كذلك** ) بەپێ هەریێکی لەم سێ فەرزکراوە:- حەرفی پێش هەمزەش یان لەسەر یان ژێرە یان بۆرە سێ جار سێ. دەکات نۆ حاڵەت : بەم شێوە هەمزە سەر: ماقبل سەرو ژێرو بۆر: سَئَل مِأة: مُؤَجل: هەمزە ژێر: ماقبل هەرسێك: سَئِم. مستهزِئِين. سُئِل: هەمزە بۆر. ماقبل هەرسێك: رَئُوف مستهزِئُون رُؤُوس: (**فالمفتوحة إن كان ما قبلها مضموماً تقلب واواً كموجل**) یەکەم ئەم هەمزەی کەلەسەرە وەحەرفی پێش خۆی بۆرە. ئەم هەمزە قەلب دەکرێ بەواو. وەکو مُوَجل. ئەسلەکە موءجل بوو. هەمزەکراوە بەواو چونکە ماقبلی بۆرە (**أومكسوراً فياء كمية**) ئەو هەمزەی کە خۆی لەسەرە وەحەرفی پیشە خۆی ژێرە. ئەم هەمزە دەکرێت بە (ی) وەکو مِيَة فی مُؤَجل ومأة. ئەسلی مؤجل)ی مؤجل بوو بەهەمزە وە ئەسلی مِيَة مِأة بوو: ئەمە یەکەمو دووەم. (**والباقی بین المشهور**). ئەم حاڵەتانەی کەماون. کە حەوت حاڵەتە. لەهەموان (بين بين)ەی مەشهورە: وە میسالەکان دیارن ورۆنن.

(**وقيل في مضمومة ما قبلها مكسورة وفي مكسورة ما قبلها مضموم بين بين البعيد**) هەندێك گوتیانە لەم هەمزەی کە بۆرە حەرفی پێشی ژێرە. وە لەم هەمزەی کە ژێرەو حەرفی پیشی بۆرە لەم دوو میسالە بین بین)ەی (بعيد)ە واتە غەیری مەشهور کە زانین بچون بوو: کەواتە ( مستهزِئون) و سُئِل)ە جیابون لە حەوتەکان: چونکە هی مەشهور لەمستهزئون مەیلی هەمزە دەکات بۆ واو. وە لەسُئِل لەهەمزە بۆ (ی) هی غەیری مەشهور بە عەکسەوەیە (**وجاء مِنْساةٌ وسَالَ.**) هاتووە لەهەندیك زاراوەی (عربی) لەم دوو ووشەیە. کە هەمزە قەلب کراوە بەئەلف.

وە یاساوابوو کە (بین بین)ەی مەشهوریان تێدا بکرێت، جا منساە ئەسلەکەی مَنْسَأَة بوو وسَالَ (سَأَلَ) بوو: هەمزەیان کراوە بەئەلف. بەپێچەوانەی یاسای خۆی: کە(بین بین)دیە.

لەپێشان باسکرا. ئەگەر هەمزە ساکن لەپێش بو . نەقلی حەرکەی هەمزە دەکرێ بۆ ئەم ساکنەی کەلە پێش هەیە وەکو مسئلة: وە لێرەش باسی تەوە دەکات : کەهەرکاتی ئەلف و لامی (تعریف) بخینە سەر ئیسمێك کە هەمزەی لە تەوەلیە وە هەیە. وە کو (أَحْمد) بی گومان دروستە نەقلی حەرەکەی ئەم هەمزەی دووەم بکرێت. بۆ لای لامی تعریف: جائەم لامە حەرەکەدار دەبێت: بەڵام ئایا ئەم حەرەکەی کەبۆی نەقل کراوە: بایەخی پێ دەدرێت و(أعتبار)ی پێ دەکرێت یان نا: جائەگەر اعتباری پێ بکرێت لەم کاتە دروستە هەمزە وەصلەکەش حەزف بکرێت چونکە ساکن لێرە نەما. وە ئەگەر (إعتبار) بەم حەرەکەی ئەم لامە نەکرێت ( لەبەر ئەوە لەو لاوە بوی نەقل کراوە) دروست نیە هەمزەو وەصلەکە حەزف بکرێت. چونك (إبتداء) بەساکن دەبێت. لەبەر ئەوە ئەم لامە هەریە ساکن دەژمری: جالەم باسەو بابەتە دەفەرموی (**وإذاخففت همزة باب اَلْأَحْمر**) واتە هەرکاتێك سوك بکرێ ئەم هەمزەی أَلْأَحمر وهاوویَنەکانی: کە مەبەست ئەوانەنە کەلە دوای لامی (تعریف) هەمزەك هەبێت: وەکو الْأَمرو الإستغفار هتد: وە ئەم سوك کردنەش بەوە دەبێ کەنەقلی حەرەکەی هەمزەی (أحمد)بکەی بۆ لامی وەحەزفی بکەی ( **فبقاء همزة اللام أكثر من حذفها**) وەلەم کاتەیکەهەمزەی أحمدی لادرا لە دوای نەقل کردنی حەرەکەکەی بولای لامی: وە ئەم لامە (تعریف)ە حەرکەی بۆ پەیدا بوو: جا لەم کاتە مانەوەی هەمزەی وەصلی کە هەمزەی لامێ (تعریف) یە. زیاترە لەحەزف کردنەکەی: بەڵام دروستیشە حەزف بکرێت. وەکو هەمزەی (أحمد): فیقال اَلحمر. ئەسلەکەی (أَلْأَحْمر) بوو نەقلی حەرەکەی هەمزەی دووم کرا بۆ لای لامی وەحەزف کرا. ئێستا ئەم لامە حەرەکەدارە بەڵام چونکە ئەم حەرەکەلەلاوە هاتووە لام هەر بەساکن حیسابە. وە هەمزە وەصلەکە هەرماوە. تاکو (إبتداء) بەساکن نەبێت ئەمە بەزۆرترین لام

حیسابی ساکنی بۆ دەکرێت کەواتە هەر لەسەر ئەم زۆرترە واجبە بگوترێ مِنَ لَحمر بەفەتحی نونی (مِن) ی کە حەرفی (جرە) کەئەسلەکەی (مِنْ اَلْأَحمر) بوو. بەڵام کەهەمزەکان حەزف کران وە ئەم لامەش هەبەساکن حیسابە. التقاء الساکنین بوو لەنێوان (نونو لام) جانون حەرەکە دار کرابە فەتحە: بووبە مِنَ لَحْمر. وفِلَحْمر. هەر لەسەرحیاسبی زۆرترەکەی: دەگوترێ (فِلَحمر). ئەسلەکەی (فِي اَلْأَحمر): بوو هەروەك هەمزەکان لادران وەکو گوتمان. پاشان التقاء الساکنین بوو لەو نێوان (ی) ی فی ) کە حەرفی (جرە): لەگەڵ لامی تعرف. کەگوتمان بەساکن حیسابە: بە ناچاری حەزفی (ی) کرا (لەفی)ی حەرفی جەری: بوو بە فِلحمر: وە ئەگەر لە سەر. یاسای کەمەکەش بێت. دەڵێت مِنْ لَحمر وفِي لَحمر. بەسکونی نونی (مِن) ومانەوەی (ی)ی (فی): چونکە لەم کاتە ئەم لامە حیسابی ساکنی بۆ ناکرێ. وە هیچ التقاء الساکنین نەبو **(وهذا كله مما نقلناه من الشافية أوضح وأخصر)** ئەوەی کەباسمان کرد لەم شوێنەی کە دەفەرموێ **(لأن الهمزتين إذا التقتا في كلمة ألخ)** تاکو ئەم شوێنە. هەموی ئەم بابەتانە لەکتێبی (شافیە)مان نەقل کردووە. کەناوی کیتابی عیلمی (صرفە) دانراوی شێخ إبن الحاجب)ی کوردیە رحمە اللە تعالی. جاکە لەویوە نقڵم کردوە زۆرئاشکراترو کورت ترم هێناوە چونکە زۆر شوێنی واهەیە پاشو پێشم پێکردووە. ووشەی نابیستەم بەکار هێناوە **(وهو كثير الأحتياج في القرائة)** وە ئەوەی نەقلم کردوە زۆر پێویست دەبێت لەکاتی خوێندنی قورئانی پیرۆز وغەیری ئەویش **(فليحفضة المبتدى إن لم تأخذه السامة)** جا کە پێویست دەبێ: دەبا گرنگی پێ بدات ئەم قوتابیەی کە لە سەرەتای دەست پێ‌کردنە. وە ئەم باسەو بابەتانە باش دەرخ بکاتو خۆی پیوە ماندوبکات بەو مەرجە توشی وەرسو سەر ئێشە نەبێت: وە نەڵێت چۆن ئەم هەمو میسالە تاوتوێ دەکرێت، بەڵام قورانی پیرۆز دەفەرموێ ﴿**وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى**﴾ (النجم:٣٩). ( **فأن كانت الأولى همزة وصل تعود الثانية همزة عند الوصل**) بزانە برای فەقێ لەپێشان گوتمان هەرکاتێك دووهەمزە گەیشتن بەیەك. لەیەك ووشەدا وە دووەمیان ساکن بوو واجبە قەلبی دووەمەکە

بکرێت بەحەرفێك لە موناسبی حەرەکەی هەمزەی پێشو بێت. وەکو أمن هتد: جالەوێندەر تەنها میسالی بۆ هەمزەی (قطع) هێنا. جالێرە تاگادارمان دەکاتەوە. کەئەم یاسایە وەکو بۆ هەمزەی قطع دەبێت. هەروەها بۆ هەمزەی وەصلیش دەبێت: تەنها ئەودندە هەیە. ئەگەر هەمزەی یەکەم هەمزەی وەصل بوو. حوکمی همزەی یەکەم جیاوازە لەگەڵ هەمزەی دووەم. وەکو مصنف رەحمەتی خودای لێ بێ ئەفەرموێ: (**فإن كانت الأولى الخ**) واتە ئەگەر هەمزەی یەکەم لەم دوو هەمزەیە هەمزەی وەصل بوو: ئەم هەمزەی دوەمی کە قەلب کراوە بە واو یان بە (ی) ئەگەرێتەوە بۆ سەر ئەسلی خۆی کە هەمزە بووە. لەکاتی کە ئەم ووشەیە لەگەڵ ووشەیەکی تر لێکدرا. وە هەمزە وەصلەکە لە بەیندا نەما ، وەهیچ جیاوازی نیە ما قبلی هەمزەی دووەم مفتوح بێت یان مضموم یان مەکسور (**نحو ومنهم من يقول أءْذن**) وەکو ئەم ئایەتە پیرۆزە: ئێستا لەکاتی خۆی هەمزەی دووەم کرا بوو بە (ی) چونکە ماقبلی مەکسور بوو: وەکو لە کاتی لامی (**يقول**) کەوتە پێشی: هەمزە وەصل لا چو: وەما قبلەکەش مضموم کەلامی (يقولُ)یە. ئەم هەمزەی کەکرابوو بە (ی) بوود بەهەمزە، (**ويازيد أعمل**). هەمزەی دودم کراوە بە واو: چونکە هەمزەی لەپێش بوود. بەڵام کە (زيد) هات: هەمزەی وەصل لە لەفزدا هەلات. وە تیعلالیان بکە. وە حەزفی فاء الفعلەکەیان بکە. جاودزنەکەیان (عُلْ)ە (**وقد يجيء أ أْمر على الأصل عند الوصل** ) واتە هەندیك جار أُأْمر دەخوێندرێـەوە. بەگوێرەی یاسا خۆی لە پێشان باسکرا: لەکاتی وەصلی بکەی لەگەڵ شتێ: وەهەمزەی وەصلەکە لا بچێ لەبەینا کقوله تعالى ﴿**وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلاةِ**﴾ بەڵی گوتمان ئەسلەکەی تأمر بوو. حەرفی مضارعی لادرا. وە ئاخرەکەی ساکن کرا. وەهەمزەی وەصل زیاد کرا. بوو بە أُ أْمُرْ: هەمزەی دووەم کرا بە واو بەگوێرەی یاسا بوو بە (أومر) کەواو کەوتە پێش هەمزەی وەصل: هەمزەی لە بەینا نەما. ئەم هەمزەی کرا بوو بەواو. کەراوە بەهەمزە. بووبە (وَأْمر) (**وَأَزَرَ يأْزِر. وَهَنَأَ بَهْنأُ كضرب يَضْرِب** )واتە حوکمی مهموز الفاء. وەکو أزر يأزر. حوکمی اللامی وەکو هَنَئَ يَهْنِأُ لە بابی دووەم، وەکو

حوکمی سالمی وایە، لەم بابە (والأمر أیزر) ئەمری بە صیغە لەم ماددیە (إیزر) وەکو أضرب. ئەسلەکەی لە نزیك إأْزر بوو: هەمزەی دووەم کرا بە (ی) بەپێی یاسای پێشو (**وأَدُبَ یأدُب ککرُمَ یکرُم**) حوکمی بابی شەشەم لە مهموز الفاء: وەکو حوکمی بابی شەشەم وایە لەسالمی (**والأمر أودُب**) ئەمرەکەی (أُودُبْ) ئەسلەکەی لە نێزیکەوە أُأْدب. هەمزەی دووەم کرا بە واو. بەپێی یاسای پێشو (**وسَئَل یَسْئَل کمنَعَ یَمْنَعُ**) حوکمی بابی بەشەرت واتە سێهەم. لە **مهموز العین**/ ی وەکو بابی بەشەرت وایە. بەبێ هەمزەی( إِسْئَلْ) وە ئەمری بەصیغە لەم بابە اسئل. وەکو (إمنع) (**ویجوز علی خلاف القیاس سالَ یسأل سَلْ**) دروستە لەم بابە قەلبی هەمزەکەی بکەی بە ئەلف لە ماضیء لە مضارعی: لە جیاتی سئل یسئَل بڵێیت سال یسال بەڵام ئەمە خیلافی یاسایە، چونکەیاسا وابوو کەلێرەدا (بین بین)ەی مەشهور بێت: وە (سَلْ) کەفعلی ئەمرە. ئەسلەکەی سئل) بوو : یان هەر لەنیزیکەوە. ئەسلەکەی سَأل)بوو. حەرفی مضارعی لادە. وە ئاخرەکەی ساکن بکە دەبێتە سَأْلْ، التقاء الساکنین بوو لەنێوان ئەلفو لامی: حزفی ئەلفی کرا. بوو بە سَلْ، (**وقیل هو أجوف عینه واو أویاءٌ**) گوتراوە سال یسال (أجوف) مهموزنیە. وە عین الفعلەکەی: یان واوە سال یسال وەکو خاف یخاف. یان (ییە) وەکو هاب یهاب. بەڵام ئەمەباسی ئێمە نیە. چونکە ئێمە باس لە مهموز دەکەین:

(**وأبَ یَؤُبُ وساءَ یسُوءُ کصان یصون**) واتە حوکمی بابی یەکەم لەمهموز الفاء ی ئەجوف. کە أب یؤب)وە: وە حوکمی بابی یەکەم لەمهموز اللامی ئەجوف کە ساء یسوء)وە هەردوکیان حوکمیان وەکو بابی یەکەم وایە لە ئەجوفی) کە هەمزەی نەبێت: کە (صان یصون) وە. وە بابێیەکەم:(**وجاء یجيء ککال یکیل**) حوکمی بابی دووەم لە مەهموز اللامی ئەجوف. وەکو ئەجوفی بەبێ هەمزە وایە لەم بابە( **فهو ساءٍ وجاءٍ**) واتە ئیسمی فاعل لەم دوو فعلە: کە ساءَ. وجاءَیە(سَاءٍ وَجَاْءٍ) (**أصلهما سَاوِءٌ وجَایِيء**.) ئەسلی ساءٍ (ساوءٌ) بوو: وە ئەسلی جاءٍ جايء بوو( **قلبت العین همزة کما في صائن وبائع**) قەلبی عەین الفعلە کەیان کرا بە

هەمزە. وەکو لە صائنو بائع / ی عەین الفعل کراوە بەهەمزە. کەلە (أجوف)ی باسکرا: واتە ساوء وەکو صاون: جایيء وەکو بایع: ئەوجا دووهەمزە کۆبونەوە چونکە دەبێتە ساءٍ وجاءٍ (**ثم قلبت الأخيرة، ياءً لأنكسار ما قبلها**) پاشان هەمزەی دووەم قەلب کرابە(يی) چونکە لە دوا ودیە وە ما قبل مەکسورە. جا بووبە جائيٌ وسائيٌ (**ثم أُعِّلاً إعلال غازٍ**) پاشان ئیعلال کران وەکو ئیعلالی غازٍ ورامٍ بەم شێوە. ضمە لەسەر (ی) گران بوو لاماندا وە التقاء الساكنين بو لە بەین (ی)ی (وتنوين) وە حەزفی (ی) کرا. بون بە ساءٍ وجاءٍ: ئەم ئیعلالە لەسەر بۆچونی سێبویهیە( رحمه الله) (**أو نقلت الهمزة الى موضوع العين ثم اعلاً إعلال غازٍ**) بەڵام خەلیل. دەفەرموێ ئێمە قەلب عەینی ناکەین بەهەمزە بەڵکوقەلب المكانيان پێ دەکەین. واتە (ساوء)فاعل دەکەین (سائو)فالع. وە جايء (فاعل) دەکەین جائی.(فالع) نەقلی هەمزەکەی دەکەین بۆ شوێنی عەین الفعل: وە واو ويی دەچنە ئاخری، پاشان ئیعلالی غازیان بۆ دەکرێ: وەك باسمان کرد: (**والوزن على الأول فاع وعلى الثاني فال**) ئەوجا میزانی ئەو دوئیسمە فاعلە لە دوای ئیعلال کردنیان. لەسەر فەرموودەی سێبویەی کە ئەوەیە لە (فاعٍ) میزانەکەیانە چونکە لامیان حەزف کراوە. وەکو غازٍ . ورامٍ وە ئەگەر قەلب المكانيان بۆ کرا بێت وەکو خەلیل فەرمویی. میوانەکەیان فالٍ). چونکە عەین الفعل نەقل کرا بۆ دوای وەحەزف کرا: کەواتە وەزنەکەیان فالٍ دەبێت (**وَأسايَأسُو كَدعايَدْعُو**) حوکمی بابی یەکەم لە مهموز الفاى ناقص. وەکو حوکمی بابی یەکەم وایە لەناقص بەبێ هەمزە (أوسُ )ئەمرەکەی أوْس. وەکو أُغْزُ ئەسلەکەی تأسو. بوو. حەرفی مضارعي لابرا. هەمزەی وەصلی مفهموم داندرا وەحەزفی حەرفی ئاخری کرا، بوو أُوْس. هەمزە ساکن ما قبل مضموم کرا بو واو ( **وأَتى يَأتي كرَمى يَرْمي**) حوکمی بابی دووەم لە مەهموز الفاى ناقص. وەکو حوکمیبابی دووەم وایە لەناقص بەبی هەمزە( أيت )هەمزەکەی (إيتِ)یە ئەسلەکەی لەنزیکە وە (إِأْب) بوو: هەمزەی دووەم کرا بە (ی) چونکە ساکن ما قبل مەکسورە(**ومنهم مَنْ يقول (تِ) تشبيها له بخذ**) واتە هەندیك لە عەرەبان: هەمزە قەلب ناکن بە(ی)

بەڵكوحەزفی دەكەن وە پیویستیش بەهەمزەی وەصل نابین دەبێتە (تِ) لەسەر وەزنی (ع) وەكو (ق) ئەمەش لەبەر ئەوەیە كەشوبهاندراوە (ت) بەم فعلە ئەمرەكە (خذ) بوو. كەلەویشاهەمزەی ئەسلی حەزف كرا وە پێویست بەهەمزەی وەصل نەما لەبەر ئەوەكە زۆربكاردێن پێویستە سوك بكرێن(**وَوأي يئ –إِ– كَوقى ويقي –ق)** حوكمی بابی دووەم لەمهموز العینی لە فیفی مفروق دا وەكو حوكمی بابی دووەم وایە لەم لەفیق مفروق بەبێ هەمزە و (أی) ئەسلەكەی و (أيَ)بوو. (ی) كراوە بە ئەلف (يئ) ئەسلەكەی يَوْئي بوو. وەكو يَوْقي واو لە نیوان (یی) وە كەسرە حەزف كرا. پاشان ضمة لەسەر (ی) ثقیل بوو حەزف كرا. بوو بە (يئ) وە ئەمری بەصیغە لەم ماددیە (إ) بەیەك حەرفی وەكو (ق) ئەسلەكەی لەنیز كەوە (تئی) بوو: تی لادرا پێوست بەهەمزە ناكات، وە ئاخیرەكەش مجزوم كرا بە حەزفی (ی) لام الفعل ، بوو بە -إ- لەسەر وەزنی (ع) (**وأوي يأوي أيَّا كُشواي يشوي شيًّا**) واتە حوكمی بابی دوهەمی مهموز الفای لە حوكمی بابی دووەمدایە لەم لەفیفەی بەبی هەمزە: أیّا كەمەصدرەوە ئەسلەكەی (وأياً) بوو: واو قەلب كراوە بە (ی) بەپێی یاسا. بوو بە أيياً. پاشان دەغم كرا. بوو بە أيًّا، بەشە ددی(یی) (متن) تو دەڵێت لە ئەمری بەصیغە (أيوِ) وەكو إشوِ. ئەسلەكەی لە نیزكەوە (إئْوِ) بوو هەمزە ساكن ماقبل مەكسور كرا بە (ی) بوو بە (أيوِ) (**ونأي ينأى كرعى يرعى**) حوكمی مهموز العین ناقص لە بابی سێیەم وەكو حوكمی ناقص وایە لەم بابە بەبێ هەمزە (**وكذا قياس رأى يَرئى**) وەكو نأى ينأى وایە حوكمی روی یری كەباش وابوو هەمزە بمێنێتەوە( **لكن العرب قد إجتمعت على حزف الهمزة من مضارعه**) بەڵام عرب یەكیان گرتووە لەسەر ئەوە كە حەزفی هەمزەكەی بكەن لە عەین الفعلە. لە مضارعەكەی. بۆسوك كردنی (**بعد نقل جركتها كما هو قياس حذفها**) بەڵام كەحزفی هەمزەكەی دەكەن. ..پاشان نەقلی حەرەكەی ئەم هەمزە. بۆ ماقبلەكەی. هەروەكو دستور وایە كە نەقلی حەرەكەی بكەی ئەوجار حەزف دەكرێ (**فقالوا**) واتە عەرب گوتیانە لەحەزفی هەمزەی ئەم مضارعە.بەڵام هەمزە لە ماضیەكەی حەزف

نەکراوە (**يَرى يَرَيانِ يَرونَ**) ئەم سێیە بۆ مذکری غائب: ئەسلەکەیان يَرْئِيُ يَرْئَيان يَرْئُونَ. وەکو يعلم يعلمان ألخ (**تَرى تَريانِ يَرَين**) ئەمەش بۆ مؤنثی غائبە (**ترى تريان تَرَوْن تَرَوْن تَرَيْن تَرَيانِ تَرون أرى نَرى**) ئەمەش شەش مخاطب: سیٚ مذکر وسیٚ مؤنث لەگەڵ هەردوك متکلم. واته وەحده ومع الغير: لەم چواردە صيغه هەمزەی عەين الفعل حەزف کراوە وە لە هەردوك جەمعی مذکر (يَرَوْنَ وتَرَوْنَ)ەيە لام الفعليش حەزف کراوە: لەگەڵ مفردو مؤنث مخاطبه. چونکە ئەسلی يَرَوْن: کە جەمعی مذکری غائبة يرئيون وەکو يمنعون بوو: نەقلی حەرەکی هەمزە کراوە بۆ ماقبلەکەی وحزف کرا. بوو بە يَرَيُون. (ی) متحرك ماقبل مفتوح قەلب کرا بە ئەلف. وەالتقاء الساكنين بوو لەنیوان ئەم ئەلفە لەگەڵ واوی جمعی وە حەزفی ئەلفەکەی کرا بوو بە (يَروْن) لەسەر وەزنی يَفَوْن تەنها فاء الفعلی ماوە: و(يَرون)ەش بەهەمان شێوە: بەڵام تَرَينَ تَرْئَينَـ:ە بوبەدو(ی) وەکو تَعْلَمينَ. نەقلی حەرکەی هەمزەمان کرد وحزف کرا بوو بە تَريِن (يی) يەکەم لام الفعله هی دووەم ضميرە وفاعله بۆ مفردی مؤنثه. جا هی یەکەم متحرکە وماقبلی مفتوحە. وەقلب کرا بە ئەلف وە التقاء بوو حەزف کرا: بوو بە تَرَيْنَ لەسەر وەزنی (تفين)ە (**واتفق في خطاب المؤنث لفظ الواحدة والجمع**) وا هەلکەوتووە لەم بابە کە صیغەی مفردی مؤنث وجەمعی مؤنث وەك یەك بن لەکاتی (خطاب) لەگەڵ کردنیان: بەڵام لەصورە وەك یەکە وان. لەتەقدیر لیك جیان وەکو خۆی دەفەرموی ( **لكنَّ وزنَ الواحدة تَفَينَ ووزنَ الجمع تَفْلَنَ**) بەڵام لەفەرزدا وەزنی مفردی مؤنث مخاطبة تفين\يە چونکە عەين الفعل ولام الفعلی نەماوە. بەڵام وزنی جمعەکەی تَفْلَنَ/ يە چونکە عەين الفعل ولام الفعلی نەماوە بەڵام وەزنی جمعەکەی تَفْلَنَ)ەيە: چونکە تەنها عەين الفعله کەی حەزف کراوە کەهەمزەیە: کە ئەسلەکە تَرْئَيْنَ بووبەیەك ياء ئەمەشیان لام الفعله بەڵام هی مفرەدەکەی فاعلەو ضمير ماوە لام الفعلەکەی حەزف کراوە (**وإذا اَمَرْتَ منه**) هەرکاتی ویستت ئەمری بە صیغەی دروست بکەی لەم صیغەیە : (رأى يراى)يە: ( **قُلتَ على الأَصل إرْءَ كَإرِعَ**). بوو دەڵێت لەسەر یاسای

فعله مضارعه كەی ئەسل: كە تەرك كراوه (إرعَ) چونكە ئەسلەكەی ترعي بوو. (تی) حەرفی مضارعە حەزفی بكەوە هەمزە وەصلەكەی زیاد بكە وئاخرەكەی مجزوم بكە بەحەزفی ییەكەی: دەبێتە إرْعَ وەكو إرْعَ كەئەسلەكەی (تَرعی) بووە.( **وعلى الحذف** رَ) على وزن (فَ) وە تۆ دەڵێیت بۆ دروست كردنی ئەمری مخاطب لەم فعله: لەسەر ئەساسی حەزفی هەمزە: دەڵێت (رَ) بەیەك حەرف لەسەر وەزنی (ف) یە. چونكە ئەسلەكەی بكار هێندراوی تَری بووە. حەرفی مضارعی حەزف بكە لەگەڵ (ی) لەدواوە. دەبێتە (ر) لەسەر وەزنی (ف) واتەبەس فاء الفعلی ماوە ( ویلزمه الهاء في الوقف نحو(رە) جا لەبەر ئەوە یەك حەرف ماوەتەوە: واجبە (هی) ی سكتەی بوزیادبكەی لەكاتی لەسەر وەستانی. وەكو (رە) چونكە (**إبتداء ووقف**) لەسەر یەك پیت ناخۆشە: ( **تقول في الوصل بلا هاء** (ر) ) واتە تۆ دەڵێیت لەئەمری مخاطب لەكاتی وەصل كردنی بەووشەیەكی‌تر بەبێ‌هێ دەڵێت (ر) بەیەك حەرف بۆ مفردی مذكري مخاطب. ئەسلەكەی لە نیزیك (تری) بوو حەرفی مضارعي لادە لەگەڵ (ی) لەئاخری (ریا) بووتە تثنیه ی مذكر ئەسلەكەی تریان . (تی) لە تەوەلیەوە لەكەڵ نونی ئاخری لادە. (رَوْا) بۆ جەمعی‌مذكری مخاطب . ئەسلەكەی (تَرَوْن) بوو (ی) لەگەڵ نونی لادە. دەبێتە (رَوْا) وەزنەكەی (فوْا )(رَيْ) بۆ مفردی مؤنث مخاطبة ئەسلەكەی ترین بوو (تی) ونون لادە. دەبێتە (رَيْ) لەسەروە زنی (فَيْ) ریا تە ثنیە ی مؤنثە وەكو هێ وایە (رَيْنَ) بۆ جەمعی مؤنث مخاطبة ئەسلەكەی تَرَيْنَ. (تی) لادە. دەبێتە رَین. ئەم نونە لا ناچێ. چونكە ضمیرە وفاعلە وەكو ئەوانی تر ئیعراب نیە ( **وبالتأكید رَيَنّ**) تۆ دەڵێیت لەكاتی تەئكیدكردن ئەم ئەمرە بە نونی ثقیلە . رَیَن ئەسلەكەی (رَ) بوو بەیەك پیت كەتەئكید كرا لام الفعل گە راوە بەمفتوحی . بوو بە رینّ ( رَیان) ئەسلەكەی (رَیا) بوو تەئكید كرا بەنونی ثەقیلە. وەنونەكە مەكسور كرا ( رَوُنّ) بۆ جەمعی مذكری مخاطب. ئەسلەكەی (رَوْا) بوو . تەئكید كرا بەم نونە ثە قیلە التقاء الساكنین رویدا. لەنێوان نونی تەئكید و واوی جەمع. وە دروست نیە هیچیان حەزف بكەی لەبەر ئەمە لەپیشان زانیمان . واو (تحریك) كرا. بەحەركەی مناسبەی خۆی كە

ضمەیە. بووبە (رَوُنَّ) رَیِنَّ بۆ مفردی مؤنث مخاطبة. ئەسلەکەی رَيْ بوو. تەئکید کرا بەنونی ثەقیلە. وە التقاء پەیدا بوو لەنێوان نونی تەئکیدو (یی) ی مخاطبة: وە دروست نیە یەك حەزف بکرێت بەناچاری (بێ) حەرەکەدار کرا. بەحەرەکەی مناسبی خۆی کەکەسرەیە بوو بە رَیِنَّ ( رَیانِّ) بۆ تەثنیەی مؤنث . وەکو هی مزکروایە ( رَیْنانِّ) بۆجەمعی مؤنثی مخاطبة. ئەسلەکەی (رَینَ) بوو. تەئکید کرا. بوو بە رَیْنَنَّ ئەلفیکمان خەستە نێوان نونەکان: وەنونی تەئکید مەکسور کرا بوو بە رَیْنانِّ( **وبالخفیفة رَیَنْ** ) ئەسلەکەی (رَ) بوو نونی خەفیفە هات لام الفعلی هێناوە (رَوُن) جەمعی مذکرە ئەصلەکەی رَوا بو کەنونی خەفیفە هات واوی جەمعی مذکر مضموم کرا لەبەر التقاء الساکنین( رَیِنْ) بۆ مفردی مؤنث مخاطبە. ئە سلەکەی (رَيْ) بۆ تەئکید کرا بە نونی خەفیفە. التقاء الساکنین رویدا لەبەینی (ی) ونون (ی) مەکسور کرا. بو بە رَیِنْ:

میسالی دوو تەثنیە لەگەڵ جەمعی مؤنث لەنونی خەفیفەدا نابێت. وەکو خۆت دەزانیت. هاتەسەر ئیسمی فاعل( فهو راءٍ) واتە ئیسمی فاعل لەم بابەوە لەم ماددە. هەمزەی حەزف ناکرێت. راءِ ئەسلەکەی رائی بوو وەکو عالم: ئیعلالی وەکو رامٍ وایە (رائیان)بۆ تەثنیەی مذکرە جائەگەر لەمفردەکەی دروست بکەی. بەم شێوەیە: ئەسلەکەی راءِ بو. ئەلفـو نونی تەثنیە زیاد کران. وەلاّم الفعل گەراوە بەمفتوحی: بوو بە (رائیان) لەحالەّتی رەفع دا وە لەحالەّتی نەصب وجەرە ررائِیَیْنِ (رائون) وەزنەکەی فاعون بۆ جەمعی مذکرە: ئەسلەکەی (راءِ) بۆ نیشانەی جەمع لەحالەّتی رەفع دا واوو نونە. زیادمان کرد. بوو بە رائون. واتە نیزك تر و لە پێشتریش (رائیون) بو : ضمەی (ی) نەقل بکە بۆ هەمزە. لە پاش حەزفی حەرکەی خۆی. جا التقاء رویدا لەنێوان (ی)و واوی جەمع : حزفی (ی) کرا. بوو بە رائون: لەحالّی رەفع داوە لە دووحالەّتی تر (رائین) وە بومؤنث رائیة رائیتان رائیات (**کراع راعیان راعون**) یانی حوکمی مهموز العین معتل اللام لەم بابە وەکو حوکمی معتل اللامی وایە: کەبە بێ هەمزە بێـ لەم بابە : کەبابی سێیەمە کە ئەسلەکەی (**راعيٌ راعیان راعیون**)د

بووه، (**وذاك مَرْئِيٌّ كَمَرْعِيٍّ**) واته ئیسمی مفعول لەم ماددەیە کەمهموز العین/د وناقصه: هەمزەی دەمینی. وه ئیعلالی وەکو (مرعی) وایه کە معتل اللامی بەبێ هەمزەیە ئەسلەکەیان مَرْئُوي ومرعوی بو: وه ئیعلاله کەیان وه کو مَرْئي وایه کەئەسلەکەی (مَرْمُوي) بوو. لەپێشان باسکراوە:

زانیت کە (يَري) مخالفی مضارعه کانی تربوو لەحەزفی هەمزەی لیرەش باس دەکات. کەبابی إفعالیش لەم ماددیە مخالیفی شوینەکانی ترە: بەڵام لە مجردەکەیەتی تەنها مضارع مخالف بوو : بەڵام لەبابی إفعال لەهەمو صیغەکان سوخالیفە. جادەفەرموێ (**وبناء أفعل منه مخالف لأخواته أيضاً**) واته بینای بابی إفعال لە ماددەی (رَئي يرى) مخالف وپێچەوانەی هەموو صیغەکان بابی إفعاله: لەغەیری ئەم ماددەیە: هەروەکو (رءی يَرى) مخالفی وێنەکانی بوو: بۆ وێنه حەزفی هەمزەی دەکرێ لەم مضارعه کە (رَاي) ئەسلەکەی (يَرْأَيُ) بوو. بەڵام بناءی حەزفی لێ ناکریت کەهەمان بابه: جا مەزیدەکەشی لە بابی (إفعال)د بەهەمان شێوە: مخالفی بابەکانیترە لەماددەکانی تر( **لكن في جميع تصاريفه هنا**) بەڵام وامەزانە کەئەمەش هەر لەمضارعي مخالیفە. بەڵکو لەهەمووصیغەکان مخالفه لیردا. یانی لە ماضی و لە مضارعي لە ئەمریش هتد جابامیسالی بهێنین (**فتقول أرى اصله أَرْءَي**) یانی تۆ دەڵێیت لە دروست کردنی بابی (إفعال) لەم ماددیە (أرى) ئەسلەکەی أَرْءَ ي. بوو وەکو (أَعْطى أكرم). (**نقلت حركة الهمزة إلى الراء فحذفت فصار أرى**) نەقلی حەرەکەی هەمزەی کرا. بۆ حەرفی پێش خۆی وه حەزف کرا بۆ سوکی: وه (يی) لام لافعلیش قەلب کرا بە ئەلف. بوو بە (أرى) لەسەر وەزنی (أَفَلَ) ( **يَرى اصله يُرْئِي نقلت حركتها فحذفت فصار يُرى**) ئەسلەکەی يُرْئِيُ بوو. وەکو يعطي يكرم. نەقلی حەرکەی هەمزەمان کرد بۆ حەرفی پێش خۆی. وەحذفمان کرد لەبەر سوکی پاشان ضمه لەسەر (ی) گران بوو لادرا. بوو بە (يُرى) لەسەر وەزنی يُفل: (يُرِيان) ئەمەش تەثنیەیە ئەسلەکەی يُرْئيان بوو. نەقلی حەرەکەی هەمزەکراو وەحەزف کرا( يُرُون ) بۆ جەمعی مزکرە. بەضمەی (ی) لەگەڵ (ری) وسکونی واوی

جەمعی (**اصله يُرْئِيِيُونَ حذفت بعد نقل حركتها فصار يُرِيُونَ**) (يُرُونَ) ئەسلەکەی (يرْئيونَ) بوو. وەکو (يكرمون) حەزفی هەمزەکەی کرا لە دوای نەقل کردنی حەزەکەی بۆ حەرفی پێش خۆی. جابوو بە يُرِيُون(**فنقلت ضمة الياء إلى الراء فحذفت للساكنين فصار يُرُونَ على وزن يُفُونَ**) يُرِيُون نەقلی ضمه ی (ی) کرا بولای (ری) پاشان (ی) حەزف کرا لەبەر التقاء الساكنين لە نێوان (ی) واوی جەمعی: بوو بەيُرُونَ لەسەر وەزنی يُفُون. بەضمەی (ی) و (فی) کەواتە لەپیتەکانی ئەسلی تەنها (ف) ماوە( إراءَ ةً) ئەمەش مەصدرە بۆ (أرى) (**الأصل إرآياً كافْعالاً**) ئەسلی (إراءة)ی (إرْاياً) بوو وەکو إفعالاً وإكراماً (**قلبت الياء همزة لوقوعها بعد الف زائدة طرفا**) واتە قەلب (ی) کرا بە هەمزە لەووشەی (إرْايًا) چونکە ئەم يێیە کەوتە پاش ئەلفی زیاد. لەدواوە. بوو بە إرْءءً (**وحذفت الأولى بعد نقل حركتها إلى ما قبلها**) پاشان حەزفی هەمزەی ئەوەلی کرا (کەعەین الفعله) لە دوای نەقل کردنی حەرەکەکەی بۆ ماقبلی (**وعُوِّضَ عنها التاء فصار إرائةً**) پاشان لەجیاتی هەمزەی حەزف کراو (تی) ی مەصدر مان هێنا لە ئاخرمان دانا بوو بە (إرائةً) (**وإراءً بلا تعويض**) وە دروستە إراءً بخوێندریتەوە: بەبێ دانانی (ة) لەجیاتی هەمزە واجب نەبوو لێرەدا: یەك پرسیار دەکات. بۆ دانانی (ة) لە (إقامةً) واجبە بەلام لێرە واجب نیە کە هەردووکیان مصدەری یەك بابن: لەوەلامدا دەفەرموێ: (**ولما حذفت الهمزة من فعله ايضا لم يلزم التعويض** ) واتە لەکاتێك کە حەزفی هەمزەی کرا لە فعلەکەش کە (أرى يُرى) بوو. هەروەکو لە مەصدەرەکەی کرا کە (اراءً) پێویست نەبوو لەجیاتی هەمزەی (ی) دابندرێ کما فی إقامه. وەکو واجبە لەم مصدەرە کە إقامة (ی) لەجیاتی عەین الفعلەکەی دابندرێ. کە ئەسلەکەی (إقواماً) بوو. وەکو اكراماً (**التزموا الحذف والتعويض في تعزية وإجازةٍ واستجازةٍ** ) واتە زانایانی عیلمی (صرف) بەواجبی دەزانن حەزف کردنی حەرفی علله وەدانانی (تی) لەجیاتی ئەم حەزف کراوە: لەم سێ مصدرە : یەکەم تعزية کە مەصدەری بابی تفعيل)ە ناقیصە: وە دووەم (إجازة)مەصدری بابی افعاله. وسێیەم

(إستجازة)کە مصدرِی بابی (إستفعال)ە وە هەردوکیان (أجوف) ن (تعزية) ئەسلەکەی تَعْزِيّ بوو: فعلەکەی عزّی وەکو (فرّح) یەك لەم دوو ییە حەزف بکە: یان هی لام الفعل هەندێکیان دە لێن ئەمە حەزف ناکرێ یان هی مەصدرە. ئەوجار (تی) لەجیاتی دابنێ: دەبێتە(تعزّية). وەهەم دوانی تر. ئەسلەکەیان إجوازاً واستجوازاً. وەکو اکراماً واستخراجاً. نەقلی فەتحەی واوە کەمان کرد بۆ ماقبلەکەیان. وەقەلب کران بە ئەلف. التقاء الساكنين رویدا لەنێوان هەردو ئەلف: یەکەمان حەزف کرد. پاشان (تی) لە جیاتی داندرا: بەواجبی( **وقد جاءفهي تُنزي دلوها تنزيّاً)** واتە کەم جار هاتووە کە (ی) حەزف نەکراوە وەتی زیادنەکراوە وەکو ووشەی تنزيّاً. وەکو تفریحاً. بەڵام ئەمە کەمە( **وإراية بالياء نظراً إلى انّ التاء اخرجتها عن الطرفية)** واتە دروستەلەم مصدر (إراية) بخوێندرێتەوە. بە تەعویزی (تی) وە قەلب ئەم ییەش نەکراوە بەئەلف. چونکە وا تەماشادەکرێ کە ئەم (تیە) وای کردووە کە (ی) بەکەوێتە ناوەراستی ئەم ووشەیە: وە دەری کردووە لەوەکە لە دوایی بێت. وە شتێکی دیارە. ئەگەر (ی) لە (طرفي) نەبێ: قەلب ناکرێ بەئەلف لێرەدا: وە تەودی کە قەلبی دەکات . هیچ حیساب بۆ (تی)ی ناکات. چونکە ووشەیەکی سەربەخۆیە جیاوازە ( **فهو مُرٍ)** ئیسمی فاعل لەماددەی (رأی) لەبابی أفعال (مُرٍ) دەبێ (**أصله مُرْئيٌ**) ئەسلەکەی مُرْئِيٌ. وەکو مكرم، نەقلی حەرەکەی هەمزەمان کرد بوو ماقبلەکەی وەحزفمان کرد بۆ سوکی. وە ضمە لەسەر (ی) کرا بوو بە (مُرٍ) لەسەر وەزنی {مُفٍ} (**مُريان**) بۆ جەمعی مزکرە ئەسلەکەی مُرئیان بوو (**مُرُوْن**) بوو جەمعی مزکرە ئەسلەکەی مُرْئِيوْن بوو وەکو مكرمون: نەقلی حەرەکەی هەمزەمان کرد بۆ پێشیو حەزف کرا جا لە دوای لادانی حەرەکی (ی) بۆ پێش ئەویش حەزف کرا لەبەر التقاء الساكنين بوو بە مُرُوْن)ە (**مُرِيَةَ مُرِيتان مُريات**) ئەمەش بۆ مؤنثە ئەسلەکەیان مُرئية مُرْئيان مُرْئيات. لەهەموان نەقلی حەرەکەی هەمزەکراوە. وە حزف کراوە (**وذاك مُري أصله مُرْئَيٌ**) تۆ دەڵێیت لە دروست کردنی ئیسمی مفعول لەماددەی (رأی). لەبابی إفعال مُرىً. ئەسلەکەی مُرْئَيٌ بوو. وەکو مكرَم بەفەتحەی

پیتی پێش ئاخرەکەی. نەقلی حەرەکەی هەمزەمان کرد بۆ پێش خۆی، وە حەزف کرا لەبەر سوك کردنی ووشە: بو بە مُرَيٌ (یی) متحرك ماقبل مفتوح قەلب کرا بە ئەلف. التقاء الساكنين بوو لەنێوان ئەلف وتنوين حەزفی ئەلفەکمان کرد. بو بە مُرىً لەسەر وەزنی مفىً (مُرَيان ) تەثنیەیە ئەسلەکەی مُرْئيان بوو. هەمزە لا دراوە (**مُرَوْن**) جەمعە، ئەسلەکەی مُرْئيون بوو وەکو (**مكرَمون**) هەمزەکەی حەزف بکەو (یی) بکە بەئەلف وحەزفی بکە لەبەر **التقاء الساكنين**. بوو بە مُرَوْن لەسەر وەزنی مُفَوْن: (**مُراة**) ئەمەش بۆ مؤنثە. ئەسلەکەی مُرئية حەزفی هەمزەکەی کراوە (یی) قەلب کرا بە ئەلف: بوو بە مُراة (مُراتان) ئەسلەکەی مُرئيتان بوو وەکو مكرمتان. حەزفی هەمزەی کرا وە (یی) قەلب کرا بە ئەلف(مُرَيات)بۆ جەمعی مؤنثە. ئەسلەکەی مُرئيات. وەکو (مكرمات) نەقلی حەرکەی هەمزە بکەو حەزفی بکە (أرِ أصلە **تأرى** ) تۆ دەڵێیت لە ئەمری مخاطب لەم ماددیە لەبابی إفعال (أرِ) بەفەتحەی هەمزەو کەسرەی (رِی). ئەسلەکەی تُأري بو . (تی) لادە وئاخرەکەی مجزوم بکە بە حەزفی (ی) دەبێتە (أرِ) لەسەر وەزنی (أفِ) (أرِيا) ئەسلەکەی تُأريان. (تی)ی مضارعي لادە لەگەڵ نونی ئیعراب دەبێتە (أرِيا) (أرُوا) ئەسلەکەی تَرْئِيون) بو وەکو (**تكرمون**) هەمزکەی حەزف بکە دەبێـە تُرِيُون. ضمە ی (ی) نەقل بکە بۆ ماقبلی. دەبێتە تُرُون. تی لادە لەگەڵ نونی جەمعی. وە هەمزە قطعەکەی بگێرەوە. دەبێتە أرُو لەسەر وەزنی أفوا (أری) بۆمفردی مؤنث مخاطبە ئەسلەکەی لە دوورەوە (**تُأرْئِيين**) بوو. وەکو تأكرمين. هەمزەی الفعل لادە. دەبێتە تُأرِيين. پاشان (ی)ی لام الفعل لادەکە هی ییەکەم: دەبێتە تُأمرِينَ. ئەوجار تی مضارعي ونون لەئاخری لادە (دەبێتە) ( أري) لەسەر وەزنی (أفي) (أرِيا) ئەسلەکەی تأرئين بوو( أرِينَ) بۆ جەمعی مؤنثی مخاطبە. ئەسلەکەی تُأرْئِينَ بوو وەکو تُأكرِمْنَ هەمزە عەين الفعل حزف کرا. دەبێتە تأرين (تی) مضارعي لادە دەبێتە أرِينَ على وزن أفِلْنَ أرِين لەسەر وەزنی أفْلَنَ یە چونکە تەنها عەين الفعلی حەزف کراوە( **وبالتأكيد أرِينّ** ) تۆ دەڵێیت لەکاتی تەئکیدکردنی ئەم ئەمرە بەنونی ئە قیلە اُرِينّ. ئەسلەکەی (أرِ) بوو کەنونی تەئکید

هات لام الفعلی کیراوە (أَرِیانّ) بۆ تثنیە (أَرُنَّ) بوو جەمع ئەسلەکەی (اروا) بوو : کە تەئکید کرا ألتقاء الساکنین روی دا لەنێوان واوی جەمعو نونی تەئکید. ئەم نونە حەزف ناکرێ، واوەکەمان حەزف کرد. چونکە ضمە دەلالەتی لەسەر دەکات: بو بە أرُنّ. لەسەر وەزنی أَفُنَّ ( أُرِنّ) بۆ مفردی مؤنث مخاطبة ئەسلەکەی (أَري) بوو تەئکید کرا. بەم نونە. وە یی لاچو چونکە کەسرەی (ری) ماوە دەلالەتی لەسەردەکات (أَرِیانِّ) بۆ تەثنیە(أَرِینانِّ) بۆ جەمعی مؤنث ئەسلەکەی ارینَ بو تەئکید کرا بە نونی گران بوو بە إرینَنَّ. وە ئەلفەك زیاد کرا لەنێوان ئەم نونانە. وەهی تەئکید مەکسور کرا(**وبالخفیفة اَرِیَنْ**)بۆ مفردی مذکرە (ی) گەراوەتەوە (أرُنْ) بۆ **جمعه**: واوی جەمع لاچو لەبەر التقاء الساکنین. ومیسالی تەثنیە وجەمعی مؤنث لە خفیفەی نابێت (**وتقول في النهي لا تُرِ**) تۆ دەڵێیت لەکاتی (لا)ی نەهی بخیتەسەر ئەم مضارعە لەبابی إفعال (لا ترِ) هەمزەی عەین الفعل لەپێشتر حەزف کراوە. وئەم جارە (لا) ێنەهی لام الفعلیحەزف کرد (**لا تُریا لا تروا الخ**) لەوانەش نونی حەزف کردوە (**لاتری لاتریا لاترین**) بۆ موءنثە ئەمە نونی جمعی موءنثە لاناچێ (**وبالتأکید لاترِنّ لاتُریانّ لاتُرینّ**) ئەم سێمیثالە بۆمذکرن .لەکاتی (لا)نەهیلە کەل نونی تەئکید بخەیتە سەریان وادیارە لام الفعل هاتوتەوە بەهۆی نونی تەئکیدەوە لەمفردی وەلە جەمعی مذکر واو نەگەرایەوە چونکە ضمە دلالەت دەکات (**لاترنّ لاتریانّ لاترینانّ**) ئەمەش میثالی موئنثانە لەمفرددەکەیان (ی)حەزف کراوە کەسرە لەسەر (ێ) شاهیدە بۆیە لەکۆتای فصلی مهموزی باسی بابی أفتعال دەکات ودەفەرموێت (**وتقول فی افتعل من مهموزالفاء أیتال کأختار**) واتە تۆ دەڵێیت لەبینای بابی أفتعال لە مهموز الفای (اجوف) أیتال وەکو أختار واتەحوکمی مهموز الفای اجوف لەم بابە وەکو حوکمی ئەجوفی بێهەمزە وایە لەم بابە (ایتال)مجرددکەی (أوَلَ)یە نیشانەی بابی افتعال زیاد بکە دەبێتە أءتَول وەکو اجتمع واختار واو قەلب کرا بەئەلف بو بە(اتال)هەمزەی دوەم بکە بە(ی)وەکو أیماناًبو بە (أیتال)ە (**وأیتلی کأقتضی**) تۆ دەڵێیت لە دورست کردنی بابی افتعال لە مهموز الفای ناقص

ایتَلی وە کو اقْتضی. واتە مهموز وغەیرە مهموز حوکمیان بکە لە معتل اللامی ئەم بابە : إیتلی. ئەسلە مجردەکەی (اَلَوَ)یە هەمزەو (تی)ی بو زیاد بکە دەبێتە اِئْتَلَوَ وەکو اجتمع واقتضی. واو لە پلەی پێنجەم بیکە بە (ی) پاشان بیکە بە ئەلف دەبێتە إئْتَلَی. وەهەمزە ساکن وما قبل مەکسور بیکەی بە (ی) دەبێتە ایتلی: یەك پرسیار دەکات بۆچی مصنف رحمه الله) لەم دوایەدا باس لەم دوو صیغەیە دەکات لەوەلاّمدا دەفەرموی (**وخصَّ هذا الباب بالذکر**) واتە مصنف رحمەتی خوای لیّ بێت تایبەتی کرد ئەم بابە کەبابی افتعال/ە بەباس کردن لەم دوایەدا( **اشارةً إلى أن الياء المبدلة من الهمزة لا تقلب تاءً**) تاکو ئاماژە بێتِ وبزاندری کەلێرەدا دوو جورە (ی) هەیە. یەکەم ئەوەیە کە (مبدل/ە لەهەمزەی. واتە هەمزەیە کراوە بە (ی) جائەم جۆرە ییە ناکریّ بەتی وەکو ئەم دوومیسالەکانی باسکراو کە (إیتالی وإیتَلی) بون. کە هەمزەکەیان کراوە بە (ی). وە ئەم ییە ناکریت بە (تی) ودەغم بکرێت: وەییی دووەم ئەوەی کە قەلب دەکریّ بە (تی) وە دەغم دەکریّ کە دەفەرموی( **کما في إتَّسَرَ** مجردەکەی (یسر)ە بوو نیشانەی بابی أفتعال زیادکران. بوو بە أیتَسَرَ)ە. پاشان (یی) کرا بە (تی) وە دەغم کرا لەتی)ی دووەم بوو بە اِتَّسَرَ. بەلاّم لەمیسالەکانی نێمە دا دروست نیە(یی) بکریّ بە (تی) وە دەغم بکریّ چونکە لەپێشان باسکرا. ئەم ییەی کە (مبدل)ە لەهەمزە ناکریّ بە (تی) چونکە هەمزە بەخۆی ناکریّ بە (تی) کەواتە بەدەلەکەش ناکریّ بە (تی) بەلاّم ئی ئەوەی کە ئەسلە وەکو یسر) وەیان مبدل)ە لەواوی ئەوان دەکرێن بەتیّ (**واتَّزَرَ في أيتَزَرَ خطأ**) واتە ئەوەی دەلێیت اتّزَر. ئەسلەکەی ایتزر)ە بوو وە (یی)ی مبدل/ە لەهەمزەکە ئەسلەکەی (إاتَزر)ە بوو بیّ کراوە بە اتّزر ئەمە هەڵەیە: قانون وایە. هەر ایتزر بێت وە ئەم ییّ نەکریّ بە (تی): یەك دەلێت ئەدی بۆ (اتَّخَذَ)ە هەمزەی کراوە بەتیّ وەدەغم کراوە جا دەفەرمویّ (**واتَّخَذَ مِن تَخَذ بمعنى اَخَذَ**) واتە اتَخذ کەبابی افتعال/ە مجردەکەی (تخذ)یە: نیشانەی بابی افتعال زیاد بکە. دەبێتە اِتْتَخَذَ: جا (تی) لە (تی) دەغم بکە دەبێت اتَّخَذَ) وە بەمانای اَخَذ)یە بەلاّم حەرفی یەکەمیان جیایە. واتە لەمەی (تیّیە) هەمزە

نیە(**ویقال منه ایتَخَذَ**) یانی هەرکاتی بابی افتعال دروست بکەی لە (آخذ)ی دەگوترێ ایتخذ: چونکە کە هەمزەوتیٚ زیاد کران. دەبێتە اِتَّخذ)ە جا هەمزکەی بکە بە (ی) دەبێتە ایتخذ. دروست نیە (ی) بکرێ بەتی وە دەغم بکرێ.

لەکاتێك (مصنف رحمه الله) باسی مەهموزی تەواو کرد. هاتە سەرباسی ئیسمی زمان ومەکان. فەرموی (**فصل في بيان اسمي الزمان والمكان**) ئەمە فەصلێ کە باس‌و بەیانی ئیسمی زەمان‌و مەکان دەکات( **وهو موضوع لزمان أومكان بأعتبار وقوع الفعل فيه مطلقاً**) ئیسمی زەمان ومەکان دروست دەکرێن لە فعل داندراون بۆ ئەوە دەلالەت بکن لەسەرکات‌و شوێنی ئەم روداوە. بەبێ بەستنەوە بەهیچ شت وەکو خۆی دەفەرموێ (**من غير تقييد بزمان أومكان معينين**) واتە بەبێ ئەوەی ببەسترێ ئەم روداوە. بەکات وشوێنی دیارکراو( وفاعل ومفعول )وە هەروەها بەبێ ئەوەی ببەسترێ بە فاعل ومفعولی دیارکراو جافەرموی لەبەر ڕودانی ئەم فعلە ناوبراوە بەم ناوەناوِ دەبری: کەواتە (**يومك طيب و مكانك حسن**) دەرچون. چونکە بونیان بە زمان ومکان لەبەر هیچ روداو نیە. وەهەروەها (**محشر**) دەرچوو. چونکەبەکات‌و شوێنی دیارکراو دەڵێن. وە ئەمەش بزانە ئەم ئیسمەی زمان‌و مەکان مشترەکە لەنێوان هەردوکیان. بۆ وێنە (**مجلس**) بەکات‌و شوێنی دانیشتن دەڵێن وەهەروەها (مقتل الحسين) ﷺ دەگونجێ بەروژی عاشوراء بڵێن وەبەشاری کربلا بڵێن: ئینجا کە پێناسەی بۆ کردن. وە دەیەوێت باسی چۆنیەتی دروست کردنیان بکات. چونکە بێگومان ئەم دوانەش وەکو باقی مشتەقاکانی تر لە مصدەری وەردەگیرێن. بەڵام هەندێك راستەوخۆ وەکو ما وە ئەوانی تر بەواستە: جا ئەمانەش کەلە مەصدەری وەردەگیرێن بەهۆی مضارعیەوەیەوە شتێکی رونە کەعين الفعل لەمضارع سێ جۆرە. یان سەرداره یان بۆرەیان ژێر. جا دەفەرموێ (**وهو من يَفْعِلُ بكسر العين على مَفْعِلٍ بكسره**) واتە هەریەك لەم ئیسمی زەمان‌و مەکانە. ئەگەر دروست بکرێن لەفعلە مضارعەکی. کەلەسەر وەزنی يَفْعِلُ) بێت. وەکو یضرب. بەکەسرەی عەین الفعلەکەی. بێگومان ئیسمی زمان‌و مەکان لەسەر وەزنی مَفْعِل/ی

دەبێت. جائەم مضارعە صحیح بی( **کالمجلس**) وەکو المجلس. ئێستا ئەم ووشەیە لە (یجلس) وەرگیراوە بەکەسرەی عەین الفعلەکەی کەپیتی لامە: (یی) حەرفی مضارعی لادە وە میمێکی مفتوحی لەشوێن دابنێ دەبێت المجلس بۆ کات‌و شوێنی دانیشتن وەیا ئەم مضارعە (أجوف) بی وەکو دەڵێ (**والمبیت**) ئەسلەکە مبیت وەکو مضرب لەیبیت وەرگیراوە کەمعتل العین/ە. وەیا مضاعف بی یان مهموز بێت. وەکو (مفرّ) لە (نَقرّ) وەرگیراوە. وە (مَأْزِرْ) لە (یَأْزِر) وەرگیراوە کەمضارعی هەموان: لەسەر وەزنی یضرب)یە. وە حەرفی مضارعي لادراوە. ومیمێکی مفتوح لەشوێنی داندراوە: وە عەین الفعلەکەش هەروەکو خۆی بەمەکسوری ماوەتەوە (**ومِن یفعَل وَیَفْعُل بفتح العین وضمها علی مَفْعَل بفتحه**) واتە هەرکاتێك ئیسمی زەمان ومەکان دروست بکرێن لە فعلە مضارعەکی کە لەسەر وەزنی یفعَل)یَ بێت بەفەتحی عەین الفعل کەی: یان لەسەر وەزنی یفعُل)ی بێت ضمەی عەین الفعلەکەی. لەم دوشوێنە لەسەر وەزنی مَفْعل)ی دەبێت. بە فەتحەی عەین الفعل کەی (**للتوافق في مفتوح**) لەبەر موافقەی ئەم ئیسمە زەمان‌و مەکانە لەگەڵ ئەم فعلە مضارعەی : کە حەرەکەی عەین الفعلی مضارعی مفتوحە. واتە ئیسمەکەو فعلە مضارعەکە وەك یەك بن لەفەتحەی عەین الفعلدا( **وتعذره في مضمومه** ) وە موافقەش قەدەغیە لەم مضارعەی کە مضموم العین/ واتە نەگونجا کە ئیسمی زەمان‌و مەکان موافقی مضارعەکە بێ لە مضارعی مە ضموم العین. وەکو لە دوەکانی تر گونجا( **لرفضهم مَفْعُلاً** )چونکە ئەگەر ئەمەش وەکو مضارعەکەی مضموم العین بێت دەبێتە (مَفْعُل) وە عەردبەکانیش فەرمۆشیان کردووە لەزاراوەی خۆیان هەر ئیسمێك لەسەر وەزنی (مَفْعُل)ی بێ (**إلا مَعُوناً ومَكْرُمًا**) مەگەر ئەم ئیسمە کە معون ومکرم)ن کەهەردوکیان لەسەر وەزنی مَفْعُل)ی هاتون ئەم دوانەش یان جەمعن. وەکو (فرّاء) دەفەرموێ یان مصدرن بەمانا إعانة وإكرام/ن. جاهەر چونێك بێ کەمە: وەکەم وەکو نەبوو وایە یەك رەخنە دەگرێت وە دەڵێت. بۆ چی لێرە مفتوح کرا. بۆ مەکسور نەکرا. دەفەرموی (**ولم یکسر لأن الفتح أخف**) یانی ئیسمی زمان و مەکان

مەکسورنەکرا. لەم مضارعەی کە عەین الفعلی مضمومە. وەکو ینصر یقتل) نەمان کرد بە منصر ومقتل. چونکە فەتحە سوك ترە لەکەسرەی. ئینجا هاتەسەر میسالەکان( **کالمذهَب**) ئێستا مەزهەب لە یزهەب وەرگیراوە. مضارعە کە مفتوحە وەئیسمی زەمان ومکانیش مفتوحە ( **والمتقل** ) لەیقتُل وەرگیراوە مضارعەکە مضمومە بەڵام ئیسمەکان مفتوح کراون( **والمشرب**) لەیشرب. وەرگیراوە ماضیەکەی مەکسورە ومضارعەکەی مفتوحە وئیسمە زەمانو مەکانیش مفتوحن. وە ئەمانە هەمویان صحیحن (والمقام) ئەمەش لە بابی یەکەمە وەکو یقتل. بەڵام (ئەجوف)ە ئەسلەکەی (مَقْوَم)بوو دوای کراوە بە ئەلف. وەکو (اقام)ەی کەلەپێشان باسکرا: یەك رەخنە دەگرێتو دەڵێت: تۆ گوتت هەرکاتێك مضارعەکە بە ضمە یان فەتحەیی عەین الفعل بوو ئیسمی زەمانو مەکان لەسەر وەزنی مفعل)ی دەبن بەفەتحەی عەین الفعلی. وەئێستائەم هەموو شتانە مضارعەکەیان بەضمە و فەتحەیە. وەئیسمی زەمانو مەکانیشیان لەسەر وەزنی مفعل)یێ بەکسرەی عەین الفعل هاتووە لەوەڵامدا دەفەرموێت: (**وشَذ المسجِد والمشرق والمغرِب والمطلِع والمجزر والمرفِق والمسكِين والمنسِك والمنبت والمسقِط بالكسر**) واتە ریزپەڕە. ئەم هەمووشتانە کە بەکەسرەی عەین الفعل هاتون لە ئیسمی زەمان و مەکان چونکە دەستور وایە کە بەفەتحەی عەین الفعل بوانە (**إذا المجزر من مفتوح العين وما سواها من مضمومة**) چونکە مجزر مضارعەکەی مفتوح العين لەبابەبی چوارمە: وە باقیەکانیتر مضارعەکەیان مەضموومە لەبابی یەکەمن: یاسا وابوو لەسەر وەزنی مفعل بوانە. بەفەتحەی عەین الفعل: وە ئێستا بەکەسرەی عەین الفعل هاتون هەمویان شازن واتە ریزپەڕن (**وحكي في المسجد والمطلع والمسكن الفتح**) نەقل کراوە لە هەندێك عەرەبەکان لەم سێ ووشەیە کە المسجد المطلع المسكن کە بەفەتحەی عەین الفعل خویندراو نەتەوە. لەم کاتە بەکارهێنا نیان بەپێی یاسای خۆیانە ( **واجيز في كلها**) وەئەم فەتحە دروست کراوە ورێی پێدراوە لەهەر هەموو ئەم ووشانە کەیانزدە ووشەیە: ئەمەی کە دروست دەکات مامۆستا (فراء)یە رحمە اللە

**(هذا إذا كان الفعل صحيح الفاء واللام)** واتە ئەوەی کە گوتمان کە ئیسمی زەمان وەمەکان لەم شوێنانە مفتوحەو وە لەم شوێنانە مەکسورە: لەکاتێك بەم شێوەیە: کەئەم فعلە مضارعەی ئەم ئیسمە زەمان‌ومەکان لی دەروست کراوە: فاء الفعل ولام الفعل حەرفی صحیح بێت. وەحەرفی عللەنە بی وەکو میسالمان بۆ هێنا لە أجوف ومضاعف ومهموزیش لەگەڵدابو **(فمن المعتل الهاء مكسور عينه ابداً)** واتە ئەم فعلەی کە معتل الفایە بەڵام واویە. واوەکەش حەزف کراوە. ئیسمی زمان ومکان لەم جۆرە فعلە مەکسور العین/ە بەدەوام **(كالموضوع والموعد)** ئیستا (موضع) ئەسلەکەی یوضع بوو بە کەسرەی عەین الفعلی. بەڵام کەواو حەزف کرا. ضاد مفتوح کرا. لەبەرگرانی حەرفی حەلقیّ: (موعِد) ئەسلەکەی (یوعِد) بوو: واوحەزف کرا بەڵام عەین وەکوخۆی بەمەکسوری مایەوە.ئینجا لەهەردووکیان حەرفی مضارعي لادراوە: ومیمێکی مفتوح لە ئەوەلیەوە داندراوە بەڵام معتل الفاي یائی. وەکو (مبقَظ) هەندیك دەڵێن مفتوح العین/ە ئیسمی زمان ومکان**(وشذ مْوجَل بالفتح)** ریزپەڕە (موجَل) کەبەفتحەی عەین الفعل هاتووە.چونکە موجل معتل الفایە واویە. یاساوا بوو بەکەسرەی جیم بوایە**(ومن المعتل اللام مفتوح عينه أبداً)** واتە ئەم ئیسمە زەمانەی ومەکانەی کە دروست دەکریّ لە فعلە مضارعەکی کە معتل اللام/ە عەین الفعلەکەی مفتوحە بە دەوام: جا فعلە مضارعەکەی هەرچۆنی هەبێت: واوی بێت یان یائی **(كالمأوى والمرمى)** ئێستا مأوای مضارعەکەی یأوی بوو بەکەسرەی عەین الفعل. حەرفی مضارعی لادەوە میمێکی مفتوح لە شوێنی دانی وعەین الفعلەکەی مفتوح بکە لامەکەی بکە بەئەلف.دەبێتە مأوی: ئەمە ئەگەرچی لفیفی مقرونە. بەڵام لەپیشان فەرموی.حوکمی ئەم لەفیفە وەکو ناقص وایە: (المرمی) ئەسلەکەی یَرْمي بوو. (یی) لادراوە میمەکی مفتوح لەشوێنی زیاد کرا. وە عەین الفعل مفتوح کرا وەلامەکەی قەلب کرا بە ئەلف. بوو بە (مَرْمی) ئەمە حوکمی معتل الفاء ومعتل اللامی بوو( **ومعتلهما كمعتل اللام)** واتە ئەم زەمانەی کە دروست دەکرێت لە فعلێك کەمعتل الفاء و لامە. واتە لە فیفی

(**مفروضه**) حوکمی وەکو حوکمی معتل اللامی وایە کەعەین الفعلی مفتوحه. وەلام الفعلی قەلب دەکریٚ بەئەلف. وەکو (مَوْقی) ئەسلەکەی (یوقی) بوو (**وقد تدخل علی بعضها تاء التأنیث**) واتە هەندێك جار دەچیتەسەر هەندێك لەئیسمی زەمانو مەکان (تی)ی تەئنیس (**إما للمبالغة**) یانی داخیل بونی ئەم تێیە بەسەر ئەم جۆرە ئیسمانە: یان بۆ دەرخستنی موبالەغەیە لەهەبونی ئەم فعله لەم شوێنانە (**أو لأرادة البقعة**) یان لەبەر ئەوەیە کەئیرادە شوێنەکە کراوە بۆ تایبەت. کەواتە لەم کاتەدا بەئیسمی زمانو مەکانی اصطلاحي حسیب نین چونکە لەیاسا لایانداوە ( **کالمَظَنَّةِ**) بۆ کاتو شوێنی گومان بەبونی شت. ئەسلەکەی یظُن بوو بەضمە ی عەین الفعل: میمێکی مفتوح لەشوێنی حەرفی مضارعي داندراو وعەین الفعل مفتوح کرابەقیاس . وە (تیَ)ی تەئنیس زیادکرا: بەڵام بەخیلافی قیاس (والمقبرة) بۆ شوێنی شاردنەوەی مردوو واتە قەبر. مضارعەکەی یقبُر بوو (ی) لادرا ومیم داندرا وەعەین الفعل مفتوح کرا بەقیاس. (تیَ) زیادکرا بە غەیری قیاس (**والمشرقة**) بۆ شوێنی دەرکەوتن وڕۆژهەڵات دەگوتریٚ ئیعلالی وەکو هی پێش وایە (**وشذ المظِنّة بالکسر**) واتە شازەو لەریٚز دەرچووە. مظِنة. بەکەسرەی (ظ) چونکە مضارعەکەی مضمومە. بەپیٚی یاسا لەئیسمی زەمان ومەکان مفتوح دەبێت (**والمقبرة والمشرقة بالضم**) وەهەروەها ئەم دووەش شازن بەضمە ی عەین الفعلی چونکە ئەمانە لەبابی یەکەمن ئیسمی زەمان ومەکان لەوێدا مفتوح دەبێت (**والقیاس في الکل الفتح أیضاً**) دەستورو یاسا لەم سیٚ ووشەیە فەتحەی عەین الفعلە( **لضمها**) چونکە عەین الفعلەکەیان مضمومە لەمضارعي. وە هەر فعلێك عەین الفعلي مضموم بیٚ ئیسمي زەمان ومکان لەوێدا مفتوح دەبێت: لێرە دەرکەوت کەئەم ووشانە دوجار شازن. یەکەم لەبەر (تیَ)ی تەئنیس. دووەم کەمفتوح نینە: ئێمە گوتمان ئیسمي زەمانو مەکان نابیٚ تایبەت بکرێن: وە لێرەدا ئەم جۆرە ئیسمانە ئەگەر تایبەت نین وە بەضمە ش بخوێندرێنەوە شازن. وەکو باسمان کرد. بەڵام ئەگەر (مقبرە) ومشرُقە بەقەبرستانو ڕۆژهەڵاتی بلێین. ئەوە شاز نین، چونکە لەوکاتی

هەر ئیسمی زەمان ومکان اصطلاحي نین. جا مصنیف دەفەرمویّت (**وإن أريد بهما المكان المخصوص**) واتە ئەگەر ئیرادە بکریّت بەم دوو ئیسمەت کەمقبُرە ومشرُقە)یە شویّنەکی تایبەتو دیارکراو (کالقارورة) هەروەکو قارورە. لەتەسلّدا بەهەموو (ظرفیّکی) دەگوترا پاشان تایبەت کرا بەشوشەی شتی تێ دەکەین (**لا مفهوم المكان الذي يُقبَر فيه ويُشرَق فيه**) ئیرادە نەکریّ بەم دوو ئیسمە مانای ئەم شویّنە کە مردووی تێ ئەشاردریّتەوە. وە ڕۆژو روناکی تیّدا هەلّدیّت بەبێ تایبەت کردن. (**فلا شذوذ**) یانی لەم کاتەکە تایبەت کراون. وە بەهەمو شویّن ئەگوتریّت. بەضمەش شاذنین وە بەلّکو قیاسە چونکە لەم کاتەکە تایبەتن بەقەبرستان وروژهەلاّت: ئیسمي مکاني اصطلاحي نین. وە پیّیان ناگوتریّ لە یاسا لایانداوە: وەکو لەپیّشان باسکرا. کە (المسجد) بەکەسرەی جیم شازە. بەم مەرجە کە بەشویّنی سوجدە بگوتریّ. بەلاّم ئەگەر تایبەت بیّت بەم خانوەی کەپیّی دەگوتریّ مزگەوت. بەهیچ شیّوەیەك شازنیە چونکە لەم کاتە تایبەت کراوە: گوتمان یُسمي زەمان ومەکان لەمضارعي مەکسور العين مەکسور دەبێ. وە لەمفتوح العين ومضموم العين مفتوح دەبێ. وە ئەمانە ثلاثيْ مجرد بون ئەم جارە دیّتە سەر غەیري ثلاثي مجرد کە دەکات ثلاثي مەزید روباعي هەردوك: وە فەرموی (**ومما زاد على الثلاثة كأسم المفعول**) ئەمە عطفە بەسەر (**وهومن يفعل**) کەواتە ئیسمي زەمان ومکان. لەم فعلانەی کەزیادن لەسەر سێ حەرف. جاثلاثي مەزیدي یاروباعي مەزیدو مجرد بیّتْ. لەسەر وەزني ئیسمي مفعولي بابي خۆي دەبیّت. (**كالمُدْخَل والمُقَام**) تیّستا مدخل ومقام ثلاثي مزیدن ولەبابي افعال)ن. فعلەکەیان. ادخل یدخل وە اقام یُقیمُ) بوو. وە حەرفي مضارعەکەي لادەوە میمیکي بور لەشویّني دابنێ: وە حەرفي پیّش ئاخري مفتوح بکە. ومقام مفتوح) بوو واوي کراوە بەئەلف وەکو ماضیەکەي: ئەمەش بزانە ئەم صیغە (إحتمال)ي چوار شتي هەیە: ئیسمي زەمانو مکان وە مصدرەي میمیي وئیسمي مفعول. وە بە قەرینە لیّك جیادەکریّن لیّرەدا باسي ئیسمي زەمانو مەکان گۆتابوو. بەلاّم ئەم باسەش مناسبە لەگەلّ ئیسمي زەمانو مەکان؛

لەبەر ئەمە بۆمان باس دەکات دەڵێ **(واذا كثر الشيء بالمكان قيل فيه مَفْعَلَةٌ من الثلاثي المجرد)** یانی هەرکاتێك شتێك زۆر بوو لە شوێنێك بۆ بەیانی زۆری ئەم شتە لەم شوێنە صیغەی (مفعلە) دروست دەکرێ. بەسکونی (فی) وسێ فەتحە لەگەڵ (تێ)ی تەئنیس. کە ئەم صیغەیە ثلاثی مجرد وە ئەگەر ثلاثي مزید زیادەکان حەزف بکە. ئینجا میمیکی بۆ زیادبکە لەگەڵ (تی)ی تەئنیس**(کأرض مسبعة ومأسدة ومذئبة من الثلاثي المجرد)** واتە دەڵێت لەم جۆرە میسالانە أرض مسبعة) ئەرزێکە دروندەی زۆریتیدایە: (ومأسدة) ئەرزێکە شێری زۆر تێدایە. وە (مذئبة) گورگی زۆر تێدایە، ئەم سێ میسالە ثلاثی مجردن. چونکە بەم شێوەنە **(سبع اسد ذئب)** میمێك لە تەوەلیەوە زیاد کراوە. وەتێ لە ئاخری زیادکراوە: **(مبطخة ومقثأة من مزيده)** ومبطخة ومقتأة مثالي ثلاثی مزیدن. **( بحذف احدى الطائين والتائين والياء والألف )**واتە بەحەزفی یەك لەدوو (تێ)یەکانی (بطیخ)و یەك لە دوو (ثاء)ەکانی (قثاء)ی و(ی) لەبطیخ وئەلف لە قثاء)ی ئەمانە حەزف بکە. دەبێتە ثلاثی مجرد ئینجا میمێکی مفتوح لەگەڵ (تی) زیاد بکە، دەبێتە مَبْطَخَة ومَقْثَأة) یانی ئەم ئەرزە کالەك (گندورە)ی زۆرە وتەرۆزی وخیاری زۆرە. بەڵێ گوتمان ئەگەر ئەم ئیسمە ثلاثی مجرد بێت. میمێك وەتێ تەئنیسی بۆ زیاد بکە. وە ئەگەر ثلاثی مەزید بێ زیادەکان حەزف بکەو میمەکە و (تێ)یەکەی بۆ زیاد بکە: دەبێتە وەزنی مفعلە. ماوە باسی ئەم ئیسمەی بکات. کە رباعی وخماسی وسداسیە. ئەم جۆرە ئیسمە بەهیچ شێوەك ناهێنە سەر وەزنی (مفعلە) مەگەر بەحەرفی ئەسلی. ئەمەش ناکرێ. بەناچاری ووشەی بۆ زیاد دەکەین. کەبەیانی زۆری شتەکە بکاتو دەستکاری ئەمی ئێمەش نەکرێت، جا دەفەرموی **(ويقال في غيره)** دەگوترێ لەم ئیسمەی کە غەیری ثلاثی مجردو مەزیدە. جا روباعی بێ یان خماسی بێ یان زیاتر. ومەزید بێ یان مجرد **(کثیر الثعلب)** ئەرزێکە زۆرمام رێوی تێدایە: ئێستا ثعلب رباعی مجردە، ناتوانین بیکەین بە مفعلە) بەناچاری ووشەی (کثیر)مان بۆ زیاد کرد **(وکثیر الجَحْمَرِش)** ئەرزە کە پیرەژنی زۆرە ئەمەش میسالی خماسی مجردە **(وکذا**

**مزیدهما**) وەکو رباعی مجردو خماسی مجرد وایە. مەزیدەکانیان یانی بۆ رباعی مەزید وخماسی مەزید. ووشەی (کثیر) زیاد بکە (واضافەی) بکە بۆ ئەم ئیسمە: وەکو بڵێت کثیر العصفور ئێستا (عصفور) رباعی مەزیدە بە واوێك. ووشەی (کثیر)ی بو اضافة بکە. وە هەروەها کثیر العضرفوت ئەم ووشەیە خماسی مەزیدە بە واویٰ ووشەی (کثیر) لە ئەوەلیەوە داینیٰ. لەجیاتی (مفعلە) مانایەکەی دەدات:

﴿**وأما إسم الألة: وهو مايعلاج به الفاعل المفعول**﴾ واتە ئیسمی ئالەت. ئامێرێکە وشتێکە. کەبەم شتە فاعل واتە کارکەر خەریکی کارێك ئەبێت لەشوێنێك کە مفعولە (**لوصول الأثر اليه**) بۆ ئەوی ئەم فاعلە بتوانیٰ نیشانەو ئەسەری کارەکەی بەم مفعولە بگەین بەهۆی ئەم ئامێرە (**كمِحْلَبٍ**) وەکو مِحْلَب. بەکەسرەی میمو سکونی حی وفەتحەی لام. کەئەمە یێکە لەمیزانەکانیٰ ئیسمی ئالەت. ئەگینا لە راستیدا ئەمە ئیسمی ئالەت نیە. چونکە ئەم. بەم (ظرف) دەوتریٰ واتە بەم شتە دەگوتریٰ کە حیوانی تێدا دەدۆشرێت، بەڵام چونکە ئەمەش جۆرە یارمەتی دانێکە: پیٰ دەڵێن ئاڵەت (**ومِكْسَحَة بفتحتين**) با ئەمەش بزانین. کەئیسمی ئالاّت دوو جۆرە. مشتق وجامد مشتق ئەوانە(ن) کە لە فعلی ثلاثیمجرد متصرف دروست دەکرێت کە ئەم (قبل التاء) بەکەسرەی میمو سکونی کافو دوو فەتحە لەپێش (تیٰ) ئێستا مکسحە بەگەسکی دەڵێت کە ئامێرێکە بە هۆی ئەم ئامێرە فاعل کار دەکات لەم مفعولە کە شوێنی کارەکەیە، بۆ پاك کردنەوەی ئەم شوێنە (**ومفتاحٍ**) بەکەسرەی میمو سکونی (فی) وفتحەی (تیٰ) لەگەڵ ئەلفی زیاد . ئێستا مفتاح ئامێرێکە کە دەرگەی داخراوی پیٰ دەبێتەوە. بەهۆی خەریك بونی فاعیلێك: ئەم کارە: مفتاح واتە کلیلە ئامێری کردنەوە (**ومِصْفاة**) ئامێری پالاّوتن. وەکو شیر پالیو وچاپارزن هتد ( **أصلها مِصْفَية**) مصفاة. وەکو مفتاح نیە. چونکە ئەسلەکەی مصفية بوو وەکو مکسحة (ییٰ) ی قەلب کراوە بەئەلف بو بە مصفاة: هەر ئەمەش بوو هۆی باس کردنی لێرەدا لەکاتێك ووشەی مرقات دەگونجا بۆ ئیسمی مکانو ئیسمی ئالەت ویستی رونی بکاتەوە. دەفەرموی (**وقالوا مرقات علي هذا**) واتە عەرب

خوێندویانەوە مِرقات. بەکەسرەی میم وسکونی ڕیو **فەتحەی** قاف. کەئیسمی ئالاتەو نامێری سەرکەوتن بو ژورەوە وەکو قادرمە (پەیژ) وە ئەسلەکەی مرقیة بوو. وەکو مکسحة. بەڵام (ی)ی قەلب کراوە بەئەلف. وەکو مصفاة سێ وەزنی هەیە بەزۆری (مفعل، مفعال ، مفعله) کەئەمانە ئیسمی ئالەتی اصطلاحیان پێ دەڵین. وەجامدیش نەوەیە کە لە فعل وەنەگێراوە وەکو سیف وقلب فاس هتد ئەوانە اصطلاحي نینە : بەڵکو سماعینە!!!

(**وَمن فتح الميم اراد المكان**) وەئەگەر کەسرەی میمی (مرقات)ی مفتوح بکات وای بخوێنێتەوە. مەبەستی ئالەت نیە: بەڵکو ئیسمی مکانە واتە شوێنی سەرکەوتن. ئینجا فەتحەی بەپێی یاسایە. وەکو مرمی وەیە بەڵام (تێ)ی تأنیث زیادە، شتێکی زانراوە کەئیسمی ئالات لەفعلی ثلاثی مجرد دروست دەکرێ ومیمکەی لە ژێرە وەمانایەکەشی تایبەت نیە بەڵام چەند ووشەیەك هەیە بەم شێوە نین، لەبەر ئەمە دەفەرموێت (**وشذ مُدْهُن ومُسْعُط ومُدُقّ ومُنْخُل ومُكْحُلَةَ و مُخروضَةَ بضم الميم والعين**) واتە ریز پەرەو دەرچوە لەیاسای ئیسمی ئالەت ئەم ووشانە. بەضمەی میم وضمەی عەین الفعل یەکەم مدهن بەهێزەو گۆزەی ڕون دەڵێن دودم مُسْعُط بەجۆرك‌و قوتی برموت دەڵێن. کەجۆرە دەرمانێکە دەیکەنە لوت (کەپ) سێیەم مُدُقّ، بەدەسکی ئاونی دەڵێن: چوارەم: مُنْخُل بەبیژینگ‌و هێلەگ دەڵێن: پێنجەم مُكْحُلَه. بەکیسەی کلوکلدان دەڵێن. شەشەم مُخْرُضة، بەکیسەی ئەسپونی دەڵێن. ئەسپون جۆرە گیایەکە بەکار دێت بۆ جلك شوشتن. لە شوێنی ڕملاوی شین دەبێ: جا ئەم ووشانە ئیسمی ئالەتن بەڵام شازن. چونکە میمەکەیان مەکسور نیە کەواتە لەسەر ئەم بۆچونەی کە دەڵێن ئیسمی ئالەتن دیارە بەهەمو شتێك دەڵێن کەئەم مانایەی بگەینی: وەتایبەت نین بەشتی دیاریکراو: بەڵام لێرەدا مامۆستا علی رحمه الله دەیەوێت فەرمودەی سیبویه نەقل بکات لەکتێبی مراح الارواح وشرحی تصریفی تەفتازانی) کە بۆچونەکە بەپێچەوانەی یەکترن. جا دەفەرموێ (**هي ا سماء لضروف مخصوصة عند سيبويه**) واتە ئەمانە هەریەکی ناوە بۆ کیسەکی

تایبەت لەسەر فەرمودەی سێبویە (**لیست جاریة علی الفعل**) ئەمانە مشتق نین لەفعل وەمانایەکەیان گشتی نیە کەبۆ هەموشت بەکاربێن: بەڵکو هەریەکی بۆ شتێك بەکار دێت. بۆیە گوتمان مدهن بەهیزەی رونی دەڵێن. چونکە ئەگەر هەندێك لەرونی: لەناو کاغزیك بکەی کەس پێی ناڵێت مدهن. دیارە تایبەتن (**وإلاّ لَما اختصت**) یان ئەگەڕ ئەمانە مشتق بونایە لە فعلی تایبەت نەدەبون هەریەك بەشتێك چونکە مشتق لەفعلی وەکو فعلی گشتیە (**إلا المنخل والمدق علی مافي الشرح**) تەنها منخل ومدق نەبێ ئەوان مشتقن لە فعلی وتایبەت نین بەهیچ شت. وەکو بەم شێوە شەرح تصریف نەقل لەسێبویە دەکات: پوختەی ئەم باسە ئەوەیەکە شرح تصریف دەڵێ سێبویە فەرموویەتی لەم شەشە: تەنها منخل ومدق مشتقن لەفعلی: وە تایبەت نین، بەڵام چوارەکانی تر وانینە. وتایبەتن، بەڵام لێرەدا وەکو قەرەداغی دەفەرموو وادەگەینێ کەمنخل بە پارچە قماشێك بڵێن کەوەکو بێژینگ شتی پێ ببێژی. وەیان مدق بەدەستو بەسەر بگوترێ لەکاتی پێیان لەشتێك بدەی: وە ئەمەش وانیە: کەواتە ئەم دووەش گشتی نەبون (**وکلها علی مافي المراح** ) واتە نەقل کراوە لەسیبویە. وەکو مراح دەڵێت. کەسیبویە فەرمویەتی ئەمانە هەمویان. واتە هەرشە شیان هەریەك ناوە بوکیسەکی تایبەت وە مشتق نین لەفعل. وە ئەم جارە منخل ومدقیش جیانەکراونەوە: بۆیە گوتمان ئەم دوو عبارتە مخالفن. جابرای قوتابی ئەگەر ئەمانە ئیسمی ئالەت بن ضمە ی میمەکەیان وعەین الفعلەکەیان قیاس نیە وشازن. وئەگەر ئیسمی ئالەت نەبن وەکو سیبویە دەفەرموێ ئەمانە شازنین: چونکەئیسمی ئالەت نینە. ( **وجاء مِدَق ومدقة بالفتح علی القیاس**) واتە هاتووە لەم دوو ئیسمە واتە مدق ومِدقة بەکەسرەی میمو فەتحەی دال لەسەر یاسای ئیسمی ئالەت وشازنین/ مِدق وەکو محلب/ مدقە. وەکو مِكْسَحَة وایە.

ئینجا بەڕێزان بەمەصدەری (مرة) کۆتایی بەکیتابەکەی دەهێنێ دەفەرموێ (**اَلْمّرةُ من الثلاثي المجرد مما لاتاء فیە علی فَعْلَةٍ بسکون بین فتحتین**) پێش ئەمە کەشرحی ئەم ووشانە بکەین. بابزانین. کە مفعول مطلق سێ جۆرە. یەکەم

تەئكیدی. كە تەئكییدی مانای فعلی پێش خۆی دەكات. وەكو ضربت ضرباً: دووەم\(نوعی) كە دەلالەت دەكات لەسەر جۆرێك لەجۆرەكانی فعل. وەكو ضربت ضربة. واتە لیمدا بەجۆرە لێدانێك. سێیەم (عددی) كەلێرەدا پێی دەگوترێ (مرة) واتەیەك جار: وەكو بلێت ضربت ضربەیەك تاقە جارم لێدا: پاشان بزانە. ئەم فعلەی كە (تەئكیدیان نوع یان مَرّة)ت لێ مەبەستە یان ثلاثیە یان روباعیە وهەریەكی لەم دوانەش یان مجردە، یان مزیدە، وەهەریەكی لەم چوارەش یانی بەتێیە یان بێ تێیە: ئەمە دەكات هەشت جۆر جا لەگەڵ میسالەكانی تەئكیدو نوع وعدد واتە (مرة) دەكات بیستو چوار میسال. إنشاء الله یەك لە دوایەك دەنوسین جا مصدرەری (مرة) واتەئەم مصدرەی كە دەلالەت دەكا لەسەر یەك كەرت لەمانای فعل: لەم فعلەی كە ثلاثی مجردە وە ئەم مەصدرەش هیچ (تێ)ی پیوە نیە. لەسەر وەزنی (فَعْلَة) دروست دەكرێن. فَعْلَة. بەسكونێك لەنێوان دوفەتحە. (**كضَرْبَة**) ئێستا (**ضرَبة**) كەبلێت ضربت ضربة. واتە لێمدا یەك تاقە جار: ئەمە سالمە. وقمت قَوْمَةً. ئەمەش غەیرە سالمە: یەك دەلێت ئەدیبۆ چی ئەم دوومە صدەرە لەسەر وەزنی (**فعلة**) نین. كەچی ثلاثە مجردییە بێ تێشن. كەئەم دووەیە (أتیانة ، ولقائة) لەوەلامدا دەفەرموێت (**وأتیته إتیانة ولقیته لقائة شاذ**) واتە ئەم دوومصدرە كە (إتیانة) ولقائة) هەردوك شازن. چونكە لەسەر وەزنی (فعلة) نەهاتون. چونكە ئەم دوو مەصدەرەی ثلاثی مجردن وە مەصدەرەكەیان بەبێ تێیە. كە أتیان ولقاء) بوینە، قیاس وابوو بەم شێوەبانە: أَتَیْتُه أَتَیَةً ولقیة لَقْیَةً وەكو ضرَبة (**وبكسر الفاء للنوع**) واتە فِعْلَة، بەكەسرەی فاء الفعل بۆنوعە. یانی بۆمەصدرەیكە. كە دەلالە بكات لەسەر ئەم هیئەت وشێوەی كەفعلەكەیلەسەركراوە (**كضِربة**) وەكو ضِربة. ئێستا تودەلیت ضَرْبتُ (**ضِربةَ زید**) واتە لەفلان كەسی دا. وەكو زید لێی دا. یا بەم شێوە (**وهما مما عَداه علی المصدر المستعمل**) واتە مەصدرەی (مَرّة)و مەصدەری نەوعی. هەركاتێ دروست بكرێن لە فعلێك كەغەیری ثلاثی مجردی بەبێ تێ بێ. كە حەوت بەشە. یەكەم ثلاثة مجردی بەتێ وەكو (رحمة) ثلاثی مەزیدی بەتێو بەبێ تێ

وەرباعی مجرد و مەزید بەتیٚ وبەبیٚ تیٚ جائەم دوو مەصدرە لەم هەموانە دروست دەکرێن لەسەر مەصدرە بەکارهاتوی ئەم فعلە. واتە ئەم مەصدەرەی کە مەشهورە. دەبیٚتە مفعول مطلقي تەئکیدی: وهەمان مەصدەر : دەبیٚتە ( نوعی) و (مرّة) واتە عددی. جائەگەر (تیٚ)ی پیٚوە بوو باشە. ئەگینا زیاد دەکریٚ (**كأناخة**) ئیٚستا ووشەی (اناخة) مەصدەری بابی أ فعال)ە (**اَنَاخَ ينيخ إنَاخَة**) ثلاث مەزیدی بەتیٚیە: بوو هەرسیٚك مفعول لە مطلقەکان بەکاردیٚت.(**والفارق القرائن**) واتە ئەوەی لیٚکیان جیادەکاتەوە قەرینەیە.یانی ئەو دوانەبەهۆی قەرینە لیٚك جیادەبنەوە (**كحسنة وواحدة**) ئیٚستا ووشەی حسنة قرینەیە بۆ مەصدەر ی (نەوعی. وە ووشەی واحدە قەرینەیە بو مەصدەر ی (مرّة) وە ئەگەر هیچیان نەبون مەصدەری تەئکیيدیە بووینە انطلقت (إنطلاقا) بۆ تەئکیدە. انطلاقة واحدة (مرة)یە. انطلاقة حسنة. (نوعية) (**فإن لم تكن تاء و ذالك في غير الثلاث المجرد**) واتە ئەگەر ئەم مەصدرە بەکار هاتوەی. دەتەویٚت بیکە بە (مرة)ونوعی. هیچ (تیٚ) پیٚوە نەبوو وەکو انطلاق: نەبوو. وەئەم مەصدەرەش غەیری ثلاثی مجرد بوو. کەدەکاتە ثلاثی مزید و فیە ورباعی بەتیٚکرایی (وە ثلاثی مجردیش زاندرا) کە گوتمان فَعلة بەفەتحەی(فی) بۆمرّةیە بە کسرەی( فی) بۆ نەوعە وەبەبیٚ تیٚ وەکو فَعْلاً هتد. بۆ تەئکیدە. وە ئەوەی تیٚی پیٚوەی بیٚ وەکو (رحمة) لەگەلٚ ئەمانەدایە. ئینجا ئەگەر تیٚی پیٚوە نەبوو لەم هەموانە (زدتها) تیٚی بۆ زیاد دەکەی وەهیچ دەست کاری مەصدەرەکەی ناکەی. وەکو استخراج. کەمصدرەی ثلاثی مەزیدە بەبیٚ (تیٚ) وەهەروەها دحراج واحرنجام کە مەصدرەی رباعی مجردو مزیدن وەبەبیٚ (تیٚ)نە. لەمانە پیتی (تیٚ) زیاد دەکریٚ. جابوزیادە زانین لەم نەخشیەیە هەمو میسالەکان دەنوسین. کەلە پیٚشان گوتمان دەکاتە بیستو چوار میسال . کەئەوانەن:

| | تەئکیدی | | |
|---|---|---|---|
| ١- ثلاثی مجردی بیٚ تیٚ | ضربا | ضَربة | ضِربة |
| ٢- ثلاثی مجردی بەتیٚ | رحمة | رحمة واحدة | رحمة حسنة |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣- ثلاثی مەزیدی بەبێ تێ | إكراماً | أكرامة واحدة | أكرامة حسنة |
| ٤- ثلاثی مەزیدی بەتێ | اناحة | اناخة واحدة | اناخة حسنة |
| ٥- رباعی مجردی بەبێ تێ | دحراجاً | دحراجة واحدة | دحرجة حسنة |
| ٦- رباعی مجردی بەتێ | دحرجة | دحرجة واحدة | دحرجة حسنة |
| ٧- رباعی مەزیدی بەبێ تێ | اطمئناناً | اطمئنانة واحدة | اطمئنانة حسنة |
| ٨- رباعی مەزیدیبەتێ | طمئنينة | طمئنية واحدة | طمئنينة حسنة |